زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# باڵادەستیی لە زماندا
# لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە

نــــامەیەکە
پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمان لە زانکۆی سەڵاحەددین- أربیل کراوە، وەکو بەشێک لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

لەلایەن
**ڕزگار ئیسماعیل کەریم**
بەکالۆریۆس لە زمانی کوردی- کۆلێژی زمان- زانکۆی سەڵاحەددین- أربیل- ٢٠١٢

بەسەرپەرشتی
**پ. د. یوسف شەریف سەعید**

أربیل- کوردستان
ئایار- ٢٠١٧

# بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم، ئەم ماستەر نامەیە، کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (باڵادەستیی لە زماندا لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە)، هەمووی کاری تاکە کەسی خۆمە، جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردوون، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردوون بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت، ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ڕزگار ئیسماعیل کەریم

ڕێککەوت:

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی (زمانەوانیی کارەکیی). من پشتگیری دەکەم و ڕازیم بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆکردن بکرێت.

واژوو:

ناو: پ.د.یوسف شەریف سەعید

سەرپەرشتیاری قوتابی

ڕێککەوت:

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراون، هەروەها بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت من ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ دەنێرم.

واژوو:

ناو: پ.ی.د.ئیدریس عەبدوڵڵا

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێککەوت:

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکانی جێبەجێ کراون، بۆیە ڕازیم کە ئەم نامەیە بۆ گفتوگۆ بنێردرێت.

واژوو:

ناو:

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ

ڕێککەوت:

# بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە لیژنەی گفتوگۆکردن، ئەم ماستەرنامەیە، کە ناونیشانی بریتییەلە: (باڵادەستیی لە زماندا لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە). خوێندەوە قوتابیەکەمان کە ناوی (ڕزگار ئیسماعیل کەریم)ە، لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین، کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی زمان (زمانەوانیی کارەکیی) پێبدرێت.

| | |
|---|---|
| واژوو: | واژوو: |
| ناو: | ناو: |
| ئەندام: | ئەندام: |
| ڕێککەوت: | ڕێککەوت: |

| | |
|---|---|
| واژوو: | واژوو: |
| ناو: پ.د.یوسف شەریف سەعید | ناو: |
| ئەندام و سەرپەرشتیار: | سەرۆکی لیژنە: |
| ڕێککەوت: | ڕێککەوت: |

واژوو:

ناو: پ.ی.د.عاطف عەبدوڵڵا فەرهادی

ڕاگری کۆلێژی زمان

ڕێککەوت

# پێشکەشکردن

**پێشکەشە بە:**

★ دایك و باوكی خۆشەویستم، کەهەمیشە لە شەونخوونی من دا بوونە و دەستی ماندووبوونیان دەکوشم.

★ خوشك و برا خۆشەویستەکانم.

★ هەموو ئەو کەسانەی، کەبۆ نامەکەم هاوکارم بوونە و لە زانیياری بەسوود درێخیان نەکردووە.

★ مامۆستا دڵسۆزەکان و هاورێ خوشەویستەکانم.

★ قوتابیانی خوێندنی باڵا، بەڕێزان:( کاك دیدار و ئەلوەند و شاڵاو و بەختیار و تەلان و سەرکەوت).

★ ئەو کەسانەی بە دڵسۆزی لە خەمی زمانی کوردیدان.

★ ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی نوکی تفەنگییان بە دڵسۆزی بۆنیشتیمان لەبەرامبەر دوژمنەکانیان بەکاردێنن.

★ مامۆستای بەڕێز و خۆشەویستم: (پ.ی.د.شلێر ڕەسول بەرزنجی)، هەرگیز ڕەنج و ماندوبوونی لەبیرناکەم.

# سوپاس و پێزانین

**⋆ سوپاس و پێزانین بۆ:**

⋆ خوای گەورەو باڵا دەستیی هەموو جیهانیان، کە بواری خوێندنی بۆ ڕەخساندووم و منی بەم قۆناغە گەیاند.

⋆ مامۆستاو هاوڕێی خۆشەویستم، بەڕێز:(پ.د.یوسف شەریف سەعید)، کە بەو پەڕی دڵسۆزی و خۆشەویستی و لێبووردەییەوە سەرپەرشتی نامەکەمی گرتە ئەستۆ و بەردەوام زانیاریی و ڕێنمایی بەسوودی کردووم، هیوادارم خوای گەورەو میهرەبان لەش ساغ و تەمەن دریژی بکات.

⋆ وەزارەتی خوێندنی باڵاو سەرۆکایەتی زانکۆی سەڵاحەددین و بەشی زمانی کوردی، کەهەڵی خوێندنی بە کالۆریۆس و ماجستێریان بۆ ڕەخساندووم.

⋆مامۆستای بەڕێز: (پ.د.تالیب حوسێن عەلی)کە بەو پەڕی دڵ فراوانییەوە وەڵامی پرسیارەکانمی دەدایە وەو بە تێبینییەکانی نامەکەمی دەوڵەمەند کرد.

⋆ ئەم مامۆستا بەڕێز و خۆشەویستانە: ( پ.د.عەبدوڵڵا حوسێن، پ.د.عەبدولواحید موشیر، پ.د.ساجیدە عەبدوڵڵا ، پ.د.ڕەفیق شوانی، پ.ی.د. عاتف عەبدوڵڵا، پ.ی.د محەمەد شوانی، پ.ی.د. سەلام ناوخۆش، پ.ی.د.دیار عەلی، پ.ی.د. ڕەحیم سورخی، د..شاخەوان فەرەج،د.دلێرسادق، م.ی.عەبدولباقی،م.ی.ساکار کەمال،م.ی.شیلان عوسمان،م.ی.بەهار زاهیر،م.سیروان)دەستی هاوکارییان لەبیر ناکەم.

⋆ هەموو ئەو مامۆستا و هاوڕێ بەڕێزانەی کە بە سەرچاوەو وەرگێڕانەکانیان لێکۆڵینەوەکەیان دەوڵەمەند کرد ،بە تایبەتی مامۆستایان: (ئەنوەر و عومەر).

⋆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لە کارە میدانییەکاندا یارمەتییان دام و زانیاریی زۆریان بۆ کۆ کردمەوە.

⋆ کارمەندانی کتێبخانەی کۆلێژی زمان و بەشی کوردی و زەیتونە و ناوەندی زانکۆی سەلاحەددین و زانکۆی سلێمانی و کۆیە و سۆران.

⋆ مامۆستایانی بەڕێز:(م.عەبدولمالیك،م.ڕزگار کۆیی، م.فەزڵ)، کە ڕۆڵی سەرەکیان لە تایپکردنی نامەکەدا هەبوو.

⋆ ئەو مامۆستاو هاوڕێ بەڕێزانەی بەردەوام لە هەواڵی پرسینی نامەکەدا بوون،لەوانە:(م.نەبەز،م.فرمێسك، م.کاروان،م.مەعروف،م.ساکار،م.ئەحمەد،م.هاوژین) ئەوانەشی ناویانم لەبیر کردووە.

# لیستی هێماو کورتکراوەکان

| ژ | هێماو کورتکراوە | واتاکەی |
| --- | --- | --- |
| ١ | / | یان |
| ٢ | + - | بۆ جووتەگوتن |
| ٣ | - | بۆ سەرەتای رستە |
| ٤ | " " | دەستنیشانکردنی وشە یان زاراوە |
| ٥ | ( ) | واتە بۆ ناو و زاراوەی بیانی |
| ٦ | - - | بۆڕوونکردنەوەی پتری واتایەك |
| ٧ | (( )) | وەرگرتنی دەق وەك خۆی |
| ٨ | ... | بڕینی نووسین |
| ٩ | ..... | کەرتێکی براو لە قسە |
| ١٠ | / / | بۆ وشە یان فۆنیم |
| ١١ | ق | قسەکەر |
| ١٢ | گ | گوێگر |

## لیستی زاراوەکان

| ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|
| | ئـ |
| Conversation | ئاخاوتن |
| Intonation | ئاوازە |
| Classification | پۆلکردن |
| Social duties | ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان |
| Social level | ئاستی کۆمەڵایەتی |
| Language Function | ئەرکی زمان |
| | ب |
| Superiority | باڵا دەستیی |
| Social situation | بارودۆخی کۆمەڵایەتی |
| Speech situation | بارودۆخی ئاخاوتن |
| Highest class | بەرزترین چینی کۆمەڵ |
| Language using | بەکارهێنانی زمان |
| Social conditions | بارەکۆمەڵایەتییەکان |
| | پ |
| Social relationship | پەیوەندیی کۆمەڵایەتی |
| Vertical relations | پەیوەندیی ستوونی |
| Horizontal relations | پەیوەندیی ئاسۆیی |
| Social status | پلەو پایەی کۆمەڵایەتی |
| Social position | پێگەی کۆمەڵایەتی |
| A high position | پێگەی بەرز |
| A low position | پێگەی نزم |

| | |
|---|---|
| Occupation | پیشه |
| | ت |
| Gender | توخم |
| | ج |
| Social differentiation | جیاکاری کۆمەڵایەتی |
| | چ |
| Social classes | چینە کۆمەڵایەتییەکان |
| Pronunciation | چۆنیەتی دەربڕین |
| | خ |
| Family | خێزان |
| | د |
| Context | دەوروبەر |
| Social context | دەوروبەری کۆمەڵایەتی |
| Power | دەسەڵات |
| Social power | دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی |
| Request | داواکاری |
| Power and solidarity | دەسەڵات و هاوکاری |
| Text | دەق |
| | ڕ |
| Social behavior | ڕەفتاری کۆمەڵایەتی |
| Arrangement | ڕیزبەندی |
| Social structure | ڕۆنانی کۆمەڵایەتی |
| Comportment | ڕەوشتی زمانی |
| | ز |
| Sociolinguistics | زمانەوانیی کۆمەڵایەتی |
| The sociology of language | کۆمەڵناسیی زمان |
| Language power | زمانی هێز |
| Verbal Language | زمانی ئاخاوتن |
| | ژ |
| Inferior | ژێردەستیی |
| | س |

| | |
|---|---|
| Slavery system | سیستەمی چینایەتی |
| Politics | سیاسەت |
| Social system | سیستەمی کۆمەڵایەتی |
| Social dairy starter | سیتراتیژییەتی کۆمەڵایەتی |
| Speaking strategy | ستراتیژیەتی ئاخاوتن |
| | ش |
| Style | شێواز |
| Powerful style | شێوازی بەهێز |
| Powerless style | شێوازی بێهێز |
| | ف |
| Imperative | فەرماندان |
| Social variation | فره جۆری کۆمەڵایەتی |
| | ق |
| Speaker | قسەکەر |
| Interruption | قسەپێبڕین |
| | ك |
| Administration | کارگێڕی |
| Verbal processes | کردەی زمانی |
| Social Interaction | کارلێکی کۆمەڵایەتی |
| Society | کۆمەڵگە |
| Linguistics community | کۆمەڵەی زمانی |
| Social practice | کردەی کۆمەڵایەتی |
| Speech acts | کرده قسەییەکان |
| Culture | کەلتور |
| illocutionary act | کردەی مەبەست |

| | |
|---|---|
| | گ |
| Utterance | گوتن |
| Communication | گەیاندن |
| Social change | گۆڕانی کۆمەڵایەتی |
| Discourse | گوتار |
| | ل |
| Social deviance | لادانی کۆمەڵایەتی |
| Conflict | ململانێ |
| | م |
| Speech event | ماوەی ئاخاوتن |
| Social conflict | ململانێ کۆمەڵایەتی |
| | ن |
| Informal | نافەرمی |
| Nonlinguistic | نا زمانی |
| Nomination | ناودانان |
| Asymmetry | ناهاوشان |
| Lowest class | نزمترین چینی کۆمەڵ |
| Social Deixis | نیشانە کۆمەڵایەتییەکان |
| Turn-taking | نۆرەگیری قسەکردن |
| Indirectness | ناڕاستەوخۆیی |
| | ه |
| Expressive power | هێزی دەربڕین |
| Non-speech power | هێزی نا ئاخاوتن |
| Social power | هێزی کۆمەڵایەتی |
| Power | هێز |
| Accentuation | هێزبەندی |
| Solidarity | هاوکاری |

| | |
|---|---|
| Abreast | هاوشانی |
| Hegemony | هاوهێزی |
| Social factor | هۆکاره کۆمەڵایەتییەکان |
| Situational factor | هۆکاره بارودۆخییەکان |
| Sematic power | هێزی سیمانتیکی |

# پوختەی لێکۆڵینەوە

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە (باڵا دەستیی لە زماندا لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە)دایە. لێکۆڵینەوە کە لە بەر ڕۆشنایی ئەو تێڕوانینەیە کە (دەسەڵات پلە و پایەی کۆمەڵایەتیی نێوان ئاخێوەران دیاریدەکات) و زمانیش پردی گواستنەوەی نێوان" دەسەڵات و" کۆمەڵگە"یە، باس لە دیاردەیەکی زیندووی زمانی کۆمەڵایەتیی لە پەیوەندیی نێوان ئاخێوەران، لەچوارچێوەی کۆمەڵەیەکی یەك زمانی ،لە ناوکۆمەڵگەی کوردیدا دەکات، ئەویش" زمانی باڵا دەستیی تاك"ە، کە بریتییە لەو دەسەڵاتە زمانییەی تاك لە سەربنەمای ئەوپێگەو پلە و پایەی هەیەتی دێتە کایەوە و تێیدا پێگەیەکی زمانی باڵای لە بەرامبەر کەسانی بێ دەسەڵات ڕەنگرێژدەکات.

لێرەدا باس لە ڕەوتی دروستبوونی باڵادەستیی زمانی تاك، کە لەسەر بنەمای دەسەڵات دەبینرێت، لە ڕوانگەی" زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە"دەکرێ و لە ڕێگای ئەو نموونە نهێنی و ئاساییانەی کە بەپێی کاری مەیدانییەوە وەرگیراون، لەڕووانگەی ڕێبازی ئەرکی شیکاری تاو و توێدەکات. ئامانجی لێکۆڵینەوەکەش دەرخستنی پێگەی زمانی کەسانی باڵا دەست و بێدەسەڵات و هۆکار و جۆر و کاریگەریی کەسانی باڵادەست ودەسترۆیشتووە لە بەرامبەر کەسی بێ دەسەڵات بە تایبەتی و کۆمەڵگەش بە گشتی.

بە پێی ئەم ڕوانگەو تێڕوانینانەی سەرەوە ناوەڕۆکی نامەکە لە پێشەکییەك و سێ بەش و چەند ئەنجامێك و دەقی پاشکۆ پێکهاتووە، کە بریتیین لە:

**بەشی یەکەم:**

ئەم بەشە شێوەیەکی تیۆری وەرگرتووە، سەرەتا باس لە پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ دەکات،پاشان جیاوازیی چینەکانی کۆمەڵ و کاریگەرییان لەسەر یەکتری دەستنیشاندەکات، دواتر تێڕوانینێکی ورد لە بارەی زمانەوانیی کۆمەڵاییەتیەوە خراوەتە ڕوو. هەر لەم بەشەدا باس لە ناساندنی کۆمەڵەی زمانی و ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان و شێوازی زمان و چەمکی کەلتوور و پەیوەندیی نێوان زمان و کەلتوور کراوە.

**بەشی دووەم:**

ئەم بەشە، تیۆریەش ، بە زاراوە و چەمك و ناساندنی باڵادەستیی زمانی و پێوەرەکانی ناسینەوەیی و شێوازی قسەکردنەکانی دەستپێدەکات ، بە دەسەڵات و هاوپەیوەندیی و نواندنی زمان لە کۆمەڵگەی کوریدا کۆتایی پێدێت.

**بەشی سێیەم:**

لەم بەشەدا لە ڕوانگەی "زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە" باڵادەستیی زمانی تاك، لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بە پێیی پێگە جیاوازەکان، کە نموونەیان بۆ وەرگیراوە دەستنیشاندەکات.لێرەدا نموونەکان تۆمارکران و پاشان لە شێوەی دەقی ئاخاوتن و گفتوگۆ نووسراونەتەوە ، لێرەدا دەقەکانی دەخرێتە بەر باس و شێوازی فۆڕمە زمانی و دەربڕاوەکانییان بە پێی دەسەڵات و پێگەی بەشداربووان تاووتوێ دەکرێ.پاشان ڕەهەند و کاریگەرییەکانی ڕەنگدانەوەی باڵادەستیی زمان لەنێو نموونە وەرگیراوکان ڕووندەکرێتەوە. لێکۆلینەوەکەش بە چەند ئەنجامێکی گرنگ گەیشتووە، گرنگترینیان :دەسەڵات لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕۆڵی گرنگی لە دەستنیشانکردنی پلەو پایەی کۆمەڵایەتیی نێوان ئاخێوەران دەبینێت و وەك پێوەرێکی سەرەکیش ڕۆڵی لە دروستبوونی باڵادەستیی زمانی تاکدا هەیە، ٍ هەر بۆیەش لە کۆمەڵگەی کوردیدا کەسانی باڵا دەست پێگەیەکی زمانی باڵایان لە بەرامبەر کەسانی بێدەسەڵاتدا هەیە، زمان بە پێی جیاوازی چینەکانی کۆمەڵ(بەرز،ناوەند،نزم)دەگۆڕێ و هەرچینێك بە پێی ئەو پێگەیی لە کۆمەڵگەدا هەیەتی پێگەیەکی زمانی ئاخاوتنی جیاوازیی تێدا دەردەکەوێت.

# ناوەڕۆك


| ژمارەی لاپەرە | ناونیشانی بابەت |
|---|---|
| I | بەڵێننامە |
| II | پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشت |
| III | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن |
| IV | پێشکەشکردن |
| V | سوپاس و پێزانین |
| VI | لیستی هێماو کورتکراوەکان |
| VII- VIII | لیستی زاراوەکان |
| XII-XIII | پوختەی لێکۆڵینەوەکە |
| XIV-XVIII | ناوەڕۆك |
| XVIIII | ناوەڕۆکی خشتەو هێڵکارییەکان |
| ١-٤ | پێشەکی |
| ١ | ١/٠) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە |
| ١-٢ | ٣/٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | ٤/٠) سنووری لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | ٥/٠)گرنگی و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | ٦/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە |
| ٣ | ٧/٠) گریمانەی لێکۆڵینەوەکە |
| ٣ | ٨/٠) گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە |
| ٣-٤ | ٩/٠) ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە |
| ٥-٤١ | **بەشی یەکەم: زمان لەچوارچێوەی کۆمەڵگەدا** |
| ١-١٠ | ١/١)پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ |

| | |
|---|---|
| ٢/١)زمانەوانیی کۆمەڵایەتی | ١٠ |
| ١/ ٢- ١)تێڕوانینێکی بەراییانە لەبارەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی | ١٢-١٠ |
| ٢/١- ٢)ناساندنی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی | ١٣-١٢ |
| ١/ ٢- ٣)سنوور و ئامانجی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی | ١٧-١٣ |
| ١/ ٢- ٤) جیاوازی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسیی زمان | ١٨-١٧ |
| ٣/١) کۆمەڵەی زمانی | ٢١-١٩ |
| ٤/١) زمان و جیاوازیی چین و پلەوپایەکانی ناو کۆمەڵ | ٢٤-٢٢ |
| ٥/١)پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکان | ٢٦-٢٤ |
| ١/ ٥- ١) پەیوەندیی ستوونی | ٢٥ |
| ١/ ٥- ٢) پەیوەندیی ئاسۆیی | ٢٦ |
| ٦/١) ئەرکی کۆمەڵایەتیی زمان و کارلێکی تاك تێیدا | ٢٩-٢٦ |
| ٧/١)شێواز | ٣٧-٢٩ |
| ١/ ٧- ١) سەرەتایەك لە بارەی شێوازی زمانی | ٣٤-٢٩ |
| ١/ ٧ -٢)جۆرەکانی شێواز | ٣٧-٣٥ |
| ١/ ٧- ٢- ١)شێوازی نافەرمی | ٣٦-٣٥ |
| ١/ ٧- ٢- ٢) شێوازی فەرمی | ٣٧-٣٦ |
| ٨/١) زمان و کەلتور | ٤٢-٣٧ |
| ١/ ٨- ١) چەمکی کەلتور | ٣٩-٣٧ |
| ١/ ٨- ٢)پەیوەندیی نێوان زمان و کەلتور | ٤٢-٣٩ |
| **بەشی دووەم: بنەما تیۆرییەکانی باڵادەستیی زمان لەڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە** | ٩٧-٤٢ |
| ١/٢) باڵادەستیی زمان (چەمك و زاراوە و تێڕوانین) | ٤٣ |
| ٢/ ١- ١)زاراوەی باڵادەستیی | ٤٥-٤٣ |
| ٢/ ١- ٢)چەمکی باڵادەستیی زمان | ٤٥-٤٤ |
| ٢/ ١- ٣) ناساندنی چەمکی باڵادەستیی زمان لەڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە | ٤٨-٤٥ |
| ٢/٢)پێوەری باڵادەستیی زمان | ٥٦-٤٨ |

| | |
|---|---|
| ٢/ ٢- ١)دەسەڵات و بێدەسەڵات | ٤٨-٤٩ |
| ٢/ ٢- ١- ٢)چەمکی دەسەڵات لەنێوان گۆڕان و گەشەو واتاکانیدا | ٤٩-٥٣ |
| ٢/ ٢- ١- ٣)زمان و دەسەڵات (پەیوەندیی و کاریگەرییان لەسەر یەکتریدا) | ٥٣-٥٥ |
| ٣/٢) هۆکارەکانی ڕەنگدانەوەی باڵادەستیی زمان | ٥٦-٧٤ |
| ٢/٣- ١) پێگەی ئایینی | ٥٦-٥٨ |
| ٢/ ٣- ٢) پێگەی سیاسی | ٥٨-٦٠ |
| ٢/ ٣- ٣) پێگەی ڕۆشنبیریی و زانستیی | ٦٠-٦١ |
| ٢/ ٣- ٤) پێگەی یاسایی | ٦١-٦٣ |
| ٢/ ٣- ٥) پێگەی ئابووری | ٦٣-٦٤ |
| ٢/٣- ٦) پێگەی سەربازی | ٦٤ |
| ٢/ ٣- ٧) پێگەی کارگێڕی | ٦٥ |
| ٢/٣- ٨) پێگەی کۆمەڵایەتی | ٦٥-٧٤ |
| ٢/٣- ٨- ١) ڕەگەز | ٦٦-٧٠ |
| ٢/٣- ٨- ٢) تەمەن | ٧٠-٧١ |
| ٢/ ٣- ٨- ٣) خێزان | ٧٢-٧٤ |
| ٤/٢) شێوازەکانی گوتنی باڵادەستیی زمان | ٧٤-٨٤ |
| ٢/ ٤- ١) گوتنی باڵادەستیی زمان | ٧٤-٧٦ |
| ٢/ ٤- ١- ١) فەرماندان | ٧٦-٧٧ |
| ٢/ ٤- ١- ٢) هەڕەشەکردن | ٧٧-٧٨ |
| ٢/ ٤- ١- ٣) تاوانبارکردن | ٧٩ |
| ٢/ ٤- ١- ٤)داواکردن | ٧٩-٨٠ |
| ٢/ ٤- ١- ٥) بانگکردن | ٨٠-٨١ |
| ٢/٤- ١- ٦) توانج | ٨١-٨٢ |
| ٢/ ٤- ١- ٧) ئامۆژگاری | ٨٢ |
| ٢/٤- ١- ٨)جوێندان | ٨٢-٨٣ |
| ٢/ ٤- ١- ٩) ڕەتکردنەوە | ٨٣-٨٤ |
| ٢/٤- ٢) شێوازی گوتنی ژێردەستیی زمان | ٨٤-٩١ |

| | |
|---|---|
| ٢/ ٤- ٢- ١) دوعا كردن | ٨٤-٨٥ |
| ٤/٢- ٢-٢) سوێندخواردن | ٨٥-٨٦ |
| ٢/ ٤- ٢- ٣)تكاكردن و پاڕانەوە | ٨٦-٨٧ |
| ٤/٢- ٢- ٤) بەڵێندان | ٧٨-٨٨ |
| ٢/ ٤- ٢- ٥) پەشیمانبوونەو و پۆزشهێنانەوە | ٨٨-٨٩ |
| ٤/٢- ٢- ٦)پێشنیاز و داوا | ٨٩ |
| ٤/٢- ٢- ٧)پیاهەڵدان | ٩٠-٩١ |
| ٤/٢- ٢- ٨) درۆكردن | ٩٠-٩١ |
| ٥/٢) كۆمەڵگەی كوردی و نواندنی زمان | ٩١-٩٤ |
| ٥/٢-١) سەرەتا | ٩١-٩٢ |
| ٥/٢- ٢) بنەماو چۆنییەتی نواندنی زمان لەكۆمەڵگەی كوردیدا | ٩١-٩٤ |
| ٢/ ٦) دەسەڵات و هاوپەیوەندیی لەكۆمەڵگەی كوردیدا | ٩٤-٩٨ |
| ٦/٢ -١) باڵادەستیی | ٩٥-٩٦ |
| ٦/٢- ٢) ژێردەستیی | ٩٦ |
| ٦/٢- ٣) هاوشانیی | ٩٧ |
| ٦/٢- ٤) هاوكاریی | ٩٧-٩٨ |
| **بەشی سێیەم:باڵادەستیی زمان لە ڕوانگەی زمانەوانیی كۆمەڵایەتییەوە لە كۆمەڵگەی كوردیدا** | ٩٨-٢٢١ |
| ڕێوشوێنی لایەنی كارەكیی لێكۆڵینەوەكە | ٩٨-١٠١ |
| ١/٣)كۆمەڵگەی لێكۆڵینەوەكە | ٩٩ |
| ٢/٣)لایەنی كارەكی لێكۆڵینەوەكە | ٩٩-١٠٠ |
| ٢/٣ -١)ڕەهەندەكانی لایەنی كارەكیی لێكۆڵینەوەكە | ٩٩-١٠٠ |
| ٢/٣- ٢) قەبارەی لێكۆڵینەوەكە | ١٠٠ |
| ٣/ ٣)نموونەو داتای لێكۆڵینەوەكە | ١٠٠ |
| ٣/٣- ١)نموونەی لێكۆڵینەوەكە بەژمارە و ئامار | ١٠٠ |
| ٣/٣- ٢)چۆنییەتی كۆكردنەوە و وەرگرتنی نموونەكانی لێكۆڵینەوەكە | ١٠٠ |
| ٣/٣- ٣)نموونەی لێكۆڵینەوەكە | ١٠٠-١٠١ |

| | |
|---|---|
| ٣/٣- ٣- ١)هەندێ تێبینی گشتی لەبارەی نموونەکان | ١٠٠-١٠١ |
| ٣/٣- ٣-٢) نموونەی پێگەکان و شیکردنەوەیان | ١٠١-١٩٩ |
| ٣/٣- ٣- ٢- ١)باڵادەستیی زمان پەیوەست بەپێگەی یاسایی | ١٠١-١١٠ |
| ٣/٣- ٣- ٢- ٢) باڵادەستیی زمان پەیوەست بەپێگەی کارگێڕی | ١١١-١١٩ |
| ٣/٣- ٣- ٢- ٣) باڵادەستیی زمان پەیوەست بەپێگەی ئایینی | ١١٩-١٢٩ |
| ٣/٣- ٣- ٢- ٤) باڵادەستیی زمان پەیوەست بەپێگەی سیاسی | ١٢٩-١٣٨ |
| ٣/٣- ٣- ٢- ٥) باڵادەستیی زمان پەیوەست بەپێگەی سەربازی | ١٣٨-١٤٧ |
| ٣/٣- ٣- ٢- ٦) باڵادەستیی زمان پەیوەست بەپێگەی ئابووری | ١٤٧-١٥٥ |
| ٣/ ٣- ٣- ٢- ٧) باڵادەستی زمان پەیوەست بەپێگەی رۆشنبیریی و زانستیی | ١٥٦-١٦٦ |
| ٣/٣- ٣- ٢- ٨) زمانی باڵادەست پەیوەست بەپێگەی کۆمەڵایەتیی | ١٦٧-١٩٩ |
| ٣/٣- ٣- ٢- ٨- ١) پێگەی ڕەگەز | ١٦٧-١٧٦ |
| ٣/٣- ٣- ٢- ٨- ٢) پێگەی تەمەن | ١٧٧-١٨٤ |
| ٣/٣- ٣- ٢- ٨- ٣) پێگەی خێزان | ١٨٤-١٩٩ |
| ٥/٣) کاریگەریی باڵادەستیی زمان لەنێو ئاخێوەراندا | ١٩٩-٢٠٥ |
| ٦/٣) لایەنی ئاماری لێکۆڵینەوەکە | ٢٠٦-٢١٢ |
| ئەنجامەکان | ٢١٢-٢١٣ |
| سەرچاوەکان | ٢١٤R |
| پاشکۆی گوتنەکان | A ٢٢٢- A ٢٤٧ |
| Abstract | أ – ب |

## ناوەڕۆکی خشتەکان

### خشتەکان


| ژمارەی خشتە | ناونیشانی خشتە | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١- | دەرکەوتنی گوتنی باڵادەستییەکان لە تەواوی پێگەکاندا | ٢٠٥ |


### نەخشە هێڵکارییەکان


| ژمارەی نەخشە | ناونیشانی نەخشە | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١- | هێڵکاری پیشاندانی ڕێژەی دەرکەوتنی گوتنەکانی باڵا\دەستیی لە کۆیی (٣٤) ئاخاوتنی وەگێراودا | ٢٠٦ |
| ٢- | هێڵکاری پیشاندانی ژمارەی گوتنەکانی باڵادەستیی لە پێگەکاندا | ٢٠٦ |
| ٣- | ڕێژەی دەرکەوتنی شێوازی گوتنی (فەرماندان)لەپێگەکاندا | ٢٠٧ |
| ٤- | ڕێژەی دەرکەوتنی شێوازی گوتنی (هەڕەشەکردن)لەپێگەکاندا | ٢٠٧ |
| ٥- | ڕێژەی دەرکەوتنی شێوازی گوتنی (بانگکردن)لەپێگەکاندا | ٢٠٨ |
| ٦- | ڕێژەی دەرکەوتنی شێوازی گوتنی (تاوانبارکردن)لەپێگەکاندا | ٢٠٨ |
| ٧- | ڕێژەی دەرکەوتنی شێوازی گوتنی (ڕەتکردنەوە)لەپێگەکاندا | ٢٠٩ |
| ٨- | ڕێژەی دەرکەوتنی شێوازی گوتنی (ئامۆژگاری)لەپێگەکاندا | ٢٠٩ |
| ٩- | ڕێژەی دەرکەوتنی شێوازی گوتنی (داوا)لەپێگەکاندا | ٢١٠ |
| ١٠- | ڕێژەی دەرکەوتنی شێوازی گوتنی (جنێودان)لەپێگەکاندا | ٢١٠ |
| ١١- | ڕێژەی دەرکەوتنی شێوازی گوتنی (توانج)لەپێگەکاندا | ٢١١ |

# پێشەکی

## ٠/ ١) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بۆ (**باڵادەستیی لە زماندا لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە**) تەرخانکراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ مەبەستی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە دەرخستنی زمانی باڵادەستیی تاك و بنەماکانییەتی لە ناو کۆمەڵەیەکی زمانیدا (lingusitics community)، پەیوەست بە "زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە"، لە نێو ئاخاوتنی ئاخێوەرەکاندا، بەپێی جیاوازیی چینەکانی کۆمەڵ و ئەو پێگە جۆراو جۆرانەی، وەك: (ئایینی، یاسایی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری،... و ئابووری)، کە هەیانە بۆ ئەم مەبەستە لە بارودۆخە جیاوازییەکاندا ڕۆڵ دەبینن و دەردەکەون، لەڕێگای فۆڕم و دەربڕاوە زمانییەکانی هەریەك لە کەسانی سەربەم پێگانە دەخرێتە ڕوو. زۆرجاریش بەپێی پێویست لێکۆڵینەوەکە دەچێتە بواری پراگماتیك، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو پەیوەندیی و ئاوێتە بوونەیە کە لەنێوان (زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی و پراگماتیك) دا دەبینرێت.

## ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

گرنگکترین هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

١- ڕەنگدانەوەی کەسانی باڵادەست و دەستڕۆیشتوو لەنێو کۆمەڵگەو کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوت و زمان و شێوازی قسەکردن و پێگەی زمانییان لەبەرامبەر کەسانێك کە لەڕووی دەسەڵات و پێگەوە لەئاستی ئەوان دانین و لەخوارترن.

٢- کەمی ناساندنی چەمکی دەسەڵات و باڵادەستیی لەڕوانگەی پێگە کۆمەڵایەتییەکان و تێڕوانینی لەدیدی زانستیی زمان و بەتایبەت لەڕوانگەی "زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە"، چونکە چەمکی دەسەڵات زیاتر لە چوارچێوەی پێگەی سیاسی و حکومرانی دەوڵەت باسی لێوەدەکرێ و کورتکراوەتەوە.

٣- کەمی لێکۆڵینەوەی زانستیی لەبارەی دەرخستنی پێگەی زمانی پێگە جیاوازەکانی وەك:(ئایینی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی.... و ڕۆشنبیری)، ئەمەش بۆپێگەکان تێڕوانینێکی نوێیە، ئەمە لەکاتێکدا باس لە وشەو زاراوەکانی ئەم پێگانەکراوە و ڕۆڵیان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان بینیوە.

## ٣/٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا (زمانی کوردی ـ دیالێکتی ناوەراست)هەڵبژێردراوە، نموونەکانی لێکۆڵینەوەکەش بریتین لە: زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی دیالێکتی ناوەراست (هەولێرو سلێمانی و هەڵەبجەو کەرکووك)، کەلەشێوەی "تۆماری دەنگی"بە نهێنی و بەبێ ئاگایی بەشداربووان، نەك لەشێوەی سیناریۆدروستکردن، لە ڕێگای کاری مەیدانییەوە وەرگیراوە، چونکە مرۆڤ لەکاتی بێگاییدا بە شێوەیەکی ئاسایی خۆی دەدوێت و لە سیناریۆ دوور دەبێت، هەندێ نموونەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و دوور لە سیناریۆ لە کۆبوونەوە ڕەسمییەکان و لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەدەستهێنراوە. پاشان نموونەکانی تۆمارکراوە و

نوسراوەتەوە، تیایدا بنەما تیۆرییەکانی باڵادەستیی زمان بەسەردا جێبەجێکراوە. بۆلایەنی تیۆری لێکۆڵینەوەکە و سەلماندنی بۆچوونەکان سوود لە سەرچاوەزانستییەکانی زمانەکانی:(کوردی، فارسی،عەرەبی،ئینگلیزی، پێگە ئەلیکترۆنییەکان) وەرگیراوە.

## ٠/ ٤) سنووری لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە لەسنووری زمانەوانیی کارەکیی (Applied linguistics)، لە ڕوانگەی "زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە" ئەنجامدراوە، کەتێیدا جەخت لەسەر هۆکارو بنەماکانی دروستبوونی زمانی باڵادەستیی تاك و کاریگەرییەکانی لەسەر بەرامبەر بەتایبەتی و ئاخێوەران بەگشتی، پێوەست بەپێگە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی دەکات.

## ٥/٠) گرنگی و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

گرنگی لێکۆڵینەوەکە لەم خاڵە گرینگانەی خوارەوە بەدیدەکرێت:

١-هێزو دەسەڵات دەکاتە پێوەرێك بۆ جیاکردنەوەی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەران.
٢-دەسەڵات لە چوارچێوەی پەیوەندیی لەگەڵ زمان و کۆمەڵگە گرێدەدات و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی و ئاخێوەران بەتایبەتی ڕووندەکاتەوە.
٣-جۆری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان و بنەماکانی دەستنیشاندەکات.
٤-دەستنیشانی پێگەی زمانی کەسانی باڵادەست و ژێردەست لەناو کۆمەڵەیەکی زمانیدا لە ڕوانگەی "زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە" دەکات.
٥-دەرخستنی ئاست و پێگە جیاوازەکانی کۆمەڵگەو بەستنەوەیان بە دەسەڵات وەك ڕەهەندێکی دەستڕاگەیشتن و دەستڕۆیشتوو دەخاتەڕوو.

## ٦/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

بەشێوەیەکی گشتی ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە بەپێی پەیڕەوی(ڕێبازی ئەرکی شیکاری)ئەنجامدراوە، کە باس لەئەرك و کاریگەریی پێگەی زمانیی تاك لە ئاخاوتنەکاندا دەکات. وەك لێکۆڵینەوەیەکی بواری "زمانەوانیی کۆمەڵایەتی" یش پێویستی بە گەڕان و پشکنین هەبووە و لەشێوەی (تۆماری دەنگی) بە نهێنی داتای بۆ کۆکراوەتەوە، پاشان سود لە بەکارهێنانی پرۆگرامی (spss)وەرگیراوە،کە پرۆگرامێکی ژمێرییارییە بۆ شیتاڵکردنی زانیاریی لە بواری زانستیی کۆمەڵایەتیی ئامادەکراوە، ئێستا لە زۆربەی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان بەکاردێت و لە بواری زانستیی کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتیدا ئەنجامدەدرێت، ئەمەش بۆ بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی لە دەرهێنانی شێوازی گوتنەکانی زمانی باڵا دەست لای کەسی باڵادەست لە کۆمەڵگەی کوردیدا خراوەتە ڕوو.

## ٠/ ٧)گریمانەی لێکۆڵینەوەکە:

گرنگکترین گریمانەکانی لێکۆڵینەوەکە ئەمانەن:

١-پەیوەندیی و کاریگەریی بەهێز لە نێوان "زمان و دەسەڵات و کۆمەڵگە" هەیە.
٢-دەسەڵات پلە و پایەی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەران دیاریدەکات.
٣-دەسەڵات وەك ڕەهەندێکی دەستڕاگەیشتن لەنێوکۆی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە دەبینرێ.
٤-زمان بەپێی ئاستی کۆمەڵایەتیی و جیاوازیی چینەکانی کۆمەڵگە(بەرز،ناوەند،نزم) دەگۆڕێ.
٥-دەسەڵات و پێگە کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردنی تاك هەیە و پێگەی زمانیی جیاوازیی وەك:(باڵادەستیی،ژێردەستیی،هاوکاریی،هاوشانیی)، لەنێو ئاخێوەراندا دەهێنێتەکایەوە.

## ٨/٠)گیرو گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

کارکردن لەسەر بابەتێکی مەیدانی کارێکی بێ گرفت و کێشە نابێت، تۆمارکردنی دەنگی بەشداربووان بەشێوەیەکی نهێنی دەسکەوتنی زۆر سەخت بوو، چونکە لە زۆر شوێن هەندێ کەس و دامودەزگای ڕەسمی ئامادەنەبوون ئەو کارە ئەنجامبدرێ ، ئەمەش کاتێکی زۆری دەخایاند تاوەکو نموونەیەکی بێ ئاگایی و دوور لە سیناریۆ دروستکردن دەستبکەوێت. ئەمەش گرفتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە بوو.

## ٩/٠) ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:

ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆ، لە سێ بەش پێکهاتووە:

### بەشی یەکەم:

ئەم بەشە بۆ(زمان لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا)تەرخانکراوە، سەرەتا باس لە زمان و کۆمەڵ و پەیوەندیی نێوانیان کراوە، دواتر جیاوازیی چین و پلەو پایەی کۆمەڵ و کاریگەریان لەسەر زمان و شێوازی قسەکردنی تاك خراوەتە ڕوو. پاشان باس لە چەمك و پێناسەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی و ئەو پەیوەندیی و سنوور و بیرو ڕایانەی کە باس لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی دەکەن، ئاماژەیان پێکراوە. هەر لەم بەشەدا باس لە چەمکی کۆمەڵەی زمانی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکان و ئەرکی کۆمەڵایەتیی زمان و شێوازی ئاخاوتن و جۆرەکانی باسکراوە. بە چەمکی کەلتور و پەیوەندیی و کاریگەریی نێوان زمان و کەلتور لەسەریەکتری، کۆتایی بەم بەشە هاتووە. لە هەرشوێنێکیشدا هەر بابەتێك پێویستی بە نموونە هەبووبێ نموونەی بۆ هێنراوەتەوە.

### بەشی دووەم:

ئەم بەشە ناو نیشانی (بنەما تیۆرییەکانی باڵادەستیی زمان لە ڕوانگەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە) بۆی دانراوە، سەرەتا باس لە چەمك و زاراوە و ناساندنی باڵادەستیی زمان کراوە، دواتر باس لە بنەمای باڵادەستیی زمانیی تاك لە ڕوانگەی "زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە" دەکات، لەم ڕوانگەیەوە چەمکی دەسەڵات و پەیوەندیی و کاریگەریی لەگەڵ زماندا خراوەتە ڕوو. هەر لەم بەشەدا باس لە پێوەرەکانی ناسینەوەی باڵادەستیی زمان و هۆیەکانی و شێوازی قسەکردنی لەڕووی تیۆری باسکراوە،پاشان بە پێی

پێویست نموونەیان بە هێنراوەتەوە، کۆتایی بەشەکەش بە بنەمای دەسەڵات و هاوپەیوەندیی لە کۆمەڵگەی کوردی و نواندنی زمان تێیدا هاتووە.

## بەشی سێیەم:

ئەم بەشە بۆ (باڵادەستیی زمان لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵاییەتیەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا) تەرخانکراوە، بەشێکی مەیدانی لێکۆڵینەوەکەیە، هەوڵدراوە بەپێی بنەما تیۆرییەکانی باڵادەستیی زمان و ئەو پێگە جیاوازییانەی کە بۆ ئەم مەبەستە ڕۆڵ دەبینن بخرێتە ڕوو، لەم ڕوانگەیەوە (٨) پێگە وەرگیراوە، بۆ هەر پێگەیەکیش بەلایەنی کەم دوو تا سێ نموونەی بۆ هێنراوەتەوە و شێوازی قسەکردنی باڵادەستیی زمانیی و ژێردەستیی زمانیی تێیاندا دەستنیشانکراوە و شیکردنەوەیان بۆکراوە. پاشان بە کاریگەریی و ڕەهەندەکانی باڵادەستیی زمان لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان ئاخێوەران بەگشتی و لایەنی ئاماری لێکۆڵینەوەکە، بەشەکە کۆتایی هاتووە.

لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا، چەند ئەنجامێکی گرنگ و دیار بەدەستهاتوون و لە چەند خاڵێکدا خراونەتە ڕوو.

# بەشی یەکەم

## زمان لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا

### ١/١) پەیوەندیی نێوان زمان وکۆمەڵ:

ئەگەر چی هەندێجار تەنیایی مرۆڤ لە خۆیدا بۆخود پاراستنی مرۆڤ پێویستە،بەڵام مرۆڤ بە تەنها و بەبێ مرۆڤەکانی تر خۆی لە نێچیرێکی ڕووتی بەردەم سروشت و ژینگەی دەوروبەر دەبینێتەوە،بۆیە ئەم تەنیایەی مرۆڤ پێویستە هەنگاو بەکۆمەڵایەتیبوون بەرێت، تاکە ڕێگای سەرەکیش بۆ دەرباز بوونی لەم نێچیرە ڕووتە زمانە، لەبەر ئەوەی زمان کلیلی کردنەوەی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤە لەگەڵ ژینگە ودەورووبەرەکەی .

کەواتە؛ ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، گرنگکترین کار وچالاکی وداهێنانەکانی مرۆڤ بە درێژایی مێژووی شارستانییەت وژیان وکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، کە لە ئەنجامی پێویستییەکانی تاك و کۆمەڵ دروستبووە، بەهۆی زمانەوە بووە (شاخەوان جەلال، ٢٠١٣: ٣٠).

لە کۆندا پێیان وابوو زمان بریتییە لە کۆمەڵە دەنگێك کە خەڵك پێویستییەکانی خۆی پێ دەردەبڕێت، یاخود چەمك وئەرکی زمانیان لە چوارچێوەی (گواستنەوە) و(گەیاندن)ی زانیاریی ناساندوە، بەڵام لە ڕاستیدا زمان تەنها بریتی نییە لە چەند دەنگێك، یان ئەرکی تەنها گواستنەوە وگەیاندنی زانیاریی بێت، بەڵکو زمان بە یەکێك لە پێویستییە گرنگەکانی ژیان وکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دادەنرێت ، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە جێبەجێکردنی سەرجەم ئەرك وچالاکی وپێویستییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی ژیان. هەروەها زۆر بە کەمی درکیان بە پەیوەندیی زمان بە کۆمەڵەوە کردبوو، بەڵام دوای گەشە سەندنی زانستی (کۆمەڵناسی) وهەستکردن بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو پەوەندیەییان بۆ ئاشکرا بوو، لە ڕێگای ئەم هەستکردنەوەش توانیان گرینگی و گەشەکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، لە ڕێی زمانەوە بزانن (تابان محەمەد، ٢٠٠٨: ٥).

ئەگەر بە سادەترین شێوە پێناسەی کۆمەڵگە بکرێ، بەوەی کۆمەڵە کەسێکە، کە بە شێوەیەکی کەم تا زۆر، بە سیستەمێکی ڕێك وپێکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراون، خاوەن ژیان وکەلتور وفەرهەنگی تایبەتی خۆیانن (مەنوچێهر موحسنی، ٢٠٠٢: ٨٤)، زمانیش وەك ئامرازێکی سەرەکی بۆ لەیەکگەیشتن وپەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتینێوان ئەو خەڵکەگوزارشتی لێبکرێت، کەواتە؛ جۆرێك لە پەیوەندیی وکاریگەریی نێوان (زمان وکۆمەڵ) دەبینرێت (کاوە عبدولکەریم، ٢٠٠٩: ١٤٧) .

هیچ نەتەوەیەك بەبێ بوونی زمان نییە، هیچ زمانێکیش نادۆزرێتەوەو نییە کە کۆمەڵ ونەتەوەی نەبێت[١]. کەواتە؛ نە کۆمەڵ بەبێ زمان دەبێت ، نە هیچ پێشکەوتن و گۆڕانکارییەك بەبێ بوونی زمان بەردەوام دەبێت (ئارام عبدولواحید، ٢٠١٣: ٩٣). بەمەش؛

[١] ئەگەر زمانەکە لە ڕیزی زمانە مردووەکان بێت، چونکە سادەترین پێناسەی زمانی مردوو بریتییە لەوەی، کە ئەو زمانە ئاخێوەرانی نەماون وقسەی پێناکرێت، بەڵام دەقەکانی مابن، وەك زمانی سۆمەری، دەقەکانی ماون، بەڵام نەتەوەکەی نەماون (ئارام عبدولواحید، ٢٠١٣: ل٩٣).

زمان وەك بەردی بناغەی دروستبوونی كۆمەڵ دەردەكەوێت و لەگەڵ كۆمەڵ لە پەیوەندیی وكاریگەریی پتەودان و لێكجیاكردنەوەشیان لەگەڵ یەكتریدا ئەستەمە . بۆیە لەبەر گرینگی زمانە، ئۆڵدیۆزهكسلی (ALDOUSHUXLEY) دەڵێت : (( هەر یەك لە كلتوری مرۆڤایەتی، ڕەفتاری كۆمەڵایەتی، بیركردنەوە، بەبێ بوونی زمان نابن )) (جمعە سعید، ۱۹۹۰: ۱٤۳) . ئەم بۆچوونە ئەوە دەردەخات، كە هەریەك لە كلتور ودابونەریت وڕەفتار وهەڵسوكەوتی كۆمەڵایەتی وبیركردنەوەو ... هتد، بەبێ بوونی زمان ناتوانن خۆیان لە نێو بونیادی كۆمەڵایەتیدا دەربخەن و بەردەوام ببن.

گرنگیدان بە كۆمەڵ وپەیوەندیی كۆمەڵایەتیی نێوان تاكەكان لە چوارچێوەی زماندا بە شتێكی ئاسایی لە قەڵەم دەدرێت، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەكی زۆر بەهێز لە نێوان زمان و كۆمەڵدا هەیە . هەروەك لەم خاڵانەی خوارەوە دەردەكەوێت :

١- مرۆڤ دەتوانێ بەهۆی زمانەوە لە ناو كۆمەڵدا بژی و پێویستییەكانی خۆی جێبەجێ بكات . هەروەها زمان چالاكییەكی كۆمەڵایەتییە، واتە تەنها هۆیەك نییە بۆ هەست دەربڕین و زانیاری گەیاندن، بەڵكو بۆ جێخۆشكردن و خۆبردنە پێشەوە وخۆچەسپاندن وشوێنگرتنە لەناو ڕیزەكانی خەڵكیدا بەكاردێ. بەڵگەش بۆ ئەمە دەیان فۆڕمیولایە، وەك : ((چاكی ؟)،(چۆنی؟)، .... هتد )، كە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا دووبارە دەبێتەوە .
٢- زمان ناسنامەی كۆمەڵایەتیی نێوان ئاخێوەران دەردەخات . هەر بۆیە لە ڕێگای ئەمەوەیە، دەتوانرێ بڕیار بدرێ، كە قسەكەر خەڵكی كوێ یە؟ لە چ بارودۆخێكدایە ؟ هەستی بەرامبەر دەوروبەر چۆنە ؟ پلەی خوێندەواری چەندە ؟ دەیان هاوشێوەی تری ئەمانە .
٣- زمان مرۆڤ وژینگەی دەوروبەر بەیەك دەگەیەنێ ،لە هەمان كاتیشدا ڕەنگدانەوەی ئەو بارە كۆمەڵایەتیەیە، كە ئاخێوەران تێیدا دەژین. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو وشە وزاراوانەن، كە بەبێ لێكدانەوەیان بۆ باری كۆمەڵایەتی خەڵك واتاكانیان دیاریناكرێت، وەك: وشەی(مسكێن) و(دەرەبەگ) و(ڕەنجدەر) ،دەیان وشە وزاراوەی تری كوردی، كە ڕەهەندی كۆمەڵایەتییان هەیە و بەبێ ئەو ڕەهەندە ئەستەمە واتاكانیان لێكبدرێتەوە (محەمەد مەعروف، ۱۹۸٦: ۱٤-۱٥) .

كەواتە؛ لەم بۆچونانەی سەرەوە دەردەكەوێت،زمان ڕۆڵێكی گرینگی هەیە لە جێبەجێكردنی سەرجەم ئەرك وپێویستییە كۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەكانی ژیان، هەر لە جێخۆشكردن وسڵاوكردن وخۆبردنە پێش...هتد، هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەو بارە كۆمەڵایەتییە، كە ئاخێوەران لە هەموو بۆنە وشوێنە گشتی وڕسمییەكاندا بەكاریدەهێنن . جگە لەمەش هەموو كەلتور وداب ونەریت وشارستانییەتەكانیش بەهۆی زمانەوە تۆماردەكرێن و لە فەوتان دەپارێزرێن، لە نەوەیەك بۆ نەوەیەكی تر دەگوازرێنەوە .ئەمانەش بەڵگەی بوونی پەیوەندیی نێوان (زمان وكۆمەڵ) دەردەخەن.

پەیوەندیی نێوان زمان وكۆمەڵ لە نێو زۆربەی زمانەوانان وكۆمەڵناسان شتێكی دیاریكراوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای باسە ئەوەیە، كە لەبەر ئەوەی بوونی كۆمەڵ بەندە بە كەلتور، لە لایەكی ترەوە

بوونی کەلتور بە زمانەوە بەستراوەتەوە، چەند بۆچوونێك سەبارەت بە چۆنییەتی وچەندێتی پەیوەندیی وکاریگەریی نێوان زمان وکۆمەڵ لە باسکراوە :

- **بۆچوونی یەکەم:** پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ڕۆڵ و کاریگەریی لەدەرخستن و جیاوازیی زمانی ئەو کۆمەڵەیەدا هەیە (پەیمان حەسەن، ٢٠١٠: ٤) . بەڵگەشیان بۆ ئەمە هەبوونی (جیاوازیی لە ڕۆنانی شێوازی قسەکردنی گەنج وهەرزەکار و، ....هتد)، هەروەهاپێکهاتەکانی تری ناو کۆمەڵ، وەك : (ڕەگەز، چین، تەمەن، ....هتد)،جیاوازیی لە قسەکردندا دەردەخەن.ئەم بۆچوونەش زیاتر لەلایەن کۆمەڵناسەکانەوە خرایە ڕوو.

- **بۆچوونی دووەم** : تەواو پێچەوانەی بۆچوونی یەکەمە، پێیان وایە پێکهاتە ورەفتار وهەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی زمان کاریگەرییان لەسەر پێکهاتەی زماندا هەیە، ئەم بۆچوونەش خۆی لە دوو توێی تیۆرەکەی (وۆرف- سابیر) دا دەبینێتەوە .

- **بۆچوونی سێ یەم** : هەریەك لە زمان وکۆمەڵ لە دوو ئاڕاستەییدان، واتە زمان وکۆمەڵ هەردووکیان کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەیە، ئەم کاریگەریەش لە سروشتدا پەیوەندیەکی دیالێکتیکیە . ئەم بۆچوونەش لەلایەن "دیتمار" (Ditmar)، لە ساڵی (١٩٧٦) خرایە ڕوو، کە تیایدا ئەوەی خستە ڕوو، ڕەوشتی قسە کردن وهەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی لە گۆڕانێکی کارلێکردنندان ، وە هۆکارێکی گرنگیش لە پەیوەندیکردندا .

- **بۆچوونی چوارەم** : هیچ پەیوەندییەك و کاریگەرییەك لە نێوان زمان وکۆمەڵدا نییە ، هەریەکەیان سەربەخۆن . ئەم بۆچونەش لەلایەن زمانناسێکی وەك (چۆمسکی)ەوە خرایە ڕوو، کە پێی وایە دەبێ زمان لە ژینگە ودەوروبەری کۆمەڵایەتی دابڕێت (Ward Haygh, 2010:10-11) .

زمان و کۆمەڵ لە پەیوەندیی وکارلێکی بەردەوامدان، واتە، پەیوەندیەکی توند وبەهێز لە نێوانیاندا هەیە، هەریەکەشیان کاریگەرییان بەسەر یەکتریەوەیە . زمان لەوەدا کاریگەریی لەسەر کۆمەڵ هەیە، کە مرۆڤ هەمووچالاکی وپێویستییە جۆراوجۆرەکانی ژیانی، هەر لە سڵاوکردن وجێخۆشکردن ومامەڵەکردن وئاخاوتن لەگەڵ کەسی ناسیاو و نەناسیاو، ... هتد، لە ڕێی زمانەوە بە ئەنجامدەگەیێنێ، هەروەها کۆمەڵیش کاریگەریی لەسەر زمان هەیە، چونکە هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش چەند نموونەیەك لەو کاریگەرییە . لە خوارەوە ئاماژەی بۆ دەکرێ:

١- **کاریگەرییە جێگیرەکان،** وەك : (ڕەگەز، نەژاد، چینی کۆمەڵایەتی).
٢- **کاریگەرییە گۆڕاوەکان،** وەك : (تەمەن، خوێندن، هەڵوێستی ئاخاوتن، دەوروبەری کۆمەڵایەتی، مۆدێلی قسەکردن ).
٣- **کاریگەرییە هەنوکەییەکان،** دەوروبەر، ئەمەیان زیاتر پەیوەستە بە بارە کۆمەڵایەتییە هەنوکەییەکانەوە، وەك : (کارکردن، ماڵەوە، کۆمەڵی قسەکەران، ...هتد) .

لەم بۆچونانەی سەرەوە دەردەرکەوێت، کە زمان و کۆمەڵ پەیوەندییەکی بەهێزیان بەیەکەوە هەیە و هەموو دیاردە وپێویستییەکانی ژیان، ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ کاریگەرییان بەسەر زماندا هەیە، بە پێچەوانەشەوە زمانیش کاریگەریی بەسەر ئەوانەوە هەیە، هەر گۆڕانێکیش لە کۆمەڵگە ڕوبدات، کاریگەریی لەسەر زمان دەبێت ،زمانیش لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕێت(پێشکەوت مەجید، ٢٠١٣: ٥)، چونکە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە واتای گۆڕانی فۆڕمەکانی ژیان وگروپە کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر بنەمانی چالاکیی ودروستێتی وڕێککەوتنی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتی، کە کاردەکەنە سەر زمان و زمانیش کاریان تێدەکات (محەمەدی مەحوی، ٢٠٠٩: ٩٠) .

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوەبکرێ، ئەو کاریگەرییە وگۆڕانکاریەی لە نێوان زمان وکۆمەڵدایە یەکسان نین .هەروەك (شاپور راسخ)پێی وایە، ئێمە بە گومان و دوودڵ نین لە خاسیەتی کۆمەڵایەتی زمان، بەڵام پەیوەندیی نێوان زمان وکۆمەڵ نابێت بەشێوەی سادە وساکار و یەك لایەنە سەیربکرێت، بەشێوەیەکی گشتی زمان هێدیتر ودرەنگتر لە کۆمەڵ گۆڕانکاری بەسەردا دێت ، زمان وەك چالاکییەکی کۆمەڵایەتی بۆ گەیاندنی پەیوەندیی ، پێوستی بە جێگیری هەیە، لەلایەکی ترەوە بە ئەندازەی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئاست کۆمەڵێکدا ڕوودەدەن بە ناچاری توشی گۆڕانکاری دەبێت ، خۆی لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەم بگونجێنێت. ئەگەریش نەگۆڕێت وناتوانێ پێویستییەکانی خۆی لەگەڵ کۆمەڵی نوێ بەدیبهێنێت، ئەوا دەبێ بە ئامرازێکی ناتەواو وناتوانێ وەڵامی ڕۆژانەی ئاخێوەران بداتەوە (یحی مدرسی، ١٣٩٣: ٢٤). هەروەها پیتەر ترادگیل (P.Tradgil)یش پێی وایە پەیوەندییەکی دولایەنە لە نێوان زمان وکۆمەڵدایە ، هەریەکەشیان کاریگەرییان بەسەریەکەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ بیروبۆچوونی زۆرێك لە زمانناسان، کاریگەریی کۆمەڵ وگۆڕانکارییەکانی لەسەر زمان دیارتر وزیاترن (پیتر ترادگیل، ١٣٧٦:١٣١).

کەواتە؛ زمان زۆر بەتوندی لە ژێر کاریگەرییە هەلومەرجە زاڵبووەکانی هەر کۆمەڵگەیەکە. هەروەك بە بڕوای (Ralp Fasold)، زمان بەردەوام لەژێر کاریگەریی کۆمەڵ وسیما وبەها کۆمەڵایەتییەکاندایە، لەبەر ئەوەی هەمیشە گەواهیدەری جیایی و جیاوازییەکانی ناوکۆمەڵێکی زمانین.سیما کۆمەڵایەتییەکانی وەك:(ڕەگەز،تەمەن،پیشە،...هتد)،لە ناو کۆمەڵدا دیاریکەری بەکارهێنانی زمانن،چونکە زمان نەك تەنیا بەبێ سیما کۆمەڵایەتییەکان،بەڵکو بە پێی ئەو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەی کە خۆی تێدا دەبینێتەوە، دەگۆڕێت، ئەمەش پێچەوانەی تیۆرەکەی (سابیر- وۆرف)، لەگەڵ ئەو گریمانەیەدا خەریکە، کە تێڕوانین وبۆچوونی مرۆڤ بەرامبەر ژینگە ودەوروبەری خۆیەوە، هەندێجار بەهۆی کاریگەریی زمانەوە شتێکی مەرجی دەبێت (زوبێر عەلی، ٢٠١٢: ١٠). واتە؛ ئەوان پێیان وابوو بونیادی کۆمەڵایەتیی زیاتر لە ژێر کاریگەریی زمانەکەدایە.

سەرەڕای بوونی پەیوەندیی و کاریگەریی وکارلێکی نێوان زمان وکۆمەڵ، ئەوەی دژوار وئەستەمە جیاکردنەوەی ئەم دووانەیە لەیەکتر. واتە نەبوونی جیاکەرەوەیەکی ڕەهای ئاشکرا لەنێوان ئەم دووانەدا، وادەکا ئەم دووانە بەردەوام پێکەوە ببەسترێنەوە و لە کاتی لێکۆڵینەوەدا یەکیان ئەویتریان لەبەر چاو بێت (سەرچاوەی پێشوو: ٨). هەر ئەمەش وایکرد چەندین زانا وزمانەوان ولێکۆڵەر دژی

جیاکردنەوەی نێوان (زمان وکۆمەڵ) بن. ئەمەش پێچەوانەی ئەو بۆچوونە دەوەستێتەوە، کە پێیان وایە، زمان وکۆمەڵ سەربەخۆن و پێویستە بە جیا لێیان بکۆڵدرێتەوە .

"**هایمز(Hymes)**" لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا دژی جیاکردنەوەی زمان وکۆمەڵە لەگەڵ یەکتری، هەروەها پێی وایە پەیوەندی نێوانیان زۆر بەتینە و کارلێکردنیشیان دیار وئاشکرایە. بۆیە زۆر بە توندی ڕەخنە لەو ڕێبازانە دەگرێت، کە زمان وکۆمەڵ لەیەکتردادەبڕێنن(هێمن عبدولحەمید، ٢٠٠٦: ٢). هەروەها "**سۆسێر**"یش، دژی جیاکردنەوەی زمان وکۆمەڵە، زمان بە چالاکییەکی کۆمەڵایەتیی دادەنێت و پێی وایە زمان بەشێکە لە کۆمەڵ ولە باوشی کۆمەڵدایە (فردیناند دی سۆسێر، ١٩٨٨: ٢٧). دیسانەوە پێشەوایانی ڕێبازی ئەرکی لە زماندا[١]، لەوانە "**هالیدەی**"، کە تێیدا بایەخ بە چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان بە ژینگەی کۆمەڵایەتی دەدات ، پێی وایە ڕەگی زمان درێژ دەبێتەوە بۆ ناو بونیادی کۆمەڵایەتی و بە هیچ شێوەیەك لە کەلتور وداب ونەریتی کۆمەڵایەتی دانابڕێت (ساجیدە عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ١٥).

بەم شێوەیە؛ پشت بەستن بەو باس وخواس وبیروبۆچوونانەی، کە لەبارەی زمان و کۆمەڵ خرانە ڕوو، زمان وکۆمەڵ پەیوەندیەکی توند وتۆڵیان بەیەکەوە هەیە، بە هیچ شێوەیەك لەیەکتر جیاناکرێنەوە، وە هەروەها بەردەوام لە کاریگەریی وکارلێکی یەکتردان، بە تایبەتی لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکاندا. لە ئەنجامی ئەو پەیوەندیی و کاریگەرییەش بوو زانستێك بە ناوی (زمانەوانیی کۆمەڵایەتی) (Sociolinguistics) سەریهەڵدا، کە زانستێکە لە پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە.

بەڵام پێویستە ئەوەبگوترێ پلە و ڕێژەوەی ئەو کاریگەرییەی کە لە نێوان زمان و کۆمەڵدا دەبینرێن، جیاواز و یەکسان نین.لەڕاستیدا کاریگەریی کۆمەڵ لەسەر زمان زیاترە، چونکە زمان لەناو کۆمەڵێکی زمانیدایە، کۆمەڵەی زمانیش سەرجەم پێویستییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤایەتی تێیدا ڕەنگدەداتەوە . لە لایەکی ترەوە زمان زیاتر تایبەتە بە مرۆڤ [٢]، مرۆڤیش بۆ پەیوەندیکردن و ئالوگۆڕ و، ...هتد بەکاریدەهێنێت. کەواتە؛ زمان سروشتی وایە لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵگە و لە خزمەتی مرۆڤ دا بێت. هەر چەندە ئەمەش ئەوە ناگەێنێت، کە کاریگەریی زمان لەسەر کۆمەڵگە بەهەند وەرنەگیرێت، بەڵێ زمانیش کاریگەریی و ڕەهەندی تایبەتی خۆی لەسەر کۆمەڵگە هەیە (زوبێر عەلی، ٢٠١٢: ١٠).

---

[١] ڕێبازی ئەرکی :قوتابخانەیەکە لە قوتابخانەکانی بیری زمانەوانیی سەدەی بیستەم، کە وەك بەرچەپدانەوەیەك دژی ڕێبازی گواستنەوە سەریهەڵدا. ئەو قوتابخانەیە (ڕێبازی گواستەوە) زمان بە چالاکییەکی هۆشەکی دادەنێت و لە ژینگە ودەوروبەر دایدەبڕێنێت. بەڵام ئەرکییەکان بە پێچەوانەی ئەوان، زمان لە دەوروبەر دانابڕێنن و بایەخ بە چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان وبەهای پەیوەندییەکانی زمان لە دەوروبەر دەدەن (ساجیدە عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨: ١٣).

[٢] لێرەدا مەبەست ئەوەنییە بونەوەرەکانی تر زمانییان نییە، بەڵێ ئەوانیش زمانییان هەیە، بەڵام زمانی ئەوان بریتییە لە سیستەمێکی بۆماوەیی و جۆرێك لە تێگەشتن لە نێوانیادا دەبیندرێت. بەڵام لە ڕێگای ئەو سیستەمە زمانییە ناتوانن باسی رابردوو و ئێستا و داهاتوو بکەن. بەڵام زمانی مرۆڤ پێچەوانەی ئەو تایبەتییەتیی و ناساندنی زمانی بوونەوەرەکانی ترە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە و جەختی لەسەر دەکرێتەوە ئەوەیە ،کە هەموو ئەو پەیوەندیی و کاریگەرییانەی کە لە نێوان زمان و کۆمەڵدا خرانە ڕوو ،دەریدەخەن زمان و کۆمەڵ لە پەیوەندیی و کارلێکی یەکتریدا لە بەردەوامی دانە و ڕەنگدانەوەیان لە نێو سەرجەم چالاکی و کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا هەیە. بەم شێوەیە دەتوانرێ بگوترێ نە کۆمەڵ بەبێ زمان دەبێت و نە زمانیش بەبێ کۆمەڵ دەبێت.

## ٢/١) زمانەوانیی کۆمەڵایەتی:

### ٢/١ ـ ١) تێڕوانینێکی بەراییانە لەبارەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی:

بەشێوەیەکی گشتی سەرەتای سەدەی بیستەم بە دەستپێکی نوێی لێکۆڵینەوە زانستییەکانی زمان دادەنرێت، بە تایبەتی دوای ئەوە زانستیی زمان لەسەر دەستی (سۆسێر) بوو بە زانستێکی سەربەخۆ و وایکرد، کە زمانەوانیی چیتر وەك بابەتێك لە چوارچێوەی زانستێکی دیکە لە زمان نەکۆڵرێتەوە، چونکە تا ئەو کاتە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان زیاتر سیستەمی ناو خودی زمان و پێکهاتەی زمانی دەگرتەوە، بەڵام دوای (سۆسێر) کار لەسەر پەیوەندییەکانی زمان بە دەوروبەر کرا، یەکێکیش لەو پیوەندییانە، زمان و کۆمەڵناسی بوو، بە تایبەتی دوای ئەوەی کۆمەڵناسی لەسەر دەستی (دۆرکهایم) ،لەسەرەتای سەدەی بیستەم بوو بە زانستێکی سەربەخۆ، ئەوە بوو لقێکی نوێیی زانستی زمان بە ناوی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی (Sociolinguistics) سەریهەڵدا(بەهزاد موحسین، ٢٠٠٨: ١١٣).

ئەو لقە زانستییە (زمانەوانیی کۆمەڵایەتی)هەر زوو ئارەزووی جیابوونەوەی کرد، بە تایبەتی لە دوای ساڵەکانی سییەوە، هەندێ لە زمانەوانەکان ویستیان سنووری زمانەوانیی تەسکتر بکەنەوەو وەك پەیڕەوێکی داخراو لە زمان بکۆڵنەوە. واتە هەوڵەکانیان زیاتر بۆ شیکردنەوەی ڕۆنانی ناوەی زمان تەرخانکرد. سەرەتای ئەم جیابوونەوەش لە کارەکانی(مالینۆفسکی و فێرس) دا، لە ساڵەکانی بیست و سییەکانەوە سەریهەڵداوە. زمان لە ڕوانگەی ئەمانەوە، بریتییە لە ڕەوشتێ لە نێوان سەدان ڕەوشت و هەڵسوکەوتی جیاواز، کە لە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایەو بە پێی باری کۆمەڵایەتی و بۆنەی جیاواز، ئەم ڕەوشت و هەڵبژاردنانە گۆڕانیان بەسەر دادێت. بە دوای ئەمانەش (پایك) لە ئەمریکا لە ساڵانی پەنجاوە خەریکی بەستنەوەی وشەو ڕستە بوو بە باری کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەران (محەمەد مەعروف، ١٩٨٦: ١٣٦ ـ ١٣٧). [(١)] بەڵام وەك بوارو لقێکی زانستیی دەتوانرێ بگوترێ ئەم زانستە، سەرەتای شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەم، زۆرترین گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وتارو بلاوکراوەو لێکۆڵینەوە زانستییە جۆراو جۆرانەی لەبارەی ئەم زانستە کراون"[(٢)]. هەروەها لایەنێکی تری ئەم گەشەکردنە ئەو ڕاستیەبوو، کە زمان دیاردەیەکە بەردەوام

(١) هەرچەندە پێشتریش پەنابردنە بەر هۆکاری کۆمەڵایەتی لەزماندا بۆ لێکدانەوەی هەندێ دیاردەی زمانی پەیوەست بە کۆمەڵگە لەئارادابووە، وەك لەکاتی لێکدانەوەو دابەشکردنی ئەلەفۆن و گۆڕانی دەنگی لەشێوەزارەکانی زماندا. بەڵام لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو بەتایبەت لەکارەکانی (مالینۆفسکی و فێرس) دا ئەم ئاراستەیە زیاتر گەشەی سەند (محەمەد مەعروف، ٢٠١٠: ١٣٥-١٣٦).

(٢) بۆ نموونە لە ساڵی (١٩٧٢) دا، (Pier Paolo Giglioli) کتێبی ( Language and Social Context, Harmods Worth, Midd, Peng unibook) بلاودەکاتەوە و تێیدا ئەم ناوانەی خوارەوە دەهێنێت: (Wiliam Labov, Fisman)لە هەمان ساڵدا، کتێبی زماننانسی

گەشەو گۆڕانی بەسەرداددێت، پەسەندکردنی ئەو گەشەو گۆڕانەش، پەیوەندیی بە کۆمەڵەوە هەیە (زوبێر عەلی، ٢٠١٢: ٢٤).

لێرەدا دەردەکەوێت، ئەم زانستە خاوەن مێژوو تایبەتمەندی خۆیەتی ، هەروا بەبێ بنەماو هەڕەمەکی سەریهەڵنەداوە، بەڵکو لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی کۆمەڵێك لێکۆڵەرو زاناو زمانەوانی بەناوبانگ سەریهەڵداوەو گەشەی بەخۆ دیوە، ئێستاش ئەم زانستە لە زانکۆکانی جیهان دەخوێندرێ و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری لەبارەیەوە دەکرێت.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ، کە تۆو ڕەگ و ڕیشاڵی ئەم زانستە، بۆ سەر بیرو ڕاکانی (سۆسێر) دەگەڕێتەوە، بە تایبەت دوای ئەوەی زانستیی زمان لەسەر دەستی ئەو بوو بە زانستێکی سەربەخۆ. (سۆسێر)یش زۆربەی بیروڕاکانی بە زاناو کۆمەڵناسی فەڕەنسی (دۆرکهایم) کاریگەر بوو، بە تایبەتی لە لایەنی زمان وەك دیاردەیەکی زیندوی کۆمەلایەتی. دوای ئەویش زیاتر کار لەسەر پەیوەندیی زمان بە دەوروبەر کرا.

لەم ڕوانگەیەوە، بە پێویست دەزانرێ لێرەدا بیروڕاکانی "سۆسێر"جەختی لەسەر بکرێتەوە سەبارەت بە زمان .یەکێك لەو بیروبۆچونانەی، کە سۆسێر جەختی زۆری لەسەر دەکردەوە، ئەویش بریتییە لەوەی: ((زمان دیاردەیەکی کۆمەلایەتییەو پێویستە لەسەر ئەو بنەمایەش لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت)) (نایف خرما، ١٩٧٨: ١٠٧). ئەم دیاردە کۆمەلایەتییەش بەو مانایەی زمان بەردەوام ڕۆڵێکی سەرەکی لە جێخۆشکردن و ڕێکخستنی پەیوەندیی کۆمەلایەتی دەبینێ و وا دەکا لەو دەوروبەرە کۆمەلایەتییەدا بمێنێتەوە.

سۆسێر، جیاوازیی نێوان دوو دیاردەی لە زماندا کرد، یەکێکیان ناونا (Language) ، کە دەتوانرێ بە زمان ناوی ببرێ، ئەویتریان ناونا (Parole)،کە دەکرێ بە گوتن ناوی ببرێ. هەر بۆیە لێرەدا شیکردنەوەی ئەم دوو زاراوەیە پەیوەست بەم بابەتەوە پێویستە.

## ١ ـ زمان (Language):

وەك دیاردەیەکی کۆمەلایەیتی گشتگیری نابەرجەستەدەردەکەوێ، هەموو هۆیەکانی لێکگەیشتن لەسیستەم و هێمای ڕێزمانی و واتایی لەخۆ دەگرێت، مرۆڤ لە کۆمەڵگەوە وەریدەگرێت و بەرهەمی تاك نییە. زمان دەکرێ لەو شێوازە جۆراوجۆرانەی، کە تاکەکان لە بۆنەو هەڵوێستی کۆمەلایەتی جیاواز بەکاریدەهێنن جیا بکرێتەوەو بەشێوەی جیاواز بنوێنرێت (دارا حەمید، ٢٠١٤: ٣٨ ـ ٣٩).

---

کۆمەلایەتی (Social Linguistics) لەلایەن (Holmas) بلاّو کرایەوە. (Petertradgill) لە ساڵی (١٩٧٤) کتێبی (Sociol Linguistics) ی بلاّوکردەووە (لویی ژان کالوە، ١٣٧٩: ٣٩ ــ ٤٠). جگە لەم زمانەوان و لێکۆڵەرانە، کۆمەڵێك زمانەوانیی تری وەك: (سۆسێر، ڤدریس، هالیدەی، هاریس،... هتد) ڕۆڵی سەرەکیان لەم زانستەدا بینیووە (هێمن شەمس، ٢٠٠٦ : ٢٣).

٢ ـ گوتن (Parole):

ئەو چالاكییە هەست پێكراوە تاكە كەسیەیە، كە لەكات و شوێنێكی دیاریكراو بەرگوێ دەكەوێ ، تاك تا ڕادەیەك لە هەڵبژاردنی وشەو ڕێكخستنی لەكاتی ئاخاوتندا ئازادە. گوتن ئەو زمانەیە، مرۆڤ لە كۆمەڵدا بەكاریدەهێنێت و لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر دەگۆڕێ، بەڵام لە ڕێزمان و یاساكانی زمانەكەدا هاوبەشن و بە شێوەیەكی دروست بەكاریدەهێنن (عەلی تاهیر، ٢٠٠٨: ٤٢).

كەواتە؛ئەم دوو چەمكە لەلای (سۆسێر) ئەوەیە، كە لە لێكۆڵینەوەكانی زمانی كۆمەڵایەتیدا كار لەسەر چەمكەكانی (گوتن) و (چالاكی) دەكرێت، بە واتای ئەم دوو چەمكە خۆیان لە بەكارهێنانی زمان لەناو كۆمەڵدا دەبینەوەو بە پێی هەڵوێست و بۆنەی جیاواز لە كارادان و لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر دەگۆڕێت. ئەم بەكارهێنانەی زمانیش سیستەمێك دەهێنێتە ئاراوە،كە دەكرێ بە (سیستەمی كۆمەڵایەتی) ناوبرێ ، ئەم سیستەمە كۆمەڵایەتییەش خۆی لە چوارچێوەی پەیوەندیی و ژینگە كۆمەڵایەتییەكاندا دەبینێتەوەو بە پێی بۆنەو هەڵوێستی كۆمەڵایەتی پەیوەست دەبێت و ڕۆڵێكی گرنگ لە چوارچێوەی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا دەبینێ. لەم دیدەوە دەردەكەوێت، نكۆڵی لەپەیوەندیی زمان بە كۆمەڵگەوە ناكرێت، ئەم بۆچوونەش (زمانەوانیی كۆمەڵایەتی) بە دوای خۆی هێنا (شاخەوان عەبدوڵلا، ٢٠١٣: ٤٦ ـ ٤٧).

## ١/ ٢ ـ ٢) ناساندنی زمانەوانیی كۆمەڵایەتی:

هەروەك لە پاری پێشوودا ئەوە خرایە ڕوو، زمان وەك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی پەیوەندییەكی پتەو لەگەڵ كۆمەڵگە بە گشتی و بە تایبەتی پەیوەندیی كۆمەڵایەتیی نێوان قسەكەرو گوێگرو چین و توێژی جیاواز و پێشینەی كەلتورو هەڵسوكەوت و پلەو پایەو شێوازی قسەكردن و جۆراوجۆری زمان هەیە، هەموو ئەو پەیوەندییانەی زمانیش، سەرەنجام زمان بە ڕۆنانە كۆمەڵایەتییەكان دەبەستێتەوە. ئەو زانستەیەش، كە لە پەیوەندی نێوان زمان و ڕۆنانە كۆمەڵایەتییەكان دەكۆڵێتەوە، پێی دەوترێت (زمانەوانیی كۆمەڵایەتی)(سەرچاوەی پێشوو: ٤٨). بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەبینرێ ئەم زانستە لە نێو زاناو لێكۆڵەرانی زمانەوانی بەتایبەتی پێناسەی جۆراوجۆری بۆ كراوە. لە خوارەوە دیارترین و گرینگكترین ئەو پێناسانەی، كە بۆ ئەو زانستە كراوە دەخرێتە ڕوو:

١ ـ "**دیڤید كریستاڵ**" ئەم زانستە بەم شێوەیە پێناسە دەكات و دەڵێت: ((لقێكی زمانەوانییەیە، ئەم جۆرە زمانەوانییە لەو ڕێگایانە دەكۆڵێتەوە كە زمان بە كۆمەڵگەی مرۆڤەوە دەبەستێتەوە)). (Crystal, 1993:357). واتە،ئەو زانستە وەك پێكهاتەیەكی كۆمەڵایەتی لە ناو هەڵسوكەوت دەكات و هەوڵدەدات ئەو هۆكارە كۆمەڵایەتییانە دەستنیشانبكات كە زمان بە كۆمەڵگەدەبەستنەوە، لەم ڕێگایەشەوە دەیەوێ پەیوەندیی نێوان بدۆزێتەوە.

٢ ـ "**هـ. ج. ویدۆسن**" ئەم زانستە دەناسێنێت و دەڵێت: ((بریتییە لە دیراسەكردنی زمان لە پەیوەندی بە فاكتەرە كۆمەڵایەتییەكان، واتە چینی كۆمەڵایەتی، ئاستی خوێندن، جۆری خوێندن، تەمەن، ڕەگەز، گروپی ئیتنی، ... هتد)(هۆشەنگ فاروق، ٢٠٠٨: ١٥١). واتە ئەم زانستە لە هەموو هۆكارە

کۆمەڵایەتییەکان(ڕەگەز ،تەمەن،پیشە...وپلەوپایە)دەکۆڵێتەوەوهەوڵیشدەدات زمان بەو هۆکارە کۆمەڵایەتییەیانە ببەستێتەوە وکاریگەریی نێوانیشیان دیاریبکات.

٣ ـ **"فیشمان"** دەڵێت: ((ئەم زانستە، لێکوڵینەوە لە ڕەوشت و هەڵسوکەوتی مرۆڤ و بەکارهێنانی زمان و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەکات)) (Fishman, 1972: 1) لەم ڕوانگەیەوە، ئەم زانستە هەوڵ دەدات هەڵسوکەوتی تاك لە ڕێگای ئەو زمانەی، کە لە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی بەکاری دەهێنێت دەستنیشان بکات، بۆ ئەوەی بزانی ئەو تاکە چۆن و بەچ شێوازێك قسە دەکات و کاریگەریی لەسەر بەرامبەریش چۆنە؟

ئەگەر سەیری زۆربەی شیکاری پێناسەکان بکرێ، دەبینرێ جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، کە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، لێکۆڵینەوەی زمانە پەیوەست بە کۆمەڵەوە. واتە پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵ و هەوڵدەدات کاریگەریی و پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ دەستنیشان بکات. بۆیە لێرەدا لە کۆی ئەم پێناسە و ڕوانگانەی کە بۆ ئەم زانستە خرانەڕوو دەتوانرێ بگووترێ:

ـ **زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی:** لقێکی نوێی زانستی زمانە، بریتییە لە لێکۆڵینەوەی زمان پەیوەست بە کۆمەڵ و دەوروبەری کۆمەڵایەتییەوە. واتە، دەیەوێ لە ڕێگای زمانەوە لە کارلێك و پەیوەندیی و ژیانی کۆمەڵایەتی و هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی وەك: (چین، ڕەگەز، تەمەن، پیشە، بۆنەی کۆمەڵایەتی، ... هتد) شارەزا بێت، بۆ ئەوەی شوێن و پێگە و بەکارهێنان و هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردنی زمان لە نێو کۆمەڵ بە گشتی و تاك بە تایبەتی دیاریبکات ، کاریگەریی هەریەك لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش لەسەر زمان دەستنیشان بکات و بە کۆمەڵیان ببەستێتەوە.

### ١/ ٢ ـ ٣) سنوورو ئامانجی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی:

هەروەك پێشتر باسکرا، ئەم زانستە لە پەیوەندیی و کارلێکی نێوان زمان و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە. واتە هەوڵ دەدات سەرجەم کاریگەرییەکانی کۆمەڵ لەسەر زمان دەستنیشانبکات. کەواتە؛ ئەم زانستە سنوورو لایەنی فراوان و جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت ، هەریەك لە سنوورو لایەنەکانیشی ئەرك و ئامانج و گرینگی تایبەتی خۆی لەنێو زانستەکەدا هەیە.

سنووری ئەم زانستە پانتەییەکی فراوان دەگرێتەوە، بە تایبەتی خۆی لە دوو سنوور زیاتر دەبینێتەوە، ئەوانیش بریتین لە بەکارهێنانی زمان و بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ئەم بەکارهێنانە. واتە،پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ڕۆشنبیری دەگرێتەوە و هەوڵی دۆزینەوەی بنەماو یاسا بەکارهێنەرە کۆمەڵایەتییەکانی زمان لەناو کەلتورو کۆمەڵگە دەدات(هێمن شەمس، ٢٠٠٦: ٢٣).

مرۆڤ بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی و جێبەجێکردنی ئەرك و پێویستییەکانی زمان بەکاردەهێنێت و خۆی لە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ئەو بەکارهێنانە دەبینێتەوە، چونکە بەکارهێنانی زمان، واتە تاك لە ڕێگای هێماکانی زمانەوە توانای ئەوەی هەیە، کە پرۆسەی پەیوەندییکردن و تێگەیشتن و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی خۆی بە تایبەتی و کۆمەڵ بەگشتی، لە سنووری ئەو

ژینگە زمانییەی کە تێیدا گەشەی کردووە ئەنجامیبدات. ئەم بەکارهێنانەی زمانیش لە ئاخاوتندا بە یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی پڕاگماتیك دادەنرێت. زمانیش لەم ڕوانگەیەوە لای هەر تاکێکی کۆمەڵ بۆ هەڵسوکەوت و ڕەفتارێکی سەرەکی، ڕۆژانە بۆ بەردەوام بوونی لە پەیوندیکردندا، لەگەڵ هەر تاکێکی دیکەی ناو کۆمەڵ، بەمەبەستی و پێویستییەکانی بەکاریدەهێنێ، تاکو بە ئامانج و مەبەستەکانی خۆی بگات (تالیب حوسێن، ٢٠١٤: ١٤). کەواتە؛ لەم ڕوانگەیەوە، بۆمان دەردەکەوێت، دووبار کۆنترۆڵی ئەم بەکارهێنانەی زمان دەکەن، یەکێکیان بریتییە لە دەوروبەر (Context)،[١] چونکە دەوروبەر ڕێگایەکە، جۆرو زانیاریی و شێوازی بەکارهێنانی زمان لەنێو پڕۆسەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکان دەردەخا و وادەکا پێکهاتەکانی زمان (دەنگ، وشە، ڕستە، ... هتد) لە واتای فەرهەنگی خۆیان دەربچن.

**بۆ نمونە**: وشەی (باش) لەگەڵ وشەی:

**١ ـ (پارە) واتای زۆر دەدات.**

**وەك: ڕزگار لە کارەکەی پارەیەکی باشی دەست دەکەوێت.** ئەویتریشیان بریتییە لە بۆنەو هەڵوێستی ئاخاوتن، واتە ئەم بەکارهێنانەی زمان، ڕۆڵێکی گرینگ لەنێو بۆنەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان دەبینێت (محەمەد مەعروف، ٢٠١٠: ١٣٩). هەروەها لەو ڕێگایانە دەکۆڵێتەوە، کە دەیەوێ پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵدا پەیدا بکات، بە تایبەتی لە لێکۆڵینەوەی ئەو ڕێگایانەی کە بنچینەی زمانەوانی پێ دەگۆڕێت، کە ئەمەش بە بەستنەوەی زمان بە کۆمەڵ و ئەرکە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان و ناسینی خودی ئەرکەکانەوە دەبێ (محمد حسن، ١٩٨٣: ٥٣١). ئەم زانستە سەرقاڵی ئەوەیە، کە پەیوەندیی نێوان جۆراوجۆری زمان و هۆیەکان و ئاڵۆزی ئەم جۆراوجۆرییە زمانییانە لە کۆمەڵگەیەکی زمانیدا بدۆزێتەوەو شێوازو دەربڕینی هەریەکەیان نیشانبدات و دۆخ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئاخێوەران بەو جۆراو جۆرییە زمانییانە ببەستێتەوە (محمد حسینی، ١٣٨٤ : ١٩٣). ئەم زانستە دەیەوێ پەیوەندیی زمان بە ڕۆنانە کۆمەڵایەتیەکانی وەك: (چین، تەمەن، ڕەگەز، پیشە، ...هتد) ببەستێتەوە. واتە لە لایەك هەوڵی دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان زمان و گۆڕانی ڕۆشنبیری و کەلتور و کۆمەڵگەیە (کمال بشر، ١٩٨٠ : ٥٩). لەلایەکی ترەوە هەوڵدەدات شێوازی قسەکردن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان ئەو ڕۆنانە کۆمەڵایەتییانە دەستنیشانبکات.

زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بە دوای ئەوەیە جیاوازییە کۆمەڵایەتیەکانیی نێوان ئاخێوەران لە ڕووی(ئابووری،کۆمەڵایەتی،چینایەتی،هتد)،بدۆزێتەوە و شێوازی قسەکردنی هەریەکەشیان دەستیشانبکات.بۆ نموونە کاتێك ئێمە لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی وەك( پرسە) داین، ئەوا بەکارهێنانی زمانمان جیاواز دەبێت، بە بەراورد لەگەڵ بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی وەك (مارەبڕین). واتە دەبێ هەر بارودۆخ و بۆنەو هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی ئاخێوەر، بزانێ، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ زمان دەکات و بە چ

---

(١) بیروبۆچوونی (دەوروبەر) لەسالآنی سییەکاندا سەریهەڵدا، کاتێك گرینگی بە کۆمەڵ و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی درا، کە مرۆڤ بەهۆی زمانەوە دەتوانێت لە ئەندامانی کۆمەڵەکەی بگات. ئەم بۆچوونە بەتایبەت لەسەردەمی (مالینۆفسکی و فێرس) زیاتر گەشەی سەند. هەروەها چەند زمانەوانێکی تری وەك: (هالیدەی، ڕۆبینز، بازل، کاتز فۆدەر) بەرهەمیان لەو بارەیەوە تۆمار کردووە (ساجیدە عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ٢٧)

شێوازێك قسەیان تێدا دەكات. هەروەها ئەم زانستە هەوڵی دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییانەیە، كە لە نێوان هەڵوێستی كۆمەڵایەتی لە هەڵبژاردنی زمان یان زاردایە، جگە لەمەش هەوڵی ئەوە دەدات، كە خەڵك چۆن سود لە كانگای زمانییان وەردەگرن [1]، بە تایبەتی كاتێك بە پێی ئەو دەوروبەرە ببەستێتەوە (محمد حوسینی،١٣٨٤: ٩٥).

زمانەوانیی كۆمەڵایەتی، دەیەوێ لە ڕێی ئەو ئاڕاستانەی كاری لەسەر دەكات، كە خۆی لە دوو ئاڕاستەدا دەبینێتەوە، ئاڕاستەكیان لایەنی تیۆرییە، ئاڕاستەكەی تریشیان لایەنی پڕاكتیكییە، لە بەشی تیۆریدا توێژەر هەوڵدەدات ئەو بنەما تیۆرییانە دەربهێنێت، كە لە ئەنجامی لێكۆڵینەوە مەیدانییەكەیدا بە دەستیهێناون، لەم ڕووەوە زیاتر چەمكەكان دەناسێنێت. لە بەشی پڕاكتیكیدا، توێژەر دەچێتە دەرەوەو توێژینەوەیەكی كارەكی (مەیدانی)، لەناو خەڵكی یان شوێنی تر ئەنجامدەدات، ئەمەش بۆ كۆكردنەوەی سەرجەم ئەو بنەماو بابەتە زمانییانەی كە مەبەستییەتی لە توێژینەوەكەیدابەكاری بهێنێت (نەوزاد ئەحمەد، ٢٠١١: ١٤١).

هەر لەم ڕوانگەوە ئەم زانستە، پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ زۆر لە زانستە كۆمەڵایەتییەكانی وەك: (كۆمەڵناسی، مرۆڤناسی، شێوازگەری، دەروونناسی، ... هتد) دروستدەكات، چونكە ئەو زانستانە هەڵقوڵاوی ناو كۆمەڵن و لەناو گەشە دەكەن و ڕەنگدانەوەیان هەیە. بۆ نموونە لە پەیوەندیی بە كۆمەڵناسییەوە هەیە، چونكە هەوڵدەدات ڕۆڵ و گرینگی زمان لە نێو تاك و كۆمەڵگە و لە ڕێكخستنی گروپ و دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكان بكۆڵێتەوە (Yule.G, 2006 : 205). هەروەها لە پەیوەندیی لەگەڵ زارناسی دایە، چونكە دەیەوێ شێوازی قسەكردنی ئاخێوەرانی زارە جۆراوجۆرەكانی زمانێك لە كۆمەڵگا دیاریبكات. هەروەها پەیوەندی بە زانستیی دەروونناسییەوە، كە زمان چۆن لە پرۆسەی ناسین، تێفكرین، بیروبۆچونەكان، لەسەر جیهانی دەرەوە كاریگەریی و ڕەنگدانەوەی هەیە، هەر كەسێك جیهان بینینیان بۆ ڕووداو و بەسەرهاتەكان، هەندێجار وەك یەك نیە، بەڵكو بە ڕەنگ و شێوازی جیاواز گوزارشتیان بۆ دەكرێت، زمانەوانی كۆمەڵایەتیش لەو ڕەنگ و گوزاشتە جیاوازانە دەكۆڵێتەوە (مهری باقری، ١١٣٦: ٢٢٨). ئامانجیش لەو پەیوەندییانەی نێوان زمانەوانیی كۆمەڵایەتی و زانستە كۆمەڵایەتییەكان، ئەوەیە كە دەیەوێ كەرەسەو بنەماكانیان بە زمان ببەستێتەوە، بۆ ئەوەی پەیوەندیی و و كاریگەریی بە هێز لەسەر زمان دروستبكەن.

زمانەوانی كۆمەڵایەتی، پێی وایە جیاوازییە كۆمەڵایەتییەكان لەگەڵ یەكتری، كاریگەریی لەسەر زمان هەیەو جۆراوجۆری زمان و زاری جیاواز دەهێننەكایەوە، كە ئەمەش هۆكاری جیاوازی وەك: (كۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ئابوری، ...هتد) لە پشتە. لە هەمان كاتدا ئەو زانستە لەو كێشە زمانییانە

---

[1] مەبەست لە كانگای زمانی: ئەو سامانە یاخود پاشەكەوتە زمانیەیە، كە ئەندامانی كۆمەڵێك بوونەتە خاوەنی. وەك ژمارەی ئەو زمانانەی دەیزانن و ڕادەی زانینیان و چۆنییەتی بەكارهێنان و چۆنییەتی بازدانیان لە زمانێكەوە، یان زارێك، یان شێوازێكەوە بۆ كەسێكی تر، هەموو ئەو زانیارییانەش لەمێشكی مرۆڤی ئەو كۆمەڵە كۆكراونەتەوە. چالاكبوون و گەشەكردنی ئەو زانیارییانەش بەهۆی دەوروبەرەوە دەبێت (محەمەد مەعروف، ٢٠١٠: ١٣٩).

دەكۆڵێتەوە، كە بە هۆی بوونی چەند زمانێك لە یەك وڵاتدا (شوێن) دێنە ئاراوە (هێمن شەمس، ٢٠٠٦: ٢٤). هەروەها هەوڵدەدات لەو كێشەو گرفتە زمانییانە بكۆڵێتەوە، كە لە كۆمەڵگە بچووك و پەراوێزەكاندا دێنە ئاراوە. جگە لەمەش هەوڵی چارەسەركردنی كێشەی فێركردن و پەیوەندیكردن لە نێوان تاكەكان دەدات (یونس سلێمان، ٢٠١١: ١٠٦).

ئامانجی زمانەوانیی كۆمەڵایەتی لە تێڕوانیندا ئەوەیە، دەیەوێت ئەو ڕاستییە كۆمەڵایەتییانەی، كە زمانەوانیی گشتی چاوپۆشیان لێدەكات و گرنگیان پێنادات لە چوارچێوەی زمانەوانیدا، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە هەوڵی سەرەكی ئەوە دەبێت، كە بابەتی زمانەوانیی فراوانتر بكات و وای لێبكات نەك هەر گوێبداتە شیكردنەوەی خودی زمان، بەڵكو بیان بەستێتەوە بە كۆمەڵ و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی قسەكەرو گوێگر و بابەتی ئاخاوتن و ئەو بۆنەو ڕێو ڕەسمە كۆمەڵایەتییانەی كە زمانەكەی تێدا بەكاردێت (محەمەد مەعروف، ٢٠١٠: ١٦٣). واتە بەكورتی ئامانجی هەرە گرنگی ئەم زانستە ئەوەیە، كە زمان بە كەلتورو ڕۆشنبیری كۆمەڵایییەتی ببەستێتەوە و لەو ڕوانگەیەشەوە لێكۆڵینەوەی لەسەر بكات.

لە ڕوانگەی ئەوەی پێشتر باسكرا، بۆ دیاریكردنی سنووری زمانەوانیی كۆمەڵایەتی، دەتوانرێ پشت بە پۆلینەكەی "هالیدەی" ببەسترێ ، كە هەوڵێكی گشتگیرە لەم بارەیەوە:

١ ـ جووتزمانی و فرەزاری.

٢ ـ دیاردەی جۆراوجۆری زمان.

٣ ـ زانستی زارە كۆمەڵایەتییەكان.

٤ ـ زمانەوانیی كۆمەڵایەتی و پەروەردە.

٥ ـ پلاندانان و گەشەپێدانی زمان.

٦ ـ لێكۆڵینەوەی وەسفی بۆ بارودۆخی زمان.

٧ ـ تۆماری ئاخاوتنی ڕۆژانەو گواستنەوەی لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر.

٨ ـ كاریگەریی هۆكارە كۆمەڵایەتییەكان لە گۆڕانی وشە ودەنگ و ڕستەكاندا.

٩ ـ زمان و كۆمەڵ و شارستانییەت.

١٠ ـ زمانە فەرمییەكان.

١١ ـ لیكۆڵینەوە لە دەقەكان .

١٢-گەشەسەندنی زمانی لای منداڵ.

١٣- ڕێباز و شێوازی ئاخاوتن.

١٤- تیۆری ئەرکی و سیستەمی زمانی.

١٥- زمانی نەتەوایەتی(هادی نهر، ١٩٨٨: ٢٥).

لێرەدا، ئەوە دەخرێتە ڕوو، زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی، زانستێکی فراوانەو زۆر بوارو لایەنی جۆراوجۆری هەیە، بەو پێیەی دەبێت لە زمانی کۆمەڵایەتیدا بخرێنە ڕوو. بە گشتی بۆ هەموو ئەو بابەتانە بەسودە، کە زمانەوانیی کارەکیی [1] دەتوانێ سودیان لێببینێت و لێکۆڵینەوەی جیاوازو تایبەتییان لەسەر بکات.

## ٢/١ - ٤) جیاوازیی نێوان زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسیی زمان:

لێرەدا بە پێویستی دەزانرێ، کە ڕەهەندو بنەما جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو زانستە بخرێتەڕوو، بۆئەوەی ئەو تێکەڵ و ئاڵۆزییەی هەندێجار، کە لە نێوانیاندا دەبینرێت ڕونبێتەوە.

ئەگەر بە شێوەیەکی ورد و زانستیی لە ڕوانگەی زمانەوانیی و کۆمەڵناسییەوە سەیری ئەو دوو زانستە بکرێ، دەبینرێ خاڵی هاوبەش و لێکچوون لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت، بەڵام لە ڕووی کارەکیی و تەنانەت تیۆریشەوە، هەندێ بنەمای جیاوازیی سەرەکی و گرنگ لە نێوانیاندا دەبینرێت، ئەم جیاوازییانەش لە لای هەندێ لێکۆڵەرو زمانەوانی وەك: (هدسن، فیشمان، کریستاڵ، وێبەر) جەختی لەسەر کراوەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لای هەندێ لێکۆڵەری تری وەك (Ronald Ward haugh)، سنوورێکی دیاریکراو وجیاکەرەوە لە نێو ئەو دوو زانستە نابینێ (Ronald Ward, 2006: 13). لێرەدا جەخت لەسەر جییاوازیەکانی نێوان ئەو دوو زانستە دەکرێتەوەو ڕووندەکرێتەوە.

- بۆ نموونە **هدسن** (**Hodson**)، جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو زانستەی بەوە کردووە، کە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، لێکۆڵینەوەی زمانە پەیوەست بە کۆمەڵەوە، بەڵام کۆمەڵناسیی زمان، لێکۆڵینەوەی کۆمەڵە پەیوەست بە زمانەوە (هدسن، ١٩٧٨: ٢٢). هەروەها **فیشمان** (**Fishman**)، پێی وایە کۆمەڵناسیی زمان، سنوورێکی فراوانتری هەیە کاردانەوەی لەگەڵ زماندا زیاتر کۆمەڵناسییە (ناسینی کۆمەڵگەیە)، بەڵام زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، لە ڕاستیدا هەر زمانەوانییەو گرینگی بە کۆمەڵایەتی و کەلتوری زمان دەدات. واتە ناسینی زمانە، لە ڕووی کۆمەڵایەتیی و کەلتورییەوە (یحیی مدرسی، ١٣٩٦: ٣٤).

ـ زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، زانستێکە لە پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵگەوە دەکۆڵێتەوە. واتە دەیەوێ لەو ڕێگایەوە لە بەهاو گرینگی زمان لەناو ژیانی کۆمەڵایەتی تێبگات، بەڵام کاتێك کۆمەڵناسیی زمان دەخوێندرێ و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ، ڕێك ئاڕاستەکە پێچەوانە دەبێتەوە. واتە دەیەوێ لە ڕێی کۆمەڵگەوە لە زمان بگات (سەلام ناوخۆش،٢٠٠٩: ١٠).

---

[1] زمانەوانیی کارەکیی: لقێکی گرنگی زانستیی زمانە، لە بەرامبەر زمانەوانیی تیۆری دەوەستێت. بریتییە لە پراکتیزەکردنی کەرستەکانی زمانەوانیی تیۆری لەناو کۆمەڵدا. بە واتایەکی تر لێکۆڵینەوەی دیاردە زمانییەکانە کە پەیوەندییان بە دیاردەی تایبەتییەوە لە دەرەوەی پەیڕەوەی زمان هەیە. ئەم لقە زمانەوانیە زۆر بابەت و بوار دەگرێتەوە، وەك: (زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، زمانەوانیی دەرونی، فەرهەنگسا زی، وەرگێڕانی ئامێری، ... هتد) (یوسف شەریف، ٢٠١١: ٩).

ـ کۆمەڵناسیی زمان، بە لێکدانەوەی ئەو بنەما کۆمەڵایەتییانەوە خەریکە، کە زمانەکانییان بەم جۆراو جۆرییە گەیاندە. بۆ نموونە لە کۆمەڵناسیی مێژووییدا بەهۆی بەکارهێنانی هەندێك وشەی تایبەت بە سەردەمێك، یان کات و شوێنێکەوە، کۆمەڵە زانیارییەکی گرینگ دەربارەی دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کارو پیشەی ئەو سەردەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە هەندێ زانیاری دەربارەی کەتواری (واقعی) زماناسیی بەدەستهێنراوە. لە کاتێکدا زمانەوانی کۆمەڵایەتی، گرینگی بەو هێڵە گشتییانە دەدات، کە چین و گروپە کۆمەڵایەتییەکان لەیەك جیادەکاتەوە، ئەمەش بە هەڵوێستەکردن لەسەر یاساو دیاردە زمانەوانییەکان پەیوەست بە کۆمەڵەوە دەستەبەر دەبێت، بە جۆرێك هەر یەك لەو گروپ و چینە جیاوازییانە مۆرکی قسەپێکردنییان لە ڕێی زمانەوە ڕەنگدەداتەوە (ئاڵان محەمەد، ٢٠١٥: ١٢).

ـ زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، تایبەتمەندیی زمانەوانەکانە، کە پسپۆری و شارەزاییان لە زمانەوانیی و بەتایبەتی خودی زانستەکەدا هەیە، بەڵام کۆمەڵناسیی زمان، تایبەتمەندی کۆمەڵناسانە، کە پسپۆری و شارەزاییان لە یەکەکانی ئەو زانستەدا هەیە (عەبدوڵلا حوسێن، ٢٠١٦: ٧٨).

ـ ئامانجی سەرەکی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، ئەوەیە هەوڵی دۆزینەوەی ئەوە دەدات، کە چۆن پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بە کۆمەڵگە بەستێتەوە. بەڵام ئامانجی سەرەکی کۆمەڵناسیی زمان ئەوەیە، کە هەوڵی ئەوە دەدات، کە چۆن پێکهاتەی کۆمەڵایەتی باشتر تێبگەین لە ڕێی لێکۆڵینەوەی زمانەوە (Ronald Ward,2006: 13).

بە گشتی دەکرێ بگوترێ، جیاوازیی نێوان (زمانەوانیی کۆمەڵایەتی) و (کۆمەڵناسیی زمان) لە جیاوازیی ڕەگەزەکانیان نییە. بەڵکو جیاوازییەکە لە تەوەری گرینگی پێدانی هەریەکەیان دایە، کە لێکۆلەر گرینگی بە زمان، یان بەکۆمەڵ دەدات ،کە تا چ ڕادەیەك شارەزایی و لێهاتوویی لە شیکردنەوەی پێکهاتەی زمان ،یان کۆمەڵدا هەیە (هد سن، ١٩٨٧: ٢٢).

لەگەڵ ئەو جیاوازییانەی سەرەوەش، نابێ ئەوە لە بیر بکرێ، ئەم دوو زانستە پەیوەندیی بەتیینیان بەیەکەوە هەیەو زۆر خاڵی هاوبەش و لێکچوون لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت، وەك ئەم خاڵانەی خوارەوە:

ـ هەر دووکیان ڕەهەندی بە کۆمەڵایەتیبوون لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام هەریەك بە ڕێگاو ڕێبازی تایبەتی خۆی لەم ڕەهەندە دەڕوانن و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن .

ـ هەر دووکیان زمان بە دیارەیەکی کۆمەڵایەتی و کەلتوری سەیر دەکەن.

ـ هەر دووکیان سود لە لێکۆڵینەوەکانی یەکتر وەردەگرن.

ـ کۆمەڵگە دەبێتە چەقی لێکۆڵینەوەکانیان (سەلام ناوخۆش، ٢٠١٠: ١٠).

## ١ /٣ ) کۆمەڵەی زمانی:

لەلێکۆڵینەوەی زمان پەیوەست بەکۆمەڵەوە، پێویستە ئەو دەوروبەرە زمانییەی تێدابەکاردێ ڕەچاوبکرێت، چونکە بازنەو سنووربەندی بەکارهێنانی زمان دەردەخات. لەبەر ئەوە پێویستە

بەهەندێ هۆکاری سەرەکی ئاشنابین،تاکو بزانرێ لەچ سنوور و چوارچێوەیەکەدا و پەیوەندیی بە چ هۆکارێکەوە لەو بابەتەی کە پەیوەندیی بەکۆمەڵەوە هەیە دەکۆڵدرێتەوە.

کەواتە؛ لێکۆڵینەوە لەپێکهاتەیەك، یان دیاردەیەکی زمانی، سەرەتا دەبێت لەبازنەیەکدا دەستپێبکرێت، بەوەی کە چۆن لە کۆمەڵ دەڕوانرێت؟ چ تایبەتمەندییەك لەخۆدەگرێ؟ هەورەها چۆن سنووری بۆ دیاریدەکرێت(زوبێرعەلی، ٢٠١٢: ١٨).

لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوە لەدیاردەیەکی زمانی وەك (باڵادەستی)، پێویستە ڕوانگە و چوارچێوە و سنووربەندی بۆ دیاریبکرێت، چونکە چەمکی باڵادەستیی زمان وەك چەمکێکی گشتی، ڕەهەندی فراوانی هەیە و دەبێ سنووردرابکرێت. سنوردارکردنی ئەو ڕەهەندە فراوانەش لەڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵێکی زمانی و ئەو دابەشکردنانەی کەتێیدا دەردەکەوێ، لێی دەڕوانرێت، نەك لەڕوانگەی باڵا دەستیی زمانی گشتی،کەلەچوارچێوەی ململانێی زمانەکانەوە دێتە کایەوە. بۆیە لێرەدا باسکردن و ناساندنی کۆمەڵەی زمانی بەکارێکی پێویست دەزانرێت.

کۆمەڵ، لەکۆمەڵە تاکێك پێکدێت، کەخاوەنی زمان و کەلتور و بەرژەوەندی هاوبەشن، کەکارلێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەنێوانیاندا ئامادەدەبێت و دەتوانن لەڕێگای ئامرازێك لەئامرازەکانی پەیوەندییەوە کار لەیەکتری بکەن و بیر وبۆچوونەکانیان ئاڵوگۆڕبکەن و بگۆڕنەوە(سەمیرە، و: خەسرەو میراودەلی، ٢٠١٠: ١٠٩-١١٠).

کەواتە؛ کۆمەڵ وەك دیاردەیەکی چەندلایەنە، کەبەهۆی تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانییەوە، مامەڵەو هەڵسوکەوتی لەگەڵ تاکە پێکهێنەری جیاوازەکانی ئاسان دەکات. لێکەوتەش لەئەرك و بەکارهێنانی زمان لەدەوروبەرێکی وەهادا، دەتوانێ زانیاریی بەنرخ پێشکەشبکات، ڕەنگە ئەمەش خاڵێکی جەوهەری بێت، کەکۆمەڵناسانیی زمان کەلەهەوڵی بەردەوامی لێکۆڵینەوەی پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵدان،تا لەلایەك ڕوونیبکەنەوە کەبۆچی خەڵکی لەدەوروبەری کۆمەڵایەتییە جییاوازیەکاندا بەشێوازی جیاواز قسەدەکەن، لەلایەکی ترەوە بۆچی گۆڕانی هەلومەرج و بارودۆخ و پێگەکان دەتوانێ کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەربەکارهێنانی جۆری زمانی تاکەکانی کۆمەڵە زمانییەکان هەبێت (زوبێر عەلی،٢٠١٢: ١٨).واتە، ئەوەی لێرەدا گرنگە بوونی شێوازی قسەکردنی جیاوازو بەکارهێنان و ڕەنگدانەوەی لەنێو ئاخێوەراندا خۆی لەکۆمەڵێکی زمانیدا دەردەخات.

لێکۆڵەران و زمانناسان بەسوود وەرگرتن لەسەر بنەمای پێوەرەکانی "زمانی هاوبەش"، "هۆکاری پەیوەندی" ،"کۆمەڵەی مرۆیی"، کۆمەڵەی زمانییان ناساندووە، بەڵام لەهەرئاستێکدا جەخت لەسەر پێوەرێك زۆرتر کراوەتەوە.

بۆنموونە، "**بلۆم فیڵد**"(**Bloomfeld**) لەساڵی (١٩٣٣)لەسەر پێوەری (زمامی هاوبەش، پەیوەندی ) پێناسەی کۆمەڵەی زمانی دەکات و دەڵێ: ((کۆمەڵێك لەخەڵکی دەگرێتەوە، کەپەیوەندیان پێکەوە هەیە، بەهۆی ئاخاوتن و قسەکردنەوە کارلێك دەکەن)) (بێستوون ئەبوبەکر،٢٠١٥:١٢١).هەروەها لەسەر پێوەری "هاوبەش" پێی وایە ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە لەبەکارهێنانی سیستەمی هێماکانی ئاخاوتندا هاوبەشت یان

جۆنییەکن (سەرچاوەی پێشوو:٢٩) واتە، بەبڕوای (بلۆم فێڵد) پێوەری" زمانیی هاوبەش و پەیوەندیکردن" مەرجی دروستبوونی کۆمەڵەی زمانین، هەر ئەمەش ئاماژە بەوەدەکات کەلەنێو کۆمەڵەی زمانیدا کۆمەڵەی ئاخاوتنی جیاواز هەیە، ئەو کۆمەڵە ئاخاوتنە جیاوازیبانەش لەسەر بنەمای زمانی هاوبەش و پەیوەندیی کردن لەکارلێکدان و لێکتێدەگەن. بەڵام پێویستە ئەو زمانە هاوبەشە لەکەلتور و بەرژەوەندی هاوبەش ،دەرکەوێت.

**"جۆن لانیز"(J.Ions)**، بەجەختکردن لەسەر "زمانی هاوبەش" پێناسەی کۆمەڵەی زمانی دەکات و دەڵێ: ((کۆمەڵەی زمانی بریتییە لەهەموو ئەو تاکانەی کەیەك زمان، یان زارێکی دیاریکراو بەکاردەهێنن)) (یحی مدریس،١٣٨٧: ١٩). لێرەدا (جۆن لانیز) جەخت لەسەر خاڵێکی گرنگ دەکاتەوە ،ئەویش ئەوەیە کەکۆمەڵەی زمانی یەك زمان دەگرێتەوە، ئەو زمانەش تاکەکان تێیدا هاوبەشن و لەئاخاوتندا بەکاریدەهێنن و لەوانەیە زاری جیاوازی تێدابێت.

بەم شێوەیە؛ کۆمەڵەی زمانی، دوو زمان ناگرێتەوە، چونکە ئەگەر دوو زمان بگرێتەوە هاوبەشی لەئاخاوتندا ڕوونادات و جیاواز دەبن.هەندێك لەزمانناسانیش لەتێڕوانینی" کۆمەڵایەتی و کەلتوری و بەردەوامی پەیوەندیکردن" سەیری کۆمەڵەی زمانییان کردوە. بۆنموونە **"(J.gumperz)"** جەخت لەسەر بنەمای "پەیوەندی بەردەوام و ڕێکخراو" لەکۆمەڵەی زمانیدا دەکات و دەڵێ: ((هەرکۆمەڵێکی مرۆیی کە ئەندامەکانی لەڕێگای کۆمەڵێك لەهێما زمانییەکان، بەشێوەیەکی ڕێکخراو و بەردەوام لەپەیوەندیدابن و لەگەڵ کۆمەڵە لێکچووەکانی تر لەبەکارهێنانی زماندا جیاوازی بنەڕەتیان هەبێت، ئەوا کۆمەڵێکی زمانی پێکدەهێنن)) (زوبێر عەلی ،٢٠١٢: ٢٠).واتە؛ بەبۆچوونی ئەم زمانناسە هەر کۆمەڵێك سیستەمی هێما زمانییەکانییان هاوبەش بوو لەپەیوەندی بەردەوامدابوون و لێکتێگەیشتن لەنێوانیاندا هەبوو، جیاوازیش بوو لەبەرکارهێنانی زمان لەکۆمەڵەیەکی تر، ئەوا کۆمەڵەی زمانی پێکدەهێنن.لێرەدا ئەو زمانناسە خاڵێکی گرنگ ئاماژە پێدەکات، ئەویش ئەوەیە، کەدەبێت کۆمەڵەی زمانی ئەو خەڵکە لەگەڵ کۆمەڵەی زمانی کۆمەڵێکی تر جیاوازبێت ئەوجا کۆمەڵەی زمانی پێکدەهێنێ. بۆ نموونە ئەندام و تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵەی زمانی هاوبەشی کوردی کۆیان دەکاتەوە، کەجیاوازە لەکۆمەڵەی زمانی هاوبەشی عەرەبی،ئینگلیزی، فارسی، ...هتد،بەڵام ئەو زمانە هاوبەشە هەروەك ئاماژەی پێکرا ،هاوبەشی لەکلتور و بەرژەوەندی و تێگەیشتن تێیدا ببینرێت.

ئەگەر سەیری ئەو پێناسانەی سەرەوەبکرێ،دەبینین لەڕوانگە و بۆچوونی جیاواز تێڕوانینی بۆ کراوە. هەندێکیان لەسەر پێوەر و ڕوانگەی زمانی" هاوبەش و پەیوەندی" ناساندویانە، هەندێکی تر بەپێی تێڕوانینی "پێوەری کۆمەڵایەتی و کەلتوری" پێناسەیان کردووە، بەڵام بەگشتی پێناسەکان لەیەك نزیکن و زۆربەیان جەخت لەوەدەکەنەوە کەکۆمەڵەی زمانی کۆمەڵێك خەڵکە زمانێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، بەڵام پێویستە ئەوزمانە هاوبەشە لەکەلتورو داب و نەریت و هێمای زمانی هاوبەش بێ، کەئەمەش کەمتر لەپێناسەکاندا ئاماژەی بۆکراوە.

لێرەدا ئەوەی کەلەکۆمەڵەی زمانیدا بەدەستەوە دێت، ئەوەیە کۆمەڵێك لەتاکەکانن، لەناوچەیەکی جوگرافی لێکدانەبراو دەبینرێ، خاوەنی پەیوەندیی و کەلتور و کۆمەڵایەتی دەروونی و مێژوویین و

یەك زمانی هاوبەش بۆ پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن، تێیدا کۆمەڵێکی زمانی پێکدەهێنن. بەم شێوەیە؛ کۆمەڵەی زمانی بریتییە لەکۆمەڵە خەڵکێك، خاوەنی زمانی هاوبەشن ،ئەو زمانە هاوبەشەش لەکۆمەڵێکی تری زمانی جیای دەکاتەوە و سنووربەندی دەکات لەوەی کە بەکۆمەڵە زمانێکی تر دابنرێت.

ئەوەی گرنگە لەناو کۆمەڵەی زمانیدا هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و تێیدا دەبینرێت، دروستبوونی کۆمەڵە ئاخاوتنەکانن (speech communit)، مەبەستیش لە کۆمەڵە ئاخاوتنەکان بریتین لە کۆمەڵێك خەڵك، لەسەربنەمای زمان و کەلتورو بەرژەوەندی هاوبەش دێنەکایەوە و شێوازی قسەکردنی جیاواز تێیاندا دەردەکەوێ، دەرکەوتنی ئەم شێوازە قسەکردنە جیاوازییانەش بەپێی پیشە جیاوازییەکانەوە دەبێ، بۆ نموونە لە نێو کۆمەڵەی زمانی کوردیدا کۆمەڵە ئاخاوتنەکانی وەك: مامۆستایان، دادوەران، پزیشکی، فیتەری،...هتد دەبینرێن و شێوازی قسەکردنی جیاواز دەهێننەکایەوە، هەریەك لەو کۆمەڵانەش لە شێوەی کۆمەڵەی فەرمی و نا فەرمی، یان هەردووکیان دەردەکەوێ (بێستوون ئەبو بەکر، ٢٠١٥: ١٢٢- ١٣٦). کەواتە ، لەناو کۆمەڵەی زمانیدا کۆمەڵەی ئاخاوتنی دەبینرێ و کۆمەڵەی زمانی وەك چەمکێکی گشتگیر دەردەکەوێ و دەتوانێ زیاتر لە چەند کۆمەڵێکی گوفتاری لە خۆبگرێت (زوبێر عەلی، ٢٠١٢: ٢٠) ئەو کۆمەڵە گوفتارە جیاوازییانەش بەپێی تەمەن و ڕەگەزو پیشەو پێگەی جیاواز دەردەکەون و فرە جۆری زمانی (Language variety)[1]دەهێننە کایەوە، هاوکات پێگەی زمانی جیاوازیش لەنێویاندا ڕەنگدەداتەوە، ئا لێرەدا لە ناو گوفتارە جیاوازییەکانی کۆمەڵەی زمانیدا،بەپێی پێگەو کەلتورو ئاستی کەسەکان، دیاردەی زمانی جیاواز ڕوودەدات، باڵادەستیی زمانیش ،وەك دیاردەیەکی زمانی لەسەر بنەمای پێگەی جیاوازیی کەسەکان لەناو کۆمەڵەی زمانیدا ،لەچوارچێوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا خۆی دەنوێنێ.

## ٤/١) زمان و جیاوازیی چین و پلەو پایەکانی ناو کۆمەڵ:

کۆمەڵگە، یەکێکە لەدیارترین چەمکە بنەڕەتییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، کەلەکۆمەڵێك تاکی جیاواز پێکهاتووە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەکارلێك و پەیوەندیی بەردەوامدان و لەڕووی تەمەن و ڕەگەز و باری ئابووری و دەسەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری جیاوزان. لەچوارچێوەی سنوورێکی جوگرافی دیاریکراودا کۆبوونەتەوە و کۆمەڵێك بەرژەوندیی هاوبەش و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەهێز بەیەکتریانەوە دەبستێتەوە (تاهیر حەسۆ، محمد شوانی،٢٠١٢: ١٣٩ - ١٤٠).

هەرکۆمەڵگەیەکی مرۆیی چین و توێژی جیاوازیی تێدایە و پێکهاتەی بونیادی کۆمەڵگە پێکدەهێنن، هەریەك لەم چین و توێژە جیاوازییانەش لەڕووی ئاستی کۆمەڵایەتییەوە لەیەك ئاستدانین، واتە

---

[1] فرەجۆری زمان، یان جۆراو جۆری زمان، زاراوەیەکە لەبواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا بەکاردێت و ئاماژە بەهەرسیستەمێکی دەربڕینی زمان لە بەکارهێنانیدا دەکات، کە بەبارودۆخی جیاوازی قسەکردنەکەوە گرێدراوە (بێریڤان محەمەد، ٢٠١٠: ٩).

ئاستی کۆمەڵایەتی جیاواز تێیاندا دەبینرێ، ئەم ئاستە کۆمەڵایەتییە جیاوازییانەش بۆ پێگە و بەرز و نزمی پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی نێوانیان دەگەڕێتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە "محمد رەزا باتینی" تێکڕای ئاست و پێکە کۆمەڵایەتییەکانی تاکێك لەبەرامبەر تاکێکی دیکە بۆ سێ ئاستی جیاواز دابەشدەکات:

١- **ئاستی بەرز**: ئەو پێگەیە لەسەر بنەمای ئەو دەسەڵاتەی کە تاك هەیەتی دێتە کایەوە،وەك: پێگەی باوك بەرامبەر منداڵەکانی، مامۆستا بەرامبەر قوتابیەکانی، بەڕێوەبەر بەرامبەر سکرتێرەکەی، برای گەورە بەرامبەر بە برا بچوکی، ...هتد.

٢- **ئاستی بەارمبەر (هاوتا)**: ئەو پێگەیە پەیوەندیی هاوشانی نێوان تاکەکان دەگرێتەوە، واتە هێز و دەسەڵات پێوەر نییە،چونکە لەڕووی پێگەوە ئەوتاکانە هاوشانی یەکترن. وەك: قوتابی بەرامبەر قوتابی، هاورێ بەرامبەر هاورێ، مامۆستا بەرامبەر مامۆستا، دکتۆر بەرامبەر دکتۆر، ...هتد.

٣- **ئاستی نزم**: ئەم پێگەیە لەئەنجامی ئاست نزمی تاك لە بەرامبەر کەسی خاوەن پێگەی بەرز دێتە کایەوە. وەك: فەرمانبەر بەرامبەر بەڕێوەبەرەکەی، قوتابی بەرامبەر مامۆستاکەی، منداڵ بەرامبەر باوکی، شاگرد بەرامبەر وەستاکەی، ...هتد. (گروه نویسندگان و فرجمان، ١٣٨ - ١٤٣).

بەم شێوەیە بوونی پێگەی جیاواز لەنێوان تاکەکاندا بۆ بەرزی و نزمی نێوان تاکەکاندا دەگەڕێتەوە، کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوت و زمان و شێوەی قسەکردنییان دەبێت، کەواتە، پایەی کۆمەڵایەتی بریتییە لەو پێگەیەی کە تاك لەناو هەیەتی و تێیدا ئەرك و ماف و تەنانەت جۆری ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەش دیاریدەکات کە تاکەکان بەیەکترەوە دەبەستێتەوە (ئیحسان محمد، و: دانا مەلا، ٢٠١٢: ١٣٦).

بەڵام ئەم دابەشکردنەی ئاستی پێگەی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان کە ئاماژەی بۆکرا ، بەپێی کەلتور و دەوروبەر و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەکان بەشێوەی جیاواز دەردەکەوێ و گۆڕانی بەسەردادێ.

لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری کۆمەڵگەی کوردی بکرێ،دەبینرێت ئەم ئاست و پێگە کۆمەڵایەتییە جیاوازییانەی تێدا دەبینرێت، بۆنموونە کەسانێك هەن خاوەن دەسەڵات و پێگەن و باڵادەستییان لەبەرامبەر کەسانی بێدەسەڵات هەیە و ڕێز لەوتە و قسەکانیان دەگیرێ. وەك: سەرۆك هۆز، کەسی بەتەمەن، سەرۆکی خێزان،...هتد. بۆ نموونە لەناو پێکهاتە کۆمەڵایەتی خێزانی کوردیدا، پێگەی باوك لەبەرامبەر منداڵەکانیدا بەرزە، ئەمەش بۆ ئەودەسەڵاتە کۆمەڵایەتییە دەگەڕێتەوە کە ئەو باوکە هەیەتی. بوونی ئەو پێگەیەی باوکیش کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردن دەبێ و وادەکا پێگەی زمانی باڵادەست لە بەرامبەر منداڵەکانی دەربکەوێ، ئا لێرەدا پەیوەندیی و کاریگەریی بەهێز لەنێوان زمان و جیاوازیی چینەکانی کۆمەڵ دێتە کایەوە.

جیاوازیی چینەکانی کۆمەڵ کاریگەریان لەسەر زمان دەبێ، لەم بۆیە "ماریۆپای"دەڵێت: ((زمان بەپێی چینی قسەکەرانی دەگۆڕێت)) (حاتم صالح، ١٩٨٩: ٣٨)، واتە هەرچینێك شێوازی قسەکردنی جیاوازیی تێدا دەردەکەوێ و لەگەڵ چینێکی تر جیاواز دەبێ، چونکە جیاوازی چینەکان لەجیاوازیی کۆمەڵایەتیی وئابووری و ڕۆشنبیری و کلتوری دروستدەبێت، هەموو ئەو

پێگانەش کار لەزمان دەکەن و وادەکەن پێگەی زمانیی و شێوازی ئاخاوتنیان جیاواز بێت (بەهار زایر، ٢٠٠٩: ١٢).

کەواتە، یەکێك لەو هۆیانەی وادەکات پێگەی زمانیی جیاوازو شێوەی ئاخاوتنی جیاواز لەنێو ئاخێوەراندا دەربکەوێ بریتییە لەپایەی کۆمەڵایەتی. لەم ڕوانگەیەوە"براون" دەڵێت: ((باری کۆمەڵایەتی گرنگترین هۆکاری گۆڕینی ئاخاوتنە)) (موفق الحمدانی، ١٩٨٢: ٢٢٨). بۆنموونە شێوازی دەربڕینی ئە گوتنانەی خوارەوە دەریدەخەن کە پلەو پایەو پێگەی زمانی هەریەك لەم ئاخێوەرانە جیاوازە، وەك:

١- دانیشە، دانیشە...[١].
٢- بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئێمە پابەندین بە ڕاپۆرتی خۆمان[٢].

ئەگەر سەیری ئەم گوتنانەی سەرەوە بکرێ، شێوازی دەربڕینی هەرگوتنێك ڕەنگدانەوەی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی ئاخێوەرەکان نیشاندەدات. لەگوتنی(١)دا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەپێی هێزی دەربڕینی گوتنەکە دەردەکەوێ، کە قسەکەر پێگەی و دەسەڵاتی لە گوێگر باڵاترە، بۆیە ئەم گوتنە فەرمانییە ڕاستەوخۆیە هەڕەشە ئامێزەی بەکارهێناوە. لە گوتنی (٢)دا شێوازی دەربڕینی گوتنەکە و ئەو نیشانە کۆمەڵایەتیانەی وەك: (جەناب، بەڕێز، سەرۆك) کەتێیدا بەکارهاتووە، بەپێی دەوروبەر گوزارشت لە باڵادەستیی گوێگر و ئاست نزمی قسەکەر دەکات. ئەم شێوازە دەربڕینانە دەریدەخەن، کە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی چینەکانی کۆمەڵگە (سەرەوە، ناوەراست، خوارەوە) کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوت و شێوازی تاك هەیە، تا پلەو پایەی کۆمەڵایەتی نێوان قسەکەر و گوێگریش لە یەکترەوە دوورتربن شێوازەکان جیاوازتر دەبن.

لەلایەکی ترەوە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی شێواز و پلەکانی ئاخاوتن دیاریدەکەن، وەك: (فەرمانکردن، هەڕەشەکردن، پارانەوە، تکاکردن، ئامۆژگاری، داواکردن، توانجگرتن، ...هتد) هەریەك لەمانەش پەیوەندییان بەبەرز و نزمی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە و ڕۆڵی گرنگ لەئاخاوتندا دەبینن (هێمن عەبدولحەمید، ٢٠٠٦: ٤٣).

بۆئەوەی پایەی قسەکەرو گوێگر لە ئاخاوتندا لەبەر چاو بگیرێ لەهەندێ زماندا [٣] هەندێ یاسا و ڕێسا هەن، جگە لەوەی پێگە و پایەی کۆمەڵایەتی دەردەخەن، هاوکات ڕێگزتن لەبەرامبەریش نیشاندەدەن، واتە کاتێك لەڕووی لەو پلەو پایەوە کەسێك لەخۆمان گەورەتربێت، دەبێ ئەو وشەو

---

(١) کۆبونەوەی پەرلەمان، You tube: bamotube HD، ٢٠٠٩: هەولێر.

(٢) کۆبونەوەی پەرلەمان، You tube: bamotube HD، ٢٠١٣، هەولێر.

(٣) بۆنمونە لەزمانی "جاڤانیس" کەیەکێکە لەزمانە سەرەکییەکانی وڵاتی ئیندونیسیا،تاکو نەزانرێ پلەو پایەی بەرامبەرەکەت چۆنە ناکرێ پێی بدوێیت (ئارام عیدالواحید،٢٠١٣: ٢٨٠). هەروەها "ڤندرس" دەڵێت سەربزێوەکان (اشقیاء) زمانێکی بازاری تایبەت بەخۆیان هەیە، دەڵێن تاکۆتایەکانی سەدەی نۆزدە ڕێکخراوێك لای ئێمە هەبوو هی سەر بزێوەکان بوو، ئەوان زمانێکی تایبەتیان هەبوو هەرکەسێکیش ئەندام بوایە لەو ڕێکخراوە بۆی نەبوو زمانێکی تر بەکاربهێنێت حاتم صالح،١٩٨٩: ٣٨). بەڵام ئەو لایەنانە لەکەلتوری کوردیدا بەم جۆرە نییە، ئەوانەی کە خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتین جگەلەوەی پێگەی زمانییان جیاوازە هاوکات بەڕێزەوە قسەیان لەگەڵ دەکرێت.

دەستەواژانە هەڵبژێردرێت کە لەگەڵیدا بگونجێ و ڕێز بنوێنێ ، لەگەڵ ئەو وشانەی بۆ کەسێکی ئاسایی یان پلەو پایەی وەك خۆمان بێت، جیاواز بێت (ئارام عەبدولواحید، ٢٠١٣: ٢٨٠ - ٢٨١). ئەم ڕوانگەیە لەکەلتوری کوردیدا ڕەنگدانەوەی هەیە، ئەوانەی خاوەن پێگەو پایەکی کۆمەڵایەتین ئەو وشەو دەستەواژانەیان بۆبەکاردێ، کە گوزارشت لەپێگەیان دەکەن. هەروەکو لە نموونەی (١ و ٢)ی ئەم وەچەپارە، بە ئاشکرا ئەم ڕەهەندە ئاماژەی بۆکرا.

هەموو ئەو ئاخاوتنەی کەلەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە ئەنجامدەدرێ شوێن و پێگەیەکی هەیە، کەئاخاوتنەکەی تێدا تایبەت کراوە و لەئاخاوتنێکی سەر بەشوێنێکی تر جیای دەکاتەوە، کە کاریگەرییان لەسەر ئاخاوتنەکان دەکەن (بەیان مەلا،٢٠٣: ١١٤)، هەرگۆڕانێکیش لەشوێن پێگەو پلەو پایەی تاك ڕوودات ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر  شێوازی ئاخاوتنەکەی دەبێت.

کەواتە؛ ((گۆڕانی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی تاك گۆڕانکاری لەشێواز و دەربڕینی لێدەکەوێتەوە))،(نایف خرما،١٩٨٧: ٢١٠). بۆنموونە کاتێك فەرمانبەرێك پێگەکەی بەرزدەبێتەوە و دەبێت بە بەڕێوەبەر، ئەوا کاریگەریی لەسەر زمان و شێوازی قسەکردنی دەبێ و پێگەیەکی زمانی جیاوازیی بەبەراورد لەگەڵ کاتی فەرمانبەرییەکەی دەبێت.

## ٥/١) پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان:

مەبەست لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، کارلێکە کە لەنێوان دووکەس یان زیاتر لەپێناو بژێوی و تێرکردنی ئەوتاکانەی،کە ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە یان پێکهێناوە ڕوودەدات، وەك:(پەیوەندیی قوتابی بە مامۆستا، ئەفسەر بەسەرباز، دادوەر بە تاوانبار...و فرۆشیار بە کرێکار). ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەش لە ئەنجامی چەند هۆیەك دروستدەبێ، لەوانە: کۆمەڵایەتی، ئابووری، سەربازی، خێزانی، سیاسی...و پەروەردەیی. ئەم هۆیانەش تاکەکان هاندەدەن بچنە ناو چوارچێوەی ئەم پرۆسەیەو بەمەرج و پێویستییەکانیان ڕازی بن. (ئیحسان محمد، و : دانا مەلا، ٢٠١٢: ١١٣).

زمان وەك بنەمای پێکهاتەی کۆمەڵگە ڕۆڵی سەرەکی لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکان دەبینێ. بۆیە لەم ڕووەوە شێوازی دەربڕینی زمانی جۆراوجۆر و چۆنییەتی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان ئەو تاکانە دەردەخات، ئەمەش بەدوورو نزیکی و پێگەی کۆمەڵایەتی نێوانیان پەیوەستە، لە هەمان کاتیشدا کاریگەریی لەسەر زمان و شێوازی قسەکردنیان دەبێ(عبدوڵلا حوسێن، ٢٠٠٦: ٧١).واتە، کلیلی کردنەوەو گەیاندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە جۆراو جۆرەکان و ڕەنگدانەوەی لەنێو ئاخێوەراندا ،لەڕێی زمانەوە دەبێ.

تاکەکانی کۆمەڵ پەیوەندیی بەهێز بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە.، ئەم پەیوەندیە بەهێزەش کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی لەسەر زمان دەبێ. پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکان بە دوو شێوە بەرچاو دەکەوێ:

**١-پەیوەندیی ستوونی:**

ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەیە، کە لەنێوان کەسی بەدەسەڵات و بێدەسەڵاتدایە، پەیوەندییەکی نائاسایی بەهێزەو هەرکاتێ ئەو دەسەڵاتە لاوازبی، یاخود نەمێنێ ئەوا پەیوەندییەکەش دەگۆڕێت و بەرەو لاوازی و ئاست نزمی دەڕوات و تەنانەت هەندێجار دەگاتە پچڕان. بۆ نموونە، پەیوەندیی وەزیر و جێگرەکەی و پەیوەندیی جێگرەکەی بە بەڕێوەبەرەگشتییەکان و پەیوەندیی ئەمانیش بەبەڕێوەبەرەکانی ترو پەیوەندیی بەڕێوەبەرەکانیش بە سەرۆك بەشەکان و پەیوەندیی ئەمانیش بە فەرمانبەرەکان. واتە پەیوەندییەکە لە ئاستی بەرزەوە بۆ ئاستی نزم دەگرێتەوە.

ئەم جۆرە پەیوەندییە(ستوونی)، ڕەنگدانەوە و کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوت و زمان و شێوازی قسەکردنی تاکەکان دەبێ و تێیدا پێگەی زمانی جیاواز دەهێنێتەکایەوە، چونکە هێزو دەسەڵات لەم جۆرە پەیوەندییەدا پێوەرە، بۆ ئەم مەبەستە پێگەی زمانی نێوان بۆنموونە(وەزیر و جێگرەکەی)جیاوازە، وەزیر پێگە زمانییەکەی جۆرێ لە هێزو باڵادەستیی لە بەرامبەر جێگرەکەی نیشاندەدا، کە ئەویش پێگەی زمانییەکەی جۆرێ لە بێهێزی و ژێردەستیی پێوە دیاردەبێ، چونکە لەڕووی پێگەوە لەئاستی ئەودانییە و پێگەکەی نزمە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەم بەکارهێنانەی خوارەوە بکرێ:

**-ئاخاوتنی ژمارە(١)،پێگەی ئابووری:**

**-وەستا:(ع.ڵ)بەنجەکەم بدێ.**

**-شاگرد: بەڵێ.**

لێرەدا (وەستا) بە پێی ئەم دەسەڵاتە ئابوورییەی هەیەتی فەرمانی بە (شاگرد)ەکەی کردووە،ئەمەش بۆ پەیوەندیی ستوونی نێوانیان دەگەڕێتەوە، کە (وەستا) لە ڕووی ئەم پێگەوە (شاگرد) پلەی بەرزترە.

**١-پەیوەندیی ئاسۆیی:**

ئەو جۆرە پەیوەندییە لە نێوان تاکە ئاساییەکانی کۆمەڵدایە، واتە ئەو کەسانەی لەڕووی پێگەوە هاوشانی یەکترن، بەواتای(قسەکەر و گوێگر) خۆیان لە چینی بێدەسەڵات دەبیننەوە و دەسەڵات ڕۆڵێکی ئەوتۆنابینێ، بەڵکو زیاتر پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و پیادەکردنی یاسا کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی خۆیان دەبینن و لە پەیوەندیی ستوونی پتەوترە، وەك: پەیوەندی نێوان دوو وەزیر، دوو فەرمانبەر، دوو مامۆستا.....و دوو هاوڕێ. کەواتە؛ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە باری ئاساییدا ئاسۆیی و ستوونی و لە باری نائاسایشدا دەبێتە ستوونی(عبدولواحید موشیر، ٢٠٠٩: ٨).بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەم جووتە گوتەی خوارەوە بکرێ:

**-ئاخاوتنی وەرگیراو:**

**-قسەکەر: شوکر بۆ خوا باش دەبی.**

-**گوێگر: هەموو لایەك باش دەبی.**

لەم جووتە گوتنەدا ئەوەی دەبینرێ هیچ هێز و دەسەڵاتێك لە پشتییانەوە دانییە ، ئەمەش بۆ پەیوەندیی هاوشانی نێوانیان دەگەڕێتەوە و وایکردووە دەربڕاوەکان زیاتر جێخۆشکردن و هەواڵپرسین دەربخات.

لە پەیوەندیی ئاسۆییدا، زمان و هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردن لەنێو ئاخێوەرەکاندا بەشێوەیەکی ئاسایی و هاوڕێیەتی وەردەگیرێ، پێگە زمانییە کەشیان جیاوازە لە پێگەی زمانی پەیوەندیی ستوونی، جۆرێ لە هاوشانی تێیدا دەبینرێ، چونکە لێرەدا هێز و دەسەڵات پێوەر نییە زۆر بە کەمی بەکاردێ.

## ٦/١) ئەرکی کۆمەڵایەتیی زمان و کارلێکی تاك تێیدا:

گرنگیدان بە زمان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و چالاکبوونی لە چوارچێوەی پڕۆسەی بە کۆمەڵایەتیبووندا، لوتکەی بەرزی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ دەردەخات. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە مرۆڤ ئەرکی زۆربەی بەڕێوەبردنی چالاکی و پێویستییە جۆراوجۆرەکانی ژیانی لەڕێی زمانەوە بە ئەنجامدەگەیەنێت. واتە لێرەدا زمان ئەرکی یەکجار زۆر لە کۆمەڵگە جێبەجێدەکات[(١)] لەوەی لەوەی تەنها خۆی لە ئەرکی گەیاندن و زانیاریی دەربڕین ببینێتەوە.

کاتێك لێکۆڵینەوەو باس لە زمان لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە دەکرێت، ئەوا تیشك دەخرێتە سەر ئەو لایەن و بابەتانەی کە پەیوەندیدارە بە ئەرکەوە، بە تایبەتی ئەو ئەرکانەی کە زمان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە پڕۆسەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بە مەبەستی جێخۆشکردن و پتەوی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان دەبینێت، لەبەر ئەوەی زمان ئامرازێکی سەرەکییە بۆ جێخۆشکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتیی و بیرەکانمان (شاخەوان جەلال، ٢٠١٣: ٣٨). کەواتە؛ لێرەدا چەمکی (ئەرك) وەك ئەرکی کۆمەڵایەتی خۆ دەنوێنێ، کە مرۆڤ بەهۆی زمانەوە لەناو کۆمەڵدا، بە مەبەستی جێخۆشکردن و پتەوی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان جێبەجێیان دەکات.

ئەو ڕۆڵ و ئەرك و بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییانەی زمان، کە مرۆڤ ڕۆژانە بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی و ئاڵوگۆڕو گواستنەوەو جموجۆڵی جیاوازیی کۆمەڵایەتی، کە لە گشت بۆنەو ڕێو ڕەسمە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بەکاریاندەهێنێت، ئەوا خۆیان لە ئەرکی کۆمەڵایەتی زماندا دەنوێنن. هەر لەسەر ئەو

(١) مەبەست لەو ئەرکانەی زمان، ئەو ئەرکانەن، کە مرۆڤ ڕۆژانە لە ڕێی زمانەوە لەناو کۆمەڵدا ئەنجامیاندەدات. ئەو ئەرکانە هێندە زۆرو ئاڵۆزن، هەروا بە ئاسانی پۆلین ناکرێن، بەڵام بەگشتی زۆربەی زمانەوانەکان ئەو ئەرکانە بۆ حەوت جۆر دابەشدەکەن وەك: (ئەرکی زانیاری و هەوڵ گەیاندن، پرسیارکردن، فەرماندان، جێخۆشکردن، ڕاپەڕاندن، هەست دەربڕین و ورۆژاندن) (محەممەد مەعروف، ٢٠١١، ٣١). هەروەها (د. موفق الحمدانی) چەند ئەرکێکی سەرەکی بۆ زمان دەستنیشان کردووە، وەك: (ئەرکی وەرگرتن و زانیاری، ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان، ئەرکی سۆزداری یان دەروونی، ئەرکی هاوکاری و زاڵبوون بەسەر ژینگەدا، ئەرکی ڕازیکردن یان کارتێکردن لەسەر کەسانی تر، ئەرکی یاسایی زمان) موفق الحمدانی، ١٩٨٢، ٢٢٢ ـ ٢٢٣). هەروەها (براون و یول) ئەرکەکانی زمان لە دوو زاراوەی گشتی دەخاتە ڕوو، یەکەم، ئەرکی (گواستنەوە)، دووەم، ئەرکی (هاوکاری) (Brown & Yule. G ,1983:1). لێرەدا جەخت لەسەر ئەرکی کۆمەڵایەتیی زمان دەکرێتەوە.

بنەمایانە بوو زۆر لە لێکۆڵەران و زمانەوانان، جەختیان لەسەر ئەرکی کۆمەڵایەتیی زمان کردەووە. بۆ نموونە (هاڵیدەی) پێی وایە ئەرکی کۆمەڵایەتیی زمان ((بریتییە لە بەکارهێنانی زمان بۆ ڕاگرتنی پەیوەندیی و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان و تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی دیکەی (لایەنی دووەم)) (هۆشەنگ فاروق، ٢٠٠٨: ١٤٣) . واتە (هاڵیدەی) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمان ڕۆڵی سەرەکی لە پتەوکردن و ڕاگرتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەبینن. هەروەها ڕۆڵی سەرەکی لە بەکۆمەڵایەتییبون و تێکەڵبونی تاك لەگەڵ ژینگەو کەسانی دەوروبەر دەبینن.

هەر لەم ڕوانگەیەوە (سۆسێر) جەخت لەسەر ئەوە دەکات و پێی وایە کە: ((زمان بوونێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بەو واتایەی زمان بەردەوام پەیوەندیی نێوان تاکێك و تاکەکانی دیکەی کۆمەڵ دروستدەکات، بە واتایەکی سادەتر زمان، لەڕووە کۆمەڵایەتییەکەوە، جگە لە ڕێکخستن و پێکهێنانی پەیوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ هیچ ئەرکێکی دیکەی نییە)) (بەهزاد موحسین، ٢٠٠٨: ١١٣). واتە سۆسێر پێی وایە، زمان بەردەوام وەك ئەرکێکی کۆمەڵایەتی خۆی دەنوێنێ، ئەو خۆ نواندنەش بۆ ڕاگرتنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانە لەگەڵ یەکتر، ئەمەش بە مەبەستی جێخۆشکردن و ئاڵوگۆڕی بیروڕاکانیان لەگەڵ یەکتردا. هەروەها زمانەوانیی بەریتانی (فێرس) جەخت لەسەر ئەرکی کۆمەڵایەتیی زمان دەکاتەوە، بەوەی ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەهێزکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان دەبینێ و تێیدا کۆمەڵێ ئەرکی جۆراوجۆری وەك: (پلاندانان و ئامۆژگاریکردن و سڵاوکردن و ستایکردن و گازاندەو ڕازیکردن،... هتد) پێکدەهێنێت (چیمەن نیزامەدین، ٢٠١١: ٢٧). هەموو ئەمانەش ئەرکی کۆمەڵایەتیی زمان نیشاندەدەن و ڕۆڵێکی کاریگەر لە چالاکبوونی پرۆسەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبینن. کەواتە؛ ئەرکی کۆمەڵایەتیی زمان، بریتین لەو ئەرکە کۆمەڵایەتییانەی، کە مرۆڤ ڕۆژانە، بەهۆی زمانەوە، لەناو کۆمەڵدا، بە مەبەستی پتەو کردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکان و ئاڵوگۆڕو گواستنەوەی بیروڕاکان و مانەوەیان لەناو کۆمەڵ لەگەڵ کەسانی دەوروبەر، بە ڕەنگ و بۆن و فۆڕمی جیاوازیی کۆمەڵایەتیی جێبەجێیان دەکات.

بەکارهێنانی زمان وەك ئەرکی کۆمەڵایەتیی ، خۆی لە بەجێهێنانی زۆربەی ئەرکەکانی، هەر لە چاك و چۆنی و پێگەیاندنی هەموو ئەرکە کۆمەڵایەتییەکاتی تری مرۆڤ دەبینێتەوە. هەروەها مامەڵە کردن لەگەڵ خەڵکی ناسیاو و نەناسیاودا، دانیشتن و کۆڕوکۆبونەوە لە ڕێوڕسم و بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و،... هتد، ئەم ئەرکانە ڕەنگدانەویان دەبێت (شاخەوان جەلال،٢٠١٣: ٣٠). ئەمانەش ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمان زۆرن، لەوانە: (چاکوچۆنی، ڕەتکردنەوە، داواکردن، جێخۆشکردن، هەڕەشەکردن، ئامۆژگاری، پێشنیازکردن، نارەزایی، فەرماندان، هەست دەربڕین و هەست وروژاندن، هاندان، سڵاوکردن، قەدەغەکردن، ڕێزلێنان، وازهێنان، هەڵسەنگاندن، ستایشکردن، ڕازیکردن، ... هتد)، هەمو ئەو ئەرکانەش مرۆڤ ڕۆژانە لە کۆمەڵگە بەپێی پێویستی کۆمەڵایەتی خۆی لە ڕێی زمانەوە ئەنجامیان دەدات. بەڵام سنووردارکردنی ئەو ئەرکانەش دەبێت بە پێی بۆنەو چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان قسەکەرو گوێگر (نزیك و دوریان) و کاردانەوەی ئاخاوتنەکەیان و ئامانج و مەبەستی ئاخاوتنەکەیان دەردەکەوێت. پێویستە هەر ئەرکێك بەپێی بۆنەی تایبەتی خۆی بێت (هێمن شەمس، ٢٠٠٦: ٣٠)، ئەگەریش بەپێی پەیوەندییە

کۆمەڵایەتییەکان و بۆنەی تایبەتی خۆیان نەبێت، ئەوا ئاڵۆزی دەکەوێتە نێوان ئەرکەکان و جیاکردنەوەو سنووردارکردنیان لەگەڵ یەکتری ئەستەمە.

لایەنێکی گرنگی ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییانەی زمان ئەوەیە، کە کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی بەسەر هەڵسوکەوتی تاك لە هەیە، ئەم کاریگەرییەش لە دەرخستنی شوناسی تاك و ڕادەو پلەو پایەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەرو ڕوانین بۆ ژیان و، ... هتد، دەردەکەوێت. لە لایەکی ترەوە ئەم ئەرکانە کاریگەریی لەسەر شوناسی کۆمەڵگەو داب و نەریت و بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا هەیە. شوناسی هەریەك لەو لایەنانەش لە ڕێی زمانەوە دەردەکەوێت، کە تێیدا ڕۆڵی سەرەکی لەنێو سەرجەم ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێ. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە، دەبینین زانا (ئۆلبرت) ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمانی بەم ڕاستیانەی خوارەوە پەسەند کردووە:

١ ـ لێرەدا زمان بەهای کۆمەڵایەتی بە زانین و بیرەکانمان دەبەخشێت و ئاراستەی هەست و نەستی تاك لەبەرامبەر خۆی و دەوروبەری دەکات.

٢ ـ زمان ڕۆڵێکی سەرەکی لە پاراستنی خوونەریتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا دەبینێ ، وادەکات لەدوای نەوە بگوازرێنەوەو بمێننەوە.

٣ ـ زمان بە هۆیەکی سەرەکی فێربوونی تاك دادەنرێت، تا ڕێنمایی بکات بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ ڕەفتار و عورف و خۆنەریتە کۆمەڵایەتییە دروستەکان بگونجێنێت.

٤ ـ زمان بە ئامرازێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ دەربڕین و گواستنەوەی بیر بە تاکەکان، لە هەمان کاتدا ئامرازی پارێزگاریکردنی بیرەکانیشمانە لەنێو تاکەکاندا (شاخەوان جەلال، ٢٠١٣: ٤٠ ).

بەم شێوەیە؛ ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان، ئەرکی ڕێکخستنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان و شوناس و ناسنامەی نێوان تاکەکانە. ئەم ڕێکخستن و شوناسەی نێوان تاکەکانیش لە ڕێی زمانەوە ئەنجامدەدرێت. بەمەش لێرەدا بەهای کۆمەڵایەتیی زمان خۆی دەنوێنێ و ڕەنگدانەوەی لەناو سەرجەم کایە کۆمەڵایەتییە جیاوازیەکاندا دەبێت. پێویستە لێرەدا ئاماژە بە ئەرکی تاك لەناو کارلێکی ئەرکە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بکرێ. لەڕاستیدا ئەرکی تاك لەنێو ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زماندا زۆر گرنگ و هەستیارە، بۆیە دەبێ تاك لەم ڕووەوە هەر ئەرکێك بە پێی بۆنەو ڕێو ڕەسمی تایبەتی خۆی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. بۆنموونە ناکرێ لەپرسەدا بەیەکێك بگوترێ:

**ـ پیرۆزتان بێت.**

یان:

لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا بگوترێ:

**ـ بەخۆتان خۆشبن.**

ئەم دەربڕینانە کاریگەریی لەسەر بەرامبەر دەبێت ، لادان و بەزاندنی یاسا کۆمەڵایەتییەکانی لێدەکەوێتەوە. بۆیە بە پێچەوانەوە کاتێك تاکێك لە چوارچێوەی یاسا کۆمەڵایەتییەکان ئەم ئەرکانە جێبەجێدەکات ئەوا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە کەسێکی ناپەسەند لە کۆمەڵگە دادەنرێت.

## ١ /٧ ) شێواز ( style ) :

### ١/ ٧- ١) سەرەتایەك لەبارەی شێوازی زمانی:

مرۆڤ بەپێی ئەو پێگە و بارودۆخەی تیایەتی، لەژیانی ڕۆژانەیدا هەوڵ دەدات بە چەندین شێوازی جیاواز قسە بکات، بۆ ئەوەی بەرژەوەندی خۆی بپارێزێت و هاریکاریی و هاوپەیوەندیی لەنێوان خۆیی و بەرامبەر بە تایبەتی و کۆمەڵگە بەگشتی نەپچڕێنی، ڕەنگدانەوەی بەرز و نزمی ئەم شێوازەش بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان و خۆگونجاندنییەتی لەناو ڕیزەکانی کۆمەڵدا .

شێواز[(١)] لێکۆڵینەوە لەسەر ڕەگە ز پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی وەك:(تەمەن،ڕەگەز،پیشە،پێگە...هتد) دەکات،کە کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە(غرام هاف،١٩٨٧:٢٢)، هەریەك لەو ڕەگەزانەش و شێوازی جیاوازی نووسین و قسەکردن دەهێننە کایەوە.بۆیەلەم ڕوانگەیەوە زۆربەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی پێیان وایە : (( زمان کۆمەڵە شێوازێکی جیایە،هەریەکەیان بۆ دەوروبەرێکی تایبەتی دەستدەدات )) (محەمەد مەعروف،١٩٩٠: ٥)، ئەمەش وادەکات هەر بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی دەستەواژە و شێوازی دەربڕینی تایبەتی بەخۆی هەبێ و لەگەڵ بۆنەیەکی تر جیاواز بێت .

ئەگەرچی لەکۆندا واتا و مەبەستی شێواز زیاتر لەچوارچێوەی دواندن و هونەری ڕەوانبێژیدا بەکاردەهات[(٢)]، بەڵام لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، بەهۆی کاریگەریی ڕێبازی ڕۆمانتیك ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و زمانەوانیی گۆڕانکاری زۆریان بەسەر داهات، بەجۆرێ ئەدەب بەناسناوی هەست و سۆز و کەسێتی ناسرا، زامانەوانییش بەهەوڵی کەسانێکی وەك ( ولیەم جۆنز )، کە لەزمان سانسکریتی کۆڵیوەتەوە و لەبەشی زمانە لاتینییەکان دەرچووە، بەرە بەرە چەمکی دەستووری گشتی زمان هاتە ئاراوە . بەم شێوەیە شێواز لەنێو ڕەخنەی ئەدەبی و زمانەوانیدا بەتایبەت لەکۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم لەسەر دەستی (سۆسێر)و قوتابخانەی(شارڵ بالی )[(٣)]

---

(١) وشەی شێواز لە وشەی( Stylus ) ی لاتینییەوە هاتوە.( ستیلۆس)یش لە زمانی یۆنانیدا بە ئامرازێك، یان تیغێکی مەعدەنی، یان دارێك، یان پارچە کاغەزێ، کە لەکۆندا وەك شێوەی قەڵەم دروستدەکراو لەسەر پارچە مۆمێکی پانکراو نووسین و وێنەیان پێدەکێشا ( محەمەد نوری، ٢٠٠٨: ١٣). لەزمانی عەرەبیشدا (الاسلوب) ی پێدەوترێ کە بە واتاو مەبەستی: (ڕێگا، ڕێڕەو، ڕێباز، ڕێچکە، ....هتد) بەکارهاتووە(محمد بن کرم،١٤١٢،٢٣).

(٢) ئەم وشەیە سەرەتا لە بواری ئەدەب و ڕەوانبێژی و شێوەی نووسین چڕکرابۆوە، کە ڕێگایەکە بۆ نووسین و نووسەر لەپێناو مەبەستە ئەدەبییەکانی بەکاریدەهێنێت. بەڵام دواتر (مێشاڵ باڵی) وەك ڕێبازێکی سەربەخۆ، کە بریتی بوو لە شێواز و شێوازگەری ناوی برد. پاشان بە تێڕوانینی جیاواز لە جیهانی ڕۆژئاوا پەرەی سەند و واتای شێواز و فراوانکراو، تا بوو بە زانستی (شێواز)، کە پێی دەوترێت (Stylistics)، بەڵام لێکۆڵینەوە لە شێوازی، (Stylistician) ی پێدەوترێت (پەخشان عەلی، ٢٠٠٩: ١٣ ـ ١٤).

(٣) (باڵی) یەکەم کەس بوو توانی شێواز لە ئاستی ڕەوانبێژی جیابکاتەوە، بەتایبەت کاتێك گرنگیدانەکانی خۆی سەبارەت بەو شێوازانەی کەلەدەربڕینە زمانییەکاندا بەکاردێت کورتکردەوە. لەسەردەمی تازەشدا بەیەکەم دامەزرێنەری زانستی شێواز یاخود شێوازگەری دادەنرێت، کە زاراوەیەکی نوێیەو لەشێوازی ئاخاوتن یان نووسین دەکۆڵێتەوە ( ئارام عبدالواحید، ٢٠١٣: ٢٢٤). هەر لەم دیدە پێناسەی شێوازی بەوە دەکرد، کە

ئەم ڕەوتە زیاتر گەشەی سەند و وەك زانستێکی سەربەخۆ دەرکەوت ( شەعبان چالی، ٢٠٠٨ : ٣١ ) . دواتر بەشێوەیەکی سەربەخۆ باس لەو ڕەوتە ( شێوازی زمان )، بەتایبەت پەیوەست بەم لێکۆڵینەوەیە دەکرێ.

پەلکێشکردنی شێواز لەنێو بوارە جۆراو جۆرەکانی ژیان و بەتایبەت ڕەنگدانەوەی لەنێوان ئەدەب و زماندا، وایکردووە پێناسەی جیاوازی بۆ بکرێ . بۆنموونە شێواز لە ئەدەبدا: (( بەو بەرگەڕازەوەیە دەوترێت، کە بەبەر بیردا دەکرێت)) (محەمەد مەعروف، ١٩٨٣: ٢٢٣). واتە لێرەدا، شێواز کۆمەڵە بەرگێکی جیاوازە، ئەو بەرگە جیاوازییانەش تایبەتە بەنووسەر و ڕەنگدانەوەی بیری نووسەرەو لەبەرگی نووسەرێکی تر جیادەبێتەوە. بەم شێوەیە لێرەدا شێوازێك سەرهەڵدەدات بەناوی شێوازی ئەدەبی، کە بریتییە لە دەربڕین و گوزارشتکردنی نووسەر بەڕەنگی جیاواز، ئەمەش بەمەبەستی گەیاندنی کاریگەریی لەسەر بەرامبەر، کە لەسەر بنەمای هەست و سۆز، لادان، خەیاڵ، ئەندێشە، جوانناسی، ... هتد، بنیاتنراوە، تێیدا نووسەر بیرو بۆچوونەکانی خۆی بەڕێگایەکی تایبەتی دەردەبڕێت و لە نوسەرێکی تر جیا دەبێتەوە، ئەم جۆرەی شێوازەش لە نموونەی: (پەخشان، شیعر، گوتار، ڕۆمان، چیرۆك،... هتد ) ڕەنگدانەوەی دەبینرێت (پەخشان عەلی، ٢٠٠٩: ١٤ـ١٥).

شێوازلە زمانەوانیدا، گەلێك پێناسەی جیاوازیی بۆکراوە . بۆنموونە بریتییە لە: (( توانای هەڵبژاردن و چۆنییەتی بەکارهێنانی کەرەسەی زمانی دیاریکراوە، بۆ دەربڕینی هەڵوێستێکی دیاریکراو)) (شەعبان چالی، ٢٠٠٨: ٨) . واتە، قسەکەر، یان نووسەر کۆمەڵێ کەرەسەی زمانی جیاواز، لە کۆمەڵە کەرەسەیەکی تری زمانی پێ باشترە، بەتایبەت کاتێك لە بۆنەوە هەڵوێستێکی دیاریکراو دایە. یان هەندێجار شێواز، وەك لادان، یان دەرچوون لە زمانی ئاسایی سەیرکراوە (محەمەد مەعروف، ٢٠١٠: ٨٧). ئەم پێناسەیە دەری دەخات، کە ئەم جۆرەی شێوازەش هەندێجار بنەمای سۆز و هەست کاری تێدەکەن و وادەکا زمانی ئاسایی ببەزێنێت.

بەگشتی شیکاری پێناسەکان ئەوە دەردەخەن، چەند لایەنێکی جیاوازیی وەك: ( هەڵبژاردن، چۆنییەتی بەکارهێنان، لادان، دەربڕینی جیاواز،... هتد) ڕۆڵی کاریگەر لە هاتنەکایەوەی ئەم جۆرە شێوازە دەبینین(شێرکۆ حەمە ئەمین و هێمن عەبدولحمید،٢٠١٠:٢١٩). کەواتە شێوازی زمانی، بریتییە لە توانای هەڵبژاردن و چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان، بە کەرەسەو دەربڕینی جیاواز، لەنێو چەند دەربڕینێکی هاوشان. واتە قسەکەر ئەو کۆمەڵە دەربڕینە جیاوازەی پێ لەکۆمەڵە دەربڕینێکی تر باشترە، ئەمەش بە پێیی کاریگەریی لەسەر کەسێتی بەرامبەر.

شێواز کاتێك دەچێتە دەوروبەر وەك چالاکییەکی کۆمەڵایەتیی ڕەنگدەداتەوە، بە تایبەت کاتێك لە نێو پرۆسەی ئاخاوتندا خۆی دەبینێتەوە، ئا لێرەدا شێوازی ئاخاوتن وەك ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی خۆی دەردەخات. مەبەستیش لەئاخاوتن، پرۆسەیەکە لە نێوان دوو کەس یان زیاتر

---

لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ڕەگەزانە دەکات، کە کاریگەریی لەسەر زمان دەکەن (غرام هاف، ١٩٨٧: ٢٢). بەم شێوەیە شێوازگەری بووە بەشێك لە لێکۆڵینەوەی کە مۆرکێکی زانستی زمانەوانییان پێ ببەخشرێ.

دەردەکەوێت(عەبدولواحید موشیر،١٩٩٥: ٢٠). یاخود کردەیەکی کۆمەڵایەتییە و هۆکارێکی گونجاوە بۆ دەرخستن و پیشاندانی کەسێتی قسەکەر لە ناو کۆمەڵدا. واتە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە شێوازی ئاخاوتن دەکرێ ببێتە پێوەرێك بە هەڵسەنگاندنی هەڵسوکەتی تاك لە کۆمەڵگەدا. پێکهاتەی هەر ئاخاوتنێکیش بە سێ قۆناغ تێ دەپەڕێ:

١-**سەرەتای ئاخاوتن**: دەستپێکی ئاخاوتنەکە دەگرێتەوەوچوونە ناو بابەتی ئاخاوتنەکە پێکدێنێت،وەك:

**-ئاخاوتنی ژمارە(١) پێگەی ڕۆشەنبیریی و زانستی،(مامۆستا و قوتابی):**

**-قسەکەر: سەلامو عەلیکوم.**

**-گوێگر: وە عەلیکە سەلام.**

٢-**ناوەڕاستی ئاخاوتن**: ناوەڕۆك و مەبەستی ئاخاوتنەکە دەگرێتەوە،وەك:

**-پێگەی کۆمەڵایەتی ئاخاوتنی ژمارە(١) ،تەمەن:**

**قسەکەر: چ ئیشت هەیە هاوینێکی دوور و درێژ ڕەتبوو.**

**گوێگر: وەڵلا مەجال کەمبوو خارە.**

٣ - **کۆتایی ئاخاوتن**: واتە چۆن و بەچ شێوازێك ئاخاوتنەکە کۆتایی پێ دەهێنی، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەژداربووانی ئاخاوتنەکە لە قۆناغی دووەم ئەم ڕوانگەیە دەردەخات، وەك:

**- ئاخاوتنی ژمارە(١)،پێگەی کۆمەڵایەتی، تەمەن:**

**-قسەکەر(کەسی بەتەمەن): خواحافیز.**

**-گوێگر(کەسی گەنج): سەرچاوم.**

ئاخاوتن گرنگترین جۆری بەکارهێنانی زمانە کە تێیدا ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکان دەبینی و چەندین لایەنی پڕاگماتیکی وەك:(کردە قسەییەکان،نیشانکارەکان، دەرکەوتەی ئاخاوتن،گریمانەی پێشەکی،دەوروبەر،پێکهاتەی ئاخاوتن )تێیدا دەبینرێت. واتە لێرەدا ئاخاوتن وەك لایەنێکی سادە و ڕووت دەرناکەوێ،بەڵکو دەچێتە دەوروبەر و چەندین گوتنی جیاواز لە خۆ دەگرێت . لێرەدا شیکردنەوەی ئاخاوتن وردتر دەردەکەوێت ، کە بە دوو ڕێگای سەرەکی ئەم شیکردنەوەیە دەنوێنێت:

**ڕێگای یەکەم** : بریتییە لە کردە قسەییەکان،کە ڕێگایەکە قسەکردن بە ئەنجامدانی کارێك دادەنێت، کە لەلایەن زانای بەریتانی (ئۆستن) هاتە کایەوە.پێی وایە زمان کردەیە،کە ئەمەش بە شێوەی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ دەردەبڕێت وەك، ئەم نموونەی خوارەوە:

**-ئاخاوتنی ژمارە(٥) پێگەی سەربازی(ئەفسەر و تاوانبار):**

**-ئەفسەربۆ تاوانبار : خەڵکی کێندەری؟**

لێرەدا ئەم گوتنە ئەگەر چی بە شێوەی پرسیار دەربڕاوە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە داواکردنی زانیارییە لە تاوانبار.

**ڕێگای دووەم :** ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی بنەماکانی (جووتە گوتن و نۆبە کردن)،چونکە لە ئاخاوتندا ئەم بنەمایانە بە پێی بەشداربووان دەردەکەون. مەبەست لە جووتە گوتن بریتییە لە دوو گوتن، کە هەریەکە لەلایەن قسەکەرێکی جیاوازەوە دەگوترێ، کە چەند کردەیەکی جیاوازی لە پشتە ،وەك:(ڕەتکردنەوە،فەرماندان،هەڕەشەکردن،...هتد).هەرچی نۆبە گرتنیشە بریتییە لە سوڕانەوەی قسە لە نێوان بەشداربووانی ئاخاوتن (عەبدولواحید موشیر،١٩٩٥: ٢٢).واتە قسەکەری یەکەم قسەدەکات و ئەوانیش گوێی لێ ڕادەگرن.وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

١- نموونەی جوتە گوتن:

**-ئاخاوتنی ژمارە(١)،پێگەی یاسایی:**

**-دادوەر: کێت لەگەڵ بوو؟(پرسیار).**

**-تاوانبار: بە تەنیا بووم(وەڵام).**

٢- نموونەی نۆبە گرتن

**-ئاخاوتنی وەرگیراوی(٢):**

**-قسەکەر: چۆنی؟ باشی؟**

**-گوێگر: خۆشبی یاخوە.**

کەواتە، ئاخاوتن ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتیەیە لە نێو ئاخێوەراندا ، بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ دەردەکەوێت و کاریگەریی لەسەر بەرامبەر دەبێت.

لەناو هەر کۆمەڵگەیەکدا بەپێی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی کە لەنێوان تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا هەیە، شێوازی قسەکردنی جیاواز دەبینرێت و دەبیسترێت. مەبەستیش لە چەمکی شێوازی قسەکردن، بریتین لە کۆمەڵێك شێوازی جیای دەربڕین، کە خەڵك لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لەبۆنە گشتی و تایبەتییەکان و فەرمی و نافەرمییەکاندا بەکاریدەهێنن، کە کۆمەڵە تەکنیکێکی جۆراو جۆر پێکدەهێنن، ئەمەش بە پێی باری گوتن و هەڵوێستی قسەکەر و پلەو پایەو تەمەن و ڕەگەز،پیشە،پێگە، ... هتد، جیاوازەو دەگۆڕێت (بەیان مەلا، ٢٠١٣: ٩٦).کەواتە؛ لێرەدا دەردەکەوێت، چەمکی شێواز خۆی لە چەمکێکی گۆڕدراو دەبینێتەوە و دەبێتە هەڵبژاردنی کەرەسەی زمانی جیاجیا بە پێی هەڵوێستێکی دیاریکراو، ئەو هەڵوێستە دیاریکراوەش بە پێی ئەو ڕۆنانە کۆمەڵایەتییانە دەبێت، کە شێوازەکەی تێدا ڕەنگدەداتەوە.

تاك ڕۆژانه به پێی ژینگه کۆمەڵایەتیەکەیی و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی، کە خۆی تیا دەبینێتەوە ،بەشێوەی جیاواز قسەدەکات. بۆ نموونە مرۆڤ لەماڵەوە لەگەڵ ئەندامانی ماڵەوەیە بە شێوازێك قسە دەکات جیاوازە لەگەڵ هاوڕێیەکانی، یاخود کاتێك لە زانکۆ، بۆنە گشتی و تایبەتییەکان قسەدەکات جیاوازە کاتێك لە بازاڕ قسەدەکات.

لەم ڕوانگەیەوە، (جیراو) زارە کۆمەڵایەتییەکانی بەسەر سێ ئاستدا دابەشکردووە:

١ ـ **ئاستی نزم:** شێوازی ئاخاوتن، لەماڵەوەو بازاڕو چاپەخانەکاندا.

٢ ـ **ئاستی ناوەند:** شێوازی ئاخاوتن، لە کارکردن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

٣ـ **ئاستی بەرز:** شێوازی ئاخاوتن، لە وتارە ڕەسمییەکان و بۆنە گشتی و تایبەتییەکاندا (صلاح فاضل، ١٩٩٢، ٢١).

هەریەك لەم ئاستە جیاوازییانەش وادەکەن شێوازی قسەکردنی جیاواز بهێنە کایەوە . لەلایەکی ترەوە شێواز بەپێی پێگە و ڕەگەز و تەمەن و باری دەروونی و بۆنەی ئاخاوتن و بەرز و نزمی کۆمەڵایەتییەوە بێتە کایەوە، ئەمە جگە لەوەی ئەوانە ڕۆڵی گرنگ لەدروستبوونی شێوازی قسەکردن دەبینن. بۆنموونە شێوازی قسەکردنی وەزیرێك لەگەڵ جێگرەکەی جیاوازە، ئەمەش بەهۆی پێگەی بەرزی وەزیرەکەوەیە بەم شێوەیە ،هەر گۆڕانێك لەپێگە و دەسەڵاتی تاك ڕوودات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر شێوازی قسەکردنی تاك دەبێت .

شێواز پەیوەندیی بەکۆمەڵەوە هەیە، چونکە کۆمەڵ بڕیار لەسەر پەسندکردن و ڕەتکردنەوەی دەدا. ئەگەریش شێوازێك لەلایەن کۆمەڵەوە پەسەند نەکرێ، یان قبوڵ نەکرێ، ئەوا ئەو کەسە لەوانەیە لە کۆمەڵگەدا، گاڵتەی پێبکرێ، یان توڕەبوونی بەرامبەری لێبکەوێتەوە (نایف خرما، ١٩٨٧: ٢٣٤). بۆیە لەم ڕووەوە هەندێ جارهەندێ دەربڕین دەبیسترێ و دەوترێ، وەك ئەمانەی خوارەوە:

**(١) نازانێ قسە بکات.**

**(٢) قسەی بێسەرو بەردەکات.**

**(٣) قسەی عەلەق و مەلەق دەکات.**

ئەمەش مانای ئەوەیە، ئەو کەسە لە هەلومەرجەکانی یاسا کۆمەڵایەتییەکانی و پێوەرەکانی قسەکردن لایداوە.

بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر کەسێك شێوازی قسەکردنی جوان و پەسەند بێت و بە پێی بنەماو یاسا کۆمەڵایەتییەکان بێت، ئەوا لەناو کۆمەڵدا بە کەسێکی ڕێزدار دادەنرێت. بۆیە لێرەدا ئەو کەسە هەندێ دەربڕینی جیاوازی بۆ بەکاردەهێنرێت، لەوانە:

**(١) بەڕێزەوە قسەدەکات.**

**(٢) قسەکانی لە جێی خۆی دەکات.**

**(٣) قسەکانی دەڵێی شەکرە.**

بنەمای سەرەکی شێواز و ئەو ڕێگایانەی بەهۆی شێوازەوە دەردەبڕێن، بەهۆی زمانەوەیە (بیالرتوما، ٢٠١١: ٤٠٧)، ئەو زمانەش کردەکانی ئاخاوتنی پێ ئەنجامدەدرێت و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری قسەکەر لەناو کۆمەڵدا دەردەخات (سەلام ناوخۆش، ٢٠٠٤: ٦١).کەواتە؛ شێوازی قسەکردن ئاست و پێگەی تاك لەکۆمەڵگەدا بۆدەردەخات، هەرگۆڕانێکیش لەئاست و پێگەی تاك ڕوودات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوت و زمانی دەبێت.

## ١/ ٧ ـ ٢) جۆرەکانی شێواز:

جۆری شێواز، یەکێکە لەو هۆیە سەرەکییانەی، کاریگەریی لەسەر چالاکبوون و ڕەتکردنەوەو پەسەندکردنی شێوازەکانمان دەبێت، جگە لەمەش کاریگەریی لەسەر باری دەروونی بەرامبەر دەبێت. بۆیە پێویستە تاك بزانێت بە چ جۆرێکی شێواز قسە دەکات، بە تایبەت کاتێك خۆی لە پەیوەندیی و هەلوێستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا دەبینێتەوە.

لەم بارەیەوە زمانناسان بەشێوەی جۆراو جۆر، هەریك لە ڕوانگەو بۆچوونی خۆیی و هەڵوێست وجۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وزمانە جیاوازەکان،جۆرەکانی شێوازیان دیاریکردووە [١]، بەڵام لێرەدا بەگشتی جۆرەکانی شێواز دابەشی سەر دوو جۆری سەرەکی دەکرێ، ئەوانیش شێوازی (فەرمی و نافەرمی)یە، چونکە لەلایەك هەریەك لەم شێوازانە زۆربەی ئاخێوەران تێیدا بەشدارن، لەلایەکی تر دەکرێت لەنێوانیاندا شێوازی تریان لێ بەدیبکرێت(ئارام عەبدولواحید،٢٠١٣:٢٢٦).

## ٧/١ – ٢- ١) شێوازی نافەرمی:

ئەم جۆرە شێوازە هەموو ئەندامانی کۆمەڵ کەم تا زۆر تێیدا بەشدارن، بەگشتی لەگەڵ کەسانی نزیك و هاوڕێ و هاو تەمەن و هاو پلە و خزم و کەس و کار بەکاردێت، کەشێوازێکی ئاسایی و دۆستانە لەنێوانیاندا بەدیدەکرێت و پەیوەندیی ئاسۆیی و کۆمەڵایەتیی بەهێز کۆیان دەکاتەوە، بەپچڕانی ئەو پەیوەندییەش وا دەکا زیاتر شێوازەکە گەشەی بەخۆیەوە ببینێت (سەرچاوەی پێشوو:٢٢٧). لەم جۆرە شێوازەدا قسەکەرو گوێگر، تا ڕادەیەك لە دەربڕین و ئاخاوتنەکەیان ئازادن، تەنانەت ئەو وشەو زاراوەو دەستەواژانەش، کە بەکاریدەهێنن زۆر سادەو ساکارن و لە زمانی ستاندارد(فەرمی) دوورن، بەکارهێنانی ئەم سادەو ساکارییەش وایکردووە ئەم شێوازە بەزمانی خەڵکی ئاسایی و سادە لەنێو ئاخێوەران بناسرێت. بەڵام مەرج نییە کەسەکانی لە چینێکی نزمی کۆمەڵایەتی بن، بەڵکو ئەو جۆرە ئاخاوتنانە

---

[١] بۆنمونە (مارتن جۆس Martin Joos) بۆ زمانی ئینگلیزی پێنج جۆری شێوازی دیاریکردووە، وەك: (فەرمی، نافەرمی، ڕاوێژکاری، وشك، دۆستانە) (نایف خرما، ١٩٨٧: ٢٣٢ ـ ٢٣٣). هەروەها (هاج) پێی وایە، بەگشتی دوو شێوازی فەرمی و نافەرمی بوونیان هەیە، کە دەتوانرێت بۆ هەریەك لەمانە و شێوازی جیاجیایان بۆ دابنرێ، بەم پێیە بۆ زمانی فارس چوار جۆری دەستنیشان کردووە: (ڕۆژانە، بە وریاییەوە، فەرمی، ئاسایی، فەرمی ڕێزدارانە) (یحیی مدرسی، ١٣٧٨: ١٨٧ ـ ١٨٨). هەروەها (جولیاس فالك)یش شێوازی قسەکردن بۆ سێ جۆر دابەشکردووە، وەك: شێوازی بڵاو یان باو، شێوازی فەرمی، شێوازی تایبەتی ناو خەڵك یان قسەی بازاڕ (جولیاس فالك، ١٣٨٣: ٨٠).

لەناو چینی ڕۆشنبیرانیش بەکاردێت و بەزمانێکی سادەو دور لە لێلی و ستاندارد قسە دەکەن. لەگەڵ ئەوەی ئاخاوتن لەم جۆرە شێوازەدا نافەرمین، بەڵام وەنەبێ ڕێزگرتن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا ڕەچاو نەکرێت (بەیان مەلا، ٢٠١٣: ٨٩).

لەم شێوازەدا گفتوگۆی زۆر ئەنجامدەدرێت، تەنانەت هەندێجار لە گفتوگۆیەکان قسە پێبڕین لەنێوانیاندا ڕودەدات، بەواتای ئەوەی پێش ئەوەی ئاخێوەر قسەکەی تەواو بکات گوێگر قسەکەی پێدەبڕێت و قسەی خۆی دەکات. هەروەها دووبارەکردنەوەی قسەی زۆرو بڕیاری خێراو دەربڕینی ناتەواو و وەڵامی تەنها یەك وشەیی وەك: (نا، بەڵێ، ئا، ... هتد) ، جگە لەمەش هێماو دەربڕینی نازمانی جیاواز بەکاردێت (هێمن شەمس،٢٠٠٦: ٢٦ ـ ٢٧). بەم شێوەیە لەم جۆرەی شێوازەدا دەردەکەوێت، هەندێجار بنەماو پێوەرەکانی ئاخاوتنی تێدا پەیڕەو دەکرێت ، هەندێجاریش لادان لە بنەماو پێوەرەکانی ئاخاوتن تیایدا ڕوودەدات. بەڵام ئەمەش لەوانەیە بە پێی پەیوەندیی و ئاستی کۆمەڵایەتی ئاخێوەران جیاواز بێت و لە گۆڕان دابێت.

## ٧/١- ٢- ٢) شێوازی فەرمی:

ئەم جۆرە شێوازە لەنێوان ئەو کەسانە بەکاردەهێنرێت، کەپەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دوورو ناسیاوییەکی زۆریان لەگەڵ یەکتردا نییە (یوئێل یوسف و هیتر، و: غازی فاتیح، ١٩٨٤: ١٠٠). واتە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوانیان پەیوەندییەکی ستونییە و لەیەکترییەوە دوورە. لەم جۆرە شێوازەدا، ئاستی نێوان قسەکەرو گوێگر، لەڕووی دەسەڵات و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری، ... هتد جیاوازە، ئەمەش وادەکا دووری نێوان قسەکەرو گوێگر بە ئاشکرا بەدیار بکەوێت و جۆرێ لە پەیوەندیی ستونی لەنێوانیاندا ڕەنگدەداتەوە، بەمەش ئاخاوتنەکان تاڕادەیەك شێوەیەکی بەستوو "جامد" وەرگرن و قسەکەر ناتوانێ لە چوارچێوەی ئەو دەربڕینانە دەرچێ، کە تایبەتمەندی شێوەی فەرمیان وەرگرتووە. هەروەها ئەو ستراتیجییەی، کە لەم شێوازەی ئاخاوتنە بەکاردێت زۆر تایبەتمەندن و جیاوازە، بە جۆرێك شێوازێك لە ڕەفتار جوانی و ڕێزگرتن لە دەربڕینەکانیاندا بەدیدەکرێت (بەیان مەلا، ٢٠١٣: ٨٨). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەو شێوازە ڕێزگرتنی زۆری تێدایەو بەڕادەیەك دەتوانرێ بگوترێ: ((شێوەی زمانی فەرمی بۆ نیشاندانی ڕێزگرتنی زمانی گونجاوترین شێوەیە)) (ئارام عەبدولواحید،٢٠١٣:٢٢٧)، ئەمەش کاریگەریی لەسەر ستراتیجییەتی ئاخاوتنەکەو بەرامبەر دەبێت.

ئەم شێوازە، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەت لەنێوان ئەو کەسانەی کە لەڕووی ئاست و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی جیاوازن. وەك: ئاخاوتنی نێوان بەڕێوەبەرێك و فەرمانبەرێك، یان مامۆستایەك و قوتابییەك، یان لەنێوان گەورەو خزمەتکارێك، ... هتد (بەیان مەلا، ٢٠١٣: ٨٨).بۆ نموونە ئەگەر تەمەشای ئەم نموونەی خوارەوە بکرێ:

**-ئاخاوتنی ژمارە(١)، پێگەی کارگێڕی:**

**-بەڕێوەبەر: پێویست ناکات هەموو ڕۆژێ یەك بێ بڵێ ئیجازەم بدێ.**

**-مامۆستا: ئێ چبکەم مامۆستا.**

لێرەدا جیاوازی پێگەی نێوان (بەڕێوەبەر و مامۆستا) وایکردووە ئاخاوتنەکە ئەم ئاڕاستەیە وەرگرێ و لە لایەن بەڕێوەبەر داوای مۆڵەتی مامۆستا ڕەتبکرێتەوە.

لەم جۆرە شێوازەدا، بە پێی دەسەڵات و پلەو پایە کۆمەڵایەتییەکە، شێوازی ئاخاوتنی دەربڕینەکان جۆرێك لە زمانی بەهێز تێیدا بەدی دەکرێت. کەواتە؛ لێرەدا دابەشکردنی شێواز بۆ ئێمە جیاوازە، چونکە بەپێی هێزو دەسەڵات شێواز بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکرێ، ئەوانیش شێوازی (هێزو بێهێزە). بەڵام لەوانەش پرسیارێك بکرێت، کە ئایا شێوازی (ئاسایی)ش هێزی تێدا ناکەوێت؟ بەڵێ تاڕادەیەك بە پێی دەوروبەر، تەمەن، ڕەگەز، دوورونزیکی، ... هتد، کە پەیوەندییەکی ئاسۆییە، زمانی هێزی تێدا بەکار دەهێنرێ. بەم شێوەیە؛ ئەم شێوازە دابەشی سەر ئەم دوو جۆرەی خوارەوە دەبێت:

١ ـ **بەهێز:** ئەم جۆرە شێوازە، زیاتر لەشێوازی ئاخاوتنی ئەو کەسانە بەکاردێت، کە دەسەڵات و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی بەرزیان هەیە. وەك: (سەرۆك، سەرمایەدار،... هتد).

٢ ـ **بێهێز:** ئەم جۆرە شێوازە، زیاتر زمانی کەسی بێدەسەڵات و هەژارو لێقەوماو،... هتد دەگرێتەوە. واتە بەگشتی لەڕووی پلەو پایەی کۆمەڵایەتییەوە ئاستیان نزمە(عبدولواحید موشیر، ٢٠٠٩: ٨ ـ ١٠).

بەگشتی ئەو جۆرانەی شێواز، کە لەم وەچە پارەدا باسکرا، ڕۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاڕستەکردنی بەرامبەر هەیە. لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا بە پێی هەر کەلتورێك ئەم جۆرە شێوازانە ڕەنگدانەوەیان هەیەو دەکرێت لە کەلتورێك بۆ کەلتورێك، یان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاواز بێت و گۆڕانی بەسەر دابێت. هەروەها ئەم جۆرانەی شێواز، ناسنامەی کۆمەڵێك، یان تاك لە کۆمەڵگە دەردەخات، هەروەك (لابۆڤ) ئاماژەی بەوە کردووە، کە دەڵێت: ((دەکرێت بەکارهێنانی شێوازەکان وەکو ئامرازێك بۆ ناسینەوەی گروپێکی دیاریکراو بەکاربێت))(ئارام عەبدولواحید،٢٠١٣: ٢٠٦). واتە لە ڕێگەی چۆنییەتی دەربڕینی شێوازەکان، دەتوانرێ ناسنامەو پلەو پایەی کۆمەڵایەتیی ئاخێوەر دەربخات، چونکە هەروەك پێشتر ئاماژە پێکرا، زمان و چۆنییەتی دەربڕینی کەرەسە زمانییەکان، وادەکەن ناسنامەی تاك لە کۆمەڵگە دەربخەن.

## ٨/١) زمان و کەلتور

### ١-١١/١) چەمکی کەلتور:

چەمکی کەلتور[١] وشەیەکی ئاڵۆزە، ناتوانرێ پێناسەیەکی گشتگیر، یان تایبەتی بۆئەم چەمکە بکرێ، چونکە کەلتور دیاردەیەکی ئاڵۆزە، ئەم ئاڵۆزییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کەلتور لە زۆربەی بوارە

(١) مێژووی چەمکی کەلتور بەم شێوەیەی کە لە ئێستاد کاری پێدەکرێت، مانایەکی تازەیەو بۆ چوونی جۆراوجۆر سەبارەت بە ناوەڕۆکی وشەکە سەریهەڵداوە، بەگشتی ڕەگ و ڕیشەی ئەم زاراوەیە لە وشەی لاتینی (Culture) وەرگیراوە، کە لەزمانی کلاسیك و پێش زمانی کلاسیکی لاتینیدا، بەمانای (کارو کشتوکاڵ و پەروەردە) بە کارهاتووە، لە شێوەی تازەشدا بەمانای (بەرهەم هێنانی هەنگ و سەدەف و مەرواری و باسیل) بەکار دەبرێت(داریوش ئاشوری، و: ئیبراهیم حەسەن، ٢٠١٣: ٣١).

هاوبەشەکانی ژیان، وەك: (بیری هاوبەش، مێژویی هاوبەش، زمانی هاوبەش، ... هتد)، لە ناو کۆمەڵێکی دیاریکراودا ڕەنگدانەوەی هەیە، لەلایەکی ترەوە کەلتور سەردەکێشێ بۆ کەلتورێکی جیاواز لە کەلتورە ڕەسەنایەتییەکەی خۆی، بۆیە لێرەدا لە ڕوانگەی ئەو بەرفراوانی و ئاڵۆزییەی، کە بۆ ئەم چەمکە هەیە، لە نێو زاناو لێکۆڵەران بەگشتی، ڕوانگەو پێناسەو بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، لە خوارەوە هەندێ لەو ڕوانگەو پێناسە جیاوازییانەی، کە بۆ ئەم چەمکە کراوە دەخرێتەڕوو.

سەرەتا بە پێناسەی "**تایلۆر**"(١٨٣٢ ـ ١٩١٧) دەستپێدەکرێ، کە لەساڵی(١٩٧١)دا بۆ کەلتوری کردووە.ئەم زانا بەریتانییە ـ مرۆڤناسە، پێی وایە کەلتور بریتییە: ((لە گەشتێکی ئاڵۆز لە زانست و زانیاری و هونەرو هزرو یاساو داب و نەریت ،هەموو ئەو توانایانەی مرۆڤ وەك ئەندامێکی کۆمەڵگە فێری دەبێت و وەریاندەگرێت، هەروەها هەندێ ڕەگەزی بۆ کەلتور دیاریکردووە لەوانە: (پیشە، زمان، تابۆ، جل و بەرگ) (پەیمان حەسەن، ٢٠١٠: ١٦). واتە لەم ڕوانگەیەوە چەمکی کەلتور لە کۆمەڵە ڕەگەزێکی کۆمەڵایەتی و گشتگیری ئاڵۆز وەك: (داب و نەریت، هونەر، تابۆ، هزر، زانیاری، کەلتوری،...هتد) پێکهاتووە، کە تاك لە کۆمەڵگە وەریدەگرێت و فێریان دەبێت.

"**مالینۆفسکی**"، بەم شێوەیە پێناسەی کەلتور دەکات و دەڵێت: ((بریتییە لە کۆیەکی یەکگرتوو، کە کەرستەو شتومەکی بەکارهێنان، تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی گروپە جۆراجۆرەکانی کۆمەڵگە، پیشە، داب و نەریتی مرۆڤەکان لە خۆ دەگرێ (داریوش ئاشوری، و: ئیبراهیم حەسەن، ٢٠١٣:)، لێرەشدا چەمکی کەلتور، وەك پێکهاتەیەکی گشتی و یەکگرتوو، تایبەت بۆ کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو سەیر کراوە، کە لە کۆمەڵگەیەکی تر جیای دەکاتەوە، هەر لەم ڕوانگەیەوە کەلتور دەبێتە دوو بەش، بەشێکیان بەرجەستەن وەك: (جل و بەرگ، خانو، کەرستەی بەکارهاتو،... هتد). بەشەکەی تریشیان نا بەرجەستەن وەك: (داب و نەریت و بیروباوەڕ)، هەریەك لەم بەشانەش لە ڕەنگدانەوەیان هەیەو لە نێو تاکەکانیدا گوزارشتیان لێدەکرێت.

"**ئیدوارد سابیر**"، وشەی کەلتور، وەك واتایەکی گشتی بەکاردێنێ، کە ئاماژەن بە کۆمەڵێك وێنەو نواندن و چەمك و تەکنیکی جیاواز، کە تاکە کەس بەرامبەر بەجیهان و دەوروبەری خۆی دەیان نوێنێ. هەروەها زمان بە بەشێکی گرینگی ئەو پێکهاتە کۆمەڵاتییە گشتییەی کەلتور دەزانێ ، کە ڕۆڵێکی سەرەکی لەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە دەبینێ، تاك لە ڕێگای ئەم ئامرازەوە(زمان) دەتوانێ گوزارشت لە توخم و ڕەگەزەکانی بکات و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بیان گوێزێتەوە(میشال زکریا، ١٩٨٣: ٢٢٠).

ئەگەر خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ پێناسەکان بکرێ، دەبینرێ ئەم چەمکە(کەلتور) لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵناسیی و مرۆڤناسیی و زمانەوانیی، چەندین زانیاریی هاوبەش لە خۆ دەگرێ، کە گرنگکترینیان بریتین لە مانەی خوارەوە:

١ ـ کەلتور پێکهاتەیەکی گشتگیری ئاڵۆزی کۆمەڵایەتییە.

٢ ـ کەلتور هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگەیەو تاك لە کۆمەڵگە وەریدەگرێت و فێری دەبێت.

٣ ـ کەلتور لە دوو بەش پێك دێت، بەشێکیان بەرجەستەن، وەك: (جل و بەرگ، خانو،...هتد)، بەشەکەی تریشیان نابەرجەستەن، وەك: (داب و نەریت، ڕەوشت، ئاکار،...هتد).

٤ ـ کەلتور وەك میراتێکی کۆمەڵایەتی، نەوە لەدوای نەوە دەگوازرێتەوە، لەم ڕووەوەش زمانی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ.

٥ ـ هەر کۆمەڵگەیەك کەلتورو نەریتی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی هەیە، دەکرێ لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی تر جیاواز بێت و لێی جیا بێتەوە.

٦ ـ کەلتور بە پێی سەردەم و کات و شوێن دەگۆڕێت، بەڵام چەمکی کەلتورێتی و لە کەلتور بوون لە دەست نادات.

٧ ـ کەلتور تێڕوانینی تاك بە تایبەتی و کۆمەڵگە بەگشتی بۆ جیهان بینینی خۆی و دەوروبەری نیشاندەدات و فراوانی دەکات.

کەواتە؛ ، چەمکی کەلتور، پێکهاتەیەکی گشتگیری کۆمەڵایەتیی و نەوەیی بۆ ماوەییە، کە تاك لە کۆمەڵگە وەریدەگرێت و فێریان دەبێت ، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە. کەلتور ڕۆڵێکی گرنگی لە جیهان بینین و شوناسی تاك و پێکەوە ژیان و گرێدراوی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکان بە گشتی لە چوارچێوەی کەلتوری خۆی و دەوروبەری نیشاندەدات. کەلتوریش لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشێکیان لە ڕێی زانینەوە فێریان دەبین، بەشەکەی تریشیان لە ڕێی ئەزموونی کۆمەڵایەتی بە دەستیدێنین. زمانیش وەك پێکهاتەیەکی کەلتور، ڕۆڵێکی گرنگی لە نێو ئەم بەشانەو سەرجەم ڕەگەزو پێکهاتەکانی تری کەلتور دەبینێ و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەیان گوازێتەوە.

## ٨/١ ـ ٢) پەیوەندیی نێوان زمان و کەلتور:

دوای ئەوە لە پاری یەکەمی ئەم بەشەدا، پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ شیکرایەوەو کاریگەریی هەریەکەشیان لەسەر یەکترییەوە خرایە ڕوو، پاشان لەوە چەپاری هەمان بەشدا چەمکی کەلتورو ڕەگەزەکانی باس کرا[١]، ئەمانەش هەمو ڕێگا خۆشکەرن بۆ لێکدانەوەی پەیوەندیی نێوان زمان و کەلتور، چونکە کەلتوری هەر کۆمەڵگەیەك بەکۆمەڵەکەیەوە پەیوەستەو لەرێی زمانەوە گوزارشتی لێدەکرێت و لەنەوەیەکەوە بۆنەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، ئەمەش پەیوەندیی بەهێزی نێوان " زمان و کۆمەڵگە و کەلتور" دەردەخات و لێکجیاکردنەوەشیان لەگەڵ یەکتردا ئەستەم دەبێت.

زمان یەکێکە لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵ و زۆربەی جار کۆمەڵ لە ڕێگای ئەم ئامرازە سەرەکییە، ناسنامەو پێناسەی بوونی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی و مافی خۆی دەکات. بەگشتی هۆیەکی سەرەکییە بۆ دەرخستنی شوناسی تاك و گواستنەوەی کەلتورو جێبەجێکردنی سەرجەم چالاکی و

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەرە (٣٧-٣٨).

پێویستییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی ژیان. کەواتە؛ بە پێی ئەم پێناسە مرۆڤ دۆستانەش بێت ، پەیوەندیی ئاوێتە بوون لە نێوان "زمان و کۆمەڵ و کەلتور" هەیە، چونکە زمان بە پێی یاساو ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێت، کە لەناو کۆمەڵدایەو کۆمەڵ بڕوای پێیەتی، بە پێی ئەو کەلتورەش دەردەبڕێت کە کۆمەڵ خاوەنییەتی، بۆ پارێزگاریکردن و گواستنەوەی کەلتورەکەیی و بەهاو هێشتنە کەلتورەکەیی و ڕاگرتنی هاوسەنگی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. ئەم دەرخستنە ئەوە نیشاندەدات، کە زمان و کەلتور دوانەیەکی کەتواری (واقعی) نێو کۆمەڵن و بە بێ بوونی یەکێك لەم دووانە ناتەواوی لە بوونی کۆمەڵ ، یان نەتەوەیەك دروستدەکات(گۆران کوردی، ۲۰۱۳: ۱۱۵ ـ ۱۱۶).

ئەستەمە ژیانی کۆمەڵایەتی بەبێ زمان وێنە بکرێ، ئەو گوتەیەش لەوکاتەدا وەردەگیرێت، کە گوزارشت لە شتێکی تێبینیکراوی بۆ نموونە، وەك (بەکۆمەلایەتییبوون) مان بکات، لێرەدا ئەویش ئەوەیە دەربڕینە گۆکراوەکان ڕەگەزێکی سەرەکی لە کارلێکە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان پێکدەهێنێت. دیارە، دیسان ئەم گوتەیە گوزارشت لە ڕاستییەکی قوڵتر دەکات، ئەویش ئەوەیە، کە ژیانی مرۆیی کۆمەڵایەتی لە بنچینەدا لەسەر کۆزانینی هاوبەش(کەلتور) دامەزراوەو، زمانیش ئامرازێکی سەرەکی هاوبەشی ئەو کۆزانینەیە ((وی. سی. هیچمان، ت: داود، حلمی أحمد، ۱۹۸۹، ۱۷۲). کەواتە؛ بەشداریکردنی زمان لەو کۆزانینەدا، پەیوەندیی توندی نێوان زمان و کەلتور دەردەخات.

ئەو پەیوەندییەی، کە لەنێوان زمان و کەلتوردا دەبینرێت، بریتییە لە پەیوەندیی بەش بە گشتەوە. واتە زمان تایبەتەو کەلتوریش گشتییە، هەروەها کاریگەریی و کارلێکردن لە نێوانیاندا دەبینرێت(هێمن شەمس، ۲۰۱۳: ۲٦). هەر لەبارەی بوونی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی، کە لە نێوان زمان و کەلتوردا دەبینرێت، "بێل"(bel) پێی وایە، دەتوانرێت زمان وەك کۆمەڵە نموونەیەکی ڕەفتاری کەلتوری گواستراو سەیر بکرێت، بەو واتایەی زمان ڕۆڵێکی سەرەکی لە هاوبەشی کەلتوری نێوان تاکەکان دەبینێ و بەشێکە لە کەلتور، بە هەمان شێوە لە کەلتورە جیاوازەکانیشدا، پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزو کارو پیشەو،.... هتد، لە زماندا ڕەنگدەدەنەوە(ئالان محەمەد، ۲۰۱٥: ۲۲). هەروەها "هۆڵمس" (Holms) لەبارەی فێربوونی زمان و کەلتورەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە: (( فێربوونی زمان، ئاشنابوونە بە بەها کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان(Holms ,2008:28)، واتە ژینگەی کۆمەڵایەتی و کەلتور ڕۆڵی سەرەکی لە فێربونی زماندا دەبینێ. بۆ نمونە هەر منداڵێك لە نێو کەلتوری هەر نەتەوەیەك لە دایك بێت و گەورەبێت، ئەوا فێری زمان و کەلتوری ئەو نەتەوەیە دەبێت، کە تێیدا دەژیت.

لێرەدا، ئەوەی جێگای تێڕوانین و گرنگییە ئەوەیە، کە ئەو پەیوەندییە تۆکمەیەی کە لە نێوان زمان و کەلتوردایە، جیاکردنەوەی نێوان ئەم دووانەیە لە یەکتری، ئەمەش بەگشتی سەرنجی زۆر لە لێکۆڵەران و زمانەوانان بە تایبەتی ڕاکێشاوە. بۆ نموونە زۆربەی ئەتنرۆ پۆلۆجییەکان و زمانەوانەکان پێیان وایە، پەیوەندییەکی دانەبڕاو لە نێوان زمان و کەلتوردا هەیە، واتە ناتوانرێ لێکیان جیا بکرێتەوە، چونکە واتای دەربڕاوەکان لە واتای وشەکان بە دەستنایەت، بەڵکو لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنەیە، کە لە نێوان زمان و کەلتورو کۆمەڵدایە. هەروەها (بان پیرۆ)یش پێی وایە، ئەوەی نەگۆڕە ئەوەیە، کە پێکهاتەی هەر

زمانێك بە ڕێساو یاساو کەلتورو ژیانەوە وابەستەیە(شاخەوان عبدڵلا، ٢٠١٣: ٩٨). واتە کەلتور ڕۆڵی سەرەکی لە هاتنەکایەوەی زۆر لە وشەو زاراوەکان لە نێو کۆمەڵگەدا دەبینێ.

بەم پێیە دەتوانرێ بگوترێ، کەلتور وەك زمان، بریتییە لە کۆمەڵێك یاساو پێوەر، کە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەیە، بە ڕەنگ و گوزارشتی جیاواز، پەیوەست بە ئەندامانی هەر کۆمەڵگەیەك وەریدەگرن و فێری دەبن. زمانیش وەك پێکهاتەیەکی کەلتوریی، بریتییە لە زنجیرەیەك لە دەنگ و هێمای جۆراجۆری باو، کە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە لە پرۆسەی پەیوەندییکردندا بەکاریدەهێنن (بێری یاسین، ٢٠١٢: ١٠٥). بەم شێوەیە پەیوەندییەکی بەهێزو تۆکمە لە نێوان زمان و کەلتوردا هەیەو کاریگەرییشیان لەسەر یەکتر هەیە، بە چەشنێك دوو هۆی سەرەکی و پێکەوە لکاو و بەردەوامن لەگەڵ یەکتریدا (بۆل هێنلە، و: ڕەحیم سورخی، ٢٠٠٦: ١١٤).

دوای دەرخستنی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لە نێوان زمان و کەلتور خرایە ڕوو، لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە، ئایا ئەو کەلتورە هاوبەشەی لە نێوان تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەك هەیە، چ کاریگەرییەکی بەسەر زماندا هەیە؟ بە پێچەوانەشەوە زمانیش چ کاریگەرییەکی بەسەر ئەو کەلتورە هاوبەشە هەیە؟.

زمان یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کەلتوری کۆمەڵایەتی مرۆڤ و لە هەمو کۆمەڵگەیەکدا دەبینرێت و کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی بەسەر دەربڕاوە زمانییەکانی هەر تاکێکی کەلتورێك هەیە. هەروەها زمان کلیلی کردنەوەو گواستنەوەی کەلتورە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر[1]. لەم ڕووەوە زمان دەبێتە ڕەنگدەرەوەی کەلتوری ئەو خەڵکەی کە قسەی پێدەکەن و نوێنەرو شوناسی جیهانبینی ئەوان ڕاڤە دەکات (زوبێر عەلی، ٢٠١٢: ١٥). بەمەش زمان لێرەدا، دەبێتە ئامرازێکی کۆمەڵایەتی و کەلتوری، کە ڕۆڵی سەرەکی لە ناسینی وشەکان بە پلەی یەکەم و دەربڕاو و گۆکراوەکان دەبینێ. بۆیە زۆر لە وشەو دەربڕین و ئیدیەم هەیە، ئەگەر لە ڕێی کەلتورەوە نەبێت واتاکانیان نازانرێت. بۆ نموونە، پەیوەست بە کەلتوری کوردی، ئەگەر نموونەی ئیدیەمەکی وەك: (بندیوار) وەرگیرێ، واتە ئەو کەسەی موچەی هەیەو دەوام ناکات، ئەوا ناتوانرێ وەریگێڕینە سەر زمانێکی تر، چونکە تایبەتە بە زمانی کوردی و لەنێو ئەو کەلتورە بەکاردێت. هەروەها هەندێ وشەی وەك: (ئاغا، بەگ، مسکێن، ... هتد) کە لە کەلتوری کوردیدا بەکاردێت، واتاکانیان تەنها لە ڕێی ئەو کەلتورەوە بەدیاردەکەوێت و دەزانرێت.

لەلایەکی ترەوە کەلتوریش وەك بەشێك لە زمان کاریگەریی زۆری بەسەر زمان هەیە. بەم جۆرە لێرەدا ((کەلتوری خەڵکی ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەو زمانانەی بەکاری دەهێنێت هەیە)) (شاخەوان جەلال،٢٠١٣:١٠١). ئەم بۆچوونەش لەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لەناو کۆمەڵگەی هەر کەلتورێکدا کۆمەڵی داب و نەریت و ڕەفتارو هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی هەیە، لە ڕێگای زمانەوە گوزارشتیان لێدەکرێت ، دەربڕینەکانیشیان گوزارشت لەو کەلتورە دەکەنەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە کەلتور بڕیار لەسەر ئەوە

---

(١) ناتوانرێ بە ڕەهایی (مطلق) بڕیار بدرێ، کە بگوترێ، هەموو لایەنەکانی کەلتور لە ڕێی زمانەوە دەگوازرێتەوە. بۆ نموونە هەندێك بەهای کۆمەڵایەتی و لایەنی ڕەفتاری ڕوکەشی دەتوانرێت تێبینی بکرێت، یان ببینرێت و لاسای بکرێنەوە. وەك چۆنییەتی ڕۆیشتنی پیاو ژن، پێکەنین و ئاماژە، ... هتد، (ئارام عبدوالواحید، ٢٠١٣: ١٥).

دەدات، کە چۆن قسەبکرێ و بەچ شێوازێك لەنێو کۆمەڵگەدا دەربڕاوەکان بەکاربهێنرێت؟ بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەش ئەگەر سەیری دەربڕاوە تابۆیەکان لە زماندا وەرگیرێ، دەبینرێ کەلتور بڕیاری ئەوە دەدات، کە چ دەربڕاوێك تابۆیەو چ دەربڕینێك تابۆ نییە. بۆ نموونە لە کەلتوری سویدی ئاساییە ئافرەتێك بڵێت: (دەچم بۆ میزکردن)، بەڵام لە کەلتوری کوردیدا، لای ئافرەتی کورد ئەو دەربڕاوە ئاسایی نییە؟، بەڵکو پەنا دەباتە بەر دەربڕینێکبی تر، کە شوێنگرەوەی ئەم تابۆیە بێت، کە دەڵێت: (بۆسەر ئاو دەچم)، یاخود دەربڕینی تر، کە هاوشێوەی ئەم دەربڕینە بێت (سەرچاوەی پێشوو :١٠٥-١٠٤).

لەم بۆچوونانەی سەرەوە دەرکەوت، زمان و کەلتور کاریگەریی بەهێزیان لەسەر یەکتر هەیە، زمان وەك بەشێك لە کەلتور، هۆکاری کامڵبوونی کەلتورەو ڕێڕەوی ئاراستەی دیاریدەکات، کەلتوریش وە بەشێك لە زمان، کار لە شێوەگیری وشەو دەربڕینەکانی زمان دەکات (زوبێر عەلی٢٠١٢:١٦).

ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیە زیاتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە ئەویش ئەوەیە، کە کەلتور تا چ ڕادەیەك کاریگەریی لەسەر شێوازی قسەکردن و پێگەی زمانی لەنێو (قسەکەرو گوێگر) دا دروستدەکات؟

کەلتورو زمان کاریگەریی و کارلێکی بەهێزیان لەنێوان (قسەکەرو گوێگر) بە هەر کەلتورێکی جیاواز هەیەو دەستنیشانی شێوازی قسەکردن و پێگەی زمانییان دەکات. بۆ نموونە لە دنیا بینینی قسەکەران، کاتێك تاکەکان لە بیرکردنەوەی کەسی خۆیی و ئەزموونیی ژیان، بە جۆرێك جیهان دەبینن، کە بە دەگمەن دەبینێت دوو کەس وەك یەك بیربکەنەوە، ئەگەر سەربەیەك کەلتوریش بن، بەڵام لە لایەکی ترەوە، کاتێك تاکەکان لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەردەوامدان و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان و ئەزموون و کارامەیی خۆیان لەنێوان یەکتردا دووبارە دەبێتەوە، ئەوا هەست بە دنیا بینینێکی هاوبەش لە نێوان قسەکەران دەکرێت. جگە لەم جیهان بینینە، هەندێ لە ڕەگەزە زمانییەکانی وەك: (ڕەگەز، هێز، ئاوازە، بابەت، پێوەرەکانی ئاخاوتن، دەوروبەر، ... هتد)، کارلێکی زمان کەلتورییان بە ئاشکرا لە نێوان قسەکەرو گوێگرو شێوازی قسەکردنیان پێوە دیارە. بۆ نموونە لە کەلتوری ئەڵمانی دەنگ بەرزکردنەوەو بەکارهێنانی تۆنێکی بەرز، بۆ دەربڕینی حەماسی ئاماژەیە، بەڵام لە کەلتوری کوردیدا، دەنگ بەرزکردنە زیاتر بە واتای چاونەترسانی بەرامبەرو خۆزاڵکردن دێت، کە ئەمەش زیاتر پەیوەستە بە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی بەرزەوە (شاخەوان عەبدوڵلا، ٢٠١٣: ١١٠).

هەروەها پیوەست بە دەوروبەری کەلتوری[1]، وشەو زاراوەکان واتای جیاوازو پێگەی زمانی جیاواز لەخۆ دەگرن. بۆ نموونە بە پێی دەوروبەری کەلتوری، لەناو خەڵکی بەریتانیا بەکارهێنانی وشەی (Wealthy),(Rich)، ئاماژە بە چینی بەرزی بەریتانیا دەکەن (أحمد موختار، ١٩٨٢: ٧١). لە کەلتوری کوردیشدا وشەکانی وەك: (ئاغا، بەگزادە، میر، ...هتد)، بۆ چینی سەرەوەی کۆمەڵ ئاماژەن.دواتریش لەبەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوە، پەیوەست بە باڵا دەستیی زمان ئەم ڕوانگەیەی کەلتور زیاتر ڕووندەکرێتەوە.

[1] مەبەست لە دەوروبەری کەلتوری، هەموو ئەوزانینانەیە کە بە شێوازێکی پەسەندکراو، لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵگەوە دەیزانن و هاوبەشە لەنێو ئاخێوەراندا (تریفە عومەر، ٢٠٠٨: ٤٩).

## بەشی دووەم

## بنەما تیۆرییەکانی باڵادەستیی زمان لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە

### ٢ / ١) باڵادەستیی زمان (چەمك و تێڕوانین):

### ٢ / ١ – ١) زاراوەی باڵادەستیی:

زاراوەی باڵادەستیی، لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەر وشەی (Superiority) دەوەستێت. لەڕووی ئیتمۆلۆژییەوە ئەم وشەیە لە وشەی (Superior) ی لاتینی کۆن وەرگیراوە، کە بەمانای "سەرەوەتر" یان "ئاست بەرزتر" دێت (Longman,1999:1357).

هەر لەبارەی ڕەگی وشە ئینگلیزییەکەوە لە زمانی فەڕەنسیدا، وشەی (Superioite)، لە لاتینی سەدەکانی ناوەڕستدا، لە وشەی (Superioritas) هاتووە، لە لاتینی کلاسیکیشدا، لە وشەی (Superior) یان (Superieur) هاتووە، کە هەموویان بە مانای پێگەیەکی بەرزتر دێت. کەواتە؛ لە هەرسێ وشەکەدا بە مانای تایبەتێتی ئەو کەسە، یان ئەو شتە دێت، کە پێگەیەکی بەرزتری بە بەراورد لە چاو کەسەکانی تر، یاخود شتەکانی تر هەیە.

ئەم زاراوەیە (Superior) لە ڕووی ئاوەڵناو (adjective) لەنێو فەرهەنگە ئەکادیمییەکاندا بەم مانایەی خوارەوەدا هاتووە:

ـ گەورەتر لە قەبارەو دەسەڵات.

**وەك: ئەمەریکا لە جیهاندا خاوەن گەورەترین هێزی سەربازییە.**

ـ نیشاندانی بیروبۆچوونێکی بەرز بەرامبەر بە کەسێك یان بەرامبەرەکەت.

بە شێوەی ناویش (Superior) بەم مانایانەی خوارەوە هاتووە:

ـ کەسێك لە ڕووی پلەو پایەوە لە کەسێکی تر بەرزترە (باڵا دەستترە).

ـ کەسێك لە بەرامبەر کەسێکی تر دەستڕۆیشتووترە.

پێچەوانەی ئەم وشەیەش، وشەی (Inferior)ی لەبەرامبەر دەوەستی، کە بە مانای "پلەی نزم" دێت (Oxford dictionary of English, 2007:501).

لەزمانی عەرەبیشدا، زاراوەی "الهیمنە" بۆ ناوی "Superiority" بەکاردێت. ئەم وشەیە لە بنچینەدا لە ڕەگی وشەی (هَمَنَ) و لە چاوگی (هَیمنةً) هاتووە، کە بە مانای (باڵادەستیی و دەسەڵاتداری و چاودێری و پارێزگاریکردن) دێت (محمد بن مکرم بن علي، أبو الفضل، ١٤١٢: ٢). هەروەها بە مانای (دەست بەسەر داگرتن) یان (لەژێر دەسەڵاتی ئەو)دا هاتووە. وەك وتراوە دەسەڵاتی باڵندەیەك بەسەر بێچووەکانیدا (الوسیط، ٢٠١٣: ٣٥٩). لەزمانی فارسیشدا، وشەی (فرادستی) بەرامبەر بە وشەی

(Superiority) دەوەستێ، کە بە مانای (زاڵبووون، باڵادەستی) دێت (علی اکبر دهخدا، ١٣٧٤: ٣٥٦). لەزمانی کوردیشدا بەمانای (کەسێکە، کە دەسەڵات و دەست ڕۆیشتوتر بێ لە یەکێکی تر) (شێخ محەمەدی خاڵ، ١٩٥٦: ١٠٣ ). یاخود بەواتای: (بەرزی، بڵندی، دەسەڵاتدار، گەورە) هاتووە (هەژار موکریانی، ١٣٩١: ٤٥).

کەواتە؛ دوای تێڕامان و خوێندنەوەی زاراوەکە لەنێو سەرچاوە و فەرهەنگە جیاوازەکاندا ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەم زاراوەیە زۆربەی ماناکانیان لەیەکەوە نزیکەو جەخت لە دەستڕۆیشتوویی کەسێك، یاخود شتێك، لە بەرامبەر کەسێك یان شتێك دەکەنەوە، ئەمەش بە هۆی ئەو پێگە کۆمەڵایەتییە، یان ئەو هێزەی کە هەیانە.

شایانی باسە، ئەم زاراوەیە ڕیشەیەکی کۆنی هەبووە، لە لاتینی سەدەکانی ناوەڕاست و لاتینی کلاسیکیدا بۆ چینی بەرزو سەرەوەی کۆمەڵ بەکار هاتووە، بە تایبەتی پیاوانی کڵێسا، کە دەستێکی باڵایان لەم ڕوانگەیەوە دیوە (In dictionary,CD.room:2005)دواتر ئەم زاراوەیە بەو ڕەهەندو مانایانەی کە لە سەرچاوەو فەرهەنگە جیاوازەکاندا هەڵێنجرا، ڕەگی لەنێو زۆربەی پێگەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانیی وەك: (سیاسی، ئابووری، ئایینی، تەمەن، ڕەگەز، پیشە، ...، هتد) داکوتاوە، ئەمەش لەسەر بنەمای دەسەڵاتی جیاواز دێتە کایەوە. ئا لێرەدا زاراوەی (باڵادەستی) خۆی لەنێو مانای فەرهەنگییەکەی پەردەپۆش دەکات و سەردەکێشی بۆ نێو زمانی ئاخێوەران و کۆی بوونیادی کۆمەڵگەدا، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو پلەو پایەو پێگە کۆمەڵایەتییانە ڕوودەدات، کە کەسێك لەبەرامبەر کەسێکی تر هەیەتی و وا دەکا شێوازی قسەکردنی و گوتنەکانی جۆری لە باڵادەستیی زمانی پێوە دیار بێ. لەم تێڕوانینەوە باڵادەستیی زمانی وەك ڕەهەند و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زیندوو خۆی لە چوارچێوەی کۆمەڵێکی زمانیدا نەك لەنێو دوو کۆمەڵەی زمانیدا دەردەکەوێت.

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێ بگوترێ: باڵادەستیی زمان بریتییە لەو پێگە زمانییەی کەسێك لەسەر بنەمای ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی هەیەتی توانای ، دەستڕۆیشتنی لە بەرامبەر کەسێك هەیە، کەلە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە هاوشانیی ئەو نییە.بە واتایەکی تر پێگەکەی لە ئەو نزمترە.دواتر لەوەچەپاری داهاتوودا باس لە چەمکی (باڵادەستیی زمانی) لە چوارچێوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە دەکرێ و ڕووندەکرێتەوە، کە ئەمەش چوارچێوەی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە پێکدێنێت.

## ٢ /١- ٢) چەمکی باڵادەستیی زمان:

باڵادەستیی زمان، چەمکێکە واتایەکی فراوان و فرە جۆری لە نێو خۆیدا هەڵگرتووە، چونکە لەنێو زۆر بوواری وەك: (سیاسی، ئابووری، ئاینی و... کۆمەڵایەتی) بەکاردێ، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی چەمکیش فراوانی و فرە جۆری مانایە لە ناوەڕۆکەکەیدا، بۆیە باڵادەستیی زمان لە چەند ڕوویەکەوە شیکردنەوە هەڵدەگرێت.

چەمك دانەیەکی زمانییە، واتە؛ بەهۆی ئەو بەکارهێنانە جیاوازییەکانی، کە لە ژیانـدا هەیـەتی و ڕەنگدەداتـەوە، واتایـەکی زۆر و فراوانـی لـە دەوری خۆیـدا کـۆ کردۆتـەوە، فـرە واتـاش " وشـەیەك /

زاراوەیەك" دەتوانرێت وەك چەمکی وشە، یان کۆمەڵێك لە واتا ناوزەند بکرێت. بۆیە شیکردنەوەی چەمك و ڕوونکردنەوەی واتایی بۆ زاراوە، لە هەر زانستێکدا کارێکی زانستیی پێویستە و سنووری بابەتەکە باشتر دیاریدەکات (بێستون ئەبوبەکر، ٢٠١٥: ٦٦). لێرەدا چەمکی باڵادەستیی زمانی بە پێی پێویستی ئەم لێکۆڵینەوە دەخرێتە ڕوو، لەنێو کۆمەڵێکی زمانی و لە چوارچێوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا، ئاماژەی بۆ دەکرێت و لێرەدا نێو زۆربەی پێگە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا، بنەماو پێوەرە تیۆرییەکانی لەسەر جێبەجێدەکرێت.

## ٢ /١-٣) ناساندنی چەمکی باڵادەستیی زمان لە ڕوانگەی وزمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە:

کاتێك دەوترێت باڵادەستیی زمانی چییە؟ لەوانەیە وەڵامەکەی ئاسان بەرچاو بکەوێت، بەڵام ئاسان شیناکرێتەوە. لە ڕاستیدا چەمکی باڵادەستیی زمان لە ڕواڵەتدا چەمکێکە جۆرێ لە لێڵی پێوە دیارەو زیاتر لە جۆرێك ،یان دانەیەك دەگرێتەوە، چونکە لەلایەك ئەم چەمکە بە پێی کەلتورو زۆربەی پێکهاتەکانی نێو کۆمەڵگە ڕەنگدانەوەی لە نێو کۆمەڵێکی زمانیدا (language community) هەیە، لەم ڕوانگەیەوە کەسانێك هەن زمان و شێوازی قسەکردنەکانییان جۆری لە باڵادەستیی پێوە دیارە، ئەمەش لەسەر بنەمای پێگەی کۆمەڵایەتی کەسەکان دێتە کایەوە. لەلایەکی ترەوە ئەم باڵادەستیی زمانییە لە ڕوانگەی ململانێ زمانەکانەوە (Language Conflict)، لە نێوان دوو زمانی جیاوازدا دێتەکایەوە، لێرەشدا زمانێك بەسەر زمانێکی تردا باڵادەست دەبێ ، ئەمەش لە ئەنجامی کۆمەڵێ هۆکاری وەك: (ڕۆشنبیری، سیاسی، ئابووری، ....،هتد) ڕوودەدات[١]. لێرەدا باس لە باڵادەستیی زمانی، لەنێو کۆمەڵێکی زمانی کۆمەڵگەی کوردیدا دەکرێ و لەم چوارچێوەیەدا دەیناسێندرێ.

ئەگەر سەیری زۆربەی کۆمەڵگەکان بکرێت ، دەبینرێت کەسانێك جۆرێ لە دەسەڵات و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی بەرزیان هەیە، ئەم پێگەو دەسەڵاتەش کاریگەریی لەسەر زمان و شێوازی قسەکردنەکانییان دەبێ. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری نێو کۆمەڵگەی کوردی بکرێت، کەسانێك هەن خاوەن جۆری لە دەسەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتین، ئەو دەسەڵات و پێگانەش کاریگەریی لەسەر زمان و گوتنەکانی ئەو کەسانە دەبێ و جۆرێ لە باڵادەستیی زمانی تێیدا ڕەنگدەداتەوە. ڕەنگە ئەمە باشترین نموونە بێت بۆ ئەوەی باڵادەستیی زمانی تیایدا ڕوونبکرێتەوە، ئەم شێوازە قسەکردنە باڵادەستییەی، کە ئەو کەسانە

---

(١) زاراوەی ململانێ، لە زمانی ئینگلیزیدا لەبەرامبەر وشەی (Conflict) دێت، لە زمانی عەرەبیشدا بەرامبەر وشەی (الصراع) دەوەستێ. ئەم زاراوەیە بۆ وشەی لاتینی (Confliqere) دەگەڕێتەوە، کە بە مانای دۆخێکی گرفتاری دێت، کە بەهۆی دوو تێڕوانینی دژیەك، لەنێوان دوو کەس یان دوو گروپ ،یان دوو نەتەوە دروستدەبێت. ئەم بابەتە وەك دیاردەیەکی زمانەوانیی بۆ یەکەم جار لەلایەن (هاوخین) لە ساڵی (١٩٦٦) هێنرایە ناو باس و توێژینەوەکانی کە تایبەت بوو بە بەرێککەوتنی زمانەکان. (پاشان فیشمان) لە ساڵی (١٩٧٢) دا ئەم چەمکەی زیاتر خستە ڕوو کە لە زانستیی زماندا بە زمانەوانیی بەریەککەوتن (contact lingustistics) ناسراوە. ئەم لقە زانستییەی زمانیش دیاردەیەکی زمانییە، لە کۆمەڵگەی فرەزمانیدا بوونی هەیە، لەئەنجانی ڕەوشی هەردوو زمانی (دەسەڵات و زمانی دووەم) دروستدەبێت (ئازاد عزیز، ٢٠١٤:٤٣).

پێوەیان دیارە دەتوانرێ ناوی بنرێ (باڵادەستی زمانی تایبەتی) . لە ئەنجامی وردبوونەوە لە ڕوانگە کەلتوری و ڕەهەندو پێگە و پێکهاتەکانی نێو کۆمەڵگە، لە نێو کۆمەڵەیەکی زمانیدا، دەتوانین ئەم پێناسانەی خوارەوە بۆ ناساندنی چەمکی باڵادەستیی زمانی تایبەتی بخرێتەڕوو.

"**براون و کلیمان**" بە ئاشکرایی ئاماژەیان بە چەمکی باڵادەستیی دەسەڵاتی کەسێك لە بەرامبەر کەسێك کردووە و پێیان وایە، ئەم چەمکە پەیوەندییەکە لەنێوان دوو کەس یان زیاتر دایە، کە کەسێك یاخود ئاخێوەرێك لەسەر بنەمای ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی توانای دەستڕۆیشتنی لە بەرامبەر کەسێك یان کۆمەڵێك یاخود گروپێك هەیە، کە لە ڕووی پلەو پایەوە لە بەرامبەر ئەو کەسەدا پێگەی نزمە، ئەم لایەنەش ڕاستەوخۆ بە شیاوی تێڕوانینە دەوروبەرییەکان و بەکارهێنانی بۆ دۆزینەوەی ڕادە و هێزی قسەکەر لە ئاخاوتندا دەمانبەستێتەوە، چونکە لایەنێکی گرنگی دەوروبەر ئەوەیە، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاڕاستە دەکات، زۆر جاریش ئەمە بەس نییە، بەڵکو پلە و پایەی کۆمەڵایەتی نێوانیشمان بۆ دەردەخات، کە ئایا پلەدارە، خانەدانە، دەوڵەمەندە، ... هتد) (شاخەوان عەبدوڵڵا، ٢٠١٣: ٢٩٨). واتە؛ لەم ڕوانگەیەوە کاتێك ئاخێوەر جۆرێ لە دەسەڵاتی لە چوارچێوەی دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا لەبەرامبەر کەسێك یان کۆمەڵێکدا هەیەتی، ئەوا توانای ئەوەی هەیە دەسەڵاتی بەسەر ئەو کەس و کۆمەڵە بشکێتەوە. دەوروبەریش ڕۆڵی سەرەکی لە پێکدادان و گۆڕین و ئاڕاستەکردنی ستراتیژییەتی باڵادەستیی زمانیی ئاخێوەر دەبینێ، بە تایبەت دەوروبەری کۆمەڵایەتی، چونکە لێرەدا قسەکەر خاوەن دەسەڵاتە و دەتوانێ فەرمان و بڕیاری جیاواز لە بەرامبەر بندەستەکانی دەربکات.

"**فێرکلاف**" ئەم زانایە باڵادەستیی زمان لەنێو ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان دەنوێنێت و پێی وایە، پەیوەندیی بە تێگەیشتنی لەگەڵ دیالیکتێکی لە ڕۆنان و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیەو لە کۆی پەیوەندیی نێوان چینەکان و ئاستی کۆمەڵایەتی ئەندامانی دەنوێندرێ، ئەم نواندنەشی لەسەر پێوەری بیردۆزکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی جیاواز سەرچاوە دەگرێت (ڕەحیم سورخی، ٢٠١٣: ٨٧). کەواتە؛ لێرەدا نواندنی ئەم شێوەو جۆرە باڵادەستییە زمانییەی کە قسەکەر لەنێو ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەینوێنێ، پەیوەستە بە دەسەڵاتەوە، ئەو دەسەڵاتەش تەنها خۆی لە چەمکێکی سیاسی ڕووت نانوێنی، بەڵکو مەبەست دەسەڵاتی جیاوازی وەك: (سیاسی، ئابووری، ئایینی، ...) یە، کە شێوازو گوتنی جیاواز دەهێننە کایەوەو بۆ جیاکردنەوەی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەران پێوەرێکی سەرەکین.

"**هۆگر محمود فەرەج**" پێی وایە باڵادەستیی هەموو ئەو بارودۆخانە دەگرێتەوە، کە تێیدا جیاوازیی لە نێوان قسەکەرو قسە لەگەڵ کراودا (گوێگر)، بە هۆی ئاستە کۆمەڵایەتییەکان، وەك: (تەمەن، پیشە، پێگە، ... هتد) لە نێو کۆی بوونیادی کۆمەڵگەدا بە دیدەکرێت. جا بەدیکردنی ئەو ئاستە کۆمەڵایەتییە جیاوازییانەش دەشێ سەرچاوەی لە جێناو، وەك: بەکارهێنانی جێناوی کەسی دووەمی کۆ (ئێوە) بۆ تاك، یان لە نازناو وەك: ئایینی وەك: (مەلا، شێخ، خەلیفە)، کۆمەڵایەتی وەك: (ئاغا، میر، بەگ، ... )، سەربازی وەك: (ئەفسەر، عەقید، رائید، ... هتد) نازناوی دیکەش یاخود لە بوواری دەرکەوتنەکەیەوە بێت (هۆگر محمود فەرەج، ٢٠٠٠: ١٤٧). لێرەدا ڕۆنان و ئاستە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە باڵادەستیی زمانی تایبەتی تاك لەنێو ئاخێوەراندا، چونکە سەرچاوەی باڵادەستییەکەیان لە دەسەڵات و پێگەی جیاواز هەڵقوڵاوە.

ئەگەر خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ ئەم پێناسانەی سەرەوە بکرێ ، کرۆکی پێناسەکان لەم خاڵانەی خوارەوە کۆدەبێتەوە:

١- باڵادەستیی زمان ، پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییەو لە نێوان ئاخێوەرانی کۆمەڵێکی زمانی دیاریکراو دێتە کایەوە.
٢- باڵادەستیی زمانی ، لە دەسەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتی وەك: (تەمەن، سیاسی، ئابووری، ئایینی، پیشە، کارگێری، رۆشەنبیریی و زانستی، ....هتد) سەرچاوەدەگرێت و وەك بنەمایەك لە قسەکردن و نوسینی ئاخێوەر یان نووسەر ڕەنگدەداتەوە.
٣- باڵادەستیی زمانی، ڕۆڵێکی گرنگ لە دەستنیشانکردنی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەرانی هەیە.
٤- باڵادەستی زیاتر پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی دەستڕۆیشتوویی تاکە لە نێوان ئاخێوەراندا، لەوەی ساپاندن و سەرکوتکردنی بەرامبەربێ.
٥- شێوازی گوتنی باڵادەستیی زمانی ، گوتنێکە هێزو دەسەڵاتی لە پشتە، ئەمەش وادەکا دەستڕاگەیشتنی لەبەرامبەر ئاسان بێت.

پاش خوێندنەوە و تێڕوانین لە پێناسەکان و بە لەبەرچاو گرتنی ڕوانگە کەلتوری و ڕەهەند و پێگە کۆمەڵایەتییەکان،دەتوانرێ بەم شێوەیەی خوارەوە باڵادەستیی زمان ،لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە بناسرێت: بریتییە لەو دەسەڵاتە زمانییە تایبەتییەی، کە ئاخێوەرێکی زمان، یان گروپێکی دیاریکراو، لە نێو کەلتور و کۆمەڵێکی زمانی دیاریکراوی کۆمەڵگەیەك، لەسەربنەمای پلەو پایەو پێگەی جیاوازیی وەك: (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی، کارگێری، ڕۆشنبیری، ...هتد) هەیەتی و بۆی ڕەخساوە، هەریەك لەو بنەمایانەش بەپێی دەسەڵات دێنە کایەوە[1] و وادەکەن زمان و شێوازی گوتنی ئەو ئاخێوەرە، یان ئەو گروپە، بە شێوەیەك لە شێوەکان باڵادەستیی و دەستڕۆیشتوویی پێوەدیاربێت لە بەرامبەر ئەو کەسانەی، کە لەڕووی پلە و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە لە ئاست ئەو کەسە ، یان ئەو گروپە دانییە.

کەواتە؛ باڵادەستیی زمان ، زمانێکی خاوەن هێز و دەسەڵاتە لە بەرامبەر ئەو کەسانەی کەلە ڕووی هێز و دەسەڵاتەوە، زمان و قسەکردنییان لە ئاستی ئەو زمانەدا نییە و جۆرێ لە نزمی و ژێردەستیی لە بەرامبەریدا پێوەی دیارە. لێرەدا لەسەربنەمای ئەو دەسەڵات و هێزەوە دوو جۆر زمان دێتە کایەوە:

١- **زمانی باڵادەست:** زمانێکە لە سەربنەمای هێز و دەسەڵات دروستدەبێت، شێوازی گوتن و نووسینەکانی لە دەستڕۆیشتوویی پێوە دیارە و زۆرجار گوتنەکانی هێز و ئاوازەیەکی بەرزی

(١) دواتر لەوەچەپاری داهاتووی ئەم بەشە زیاتر تیشك دەخەینەسەر چەمکی دەسەڵات و ڕەهەندەکانی، کە وەك ڕەهەندێکی سەرەکی رۆڵی لە زمانی باڵادەستیی تاك و بنەماکانیدا هەیە. لەم ڕوانگەیەوە بڕوانە:بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە،لاپەڕە(٤٨-٤٩).

لەگەڵدایە. ئەو زمانە هی ئەو کەسانەیە، کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزیان لە نێو کۆمەڵگادا هەیە.

٢- **زمانی ژێردەست:** زمانێکە لە ڕووی هێز و دەسەڵاتەوە لە ئاست زمانی باڵادەستدا نییە و شێوازی گوتنەکانی بە شێوەیەك نزمی و ژێردەستی پێوە دیارە و بە ئاواز و هێزێکی نزم و ڕێزەوە ئاراستەی بەرامبەر دەکرێت(عەبدولواحید موشیر، ٢٠٠٩: ٩-١٠).

ئەو لایەنە ژێردەستی و باڵادەستییەی زمان، بە ئاشکرا لە نێوان بونیاد و کەلتوری کۆمەڵگەی کوردی ڕەنگیداوەتەوە. بۆ نموونە ئاخێوەرێکی کورد، کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزی هەیە، دەبینرێ زمان و شێوازی گوتنەکانی بە شێوەیەك باڵادەستیی پێوەدیارە، لە بەرامبەر ئەو کەسەی کە لە ڕووی پێگەوە لە ئاست ئەو دانییە.

## ٢/٢) پێوەری باڵادەستیی زمان:

### ٢/٢- ١) دەسەڵات و بێدەسەڵات:

کاتێك تاکێك، یاخود کۆمەڵێك لە ناو کۆمەڵگەیەکی کۆمەڵەی زمانیدا بەرامبەر تاکێکی تر یان کۆمەڵێکی تر باڵادەست و دەستڕۆیشتوون، ئایا ئەمانە لەسەر چ پێوەر و بنەمایەك ئەو زمانە باڵادەستییە و دەستڕۆیشتوویەیان ڕەنگیداوەتەوە؟

ئەو زمانە باڵادەستییەی تاك کە لەناو کۆمەڵگەیەکی کۆمەڵەی زمانیدا لەبەرامبەر تاکێکی تر، یاخود ئاخێوەران بەگشتی ڕەنگدەداتەوە و دەبینرێت، ئەوا لەسەر پێوەری(هێزو دەسەڵات) دێتە کایەوە، چونکە ئەو هێزو دەسەڵاتە ئاست و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەران دیاریدەکات و وەك پێوەرێکی سەرەکیش ڕۆڵی گرنگی لەهاتنەکایەوەی باڵادەستیی زمانی تاك لە ناوکۆمەڵێکی زمانیدا دەبینێت و دوو جۆر لەشێوازی قسەکردنی (بەهێز و بێهێز) دەهێنێتە کایەوە، لەم ڕووەوە کەسی بەدەسەڵات و کەسی بێدەسەڵات دەردەکەون، کەسی بەدەسەڵات، لەسەر بنەمای ئەوپلەو پایە و پێگە کۆمەڵایەتییەی هەیەتی باڵادەست دەبێ لەبەرامبەر کەسی بێدەسەڵات، چونکە کەسی بێدەسەڵات لە ڕووی ئاست و پێگەوە لە ئاستی کەسی بەدەسەڵاتیش و پێگەکەی نزمە. ئەو دەسەڵاتەی کەسی دەستڕۆیشتووش، یان لەکۆمەڵگە، یاخود لە یاسا، یان لە ئایین، یان لە دەوروبەر وەریگرتووە(سەرچاوەی پێشوو: ١١-١٢ )، ڕەنگرێژکردنی ئەو زمانە باڵادەستییەی تاکیش کە بە پێی ئەو پێوەرە (دەسەڵات) دێتە کایەوە.

لێرەدا دەسەڵات تەنها پەیوەست نییە بەو مانایەی کە بۆئەم پێوەرە ناسێندراوە و کورتکراوەتەوە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەت و حکومەتدا، بەڵکو مانای چەمکی ئەم پێوەرە (دەسەڵات) زۆر فراوانە و دەچێتە نێوکۆی بوونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و دەستڕاگەیشتنێتی بەنێو ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییانەدا، کە هەر لەناو خێزان و پێگە جیاوازییەکان و کەلتورو فەرمانگەو شوێنە ڕەسمییەکان و.... هتد، دەردەکەوێ.

بۆیە بە پێویست دەزانرێ لەم وەچەپارەدا بەشێوەیەکی سەربەخۆ و پوخت باس لەم پێوەرە سەرەکییەی زمانی باڵادەست بکرێ و چەمك و ماناکانی لێك جیابکرێتەوە و لەو مانایە تەسکەی کەتازە ئاماژەی بۆ کرا دەربهێنرێت، بەگشتی ڕەهەندو بنەماکانی تێکەڵ بەزانستیی زمان بکرێ، بەتایبەت لەچوارچێوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و لەناو کۆمەڵێکی زمانیدا چەمکە فراوان و گشتییەکەی کە بریتییە لەدەستڕاگەیشتن بە مەبەست بکرێ.دواتر هەریەك لەو ڕەهەندو بنەمایانە لەڕوانگەی ئەم پێوەرە(دەسەڵات)، لەکۆمەڵەی زمانی کۆمەڵگەی کوردیدا زیاتر تیشکی دەخرێتە سەرو بەوردی ڕووندەکرێتەوە.

## ٢ /٢ – ١ - ١ ) چەمکی دەسەڵات لەنێوان گۆڕان و گەشەو واتاکانیدا:

دیاریکردن و ناسینی چەمك و زاراوەی دەسەڵات[١] کارێکی وا سادەو ئاسان نییە، واتە؛ بە ئەندازەیەك جۆرێ لەئاڵۆزی و لێڵی تیایدا دەبینرێت، چونکە ئەم چەمکە لەلایەك گەشە و گۆڕانی جیاوازیی لە ڕووی واتاییەوە بەخۆیەوە دیوە، لەلایەکی ترەوە ئەم ئەم چەمکە لە ئێستادا زۆربەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی (دەسەڵاتی خێزان، تاك، ...هتد)، هەست بە بوونی دەکرێت و لە سەرەتایترین دابەشبوونەکانی لە نێو ئەرکە کۆمەڵایەتییەکاندا، ڕەنگدانەوەی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێناسە و مانای جیاوازی بۆ کراوە، بەتایبەتیش بەم دواییە بەهاتنی هەندێ لەزانا هاوچەرخەکان و بەدیاریکراویش لەسەردەمی فەیلەسوفی بەناوبانگ (فریدریك نیچە ١٨٤٤ - ١٩٠٠) و پاشان یەکێك لەمیراتگرە بەناوبانگەکانی کەناوی (میشل فۆکۆ)یە، چەمکی دەسەڵات لە ڕووی تیۆری و پراکتیکی گۆڕانی زۆری بەسەرداهات و دەرکەوتەکانی دەسەڵات فراوانتر و گەورەتر بوون لەوەی تەنها لە چوارچێوەی ناساندنە تەقلیدییەکانی خۆی نەمێنێتەوە، کەتەنها بریتین لەدەسەڵاتی دەوڵەت و سیاسی (عەدالەت عەبدوڵڵا، ٢٠١٥ :٣٠ - ٣٢).

---

(١) زاراوەی "دەسەڵات" لەزمانی ئینگلیزیدا لەبەرامبەر وشەی(power) دەوەستێ، گەنجینەی ئەم وشەیەش، لەوشەی(pouvoir)ی فەڕەنسییەوە هاتووە، کە بە مانای (توانست)، یان (توانایی) (القدرة الاستطاعة )دێت(صادق الاسود، ١٩٩٠:١٢٦). لەزمانی عەرەبیشدا لەبەرامبەر وشەی(سلطة)دەوەستێ، کەبەمانای تواناو حوکومکردن و کۆنتڕۆڵکردن دێت(المنجد الوسیط،٢٠٠٣:٥٠٩). ئەگەر سەیری ئەم زاراوەیە لە ڕووی وشەییەوەبکرێ، دەبینرێ لە فەرهەنگە ئەکادیمییەکاندا بەشێوەو مانای جیاواز لێکدراوەتەوە، وەك ئەمانەی خوارەوە:

١- دەسەڵات: توانا بوون بۆ کردنی شتێك.

٢- دەسەڵات: توانای ئاڕاستەکردن و کاریگەریی خستنە سەر هەڵسوکەوتی کەسانی دیکە.

٣- دەسەڵات: کەسێك یان ، ڕێکخراوێك یاخود وڵاتێك، توانای کۆنتڕۆڵکردنی هەیە، ئەمەش بەهۆی: (سامان، پێگەی جیاواز، داهات،......هتد) دەبێت .(Oxford dictionary of English, 2007:456).

کەواتە؛ زۆربەی ئەومانایانەی کەلەبارەی ئەم زاراوەیە خراوەتەڕوو لێك نزیك و هاو واتان، کەجەخت لەتواناو کۆنتڕۆڵکردنیی کەسێك لەبەرامبەر کەسێکی تر دەکەنەوە، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەودەسەڵاتەو پێگە جیاوازییانەی کە ئەوکەسە لەبەرامبەر ئەوکەسە هەیەتی، دێتە کایەوە.

ئەم بۆچوونە جیاوازیی و گەشەو گۆڕانەی چەمکی دەسەڵات و دەستاو دەستکردنی بەتەنها ناساندنێك کە لە نێو زانا و لێکۆڵەران بۆی کراوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەوەمان پێ دەڵێ، کەدەسەڵات حەقیقەتێکی گرنگی هەیەو پێویستە بەوردی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. لێرەشدا بەوردی ماناو ڕەهەندەکانی ئەم چەمکە کە بەشێوەی جیاواز گوزارشتی لێوەکراوە دەخرێتەڕوو، بەتایبەتیش لەچوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەماندا کارێکی زۆرپێویست و گرنگە.

کاتێك سەیری تاکەکانی کۆمەڵگە دەکرێت، هەموویان لەیەك ئاست ، پێگەدا نین، بەئاشکرا هەندێ تاك پێگەی لەهەندێکی تر بەرزترە، یان بەلایەنی کەمەوە بەبەرزتر یاخود بە خوارتر دادەنرێت، ئەم دیاردەیەش ڕاستەوخۆ بە پەیوەندیی نێوان ئاستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانەوە بەستراوەتەوە، ئەوەشی کاریگەریی کردۆتەسەر ئەوەی کەئەم ئاستە کۆمەڵایەتییە جیاوازییانەش دروستن ئەوا پەیوەندیی بەدەسەڵاتی ئەو کەسە هەیە، کە هەیەتی (ڕەحیم سورخی،٢٠٠٩:٨٩). کەواتە؛ بوونی ئەو هەموو تێڕوانین و بۆچوونانە لەمەڕ چەمکی دەسەڵات و پەڕینەوەی بۆناو کۆمەڵگە بەگشتی، وای لەزاناو لێکۆڵەران کردووە، کەچەندین پێناسەو ڕوانگەی جیاوازی بۆبکرێت.

بۆ نموونە، "**ماولێر**" دەسەڵات وەك پەیوەندییەکی نایەکسان دەبینێ و پێی وایە، بریتییە لەو پەیوەندییە ناهاوشانییەی کەلەنێوان "(أ) و (ب)"دایە، کەلەسەر بنەماو تایبەتمەندیی وەك: (پارە، دەرفەتی سیاسی، زانست ، ئەرك...هتد)دامەزراوە. لەڕاستیدا (أ)سەرچاوەی دەسەڵاتی لە (ب)زیاترە و دەتوانێ ڕەفتارو هەڵسوکەوتی (ب)بخاتە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە (سەرچاوەی پێشوو:١٠١) . واتە؛ لێرەدا دەسەڵات بەپێی کۆمەڵێ هۆکاری وەك: (ئابووری و سیاسی و داهات و ...هتد) دەردەکەوێت و واشدەکا دەسەڵاتی تاك لەبەرامبەردا بەشێوازێکی تر دەربخا و کاریگەریی و ڕەنگدانەوەشی لەسەر هەڵسوکەوتی خۆی و بەرامبەر هەبێ، ئەم هەڵسوکەوتەش وەك بەشێك لەزمان لەشێوازی قسەکردن و دەربڕینەکانیدا ڕەنگدەداتەوە. هەروەها ئەم زانایە چەمکی دەسەڵاتی تەنها بەپێی بنەمایەك ڕاڤە نەکردووە، یاخود کورتی نەکردۆتەوە لەچوارچێوەی دەسەڵاتی دەوڵەتێك، یا حکومەتێك، بەڵکو چەمکی دەسەڵاتی لەنێو کۆی تاکەکان ئاماژەپێکردووە.

"**مێشێل فۆکۆ**" (١٩٢٦ - ١٩٨٤) یەکێکە لەوبیرمەندە فەڕەنسییانەی تێڕوانینی جیاوازیی بۆ چەمکی دەسەڵات هەیە. "فۆکۆ" پێی وایە دەسەڵات تەنها لەچوارچێوەی پلەی بەرزی هەرەمدا نییە، هەمووکاتێکیش تەنها لەسەرچاوە باڵاکانەوە، وەك: دەوڵەت ، فەرمانڕەوا، ...هتد، هەڵناقوڵێ، بەڵکو لەهەموو شوێن و چواردەورەتدا دەبینرێت. جگەلەمەش پێی وایە ناکرێت قسە لەسەر فۆڕمێکی سەرەکی دیاریکراوی دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا بکرێ، بەڵکو هەمو کۆمەڵگەیەك بەپێی سیستەمی کەلتورەکەی شێوەی جیاجیای دەسەڵاتی تێدایە، بۆنموونە ئەودەسەڵاتەی لەلای پزیشکێکی دەروونی لەکارادایە، جیاوازە لەو دەسەڵاتەی کەمامۆستاییەکی زانکۆ هەیەتی. لە دوایدا جەخت لەوە دەکاتەوە کەدەسەڵات ستراتیژێکە تێیدا لەنێو ئەوکەسانە بەدیدەکرێ کەخاوەن پێگەی کۆمەڵایەتین و بەردەوام ئامادەیی هەیە، جیاوازن و تێیدا پەیوەندیی واقعی ناوکۆمەڵگە دەنوێنێ و بەشێواندنی ئەم واقعەی دەسەڵاتیش پەیوەست بە خاوەن پێگە مەرج نییە سەرکوتکردن و شکاندنەوەی بەرامبەر لێبکەوێتەوە (عەدالەت عەبدوڵڵا، ٢٠١٥: ٣٩-٤١). لێرەدا (فۆکۆ) چەمکی دەسەڵات وەك هەقیقەتێکی کۆمەڵایەتی و

دەستڕۆیشتوو لەناو کۆمەڵگە بەگشتی و ڕەنگدانەوەی لەناو ئاخێوەران بەتایبەتی دەنەخشێنێ، ئەم نەخشاندنەش ڕێگایەکە لەسەر بنەمای پێگەی کۆمەڵایەتیی تاك دێتەکایەوە، بەمەش فۆڕمی جیاوازیی دەسەڵات وەك: (ڕۆشنبیری، دەروونی، سیاسی، ...هتد) ڕەنگدەداتەوە، لە ڕووی فۆڕمی دەوڵەت و سیاسەتدا کورت ناکرێتەوە. بەم پێیە دەسەڵات پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان تاك و کۆمەڵگە دروستدەکات و ئاڕاستەی ڕەهەندەکانی لەوێدا زیاتر گەڵاڵە دەکرێت.

"**ڤاندایك**" لەسەر بنەمای پێگەی جیاوازیی نێوان تاکەکان و لە چوارچێوەی دەستڕاگەیشتن ئەم چەمکە دەناسێنێت و پێی وایە؛ دەسەڵات بەواتای دەستڕاگەیشتن بەئاست و پێگە و سەرچاوە کۆمەڵایەتە جیاوازە بەهادارەکانی وەك: دارایی ، پیشە، پێگەی کۆمەڵایەتی، یان لە ڕاستیدا دەستڕاگەیشتنی بەگوتار و پەیوەندییە گشتی و چەسپاوەکان (ڕەحیم سورخی،٢٠٠٩:١٠٣). واتە؛ دەسەڵات بریتییە لەپێگەی جیاوازیی تاك، ئەو پێگەیەش وادەکا کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی لەسەر گوتاری ئەوکەسە و هەڵسوکەوتەکانی هەبێ و دەستڕاگەیشتنی تێدا دەردەکەوێ. ئەم پێناسەیە ئەگەرچی لەگەڵ پێناسەکانی پێشوو زۆر لەیەك نزیکە، بەڵام ئەوخاڵە جەوهەرییەی کەلەم پێناسەیەدا بەدیدەکرێ ئەوەیە کە ئەو کەسەی خاوەن پێگەیەکە دەستڕاگەیشتنی دەبێ.

بەتێڕوانین و وردبوونەوە لەپێناسەکان و ئەو بۆچوونە جیاوازییانەی کە لەمەڕ چەمکی دەسەڵات خرایە ڕوو، دەسەڵات چەمك و مانای فراوانی هەیە وەك پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی خۆی لەفۆڕمی جیاواز دەبینێتەوە، لەوەی کەزیاتر خۆی لەمانای تەسکی حکومی و سیاسی و دەوڵەتداری ببینێتەوە. بۆیە دەتوانرێ کۆی پێناسەکان لەم خاڵانەی خوارەوە کورتبکرێتەوە:

١- دەسەڵات، دەستڕاگەیشتنی تاکە لەبەرامبەر تاکێکی تر، یان کۆمەڵێك لەبەرامبەر کۆمەڵێکی تر، بەپێی ئەو بنەمایەو پێگەیەی، کەئەوکەسە ، یان ئەو کۆمەڵە هەیەتی، ئەم دەستڕاگەیشتنەدەردەکەوێ.
٢- دەسەڵات، هەقیقەتێکی کۆمەڵایەتیی نایەکسانی نێوان تاکەکانە.
٣- دەسەڵات، یەکێکە لەو پێوەر و ئامرازە هەرە گرنگانەی کە ئاست و پلە و پایەی کۆمەڵایەتیی نێوان ئاخێوەران دیاریدەکات.
٤- دەسەڵات، پردێکی گرنگی ستوونی لەنێوان تاك و کۆمەڵگە دروستدەکات، لەوەی ئەم پردە تەنها لەچوارچێوەی جۆرێك، یان فۆڕمێك، یاخود ڕەهەندێك گوزارشتی لێبکرێت.
٥- دەسەڵات، وەك فۆڕمێك لەفۆڕمەکانی هێز خۆی دەنوێنێ، نواندنی ئەو هێزەش کاریگەریی لەنێو کۆی بوونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دروستدەکا، هەر لە پێکهاتەی خێزان تا دەگاتە نێو سەرجەم شوێنە ڕەسمییەکانیش، ئەم کاریگەرییە لێی دابڕاو نابێ.
٦- دەسەڵات لەگەڵ زماندا لە پەیوەندییەکی پتەو و بەهێزدایە، چونکە کاریگەریی پێگەی ئەو کەسە و بەرجەستەکردنی ئەو دەسەڵاتە لەنێو ئاخێوەرانی کۆمەڵگە بەگشتی و بەتایبەتی لە ڕێی زمانەوە گوزارشتی لێدەکرێت، لەم ڕووەوە وەك خاوەن دەسەڵات شێوازی قسەکردنی جۆرێ لەهێز و باڵادەستیی تێدا دەردەکەوێ.

بەمجۆرە؛ دەسەڵات پێکهاتە و هەقیقەتێکی کۆمەڵایەتی هەیە، پەیوەندییەکی نایەکسانی دەستڕاگەیشتنی گشتگیری نێوان تاکەکانە، کەتێیدا تاك لەسەر بنەما و پێگەی کۆمەڵایەتی جیاوازی وەك: (ئابووری، سیاسی، کەلتوری، ڕۆشنبیری، ...هتد)بەدەستیدەهێنێ ،وەك ئامراز و پێوەرێکی گرنگ خۆی لەنێو سەرجەم دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان و پێکهاتەی کۆمەڵگە بەگشتی دەبینێتەوە. لە ڕێی زمانەوە بەرجەستەی کرداری ڕەهەندەکانی خۆی لەنێوان ئاخێوەران بەگشتی و کەسانی خوارتر لەخۆی بەتایبەتی دەردەخات.

لێرەدا دەردەکەوێ هەر لەدێر زەمانەوە مرۆڤ پێویستیی وبوونی دەسەڵاتی زانیوە و لەوکاتەوەش کە خۆی لەنێوکۆمەڵێك ، یان گروپێکی مرۆڤیدا بینیوەتەوە و تێیدا ژیاوە پەیڕەویکردووە. دەسەڵات تەنها بیرۆکەیەکی نوێ نەبووە، یاخود چارەسەرێك نەبووە بۆ کێشەی ئەو پێکهاتەییەی کە تایبەتە بە بەخشینی ئیمتیاز گەلێکی دیاریکراو، بەڵکو دابینکەرێکی گرنگ بووە بۆ پێویستی و ڕێکخستن و بەرژەوەندی جیاواز هاتۆتە ئاراوە ، هەتا ڕۆژگاری ئەمرۆش زۆرێك لەو ڕێکخستن و بەرژەوەندییانە ماون و بەردەوامن (عەدالەت عەبدوڵلا،٢٠١٥:٣١). کەواتە دەسەڵات ڕەگ و ڕیشەیەکی دێرینی هەیە، ناتوانرێ وەك ڕەهەندێکی مێژوویی - دیاریکراو، تەنها لەنێو کۆمەڵێك ، یان پێگەیەکی دیاریکراو چەقبەستووی بکرێت، بەڵکو دەکرێت دەسەڵات بەهەموو ڕەهەندە جۆراو جۆرەکانی لە ناو هەرکۆمەڵگەو کەلتورێکداڕەنگدانەوەی هەبووە، بەڵام کەلتورێك بۆکەلتورێکی تر لەڕێگای ئەوبنەمایانەی گوزارشت لەو چەمکە(دەسەڵات)دەکەن، بەفۆرم وشێوازی جیاواز خۆی نواندووە. بۆنموونە لە کۆمەڵەمرۆییە سەرەتاییەکاندا سیستەمێکی سیاسی ڕێکخراوییان بۆ بەڕێوەبردنی ژیانیان هەبوو،واتە ئەوەی ژیانیان ڕێکدەخستن سەرۆك و ڕێبەرەکانییان بوون(ئامانج عەلی٢٠٠٣:٦٢). هەرلەڕوانگە مێژووییەکانەوە، بەپێی سەرچاوە مێژوویی و هەڵکۆڵراوە دێرینەکان و ئەو شتانەی لەسەر گەل و میللەتانی پێشوو دۆزراونەتەوە، ئەوەیان وتووە گردبونەووەکانی مرۆڤی کۆن خۆی لە هەندێ کۆمەڵی بچوك و گەورە دیوەتەوە، لەناو ئەو کۆمەڵانەدا چینی جیاواز بینراوە، بەشێوەیەك بەهێزترین کەس تیایدا خاوەن فەرمان بووە بەسەرگشت ئەندامەکانی دیکەدا، کەئەمە زیاتر پشت بەستن بووە بە هێزی جەستەیی (ئیبراهیم ناسر، دانا نادر،٢٠٠٣ :٢٣١- ٢٣٢). دوای ئەم قۆناغانە دەسەڵات زیاتر چەکەرەی کردوخۆی لەنێو بونیادی خێزانیشدا ڕەنگرێژ کردو بەچەندین قۆناغ و فۆڕم و شێوەی جیاواز تێپەری (تەلار ئەحمەد، ٢٠٠٩: ١٠٨- ١١١).

ئەگەر سەیری چەمکی دەسەڵات لەنێو کۆمەڵگەو کەلتوری کوردی بکرێ،بەڕەهەندە جیاوازەکانی (سیاسی، ئابووری ئاینی، چینایەتی،..... هتد ) ڕەنگدانەوەی هەبووە، بەڵام بەپێی قۆناغە مێژووییە یەك لەدوا یەکانیدا بەشێوەو فۆڕمی جیاواز دەرکەوتووە، واتە گۆڕانی جیاوازیی بەخۆیەوە دیوە. بۆ نموونە لەوکاتەی کۆمەڵگەی کوردی جۆرێ لە چینایەتی ناسیووە، دەسەڵات لە نێویدا ڕەنگدانەوەی دەرکەوتووە، چونکە پلە بەندی و چینایەتی لە سەر بنەمای دەسەڵات و ئابووری و داهاتی زۆرو... هتد، بینراوەو کاریگەریی خۆی بۆئەم مەبەستە هەبووە، بەمەش لێرەدا چینێکی دەسەڵاتدار وەك چینی سەروو،کە خاوەن دەسەڵات و پێگەی جیاوازبوون، باڵادەست و دەسەڵاتداربوون لە بەرامبەر چینەکانی خوار خۆیان و شێوازو قسەکردنییان باڵادەستیی زۆریان پێوەدەبینرا (عەتا قەرەداغی، ٢٠١١:٢٨). لە

ئێستاشدا لەکۆمەڵگەی کوردی دەسەڵات وەك دەستڕاگەیشتن لە بەرامبەر شتێك ، یان کەسێك ، لەنێو سەرجەم فەرمانگەو شوێنە ڕسمییەکان پەیوەست بە تاکەکانی کۆمەڵگە ڕەنگدانەوەی هەیەو بە فۆڕم و شێوەی جیاواز دەردەکەوێت و کەسانێك هەن جۆرێ لە دەسەڵاتییان هەیە و باڵادەستیی و دەستڕۆیشتوییان تێیاندا بە ئاشکرا لە بەرامبەر کەسانێك دەبینرێ کە لەڕووی پێگەو دەسەڵاتەوە لە ئاستی ئەواندانین. ئەم ڕەهەندو دەرکەوتە جیاوازییانەی دەسەڵاتیش بەگشتی سەرەداوێکی گرنگی باڵادەستیی زمان لە کۆمەڵگەکەن و کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەتی دەردەخات.

کاتێك لەم لێکۆڵینەوەیەدا باس لە چەمك و ماناکانی دەسەڵات دەکرێت، ئەوا لەڕاستیدا باس لەدەسەڵات وەك دەستڕاگەیشتن و دەستڕۆیشتویی تاکێك لەبەرامبەر کەسێکی تر،یان کۆمەڵێك لەبەرامبەر کۆمەڵێکی تر، دەکرێ ئەمەش، لەسەر بنەمای ئەو پێگەو دەسەڵاتە جیاوازانەی کەئەوکەس و کۆمەڵە هەیانە، جا ئەو دەسەڵاتەش دەسەڵاتی ئابووری یان سیاسی بێت ، یانیش هەرجۆرێکی تری دەسەڵات بێ، لێرەدا دەسەڵات و جۆرەکانی وەك سیمایەکی گرنگ کە ڕۆڵی هەژموونکردن و کۆنترۆڵکردنی تاك و کۆمەڵگە دەبینێ و ئاست و پێگەی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە دەردەخا، بەوەی کێ باڵادەست و کێ دەستڕۆیشتووە و کێش هاوشانە؟ لەم ڕوانگەیەوە دەسەڵات بەهەموو فۆڕم و جۆرەکانی جگە لەوەی کاریگەریی لەسەر کەسی خاوەن دەسەڵات لەڕووی هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردنەوە دەبێ، هاوکات وەك بنەمایەکی گرینگیش ڕۆڵی هاتنەکایەوەی باڵادەستیی زمانی کەسی خاوەن دەسەڵات دەبینێ. لەم ڕووەوە پەیوەندییەکی سێ کوچکەیی گرنگ و پتەو لەنێوان "زمان و دەسەڵات و کۆمەڵ" دێتەکایەوە، چونکە بەکردارکردنی ئەو دەسەڵاتە لەڕێی زمانەوە دەردەبڕێ و پەیوەندییشی بەتاك و کۆمەڵگە و پێکهاتەکانییەوە دەبێ.

## ٢ / ٢ – ١ – ٣ ) زمان و دەسەڵات (پەیوەندیی و کاریگەرییان لەسەر یەکتردا):

باسکردنی پەیوەندیی و کاریگەریی نێوان "زمان و دەسەڵات" لەپەیوەندیی نێوان "دەسەڵات و کۆمەڵگە" نزیکمان دەکاتەوە، چونکە لەلایەك زمان و دەسەڵات هەردووکیان لەکۆمەڵگە هەڵدەقوڵێن و وەك دیاردەو هەقیقەتێکی کۆمەڵایەتیی دەردەکەون، لەلایکی تریشەوە کۆمەڵگە ئاستی کۆمەڵایەتی جیاوازیی تێدایە و لەسەر بنەمای دەسەڵات دێنەکایەوە، بۆیە لێرەدا سەرەتا باسکردنی پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگە بەپێویست دەزانرێت، چونکە پەیوەندیی نێوان زمان و دەسەڵات زیاتر دەردەخا، سەرئەنجامیش پەیوەندیی و کارلێکی بەهێز لەنێوان هەرسێکیان (زمان و کۆمەڵگە و دەسەڵات)دروستدەبێ.دواتر هەریەك لەپەیوەندیی و کاریگەریی و ڕەهەندە جیاوازییانەی کەلەنێوانیاندا بەدیدەکرێ و لەسەریەکتری دروستدەکەن بەپوختی ئاماژەی پێدەکرێ و ڕووندەکرێتەوە.

کۆمەڵگە وەك بوونیادێکی کۆمەڵایەتی، لەکۆمەڵێك تاکی جیاواز پێك هاتوون و خۆیان وەك یەکەیەکی کۆمەڵایەتی پێکەوە گونجاو و ڕەخساندووە، کەتێیدا ڕۆڵێکی گرنگ لەڕێکخستن و پێکەوەژیانی نێوان تاکەکان دەبینێ. هەر کۆمەڵگەیەك کۆمەڵێ ئاستی کۆمەڵایەتی جیاواز و پێگەی جۆراوجۆری وەك: (کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیری، ئاینی، ...هتد) تێدایە، هەریەك لەو ئاست و پێگە جیاوازانەش بەشێوەیەك لەشێوەکان جۆرێ لەدەسەڵاتی تێیاندا دەردەکەوێ، ئەو دەسەڵاتەش پلەو پایەی

کۆمەڵایەتی و دوورونزیکی نێوانیان دەردەخات، بەڵام مەرج نییە چۆنییەتی و خستنەڕووی ئەودەسەڵاتەی کە لەنێو ئەو پێگانە دەردەکەوێ، لەهەموو کۆمەڵگە و کەلتورێك وەك یەك بێت، بەڵکو دەشێ بەپێی کەلتور و کەس و شوێن و ...هتد، گوزارشتکردنیان جیاواز دەربکەوێ و گۆڕانیان بەسەردا بێ. بۆنموونە هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا ،بەپێی کەلتوری کوردی پێگەی کەسی بەتەمەن جیاوازە لە کەسێك کەلەڕووی تەمەنەوە هاوشانی کەسی ناوبراو(کەسی بەتەمەن)نییە،ئەم جیاوازییەی پێگەی تەمەنی نێوان ئەمانەش ، سەرچاوەی لەدەسەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە هاتووە، کەکۆمەڵگە پێی داوە، بەوەی کە دەبێ ڕێز لەکەسی گەورە بگیرێ. کەواتە؛ جیاوازی ئەم پێگە تەمەنەی نێوان ئەو دووکەسە، کەپەیوەستە بەدەسەڵاتەوە، پەیوەندیی و کارلێکی بەهێزی نێوان (کۆمەڵگە و دەسەڵات) دەردەخات، تەنانەت جیاکردنەوەشیان لەگەڵ یەکتریدا ئەستەم دەبێ، چونکە دەسەڵات و ئاست و پێگەو پلەو پایەی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەرانی کۆمەڵگە دیاریدەکا، ئەودەسەڵاتەش لەناو زمانی ئاخێوەرانی ئەو کۆمەڵگەیە ڕەنگدانەوەی دەبێ و بەکاردێ،هەرلەناو کۆمەڵگەشدا بوونیاد و پێکهاتەکانی بەشێوەی جیاواز دەردەکەوێ و بەپێی دەوروبەریش گەشەو گۆڕانی بەسەردادێ.

بوونی ئەو پەیوەندیی و کاریگەرییەی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەش ، مێژوویەکی دێرینی هەیە و لەناو هۆز و خێڵ و چینەکان دەبینراو ئەو کەسەی خاوەن پێگەیەکی بەرز بووایە لەناو کۆمەڵگەدا بەکەسێکی باڵادەست و دەستڕۆیشتوو لەقەڵەم دەدرا، بەتایبەتی لەبەرامبەر ئەوکەسانەی کەلەڕووی دەسەڵات و پێگەوە لەئاستی ئەوکەسەدا نەبوون، واتە پێگەیان نزم، یان لاواز بوو،دواتریش ئەو سیستەمە لەناو خێزاندا هەستی پێدەکرا.(١)

ئامرازی بەرجەستە کردن جێبەجێکردن ئەو دەسەڵات و پێگە جیاوازییانەی کۆمەڵگە لەڕێی زمانەوە ئاڕاستە دەکرێ و بۆناو ئاخێوەران دەگوازرێتەوە، سەرئەنجام ئەو دەسەڵاتە کاریگەریی لەسەر پێگەی زمانی ئاخێوەر دەبێ و وادەکا پێگەی زمانیی جیاوازی وەك: (باڵادەستیی، ژێردەستیی، هاوشانیی،هاوکاریی) تێیاندا دەرکەوێ. بۆنموونە پێگەی زمانیی بەڕێوەبەرێك لەبەرامبەر فوتابییەکەی، پێگەیەکی باڵادەستییە، چونکە بەڕێوەبەر دەسەڵاتێکی کارگێڕی هەیە، لەبەرامبەردا پێگەی زمانی: فەرمانبەرێك پێگەیەکە جۆرێ لەنزمی، یان ژێردەستی پێوەدیارە، بەڵام پێگەی زمانی نێوان دوو فەرمانبەر زیاتر هاوشانییە، چونکە هەردووکیان لەڕووی دەسەڵات و پێگەوە لەیەك ئاستدان و کەسیان لەکەسیان بەرزتر نین، کەواتە؛ لێرەدا زمان تەنیا وەك ڕێگایەك بۆدەربڕین یان بیرکردنەوە ، یاخود جێبەجێکردنی پێویستییەکان ناژمێردرێت، بەڵکو دەبێتە خاوەن دەسەڵات،ئەم دەسەڵاتەش بەمانا چەمکە فراوان و کۆمەڵایەتییەکەی دەستڕۆیشتووە بەهەموو شێوەو جۆرەکانی:(ئابووری، سیاسی، کەلتوری، ئاین،کۆمەڵایەتی، ...هتد)،وەك ئامرازێکی کۆمەڵایەتیش فەرمان و بڕیاری جیاواز دەردەکات (محمدحسن،١٥٦:٢٠٠٩).

کەواتە ،زمان و دەسەڵات وەك چالاکییەکی کۆمەڵایەتی خۆیان دەنوێنن و پەیوەندیی و کاریگەریی بەهێز لەسەر یەکتر دروستدەکەن، بەمەش ئاست و پێگەو پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و دوورو نزیکی

---

(١) بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە،پاری(٣/٨/٣/٢).

کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەران بۆدیاریدەکەن،بەم پەیوەندیی و کاریگەرییەی نێوان دەسەڵات و زمان، بەتایبەت کاریگەریی دەسەڵات لەسەر زمانی پێگەی تاك ، بەوە کۆتایی نایەت کەدەسەڵاتێکی زمانی ڕووت پەیوەست بەخاوەن دەسەڵات ڕەنگبداتەوە، بەڵکو کاریگەریی ئەم دەسەڵاتە لەسەر زمانی قسەکەر وادەکا زمانێکی باڵادەست و دەستڕۆیشتووی تێدا دەرکەوێ و وەك پێوەرێکی سەرەکیش بۆهاتنە کایەوەی ئەو زمانە باڵادەستییەی تاك لەقەڵەم دەدرێ. بوونی ئەم زمانە باڵادەستییەی لەسەر بنەمای ئەم پێوەرە (دەسەڵات )، وادەکا شێوازی قسەکردن و گوتنەکانی باڵادەست و بەهێز دەرکەوێ، واتە، لەڕێگای دەسەڵاتەوە ئاخێوەر تواناو دەستڕاگەیشتنی بەسەر کەسێکی تر دەبێ، کەدەسەڵاتەکەی لەبەرامبەر قسەکەردا نزمترە، ئەو دەسەڵاتەش لەڕێگای زمانەوە دەگوازرێتەوە،بەڵام چۆنی دەگوازێتەوە؟هەندێجار لەڕێگای ناودانان زمان ئەو دەسەڵاتە دەگوازێتەوە، کەئەو ناودانانەش شێوەی کۆمەڵایەتی و کەلتوری هەیە و لەجیهانی دەوروبەردا بەهاو نرخی پێدەدرێ و لەڕێی نازناوەکان دەنوێندرێت و بەشێوەی جیاواز دەردەکەون.بۆنموونە بەکارهێنانی نازناو بۆ ناودانانی کەسێك پێگەیەکی ئاست بەرزی هەیە وەك: (شێخ، مەلا، موفتی)، کەهەریەك لەمانە بەپێی خوێندنیان لەناو ئەم پێگەیەدا جۆرێ لەدەسەڵات لەپێگەکەیان دەبینرێ. هەندێجاریش لەڕێگای بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەمی تاك(من) زمان ئەو دەسەڵاتە دەگوازێتەوە و بەدیار دەکەوێ، وەك: (من وام کرد، من پێت دەڵێم، من ئەو ڕەتدەکەمەوە، ...هتد)،یاخود لەڕێگای ئەرك پێدان، کە بەپێی ئەرکی پیشەیی و پێگەی کەسەکە زمان ئەو دەسەڵاتە دەگوازێتەوە و ئەرکی جۆراو جۆر لەگوتن و قسەکانی کەسی دەسەڵات دەردەکەوێ، کەگوزارشت لەباڵادەستیی کەسەکە دەکەن. لەبەرامبەردا لێکەوتەو ئەم کاریگەرییەی دەسەڵات لەسەر زمان، وادەکا زمان بۆبەرژەوەندی و مەرام و مەبەستی کەسی دەسەڵات بەکاربێت و کاریگەریی و ڕەهەندەکانی بەتایبەت لە بەرامبەر کەسی بێدەسەڵات دەربکەوێ، ئاستی کۆمەڵایەتی جیاواز و دورونزیکی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی نائاسایی و چەندین کاریگەریی تر بهێنێتە کایەوە(ڕەحیم سورخی، ٢٠١٣: ٨٣ – ٨٤). لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆشماندا ئەو پەیوەندیی و کاریگەرییەی نێوان زمان و دەسەڵات بەئاشکرا لەنێو ئاخێوەراندا هەستی پێدەکرێ و کەسانێك هەن خاوەن دەسەڵات و پێگەیەکی کۆمەڵایەتین و ڕێز لە وتەو قسەکانیان دەگیرێ ، زمانی قسەکردنییان باڵادەستییان پێوەدیارە، بەتایبەت لەبەرامبەر کەسانی بەردەستی خۆیان، کەلەڕووی دەسەڵات و پێگەوە لەئاستی ئەواندا نین.

لەئەنجامی ئەو بەریەککەوتن و پەیوەندیی و کاریگەرییانەی نێوان هەریەك لە "دەسەڵات و کۆمەڵگە و زمان، پەیوەندییەکی سێ کوچکەیی و لێکدانەبڕاو لەنێوان (زمان و کۆمەڵگاو دەسەڵات) دروست دەبێت و جیاکردنەوەشییان لەگەڵ یەکتردا ئەستەم دەبێت، چونکە هەرسێکیان پەیوەستن بەیەکتری، دەسەڵات کاریگەریی بەسەر زمانەوە هەیە وپێگەی زمانی تاك لەکۆمەڵگەدا دەردەخات، ئەو دەسەڵاتەش لەڕێی زمانەوە دەگوازرێتەوە ناو ئاخێوەرانی کۆمەڵگە، سەرئەنجام لەناو کۆمەڵگەدا ئاست پلە پایەی کۆمەڵایەتی وەك:(بەرز ، نزم، ناوەند)دێتە کایەوە و پەیوەندیی و کارلێکی بەهێز لەنێویاندا دەبینرێت.

## ٣/٢) هۆكارەكانی ڕەنگدانەوەی باڵادەستیی زمان:

### سەرەتا:

مەبەست لە هۆكارەكانی ڕەنگدانەوەی باڵادەستیی زمان، بریتین لە كۆمەڵێك فۆڕم و پێگەی كۆمەلایەتی جییاوازی وەك: (سیاسی ، ئابووری، كۆمەلایەتی ، ئاینی، ... هتد)،كەلەنێو ڕۆنان و بوونیادی كۆمەڵگەدا ڕەنگدانەوەیان هەیە. لەسەر پێوەری چەمكی هێز و دەسەڵاتی جیاواز، بەمانەهەقیقەت و جەوهەرییەكەی ، كەبریتییە لە تواناو دەستڕاگەشتنی تاك لەچوار چێوەی پرۆسەی پەیوەندییەكۆمەلایەتییە گشتگیرەكاندا،نەك بەمانا بەر تەسكییەكەی كەزیاتر لەچوار چێوەی پێگەی سیاسی و دەوڵەت باسی لێوە كراوە.ئەو بنەمایانەش كاریگەریی و پەیوەندیی بەهێزیان بەزمانی ئاخێوەرانەوە هەیە، بەوەی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لەپەیوەندیی نێوان ئاخێوەراندا ، تەنانەت پلەو پایەی كۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەران دیاریدەكەن و دوو شێوەی پەیوەندیی جییاوازی وەك: (ئاسۆیی و ستوونی) دەهێنێتە كایەوە.زمانیش وەك ئامرازێكی كۆمەڵایەتی لەنێو ئەو بنەمایانەدا بەئەركی كۆمەلایەتی خۆی جێبەجێدەكات و ڕۆڵێكی گرنگ لەگواستنەوە و گەیاندنییان دەبینێت ، بەشێوەیەك شێوازی قسەكردن و پێگەیزمانیی جیاوازیی وەك:(باڵادەستیی،ژێردەستیی، هاوشانیی،هاوكاری)،دەهێنێتە كایەوە، لەخوارەوەش هەوڵدەدرێ گرنگترین بنەماكان ڕوونبكرێتەوە:

### ٣/٢- ١) پێگەی ئایینی:

یەكێك لەو پێگە كۆمەڵایەتییانەی، كە تێڕوانینیكی بەرزو دروست لەنێو كۆی بوونیادی كۆمەڵگەدا هەیە (ئایین)ە، كەدەتوانێ پەیوەندییەكی ڕۆحی و كۆمەڵایەتی چالاك لەنێو تاكەكانی كۆمەڵگە دروستبكات. چەمكی ئایین، وەك وشە لە زمانە ڕۆژئاواییەكاندا لە بەرامبەر وشەی ئینگلیزی (Religion) دەوەستێ، كەبەمانای یەكبوونی كۆمەڵ و ناسنامەكانیان دێت.یاخود وابەستەیەكە بەردەوام هێزی كاریگەریی هەیە.وەك زاراوەش بریتییە لەكۆمەڵێك بیرو باوەڕی دروست،كەتاكەكانی كۆمەڵگە بەیەكەوە دەبەستێتەوە. یان بیریتیە لەو پەیوەندییە ڕوحیەی ، كەلەتوانای دایە كۆنترۆڵی هزرو ڕەوشتی تاكەكان بكات و سستەمی كۆمەلایەتی نێو كۆمەڵگە بەگشتی چالاك بكات و هێمنی و ئارامی و سەقامگیری بهێنێتە كایەوە (محمود كەریم ،٢٠١٤ :١٠-١١)، كەواتە، ئایین هەڵسوكەوتی ڕوحی و كۆمەڵایەتی بەهێزی نێوان تاكەكانە و ڕۆڵێكی گرنگ لە هزرو پەیوەندیی كۆمەڵایەتی نێوان تاكەكان دەبینێ. زمانیش وەك هەڵسوكەوتێكی كۆمەڵایەتی ئامانج و پەیام و مەبەستەكانی ئایین ئاڕاستە دەكات و ڕۆڵی گرینگ لە گواستنەوەو گەیاندنییان دەبینێت.

پەیوەندیی بەهێز لەنێوان ئایین و زماندا هەیە،چونكە هەر ئایینێك زمانێكی دیاریكراوی هەیەبۆ ئەوەی پەیام و مەبەستەكانی لەڕێگای ئەم ئامرازەوە ، (زمان)لەنێو كۆمەڵگەی مرۆییدا بڵاو بكاتەوە. كەواتە؛ هیچ ئایینێك بەبێ زمان ناتوانێ بنەماو مەبەستەكەی خۆی بگەیەنێت.بۆیە ئایین ڕۆڵێكی گرنگ لە ژیانی كۆمەڵگەی مرۆییدا دەبینێت زمانیش وەك شادەماری پەیوەندیی نێوانیان دەردەكەوێت (ئازاد عەزیز،١١:٢٠١٤). بەم شێوەیە پەیوەندییەكی بەهێزو كاریگەر لەنێوان(زمان و ئایین و كۆمەڵ)دێتە كایەوە، چونكە زمان وەك ئامرازێكی كۆمەڵایەتی لێرەدا ئاڕاستەو پەیامی ئایین دەگوازێتەوە و

کۆمەڵیش لەڕێی ئەو ئامرازەوە گوزارشت لەو پەیامە ڕوحیە دەکات و کاریگەریی گرینگ لەسەر زمان و هەڵسوکەوتی ئاخێوەران دروستدەکات.

ئایین لەنێو کۆمەڵگەدا خاوەن جۆرێ لەدەسەڵاتە و هیچ کۆمەڵگەیەکیش بەدەر نییە لەو دەسەڵاتە، بەڵام دەسەڵاتی ئایین جیاواز لە دەسەڵاتەکانی تر هەڵگری بەهای پیرۆزییەو چاودێرێکە بۆ مرۆڤی باوەردارو بەپێگەیەکی گرینگ سەیر دەکرێت. لەکۆمەڵگەدا ئەو تاکانەی کە خاوەنی ئەو پێگەیەن وەك: (مەلا ، فەقێ ، شێخ ، موفتی، ...هتد) ڕێزیان لێ دەگیرێ و بە چاوی جیاواز سەیر دەکرێن و بیرو بۆچوونەکانیان بەهەند وەردەگیرێ، چونکە سەرچاوەی دەسەڵاتەکەیان لەلایەن خوای گەورەو میهرەبانەوەیە. ئەو دەسەڵاتەش وادەکات:

١ـ پەیامەکەیان لەنێو کۆمەڵگەدا کاریگەرو بە گرنگ سەیر بکرێت.

٢ـ زمان و شێوازی قسەکردنییان دەستڕۆیشتوویی لەنێو ئاخێوەراندا پێوەدیاربێت.

٣ـ ڕۆڵی گرنگ لە چاکسازی کۆمەڵایەتی ببینن و تێیدا بەشداربین (شیلان عوسمان،٢٠٠٩:٧).

کەواتە؛ئەم پێگەیە سەرچاوەکەی لەخوای گەورەوەیە.کەبریتییە لە (قورئانی پیرۆز)و (لەفەرمودەکانی پێغەمبەری خوا، سەڵات و سەلامی خوای گەورەو میهرەبانی لێبێت). ئەو دەسەڵاتە جۆرێ لە زمانی تایبەتی بەو پێگەیە دەبەخشێ، کە دەستڕۆیشتویی پێوە دیارە، بەم شێوەیە، یەکێك لە تایبەتییە هەرە گرنگەکانی زمانی ئەو پێگەیە ئەوەیە کە ئەو زمانە دەستڕۆیشتویی پێوە دیارە وجۆری باڵادەستیی زمانی تێیدا دەردەکەوێ.

کاتێك سەیری نێو پێگەی ئایینی دەکرێ، کۆمەڵێ کەرستە هەن، وەك یەکەی گەیاندن ڕۆڵ دەبینن، کەوەك کەسایەتی ئایینی لەنێو کۆمەڵدا سەیر دەکرێن، لەو کەرستانەش: (مەلا، شێخ ، فەقێ ، موفتی،... هتد)، هەریەك لەمانەش لەڕووی پلەو پایەی ئاینییەوە لەگەڵ یەکتری جیاوازن. بۆنموونە پلەی ئایینی مەلا لەکۆمەڵگەی کوردیدا، لەپێگەی فەقێ بەرزترە، چونکە لەڕووی خوێندنی ئاینییەوە لەفەقێ زیاتری خوێندوە،شارەزایشی لەبووارەکانی نێو ئایین زیاترە،جگە لەمەش ئیجازەی مەلایەتیشی وەرگرتووە. هەروەها لەنێو خەڵکیشدا پێگەی (مەلا) زیاترە و ناسراوترو قسەکانی بەگرینگ وەردەگیرێن. ئەمانەش وادەکەن شێوازی قسەکردنەکانی باڵاتر بێ لە فەقێ. بۆنموونە ئەگەر سەیری ئەم بەکارهێنانەی خوارەوە بکرێ:

**-ئاخاوتنی ژمارە(٢)، پێگەی ئایینی:**

**-شێخ بۆ دەروێشەکانی: بچۆ...چوار (فاتیحە)بخوێنە.**

لێرەدا هەردو وشەی (شێخ و دەروێش) نوێنەری پێگەی ئایینین، کە(شێخ)دەسەڵات و پێگەی لە(دەروێش) زیاترە.جیاوازی ئەو پێگە ئایینییەی نێوانیشیان وایکردووە (شێخ) ئامۆژگاری (دەروێشەکان)ی بکات. کەواتە؛ لێرەدا دەسەڵاتی زمانی ئایین، دەسەڵاتێکی بەرزەو پێگەی زمانیی

تایبەتیی هەیە و شێوازی قسەکردنی خۆی لەپەیامی ئامۆژگاری دەبینێتەوەو ڕۆڵی گرینگ دەبینێ لەگەیاندنی پەیام و ئاڕاستە کردنی لەنێو خودی کەسانی پێگەی ئایین و کۆمەڵگەش بەگشتی.

**٢/٣- ٢)پێگەی سیاسی:**

سیاسەت[١] یەکێکە لە لقە گرنگەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆڵی گرنگی لەدابینکردنی ئاسایشی وڵات کۆنترۆلکردنی کۆمەڵگەو دروستکردنی پەیوەندیی جۆراو جۆری ئابووری و سیاسی و ...هتد، لەناوەخۆ و دەرەوە دەبینێ.لەئەنجامی فراوانی ئەو چەمکە و دروستکردنی ئەم پەیوەندییە جیاوازییانە. ئەم زانستە پێناسەی جیاوازی بۆکراوە، کە گرنگکترینییان ئەمانەی خوارەوەن:

- چەمکی سیاسەت، هونەری پیادەکردنی دەسەڵاتە لەپەیوەندیی نێوان دەسەڵات و تاك و جەماوەر.
- بریتییە لەو ئەرکەی دەدرێت بۆهاتنە کایەوەی سیستەمی ڕێکخستنی گشتی ئاسایشی کۆمەڵگەو خستنە سەری بەرژەوەندی گشت لەسەر بەرژەوەندی تایبەتی (عەبدولواحید موشیر،١٥،٢٠١٣).

کەواتە؛ سیاسەت بریتییە لەو چالاکییە کۆمەڵایەتییەی، لەسەر بنەمای پیادەکردنی دەسەڵات ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕێکخستن و دابینکردنی ئاسایشی وڵات لەنێو کۆمەڵگەدا دەبینێت و دەتوانێ پەیوەندیی لەنێوان تاك و جەماوەر و کۆمەڵگە دروستبکا. ڕەهەند و بنەماکانی ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتییەی سیاسەتیش لەڕێی زمانەوە دەگوازرێتەوە و دەتوانرێت ئاڕاستەی نێو خودی پێگە سیاسییەکان و کۆمەڵگەو جەماوەر بکرێت. بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا، جیاواز لە واتا فەرهەنگییەکەی مانای تری بۆدەکرێ ، بەوەی لە چوار چێوەی سیاسەتی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی وڵات خۆی ڕەنگڕێژ بکات. لەم لێکۆڵینەوەیەدا چەمکی سیاسەت بە مانای دەستڕۆیشتوویی کەسی سیاسییە لەنێو خودی پێگە سیاسییەکان. واتە لە نێو پێگە سیاسییەکان کەسانێك هەن پلەیان بەرزە و کەسانێك هەن پلەیان نزمە.

سیاسەت وەك ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی کاتێك بیەوەێ خۆی بچەسپێنێ لەنێو بوونیادی کۆمەڵگەدا ئەوا پێویستیی بەئامرازێك هەیە وەکو ئەوەی مەبەستییەتی بیگەیەنێ،دیارترین و چالاکترین ئەو ئامرازەش زمانە، کە بەو هۆیەوە ڕۆڵی کاریگەر و گرنگ لەسەر وەرگر دەبینێت و دەتوانێ ئەرکە جۆراو جۆرەکانی خۆی پێ جێبەجێبکات و دەستوورو سیستەمە سیاسییەکان و ڕێکەوتننامەکانی پێ داڕێژێ. لێرەدا زمان وەك ئامرازێك سەیر ناکرێ، بەڵکو زیاتر ڕۆڵ دەبینێ و جۆرێك لەدەسەڵات وەردەگرێت، ئەو دەسەڵاتەش کاریگەریی لەسەر زمان و شێوازی قسەکردن دەبێت و ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیامی قسەکەر و ئاڕاستە کردنی بۆ گوێگر دەبێ. بوونی ئەو ڕۆڵ و پەیوەندییەی نێوانیشیان هەر لەسەر دەمی کتێبی (سیاسەت و دواندەر)ی( ئەرستۆوە) هەستی پێکراوە و گفتوگۆی زیاتری لەم بارەوە

(١) زاراوەی سیاسەت لە بنچینەدا بۆوشەی(politic)دەگەڕێتەوە، کەلە وشەی (pokis) وەرگیراوە، کە بەشاری دەوڵەت( city-state)دەگوترا.بەڵام دواتر لە قۆناغە یەك لەوای یەکەکان ئەم وشەیە پەرەی سەندو بووبەو زاراوەیەی کە بۆهونەری کارگێڕی وبەڕێوەبردنی دەوڵەت بەکاردەهات (عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٣: ١٥).

کراوە(دیار عەلی،٢٠٠٩: ١٦) هەر لە ئەنجامی بوونی ئەم پەیوەندییەشدا، لقێکی نوێی زمانەوانیی بەناوی (زمانەوانیی سیاسی)[1] سەریهەڵدا.

هێزو دەسەلات لەنێو پێگەی سیاسیدا، توانای کۆنترۆلکردن و زاڵبوونی بەسەر ڕووداو کەسەکاندا هەیە و کاریگەریی و کارتێکردنی لەنێو بوونیادی کۆمەلایەتی کۆمەڵگە جێدەهێڵێت، کەبەتەنها وەك ڕێگایەك بۆدەربڕین و بیرکردنەوە ناژمێردرێت،بەڵکو دەتوانێ بڕیارو فەرمانی جیاواز دەربکا. (عەبدولواحید موشیر،٢٠١٣: ٧٧ -٧٨). کەواتە، یەکێك لەتایبەتمەندییە زمانییەکانی ئەو پێگەیە ئەوەیە جۆرێ دەسەڵاتی زمانی پێوەدیارەو کاریگەریی و دەستڕاگەیشتنی لەنێو خودی پێگەی خۆیی و دەرەوەی خۆی دەبێ.

لەنێو پێگەی سیاسیدا، پلە و پایە و پێگەی کەسە سیاسییەکان وەك یەك نین و جیاوازن لەگەڵیەکتری هەروەها پەیوەندیی و قسەکردنیشیان وەکو یەك نییە و جۆرێ لە پەیوەندیی (ئاسۆیی و ستونی) لەنێویاندا دەبینرێت، ئەمەش کاریگەریی لەسەر زمان و شێوازی قسەکردنیان دەبێ، بۆنموونە پەیوەندیی نێوان سەرۆك حیزبێك لەگەڵ جێگرەکەی ستونییە و شێوازی قسەکردنی جۆرێ لە دەستڕۆیشتوویی لە بەرامبەری پێوە دیارە، کەچی دوو ئەندام مەکتەب سیاسیی هاوشانی یەکترن لەڕووی ئەم پێگەیەوە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەم دەقەی خوارەوە بکرێ کە لەنێوان بەرپرسێکی (حزبی و کادیرەکان)ی دایە:

**-ئاخاوتنی ژمارە(١)، پێگەی سیاسی:**

**-بەرپرسی حزب بۆ ئەندام و کاردیرەکانی: پێویستە ئەوەندەتان لە دەست بێت ڕەچاوی یاسا بکەن و ببنە نموونەیەکی پێشەنگ.**

لەم دەقەی سەرەوە قسەکەر کە بەرپرسێکی حیزبییە بەپێی ئەو پلە سیاسیەی هەیەتی دەسەڵاتی بەسەر کادیرەکانی هەیە، بۆیە فەرمانیان پێدەکات بەوەی کە ڕێز لەخەڵك بگرن و ڕەچاوی یاسا بکەن و بەوردی چاودێری دۆخەکە بکەن. ئەو پلەو دەسەڵاتەشی کەوەریگرتووە لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە هەڵبژێردراوە.

لێرەدا دەردەکەوێت، ئەوانەی خاوەنی پیگەیەکی سیاسین، بەتایبەتی پێگەیەکی باڵان، لەنێو خۆیان و زۆرجاریش خەڵك زمان و دەربڕینەکانیان جۆرێ لەباڵادەستیی پێوەدیارە، چونکە خاوەنی هێز و دەسەڵاتن بەپلەی یەك، هەروەها ئابووری بەرزیان هەیە، جگە لەوەش لایەنگریشیان هەیە. ئەمانەش وایکردووە کە:

- وتە و قسەکانیان لەنێوان خۆیان و خەڵکیدا کاریگەر بن.
- بیروڕاو فەرمانی جیاواز دەربکەن.

---

(١)زمانەوانیی سیاسی: لقێکی لێکۆلینەوەی زمانەوانیی کارکییە. ئەم زانستە گرینگی بەلایەنی لێکۆلینەوەی دەق و گوتاری سیاسی (نوسین و زارەکی) دەدات و هەوڵدەدات تایبەتمەندی زمانییان دەستنیشان بکات (شێرزاد سەبری و عەبدولسەلام نەجمەدین،٢٠١١ : ٢٥).

- ڕۆڵی جیاواز لەنێو کۆمەڵگەدا ببینن.
- دەتوانن ئایدۆلۆجیای جیاواز بۆمەبەستەکانیان بەکار بێنن.

## ٣-٣/٢) پێگەی ڕۆشنبیری و زانستیی:

یەکێکی تر لەو پێگانەی ڕۆڵی لەهاتنە کایەوەی باڵادەستیی زمان هەیە ،پێگەی ڕۆشنبیریی و زانستییە. ئەم پێگەیە ئەو ڕەهەندە دەگرێتەوە، کەتاکەکانی نێو کۆمەڵگە لەڕێگای، بڕوانامەو پلەی ئەدەبی و زانستیی جۆراوجۆر بەدەستیدەهێنن.تاکە هۆی بەدەستهێنانی ئەو پلەیەش مامەڵەکردنە لەگەڵ زمان، ئەمە دەبێتە هۆی کەڵەکە بوونی سەرمایەی زمانی تاک. [1] کەواتە؛ ئەم پێگەیە لەسەر بنەمای پلەی زانستیی و جۆریّ لە سەرمایەی زمانی، بەیەکەوە ڕۆڵی کاریگەر دەبینێ لە ئاڕاستە کردنی پەیامەکاندا و بەشێوەیەك لەشێوەکان زمان و شێوازی قسەکردن و نووسینەکانی جۆریّ لە دەسەڵاتی زمانییان پێوە دیارە (شیلان عوسمان،٢٠٠٩ : ٧٢ - ٧٣).

دەسەڵاتی زمان لەنێو پێگەی ڕۆشنبیریدا دەسەلاتێکە توانای دەستڕۆیشتویی و کۆنترۆڵکردنی پێوە دیارە، بەتایبەت لەنێو چوارچێوەی خودی پێگەکەی خۆیدا،هەندێجاریش سەردەکێشێ بۆ نێو زۆر بۆنەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا.لە پێگەی ڕۆشنبیریدا ئەو پلەو پایە زانستیەی کە کەسەکان هەیانە لەیەك ئاستدا نین و لەگەڵ یەکدا جیاوازن،جیاوازیی ئەو پلە زانستییەش زۆر پەیوەندی ستوونی دەهێنێتە کایەوەو کاریگەریی لەسەر زمان و شێوازی قسەکردنییان دەبێ. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری کۆمەڵگەی کوردی بکریّ، بەئاشکرا جیاوازی ئەم پێگەیە دەردەکەوێت. بۆنموونە پەیوەندیی نێوان(دوو مامۆستا) لەڕووی ئاست و پێگەکەوە هاوشانن،ئەمەش پەیوەندییەکی هاوشانی دەهێنێتە کایەوە،بەڵام پەیوەندیی نێوان (مامۆستاو قوتابی)بەگشتی پەیوەندییەکی ستوونی دەهێنێتە کایەوە و کاریگەرییان لەسەر زمان و دەربڕینەکانیان بەئاشکرا دەبێت، ئەمەش وادەکات:

- مامۆستا لەپۆلدا زمانی ئاخاوتنی باڵادەستیی پێوە دیار بێت.
- ڕێز لەقسەکانی بگیریّ.
- فەرمان دەربکا.
- تاقیکردنەوەیان پێبکات و دوای بخات، ...هتد.

---

[1] مەبەست لە سەرمایەی زمانی، بریتییە لە چۆنییەتی و چەندێتی ئەو وشەو زاراوانەی، بەپاڵپشت لەگەل یاساوڕێسای زمان لەیادگەی تاك هەڵگیراوە،کەلە پەیوەندییەکانی بەکاریدەهێنێت و پێویستییە جۆراو جۆرەکانی ڕۆژانەی پیّ دەردەبڕێت. جگە لەمەش ئەم سەرمایە زمانییە توانای گەیاندن (communication competence) زیاد دەکات و یارمەتی تاك دەدات بۆ دروستکردنی پەیوەندیی و کاریگەریی و پەلهاویشتنی بۆ نێو پەیوەندییەجەماوەریی و کەسیەکانیش،سەرئەنجام دەسەڵاتێکی زمانی دەبێت،ئەمەش لەچوارچێوەی پێگەکەیدا. بەڵام پێویستە ئەو سەرمایە زمانییە پەرەی پێبدرێت و پەروەردەیەکی باش و چالاکی بکرێت، چونکە هەرچەند قسەکەر سەرمایەی زیاتری هەبێت ئەوا توانای گەیاندنی و پەیوەندییکردنی گەشەو فروان دەبیّ، بەپێچەوانەوە (شیلان عوسمان،٢٠٠٩ : ٧٢ - ٧٣).

بەڵام هەندێجار پەیوەندیی نێوان ئەم دووانە(مامۆستاو قوتابی)جۆرێ لە هاوڕێیەتی پێوە دیارە.واتە لەوانەیە بەپێی کەسەکان بگۆڕێت،بەڵام وەك پێوەرێکی گشتی (مامۆستا)بەرامبەر (قوتابی) باڵادەستە.هەرکاتێکیش (مامۆستا)پێگە ڕۆشنبیرییەکەی نەما ئەوا دەسەڵاتەزمانییەکەی گۆڕانی بەسەردابێت. بۆنموونە ئەگەر سەیری ئەو گوتنەی خوارەوە بکرێ، بەئاشکرا پێگەی ڕۆشنبیری و دەسەڵاتی زمانی کەسەکان دەردەخات، وەك ئەم نموونەیە:

**-ئاخاوتنی ژمارە(١)،پێگەی ڕۆشەنبیری:**

**- مامۆستا: بۆ پێکەنی؟**

**-قوتابی: وەڵڵا...**

ئەم گوتنەی مامۆستا ئەگەر چی لە شێوەی پرسیار دەربڕاوە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە گلەییکردنی مامۆستاییە لە قوتابی، بەوەی پێمەکەنە و ڕێزی خۆت بگرە. قوتابییەکەش هیچ وەڵامێکی پێ نییە، ئەمەش دان پێدانانییەتی بە کارەکەی.

کەواتە؛ بەپێی ئەو دەسەڵاتەی مامۆستا هەیەتی، بۆی هەیە لێپرسینەوە لە قوتابییەکانی بکات.ئەو دەسەڵاتەشی لەیاسا وەرگرتووە،بەڵام نابێ سنوور بەزاندنی تێدابێ.

**٣/٢- ٤) پێگەی یاسایی:**

پێگەیەکی تر کە ڕۆڵی باڵادەستیی لەزمانی ئاخێوەراندا هەیە، پێگەی یاسایە.پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ باس لە خودی بابەتەکە بکرێ،سەرەتا بە پێویست دەزانرێت چەمکی پێگەی یاسایی ڕوونبکرێتەوە.

هەرکۆمەڵێك یاسای تایبەتی خۆی هەیە و هیچ یاسایەکیش بەبێ بوونی زمان نانووسرێ و ناشتوانرێ گوزارشت لەبنەماو مەبەستەکانی بکرێت. یاسا بریتییە لەکۆمەڵە دەربڕینێکی زمانی، کە چۆنییەتی پەیوەندیی ژیانی نێوان مرۆڤەکان و گونجانیان لەگەڵ دەوروبەردا ڕێکدەخات. دەقی یاسایی بەرهەمی قوڵبوونەوەی دانەرەکەیەتی و وشەو زاراوەکانیشی گوزارشت لە ویست و بیرو بۆچوونی دانەر دەکەن. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دەقە یاساییەکان لەکۆمەڵێك پێکهاتەی زمانی پێکدێن و لەو ڕێگایەوە مەبەستەکانی پەیوەست بەم پێگەیە دەردەبڕێت. ئەوکەرستانەی کەلەزمانی یاسادا هەن، دەکرێت بگوترێ هەمان کەرستەکانی زمانی ئاخاوتنی خەڵکن، بەڵام دەربڕینەکانیان تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، کەزمانێکی هونەری دروستدەکەن (سروە خدر، ٢٠١٤: ١٠).

لێرەدا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە بنیاد ودروستبوونی دەقی یاسایی لەسەر بنەمای زمان دادەڕێژرێت و جێبەجێدەکرێت، ئەمەش جۆرێ لەپەیوەندیی و کاریگەریی بەهێز لەنێوان زمان و

یاسامان بۆ دەردەخات. لەئەنجامی ئەو پەیوەندییەی نێوانیشیان زانستێك بەناوی (زمانەوانیی دادوەری)[1] سەریهەڵدا.

یاسا ،پێگەیەکی بەرزی ناو کۆمەڵگەیە و ڕۆڵی گرنگ لەژیانی نێو ئاخێوەراندا دەبینێت. ئەو ڕۆڵە گرنگەش کە ئەو پێگەیە هەیەتی سەرچاوەکەی لەخودی یاساکەدا ڕەنگیداوەتەوە. کەواتە لێرەدا یاسا دەبێتە هێز و دەسەڵاتی بەرزی حکومەت و ئەو کەسەشی کە ئەو پێگەیەی هەیە. پیادەکردنیشی ئەرکی سەرشانی هەمو تاکەکانی ناو کۆمەڵگەیەو بەپێچەوانەشەوە پیادەنەکردنی مرۆڤ توشی لێپرسینەوە دەکات. هەربۆئەم مەبەستەش یاسای سزاکان دانراوە،کەبۆ دیاریکردنی تاوانی گەورەو بچووك ڕۆڵی گرینگ دەبینن.بۆیە کەسانێك هەن کەخاوەنی پێگەیەکی یاسایین، شێوازی قسەکردنییان جۆرێ لە دەسەڵات و هێزی پێوە دیارە، ئەو هێزو دەسەڵاتەشی بۆ خودی کەسەکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ پێگەیاساییەکەی دەگەڕێتەوە کەجێبەجێیدەکات، هەروەك شێوازی قسەکردنی دادوەرێك لەگەڵ تاوانبارێك (عەبدولواحید موشیر، ٢٠٠٩ : ١٢). بەم شێوەیە بنەمای دەستڕۆیشتوویی لەپێگەی یاساییدا ڕەنگیداوەتەوە و ڕۆڵ و کاریگەریی هەیە.کەواتە یەکێك لەتایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی زمانی ئەم پێگەیە ئەوەیە، کەهێزو دەسەڵاتی هەیەو توانای کۆنترۆڵکردنی ڕوداوەکانی دەبێت. بۆیە ئەوانەی ئەو پێگەیەیان هەیە زمان و شێوازی قسەکردنییان تایبەتە و لەکاتی جێبەجێکردنی کارەکانیان باڵا دەستیی تێیاندا دەردەکەوێت، ئەمەش وادەکات:

- بڕیاری جۆراوجۆر دەربکەن.
- تاوانبارێك بەند بکەن.
- لێپرسینەو پرسیاری جۆراوجۆر لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوەکاندا بکەن.
- بێتاوانی کەسێك ڕابگەیەنێت،...هتد، چەندین بڕیار و مەبەستی تر.

بۆنموونە ئەگەر سەیری ئەم نموونەیەی خوارەوە بکەین:

**-ئاخاوتنی ژمارە(٣)،پێگەی یاسایی:**

**-دادوەر بۆ تاوانبار: دادگا بڕیاری دا کە تۆمەتبار لە یاسای سزاکان ماوەی گرتنی لە—-تا—-بۆ هەژمار بکرێ.**

لێرەدا دادوەر، خاوەنی پێگەیەکی یاسایی بەرزە و توانای دەستڕۆیشتنی لەبەرامبەر تاوانبار هەیە، بەوەی بڕیاری زیندانیکردنی لەڕێگای یاسای ناوبراو بۆ دەرکردووە.

لەنێو پێگەی یاسایشدا پێگەکان وەك یەکتری نین و هەندێك لەهەندێکی تر جیاوازە. بۆنموونە پێگەی دادوەری گشتی لە پێگەی لەدادوەرێکی ئاسایی بەرز ترە، بەرزی ئەم پێگەیەش کاریگەریی خۆی دەبێت.

---

(١)زمانەوانیی دادوەری: ((لقێکە لەلقەکانی زمانەوانیی، بۆلێکۆڵینەوەو ئاشکراکردنی تاوانکاری بەکاردێ، بەتایبەت لەو تاوانانەی کەزمانەوانیی لەهەندێ بەڵگەکانیدا بەکاردێ، وەك: پشکنین و گەڕان بەدوای بەڵگەی دەنگی و تۆمارکراو،یان لەکاتی ڕوونکردنەوەو ئاشکراکردنی شێوازی کەسێك کەگومان لەنووسینەکانی دەکرێت لەو نامەیەی کەپەیوەندیی بەتاوانەکەیەوە هەیە)) (ساجیدە عەبدوڵلا، ٢٠١٣ :٨).

**٣/٢- ٥) پێگەی ئابووری:**

پێگەی ئابووری، یەکێکە لەو پێگانەی کە ڕۆڵێکی گرنگ لە دیاریکردنی ئاست و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەران دەبینێت.

بنەمای ئابووری بەدرێژایی مێژوو یەکێك بووە لەو هۆیە گرنگانەی، کەجیاوازیی زۆری خستۆتە نێو دەسەڵات و پێگەی مرۆڤەکان. ئەوانەی لەکۆمەڵگە دەسەڵاتێکی ئابووری بەرزو بەهێزیان هەبووە،ئەوا لەهەمان کاتیشدا دەسەڵاتێکی زمانی بەهێزیان پێوە دیاربووە. بۆنموونە ئەو زمانەی چینە بەرزەکان پێی دواون زمانێکی باڵابووە، بەتایبەت لەبەرامبەر چینی خوارەوە، ئەوەش هەندێجار ئەو ڕاستییە دەردەخات، ئەوانەی مەیلیان بۆ ئاستێکی ئابووری بەرز هەیە، پەنا دەبەنە بەر شێوازێکی قسەکردنی دیاریکراو و گوتنەکانیان جۆرێ لەباڵادەستیی زمانی تێدا دەردەکەوێت،بە تایبەتیی لەبەرامبەر ئەوانەی مەیلیان بۆ ئاستێکی نزمی کۆمەڵایەتی هەیە، شێوازی قسەکردنیان و هەڵسوکەوتیان جیاوازە لەگەڵ ئەوانەی کە لەئاستیاندا نین. ئەمەش ئەوە دەردەخات، پێگەی ئابووری ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەهاتنە کایەوەی شێوازی ئاخاوتنی جیاوازو تایبەت، تەنانەت هەڵسوکەوتی جیاوازیش ، بەڵام ئەمە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر سەبارەت بەم پێگەیە جیاواز بێت و دەگۆردرێت. ئەم شێوازی ئاخاوتن و هەڵسوکەوتە کاتێك کەلەلایەن قسەکەری خاوەن ئەم پێگەیە، کەپێگەیەکی بەرزی ئابووری هەبێت، ئەوا گوزارشت لەوە دەکەن، کە ئاخاوتنەکان جگە لە گواستنەوەی واتا و هێماکان، وەك نیشانەی سەروەت و تواناش ڕۆڵ دەبینن (شیلان عوسمان، ٢٠٠٩ :٧٢).

بوونی ئاستی ئابووری، کە جۆرێ لەدەوڵەمەندی بەتاك نیشاندەدات، زۆرجار دەبێتە هۆکارێك بۆ جیاکردنەوەی خۆیان لە شێواز و دەستڕۆیشتوویی زیاتریان لەبەرامبەر ئەو کەسانەی کە ئاستی ئابووریان نزم دیارە، تەنانەت هەندێجار کاری نەشیاو و نابەجێ لەبەرامبەر هەژارەکە دەکات، چونکە لایەنی ئابووری لەبەرامبەر بەرزە و هەر سەرپێچی کردنێکی هەژارەکەش لەوانەیە ببێتە مایەی تورەبوون و نیگەرانی دەوڵەمەندەکە، بەمەش هەژارەکە ناچارە بەزمانێکی بێهێز قسەبکات و فەرمانەکانی جێبەجێبکات، بۆنموونە (خزمەتکار و شاگرد، ... هتد) لەم چینە دادەنرێت. (عەبدولواحید موشیر، ٢٠٠٩ :١١). ئەم ڕوانگەیەش لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر بەڕوونی دیارە، کەسانێك پێگەیەکی ئابووری بەرزیان هەیە، ئەوا ڕێز لەقسەکانییان دەگیرێ و کاریگەریی لەسەر بەرامبەر بەشێوەیەك لەشێوەکان دەبێت، بۆنموونە ئەگەر سەیری ئەم نموونەیەی نێوان(وەستاو شاگرد)ێك بکرێت:

**-ئاخاوتنی ژمارە(١)،پێگەی ئابووری:**

**- وەستا بۆ شاگرد:(ع.ل) بۆڕیەکمان دەدیێی کاکە بۆڕی.**

لێرەدا (وەستا) خاوەن دوکانەکەیەو ئەزموونی پیشەکەشی لە شاگردەکەی زیاترە، ئەمەش وایکردووە شێوازی قسەکردنەکانی جۆرێ لە باڵادەستیی بەسەر شاگردەکەی دەرکەوێ ،کەلەئاستی ئەودا نییە. بۆیە فەرمانی پێدەکات، ئەم فەرمانەش لە شێوەی داوادایە. کەواتە؛ زمان لەپێگەی ئابووریدا زمانێکە تەنها

وەك ئامرازێك بۆ گەیاندن بەكارنایەت، بەڵكو لێرەدا گەیاندنی زمان ئاراستەیەكی جیاواز وەردەگرێت، وەكو ڕەنگدانەوەی جۆرێ لەزمانی باڵادەست لەلایەن ئاخێوەر، ئەمەش كاریگەریی لەسەر بەرامبەر دەبێ و شێوازی قسەكردنی جیاواز دەهێنێتە كایەوەو تایبەتمەندییەكی گرینگی زمانی ئەم پێگەیە دەردەخات.

بەم شێوەیە؛ ئەو دەسەڵاتەی كە قسەكەر لەم پێگەیەدا تێیدا ڕەنگیداوەتەوە سەرچاوەی زیاتر لە پێگە ئابوورییەكە و پاشان ئەزموونی كارەكە سەرچاوە دەگرێت و وادەكات كە:

- ڕستەو گوتنەكانی كاریگەریی لەسەر بەرامبەر بهێنێتە كایەوە.
- ئاڕاستەو بۆچوونی جیاواز تیایدا ببینرێت.
- فەرمان و بڕیاری جیاواز لەبەرامبەر ئەوانەی كەلەبەر دەستی كاردەكەن دەربكات ...هتد.

**٣/٢- ٦) پێگەی سەربازی:**

پێگەی سەربازی، پێگەیەكی گرنگی بواری سەربازیە، لەكۆمەڵێ پلەی سەربازی جیاوازیی وەك: (ئەفسەر ، پۆلیس ، ڕائید، مفەوەز، ... هتد) پێكدێت. ئەم پێگەیە لەچوارچێوەی دەسەڵاتی یاسایی ڕۆڵی گرینگ لەنێو كۆمەڵگە دەبینێ و كاریگەریی لەسەر ئاسایشی وڵاتدا هەیە.

ئەو پلەو پایە سەربازییەی كەلەنێو ئەم پێگەیەدا دەبینرێ، وەكو یەك نین و لەیەك ئاستی سەربازیدا خۆیان نابیننەوە،بەڵكو هەندێك لەگەڵ هەندێكی تر جیاوازە، بۆنموونە پلەی سەربازی ڕائیدێك هێماكەی تانجێكە لەسەر شانی، لەنەقیبێك كەهێماكەی شانی لەسێ ئەستێرە پێكهاتووە گەورەترە. ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە بوونی ئەوپلەسەربازییە جیاوازییانەش وادەكەن كاریگەرییان لەسەر پەیوەندیی نێوانیان و شێوازی قسەكردنیان هەبێت.

لەنێوكۆمەڵگەی كوردی ئەم پێگەیە ڕەنگدانەوەی هەیە، كاریگەریی خۆی لەنێو كۆمەڵدا هەیە و شێوازی قسەكردنی پلەسەربازییەكانی نێو ئەم پێگەیە هەروەك ئاماژەی پێكرا وەكو یەك نییە. لەم ڕوانگەیە ئەگەر سەیری ئەم نمونەیەی خوارەوە بكرێت:

**-ئاخاوتنی ژمارە(٣)،پێگەی سەربازی:**

**-لیوا بۆ سەربازەكانی: یەڵڵا مەوەستن بەرەو دێیەكە.**

لێرەدا (لیوا)كە بە ئاشكرا ئاگاداری سەربازەكانی دەكاتەوە بەوەی ئاگاداربن دەپەڕینەوە، ئەم ئاگادار كردنەوەیەش لە شێوەی فەرمانێكی ڕاستەخۆ دەربڕاوە، كە باڵا دەستیی بەسەریانەوە دەردەخات.

**٣/٢- ٧) پێگەی كارگێری:**

پێگەی كارگێڕی، یەكێكە لەو پێگانەی ڕۆژانە لەنێو دام و دەزگاو شوێنە ڕسمییەكاندا دەبینرێت و كاریگەریی و ڕەنگدانەوەی لەسەر هەڵسوكەوت و زمانی قسەكردنی تاك دەبێ. لێرەدا پێش ئەوەی

پەیوەندیی ئەم پێگەیە بە زمانی باڵادەست ڕوونبکرێتەوە، سەرەتا چەمك و مانای پێگەی کارگێڕی دەخرێتەڕوو.

چەمکی کارگێڕی، بریتییە لەکۆمەڵێك ئەرك و چالاکی گشتی، لەکارو باری گشتی فەرمانگەیەك ،یان دەزگایەك، یان شوێنێك خۆی دەبینێتەوە. ئەرکی پێگەی کارگێڕی لەڕێکخستنی چالاکییە مرۆییەکان، چ لەدەرەوە ولەناوەوە، بەئامانجی جێبەجێکردن و ڕاپەراندنی کاروباری گشتی خەڵك لەچوارچێوەی یاسادا خۆیی دەبینێتەوە (ماهر صالح علاوی، و: محمد چیا، ٢٠١٢ :٩). کەواتە؛ پێگەی کارگێڕی لایەنێکی گرنگی شوێنێکە، کەخۆی لەدەوروبەری جیاوازدا دەبینێتەوە، بڕیارو فرمانەکانیش لەوێدا سەرچاوە دەگرێت. لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەست لەپێگەی کارگێڕی ئەوەیە، کەسانێك خاوەن پێگەی کارگێڕین و کاری جیاوازییان لەبەردەستە، ڕەنگدانەوەی پێگەکەیان لەسەرە. بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی کوردیدا کەسانێك ئەم پێگە کارگێڕیەیان هەیە، لەچوارچێوەی یاسادا مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و کاریگەریی لەسەر زمان و شێوازی قسەکردنیان دیارە. بەڵام ئەمە لەوانەیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاواز بێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری ئەم بەکارهێنانەی خوارەوە بکرێ:

**-ئاخاوتنی ژمارە(٢) پێگەی کارگێڕی:**

**-ڕاهێنەر بۆ یاریزانەکانی: یەك دووی بکە، یەڵڵا وەرە پێش،بیدێ.**

لێرەدا قسەکەر(ڕاهێنەر)بە پێی ئەو دەسەڵاتە کارگێڕییەی لە بەرامبەر یاریزانەکانی هەیەتی، بە ئاشکرا باڵا دەستیی بەسەر یاریزانەکانیدا دەردەکەوێت، کە تێیدا بەشێوەی جیاواز فەرمانیان پێ دەکات جوان یاری بکەن. کەواتە؛ تایبەتمەندیی زمانی ئەم پێگەیە ئەوەیە، کەجۆرێ باڵادەستیی زمانی لەلایەن خاوەن ئەو پێگەیە دەربکەوێ و ڕێز لە قسەکانی بگیرێ و بۆی هەیە فەرمان و لێپرسینەوەی جیاواز بکات، ئەمەشیان دیسان لەچوار چێوەی یاسادا.

**٣/٢- ٨) پێگەی کۆمەڵایەتی:**

پێگە کۆمەڵایەتییەکان[١] بریتین لەو پێگانەی کە تاك لەناو کۆمەڵدا بەپێی ئەو جۆر و چۆنییەتی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خێزان، یان تەمەن ،یان هاورێ ،یاخود ڕەگەز هەیانە (شیلان عوسمان، ٢٠٠٩: ٧٣).

پێگە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندیی و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر زمان و هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردنی کەسانی نێو ئەو پێگانە هەیە، چونکە ئاخێوەری هەرتاکێکی ئەو پێگانە لەڕێگای زمانەوە گوزارشت لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوانیان دەکەن. کەسانی سەر بەم پێگەیە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی، کە کۆمەڵ پێی بەخشیون پێگەی زمانی جیاواز لە (باڵادەستیی و ژێردەستیی و هاوشاینی و...هتد)

(١) زانا (ڕادیکلێف بڕاون) یەکەمین کەس بوو ئەو زاراوەی بەکارهێنا، کە تیایدا ویستی ئەو خاڵ و بنەمایانە دیاریبکات، کە تاك لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا هەیەتی، بە واتایەکی تر هەر تاکێك لەنێو ڕۆنانی کۆمەڵایەتیدا پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە (ئیحسان محەمەد، وە: دانا مەلا حەسەن، ٢٠١: ١٣٧).

تێیاندا دەردەکەوێ و لەهەڵسوکەوت و شێوازی گوتن و ئاخاوتنیان ڕەنگدەداتەوە. لەکۆمەڵگەی کوردیدا پێگە کۆمەڵایەتییەکان:(خێزان، تەمەن، ڕەگەز،خزمایەتی، ...هتد)پێگەیەکی گرنگ و فراوانی کۆمەڵگەی کوردی پێکدەهێنن و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کۆمەڵگە پێی داون پێگەی زمانی جیاواز و شێوازی قسەکردنی بەهێز و بێهێز و هاوشانی و هاوکاری تێییاندا دەبینرێ. لە خوارەوەش گرنگترین ئەو پێگە کۆمەڵایەتییانە باس دەکرێ کەڕۆڵ لەدروستبوونی باڵادەستیی زمان دەبینن، واتە جەخت لەسەر پێگەی زمانی ئەو کەسانەدەکرێتەوە، نەك شێوازی قسەکردنییان.

### ٢ / ٣ - ٨ – ١) ڕەگەز:

یەکێك لەهۆیە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی جیاوازی قسەکردن و ڕەنگدانەوەی لەنێو دیالێکتی کۆمەڵایەتیدا بریتییە لەڕەگەز (Gender).[١] چەمکی ڕەگەزیش ئاماژەیە بۆ پەیوەندیی و جیاوازیی نێوان(ژن و پیاو)، ئەمەش بۆجیاوازی کەلتور و کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە و بۆی هەیە بەپێی کات و شوێن گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

کەواتــە؛ چــەمکی ڕەگــەز، ڕەهەنــدێکی کۆمەڵایــەتی و کــەلتوری هەیــە، لەگــەڵ وشــەی سێکس(Sex)جیاوازە،کەڕەهەنـدێکی بـایلۆجی هەیـە (نـەردین خالیـد، ٢٠١٥: ١٤). لێرەدا مەبەسـت لـە باسکردنی ڕەگەزە وەك ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و کەلتوری نێوان (ژن و پیاو) و دەرخستنی پێگەی زمانی هەریەکەیانە.

زمان بەپێی شێوازی بەکارهێنانی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵەوە، بەپێی باری گوتن و پلەوپایەی هاوبەشەکانی قسەو تەمەن و ڕەگەزیان دەگۆڕێت، ڕەگەزیش شان بەشانی تەمەن، چین، ئاستی ڕۆشنبیری، پلەوپایەی کۆمەڵایەتی،...هتد، جیاوازی لەزمانی قسەکردن و پێگەی زمانی لەنێوان تاکەکاندا دروستدەکات، ئەمەش پەیوەستە بەو ڕێڕەوەی ژیانی هەریەکەیان و ئەو جیاوازییە بنەڕەتییانەی کەلەنێونیاندا هەیە بەدیدەکرێ چونکە، زمان هێزێکی کۆمەڵایەتی تێدایە و ڕۆڵی گرنگ لە دەستنیشانکردنی کەسایەتی تاکدا دەبینێت و یارمەتی شێوەی بیرکردنەوەی دەدات (پێشکەوت مەجید،٢٠١٣: ١٥ - ١٦).

ژن و پیاو، ڕۆڵ و ئەرك و لێپرسراویەتییان جیاوازە، ئەم جیاوازییەش لەبەکارهێنانی زمانەکەیاندا دەردەکـەوێ، لەبــەر ئــەوە دەتــوانرێ بەئاسـایی بەلێکۆڵینــەوە بــەزمانی قســەکردنی هــەردوو ڕەگــەز بەتایبەتمەندییە کەلتورییەکان و کۆمەڵایەتی و کەسییەکانی هەریەکەیان ببرێت. بۆ نموونـە پیـاوان وشــانێکی تایبــەت بۆخۆیــان هەیــە، کــە ژنــان لێیــان تێدەگــەن، بــەڵام هــەرگیز بــەکاریناهێنن، بەپێچەوانەشەوە.ژنان لە بەکارهێنانی زمان زیاتر بەدابوونەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە پابەندن و فۆڕمی ڕێزداری لە پیاوان بەکاردەهێنن، دەتوانرێ بگوترێ، ژنان زمان زیاتر بـۆ پارێزگاریکردن بـەکاردەهێنن، شێوازی بەکارهێنانی بێهێـز لـە ڕووی دەسـەڵاتەوە دەردەبـڕن (زوبێـر عـەلی، ٢٠١٢: ٨٥- ٩١)، بـەڵام ئـەم

---

(١) بۆیەکەم جار وشەی (ڕەگەز) وەك زاراوەیەکی زانستیی لەساڵی(١٩٧٢)، لەلایەن (ئان ئۆکلی) لەدوو توێی کتێبەکەی بەناوی(ڕەگەز و کۆمەڵگە) بەکارهاتووە، پاشان هێنایە ناو بوواری کۆمەڵناسییەوە(نەردین خالید، ٢٠١٥: ١٤).

جیاوازییانە و چەندین جیاوازی تری نێوانیان لە ڕوانگە کەلتوری و کۆمەڵایەتییەوە ڕێژەییەو بەپێی جۆری ڕەگەزەکان و دەوروبەر و کەلتور دەگۆڕێت.

لەزمانی کوردیدا وەکو زۆربەی زمانەکانی تری جیهان جیاوازی شێوازی قسەکردن لە نێوان ژنان و پیاواندا هەیە، واتە ڕەگەزی قسەکەر لەکاتی گفتوگۆکردندا کاریگەریی لەسەر بەکارهێنانی زمان و دەربڕاوە زمانییەکان لە بوارو بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەندێجار گوێبیستی چەند دەربڕینێکی وەك: (پیاوانە قسەدەکات، قسەبکە، یان ژنانە قسەدەکات، قسەمەکە)، یان (ئەمە قسەی ژنە، پیاوە)دەبین، ئەم دەربڕینانە ڕەنگدانەوەی جیاوازی شێوازی قسەکردنی(پیاو و ژن) بۆ دەسەلمێنێ.

بەشێوەیەکی گشتی پەیدابوونی جیاوازیی شێوازی قسەکردنی ڕەگەزی بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە:

١- **هۆکاری بایلۆجی:** مەبەست لەو جیاوازییە بایلۆجیانەی نێوان ڕەگەزی نێرینەو مێینەیە، کە کاریگەرییان لەسەر زمانی قسەکردن دەبێ، وەك: (پێکهاتەی مێشك، دەنگەژێیەکانی قورگ،...هتد)،کە بەیەکێك لە هۆیەکانی دروستبوونی جیاوازی شێوازی قسەکردنی ژنان و پیاوان دادەنرێت.

٢- **هۆکاری کەلتوری:** کەلتور ڕۆڵی سەرەکی لە دروستبوونی جیاوازیی شێوازی قسەکردن لەنێوان ژنان و پیاو زمان دەبینێ، چونکە جیاوازیی شێوازی ئاخاوتنی نێوان ژنان و پیاواندا زیاتر پەیوەندیی بە کەلتورەوە هەیە تاوەکو زمانناسی، کەلتورێك کەتیایدا ڕۆڵ و پلەی هەریەك لە ژنان و پیاوان جیاواز بێ، چاوەڕوانی ئەوەشی لێدەکرێ کە ڕەفتاری جیاواز و شێوازی ئاخاوتنی جیاوازی تایبەت بە خۆیان هەبێ (پێشکەوت مەجید، ٢٠١٣: ٣٩- ٤٠).

لەکلتوری کوردیدا کۆمەڵێك هۆ هەیە، جگە لەوەی کاریگەرییان لەسەر پەیدابوونی جیاوازیی شێوازی قسەکردن هەیە،هاوکات هەندێك لەو هۆیانەش کاریگەرییان لەسەر پێگەی زمانییان دەبێت.

### ١- دەسەڵاتی پیاو سالاری: [1]

کەلتوری کوردی جۆرێ لەدەسەڵاتی پیاوسالاری تێدایە، دەسەڵات لەخێزاندا زیاتر لەژێر دەسەڵاتی پیاودایە،هەروەها لەکۆمەڵدا بیروبۆچوون و دەسەڵات و قسەی پیاو بەفەرمی ناسراوە و تەنانەت هەندێکجار کەسێتی ژن لەکەسێتی پیاودیاریدەکرێت. بۆیە ژنەکان ناتوانن بیروڕاکانیان بەئاشکرا دەربڕن. ئەمەش وادەکەن کاریگەریی لەسەر زمان ،بەتایبەتی زمانی قسەکرنی ژنان هەبێت، چونکە لەکۆمەڵی پیاوسالاریدا ژنان زیاتر زمان وەك پارێزگاری لەمانەوەی خۆیان بەکاردەهێنن. چەندین دەربڕاوی پیاوانە هۆکارە بۆ گوزارشتکردنی دەسەلات وبەلگەی پیاوسالاری، وەك:

**-پیاونەبم ئەگەر ئەو کارەت بەسەرەوە بچێت.**

---

[1] کاتێك پیاو لەناو خێزاندا ئامۆژگاری خێزان و ماڵ و منداڵەکانی دەکات لەسەر بنەمای دروست و چاکە، ئەوا بەهیچ شێوەیەك ناچێتە پیاو سالاری، بەڵکو پیاو سالاری ئەوەیە کە مافی خێزان و ماڵ و منداڵەکان نەدەیت و زوڵمیان لێبکەیت.

هەروەها لادان و دەرچوون لەیاسا کۆمەڵایەتییەکانی کەلتوری پیاوسالاری، لەوانەیە ژنان توشی سزای کۆمەڵایەتی بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە چەند دەربڕینێك بەکاردەهێنن ، کە ڕەنگدانەوەو گوزارشتی ئەو

سزا کۆمەڵایەتیەیە کە لەبەرامبەریاندا دەکرێ، بۆنموونە دەڵێن:

- **سەرت بەتاشین چێت.**

- **شار بەدەرکرێیت.**

هەروەها پیاوان زۆرجار دەنگ بەسەر ژناندا بەرز دەکەنەوە، لەکاتی گفتوگۆکردندا قسەیان پێدەبڕن و زیاتر نۆرەی قسەکردنیان هەیە و هەوڵیش دەدەن بەناڕاستەوخۆ پەیامەکانیان بگەیەنن و قسەبکەن و بۆچوونەکانیشیان وەکو پێشنیاز ئاراستە بکەن و ئەمەش زیاتر پەیوەندیی بەپێگەی پیاوەوە هەیە.

تەنانەت بەهۆی کاریگەریی پیاوسالاری، لەزمانی کوردیدا دەسەڵاتی پیاو لەهەندێك وشەدا دیارە، بۆنموونە، بەکارهێنانی وشەی (پیاوانە) بۆ ژنێك لەکاتێك کەکارێکی باشی ئەنجامداوە و بەکارهێنانی وشەی (ژنانە) بۆ پیاوێك کەکارێکی خراپی ئەنجامدابێ. ئەمە لەکاتێکدایە بەکارهێنانی وشەی (ژنانە) بەرامبەر بە وشەی (پیاوانە) بارێکی ناخۆشە بەلای ژنانەوە هەیە، بەپێچەوانەی بەکارهێنانی وشەی (پیاوانە)ەوە.

**٢- تێڕوانینی جیاواز لەنێوان نێرومێ:**

لەکلتوری کوردیدا جۆرێ لەتێڕوانینی جیاواز بۆ هەریەك لەڕەگەزی نێوان ژن و پیاودا هەیە، لەوانە:

تێڕوانینی کۆمەڵگەی کوردی بۆ ژنان ئەوەیە، کە زۆرجار بیروبۆچوونەکانیان بەهەند و بەبایەخەوە وەرناگیرێ، ئەمەش وادەکا بەشێوەی تایبەتی قسەبکات و جۆرێ لەبێهێزی لەقسەکردنیان ڕەنگدەداتەوە. هەروەها ئەگەر پیاوێك بەقسەی ژنەکەی بکات و گوێڕایەڵی بێت، زۆرجار جێگەی گاڵتەپێکردنەو پێی دەڵێن (بەدەست ژنەوە زەلیلە، یان نۆمەرە).

سەرەڕای ئەمە هەر بەهۆی ئەو تێڕوانینەی لە کلتوری کوردیدا بۆ ڕەگەزی نێرینە هەیە ژنان چەندین دەربڕاو بەکاردەهێنن، ناوی نێرینەی تێدایە، وەك:

- **بەخوشکی حەوت برابیت.**
- **نۆبەرەی کوڕبێت.**
- **بەدایکی کوڕان بێت.**

بەلام لەم ساڵانەی دواییدا بەتایبەتی، لەدوای ڕاپەرینەوە، بەهۆی ئەوبارودۆخەی بەسەر کۆمەڵی کوردیدا بەرامبەر ژنان هات، بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو تاڕادەیەك گۆڕانکاری بەسەرتێڕوانینی کۆمەڵ بەرامبەر بەژنان هات، ئەمەش بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و مافی مرۆڤ، بەوەی دەبێت ڕێز لە بۆچوونەکانی بگیرێ و گوێی لێڕابگیرێ و پرسی پێبکرێت.

٣- **تابۆ:**

تابۆ[1]، له زۆربەی زمانەکانی جیهاندا هەیە و ڕۆڵی گەورە لە دروستبوونی شێوازی قسە کردنی ڕەگەزیدا دەبینێ، ئەگەر چی هەردوو ڕەگەز تابۆی تایبەت بەخۆیان هەیە و بەکاریدەهێنن، بەڵام ئەوەی لێرە مەبەستە و کاریگەریی لەسەر پێگەی زمانی هەریەك لەو ڕەگەزانە دەبێ ئەوەیە، ژنان زیاتر لە پیاوان لە بەکارهێنانیانەوە پەیوەستن، چونکە پیاوان ڕووبەڕووی ئەو سزا کۆمەڵایەتییانە نابنەوە، کەژنان ڕووبەڕووی دەبنەوە.

## ٤- لەڕووی ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی:

ئەو رۆڵ و پێگە کۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵ بەتاکەکانی دەبەخشێ، کاریگەریی لەسەر زمانی قسەکردنیان دەبێ و بەهۆکارێکی گرنگ لەدروستبوونی شێوازی قسەکردنی نێوان تاکەکان دادەنرێت.لەکەلتوری کوردیدا پیاوان زیاتر ڕۆڵیان هەیەو خاوەن پێگەیەکی بەهێزن و بەزۆریش پێگەی ژنان لەسەر پێگەی باوك، یان پێگەی پیاوەکانیان دیاریدەکرێ،ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر دەربڕاوە زمانییەکان دەبێ و جۆرێ لەباڵا دەستیی زمانی پیاو دەردەخات، (پێشکەوت مەجید، ٢٠١٣: ٤٣ - ٥١).

کەواتە؛ لەم خاڵانەدا شێوازی ئاخاوتنی جیاواز لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا (نێر و مێ) ڕەنگدانەوەی هەبووە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ جۆرێ لەهەژموونی پیاو لەسەر زماندا لەم ڕوانگەیەوە دەردەکەوێ(کریستین نۆرد نستام، ٢٠٠٩: ١٧). بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەم دەربڕاوەی خوارەوە بکرێ:

**-ئاخاوتنی ژمارە(١)، پێگەی کۆمەڵایەتی، ڕەگەز:**

**-پیاو بۆ ژنەکەی: کاوەرە.**

لێرەدا پیاوەکە بە ئاوازێکی بەرز بانگی ژنەکەی کردووە، ئەمەش باڵا دەستیی پیاوەکە دەردەخات.

پێویستە بگوترێ ، ئەو شێوازە قسەکردن و پێگەزمانییە جیاوازییانە کەلەم هۆکارانەی سەرەوە بۆمان دەرکەوت، ڕێژەییە و لەوانەیە بەپێی کەلتوری کۆمەڵگەو هەردوو جۆری ڕەگەزەکەش بگۆڕدرێت. بۆنموونە هەندێجار ژن لەبەرامبەر پیاوەکەی باڵادەستە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێگەیەی کە ئەو ژنە هەیەتی، زۆرجاریش لەقسەکردندا هاوشانن.

### ٣/٢- ٨- ٢) تەمەن:

تەمەنیش وەك ڕۆنانە کۆمەڵایەتییە جیاوازییەکانی وەك: (چین، پێگەی کۆمەلایەتی، ڕەگەز، پیشە،.... هتد) بە یەکێك لە هۆیە سەرەکییەکانی شێوازو جیاوازیی قسەکردنی نێوان تاکەکاندا دادەنرێت ، پەیوەندیی و کاریگەری بەهێزو ڕاستەوخۆشی بەسەر زمان و دەربڕاوە زمانییەکانی هەر

---

(١) تابۆ : بریتییە لەسەرجەم ئەو دەربڕاوە زمانییانەی کە لەڕووی کۆمەڵایەتیی و کلتورییەوە، بەکارهێنانیان بەشێوەیەکی راستەوخۆ شییاونیە،یاخود قەدەغەکراون (شاخەوان جەلال، ٢٠١٣: ١٣٢).

تاکێك هەیە، چونکە کەسێتی مرۆڤ بەچەند قۆناغێك تێدەپەڕێت و هەر قۆناغێکیش سیما و تایبەتێتی خۆی پێوە دیارە، هەر گۆڕانێکیش لەقۆناغێکی تەمەنی ئەو کەسێتیە ڕوودات کاریگەریی بەسەر دەربڕاوە زمانییەکانی ئەو کەسە دەبێت.

لێکۆلینەوە لەتەمەن و پەیوەندیی بە زمانەوە، بەتایبەتی لەجیاوازییەکانی زمانەوانیی کۆمەلایەتیدا، تا خالی کۆتایی قۆناغەکانی ژیان درێژ دەبێتەوە ،چونکە تەمەنی هەر تاکێك بەپێی هەر قۆناغێکی ژیانی بنەماو کەسێتی و هەلسوکەوت و.... هتد، هەر قۆناغێك لەژیاندا دەنوێنێ. ئەگەر سەیری چەمکی (تەمەن) یش وەك زاراوەیەکی زمانەوانیی کۆمەلایەتی ،بەبەراورد لەگەل هاوپۆلە ڕۆنانە کۆمەلایەتییەکانی وەك: (پیشە، پێگە، ڕەگەز... هتد) بکرێ، لەم ڕووەوە کەمترین تێگەیشتن و لێکۆلینەوەی لەسەر کراوە، چونکە لەزۆربەی کاتدا، چەمکی تەمەن وەك ڕاستییەکی بایلۆجی مامەلەی لەگەلدا کراوە .کەواتە؛ تەمەن وەك هەر ڕاستییە بایلۆجییەکانی تر دوو پێکهاتەی هەیە، ئەوانیش لە پێکهاتەی جەستەیی و پێکهاتەی کۆمەلایەتی، کە بنەمای دامەزراندنی هەر مرۆڤێکە (هێمن شەمس، ٢٠١٣: ٢٠).

تەمەن بەیەکێك لەبنەما سەرەکیەکانی ناسنامە و کەسایەتی و کۆمەلایەتی تاك لەکۆمەلگەدا دادەنرێت، ئەو بنەمایانەش وا لەتاك دەکەن هەلسوکەوت و ژیان و ڕەفتارو ....هتد، لەسەر بنەمای (دەبێت و نابێت) ئەنجامبدات، بۆیە دەبینین ((لەزۆرێك لە کۆمەلگەکاندا تەمەنی مرۆڤ زۆر زیاتر لە کاتیگۆریە جیهانییەکانی وەك (توخم و ڕەگەزپەرستی و پۆلێنە کۆمەلایەتییەکان بڕیار لەسەر ئەو شتانە دەدات، کە دەبێت بکەین یان نابێت بکەین (شاخەوان جەلال، ٢٠١٣ : ٢٨٧، لە ( Thomas , L . and wareing , s. 91- 96 : 1999) وەرگیراوە.

ئەگەر بەپێی ئەم تێڕوانینەی سەرەوە بڕوانینە قۆناغی تەمەنی قسەپێکەرێك لەناو کۆمەلەیەکی زمانیدا کورد بە نموونە وەرگرێ، ئەوا تەمەنی هەر قسە پێکەرێکی کورد، پەیوەندیی و کاریگەریی بەهێزو شوناس و ناسنامە و کەسایەتی تاکی کورد لەنێو کۆمەلگەدا هەیە، تەنانەت کاریگەریی لەسەر شێواز و هەلسوکەوت و ژیان....هتد، وە چۆنییەتی مامەلەکردن لەگەل تێکڕای بوونیادی کۆمەلایەتی دەبێت، ئەم کاریگەرییەش ڕەنگدانەوەی لەسەر زمان دەبێت، چونکە هەر قۆناغێکی تەمەن بڕیار لەسەر چۆنییەتی و چەندێتی هەلبژاردنی کەرەسەو دەربڕینە زمانییەکان لەنێو بارودۆخە جۆراوجۆرە کۆمەلایەتییەکان دەدات. کەواتە؛ کاتێك لێرەدا مامەلە لەگەل چۆنییەتی و چەندێتی تەمەن دەکرێ، ئەو مامەلە کردنەش لەوەدا هەستی پێدەکرێت کە زمان بەپێی قسە پێکەرانی هەر تەمەنێك دەگۆڕێت، هۆی ئەم گۆڕانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زمان بۆ فێربوون لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەڕوات ئەم فێربوونەش هەرچەندە لەتەمەنی شەش سالی ساواکەدا تەواودەبێت و کاتێك دەدوێت بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت(محەمەد مەعروف، ١٩٩٠ : ١٠٣). واتە، لێرەدا دەردەکەوێت زمان و تەمەن لە پەیوەندیی و کارلێکدان، هەر قۆناغێکیش کاریگەریی بەسەر زمان و شێوازی قسەکردنی جیاواز دەهێنێتە کایەوە، هەر گۆڕانێکیش لەو قۆناغانە ڕووبدات سەرەنجام کاریگەریی بەسەر کەسێتی و هەلسوکەوت و ڕەفتاری زمانی دەبێت.

مرۆڤ لەتەمەنی خۆیدا بەچەند قۆناغێك تێدەپەڕێت وەك: (تەمەنی منداڵی، هەرزەکاری، لاوێتی، پێگەیشتوویی،پیری)، کە هەریەك لەو قۆناغانەش کاریگەریی لەسەر کەسایەتی و هەڵسوکەت و ڕەفتاری زمانی قۆناغەکان دەبێت، تەنانەت هەر قۆناغێکی تەمەن فەرهەنگی زمانی تایبەت بەخۆیان هەیە و سیما و تایبەتێتی دەنگی و لێکسیکی خۆیان هەیە و پێی دەناسرێنەوە (چیمەن نیزامەدین ، ٢٠١١ : ٧٦). بۆ نموونە شێوازی قسەکردنی لاوێك لەگەڵ پیرێك جیاوازە، هەروەها منداڵێك لەگەڵ لاوێکدا جیاوازە.

بەم شێوەیە؛ لەسەرەوە دەردەکەوێت، زمان لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ تەمەندایەو پێگەی زمانی جیاوازی وەك: (باڵا دەسیتی، هاوشانیی، ژێردەستیی،هاوکاریی)تێیاندا دەردەکەوێ، ئەمەش بە پێگەی تەمەنی هەر تاکێك لە کۆمەڵگەدا پەیوەستە و کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوتی کەسێتی و بەتایبەت زمانی ئەو کەسە هەیە و شێوازی قسەکردن جیاواز لە زمان دەهێننە کایەوە. بۆیە دەبێت بە پێی تەمەنی هەر قۆناغێك قسەی لەگەڵدا بکرێت. واتە: ((لە گەورەوە بۆ بچووك، لە بچووکەوە بۆ گەورە "باوك بۆ منداڵ و منداڵ بۆ باوك" دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانەش بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی وشەدا هەستی پێدەکرێت)). (محەمەد مەعروف، ١٩٩٠ : ١٠٤). ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە، سەیری کەلتوری کوردی بکرێت، ئەم شێوازە قسەکردنە جیاوازییەی نێوان تەمەنەکان لەگەڵ یەکتری، بەتایبەت لە هەڵبژاردنی وتەکان، وەك نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی بە ئاشکرا دیارە، ئەمەش جگە لە کاریگەرییە دەروونییەکانی و ڕێزگرتنی بەرامبەر، کاریگەریی لەسەر زمان و شێوازی قسەکردنی بەرامبەر دەبیت، چونکە لە کەلتوری کوردیدا(گەورە) بەرامبەر بە (بچووك) فەرمان دەکات و وادەکات شێوازی قسەکردنەکەی لەبەرامبەر بەو تەمەنە بالآتر بێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێگەو پلە و پایە کۆمەلایەتییەی کە لە کۆمەڵدا هەیەتی [1] وەکو ئەو نموونانەی خوارەوە، بە ئاشکرا شێوازی قسەکردنی جیاواز لە نێو تەمەنەکان، پەیوەست بە کەلتوری کوردی بەدیار دەخات:

**-ئاخاوتنی ژمارە(٢)، پێگەی کۆمەڵایەتی،تەمەن:**

**-کەسی بە تەمەن بۆ منداڵ: بە عاقڵی دانیشن.**

لەم گوتنەدا بە ئاشکرا باڵادەستیی کەسی بە(تەمەن)مان لە بەرامبەر (منداڵ)ەکەیدا دەردەکەوێت، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو فەرمانەی کە ئاڕاستەی کردووە.

**٢/٣-٨-٣)خێزان:**

خێزان، بە گرنگترین و سەرەکیترین ڕەگەزی بوونیادو ڕۆنانی کۆمەڵگە دادەنرێت، ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەردەوامبوون و مانەوەی ژیان و پێویستیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەبینێت.

---

(١) شێوازی قسەکردن بەپێی تەمەن لەوانەیە لەکەلتورێك بۆ کەلتورێکی تر گۆڕانی بەسەرادابێت. بۆ نموونە هەندیجار لە کەلتوری ئەمریکی جێی سەرسوڕمان نییە، گوێ لەیەکێك بگرین، کە تەمەنی چل ساڵەو خۆی بە کوڕێکی چوار ساڵیدا بنێت، ئەمەش لەوانەیە بۆ زیاتر گونجاندن و گەنجینەیی بێت. بەلاّم لە کۆمەڵگەی ئەوروپی ئەم دیاردەیە زۆر بە کەمی هەستی پێدەکرێت (شەهاب شێخ تەیب، ٢٠١٣:٣٠٩).

خێزان، بریتییە لە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، لە کۆمەڵە تاکێك (دوو کەس یان زیاتر) پێکدێت و پەیوەندیی خزمایەتی لەنێوانیاندا هەیە، لە ژینگەو شوێنێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا دەژین، ئەو کۆمەڵەی تاکەی خێزانیش، بە تایبەت لە کۆمەڵگە مرۆییەکانە لە (باوك و دایك و منداڵ) پێکدێن.

خێزان وەك یەکەیەکی کۆمەڵایەتی، لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەبووەو بوونی هەیە، بەبێ مانەوەشی ئەوسیستەمە کۆمەڵایەتییە ئەستەمە. هەریەك لەئێمە بەشێوەیەك لە شێوەکان لەناو خێزاندا چاوی هەڵهێناوە، لە ژێر چاودێری و پەروەردەکردنی خزم و کەسانی خۆماندا پێگەیشتووین و ئاشنایەتی ژیانی کۆمەڵایەتیبووین، دواتریش ئەم پرۆسەیە بەردەوام دەبێت، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە (مەنسور و سوقی، عەلی ئەکبەرنیك خولَق، و: سیروان محەمەد، ٢٠١٣، ١٨٩). گواستنەوەی ئەم پرۆسەیەو ئەو ئەرکانەی کە خێزان بە ئەرکی سەرەکی سەرشانی خۆی دەزانێ وەك: (ئەرکی دەروونی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەکردنی منداڵ،... هتد)، هەموو ئەمانەش لە ڕێی زمان گوزارشتیان لێدەکرێن و پرۆسەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیشیان هەر لەم ڕێگایە بە هێزو بەردەوام دەبێت. لێرەدا دەردەکەوێت، خێزان و زمان پەیوەندییەکی بەهێزو تۆکمە لە نێوانیاندا هەیە، هەر لە پەروەردەکردن و گواستنەوەی پەیوەندیی نێوانیان و ئاشنایەتی و بە کۆمەڵایەتیبوون ،... هتد) هەستی پێدەکرێت.

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، خێزان لە ناو ڕۆنان و بوونیادی کۆمەڵایەتیدایەو هەر لەنێو ئەو ڕۆنانەشدا پەرە دەسێنێ. بۆیە زۆر لە کۆمەڵناسان لەم ڕوانگەیەوە باس لە دوو جۆر خێزان دەکەن، یەکەمیان: بریتییە لە خێزانی (فراوان)، کە لە باوك و دایك و منداڵەکانیان پێکدێن. ئەم جۆرەی خێزانە لەسەر بنەمای (هاوخوێن و خزمایەتی) دامەزراوە. ئەم جۆرەش بۆ هەردوو جۆری (باوك سالار) و (دایك سالار) دابەشکراوە، لە حاڵەتی (باوکسالاری) دا، سەرپەرشتی خێزان لە ئەستۆی باوك، یان گەورەی خێزاندایە، بەڵام لە حاڵەتی (دایکسالاری) دا، دایك لەم ڕووەوە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە[1] .هەر چی جۆری دووەمیانە: بریتییە لە خێزانی (ناوەکی)، ئەمەش خێزانێکی (ژن و مێردییە)، کە لە ژن و مێردو منداڵەکانیان پێکدێن. ئەم جۆری خێزانە تا ڕادەیەکی زۆر، یاخود دەکرێ بگوترێ تەواو لە خزمانی دیکە جیابۆتەوە (مەنوچێهرموحسنی، و: ڕێبوار سیوەیلی و هەندێکی تر، ٢٠٠٧ : ٣٩١ ـ ٣٩٤).

شایەنی باسە زمان لە نێو هەریەك لەم جۆرانەی خێزاندا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ، بە تایبەت لە ڕووی دەسەڵاتی بڕیاردانەوە لە ناو خێزانی فراواندا، ئەمەش وا دەکات شێوازی قسەکردنییان جیاواز بێت و دەربڕینە زمانییەکانیان شێوەی بالادەستیی وەرگرن. بەڵام ئەمە لە کەلتورێکەوە بۆ کەلتورێکی دەگۆڕێ. بەڵام پەیوەست بە کەلتوری کوردی بەگشتی لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیر بکرێ،جۆرێ سیستەمی (باوکسالار)ی لە نێو هەندێ خێزانی کوردی دەبینرێت، واتە باوك زیاتر دەستڕۆیشتووترە لە ناو خێزاندا، ئەمەش بەهۆی ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی هەیەتی، ئەم دەسەڵاتەش کاریگەریی لەسەر

(١) هەندێك لە کۆمەڵناسان پێیان وایە، سەردەمێك خێزان لە ئەستۆی (دایك) بووە ، ئەمەش لە کاتی قۆناغی کۆکردنەوەی خۆراکدا، تێیدا ئابووری خێزان لە دەستی ژناندا بووەو پیاوەکان خەریکی ڕاو و شکارو بەرگری لە خێزانەکەیان بوون (مەنسور و سوقی، عەلی ئەکبەرنیك خولَق، و: سیروان محەمەد ، ٢٠١٣، ١٩٢)

زمان و شێوازی قسەکردنی دەبێت[1] هەر لە نێوان خێزان و جۆرەکانیدا سەرچاوەی وەك (بنەماڵە، خێڵ) دێتەکایەوە. بنەماڵە پێکدێت لەو کەسانەی لە ڕێگای باوکەوە، بە پەیوەندییەکی (هاوخوێن)ی نەوە دوای نەوە دەگوازرێتەوە. هەرچی (خێڵ)ە[2]، هەڵگری ناوی باپیرە گەورەکەیانن، کە لە کۆمەڵێك بنەماڵە پێکهاتوونە. هەموو ئەو خێڵانەش سەرۆکێکی هەیە پێی دەوترێت (ئاغا)، [3] یان سەرۆك عەشیرەت، کە بەرپرسە لە ڕاپەڕاندنی سەرجەم کاروبارەکانی خێڵەکەیدا (لانە ئاراس، ٢٠١٤، ٥٢ ـ ٥٣). لەم ڕوانگەیەوە کەلتووری کوردی ئەو بنەمایانە (بنەماڵە، خێڵ) ی تێدا هەبووە، بەڵام ئێستا کەمتر بۆتەوە، یاخود گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزیان لەناو کۆمەڵگەدا هەبووە، ئەو پێگە کۆمەڵایەتییە بەرزەش وایکردووە، جۆرێ لە باڵادەستییان پێوەدیار بێت، ئەم باڵادەستییەش کاریگەریی لەسەر زمان و شێوازی قسەکردنیان دەبێت و وادەکەن لەناو کۆمەڵگە دەستڕۆیشتووبن.

هەروەك پێشتر باسکرا، خێزان لە ڕوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە پێکهاتوون لە (باوك، دایك، مناڵ)، هەر یەك لەمانەش پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە. بۆ نموونە پەیوەندیی نێوان (باوك و کوڕ) پەیوەندیەکیی ستونییە. واتە، باوك پێگەی کۆمەڵایەتی بەرامبەر کوڕەکەی بەرز ترە.هەروەها پەیوەندیی نێوان خێزانەکانیش هەندێکیان ئاسۆیین، واتە هاوشانی یەکترن، هەندێکیشیان ستونین وەك تەمەنی گەورەو بچوکی نێوان دوو تاکی خێزانێك، هەر یەك لەو پێگانەش کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی لەسەر دەربڕینە زمانییەکانیان دەبێت. بۆ نموونە ئەو نموونانەی خوارەوە دەریدەخات کە پێگەی (باوك) لە (منداڵ) ەکەی بەرزترە، بەوەی (باوك) لە کەلتووری کوردی فەرمان بە (منداڵ) ەکەی دەکات ، وەك:

**-ئاخاوتنی ژمارە(١)(پێگەی کۆمەڵایەتی، خێزان):**

**-باوك بۆ کوڕەکەی: کا وەرە پەرداخەکەی ببەوە.**

لەم گوتنەی باوکەکە دەبینرێ باڵا دەستیی بەسەر کوڕەکەیدا دیارە، ئەمەش لە ڕێگای ئەو فەرمانەی کە ئاڕاسەتەی کردووە.

جگە لەم پێگانەی سەرەوە، کە ڕۆڵ لە باڵا دەستیی زمانی تاك دەبینن، هەندێکجار کەسایەتی و هێزی جەستەیی بۆ ئەم مەبەستە ڕۆڵ دەبینێ ، هەر یەك لەو بنەمایانەش بە پێی دەوروبەر و کات و شوێن،...هتد، گۆڕانیان بەسەر دادێ.

---

(١) بڕوانە: بەشی سێیەمی ئەو لێکۆڵینەوەیە، پەیوەست بە پێگەی ڕەگەز.

(٢) وشەی (خیڵ) پەیوەست بە کەلتور کوردی پێکهاتەیەکی کۆمەلأیەتییە. لەبنەڕەتدا لەیەك خیزانەوە کەوتوونەتەوە دوای ئەوە ژمارەیان زۆرترو فراوانتر دەبێت و لەسەر بنەمای پەیوەندیی (خاوێن و خزمایەتی) پێکەوە گرێدراون. بەڵام بەبەراورد لەگەڵ ئیستادا ئەم پێکهاتەیە کەم بۆتەوە (عەتا قەرەداغی، ٢٠١١:١١١).

(٣) وشەی (ئاغا) بەپێی کەلتوری کوردی نازناوێکی کۆمەلأیەتییە، لەپێش ناو، یان لەدوای ناو دێت، وەك: (ئاغا کەریم، کەریم ئاغا).

## ٢/ ٤) شێوازەکانی گوتنی باڵادەستیی زمان:

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا (هێز و دەسەڵات)، یەکێکن لەو پێوەرو بنەما سەرەکییانەی، کە بەرزی و نزمی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەران دیاریدەکەن، لەم ڕوانگەیەوە دووجۆر، لە شێوازی گوتن دێتە کایەوە، یەکێکیان بریتییە لە شێوازی گوتنی باڵادەستیی زمان، ئەویتریان بریتییە لە شێوازی گوتنیی ژێر دەستیی زمان.

### ١-٤/٢) گوتنیی باڵادەستی زمان:

### سەرەتا:

پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ باس لە شێواز و جۆرەکانی گوتنی باڵادەستیی زمان تاك بکرێ، بە پێویست دەزانرێ سەرەتا بە چەند پرسیارێك دەستپێبکرێ، ئەویش ئەوەیە: مەبەست لە گوتنیی باڵادەستیی زمان چییە؟ لەسەر چەند بنەمایەك دەردەبڕێن؟ نیشانەکانی ناسینەوەیان چیە؟

گوتنی باڵادەستی زمان، ئەو گوتنانەن لەسەر بنەمایی (هێز و دەسەڵات) دەردەبڕێن ، بە زۆری لە گوتنی کەسانی وەك: (سیاسی و دەسەڵاتدار و سەرۆك هۆز و پیاوانی ئاینیی و خاوەن پلەبەرز...هتد) دەبینرێن. کەواتە، کەس لە گوتنی باڵادەستیی زمان، کەسێکە خاوەن دەسەڵات و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزە، جا ئەو دەسەڵاتەش لە کۆمەڵگە، یان لە دەوروبەری وەریگرتبێ. ئەم جۆرە گوتنەی کەسانی باڵادەست زۆرجار لە ڕێگەی هەندێ هێمای نازمانی[١] دەناسرێتەوە، وەك: ئەستێرەی سەر شان و پارە و چەك و ئوتومبێلی گرانبەها و مۆدێلی تازە و هێز و ئاوازەی بەرز، کە جۆرێ لە(هێزی دەربڕین)،[٢] بە گوتنەکە دەبەخشێ (قسە پێبڕین و دەنگ بەرز کردنەوە) لەسەر بەرامبەر ...هتد، ، یان دەست لە دواوە گرتن لە کاتی وەستان، جگە لەمەش ماوەی نێوان قسەکەر و گوێگر دوورییەکی بەرچاو لە نێوانیاندا هەیە ، دەناسرێتەوە. زۆرجار لە ڕێگەی بەکارهێنانی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان (Social deixis)[٣] ئەم جۆرە گوتنە دەناسرێتەوە، کە بەکارهێنانیان دەبێتە هۆی دەرخستنی پلە و پایەو ناسنامە و باری کۆمەڵایەتی و ئاستە جیاوازەکانی هاوبەشەکانی ئاخاوتن، کە ئەوانیش بریتین لە:

---

(١) بریتیە لەو زمانەی مرۆڤ لە ڕێگایەوە هەست و بیر و بۆچوون و پەیامەکانی خۆی بەبێ هیچ دەربڕینی دەنگێك یان وشەیەك دەردەبڕێت (ئارام عبدولواحید، ٢٠١٣، ٢٨٢). ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە (جوڵەکانی جەستە، بارودۆخ، حاڵەتی جەستە، جوڵەکانی دەموچاو و ئاماژەکانی دەست و دورونزیکی ماوەی نێوان ئاخێوەران...هتد) دەگرێتەوە (شنە ابوبکر، ٢٠٠٨، ٣٨).

(٢) هێزی دەربڕین ( expressive power) : توانایەکی ڕێژەییەو لەئەنجامی هۆکارە کاریگەرییەکانی سەر ئێوزای بەکارهێنانی زمان(پلەوپایە، ئابووری، یاسا، ...هتد) دێتە کایەوە، جۆرێ لەزمانی هێز (power language) لەگوتنەکەدا دەردەکەوێت، نەك هێزی زمانی (language stress) کە هێزێکە دەچێتە سەر فۆنیمەکەو واتا دەگۆڕێ، لەچوارچێوەی یەکەسیماتیکییەکاندا دەبینرێت(ڕێبین خالد، ١١١، ٢٠١٥).

(٣) نیشانە کۆمەڵایەتییەکان، جۆرێکن لە نیشانەکانی پڕاگماتیك، بریتین لەو نیشانانەی کە پلەو پایەی کۆمەلأیەتی نێوان ئاخێوەران دیاریدەکەن.

**أ-نازناو[1]، وەك:**

١- نازناوی کۆمەڵایەتی، وەك: **(ڕیش سپی،بەگ، ئاغا، خاتوون...هتد).**

٢. نازناوی خزمایەتی، وەك: **(مام، دادە، کاکە...هتد).**

٣. نازناوی ئایینی، وەك: **(مەلا، شێخ، خەلیفە...هتد).**

٤. نازناوی پیشەیی، وەك: **(مامۆستا، دکتۆر، وەستا...هتد).**

٥. نازناوی سەربازی، وەك: **(عەمید، موقەدەم، ڕائید...هتد).**

**ب- جێناو:** کە بەکارهێنانی جێناوی کۆ بۆ تاك دەگرێتەوە، وەك: **ئێوە چەند ڕۆژ مانەوە؟**

ج- وشەی فەرهەنگی: وەکو: **جەناب، بەڕێز، هێژا، گەورەم...هتد.**

**ئەمانەش بۆ ئەم مەبەستە ڕۆڵ دەبینن کە بۆ نیشاندانی ڕێزە، یان لە بێهێزی قسەکەرە (عەبدولواحید موشیر، ١٢:٢٠٠٩)، وەك ئەم نموونەیە:**

**-گەورەم دەتوانین بڕۆین؟**

**ئەم شێوازی گوتنە بەزۆری بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەردەبڕێ، هەندێجاریش بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، لە ڕێگای هێزو ئاوازەو بەپێی هێزی نائاخاوتن (Non-speech power) [2] و دەوروبەری بەکارهێنراو دەردەبڕێ و گوزارشت لە گوتنی باڵادەستیی کەسی خاوەن پێگەدەکات و مەبەستی جیاوازی لەپشتە.کەواتە ئەم جۆرە شێوازە لە دوو پلەدا دەردەکەوێت:**

**أ-هێزی توند: کەبە پەیوەندیی ستوونی نێوان ئاخێوەران پەیوەستە و بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەردەبڕێت.**

**ب-هێزی ڕێزدار: ئەم جۆرە هێزە جۆرە ڕێزێکی تێدایە و لە شێوەی داوە پێشکەشدەکرێت، یان بە ناڕاستەوخۆیی دەردەبڕێت. ڕەچاوی تەمەن و بارودۆخ و دەوروبەر دەکرێت.لە خوارەوەش گرنگترین شێوازەکانی گوتنی باڵادەستیی زمان بەپێی بنەماسەرەکییەکەی(دەسەڵات و پلە وپایە) ئاماژەپێدەکرێ و ڕووندەکرێتەوە.**

---

(١) نازناو: ناوێکە یان ئاوەڵناوێکە، بە مەبەستی ناساندن بە کەسێکەوە دەلکێندرێت، ئەو ناوە لکێنراوەش لە پێش یان لە دوای ناوی کەسەکەوە دێ (ئارام عەبدولواحید، ٢٠١٣، ٢٤٩).

(٢) هێزی نائاخاوتن: ئەو هێزەیە وەك کردەیەکی قسەیی ناڕاستەوخۆ لەئەنجامی ئەو هۆیانە سەرهەڵدەدات، کە پەیوەندییان بەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕوشنبیری و دەروونیەوە هەیە، ئەمەش کاردەکاتە سەر شێوازی دەربڕین و واتاو مەبەستی ئاخاوتنەکە، چونکە هەر وتەیەك ەوتەکانی زمان دەکرێت لەڕێی هێزی نائاخاوتنەوە بەشێوەی جیاواز لەکات و شوێن و بۆنەی جیاواز دەرببڕێت (تالیب حوسێن، ١٧،٢٠٠٥).

**٤/٢- ١- ١) گوتنی فەرماندان:**

یەکێکە لە جۆرەکانی گوتن لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، ئەرکی داخوازیکردن و فەرماندان دەبینێ، تێیدا کەسی یەکەم داوا لەکەسی دووەم دەکا کارێکی بۆبکات، یاخود بەپێچەوانەوە کارێك قەدەغەبکات، ئەم جۆرەگوتنە پەیوەندیی بەهێزو دەسەڵاتەوە هەیە، کە نێرە(قسەکەر) بە پێی ئەودەسەڵات و پلە و پایەی لەناو کومەڵگەدا هەیەتی فەرمان بەسەر وەرگر (گوێگر)دەکات.جا ئەو فەرمانکردنە بەشێوەی ڕاستەوخۆبێ ،یاخود ناڕاستەوخۆبێ، بۆئەوەی کارێك جێبەجێبکات، یان قەدەغەی بکات. کەواتە؛ ئەم گوتنە بەدوو شێوە دەردەبڕێت:

**أ- بەشێوەی ئاشکرا (ڕاستەوخۆ):**

لەم جۆرەگوتنەدا، قسەکەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ فەرمان بە گوێگردەکا بۆ ئەوەی کارێکی بۆ بکات، یاخود کارەکەی بۆ قەدەغەبکات. ئەم گوتنە بەهۆی کاری ڕاپەراندن و بۆتەی ڕێزمانی لە لایەن قسەکەر بە شێوەی ئەرێ و نەرێ دەردەبڕێت، لەم ڕووەوە واتاکەی بریتی دەبێ لە(واتای فەرهەنگی وشەکان+کاریگەریی ڕێزمانی)،وەك ئەم نموونەیە:

**- ئاخاوتنی ژمارە(١)، پێگەی ئابووری:**

**- وەستا بۆ شاگرد: وەرە ئەوتایە ببەستەوە.**

لێرەدا کەسی باڵادەست (وەستا) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەپێی ئەدەسەڵاتەی هەیەتی فەرمان بەکەسی ژێردەست(شاگرد)دەکات، کە ئەم تایەیە ببەستێتەوە.

**ب- بەشێوەی شاراوە (ناڕاستەوخۆ):**

ئەم جۆرەگوتنە، بە پێچەوانەی گوتنی فەرماندانی ئاشکرا، بەشێوەی ناڕاستەوخۆ بەهۆی هێزو ئاواز و دەوروبەری بەکارهێنانەوە دەردەبڕێت و مەبەست دەگەیەنرێت، واتاکەشی بریتی دەبێ لە (واتای ڕستە+دەوروبەر).کەواتە؛ ئەم جۆرە گوتنە بەهۆی دەوروبەری گوتنەوە بەدیاردەکەوێ، لەم ڕوانگەیەوە هەندێجار قسەکەر(کەسی باڵادەست)ڕستەیەك لەبەرامبەر(کەسی ژێردەست)،دەردەبڕێ لەوانەیە هەواڵدان ،یان پرسیار، یاخود ،سەرسوڕمان بێت، بەڵام کەدەخرێتە دەوروبەرو بەپێی هێزی گوتنەکە بەمەبەستی تر دەربڕاوە، کە گوتنێکی فەرماندانە(ئاوات محمەد، ٢٠٠٩: ٤٧)، هەر وەك ئەم نموونەی خوارەوە:

**- ئاخاوتنی ژمارە(٢)، پێگەی سەربازی.**

**- ئەفسەر بۆ پۆلیس: دەبابەو ناقیلەکان، دەبابە و ناقیلەکان دەپەڕینەوە.**

ئەم ڕستەییە ئەگەرچی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە شێوەی هەواڵ دەربڕاوە، بەلام بەپێی هێزی گوتنەکە و ئەودەوروبەرەی کە ئەم گوتنەی تێیدا دەربڕاوە ئەرکی ئاگادارکردنەوەی پۆلیسەکانی گرتۆتە ئەستۆ، کە قسەکەر(ئەفسەر)خاوەن پێگەیەکی سەربازی بەرزە و لەبەرامبەر پۆلیسەکانی بەکاریهێناوە،

که لەڕووی پێگەی سەربازییەوە پێگەیان لە پێگەی ئەفسەرەکە نزمترە، بۆیە لێکەوتەی گوتنەکە ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە ئاگاداربن دەڕۆین.

هەندێجار لەوانەیە فەرماندانەکە بەپێی دەوروبەری گوتنەکە مەبەستی جیاوازی تری هەبێ، بەلآم هەر لە چوارچێوەی گوتنی بالأدەستیی دەبینرێت، وەك ئەو نموونەیە:

**- ئاخاوتنی ژمارە(۱)،پێگەی ڕۆشەنبیری:**

**- مامۆستا بۆ قوتابی: ئێ بۆ پێکەنی؟**

ئەم گوتنەی مامۆستا لە شێوەی پرسیار دەربڕاوە، بەلآم بەپێی دەوروبەری گوتنەکەو ئەو دەسەلآتەی کە مامۆستا لەبەرامبەر قوتابییەکەیدا هەیەتی گوتنی فەرماندانەو ئەرکی گلەیکردنی لە پشتە.

مەرجیش نییە هەموو کات کەسی دەسەلآتدارو خاوەن پلەو پایە فەرمان بەکەسی بێدەسەلآت بکات، بەلٔکو هەندێجار پێچەوانە دەبێتەوە، بۆنموونە کاتێك قسەکەرێکی بالأدەست بێت، کەبەڕێوەبەری فەرمانگەیەك بێت، گوێگرش فەرمانبەرێك بێت لەم فەرمانگەیە، کەدەسەلآتی لەبەڕێوەبەرەکە نزم ترە، بەلآم کاتێك بەڕێوەبەری فەرمانگەکە کارێکی نابەجێ ،یان گەندەلٔیەکی کردبێ و فەرمانبەرەکەش ئاگاداری ئەم کارەی بێت لەم کاتەدا فەرمانبەرەکە دەتوانێ فەرمان بەسەر بەڕێوەبەرەکە بکات(ئاوات موحەمەد،۲۰۰۹: ٤۹)، ئەم فەرمانەشی کە فەرمانبەرەکە لەسەر بەڕێوەبەرەکەی دەکات لەوانەیە بەشێوەی ڕاستەو خۆ یان ناڕاستەوخۆ دەربڕدرێت.

**٤/۲- ۱- ۲) هەڕەشەکردن:**

هەڕەشەکردن پەیوەندیی بەدەسەلآت و پێگەوە هەیە. زۆرجار کەسی بەدەسەلآت هەڕەشە لەکەسی بێدەسەلآت دەکات، هەڕەشەکردن لەئەنجامی جێبەجێنەکردنی فەرمانێکی قسەکەری بالأدەست دێت، یان بۆوروژاندنی بەرامبەر، تاکو بەپێی ویست و ئارەزو و بەرژەوەندی قسەکەر کاربکات،یاخود بۆئەوەی ترس و تۆقاندن و دلٔەڕاوکێ بخاتە دلٔی گوێگر،تاکو کارەکەی بە ڕێك و پێکی بۆ جێبەجێبکات، بۆئەم مەبەستەش خالٔی لاوازی گوێگر دەوروژێنێ و هێزو دەسەلآتی خۆی لەبەرامبەریدا بەکاردەهێنێت. زۆرجار هەڕەشەکردن بۆترساندنە تاکو لەوکارەی کەدەیکا بەردەوام نەبێت و دووبارەشی نەکاتەوە (قەیس کاکل،۱۹۹٥: ۳۲).

کردەی هەرەشەکردنیش بەدوو شێوە دەردەبڕدرێت:

**۱-هەڕەشەکردنی ڕاستەوخۆ:**

لەم جۆرەدا، کەسی بالأدەست بەپێی ئەو دەسەلآتەی هەیەتی و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڕەشە لەکەسی بێدەسەلآت دەکا، ئەمەش بەهاوکاری بەرزکردنەوەی تۆنی دەنگ و هێز و ئاوازەی گوتنەکە ئەنجامدەدرێ، وەك ئەم نموونەیەی خوارەوە:

**-ئاخاوتنی ژمارە ( ٢ )،پێگەی ئایینی:**

**-شێخ بۆ موریدەکانی: نابێ خزمەتیان بکەن.**

لێرەدا قسەکەر (شێخ) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڕەشە لەموریدەکانی دەکات بەوەی نابێت بچنە لای ئەو کەسانەی کە ئەو مەبەستییەتی، ئەم هەڕەشەکردنەش لەدەسەڵاتی قسەکەردایە و بەشێوەی فەرمانی داوا دەربڕاوە، چونکە پێگەی ئایینی قسەکەر لەپێگەی موریدەکانی بەرزترە، بۆیە بەم شێوازە ئەم وتنانەی دەربڕیوە. لێرەدا هێز و ئاوازەی گوتنەکە بۆ ئەم مەبەستە ڕۆڵی سەرەکی دیوە، ئەمەش وادەکا کە ئەگەر کەسانی بەردەستی قسەکەر بچنە لای ئەوان، ئەوا لەوانەیە قسەکەر هەڵوێستی تری هەبێت.

**١-هەڕەشەکردنی ناڕاستەوخۆ:**

لەم جۆرە هەڕەشەکردنەدا، کەسی باڵادەست بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڕەشە لەکەسی بێدەسەڵات دەکات. لێرەدا هێزی گوتنەکە کەمتر دەبێتەوە، چونکە زیاتر پشت بەو دیاردە پارازمانییانە دەبەستێ کەبەکارهێنانیان بەمەبەستی دروستکردنی ترس و دانپێدانانی گوێگرە(کەسی بێدەسەڵات)، بەتایبەتیش ڕاوەشاندنی پەنجەو چاو زەق کردنەوە و ناوچەوان گرژکردن، بۆئەم مەبەستە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت (هێمن عەبدولحەمید،٢٠٠٦: ١٢). بۆنموونە، هەڕەشەکردنی ناڕاستەوخۆی مامۆستایەك بۆقوتابییەکەی، لەئەنجامی کارێکی هەڵەی قوتابییەکەی دایە، وەك لەم بەکارهێنانانە دەردەکەوێ:

**- ئاخاوتنی ژمارە ( ١ )،پێگەی ڕۆشەنبیری:**

**- مامۆستا بۆ قوتابی: بۆدەرەوە.**

لێرەدا کەسی باڵادەست(مامۆستا) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڕەشەی لەکەسێکی بێ دەسەڵات (قوتابی) کردووە، ئەمەش بەمەبەستی ترس و دانان و دووبارە نەبوونەوەی کارەکە لەلایەن قوتابییەکەوە، چونکە لێکەوتەی ئەم گوتنە هەڕەشەیەی کەسی باڵادەست بەپێی دەوروبەری گوتن و بەکارهێنانی ئەوەی لێدەکەوێتەوە، کە ئەگەر قوتابییەکە جارێکی تر ئەم هەڵەیە دووبارە بکاتەوە ئەوا لەوانەیە کەسی باڵادەست هەڵوێستەکەی قورستربێت بەبەراورد لەگەڵ ئەم گوتنەی.

مەرج نییە هەموو کات کەسی باڵادەست هەڕەشە لەکەسی بێدەسەلات بکات، بەڵکو هەندێجار پێچەوانە دەبێتەوە، واتا کەسی بێدەسەڵات هەڕەشە لە کەسی بەدەسەڵات دەکات،ئەمەش لەوانەیە لەئەنجامی تێکچوونی باری دەروونی کەسی بێدەسەڵات و شەڕو ئاژاوە و دەمەقاڵێی توند بێتە کایەوە.

**٤/٢- ١- ٣) تاوانبارکردن:**

تاوانبارکردن، یەکێکی ترە لەگوتنەکانی باڵادەستیی زمانی تاك، واتە لەباری هێز و دەسەڵاتدا دەبێت،بەتایبەت بەشێوەی ڕاستەوخۆ، چونکە ئاشکرایە کەسی بێدەسەڵات ناتوانێ کەسێکی بەهێز و دەسەڵات بەکارێکی نەشیاو و نایاسایی تاوانبار بکات (عەبدولواحید موشیر، ٢٠٠٩: ١٤).لەباری

ناڕاستەوخۆشدا بەهاوکاری هێزو ئاوازە گوزارشتی لێدەکرێ و دەسەڵات و پێگەی کەسی باڵادەست بۆ دەردەخات(ڕێبین خالید،٢٠١٥: ١١٣). بۆنموونە گوتنێکی وەك:

- **ئاخاوتنی وەرگیراو (بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر، دەستگیرکردنی تاوانبار):**
- **ئەفسەر بۆتاوانبار: بە چ لێتدایە؟**

ئەم گوتنەی کەسی باڵادەست ئەگەرچی بەشێوەی پرسیار دەربڕاوە، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەپێی و دەربڕینی گوتنەکە، تاوانبارکردنی گوێگرە بەئەنجامدانی کاری لێدنی منداڵێك.

لێرەشدا پەسەندی ئەم گوتنە لەوەدایە کە گوێگر پاکانە بکات و ڕەتیبکاتەوەو هۆو پاساوێك بدۆزێتەوە تالەسزاکەی دووربێت، یاخود بۆی سوك بکرێ، بۆیە دوای ئەم شێوازە هێزی ئەفسەر دەبێ تاوانبارەکە شێوازێکی بێهێز بەکاربێنێت(عەبدولواحید مشیر،٢٠٠٩: ١٧).لێرەدا کەسی بێدەسەڵات (تاوانبارە)دەتوانێ چەند دەربڕینێکی بێهێز بۆکارەکەی بەکار بێنێت وەك ئەم نموونەیە:

- **هەمان ئاخاوتنی وەرگیراو:**
- **تاوانبار بۆ ئەفسەر: زۆرخراپ بوو، دەمگوت وەرە بتشۆم، لەسەر شوشتنەکەی هەڵدەهات.**

لێرەدا کەسی تاوانبار ئەگەر چی دان بەتاوانەکەی دەنێ، بەڵام هۆکاری تاوانەکەی دەخاتەوە سەرمنداڵەکە، بەوەی زۆرخراپ بووە ،بۆیە لێم دەدا.

**٤/٢- ١- ٤) داواکردن:**

داواکردن لەڕووی زاراوەوە بەمانای "خواستن"یان "ویستن" دێت (بەدران ئەحمد حبیب، ٢٠١٤: ١٤٤). لە ڕووی چەمکیشەوە بەواتای خواستنی ئەنجامدانی شتێك دێت، کە قسەکەر داوا لە گوێگر دەکا بۆی جێبەجێبکات(حەسەن عەلی، ٢٠١٥: ٣٣). ئەوەی لێرەدا دەخرێتە ڕوو، پەیوەندیی ئەم کردەیە بە دەسەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتی تاك.

داواکردن، بەشێوەیەکی گشتی زمانی کەسانی بێهێز و ناوەندییە، بەڵام زۆر جار بەهۆی هێزو دەسەڵاتەوە ئەنجامدەدرێ، واتە قسەکەر بەپێی ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی داوا لە گوێگر(کەسی بێدەسەڵات)دەکا کە کارێکی بۆ جێبەجێبکات. ئەم داواکردنەش بەدووشێوە دەبینرێت:

١- **داواکردنی ڕاستەوخۆ:** ئەم جۆرەداواکردنە جۆرێ لە ڕێزگرتنی بەرامبەری تێدایە و لەشێوەی فەرماندان دەردەبڕێ. وەك ئەم نموونەیە:

- **ئاخاوتنی وەرگیراو (بانگەشەی هەڵبژاردنی عێراق، کۆیە):**

- **بەر پرسی سیاسی بۆ ئەندام و لایەنگرانی: من داواتان لێدەکەم، بەتایبەتی گەنجان، بە تایبەتی خوێندکاران کە دەوری گەورەی خۆیان ببینن لەم هەڵبژاردنەی بێتەوە........**

کەسی باڵادەست لێرەدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە شێوەی فەرماندان داوا لە ئەندام و لایەنگرانی دەکات

کە ڕۆڵی خۆتان لەم هەڵبژاردنەدا ببینن، ئەم داوایەی قسەکەر، داوایەکی ئاسایی نییە، بەڵکو داوایەکە بەهێزی لە پشتەو ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی لە بەرامبەر گوێگرەکانیدا دەبێت.

٢- **داواکردنی ناڕاستەوخۆ:** ئەم جۆرەیان بە زمانی هێز دەردەبڕێ، واتە هێزی دەربڕینی گوتنەکە ڕۆڵی سەرەکی لە ڕەنگدانەوەی ئەم کردەیەدا دەبینێ و جۆرێ لە ڕێزی تێدایە(ڕێبین خالید، ٢٠١٥: ١٤٤)، وەك ئەم گوتنەی خوارەوە:

**- ئاخاوتنی ژمارە(١) پێگەی یاسایی:**

**- دادوەر بۆتاوانبار: هیچ جاری تر دەمەقالێ و شەڕتان بووە؟**

ئەو گوتنەی قسەکەر ئەگەرچی بەشێوەی پرسیار دەربڕاوە، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە بە پێی دەوروبەری گوتنەکە داواکردنی زانیاریە لە گوێگر.

پێویستە بگوترێ داوای قسەکەر چ بەشێوەی ڕاستەو خۆبێت، یان ناڕاستەوخۆ بێت، داوایەکە هێزو دەسەڵاتی لە پشتەو دەبێ گوێگر بۆی جێبەجێبکات، ئەگەرنا لەوانەیە توشی لێپرسینەوە ببێت. ئەمەش جیاوازیی سەرەکی لەگەڵ داوای کەسی بێدەسەڵات دەردەخات، کە داوایەکە مەرج نییە دەسەڵاتی لەپشتەوەبێت و جێبەجێبکرێت.

**٤/٢- ١- ٥) بانگکردن:**

یەکێکی تر لەشێوازەکانی گوتنی باڵادەستیی زمانی بریتییە لەکردەی بانگکردن. بانگکردن بریتییە لە ئاگادارکردنەوەی کەسێك، بۆئەوەی گوێی لێبگرێ، یاخود بەرەو لات بێ، واتە داوایەکە ئاڕاستەی کەسی بانگکراو بۆمەبەستێك دەکرێ(ڕزگار واحید،٢٠٠٩: ٤٤). کەواتە؛ ئەوەی لەنێو ئەم کردەیەدا هەستی پێدەکرێ بانگکردنی کەسێکە بۆمەبەستی کارێك، یان شتێك لەلایەن بانگکەرەوە . لێرەدا چۆنییەتی گوزارشتکردنی ئەم بانگکردنە ڕۆڵی گرنگ لەدەرخستنی پایەو پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان دەبینێ . بۆیە لەم ڕوانگەیەوە (لاینز-Lyon) دەڵێ: ((بانگکردن بارێکی دواندنە، ڕۆڵ و بەشداری هەیە لەڕەنگدانەوەی پایەی کۆمەڵایەتی))(سەرچاوەی پێشوو:٤٤). واتە؛ ئەم بارەی دواندنە (بانگکردن)یەکێکە لەو پێوەرانەی جۆر و پەیوەندیی و بەرز و نزمی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی نێوان "بانگکەرو بانگکراو" دەردەخا، بەوەی کە پێگەیان لەچ ئاستێکی کۆمەڵایەتیدایە.

زۆرجار بانگکردن لەلایەن ئەوکەسانە ئەنجامدەدرێت کەخاوەن دەسەڵات و پێگەیەکی کۆمەڵایەتین و گوتنەکانیان جۆرێك لەهێزی تێدایە،جا ئەمەش لەبەر هەر هۆکارێك بێت،چونکە کەسانی بێدەسەڵاتیش بانگی دەوروبەردەکەن ، بەڵام وەکو ئەو کەسانە نییە ، کەگوتنەکانیان هێز و دەسەڵاتیان پێوە دیارە (ڕێبین خالید،٢٠١٥: ١١٥). ئەم بانگکردنەش لەدوو شوێنی جیاواز ئەنجامدەدرێت، شوێنی قسەکەر و شوێنی گوێگر،کە لە زۆر بارودۆخدا زمانی هێز نیشاندەدات، بەتایبەت کاتێك کەسێکی باڵادەست بەسوکی بانگی گوێگر بکات، وەك: سازگار، یان بەکارهێنانی هەندێ دەستەواژەی وەك:(کوڕە، کچێ، ... هتد)، بەتایبەت ئەگەر بە ئاوازێکی بەرز و توند بگوترێ (عەبدولواحید مشیر،٢٠٠٩: ١٦)، وەك ئە نموونانەی خوارەوە:

**-ئاخاوتنی ژمارە: ( ٣ )،پێگەی کارگێڕی:**

**-ڕاهێنەر بۆیاریزانەکانی: کوڕە ئۆتە ئۆتە.**

**-وەستا بۆ شاگرەکەی: ئاکۆ ئاکۆ.**

هەریەك لەم شێوازە گوتنانەش دەسەڵات و پێگەی کەسەکە دەردەخەن. کەسی بانگکراویش بیەوێ کەسی باڵادەست بانگبکات، شێوازی دەربڕینەکانی بەڕێزەوە دەردەبرێت و چەندین نشانەی کۆمەڵایەتی وەك (جەناب، بەڕێز، کاکە، خاتوون، ... هتد)، بەکاردەهێنێت کە گوزارشت لەدەسەڵاتی کەسی بانگکراو دەکەن.

هەندێجار بانگکردن لەسنووری گوتندا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ بەهاوکاری هێزەوە ئەنجامدەدرێ(ڕێبین خالید،٢٠١٥: ١١٧). بۆنموونە هەندێجار لەدەوروبەری ئاخاوتندا دەوترێ:

**-ئاخاوتنی ژمارە(١ )،پێگەی ڕەگەز:**

**-پیاو بۆ ژنەکەی: هەر خنکاین، خنکاین.**

ئەم گوتنە لەڕووی فۆڕمەوە هەواڵدانە، بەڵام کەدەخرێتە دەوروبەر و بەپێی هێزی گوتنەکە، بانگکردنە لەلایەن کەسی دەسەڵاتەوە.

**٢ /٤- ١- ٦) توانج:**

توانج، بەشێکە لەگلەیی و نارەزایی، کەبەشێوەی گاڵتە بۆبەرامبەر دەردەبڕدرێت. ئەم گوتنە زۆرجار لەگوێگر و هەندێجاریش لە گوێهەڵخەر دەدرێت، کەلە ڕێگای خواستنەوە ئەنجامـدەدرێ، بەتایبـەتی جۆری خواستنی و یژدانی، کەلادانە لە چۆنییەتی دەربڕین و یاسای زمـان. لـە توانجـدا هەسـت و سۆز بەخراپی لەبەرامبەر کەسێك، یان شتێك، کە لەگەڵ واقع ناگونجێ دەردەبڕێ( عەبدولواحید موشیر، ٢٠٠٩: ١٥). بۆنموونـە ئەگـەر سـەیری ئـەم نموونـەی خـوارەوە بکـرێ، کەلـەنێوان کەسـێکی بەتەمـەن و گەنجێك دایە، کەسی بەتەمەن لەئەنجامی کەمتەرخەی کەسی گەنج ئەو شتەی کەمەبەستییەتی پێـی دەڵێ:

**-ئاخاوتنی ژمارە ( ١ )، پێگەی تەمەن:**

**-کەسی بەتەمەن بۆکەسی گەنج: ئەوساڵ نا ساڵەشکە، کەساڵ تەواو بوو.**

ئەم گوتنەی کەسی بەتەمەن ئەگەر چی بەشێوەی هەواڵ دەربراوە، بەڵام لەڕاستیدا لەڕووی ناوەڕۆکەوە توانجلێدانە لەگوێگر،چونکە لەگەڵ واقعدا ناگونجێ، گوێگر کەمتەرخەم بووە لەو کاتە دیاریکراوەی کەمەبەستی بووە بۆلای قسەکەر بچێ، بۆیە بەتوانجەوە پێی وتووە ئەو ساڵ نا ،کەساڵ تەواو بوو ئەوجا وەرە،بۆیە لێکەوتەی توانجەکەشی بەپێی دەوروبەر و هێزی دەربڕینی ووتنەکە ئەوەی

لێدەکەوێتەوە کەتۆ دەبووایە ئەم ساڵ بێی کەچی نەهاتی، ئەمەش فەرمان و گلەیکردنە لێی، نەك ڕازی بوون و دەستخۆشی لێکردنی.

بەگشتی ئامانج لەتوانجدان ئاگادار کردنەوەیە ،یان چاککردنی هەڵەیەك ،یاخود کەموکوڕیەك، کە گوێگر ئەنجامی دابێت، دێتە کایەوە(شلێر ڕەشید، ٢٠١٥: ٩٠).

**٤/٢- ١- ٧) ئامۆژگاری:**

ئامۆژگاری، بریتییە لەئامۆژگاریکردنی کەسێك بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لەکاری خراپ و هاندان بۆکاری ڕاست و دروست، ئامۆژگاریکردن پەیوەندیی بەدەسەڵات و پلەو پایەی بەرزی و نزمییەوە هەیە، کەواتە دەکرێ لە نێوان کەسی دەسەڵات و بێدەسەڵات ببینرێ، بەڵام زۆرجار کەسی باڵادەست ئامۆژگاری کەسی بێدەسەڵات دەکا، چۆنییەتی ئامۆژگاریکردنەکەش بەگشتی بە هێمنی و بە ئاوازێکی نزم دەردەبڕێ، بەڵام هەندێجار گوتنەکان فۆڕمی هێزیان پێوە دیارە و بەپێی دەوروبەر لەوانەیە شێوەی هەڕەشە و فەرماندان وەربگرن(ڕێبین خالید، ٢٠١٥: ١١٤).

ئەم ئامۆژگاریکردنەی گوێگر بۆ شکاندنی نییە،بەڵکو ئامانج لێی دوورکەوتنەوە و ئاگادارکردنەوە وازهێنانییەتی لەکاری نادروست و خراپ. وەك ئامۆژگاریکردنی: (باوك بۆکوڕەکەی، دایك بۆ کچەکەی، مامۆستا بۆ قوتابییەکەی، ... هتد). بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەم دەربڕاوەی خوارەوە بکرێ، کەڕەهەندی ئامۆژگاریکردنی تێیدا دەردەکەوێ:

- **ئاخاوتنی ژمارە ( ١ )، پێگەی سیاسی:**
- **سەرۆك بۆ کاندید و ئەندامەکانی: دەنگی خۆتان لەهەموو شێوازێکی ناشیرن بپارێزن...**

ئەم گوتنەی کەسی باڵادەست ئەگەر چی لەفۆڕمی فەرماندان دایە، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە ئامۆژگاریکردنی سەرۆکە بۆ ئەندامان و کاندیدەکانی. بەمەبەستی دورکەوتنەوە لەقسەی ناشیرن و خۆپارێزی تێیدا دەربڕاوە.

**٤/٢- ١- ٨) جوێندان:**

جوێندان، بریتییە لەو قسە و گوفتارە ناشیرنانەی، کەبۆ زەمکردن و سوکایەتی و نزمکردنەوەی بەرامبەر بەکاردەهێنرێت، ئەم گوتنانەش ئازار بەبەرامبەر دەگەیەنن و کاریگەریی لەسەر ڕەهەندی دەرونی کەسی جوێنپێدراو جێدەهێڵێ (شلێر ڕەسوڵ،٢٠١١: ٦٤). ئەوەی زیاتر لێرەدا بەگشتی دەخرێتە ڕوو ئەوەیە ، کەسی بەدەسەڵات هەندێجار گوتنەکانی لەبەرامبەر کەسی بێدەسەڵات جۆرێك لەناشیرینی پێوە دیارە، ئەمەش لەئەنجامی کارێکی نەشیاو ،یان کەمتەرخەمی و کەم و کوڕیەك لەلایەن گوێگرەوە ڕوو دەدات، وەك ئەم بەکارهێنانەی خوارەوە:

- **ئاخاوتنی وەرگیراو (کوڕو دایکێك، دارەتوو):**
- **کوڕ: ئەمن نەم وتوە بێتە دەرێ.**
- **دایك: قوزەلقورت.**

لێرەدا کەسی باڵادەست(دایك) بەپێی ئەو دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەی لەناو خێزندا لەبەرامبەر منداڵەکانیدا هەیەتی و لەئەنجامی کەمتەرخەمی و ئاگالێنەبوونی کوڕەکە لە برابچووکەکەی ئەم دەربڕاوەی بەکارهێناوە، کە جۆرێك لەقسەی ناشیرینی پێوە دیارە، ئەم قسەناشیرنەش لەدەستەواژەی(قوزەڕقوڕت)دادەبینرێ. بەلام ئەمە مەرج نییە لەناو هەموو کەسێکی باڵادەست بەکاربێ، واتە گۆرانکاری بەسەردا دێت.

هەندێجاریش کەسی بێدەسەڵاتیش جوێن بەکاردەینێ، بەڵام بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەبێ ئامادەبوونی کەسی دەسەڵاتدار دەری دەبڕێ، ئەمەش لەڕێگای هێز و ئاوازی دەربڕینەکەوە هەست بەم جۆرە کردەیە دەکرێ (ڕێبین خالید،٢٠١٥: ١١٥). وەك ئەم نموونەیەی خوارەوە:

- **ئاژاوەچی وەك خۆی نییە.**

ئەم گوتنە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ بەبێ ئامادەبوونی کەسی باڵادەست وتراوە، بەڵام لەڕێگای هێزی دەربڕینی گوتنەکەوە دەناسرێتەوە، کەئەم گوتنە جۆرێك لە قسەی ناشیرینی تێدایە(**ئاژاوەچی**).

**٤/٢- ١- ٩) ڕەتکردنەوە:**

ڕەتکردنەوە، بەواتەی قبووڵنەکردن، یاخود ڕازی نەبوون ،یان ڕێپێنەدان، لەسەر داوایەك ،یان پێشنیازێك، ئەمەش ئەرکێکی تری زمانە و ڕۆژانە دەبینرێت و دوبارە دەبێتەوە، ڕەتکردنەوەش بەدوو شێواز دەردەبڕدرێت: بەشێوەی ڕاستەوخۆ، کەبۆچوونێکە بەڕاشکاوی لەلایەن قسەکەر ڕەتدەکرێتەوە و بەزۆری بەنەرێ وەڵام دەدرێتەوە، کەزۆرجار بەشێوەیەکی ڕەق لەلایەن گوێگرەوە وەردەگیرێت. شێوازەکەی تریش بەشێوەی ناڕاستەوخۆیە،کەداوایەکە، یان بیرو بۆچوون و پێشنیازەکەیان ڕەتدەکرێتەوە، گوێگریش زۆر پێی دڵ گران نابێ، چونکە بەشێوازێکی نەرمتر دەردەبڕێن(هێمن عەبدولحەمید، ٢٠٠٦: ١٣٦).

ئەم کردەیە زیاتر پەیوەندیی بەدەسەڵاتەوە هەیە، واتە قسەکەر ، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی داوا ، یان پێشنیازەکانی کەسی بێدەسەلات بەشێوازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕەتکاتەوە، کەزۆر جارفۆڕمە ڕەتکراوەکە لەشێوازی گوتنی فەرماندان دەردەکەوێ، وەك:

- **ئاخاوتنی ژمارە ( ١ )،دەسەڵاتی دایك، پێگەی کۆمەڵایەتی:**

- **کچ: بچمە بازار؟**

**-دایك: نا.**

لێرەدا کچەکە داوا لەدایکی دەکات کە ڕێی پێبدا بۆ چوونی بۆ بازاڕ، بەڵام دایکی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەپێی ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی داواکەی ڕەتکردۆتەوە.

## ٢ / ٤ – ٢) شێوازی گوتنی ژێردەستیی زمان:

**سەرەتا:**

ئەم جۆرە شێوازە لەزمانی ئەو کەسانە دەبینرێن کە بێ دەسەڵات و هەژار و لێقەوماون، وەك: منداڵ، سواڵکەر، ئافرەت،...هتد،لەبارێکدا ڕوودەدات کەمرۆڤ توشی کەم و کوریەك ،یان هەڵەیەك، یان پێویستییەك دەبێت ،بۆبەرژەوەندی خۆی کەسانی نزیك بەکاردەهێنێت، بۆئەوەی ببێتە ڕەزامەندی سەرووی خۆی.

ئەم شێوازە لەڕوانگەی گوێگرەوە سەیر دەکرێت، کە کەسێکی بێدەسەڵات و بێهێزە، بەزۆری بەشێوەی ناڕاستەوخۆ گوزارشت لەگوتنەکانیان دەکەن، هەندێجاریش بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەبەر بێدەسەڵاتی بۆڕێزگرتن بەبێهێز قسەدەکات، کەهەندێ دەستەواژە و نیشانەی کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنرێ، وەك: (خزمەتکارت، جەنابتان، لەخزمەتدام، خاتوون، ... هتد)، لەئاخاوتنی ڕووبەرودا، بەڵام لەوانەیە ئەگەر کەسی سێیەم ئامادە نەبێ،گۆڕانی بەسەردا بێ( عەبدولواحید مشیر،٢٠٠٩: ١٦). کەواتە؛ نزمی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و بێدەسەڵاتی تاك یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کەوادەکا گوتنەکانی جۆرێك لەژێردەست و نزمی لەبەرامبەر کەسی باڵادەست و خاوەن پلەو پایە دیاربێت و ئەم ئاڕاستەیە وەربگرێت. لەخوارەوەش هەوڵدەدرێ گرنگکترین شێوازە دەربڕاوەکانی ئەم جۆرە گوتنە بەپێی هۆکارەکەی (بێدەسەڵات)ی ڕوونبکرێتەوە.

**٤/٢- ٢- ١) دوعاکردن:**

دوعاکردن، یەکێکە لە باوترین شێوازەکانی داخوازی، کە قسەکەر ڕاستەوخۆ ڕووی دەمی دەکاتە کەسی دووەم، کە بریتییە لە (خوای گەورە) ، داوای لێدەکات لەداهاتوودا کارێکی بۆ ئەنجامبدات ،یان نەدات (ساجیدە عەبدوڵلا، ٢٠٠٧: ٨٥).

دوعاکردن پەیوەندییەکی ڕوحی نێوان خوای گەورەو مرۆڤەکانە، تێیدا مرۆڤ لەهێزێکی سەرووی خۆی کە (خوای گەورەیە) دەپاڕێتەوە، کەبۆ مەبەستی جیاواز داوای لێدەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەدوعاکردن جۆرێکە لەداوا، بەڵام جیاوازیی شیان لەنێواندا دەبینرێ، چونکە لە دوعاکردندا پلەو پایەی نێوان قسەکەر و گوێگر لەیەکتریەوە دوورن و بەراورد ناکرێن، جگە لەمەش کاردانەوەکەشی نادیارە، واتە نازانرێت کەی وەڵام دەدرێتەوە.

مرۆڤ بەزۆری لەکاتی هیوا بڕاوی و بێ ئومێدی پەنا بۆ دوعاکردن دەبات، بەڵام دەبێ هەموو کات پەنا بۆ دوعاکردن ببردرێت،چونکە دوعاکردن ڕوحییەتی بەخۆدا چونەوەی مرۆڤەکانە.لەم کردەیەدا خۆبچوککردنەوە و بێدەسەڵاتی زۆر بەزەقی دەردەکەون و قسەکەر لەوپەڕی لاوازییەوە خۆی لەبەرامبەر بەهێزی، کەلەسەرووی خۆیەتی (خوای گەورە) نیشاندەدات، بەتایبەت کاتی دوعاکردنەکە خۆی لە هەندێ هێمای نازمانی وەك دەستبەرزکردنەوە و دەستەکان بەکراوەیی و پشتی دەست ڕووەو خوارەوە و ناولەپیش ڕوو لەئاسمان دەبێت،زیاتر لاوازی و بێدەسەڵاتی کەسەکە دەردەخات.

دوعاکردنیش دووجۆری هەیە:

**جۆری یەکەمیان:** بریتییە لە دوعای چاك، کە کەسی دوعاکەر، دوعاو پاڕانەوەی چاك دەڵێ و بەئاوازێکی نزم دەریدەبڕێت.

**جۆری دووەمیان:** بریتییە لە دوعای خراپ، کەبەخراپە دەردەبڕێت و ئاوازی ڕق و کینەی پێوە دیارە، (هێمن عەبدولحەمید، ٢٠٠٦: ١١٦- ١١٧).ئەوەی لێرەدا پەیوەندیی بەم لێکۆڵینەوەیە هەبێ بریتییە لەدووعاکردنی کەسی بێدەسەڵات و بەکارهێنانی هێزێکی سەرووی خۆی کە (خوای گەورە)یە، کەئەمەش بەئامادەنەبوونی کەسەکە دەوترێ(عەبدولواحید موشیر،٢٠٠٩:١٦ ). بۆنموونە کاتێك کەسی بێدەسەڵات کەهەڵەیەك، یان نادادپەروەرییەکی لەلایەن کەسی باڵادەست دەبینێ ، یان لێی دەکرێ، پەنا دەباتە بەر دوعاکردن، وەك لەم نموونەیەی خوارەوەدا دیارە:

**١- ئاخاوتنی وەرگیراو (وتاری هەینی، هەڵبژاردنی شاجوان):**

**- مەلا: یارەبی ئەو مارە پێتانەوە دا إن شاء الله.**

لێرەدا ئەگەرچی (مەلا) وەك نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی خاوەن پێگەیەکی ئایینی بەرزە، بەڵام لەئەنجامی نادادپەروەری و کەم و کوڕی لەلایەن ئەوکەسانەی کە ئەم نادادپەروەرییەیان کردووە پەنای بردۆتە بەر دوعاکردن و هێزێکی سەروی خۆی کە (خوای گەورە)یە،ئەمەش بەمەبەستی تۆڵە سەندنەوە لێیان.

**٢/ ٤- ٢- ٢) سوێند خواردن:**

سوێند خواردن بریتییە لە سوێند خواردنی کەسێك کە جەخت لەسەر شتێك، یان مەبەستێك دەکات، جا سوێند خواردنەکەی بە ئەرێ بێ ،یاخود بە نەفی کردن بێت، بەزۆری بەشێوەی ڕستەی هەواڵدان دێتە بەرچاو، لەڕێگای مۆڕفیمی سوێند خواردن، یان کاری سوێن خواردن، یان هەردووکیان دەردەبڕێت (ساجیدە عەبدوڵڵا ،٢٠٠٧: ٩)[1].

**سوێند خواردنیش بەدوو شێوە دەبینرێت:**

---

(١) لەزمانی کوردیدا وەك هەرزمانێکی تر هەندێ وشە و مۆڕفیمی هەیە،کەگوزارشت لەسوێند خواردن دەکەن، کەزیاتر دەکەون پشت هەموو ئەو وشەو گرێ و ڕستانەی کە سوێندیان پێدەخورێ، وەك:

أ- مۆڕفیمی /بە/= /ب/: بەخوای گەورە من ئەو کارەم نەکردوە.

ب- مۆڕفیمی/وە/= /و/: وەڵڵاهی قوربان دزەکەمان پێنەگیرا.

ج/ مۆڕفیمی /تە/= /ت/: وەڵڵاهی وەبیللاهی وەتەڵڵاهی ئەمن نەبووم.

هەروەها لەڕێگای هەندێ کاری سوێند خواردن ئەنجام دەدرێ وەك:

أ - سوێند خواردن/سوێنددان، وەك: سوێند دەخۆم جەنابی دادوەر ئەم کارە جارێکی تر دووبارە نەکەمەوە.

ب-قەسەم/قەسەم خواردن، وەك: قەسەم بەخوای گەورە مامۆستا دووبارەی ناکەمەوە. (ساجیدە عەبدوڵڵا، ٢٠٠٧: ١٢ -١٧).

**١-سوێند خواردنی فەرمی:**

ئەم جۆرە سوێند خواردنە لەنێو شوێنە ڕەسمی و فەرمییەکاندا ئەنجامدەدرێ، بەتایبەتی لەدادگاکاندا هەستی پێدەکرێ، ئەو کەرستانەشی کە سوێند خواردنەکەشی پێدەردەبڕدرێت بریتییە لە (خوای گەورە ، نامەی پیرۆزی ئاینی)،بۆنموونە (قورئان)، وەك:

- **بەقورئان ئاگام لێیدەبێت.**

**٢-سوێند خواردنی گشتی:**

ئەم جۆرە سوێند خواردنانە دەگرێتەوە، کەلەنێوان خەڵکی ئاسایی لەقسەی ڕۆژانە و بەمەبەستی جیاجیا، کەزۆرجار هەر سەرزاریە و بێ مەبەستەدەدەبڕێ ،کەزۆربەی کات دوای تاوانبارکردن دێت،ئەویش سوێندی بۆدەخوات کە بێتاوانە (عەبدولواحید مشیر، ٢٠٠٩: ١٧)، وەك ئەم نموونەیە:

**-وەڵڵا ئەمن ئاگام لەو کارە نییە.**

لێرەدا ئەوەی مەبەستە و جەختی لەسەر دەکرێتەوە، بریتییە لەسوێند خواردنی کەسی بێدەسەڵات، بۆنموونە زۆرجارکەسی باڵادەست و دەستڕۆیشتوو، لەبەرامبەر بەردەستەکانی خۆی، یان کەسی بێدەسەڵات، کەتاوان، یاخود شتێکیان دەخاتە پاڵ، ئەوا کەسی بێدەسەڵات بۆئەوەی تاوانەکە لەسەر خۆی لاببات یەکسەر پەنا بۆ سوێند خواردن دەبات، وەك ئەم نموونەیە:

**١- ئاخاوتنی ژمارە( ٢ )، پێگەی تەمەن:**

**-منداڵ: وەڵڵا ئەمن هەر بەتەنیشتی دانەڕۆیشتیمە.**

لێرەدا کەسی بێدەسەڵات(منداڵ)، لەڕێگای سوێند خواردنەکەیەوە، جەخت لەوەدەکاتەوە کەئەم ئەوکارەم نەکردووە، لەکاتێکدا کەکەسی باڵادەست تاوانی ئەو کارەی خستۆتە پاڵی،ئەم سوێند خواردنی کەسی بێدەسەڵاتیش بۆئەوەیە کە کەسی بەدەسەڵات باوەڕی پێبکات و تاوانەکەی لەسەر خۆی لاببات. هەندێجار کەسی بێدەسەڵات سوێند دەخوات ، بەڵام مەرج نییە بەکارێك تاوانبار کرابێ ، بەڵکو بۆ مەبەستی ڕازی بوون و باوەڕکردنی کەسی باڵادەستە و بەدەستهێنانی ئەو شتەیە کەسوێندی بۆدەخوات.

**٤/٢- ٢- ٣) تکاکردن و پاڕانەوە:**

بریتییە لەپاڕانەوەی نێنەر لەوەرگر، بەجۆرێك وەرگر کەسێکی باڵادەست و دەستڕۆیشتووە بەڕێژەیەکی زۆ توانای بڕیار و جێبەجێکردنی داواکانی نێرەری هەیە، پاڕانەوەش جۆرێکە لە داواکردن،بەڵام لێرەدا سنووری نێوان نێرە و وەرگر لەڕووی پلەوپایەی کۆمەڵایەتیشەوە جیاوازن، دووریەکی زۆر دەکەوێتە پایە بچووکەکەی نێرەرو پایە کۆمەڵایەتییە گەورەکەی وەرگر، ئەم پایە کۆمەڵایەتییە جیاوازییەکی گەورە دەهێنێتە کایەوە، کاردەکاتە سەر هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردنییان، چونکە لێرەدا نێنەر کەسێکی بێدەسەڵاتە و توانای دەرکردنی بڕیاری لەبەرامبەر

وەرگردا نییە، کەکەسێکی دەسەڵاتدارو بەهێزە، هەرئەمەش وایکردووە نێنەر بەهێزبێ و لاوازی خۆی لەبەرامبەر وەرگر نیشانبدات، بەجۆرێك هەندێجار بچووکی خۆی بۆ وروژاندنی هەستی وەرگر و دروستکردنی کاردانەوە دەردەخات.

بەشێوەیەکی گشتی، هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم کردەیە(پاڕانەوە)، بۆئەنجامدانی کارێکی( هەڵە، یان مەبەستێك) دەگەڕێتەوە،کە لەنێوان دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات ئەنجامدەدرێ.لەم کردەیەدا ئاوازە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ، کەتارادەیەکی زۆر بێهێزی و لاوازی بێدەسەڵاتی قسەکەر دەردەخا، ئاوازێکی نەرم و خاو، هەندێجاریش تێکەڵ بەگریانە، کەوەك کردەیەکی نازمانی دەردەکەوێ، هەموو ئەمانەش بۆ جوڵاندنی هەست و وروژاندنی سۆزی بەرامبەرەکەیەتی(هێمن عەبدولحەمید،٢٠٠٦: ١١٦). کەواتە؛ جیاوازیی پێگەی نزمی قسەکەر لەبەرامبەر وەرگردا قسەکردنی بەمەبەستێك، یان شتێك ،یان ئەنجامدانی هەڵەیەك لەبەرامبەر وەرگر وادەکات نێرەر ئەم گوتنە ئەنجامبدات،بۆنموونە ئەگەر سەیری ئەم گوتنەی خوارەوە بکرێ، کەداواکردنی کەسێکی هەژار و بێدەسەڵاتە لەبەرامبەر کەسێکی هەبوو:

- **ئاخاوتنی ژمارە( ٢ )،پێگەی ئابووری:**

- **کەسی بێدەسەڵات: توخوا خێرێك لۆ مارو مندارتان.**

ئەم گوتنەی قسەکەر ئەگەر چی لەشێوەی داوادایە، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ جۆرێ لەتکاکردن و پاڕانەوەی لەبەرامبەر وەرگر تێدایە، بۆئەوەی یارمەتی بدات.

**٤/٢- ٢- ٤) بەڵێندان:**

بەڵێندان، یەکێکە لەئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمان، کەلەدوای ئاگادارکردنەوەی هەڵەیەك،یان دووبارە بوونەوەی هەڵەیەك، یاخود کارێکی خراپ و نەشیاو دێت، کەبەڵێندەدات جارێکی تر ئەم کارە دووبارە نەکاتەوە،هەندێجاریش بۆجێبەجێکردنی کاری باش دێ، لەهەردوو باریشدا بەڵێندەر لەباری بێهێزی و بێدەسەڵاتیدایە، زمان و شێوازی وتنەکانی جۆرێ لە بێهێزی و ژێردەستەیی تێدا دەبینرێت،شێوازی دەربڕینی ئەم بەڵێندانەش ، یان لەڕێگای کاری بەڵێندان وەك: بەڵێن دەدەم، یان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەبێ بەکارهێنانی کاری بەڵێندان گوزارشتی لێدەکرێ.وەك بەڵێندانی قوتابی بەمامۆستاکەی لەئەنجامی هەڵەیەکی ،یان سکرتێر بەرامبەر بەبەڕێوەبەرەکەی، یان کوڕ بۆ باوکی، هەندێ نموونەی تری هاوشێوەی ئەمانە. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری ئەم نموونەیەی خوارەوە بکرێ، کە کەسی تاوانبار بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەبەرامبەر کەسی بالادەست دەریدەبڕێ:

- **ئاخاوتی ژمارە( ٥ ) پێگەی سەربازی:**
- **کەسی تاوانبار: هەتا ژیانم هەیە جارێکی تر شتی واناکەم.**

ئەم گوتنەی تاوانبار ئەگەرچی لەشێوەی هەواڵ دەربڕاوە، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ جگەلەوەی دانپێدنانییەتی بەکارە نەشیاوەکەی، هاوکات بەڵێنیشدەدات بەوەی کەجارێکی تر ئەم کارە دووبارە نەکاتەوە.

مەرجیش نییە هەموو کات ئەم کردەیە(بەڵێندان) لەئەنجامی هەڵەیەك دەربپڕدرێت، بەڵکو لەوانەیە بۆکارێك، یان مەبەست و پێویستییەك لەبەرامبەرکەسی باڵادەست دەردەبڕێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ڕێی پێبدات بۆ ئەو کار و پێویستییەی کەکەسی بێدەسەڵات مەبەستییەتی،وەك: **بەڵێن بێت دێمەوە.**

**٢/ ٤- ٢- ٥) پەشیمانبوونەوە و پۆزش هێنانەوە:**

پۆزش هێنانەوە، بریتییە لەو کردەی کەگوێگر هەست بەکەم و کورییەك، یان هەڵەیەك، یان کەمتەرخەکی لەکارێك، کە لەبەرامبەر قسەکەر ئەنجامیداوە. بۆئەم مەبەستە لەوکارە هەڵەی پەشیمان دەبێتەوە و داوای لێبووردن لەقسەکەر دەکات، کەواتە پۆزش هێنانەوە دانپێدانان و پەشیمانبوونەوەیە لەو کارە هەڵەیەی کەکەسەکە ئەجامیداوە.

ئەم کردەیە ئەرکێکی تری کۆمەڵایەتییە ڕۆژانە لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگە بەمەبەستی بەردەوام بوون و پەرەپێدان و نەپچڕانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوانیان دەردەبڕدرێت. هەرچەندە مەرج نییە هەموو کاتێك پۆزشهێنانەوەی کەسەکە قبووڵ بکرێت و وەربگیرێت، بەڵام کاریگەریی خۆی هەیەو بەرەوشتێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی دادەنرێ (هێمن عەبدولحەمید، ٢٠٠٦، ١٣٢). کەواتە ئەم کردەیە بەبێ هۆ ناوترێ، لەم ڕوانگەیەوە (سیرڵ - Searal)دەڵێ:((قسەکەر بەو پۆزشهێنانەوەیە (Apologizes) وادەکا ئەو کارەی کردویەتی بەئاشکرا وەك کارێکی نەگونجاو یان سنووربەزاندن بناسێنرێت)) ( Marquez rosina,2000: 44)، لە(ئارام عەبدولواحید ٢٠١٣: ١٩٤) وەرگیراوە. واتە، پۆزش هێنانەوەی قسەکەر ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەنجامدانی کارێکی نەشیاو، یان کەم تەرخەمییەك.

ئاوازی پۆزش هێنانەوە لەگەڵ ئاوازی گوتنی بۆنەکانی ترجیاوازە، چونکە هەستکردن بەکەموکوڕی تێدایە، پرسیارکردن بەئاوازی سەرسوڕمان و پرسەوە دێت، هەواڵ گەیاندنیش جگە لە ئەرکی خۆی بەپێی دەوروبەر دەردەبڕێن و هەندێجاریش سوێند خواردن و داواکردنی لەگەڵدا دێ. هەروەها هەندێجار تکاو ماستاوکردنی تێدا دەردەکەوێ، زۆرجاریش لەگەڵ پاکانە کردن بەیەکەوە دێن. هەندێجار دەربڕینەکان هیچ ئاماژەیەکمان بۆ ئەرکی پۆزشهێنانەوە ناکەن، بەڵام ئاوازی دەربڕینی قسەکەر و هەست کردن بەکەم و کوڕی و کەمتەرخەمی قسەکەر دەگەیەنێت،لێرەدا زیاتر پاکانەکردن ڕەنگدەداتەوە(هێمن عەبدولحەمید،٢٠٠٦: ١٣٣). کەواتە ئەم کردەیە،زیاتر وەك گوتنێکی بێهێزدەردەکەوێ، کەتێیدا کەسی بێدەسەڵات لەئەنجامی کەم وکوڕیەك، یان کەمتەرخەمییەك لەکارەکەیدا، لەبەرامبەر کەسی باڵادەستدا پۆزش و پەشیمانبوونەوەی بۆدەهێنێتەوە، ئەمەش بەمەبەستی ڕازی بوونی کەسی باڵادەست و لەبەرامبەریدا دەردەبڕدرێت. وەك ئەم نموونەیەی خوارەوە:

- **ئاخاوتنی ژمارە ( ١ )، پێگەی ڕۆشەنبیری:**
- **قوتابی بۆمامۆستاکەی: مامۆستا داوای لێبووردن دەکەم.**

لێرەدا قوتابییەکە لەئەنجامی هەڵەو کەم و کوڕیەك لەبەرامبەر مامۆستاکەیدا، داوای پەشیمانبوونەوە و لێبووردن لەمامۆستاکەی دەکات، ئەمەش دانپێدانانە بەو هەڵەی کەکردوویەتی.

**٤/٢- ٢- ٦) پێشنیازو داوا:**

یەکێکی تر لەو گوتنانەی کە پەیوەندیی بە بەرز و نزمی پلەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بریتییە لەپێشنیاز و داواکردن. پێشنیاز بریتییە لە پێشنیازکردنی شتێك ،یان کارێك، یان بۆچوون و مەبەستێك، کەئاڕاستەی بەرامبەر دەکرێ. بەگشتی پێشنیازکردن بۆ هەرکار و مەبەستێك لەباری بێهێزیدا خۆی دەبینێتەوە،واتە کەسی بێدەسەڵات و دەستڕۆیشتوو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەشێوەی داوا ئاڕاستەی کەسی بەدەسەڵات و دەستڕۆیشتوو دەکات، مەرجیش نییە پێشنیارەکە وەربگیرێت و جێبەجێبکرێت، بۆئەم مەبەستە ئەگەر سەیری ئەو نموونەی خوارەوە بکرێ، کەداواکردنی مۆڵەتی مامۆستایە لەلایەن بەڕێوەبەرەکەیەوە، کە پێگەکەی لەمامۆستا بەرزترە:

- **ئاخاوتنی ژمارە( ١ )،پێگەی کارگێڕی:**
- **مامۆستا: مامۆستا ئەگەر ئیجازەم بدەیەی.**

ئەم گوتنەی مامۆستا ئەگەر چی لەشێوەی هەواڵ دەربڕاوە، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە داخوازیکردنی مامۆستایە لەبەڕێوبەرەکەی ، بەمەبەستی مۆڵەتپێدانی، چونکە بەڕێوەبەر وەك پێگەیەکی کارگێڕی دەسەڵاتی بەسەر مامۆستاکانەوە هەیەو ئەو دەتوانێ مۆڵەت بەمامۆستاکانی بدات، ئەم داوایەی مامۆستاش لەباری بێهێزیدایە،واتا هێزو دەسەڵاتی لەپشتەوە نییە، ئەمەش بەپێچەوانەی داواکردنی کەسی باڵادەستە، کەهێزو دەسەڵات لەپشت گوتنەکەیەوە دەبینرێت.

**٤/٢- ٢-٧ ) پیاهەڵدان:**

پیاهەڵدان، بریتییە لەپیاهەڵدان بەشان و باڵی کەسێك، کەبێهێزی قسەکەر لەبەرامبەر گوێگر، نیشاندەدات و زیاتر لەپاڵ هەستێکی خوازراوەوە دەبێت و بەئامادەبوونی گوێگر ،یان خزم ،یان هاوڕێ دەردەبڕێت، مەبەستی سەرەکی لەو پیاهەڵدانەش خۆنزیککردنەوەیە لەگوێگر بۆئەوەی لێی ڕازیبێت، وەك ئەم نموونەیەی خوارەوە،کەلەنێوان قسەکەرێك و گوێگرێك دایە، لێرەدا قسەکەر پێگەی لەگوێگر نزمترە، بۆیە ئەم دەربڕاوەی بۆ بەکاردەهێنێ:

- **ئاخاوتنی ژمارە( ١ )، پێگەی تەمەن:**
- **قسەکەر: قابیلی تۆیە ئەو ئیشانە...**

ئەم گوتنەی قسەکەر ، لەڕووی ناوەڕۆکەوە جۆرێك لەپیاهەڵدانی گوێگر نیشاندەدات.

**٤/٢- ٢- ٨)درۆکردن:**

درۆکردنی مرۆڤ زیاتر خۆی لەترسەوە دەبینێتەوە، چونکە لەوانەیە ڕاستگۆیی ببێتە کێشە بۆیی و توشی سزاو لێپرسینەوەی کەسی باڵادەست بێت، هەربۆیە دوای تاوانبارکردن ،یان پرسیار... هتد، مرۆڤ درۆدەکات، تاکو بەرژەوەندییەکانی نەکەوێتە مەترسی و توشی سزانەبێتەوە، خۆئەگەر ڕاستیش بکات لەگوتنەکەیدا نەترکاندنیی دیسانەوە لەترسەوەیە(عەبدولواحید مشیر، ٢٠٠٩: ١٨). لێرەدا کەسی باڵادەست کاتێك شتێك ،یان تاوانێك دەخاتە پاڵ کەسی بێدەسەڵات، ئەوا لەبەر ترس و لێپرسینەوەی

کەسی باڵادەست لەوانەیە لەگوتنەکەیدا نەڵێ، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر تەماشای ئەم نموونەیە بکرێت، کەلەنێوان (دایك و کور)ێك دایە:

- **ئاخاوتنی دەقی وەرگیراو لەنێوان (دایك و کوڕێك):**
- **دایك: ئەمن ئەم گۆتیە هاوڕێ نەیەتە دەرەوە.**
- **کوڕ: ئەمن ئەم گۆتیە بێتە دەرێ بەخۆی هاتە دەرێ.**

لێرەدا کەسی باڵادەست (دایك) کوڕەکەی تاوانبار دەکات بەوەی کەئاگای لەبرا بچووکەکەی نەبووە، لەکاتێکدا پێشی گوتبوو، بەڵام کەسی بێدەسەڵات (کوڕ) کە گوتویەتی: **ئەمن ئەم گۆتیە بێتە دەرێ**...، خۆئەگەر ڕاستیش بکات کەمنداڵەکە بەخۆی هاتبێتە دەرەوە، ئەوا لەترسی سزا و لێپرسینەوەی دایکی نەوێراوە ڕاستییەکەی پێبڵێ.

بەم شێوەیە لێرەدا دەکرێ جۆرەکانی گوتن بەپێی(باڵادەستیی و ژێر دەستیی) لێکدانەوەی جیاوازییان بۆ بکرێت، بە تایبەتیش لەم گوتنانەدا کە لایەنی ڕۆنان و ناوەڕۆك (فۆڕم و واتا )بەیەك داچوون، چونکە یەکێك لە کێشە دیارەکانی واتا وابەستەی ئاستی ڕووکەشی ڕێزمان نییە، بەڵکو واتاکەی پەیوەست بە دەوروبەر دەبێ و لە دەوروبەری بەکارهێنان لێکدەدرێتەوە(ڕێبین خالید،٢٠١٥: ١١١).

لەم ڕوانگەیەوە بۆچوونمان بۆ شێواز لە گوتن لەگەڵ ڕستەدا جیایە، ڕستە گەورەترین دانەی ڕێزمانییە، بەوە لە گوتن جیا دەبێتەوە کە لە دەوروبەر دوورە، کەچی گوتن ئەو یەکە زمانییە لە شێوەی ڕستەی بەکارهێنراو لەدەوروبەروەردەگیرێ و لە ئاخاوتندا دەردەهێنرێت و لە شوێن و کاتی دیاریکراودادەردەبڕێت، بەوەش لە ئاخاوتن جیا دەبێتەوە کە مەرجی ئازادی قسەکردنی تێدا نییە، بەڵام ئەم مەرجە لە ئاخاوتندا پێویستە. گوتن پەیوەستە بە (قسەکەر و گوێگرو گوێهەڵخەر) هێز و ئاوازەی جیاوازیی تێدایە، کەواتە گوتن بریتییە لە(ڕستە+بەکارهێنان)، بەمەش واتای گوتن بریتی دەبێت لە (واتای ڕستە+ واتای دەوروبەر)،کەتێیدا پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی و ئاوازەو باری دەم وچاو بارودۆخ و پێگە ڕۆڵی کاریگەرییان بۆ ئەم مەبەستە هەیە.گوتنیش لە ئاستی پراگماتیك بە پێی تیۆری کردە قسەییەکان لێکدەدرێتەوە(عەبدولواحید موشیر،٢٠٠٩: ٧).لەم ڕوانگەیەوە کەسی باڵا دەست، یاخود ژێر دەست کاتێ گوتنێك بە پێیی پێگەکەیان دەردەبڕن ئەوا لەوانەیە بە پێی دەوروبەری گوتنەکە مەبەستی جیاواز لە پشتییانەوە بێت.هەر وەك تازە لە شێوازەکانی گوتنی (باڵادەستیی و ژێردەستیی)ئەو ڕاستییە ئاماژەی بۆ کرا.

## 2 / ٥- ١) کۆمەڵگەی کوردی و نواندنی زمان:

### ٢ /٥ – ١) سەرەتا:

ژیان لەسەرەتادا لەسەر زەوی بەباوکە (ئادەم و دایکە حەوا) (سەلامی خوای گەورەیان لێبێت) دەستپێکردوە، دواتریش کچ و کوڕەکانی، ئەمانە یەکەم خێزان بوون لەسەر زەوی ئەم هەسارەیە و بەم جۆرە سادەیەهەبوون و ژیاون، یەکەم کەسیش بوون لەحاڵەتی هاوکاری و لێك تێگەیشتن و

کارلێککردندابوون.ئەمانە ئامانج و هیوای هاوبەش و دیاریان هەبووە و لەپێناویشیاندا هەوڵیان بۆ داوە، لێی بێ ئومێد نەبوونە.

لێرەدا دەکرێ بگوترێ خێزان یەکەمین و بچووکترین خانەی ئەم پێکهاتەیە، پاشان لەکۆمەڵێك خێزان ماڵی گەورە درووستبووە، دواتر ئەم ماڵانە گردبوونەتەوە و عەشیرەتیان پێکهێناوەو لەوانیشەوە خێڵ دروست بووە و لەم چەنج خێڵە جیاوازییانەش هۆزپەیدا بووە، ئەم هۆز و خەڵکانەش لەکات و شوێن و جێگایەکی تایبەتدا ژیاون و کۆمەلگەیان پێکهێناوە، ئەم کۆمەلگەیەش سەرجەم مرۆڤایەتی پێکهێناوە و لەسەر بنەمای رەفتار و کلتور و زمان و داب و نەریت لەیەکتری جیاوازن (ئیبراهیم ناصر، و: دانا نادر،٢٠١٣: ١٢٨). کەواتە، بوون و هاتنەکایەوەی ئەم قۆناغە جیاوازییانەی کۆمەلگە، ئەوە دەردەخات، کەکۆمەلگە بەقۆناغی جیاواز و ئاڵۆزدا تێپەڕیوە و تا گەیشتۆتە ئەو قۆناغەی کە کۆمەلگەی پێکهێناوەو ڕۆڵی گرنگی لەچەکەرەی بوونیاتدا گێڕاوە. کۆمەلگەی کوردیش خۆی لەم چۆنییەتییەی دروستبوونەی پێکهێنانی کۆمەلگەدا دەبینێتەوە.بۆیە پێناسەکردنی چەمکی کۆمەلگە کارێکی واسادەنییە و ڕەهەند و چەمکی جیاواز هەڵدەگرێ.

کۆمەلگە یەکێکە لە چەمکە هەرەبنەڕەتی و گشتییەکانی بواری زانستە کۆمەلایەتییەکان، کە ئەستەمە بخرێتە چوارچێوەیەك و لەپێناسەیەکدا دیاریبکرێت چونکە پێگە و ڕۆنانی جیاوازی تێدایە. واتە،دەرخستنی ئەم چەمکە ئاڵۆزە و خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێ. بەڵام بەگشتی دەکرێت بگوترێ، کۆمەلگە بریتییە لە کۆمەڵێك تاك و چەندین پەیوەندیی جۆراوجۆر، ئەم تاکانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، خاوەن بەرژەوەندیی هاوبەشن، ئەم بەرژەوەندییانەش جۆرێك لە سیستەمی یەکگرتن و پێکەوە ژیان لەنێوانیاندا دروستکردووە. یان کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵکە، کە لە چوارچێوەیەکی جوگرافی دیاریکراودا دەژین و کۆمەڵێك تایبەتمەندیی هاوبەش کە لەڕووی ئاستی تەمەن و باری ئابووری و پەیوەندیی کۆمەلایەتی و ...هتد، پێکەوەیان گرێ دەدات (طاهیر حەسۆ، محمد شوانی،٢٠١٣: ١٤١- ١٤٣). لێرەدا هەموو بەرژەوەندیی و تایبەتمەندییە هاوبەشەکان و ئاستە جیاوازەکانی کۆمەلگە بونیادی ئەو کۆمەلگەیە پێکدەهێنن و ئەو بونیادەش بریتی دەبێت لە پێکهاتەی ئەو کۆمەلگەیە و خەڵك و ڕەهەند و پێکهاتەکانی تێدا جێگیردەبێت، کەواتە. کۆمەلگە بریتییە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵێك خەڵك، کەلەچوارچێوەی کات وشوێن و جوگرافیایەکی دیاریکراودا دەژین و تایبەتمەندیی هاوبەش پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، هەرکۆمەلگەیەکیش کۆمەڵێ ڕۆنان و پێکهاتە و کەلتور و سیستەمی کۆمەلایەتی تێدایە وگوزارشت لەو کۆمەلگەیە دەکەن.

بۆئەوەی شارەزاییمان دەربارەی بیرکردنەو وپێکهاتەی کۆمەلگەیەك هەبێت پێویستە هەموو ئەوشتانە بزانرێ کەئاڕاستەو بیرکردنەوەی کۆمەلگەدیاریدەکەن، جیاوازیی بیرکردنەوەی کۆمەلگەکانیش بۆ جیاوازی بوونیادە کۆمەلایەتییەکان دەگەڕێتەوە، بوونیادی کۆمەلایەتیش لەسەر بنچینەی جیاوازیی وەك: ژینگە و بوواری ئابووری و پێکهاتەکان و... هتد، دادەمەزرێت(بەهار زاهیر، ٢٠٠٩: ٢٤).

لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری ئەم پێکهاتە و بونیادی کۆمەلگەی کوردەواری بکرێ، دەبینرێ لەنێویدا کۆمەڵێ ڕەهەندی وەك: باری ئابووری ، ئاین و کەلتور، دابوو نەریت، سیستەمی خێزان، پێگەی جیاواز،

...هتد، تێیدا دەبینرێت و گوزاشت لەبنیادی کۆمەڵگەی کوردی دەکات و کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ هەیە.

ئەوەی لێرەدا لەنێو بوونیادی کۆمەڵگەی کوردیدا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی پێکدەهێنێ، خەڵکی (شارو لادێ)یە، لە (شار)دا کە کۆمەڵێ، بنەماو شارستانییەتی پلەی جیاوازی وەك: سیاسی ، ئابووری، سەربازی، کارگێری، ڕۆشنبیری،...هتد، تێدایە، هەرچی (لادێ)یە، کەئەمەش زیاتر لەچوارچێوەی پیشەی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری خۆی دەبینێتەوە، ئەو ڕەهەندەی کە پێکهاتەی هەردوو (شار و لادێ) بەیەکەوە گرێدەدات، گەڕانەوەیە بۆ (عەشیرەت)، چونکە عەشیرەتی کوردی بەیەکەیەکی کۆمەڵایەتیی و سیاسی، بنەڕەتی دادەنرێت و دەکرێ بگوترێ کۆمەڵگەی کوردی پێکدەهێنن (بەختیار ئیبراهیم،٢٠٠٧، ٣٥). بەڵام لە ئێستادا هەست دەکرێ جۆرێ لە هەنگاو نان لە کۆمەڵی کوشتوکاڵی خێڵەکییەوە بۆ کۆمەڵگەی شار دەنرێ (هێمن عبدالحمید،٢٠١٣: ٣٢). بەڵام ئەم هەنگاو و گواستنەوەی ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییە مانای ئەوە نییە کەسیستەمی کشتوکاڵێ و خێڵەکی هیچ بەهایەکی نەماوە، هەریەکیش لە پێکهاتەو بوونیادی کۆمەڵگەی کوردی و ئەو پێگەجیاوازییانەی کە تیایەتی لەڕەوشت و زمان و هەڵسوکەوتی ئاخێوەران ڕەنگدەداتەوە و بەپێی پێگەی جیاوازی کەسەکان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی زمان تێیندا دەنوێنرێت.

## ٢ / ٥ – ٢)بنەماو چۆنییەتی نواندنی زمان لەکۆمەڵگەی کوردی:

زمان، یەکێکە لەو ئامرازانەی وەك ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی خۆی دەنوێنێ. بێگومان کەلەکۆمەڵێکی جەنجاڵی پڕ لەجموجۆڵی ئاڵۆزدا بژی، ئەوا دەبێ کەسایەتییەکی تایبەتی هەبێ بەوبارودۆخەی خۆی تێدا دەبینێتەوە. لەو کات و شوێنانەش کە باری کۆمەڵایەتی جیاجیای تێدایە، مرۆڤ دەبێ بزانێ چۆن هەڵسوکەوت بکات و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانیش لەگەڵ تاکەکاندا چۆن و بەچ پێوەرو شێوازێك دەربخات، چونکە ئەگەر هاتوو پێشوەختەی قسەکانی نەزانێ و لەگەڵ کێ گفتوگۆدەکات و ئەو لایەن و داتا و زانیارییانەی دەیەوێ ئاڕاستەی بەرامبەری بکات چۆنە و بەچ شێوازێك دەیگەیەنێ، ئەوا ئامانج و مەبەستی قسەکانی بەدەستناهێنێ. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕەفتار و هەڵسوکەوتی جیاواز بەدوای خۆیدا دەهێنێ (هۆگر مەحمود ، ٢٠٠٠: ١٤٢). کەواتە، مرۆڤ بۆئەوەی ئامانجەکانی قسەکانی خۆی بپێکێ‌و بەچالاکی پرۆسە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنجامبدات، پێویستە بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و پێگەی کەسەکان زمان بەکاربهێنێ .

لێرەدا زمان وەك چالاکییەکی کۆمەڵایەتی لەنێوتاکەکاندا بەپێی ئەو دەوروبەری کە خۆی تیایدا دەبینێتەوە دەنوێندرێ.بەمەش نواندنی زمان بریتی دەبێت لەنواندنی واقع بەم شێوەیەی کەهەیە، ئالێرەدا زامن لەبۆشایدا کارناکات، بەڵکو پەیوەست بەدەوروبەر دەبێت،چونکە دەربڕینەکان بەبێ دەوروبەر ئەستەمە واتا وەرگرن، بەمەش هەموو بارودۆخ و شوێن و دەوروبەیرئاخاوتن لە دەوروبەر دەردەکەون.

ئەم بنەمایەش واتا (دەوروبەر) کۆمەڵێ ڕەگەز و ڕەهەند لەخۆدەگرێ، کەڕۆڵی گرنگ لەچۆنییەتی نواندنی زمان لەکۆمەڵگە دەبینێت، گرنگکترین ئەم ڕەگەزانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگر، واتە ڕاستییەکانی پەیوەست بەبەشداربووان لە ئاخاوتن و ڕووداوە زمانییە جۆراو جۆرەکان. بۆنموونە قسەکەر، یان گوێگر نێرە، یان مێ، گەنجە ،یان پیر، شێوەی دەرەوەی، تۆنی دەنگی پلەو پایەو پێگەی کۆمەڵایەتی، بە واتە ئەو تایبەتمەندییانەی کە لەکەسێکی تری جیادەکاتەوە.

٢- خودی ڕووداوە زمانییەکان، واتە ڕەنگدانەوە و چۆنییەتی بابەتی قسەکردن.

٣- ئەو لایەنەی کە پەیوەندییان بە هەڵوێستی قسەکردنەوە هەیە، واتە لە چ بارودۆخ و دەوروبەرێکدا ئاخاوتن ئەنجام دەدرێت، چۆن و لە چ کات و شوێنێکدا دەگوترێت و هۆی گوتنەکەی و ....، هتد.

٤- کاریگەریی دەقی قسەکردن(دەستەواژە زمانییە دەربراوەکان)، بەواتای چۆن گوتنێك هەندێکجار کار گوێگرێك، یان کەسێك دەکات، بەڵام هەمان کاریگەریی لەسەر کەسێك و گوێگرێکی ترنییە، ئەمەش پەیوەندیی بە چۆنییەتی گەیاندن و شێوازی قسەکردن و نواندنی زمانەکەیەوە هەیە(شاخەوان جەلال، ٢٠١٣: ٥٥- ٥٦).

ڕەنگدانەوەی ئەم ڕەگەزانەی سەرەوە لەلای تاك و قسەکردنی بەپێی بارودۆخ و بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا لەکات و شوێنی خۆیدا ،کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوت و چۆنییەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ.

بۆیە هەرکەس دەبێ بەپێی باری کۆمەڵایەتی خۆی زمانی لەگەڵدا بنوێندرێت. لەم لایەنەشەوە دەشێ لەگەڵ کەسێکی تر جیاوازبێت، بۆنموونە خاوەن پیشەیەك ئەزموون و پاشخانی کارەکەی لەوەستاکەوە فێردەبێ، بەڵام لەگەڵ کەسانێ دەرەوەی خۆی، ڕۆژانە بەیەك دەگەن و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی جیاواز دەبێ و لەرێگای زمانیشەوە زۆربەی کات گوزارشتیان لێدەکات. یان کاتێك هاوڕێیەکمان سەفەردەکات، لەوانەیە لەبەرێکردنیدا ماچی بکەین، ئەمەش بۆکەسی یەکەم و دووەم، کارێکی ئاسایی بێ، بەڵام لەکاتێکدا ئەم بەرێکردنە بۆسەرۆکی کار ، یان لێپرسراوێك بێت، کەزیاتر بارێکی فەرمییە، ئەگەر لەزیاتر تەوقەی لەگەڵ بکرێت و ماچ بکرێت ئەوا لێکدانەوەی تری بۆدەکرێ، ئەم لێکدانەوە جیاجیایانەش پەیوەندییان بە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە،، چۆنییەتی ئەم ڕەفتار و هەڵسوکەوتانەش بەپێی ڕەفتاری گونجاوی زمانییەوە ئەنجامدەدرێ، مەبەستیش لەرەفتاری زمانی گونجاو، ئەوەیە بۆهەر بارودۆخێك شتێکی تایبەت بگوترێت. ئەم ڕەفتارە گونجاوە زمانییەش قسەکردن بەپێی بار لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا هەستی پێدەکرێت و کۆمەڵگەی کوردیش لەم ڕوانگەیەوە بەدەر نییە لەو ئاخاوتن و دواندنی،کە بەپێی بار و هەڵ ومەرجی کۆمەڵایەتی ڕەنگدەداتەوە (هۆگر محمود،٢٠٠٠: ١٤٤). پیادەکردن و جێبەجێکردن نواندنی زمان بەپێی بار و بەکارهێنانی ڕەفتاری زمانی گونجاو، کاریگەریی لەسەر شێوازی قسەکردن تاك و چالاکبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەکانی دەبێت، بەپێچەوانەشەوە.

لێرەدا دەردەکەوێ کۆمەڵگەی کوردەواری وەك هەر کۆمەڵگەیەکی تر زمان بەپێی باری کۆمەڵایەتی تیایدا دەنوێندرێ. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری شێوازی قسەکردن و نواندنی زمان پەیوەست بەدەسەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەراندا بکرێت ،دەبینرێ زمان بەپێی پێگەی کەسەکان و ئەو دەسەڵاتەی هەیانە دەنوێندرێت. بۆنموونە، فەرمانبەرێك بەجۆرێك هەڵسوکەوت و زمانی لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی دەنوێنێ، کە جیاوازە لەگەڵ فەرمانبەرێکی هاوشانی خۆی[1].

## ٢ / ٦) دەسەڵات و هاوپەیوەندیی لەکۆمەڵگەی کوردیدا:

لەکاتی ئاخاوتندا جیاوازیی ئاستی کەسەکان لەگەڵ یەکتریدا بەدیدەکرێت، ئەم جیاوازییەش پەیوەندیی بەپێگەی ئاست و بەرزی و نزمی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی کەسەکانەوە هەیە. بۆیە هەڵبژاردنی ئەو وشەو ڕستەو گوتن و کەرستانەی،کە ئاستەکان لەیەکتر نزیك ،یان دوور دەخاتەوە، هەست بە"دەسەڵات و هاوپەیوەندیی"نێوان ئاخێوەران دەکرێت،ئەمەش دەتوانێ ببێتە هۆی ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کەلەنێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە، بەتایبەت ئەو دەسەڵات وهاوپەیوەندییەی کەلەپەیوەندیی بوونیادی هەست پێدەکرێت(ئارام عەبدولواحید، ٢٠١٣: ١٩٢).

"دەسەڵات و هاوپەیوەندیی" ئەو پێکهاتە و ئاستە کۆمەڵایەتییە جیاوازییانەن، کەلەسەر بنەمای بەرزی و نزمی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی دێنە کایەوە، کاریگەرییان لەسەر نواندن و بەکارهێنانی زمان و شێوازی قسەکردنی هەریەك لەئاخێوەران، بەپێی دەرکەوتەی ئاستی کۆمەڵایەتییان دەبێت (ڕەحیم سورخی، ٢٠١٣: ١٥١). واتە؛ چەمکی دەسەڵات و هاوپەیوەندیی لەو پێوەرە گرنگانەن لەسەر بنەمای بەرز و نزمی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی، ئاست و پێگەی جیاوازی نێوان کەسەکان لەکۆمەڵگەدا دەردەخات. ڕەنگدانەوەی ئەو دەسەڵات و هاوپەیوەندیی و ئاستە جیاوازییانەش پەیوەست بەپێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی وەك: تەمەن، ڕەگەز ،پیشە، چین، پێگە... هتد، دەبێت.

لەکۆمەڵگەی کوردیدا "دەسەڵات و هاوپەیوەندی" لەسەر بنەمای بەرزو نزمی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی دێتە کایەوە و لەنێو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەردەکەون. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەهەندی دەسەڵات و هاوپەیوەندیی ،بەپێی بنەمای بەرز و نزمی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی ئەو پۆلێنانەی خوارەوە بگرێتە ئەستۆ:

١- باڵادەستیی.
٢- ژێردەستیی.
٣- هاوشانیی.
٤- هاوکاریی.

هەریەك لەو ئاستە جیاوازییانەی سەرەوە پێگەی زمانیی تایبەت تیایاندا دەردەکەوێ و کاریگەرییان لەسەر زمان و شێوازی قسەکردنییان دەبێ، ئەو پێگە زمانییە جیاوازییانەش ،کەلەسەر بنەمای دەسەڵات

---

(١) بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ڕەنگدانەوەی باڵادەستیی زمان لە کۆمەڵگەی کوردیدا،لاپەڕە(١٠٩).

و پلـه و پایـەی کۆمەڵایـەتی نێوانیـان هـەڵقوڵاوە، جگـە لـەوەی دەرکـەوتنییان لـەڕێگای شـێوازی قسەکردنییانەوە دەبێت، هاوکات بـەپێی دەوروبـەری بـەکارهێنان و وەك نیشانەیەکی کۆمەڵایـەتیش دەردەکەون و دەزاندرێ، کەئەوکەسە لە چ ئاستێکی کۆمەڵایەتیدایـە، کەواتـە، بـوونی ئـەم دەرکەوتـە جیاوازەکانی دەسەڵات و هاوپەیوەندیی، خۆیان لەنێو زانستی پڕاگماتیگ و زمانەوانیی کۆمەڵایەتیـدا دەبینێتەوە، چونکە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان ئەم دوو زانستە دادەبینرێت، زمانەوانیی کۆمەڵایەتی لەزمانەوانیی پڕاگماتیکی دەنگیدایەوە و تێکچڕانێکی بەهێز لەنێوانیاندا هاتە ئـاراوە لەخستنەڕووی کاریگەریی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەران و ڕەگەز و ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەر لەهەڵبژاردنی سیما زمانییە جۆراوجۆرەکاندا(عەبدولواحید مشیر،٢٠١٤: ١٤٦). لێرەدا ئەم پۆلینە جیاوازییانەی دەسەڵات و هاوپەیوەنـدی بـەپێی ئـەم ڕوانگانـەی سـەرەوە دەرکـەوتنیان دەبـێ و لـەخوارەوەش هەریەکـەیان ڕووندەکرێتەوە.

**٢ / ٦ – ١) باڵادەستیی:**

یەکێك لەو پۆلینانەی کەلەسەر بنەمای هێز و دەسەڵات لەڕەهەندی دەسەڵات و هاوپەیوەندیی دەبینرێت (باڵادەستیی)یە. زۆرجار کەسانێك لەکۆمەڵگەدا هەن زمان و شێوازی قسەکردنییان هێز و دەسەڵات تێیاندا دەبینرێ، ڕێز لە قسەو وتەکانییان دەگیرێ و تەنانەت زۆرجار ڕەتکردنەوەیان نییە، ئەوانە ئەو کەسانەن کەلەکۆمەڵگە خاوەن دەسەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتین.

بەم شێوەیە؛ کاتێك دەگەوترێ باڵادەستیی ئەوە مەبەست لەوبارانەیە، کەتێیدا جیاوازیی لەنێوان قسەکەر و گوێگردا، لەلایەنی ئاست وپێگەی کۆمەڵایەتییەوە بەدیدەکرێت، جا ئەو بەدیکردنە سەرچاوەکەی لەدەرکەوتەکەی بێت، یاخود لەنیشانە کۆمەڵایەتییەکان بێت، یان لە شێوازی قسەکردن و هێز و ئاوازی دەربڕینەوە بێت (هۆگر محمود، ٢٠٠٠: ١٤٥). هەموو ئەو دەرکەوتە جیاوازییانەش لەسەر بنەمای دەسەڵاتی ئەو کەسە هەستی پێدەکرێ و دەزانرێت ئەوکەسە خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتییە. لەکۆمەڵگەی کوردیدابەئاشکرا ئەم باڵادەستییە هەستی پێدەکرێت، کەسانێك هەن دەستڕۆیشتوون و باڵادەستیی لەدەربڕینەکانیاین دەبینرێ،وەك: باڵادەستیی باوك لەبەرامبەر کوڕەکەی، بەڕێوەبەر لەبەرامبەر فەرمان بەرەکەی، مامۆستا لەبەرامبەر قوتابییەکەیی، ... هتد، بۆنموونە ئەگەر سەیری ئەم نموونەیەی خوارەوە بکرێ، کەلەنێوان (باوك و کوڕێك)دایە:

- **ئاخاوتنی ژمارە( ١ )، پێگەی کۆمەڵایەتی، دەسەڵاتی باوك:**
- **باوك: کاوەرە پەرداخەکەی ببەوە...**
- **کوڕ: ئێ.**

لێرەدا باوك بەپێی ئەو پێگەیەی لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەیەتی خاوەن دەسەڵاتە و بۆی هەیە فەرمانی جۆراوجۆر بەکوڕەکەی بکات،بەمەش کوڕەکە دەبێتە ژێردەست و ناتوانێ لەفەرمانی باوکی دەربچێت، چونکە لادانی یاسا کۆمەڵایەتییەکانی لێدەکەوێتەوە و دەسەڵاتی لە باوك زیاتر نییە.

هەندێجار باڵادەستیی کەسەکە لەدەرکەوتنەکەی بەدیاردەکەوێ ، کەئەو کەسە خاوەن پێگەیەکە، وەك بەکارهێنانی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان ئەمە زیاتر هەستی پێدەکرێ، وەك ئەم نموونەیە:

- **ئاخاوەتنی ژمارە( ١ )، پێگەی سەربازی:**
- **پۆلیس بۆ ئەفسەر: بەرێ سەیدی.**

لێرەدا بەکارهێنانی فۆڕمی زمانیی(سەیدی) وەك نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی بەپێی دەوروبەر، پلەی باڵادەستیی (ئەفسەر) و ژێردەستیی (پۆلیس) نیشاندەدات.

**٦/٢ - ٢)- ژێردەستیی :**

ئەوەی لەخاڵی (١)باسکرا باڵادەستیی بوو، بەپێی پۆلینەکەی دەسەڵات و هاوپەیوەندیی، ژێردەستیی دێتە کایەوە، بەپێی سروشتی کۆمەڵ، لەهەر بوارێکدا بگرین، جا ئەو بوارە پیشەبێ، یان تەمەن، یاخود ئایین، یان ڕۆشنبیری ، ئابووری...هتد، چونکە ئاستی جیاجیا لەئارادایە، کەواتە باڵادەستیی وژێردەستیی بەپێی پێگەی کەسەکان دەردەکەوێت.

مەبەست لەژێردەستی، کەمی، یاخود نزمی ئاست و پێگەی گوێگرە لەبەرامبەر قسەکەردا، یان لەخواردەستیی تواناکان دەگەیەنێ (هۆگر محمود،٢٠٠٠: ١٤٩). واتە، گوێگر لەڕوی ئاست و پێگەو دەسەڵاتەوە هاوشانی قسەکەر نییە و ئاستی لەچاو ئەودا(قسەکەر)کەمە، یان نزمە، ئەمەش وادەکا شێوازی دەربڕین و قسکردنەکانی جۆرێك لە بێهێزی و ژێردەستیی تێیدا دەربکەوێ، وەك: نزمی ئاستی کچ لەبەرمبەر دایکی، یان سکرتێر لەبەرامبەر بەڕێوەبەرەکەی، وەك ئەو نموونەیەی کە لەنێوان (سەرباز و ئەفسەر)ێك دایە:

- **ئاخاوتنی ژمارە( ١ )**
- **ئەفسەر: یەڵلا بەرو دێیەکە.**
- **سەرباز: باشە گەورەم باش.**

لەم جووتە گوتنەدا پێگەی گوێگر(سەرباز) لەڕووی پلەو پایەی سەربازییەوە لەئاستی قسەکەر (ئەفسەر)دا نییە، بۆیە ئەم دەربڕاوەی(گەورەم)ی بۆبەکارهێناوە، کەوەك نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی پلەی ژێردەستیی سەرباز و باڵادەستیی ئەفسەر نیشاندەدات.

**٢/ ٦- ٣) هاوشانیی:**

دوورو نزیکی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان، یەکێکە لەو لایەنە گرنگانەی ڕۆڵی گرنگ لەئاڕاستەکردن و نیشاندانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان قسەکەر و گوێگر دەردەخات، کەلەڕێی زمانەوە گوزارشت لەچۆنییەتی و دەرخستنی ئەم دوورونزیکییەوە دەکرێت. بەردەوامبوون و پتەوکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان بەئاستی کەسەکانەوە پەیوەستە.یەکێك لەو ئاستە کۆمەڵایەتییانەی کە بۆئەم مەبەستە ڕۆڵی هەیە پەیوەندیی هاوشانی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانە.

مەبەست لەپەیوەندیی هاوشانیی، ئەوەیە کەلەڕووی ئاست و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان قسەکەرو گوێگر هاوشانی یەکترن و لەیەکەوە نزیکن، بەواتایەکی تر کەسیان لەوی تر پێگەی بەرزتر نییە،وەك: پەیوەندیی نێوان دوو فەرمانبەر، یان دووماموٚستا، یاخود دووقوتابی، ... هتد، نموونەی ئەم پەیوەندییەن. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری ئەم بەکارهێنانەی خوارەوە بکەین، کەلەنێوان دووکەسی هاوشان لەڕووی پێگەوە دایە:

- **دەقی وەرگیراو:**
- **قسەکەری یەکەم: چۆنی باشی؟**
- **قسەکەری دووەم: خۆشبی یاخوا، ئەتوکوی باشی؟**

لێرەدا شێوازی دەربڕین و گوتنەکانی هەریەك لەم کەسانە هیچ هێز و دەسەڵاتی تێدا نابینرێت، بەڵکو گوتنەکان شێوەیەکی ئاسایی و هاوشانی وەرگرتووە، ئامانج لێی هەواڵپرسین و پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەی نێوانیانە. هەروەها بەکارهێنانی جێناوی کەسی دووەمی تاك لەلایەن هەردووکیانەوە وەك نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی ، ئەوە دەردەخات کە ئەو دووکەسە لەڕووی پێگەوە لەئاستی یەکتریدان.

**٦/٢- ٤) هاوکاریی:**

چەمکی هاوکاریی کردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا لەپێناو ئامانج و مەبەستی دیاریکراو دێتە ئاراوە، بەتایبەتی ئەو ئامانجانەی کەتاك بەتەنیا ناتوانێ ئەنجامیان بدات. ئەم کردەیە ڕێگایەکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی و دورکەوتنەوە لەبەرژەوەندیی تایبەتی(هێمن عەبدولحەمید،٢٠١٣: ٩). ئەم هاوکارییەش کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەرامبەر دەبێ، بەڵام ئەوەی زیاتر لێرەدا دەخرێتە ڕوو، ڕەهەندی هاوکارییە لەچوارچێوەی دەسەڵات و هاوپەیوەندیی ، کەخۆی لەم مانایانەی سەرەوە دەبینێتەوە.

دەسەڵات، بەشێوەیەك لەشێوەکان پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی وجۆرێ لەدووری کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکاندا دەهێنێتە کایەوە، بەڵام ئەم دورییە کۆمەڵایەتییە مەرج نییە بەچەقبەستوویی بمێنێتەوە، بەڵکوهەندێجار گۆڕانی بەسەر دابێ و لەئەزموونی خۆیان لەهاوبەشیکردن و گۆڕانی پێگەکان بەشداربێت، ئەوەش بەمەبەستی هاوکاریکردن و بەرژەوەندی گشتی ڕوودەدات ( Hudson,1996: 132).

لێرەدا پۆلینی هاوکاریی لەنێو دەسەڵات و هاوپەیوەندیی هەستی پێدەکرێت و تێیدا کەسی باڵادەست خۆی دەهێنێتە هاوشانیی کەسی ژێردەست و هاوکاریی دەکات. بەم جۆرە مەبەست لەهاوکاریی ئەولایەنەیە، کەبەزۆری لەوبارانەدا هەستی پێدەکرێ، کەسێکی باڵادەست، واتە خاوەن دەسەڵات و پێگەو دەستڕۆیشتووە و خۆی دەهێنێتەوە ئاستی کەسێك لەڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە لەئاستی ئەودا نییە و پێگەکەی نزمە و جۆرێ لە ژێردەستیی تێدادەبینرێت،هەرئەمەشە لەهاوشانیی جیادەکرێتەوە. سنووری ئەو هاوکارییەش هەرلەچوارچێوەی خێزان تادەگاتە گەورەترین بووارو پێگەکانی تر

ڕەچاودەکرێن و هەستی پێدەکرێت (هۆگر مەحمود،٢٠٠٠: ١٤٨). ئامانجیش لەم هاوکاریە ئەوەیە، کەکاریگەریی هێز و دەسەڵات لەناو پەیوەندییەکانی کەسی باڵادەست کەم بکاتەوە و بەکارهێنانی ئەو وشەو گوتن و جێناوانە زیاد بکات، کەپەیوەندیی هاوشانی و یەکسانی و پێگەنیشاندەدەن، ئەمە لەکاتێکدا لەسەر بنەمای هێز و بێهێزی بنیاتنرابوون (ئارام عەبدولواحید٢٠١٣:١٩٢). بۆنموونە زۆرجار دەبینرێ باوك خۆی دەهێنێتە ئاستی پێگەی کوڕەکەی، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەرنجی ئەم نموونەیەی خوارەوە بکرێ، کەلەنێوان (باوك و کوڕ)ێکدایە:

- **ئاخاوتنی ژمارە( ١ )، پێگەی کۆمەڵایەتی، دەسەڵاتی باوك:**
- **باوك: کاکە.**
- **کوڕ: ها.**

لێرەدا ئەگەر چی وشەی(کاکە)وەك نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەی کوردیدا، بۆکەسێك دەگوترێ کە پێگەی کۆمەڵایەتی لەوکەسە بەرزترە، بەڵام باوکەکە لێرەدا بەمەبەستی هاوکاریکردنیی و کاریگەریی بۆ منداڵەکەی بەکار هێناوە، بێگومان ئەم بەکارهێنانەش ئامانجی خۆی لەپشتە. بەڵام ئەم بەکارهێنانەی کە ئەم باوکە بۆ کوڕەکەی بەکاریهێناوە مانای ئەوە نییە دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی بەسەریدانییە، بەڵێ بالادەستییەکەی هەر لە بەرامبەریدا هەیە ،بەڵام بۆ مەبەستی بەرژوەندیی و دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی بەهێز لە نێوان خۆیی و کوڕەکەی ئەم دەربڕاوەی بەکاریهێناوە .

ئەوەی لەنێو ئەم پۆلینانە مەبەستە و لەم لێکۆڵینەوەیەدا زیاتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە (باڵادەستیی)یە، کەلەکۆمەڵەی زمانی نێوان ئاخێوەرانی کۆمەڵگەی کوردیدا، لەسەر بنەمای دەسەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتی دێتە کایەوە. دواتر لەبەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەڕێگای ئەو نموونانەی کە بەپێی کاری مەیدانی وەرگیران،زیاتر تیشکی دەخرێتە سەرولە چوارچێوەی ڕێباز و بواری لێکۆڵینەوەکە دەخرێتە ڕوو.

## بەشی سێیەم

## باڵادەستیی زمان لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا

### ـ ڕێوشوێنی لایەنی کارەکیی لێکۆڵینەوەکە:

### ٣ / ١) کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکە:

کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکە، بریتییە لە کۆی گشتی ئەو توخم و زانیارییانەی، کە لێکۆڵەر لە ڕێگای ئەنجامە بە دەستهاتووەکانی لێکۆڵینەوەکەی دەیگشتێنێ(أحمد سليمان و فتحى حسن، ١٩٩٢: ١٥٩). لەم لێکۆڵینەوەیەدا، کۆمەڵگەکە بریتییە لە کۆی گشتی پێگە جیاوازییەکانی وەك: (ئایینی، سیاسی، ئابووری، کارگێڕی، ڕۆشنبیریی و زانستیی، سەربازی، یاسایی، کۆمەڵایەتی). دیارە هەڵبژارنی ئەم هەموو پێگە جیاوازییانەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە:

١ ـ پێگەی زمانی تایبەتیی و جیاوازیی وەك: (باڵادەستیی، ژێردەستیی، هاوشانیی، ... هتد) لە نێو ئەم پێگانەدا دەردەکەوێت، ئەم پێگە زمانییە جیاوازییانەش لەسەر بنەمای دەسەڵات و هێز دێنە کایەوە.

٢ ـ ئەم پێگانە، پێگەی دیارو زیندووی کۆمەڵگەی کوردین و کاریگەریی و ڕەنگدانەوەیان لەسەر کەسایەتی خاوەن پێگەو بەرامبەرو کۆمەڵگە، بە گشتی هەیە.

٣ ـ هەر پێگەیەك لەسەر بنەمای ئەو دەسەڵاتەی هەیانە ،یان پێی دراوە دەسترۆیشتوویان پێوە دیارە چ لە بەرامبەر خودی ناو پێگەکە بێت، وەك :(مامۆستا و قوتابی)، هەندێکیشیان لە دەرەوەی پێگەکەی خۆیان،وەك (باڵادەستیی بەرپرسێکی سیاسیی لەسەر بەڕێوەبەر)ێك.

٤ ـ هەریەك لەم پێگانە دوو پلەی پەیوەندیی تێیاندا دەبینرێ، پەیوەندیی ستوونی و ئاسۆیی. بۆ نموونە پەیوەندیی نێوان (بەڕێوەبەرو فەرمانبەر) پەیوەندییەکی ستوونییە، کە چی پەیوەندیی نێوان دوو فەرمانبەر ئاسۆییە. هەر یەك لەم پەیوەندییانەش لەسەر بنەمای ئەو دەسەڵاتەی هەیانە شێوازی گوتنی جیاواز تێیاندا دەردەکەوێت.لێکۆلینەوەکەش کۆمەڵگەی کۆمەڵەی زمانی ئاخێوەرانی کوردی - دیالێکتی ناوەڕاستی وەرگرتووە و نموونەکانیش لە زاری (هەولێر، سلێمانی، کەرکووك، هەڵەبجە) وەرگیراوە.

### ٣ / ٢) لایەنی کارەکیی لێکۆڵینەوەکە:

### ٣ / ٢ ـ ١) ڕەهەندەکانی لایەنی کارەکیی لێکۆڵنەوەکە:

نموونەکانی لایەنی کارەکیی لێکۆڵینەوەکە بەشێوەیەکی مەبەستداری ڕەمەکی ڕێکخراوە، هەڵبژاردنی ئەم ڕەهەندانەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە:

١- مەبەستدارە، چونكە بەشێوەیەكی ڕێك و پێك لێكۆڵینەوەكەتێیدا هەڵبژاردنی پێگەكانی كۆمەڵگەكەی دیاریكردووە و لە ئێستای كۆمەڵگەی كوردیدا دیارن و كاریگەریی و ڕەنگدانەوەیان لەسەر هەڵسوكەوت و شێوازی قسەكردنی خاوەن پێگەكان هەیە.

٢ ـ لێكۆڵینەوەكە ڕێكخراوە، چونكە جگە لەوەی ئامانجیەتی دیاردەو جۆری باڵادەستیی زمان پەیوەست بەم پێگانە لە كۆمەڵگەی كوردیدا دیاریبكات، پێی وایە بەدوایەكدا هاتنی ئەو فۆڕمە زمانییە باڵا دەستییانەی كە لەسەر بنەمای دەسەڵات، لە نموونەی ئاخاوتنی لێكۆڵینەوەكە شیكراونەتەوە، ئەو زانیارییانە نیشاندەدات، كە لە كەلتوری كوردیدا دەسەڵات و پێگەی جیاواز، ڕۆڵی گرنگ لە دەستنیشانكردنی ئاست و پلەو پایەی كۆمەڵایەتی ئاخێوەران دەبینن، ئەمەش وایكردووە لەگەڵ سروشت و بنەما تیۆرییەكانی باڵادەستیی زمان بگونجێت.

## ٣ / ٢ ـ ٢) قەبارەی لێكۆڵینەوەكە:

قەبارەی نموونەی دەستنیشانكراوی كۆمەڵگەی كارەكیی لێكۆڵینەوەكە خۆی لە (٩٥٪) دەبینێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی لەگەڵ كات و شوێن و قەبارەی لێكۆڵینەوەكە بگونجێ. بەم جۆرە لە كۆی ئەو پێگانەی كە لە كۆمەڵگەی كوردیدا دەبینرێن وبەشێوەیەك لە شێوەكان جۆرێ لە دەسەڵات تێییاندا دەردەكەوێت ودەبنە هۆی هاتنەكایەوەی باڵادەستیی زمان ، بریتین لە (٨) پێگە، هەر پێگەیەكیش لەسەر بنەمای ئەو دەسەڵات و پێگە كۆمەڵایەتییەی كە لە نێویان دەبینرێن دەردەكەوێت. واتە، خودی قەبارەی نموونەی لێكۆڵینەوەكە كۆمەڵگەیەكەلەسەر بنەمای ئاستی كۆمەڵایەتی (بەرز، مام ناوەند، خواروو)دایە، بەڵام لە سنووری دیالێكتیكدا باڵادەستیی زمان تێیدا جێبەجێكراوە.

## ٣ / ٣) نموونەو داتای لێكۆڵینەوەكە:

### ٣ / ٣ ـ ١) نموونەی لێكۆڵینەوەكە بە ژمارەو ئامار:

نموونەی لێكۆڵینەوەكە بریتییە لە (٣٤) كۆمەڵگەی كوردی-دیالێكتی ناوەڕاست ، لە كۆی (٨) پێگەی كۆمەڵگەی كوردیدا، هەر ئاخاوتنێكیش چەند نموونەیەكی جیاوازیی پەیوەست بە هەر پێگەیەك هێناوەتەوە.

### ٣ / ٣ ـ ٢) چۆنییەتی كۆكردنەوەو وەرگرتنی نموونەكانی لێكۆڵینەوەكە:

ئەو نموونانەی كە لەم لێكۆڵینەوەیەدا كۆكراونەتەوە لە شێوەی (تۆماری دەنگی) بە نهێنی وەرگیراوە، واتە سیناریۆ و دروستكراونین، هەندێ نموونەش، بەڵام ژمارەیەكی زۆر كەم لە (یوتوب و سایتەكان) وەرگیراوە، ئەوانیش بە شێوەی ڕاستەوخۆن و دروستكراو نین. واتە لە تێكرشای نموونەكان لێكۆڵینەوەكان هەوڵیداوە خۆی لە نموونەی دروستكراو و سیناریۆ بپارێزێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە بەشێوەیەكی واقعی باڵادەستیی زمان ،لە نێو ئاخێوەراندا دەستنیشانبكرێت.

### ٣ / ٣ ـ ٣) نموونەی لێکۆڵینەوەکە:

#### ٣ / ٣ - ٣ ـ ١) هەندێ تێبینی گشتی لەبارەی نموونەکان:

به پێویستی دەزانرێ دەربارەی نموونەکانی لێکۆڵینەوکە پێش شیکردنەوەیان چەند ڕوونکردنەوەو زانیارییەك لەبارەیانەوە بخرێتە ڕوو:

١ ـ ئەو نموونانەی کە بۆ لێکۆڵینەوەکە وەرگیراون، هەوڵدراوە ئەو فۆڕمە زمانییانە دەستنیشان بکرێت، کە پلەی باڵادەستیی و ژێردەستییان تێدا دەردەکەوێت.

٢ ـ نموونەکان بەبێ دەستکاریی و ئەمانەتی زانستییەوە وەرگیراون، ئەگەرچی لە ڕووی ڕێزمان و ڕێنووس و خاڵبەندییەوە لەوانەیە هەڵەیان تێدا بێ.

٣ ـ زۆربەی نموونەی گوتنەکان بە پێی دەوروبەری گوتن و ئەو دەوروبەرەی کە گوتنەکانیان تێدا دەربڕاوە، مەبەست و ئەرکی جیاوازییان لە پشتە، بەڵام ئەم مەبەست و ئەرکە جیاوازییانەش هەر لە شێوەی گوتنی باڵادەستیدان. بۆیە هەوڵدراوە لە گوتنەکان جگە لە ئامانجە سەرەکییەکە (گوتنە باڵادەستییەکە)، ئەو ئەرك و مەبەستانەش دەستنیشان بکرێت کە بە پێگەی کەسی گوتنە دەربڕاوە باڵادەستییەکە پەیوەستە.

٤ ـ لە هەر پێگەیەکدا هەوڵدراوە چەند نموونەیەکی جیاوازی پەیوەست بە پێگەکە بهێندرێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە تاوەکو لێکۆڵینەوەکە خۆیی لە نموونەی شاز بپارێزێ، چونکە لە کاری ئەکادیمیدا پێویستە توێژەر خۆی بە تەنها نموونەیەك نەبەستێتەوە، لەلایەکی ترەوە لەوانەیە لە تەنها نموونەیەکدا گوتن و فۆڕمەکانی باڵادەستیی زمان هەموویان تێیاندا دەرنەکەوێت و لێکۆڵینەوەکەش ئامانجی زانستیی خۆی نەپێکێ ،جگە لەمەش باڵادەستیی زمان بە پێی دەوروبەر لەگۆڕاندایە،بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش لەڕێگای نموونەی جیاواز پشتڕاستکرتەوە.

٥ ـ هەر نموونەیەك لیستێکی بارودۆخی هەیە، ئەوانیش بریتین لە: (شوێنی ئاخاوتن، کات، ئامانج و مەبەستی ئاخاوتن، بەشداربووانی ئاخاوتن، توخم، تەمەن)، هەر یەك لەمانەش بە شێوەیەك لە شێوەکان کاریگەریی خۆی لەسەر ئاخاوتندا هەیە. دیاریکردنی ئەمانەش بۆ ئەوەیە کەوا بزانرێن ئەو ئاخاوتنە بەشداربووانی کێ یەو لە چ کات و شوێنێك گوتنەکان ئاڕاستە کراون و پلەو پایەچییە؟

٦ ـ کاتێك زۆرجار لە سەرەتای شیکردنەوەی گوتنەکان، کە گوتوومانە (( چەند دەقێکی ئەم ئاخاوتنە شیدەکەینەوە)) مەبەست لەوەیە گوتنی دووبارە دەرنەکەوێت.

٧ ـ ئاخاوتنەکان لە شوێنە ڕەسمی و ناڕەسمییەکان وەرگیراون.

٨ ـ ئاخاوتنەکان دابەشی چەند کۆمەڵەیەکبوون، هەندێکیان ئاخاوتنی ڕووبەڕوون، کەزۆرترین ڕێژەی ئاخاوتن پێکدەهێنن، هەندێکیتریشیان کەژمارەیان زۆرکەمە بریتین لە ئاخاوتنی تەلەفۆنی.

٩ ـ لە نموونەی هەر ئاخاوتنێكدا پلەو پایەو پێگەی هاوبەشەكانی ئاخاوتن پێش شیكردنەوەی گوتنەكان ئاماژەی بۆ كراوە.

### ٣ / ٣ - ٣ ـ ٢) نموونەی پێگەكان و شیكردنەوەیان:

### ٣ / ٣ - ٣ ـ٢- ١) باڵادەستیی زمان پەیوەست بە پێگەی یاسایی:

پێگەی یاسایی لە كۆمەڵگەی كوردیدا، پێگەیەكی بەرزی كۆمەڵگەیەو ڕۆڵ و كاریگەریی بە هێزی لە

پەیوەندیی ژیانی كۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەراندا دەبینێ، سەرچاوەی ئەو ڕۆڵەش لە یاساكەدا ڕەنگدەداتەوە، نەك لە خودی كەسەكە، كە تێیدا پێگەیەكی زمانی تایبەت لەسەر بنەمای ئەو پێگەو دەسەڵاتە (یاسا) بە كەسەكە دەبەخشێ.

بە تێگەیشتن لە چەمكی پێگەی یاسایی و ئەو پەیوەندیی و كاریگەرییە بە هێزەی لەسەر هەڵسو كەوتی كەسی خاوەن پێگەكەو شێوازی قسەكردنی هەیە، هەروەك لە بەشی دووەمی ئەم لێكۆڵینەوەیە ئاماژەی پێكرا، بە ئاشكرا دەردەكەوێت ئەم پێگەیە كاریگەریی و كاردانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر چۆنییەتی زمانی كەسی خاوەن پێگەو بەرامبەر دەبێت، لەم وەچەپارەدا هەوڵدەدرێ كارەكییانە كاریگەریی و ڕەنگدانەوەكانی ئەم پێگەیە لەسەر خودی كەسی خاوەن پێگەو دەوروبەر بخرێتە ڕوو، دەركەوتنی ئەم لایەنەش لەنێو دادگاكاندا[1] دەردەكەوێت و زمان و دەسەڵاتی زمانی ئەم پێگە زیاتر دەردەخات. ئەوەی لێرەدا مەبەستە دەسەڵاتی دادوەرە لەم شوێنەدا، دادوەریش كەسێكە لەسەر بنەمای ئەو دەسەڵاتە یاساییەی كە هەیەتی كەسێكی دەستڕۆیشتووەو پێگەیەكی بەرزی هەیەو شێوازی دەربڕین و گوتنەكانی باڵادەستیی پێوە دیارە لە نێو زۆربەی جومگەكانی پەیوەست بەم پێگەیە. بۆ ئەم مەبەستە لێرەدا چەند دەقێكی ئاخاوتنی جیاوازیی پەیوەست بەم پێگەیە، لەنێو دادگاكاندا لە كۆمەڵگەی كوردیدا وەرگیراوە و هەوڵدەدرێ پێوەرو فۆرمەكانی باڵادەستیی زمان تێدا دەستنیشان بكرێت و شیبكرێتەوە.

**ـ ئاخاوتنی ژمارە (١):**

**ـ دەقێكی ئاخاوتن لە نێوان دادوەرێك و تاوانبارێكدا.**

**١/ + ق. دادوەر: ناوت چییە؟**

**٢/ ـ گ. تاوانبار: ك. س. ۆ.**

**٣/ + ق. دادوەر: چ كارەی؟**

---

(١) دادگا، یەكێكە لەو شوێنانەی، ڕۆژانە ئاخاوتنی تێدا ئەنجامدەدرێت، بەڵام شوێن و بۆنەیەك نییە هەمووتاكەكانی كۆمەڵ تێدا بەشداربن، تەنها چەند ژمارەیەكی كەمی تاكەكان نەبێت، ئەوانیش بە پێی پێویستی ئەو كارو مەبەستەی لەو شوێنەدا هەیانە، ئینجا بە مەبەستی دادگایكردنی تاوانبارێك بێ، یاخود ژن مارەكردن بێ، یاخود هەر مەبەستێكی تر لە چوارچێوەی ئەم پێگەیەدا، كە تێیدا دەربڕینی تایبەت و شێوازی قسەكردنی جیاواز تێیاندا دەردەكەوێت (ڕێژنە مەعروف، ٢٠١٠: ٨٥).

٤/ ـ گ. تاوانبار: هيچ ئيش ناكەم.

٥/ + ق. دادوەر: ڕۆژی/ / لەسەر چ لەگەڵ (ل.....ر) شەڕتان كردووە؟

٦/ ـ گ. تاوانبار: وەڵڵا جەنابی حاكم هەر ڕقی لێم دەبێتەوە ....، .

٧/ + ق. دادوەر: تۆ قسەی ناشرینت كردووەو جنێوت پێداوە، یەعنی دەستدرێژیت كردۆتە سەر دراوسێی خۆت.

٨/ ـ تاوانبار: ئاخر قوربان..

٩/ + ق. دادوەر: قسە مەكە، تۆ یەكەم جارت نییە شكایەتت لێدەكرێ و جارێكیش سەرخۆشبووی. تۆ بۆ گیانی خەڵكی دەخۆیتەوە؟ بۆ بێزاركردنی دراوسێ و خەڵكی گەڕەك دەخۆیتەوە؟

١٠/ گ. تاوانبار: قوربان بەخوا...

١١/ ق. دادوەر: بڕۆ دەرەوە.

★ شیكردنەوەی دەقی ئاخاوتنەكە:

- لیستە هۆكارە بارودۆخییەكان:

ـ بەشداربووانی ئاخاوتن: (قسەكەر، دادوەر)، (گوێگر، تاوانبار).

ـ توخمی بەشداربووان: هاوتوخم (نێر).

ـ مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: پرۆسەی دادگایگردنی تاوانبارێك و ئەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵی.

ـ شوێنی ئاخاوتن، دادگای كۆیە، هەولێر.

ـ كات: بەیانی.

بە گشتی ئەگەر سەیری ئەم ئاخاوتنەی سەرەوە پەیوەست بە دەوروبەری بارودۆخەكە بكرێ، سەرجەم ئاڕاستە كۆمەڵایەتییەكانی نێوان قسەكەرو گوێگر لە (پلەو پایەیان، شوێن، كات، مەبەست و بابەتی ئاخاوتن)، بە شێوەیەك لە شێوەكان كارلێك دەكەن و ئەو فۆڕمەو دەربڕاوە زمانییەیان لێكەوتۆتەوە، ئەوەی كە لێرەدا زیاتر مەبەستە پلەو پایەی كۆمەڵایەتی بەشداربووانی ئاخاوتن و شوێنی ئاخاوتنەكەیە، چونكە كارلێكی لەگەڵ مەبەست و بابەتی ئاخاوتندا كردووە، بۆیە هەر یەك لە شوێن و پێگەی بەشداربووان یەكێكن لە هۆكارە هەرە بەهێزەكان كە ئەو فۆڕمە زمانییانە، بە تایبەتی دەربڕاوە زمانییەكانی (قسەكەر) بهێننە كایەوە، چونكە لێرەدا قسەكەر خاوەن پێگەیەكەو شوێنەكەشی ڕەنگدانەوەی پێگەكەیەتی و وایكردووە گوتنەكانی هەڵێنجراوی ئەو دوروبەرەو پێگەیە بێت، بەڵام دادوەر لەوانەیە نەتوانێ لە دەرەوەی ئەم شوێنە ئەم شێوازی گوتن و پرسیارانەش ئاڕاستەی تاوانبار بكات، بەمەش پلەی باڵادەستییەكەی گۆڕانی بەسەردادێ. گوێگریش لەم كاتەی ئێستایدا، كەسێكە

تاوانباره و دەبێ لە ژێر دەسەڵاتی یاساو گوتنەکانی دادوەر بێ، بۆیە  قسەکانی بە گشتی چوارچێوەی ئەم شوێنەو پابەند بوونی پرسیارەکانی دادوەری پێوە دیارە.

سەرەتاو دەستپێکی ئاخاوتنی نێوان "دادوەر و تاوانبار" بە پرسیار لەلایەن دادوەر و بە وەڵام لە لایەن تاوانبار دەستپێکردووە، دیارە ئەمەش بە پێی جۆری بابەتەکەو ئەو کێشەیەی کە لەبەر دەستی دادوەر دایە وا دەخوازێ کە ئاخاوتنەکان ئەم ئاڕاستەیە وەرگرێت، بەڵام پرسیارەکانی دادوەر پرسیاری ئاسایی نین، بەڵکو لە هێزی پێگەی دادوەر دایەو وایکردووە جۆرو شێوازی پرسیارەکان لە ڕوانگەی ئەو پێگەیەوە ڕەنگبداتەوە، جگە لەمەش پرسیارەکان بە پێی هێزو دەوروبەری گوتن دەگۆڕێن و لەوانەیە ئەرك و مەبەستی جیاوازییان لە پشتەوە بێ، ئەم مەبەستانەش هەر لە چوارچێوەی گوتنی باڵادەستیدان. ئەگەر سەیری وەڵامەکانی گوێگریش (تاوانبارەکە) بکرێ، دەبینرێ لەسەر بنەمای پێگەی هێزی پرسیارکەرو ئەو تاوانەی کە خراوەتە پاڵی جۆرێ لە ژێردەستی تێیدا دەبینرێت. بۆ ئەم مەبەستە لە خوارەوەش هەڵوێستە لەسەر پرسیارو وەڵامەکان دەکرێ و لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە شییدەکرێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر سەرەتا سەیری گوتنی (١ و ٢) بکرێ:

**١/ دادوەر: ناوت چییە؟**

**٢/ تاوانبار: ك. س. ۆ.**

لە گوتنی (١)دا "دادوەر" ، بە بێ سڵاو کردن لە "تاوانبار" ڕاستەوخۆ چۆتە ناو بابەتی مەبەستدار و پرسیاری ناوی لێکردووە، بەڵام لێکەوتەی ئەم پرسیارەی دادوەر بەپێی دەوروبەری گوتنە پرسیار کراوەکە هەر لە دەستپێکی ئاخاوتنەکەوە ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە هیچ جۆرە هاو پەیوەندییەك لە نێوانیاندا نەنوێندراوە، نەبوونی ئەم هاوپەیوەندیی و دووری و نزیکی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوانیان، بە پێگەو شوێنی دادوەر پەیوەستە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پلەی باڵادەستیی دادوەر لە بەرامبەر تاوانبار دەردەخات. بۆیە ئەم دووری و نزیکییەی پێگەی نێوانیان و ئەو شوێن و تۆمەتانەی ئاڕاستەی تاوانبار کراوە، وای لە تاوانبارەکە کردووە جگە لەوەی ناوی خۆی بە شێوەیەکی ڕاست گوتووە هەر وەك لە گوتنی (٢)دا دیارە ، هاوکات وەڵام دانەوەی پرسیاری دادوەر وا بە خێرایی و بە بێ گفتوگۆ و ئەولا ئەولا، جۆرێ لە ژێر دەستیی لە ڕووی ئاست و پێگەوە لە بەرامبەر دادوەر نیشاندەدات.

لە جووتە گوتنی دووەمدا، دادوەر دووبارە پرسیار ئاڕاستەی تاوانبار دەکا، بەڵام ئەمجارە بە پرسیارێکی جیاوازو مەبەستدار. هەروەك لە گوتنی (٣) دا پێی دەڵێ:

**٣/ چ کارەی؟**

ئەم گوتنە ئەگەرچی لە شێوەی پرسیار دەربڕاوە، بەڵام کاتێك ئەم پرسیارە دەخرێتە دەوروبەری گوتنە پرسیارکراوەکە، مەبەستی دادوەر داواکردنی زانیارییە لەبارەی تاوانبار بەوەی بزانێ چ دەکا؟ پێویستە ئەوە بگوترێ کە ئەم داواکردنەی دادوەر داواکردنێکی ئاسایی نییە، چونکە هێزو دەسەڵاتی لە پشتەوە دەبێ تاوانبار ئامادەیی بۆ داواکردنەکەی نیشانبدات و جێبەجێیبکات. بوونی ئەو پرسیارەی دادوەر، کە لە دەسەڵاتی پێگەی دادوەر ڕەنگیداوەتەوە، جگە لەوەی پلەی باڵادەستیی دادوەر دەردەخات،

کاریگەریشی لەسەر تاوانبار دەبێت و وا دەکا بە گشتی پابەندی پرسیارەکان بێت. بۆ ئەم مەبەستە تاوانبار ئامادەیی خۆی بۆ پرسیاری دادوەر نیشانداوە، هەروەك لە گوتنی (٤) دەڵێ:

**٤/ هیچ ئیش ناکەم.**

ئەگەر هەڵوەستە لەسەر وەڵامی تاوانبار بکرێ ،ئەوا بە پێی دەوروبەر گوتنە وەلأمدراوەکە، دەبینرێ تاوانبار پۆزش بۆ ئەو تاوانە دەهێنێتەوە کە خراوەتە پاڵی، کە بێکارم بۆیە ئەم کارەم کردووە، بە واتایەکی تر ئەگەر بە کارێك خەریك بم ئەوها ناکەم، ئەمەش سەلماندنی تاوانەکەیەتی. لێرەدا پۆزشەکەی تاوانبار بۆ دەربازبوونە لەو تاوانەی کە دراوەتە پاڵی.

پاشان دادوەر لە پرسیارەکانی لە بەرامبەر تاوانبار بەردەوام دەبێ و لە گوتنی (٥) دا پێی دەڵێ:

**٥/ ڕۆژی/ / لەسەر چی لەگەڵ (ڵ.....ر) شەڕتان کردووە؟**

دیسانەوە ئەم پرسیارە مەبەست لێی داواکردنی زانیارییە لە تاوانبار، بەلأم زانیارییەکی دروست و یەقین. لێرەدا دادوەر گوێی بە پۆزشەکەی تاوانبار نەداوە، چونکە لە لایەك ڕاستی شەڕکردنی بۆ دەرکەوتووە، لە لایەکی ترەوە پرسیاری ئەوەی لێ نەکردووە کە بۆ چی هیچ ئیش ناکەیت؟

تاوانباریش لە بەرامبەردا وەڵامی دادوەر دەداتەوەو پێی دەڵێ:

**٦/ وەڵلاّ جەناب حاکم هەر ڕقی لێم دەبێتەوە، لە خۆیەوە مۆڕەی لێکردم، منیش ویستم بە قسەی خۆش پێی بڵێم بۆچی وا سەیرم دەکەی؟ کە چی ئەو پەلاماری دام و بوو بە شەڕمان.**

لێرەدا تاوانبار بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دان بەوە دەنێ کە شەڕمان کردووە، واتە ڕاستی قسەکەی دادوەری دووپاتکردنەوەو ڕەتینەکردۆتەوە. ئەم دان پێدانانەش پلەی ژێردەستیی تاوانبار لە بەرامبەر دادوەر دەردەخات. بەلأم لێرەدا بۆ شەڕکردنەکەی بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ پۆزشی بەوە هێناوەتەوە،کە ئەو شەڕە خەتای ئەو نەبووە، بەڵکو خەتای بەرامبەرەکەی بووە، ئەمەشی لە ڕێگای سوێند خواردنەوە دەربڕیوە، بەوەی دادوەر باوەڕی پێبکات. واتە پاکانەکردنەکەی لە شێوەی سوێند خواردن دایە، کە جیایە لەگەڵ پاکانەی گوتنی (٤)دا. هەر لەم گوتنەدا تاوانبار بە ئاشکرا پلەی بالأدەستیی دادوەر لەلایەکی ترەوە بۆ نیشاندەدات، ئەمەش لە ڕێگای بەکارهێنانی وشەی (جەناب)، چونکە ئەو فۆڕمە زمانییەجگە لەوەی ڕێزی بەرامبەر دەردەخات،و وەك نیشانەیەکی کۆمەلأیەتی لە کەلتورو کۆمەڵگەی کوردیدابە گشتی بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە پلەو پایەکی کۆمەلأیەتی بەرزییان هەیە. لێرەدا ئەم فۆڕمە وەك پێوەرێکی ناسینەوەی باڵادەستیی زمان ڕەنگیداوەتەوە.

دوای دەرکەوتنی تاوانی تاوانبار لە ڕێگای وەلأمەکانی و پرسیارە بە مەبەستدارەکانی دادوەر، ئەو زانیارییە دروستانەی کە لەلایەن سکالأکار وەریگرتووە، لە ئاخاوتنی چەند گوتنێکدا دەڵێ:

**٧/ تۆ قسەی ناشرینت کردووەو جنێوت پێداوە، یەعنی دەستدرێژیت کردۆتە سەر دراوسێی خۆت.**

لەم گوتنانەی دادوەر جگە لەوەی پۆزش و قسەکانی تاوانبار ڕەتکردۆتەوە، هاوکات دادوەر هەر لەم گوتنانەدا، واتە لە گوتنی (٧)دا، تاوانباریشی بەم کارانەی خوارەوە کردووە:

- بە قسەی ناشرین.

- بە جنێودان.

- دەستدرێژیکردن.

ئەگەر چی ئەو گوتنانەی دادوەر لە شێوەی گوتنی هەواڵگەیاندن، بەڵام بە پێی دەوروبەری گوتنەکە و ئەو دەوروبەرەی کە ئەم گوتنانەی تێدا وتراوە، تاوانبارکردنی تاوانبارە بەم کارانەی کەلە گوتنی (٧)دا ئاماژەی بۆکرا.

هەروەها لە سەرەتای ئەم گوتنانەی دادوەر، لە بەکارهێنانی جێناوی کەسی دووەمی تاك (تۆ)، هێزێکی زۆری کردۆتە سەر دەربڕاوەکانی، بە گوێرەی ئەو هێزەش جگە لەوەی پلەی باڵادەستیی دادوەر دەردەخات، جۆرێ لە هەڕەشەکردنی ناڕاستەوخۆی بە پێی دەوروبەری هێزی گوتنی جێناوەکە لێدەکەوێتەوە.

لێرەدا پەسەندی تاوانبارکردنی ئەم کارانەی لەلایەن دراوەتە داوەتە پاڵ تاوانبار، ئەوەیە کە تاوانبار هەڵوێستی لە بەرامبەریاندا هەبێ، بۆ ئەوەی لەسەر خۆی لایبا، یاخود ئەو سزایەی بڕیاری بۆ دەدرێ لەسەری سوك بکات، یان هەر مەبەستێکی تر لەم چوارچێوەیەدا. بۆیە لەبەرامبەردا تاوانبار دەڵێ:

**٨/ ئاخر قوربان...**

لێرەدا تاوانبار دەیەوێ پاساو بۆ ئەو تاوان و تۆمەتانەی خراونەتە پاڵی بهێنێتەوە، بە بەکارهێنانی فۆڕمی زمانی **(قوربان)** لەم گوتنەدا، دیسانەوە وەك نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر پلەی باڵادەستیی دادوەر دەکات، چونکە ئەو فۆڕمە زمانییەش لە کەلتوری کوردیدا بۆ ئەو کەسانە بەکاردێ کە خاوەن پلەو پایەی بەرزن.

بەڵام دادوەر ناهێڵی پاساو بهێنێتەوەو قسەکانی پێدەبڕی و پێی دەڵێ:

**٩/ قسە مەکە، تۆ یەکەم جارت نییە شکایەتت لێدەکرێ و جارێکیش سەرخۆشبووی. تۆ بۆ گیانی خەڵکی دەخۆیتەوە؟ بۆ بێزارکردنی دراوسێ و خەڵکی گەڕەك دەخۆیتەوە؟**

ئەم گوتنانەی دادوەر بەپێی دەسەڵات و هێزی دەربڕینی گوتنەکان لێکەوتەی باڵادەستیی زمانی دادوەر بەم شێوەی خوارەوە دەردەخات:

دادوەر هەر لەسەرەتاوە قسەی بە تاوانبار بڕیوە، ئەم قسە پێبڕینەش پلەی باڵادەستیی دادوەر نیشاندەدات. هەروەها گوتنی: **(قسەمەکە)**، ئەگەر چی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە فەرماندان دەربڕاوە، بەڵام بە پێی دەوروبەری گوتنەکە فەرماندانە لەشێوەی هەڕەشە، چونکە ئەگەر تاوانبار قسە بکات و

بێدەنگ نەبێ، ئەوا لەوانەیە دادوەر هەڵوێستی تری هەبێت .واتە ئەم گوتنە(**قسە مەکە**) کەرستەی باڵادەستیی دادوەری دەرخستووە پاشان کە دەڵێ:

**٩/ تۆ بۆ گیانی خەڵکی دەخۆیتەوە؟ بۆ بێزارکردنی دراوسێ و خەڵکی گەڕەك دەخۆیتەوە؟**

ئەم گوتنانە ئەگەر تەماشایان بکرێ لە شێوەی گوتنی پرسیاری دان، بەڵام هێزی دەربڕینی گوتنەکەو ئەم گوتنانەی تێدا دەربڕاوە، گلەیکردنی دادوەر لە بەرامبەر تاوانبار دەردەخا، بەوەی بۆچی لە خواردنەوەت خەڵکی بێزار دەکەیت؟

تاوانباریش لە بەرامبەردا دەڵێ:

**١٠/ قوربان بەخوا...**

تاوانبار ئەگەرچی دووبارە دەیەوێ بڵێ من بێتاوانم، بەڵام گەلاڵەکردنی بێتاوانییەکەی لە شێوەی تکاکردن و پاڕانەوە دەربڕیوەو لە ڕێگای سوێند خواردنەوە جەختی لەسەر کردۆتەوە بەوەی باوەڕی پێبکات، ستراتیجییەتی ئەم گوتنە ژێردەستیی تاوانبار زیاتر دەردەخات.

بەڵام دادوەر دووبارە قسەکانی پێ دەبڕێ، بەڵام جیاوازی لەگەڵ قسە پێبڕینەکەی گوتنی (٩)، کەبە ئاوازێکی بەرز پێی دەڵێ:

**١١/ بڕۆ دەرەوە.**

دەربڕینی ئەم گوتنە بەم شێوازەش، جگە لەوەی لە شێوەی فەرمانێکی ڕاستەوخۆ دایە، بەڵام ئەم فەرمانە ڕاستەوخۆیە لە کۆتاییدا سەلماندنی تاوانەکانی تاوانبارەو نواندنی باڵادەستیی دادوەرە، بەوەی بڕۆ دەرەوەو تەواو.

ئەم دەسەڵاتەی دادوەر لە چوارچێوەی ئەم دۆسیەو دادگایکردنەدا تەنها لە بەرامبەر تاوانبار ڕەنگنەداتەوە، بەڵکو لەسەر ئەو کەسانەش دەردەکەوێ کە سکاڵا دژی تاوانبار تۆماردەکەن، یان شاهیدی دەدەن، بەڵام لێرەدا پلەی باڵادەستیی دادوەرو شێوازی گوتنەکانی گۆڕانی بەسەرداديێت بە بەراورد لەگەڵ تاوانبار. لەم ڕوانگەیەوە سەیری چەند دەقێکی ئاخاوتنی ژمارە (٢) دەکرێ[١].

**ـ دەقێکی ئاخاوتن لە نێوان (دادوەرو سکاڵاکار):**

**١/ ـ گ. سکاڵاکار: ئەو کاتەتان باش.**

**٢/ + ق. دادوەر: باشتر. ناوت چییە؟**

**٣/ ـ گ. سکاڵاکار: (س.....م).**

---

(١) ئەم دەقە هەر لەگەڵ ئەم دۆسیەیەدا کە لە ئاخاوتنی ژمارە (١) باسمان کرد.

**٤/ + ق. دادوەر : دەستی ڕاستت لەسەر ئەم قورئانە دانێ و بڵێ وەڵلا ڕاست دەڵێم؟**

**٥/ ـ گ: وەڵلا بەو قورعانە ڕاستدەڵێم.**

**٦/ + ق. دادوەر: کێشەکەت چییە؟**

**٧/ ـ گ. سکاڵاکار: جەنابی حاکم کێشەم لەگەڵ (د.....ر) هەیە کە دراوسێی خۆمە. چەندین جارە بە سەرخۆشی جنێوو قسەی سوکمان پێدەڵێت....**

**٨/ باشە بڕۆ.**

**ـ شیکردنەوەی ئاخاوتنەکە:**

**★ لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان:**

**ـ بەشداربووانی ئاخاوتن: (قسەکەر ـ دادوەر)، (گوێگر ـ سکاڵاکار) .**

**ـ توخمی بەشداربووان: هاوتوخم (نێر).**

**مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: تاووتوێکردنی بەڵگەکانی سکاڵاکار.**

**ـ شوێنی ئاخاوتن: دادگای کۆیە، هەولێر.**

**ـ کات: بەیانی.**

ئەگەر سەرەتا خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ ئەم دەقەی خوارەوە بکرێ، ئەگەرچی لە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی ئاخاوتنەکە پلەی باڵادەستیی دادوەر لە بەرامبەر سکاڵاکار دەرکەوتووە، دەرکەوتنی ئەم پلە باڵادەستییەی دادوەریش بە پلەی یەك لەسەر بنەمای شوێن و پێگەی دادوەر ڕەنگیداوەتەوە. بەڵام ئەم دەرکەوتنە جیاوازە بە بەراورد لەگەڵ ئاخاوتنی ژمارە (١). بۆ نموونە ئەم ڕوانگەیە لە جووتە گوتنی یەکەمدا دەردەکەوێ:

**١/ ئەو کاتەتان باش.**

**٢/ باشتر، ناوت چییە؟**

لەم جووتە گوتنەی نێوان دادوەرو سکاڵاکار هەر لە دەستپێکی ئاخاوتنەکەیان جۆرێ لە هاوکاری و هاو پەیوەندیی لە نێوانیاندا دیارە، بە تایبەت سەلام کردنەکە ئەم ڕوانگەیە زیاتر نیشان دەدات.

لە گوتنەکانی دواتر دەبینرێ پلەی باڵادەستیی دادوەر دەرکەوتووە، بەڵام لێرەدا شێوازی دەربڕینی گوتنەکان و پرسیارەکان جیاوازن، چ لە ڕووی هێزی دەربڕین، چ لە ڕووی ئاوازەی دەربڕین، کە تێیدا ئاوازی بەرز وهێزی بەرز لە گوتنەکانی دادوەر زۆر بە دەگمەن هەستی پێدەکرێت.

گوتنی (٤) و گوتنی (٧)، کە لە شێوەی فەرمانی ڕاستەوخۆدان باڵادەستیی دادوەر لە بەرامبەر سکاڵاکار دەردەخات، بەڵام ئەم فەرمانانە، فەرمانێکن لەشێوەی هێزو ئاوازەی بەرز دەرنەبڕاون، بەڵکو لە شێوەی دەربڕینی ئاخاوتنی ئاساییدان.

هەروەها شێوازی گوتنی پرسیارەکانیش، لەو پرسیارانە نین، کە ئەرکی هەڕەشەکردن و گلەییکردن و ئەرکی تر لەم ڕوانگەیەوە ببینن، بەڵکو بە گشتی پرسیارەکان داواکردنی زانیارییە. بەڵام لەوانەیە بە پێی دەوروبەری گوتنی پرسیارەکان ئەرکی تر لە پشت پرسیارەکانەوە بێت. بۆ نموونە لەو پرسیارانە کە دادوەر لە بەرامبەر سکاڵاکار دەڵێ:

**٦/ کێشەکەت چییە؟**

لێرەد دادوەر جگە لەوەی دەیەوێ زانیاریی بزانێ لەوەی کە کێشەی سکاڵاکار لەبارەی چییەوەیە، هاوکات ئەم پرسیارە فەرمانێکی ناڕاستەوخۆی بەپێی دەوروبەری گوتنەکەوە تێدایە، بەوەی پێم بڵێ کێشەکەت چییە؟

ئەگەر سەیری سکاڵاکاریش بکرێ، لەم شوێن و دەوروبەرە، لە ڕووی ئاست و پێگەوە جۆری لەژێردەستیی لەبەرامبەر دادوەری پێوە دیارە، گوتنەکانیشی ڕاستە ئەم وتانەن. بۆ نموونە بەکارهێنانی وشەی (جەناب)لە گوتنی(٧)، هەروەك پێشتر لە ئاخاوتنی ژمارە (١) ڕوونکراوە ،بۆ کەسی خاوەن پێگە لە کەلتوری کوردی بەکاردێت.

ئەوی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم گۆڕانەی باڵادەستییە دادوەر، لەبەرامبەر سکاڵاکار، بۆ هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە، کە سکاڵاکار کەسێکە زوڵمی لێکراوەو لەوەی تاوانبار بکرێت بە تاوان. بۆیە لەم دۆسییەدا دادوەر بە چاوێکی جیاوازیی دادوەرانە سەیریان کردووە، هەروەك لە شێوازی گوتنەکانییان ئەم ڕاستییەدەرکەوت.

ئەم دەسەڵاتەی دادوەر کە لە یاساوە وەریگرتووە توانای بڕیاردانی سزای تاوانبارو ئازادکردنی هەیە. واتە، ئەم دەسەڵاتە وادەکا زۆر مەبەست و هەنگاوی گرنگ و کارو کاردانەوەی جیاواز لە دیدی پێگەکەی خۆیدا ڕەنگڕێژ بکا. بۆ ئەم مەبەستەش دەقێکی تر لە نێو دادگاندا وەرگیراوە، کە تێیدا پلەی باڵادەستیی دادوەر بە ئاشکرا نیشاندەدات.

**ـ دەقی ژمارە (٣)، پێگەی یاسایی:**

**دادگای تاوانی ــــــــــ لە ــــــــــ بە سەرۆکایەتی دادوەری بەڕێز ــــــــــ و ئەندامیەتی دادوەرانی بەڕێز ــــــــــ و ــــــــــ پێکهات، ........، ئەم بڕیارانەی خوارەوەیان دەکرد.**

**بڕیار:**

**دادگا بڕیاری دا کە تۆمەتبار ح ح ج ماوەی یازدە ساڵ زیندانی کاتی بکرێ و بە پێی مادەی ٣٩٣ بڕگەی یەکەم بەندی ج و لە بڕگەی دووەم لە یاسای سزاکان ماوەی گرتنی لە ــــــــــ تا ــــــــــ بۆ**

**هەژمار بکرێ و بڕی سی دینار بۆ بریکارەکەی پارێزەری دانراو ....... لەلایەن دادگا وەك ماندوو بوون بۆی سەرف بکرێ لە گەنجینە دوای بنبڕبونی بڕیارەکە ئەو بڕیارەش بەڕێککەوتن لە ـــــــــــــــــــ دەرکراو تێ گەیەنرا.**

**ـ شیکردنەوەی دەقی بڕیارەکە:**

**٭ لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان:**

**ـ بەشداربووانی ئاخاوتن: (قسەکەری یەکەم ـ دادوەر، قسەکەرانی تر، ئەندام)، (گوێگر ـ تۆمەتبار).**

**ـ توخم: هاوتوخم (نێر).**

**ـ مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: بڕیاردان لەسەر دۆسییەی تۆمەتبارێك.**

**ـ شوێنی ئاخاوتن: دادگای هەولێر.**

**ـ کات: بەیانی.**

ئەم دەقەی سەرەوە ، دەقێکە سەبارەت بە بڕیاردان لەسەر دۆسیەی تاوانبارێ، کە بە ئەنجامدانی شتێك، لێرەدا دادوەرو ئەندامەکانی، بە تایبەت دادوەری یەکەم، خاوەن پێگەیەکی یاسایی بەرزن و یاسا ئەو دەسەڵاتەی پێداون کە بڕیار لەسەر تۆمەتبار بدات، گەلاڵەکرنی ئەو بڕیارەش لە چوارچێوەی ڕێکارە یاساییەکان و شوێن و پێگەی هەریەك لە دادوەرەکان، لەگەڵ ئەو مەبەست و بابەتەی کە پیوەستە بە بڕیارەکە دێتە کایەوە. واتە، لەسەر بنەمای ئەو دەسەڵاتە یاساییەی هەیانە چەند بڕیارێکی لەسەر تۆمەتبار دەرکردووە، گرنگکترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە:

**ـ دادگا بڕیاری دا تۆمەتبار بۆ ماوەی دە ساڵ زیندانی بکرێ.**

**ـ دادگا بڕیاری دا بڕی سی دینار بۆ بریکاری پارێزەری دانراو سەرف بکرێ.**

جێی ئاماژەیە ئەو بڕیارانەی دادوەریش جێی ڕەتکرنەوەی نییەو دەبێ جێبەجێبکرێ، ئەمەش باڵادەستیی دەسەڵاتی یاساو دادوەر لە بەرامبەر تۆمەتبار دەردەخا، ئەگەریش جێبەجێنەکرێ ،ئەوە بەپێچەوانەوە لەوانەیە تاوانبار توشی سزای قورستر بێ و توشی بەرپرسیاری تر ببێتەوە. لێرەدا (تاوانبار) لە بڕیارەکە هیچ کاردانەوەیەکی نییەو ئەمەش دان پێدانانە بەو تاوانەی کە ئەنجامیداوەو قبووڵکردنی بڕیاری دادوەرە.

ئەگەر سەیری دەرکردنی بڕیارەکەش بکرێ، دەبینرێ بڕیارەکان لە شێوەی گوتنی باڵادەستییدان:

بۆ نموونە، کە دەڵێ: **تۆمەتبار بۆ ماوەی یازدە ساڵ زیندانی بکرێ.**

ئەم گوتنە فرمانێکی ڕاستەوخۆیەو لە شێوەی ئەرێ دایە.

پاشان کە دەڵێ: **ئەو بڕیارەش بە ڕێککەوتن لە ـــــــــــــــــــ دەرکراو تێی گەینرا.**

ئەم گوتنە، ئاگادار کردنەوەی تاوانبارە لەوەی کە ئەم بڕیارانەمان بۆ دەرکردووی، ئەم ئاگادار کرنەوەیەش لە شێوەی فەرمانێکی ناڕاستەخۆ دایە[١].

## ٣ / ٣ ـ ٣ ـ٣ ـ ٢ ـ٢) باڵادەستیی زمان پەیوەست بە پێگەی کارگێڕی:

ئەم پێگەیەش لەسەر بنەمای ئەو دەسەڵاتە کارگێڕییە جیاوازییانەی کە تاك هەیەتی، یاخود بەدەستیهێناوە، جگە لەوەی کاریگەریی خۆی لەسەر هەڵسوکەوتی کەسەکە هەیە، شێوازی قسەکردنی جیاواز لە چوارچێوەی شوێن و ئەو پێگەیەی تێیدایە دەردەکەوێ و پێگەیەکی زمانی باڵای بە بەراورد لەگەڵ بەرامبەر بەردەستەکانی ڕەنگدەداتەوە[٢].

لە کۆمەڵگەی کوردیدا کەسانێك هەن خاوەنی ئەم پێگەیەن و کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی پێگەکەیان لە بەرامبەر خۆیان و بەردەستەکانیان دیارە، کە تێیدا بەپێی پێوەری ئەو دەسەڵاتە کارگێڕیەش کە لە پێگەکەیاندا هەیانە ،شێوازی قسەکردنەکانییان لەگەڵ دەرکەوتنی شوێن و دەوروبەرە جیاوازییەکانیان هێزو باڵادەستییان پێوە دیارە. لەم وەچە پارەی ئەم بابەتەدا هەوڵ دەدرێ ئەو زمانە باڵادەستییەی کە لەم پێگەیەدا هەیە، لە ڕێگای ئەو ئەو نموونە جیاوازییانەی کە لەشوێن و دەوروبەری جیاواز سەبارەت بەم پێگەیە وەرگیراوە ،فۆرم و پێوەرەکانی باڵادەستیی زمانی ئەم پێگەیە لەسەر بنەمای دەسەڵاتەکەیەوە ڕووندەکرێتەوە.

**دەقی ئاخاوتنی ژمارە (١)، لەنێوان (بەڕێوەبەر و مامۆستا):**

**١/ + ق (١) مامۆستا: زەنگی دەرگای بەڕێوەبەر لەلایەن مامۆستا: سەلاموعەلیکوم .**

**٢/ م/ + ق (٢) بەڕێوەبەر: وەعەلیکە سەلام، بە خێربێی مامۆستا.**

**٣/ + ق (١) مامۆستا: وەڵڵاهی مامۆستا گیان ئیشەکم هاتە پێشی، ئەگەر ئیجازەم بدەیی سبەینێ زۆر زۆر مەمنونت دەبم.**

**٤/ + ق (٢) بەڕێوەبەر: هەیهوو، هەیهوو، برا هەموو ڕۆژ ئیجازە، هەموو ڕۆژ ئیجازە.**

**٥/ + ق (١) مامۆستا: بەو خوایەی مامۆستا ئیشەکم هاتە پێش بەو خوایەی.**

**٦/ + ق (٢) بەڕێوەبەر: ئیشی چت هاتە پێشی؟**

**٧/ + ق (١): مامۆستا: وەڵڵاهی ...**

---

(١) هەر چەندە ئەم دوو گوتنە، لە گوتنەکانی باڵادەستیی زمانی بە ڕەچاوکردنی ئاخاونتی ژمارە (١) و (٢)، بەڵام بە پێویست زانرا کەبەوەی بزانرێ شێوەی گوتنەکانی دەقی بریارەکە باڵادەستیی دادوەر چۆن دەردەخات.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، (٣/٢- ٧).

٨/ + ق (٢) بەڕێوەبەر: دەرسی شەشەم ناکەی، ئۆفمان لۆ دانەی.

٩/ + ق (١) مامۆستا: ئاخر مامۆستا بەقوربان، بەس مامۆستا وەڵڵاهی ... ناکرێ...

١٠/ + ق (٢) بەڕێوبەر: کاکە ئەمن لۆ لێرە مدیرم یەعنی چی؟

١١/ + ق (١) مامۆستا: ... بەس ئەوجارەی ئیجازە بدە وەعد بێ بەڵێننامەش پڕدەکەمەوە.

١٢/ + ق (٢) بەڕێوەبەر: مامۆستای بەڕێز، گوێبدە من، موساعەدەی هەموو مامۆستایانمان کردییە بەبێ جیاوازی.

١٣/ + ق (١) مامۆستا: ڕاستە، ڕاستە، وەڵڵا ڕاستە.

١٤/ + ق (٢) بەڕێوەبەر: بڕۆ دوو ئیشی خۆ، ئیشی خۆت بکە و دەوامی خۆ بەمەزبوودی بکە برا.

ـ شیکردنەوەی دەقەکە:

★ لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان:

ـ بەشداربووانی ئاخاوتن: (قسەکەری یەکەم ـ مامۆستا) ، (قسەکەری دووەم ـ بەڕێوەبەر).

ـ توخمی بەشدار بووان: هاوتوخم (نێر).

ـ مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: داواکردنی مۆڵەت لەلایەن مامۆستاوە.

ـ شوێنی ئاخاوتن: قوتابخانە.

ـ کاتی ئاخاوتن: بەیانی، ئەو کاتەی کە لەنێو دەسەڵاتەکەی دایە.

بەگشتی لەم دەقەدا، گوتنەکانی بەڕێوەبەر باڵادەستییەکی ئاشکرایان لەبەرامبەر مامۆستایەکە دیارە، ئەو باڵادەستییەش لە ئەنجامی ئەو شوێن و دەسەڵاتە کارگێڕیەیە کە بەڕێوەبەرەکە لەو کاتەدا هەیەتی، ئەم دەسەڵاتەش وایکردووە لە بەرامبەردا گوتنەکانی مامۆستا بەهێزی دەرکەوێ. هەر کاتێکیش بەڕێوەبەرەکە کاتی دەسەڵاتە کارگێڕییەکەی تەواو دەبێ ئەوا شوێن و پێگەکەشی نامینێ و کاریگەریی لەسەر ئەو شێوازە قسەکردنەیە دەبێ کە پێشتر لەکاتی دەسەڵاتەکەیدا هەیبوو. هەروەها دەبێ بەڕێوەبەرەکە ئەو دەسەڵاتە کارگێڕییەی کە هەیەتی نابێ سنوور بەزاندنی یاسا لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکەی تێدابێ. ئێستاش لەخوارەوە گوتنە دیاریکراوەکانی ئەم دەقە لەچوارچێوەی لێکۆڵینەکە شیدەکرێتەوە. ئەگەر سەیری جووتە گوتنەکانی یەکەم بکرێ، کە دەڵێن:

١/ مامۆستا: سەلامو عەلیکوم.

٢/ بەڕێوەبەر: وعەلیکە سەلام.

ئەگەرچی سەرەتای ئەم جووتە گوتنەی نێوان "مامۆستاو بەڕێوەبەر" لە دەستپێکی ئاخاوتنەکەیان جۆرێ لە نواندنی هاوکاری و هاو پەیوەندیی پێوە دیارە. بەڵام دواتر ئاخاوتنەکەیان ئاڕاستەو ڕەهەندو لایەنی تر لە ئەنجامی پێگەکەیان وەردەگرێ، بە تایبەت ئەوەی مەبەستمە گوتنەکانی بەڕێوەبەرە، کە هێزو باڵادەستیی زۆری لە ڕوانگەی شوێن و پێگەکەیەوە لە بەرامبەر مامۆستایەکە ڕەنگدەداتەوە.

بۆ نموونە، لە دوای ئەم هەواڵپرسین و چاکو چۆنییەی مامۆستا بۆ بەڕێوەبەر، پاشان پێی دەڵێ:

**٣/ مامۆستا: وەڵڵاهی مامۆستا گیان ئیشەکم هاتە پێشی، ئەگەر ئیجازەم بدەیێ زۆر زۆر ممنونت دەبم.**

ئەم گوتنانەی مامۆستا ئەگەرچی لە شێوەی هەواڵ دەربڕاوە، بەڵام لە ڕاستیدا کاتێك دەیخرێتە دەوروبەر چەندین مەبەست و مەرامی جیاوازیی لە پشتە:

بۆ نموونە: مامۆستا هەر لەسەرەتاوە لە ڕێی سوێند خواردنەوە، داوایەکی ناڕاستەوخۆی لە بەڕێوەبەرەکەی دەکات کە مۆڵەتی پێبدات، هەروەها بەڵگەی مۆڵەت پێدانەکەشی بۆ ڕوونکردۆتەوە بەوەی کارێکی هاتۆتە پێش، بۆیە داوای مۆڵەت دەکات، ئەگەرنا داوای مۆڵەت ناکات. ئەم سوێند خواردنەی مامۆستاش مەبەست لێی باوەڕهێنانی ڕاستیی داواکەیەتی بۆ بەڕێوەبەر، کە ئەو لە خۆوە داوای مۆڵەتت لێ ناکات، داواکەشی لە شێوەی فەرمانێکی بێهێزو ڕێزەوە دەربڕیوە. پاشان کە دەڵێ: **زۆر زۆر ممنونت دەبم.**

ئەم گوتنەشی جگە لەوەی لە (پیاهەڵدان و نرخاندن) ی بۆ بەڕێوەبەرەکەی تێدایە، هاوکات مەبەست و کاریگەریی و ڕازیکردنی بەڕێوەبەر لەبەرامبەر داواکەی دەربڕیوە، بۆ ئەوەی ڕەتینەکاتەوە.

بەڕێوەبەرەکەش لەبەرامبەر ئەم داوایەی مامۆستا دەڵێ:

**٤/ بەڕێوەبەر: هەیهوو، هەیهوو، برا هەموو ڕۆژ ئیجازە، هەموو ڕۆژ ئیجازە.**

لێرەدا بە پێی هێزو ئاوازەی دەربڕینی گوتنەکە، بە تایبەتی لەسەر وشەی (هەیهوو)، دووبارەبوونەوەی وشەی (ئیجازە)، ئەم گوتنە جگە لە گلەیکردنی بەڕێوەبەر بۆ مامۆستاکەی دەر دەخا، بەوەی هەموو ڕۆژێ داوای مۆڵەت دەکەیت، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش ڕەتکردنەوەی داواکەی لێدەکەوێتەوە. کەواتە لێکەوتەی گشتی گوتنەکە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو مۆڵەت زۆر وەردەگرێ، بۆیە ناتوانی مۆڵەتی پێبدات.

پاشان مامۆستا دەیەوێ لە داواکەی بەردەوام بێ، بەڵام ئەمجارە بەشێوەیەکی تر پێی دەڵێت:

**٥/ مامۆستا: بەو خوایەی مامۆستا ئیشەکم هاتە پێش بەو خوایەی.**

مامۆستا ئەمجارە لە ڕێگای سوێند خواردنە دووبارە بووەکانی جەخت لە ڕاستی مۆڵەتەکەی دەکاتەوە، بەوەی لەبەر ئەو کارە پێویستییەی هاتۆتە پێشی مۆڵەتی پێویستە.

بەڕێوەبەرەکەش لێی دەپرسێ:

**٦/ ئیشی چت هاتە پێشی؟**

ئەم گوتنەی بەڕێوەبەر ئەگەر چی لەشێوەی پرسیار دەربڕاوە، بەڵام بە پێی ئەو شوێن و دەوروبەرە (فوتابخانە)، کە ئەم گوتنەی تێیدا دەربڕاوە، داوای زانیاریی و ڕوونکردنەوە لە مامۆستایەکە دەکات، بەوەی بزانێ چ ئیشەکی هەیە، بەڵام ئەو داوایەی بەڕێوەبەر جیاوازە لەگەڵ داواکەی مامۆستا، چونکە ئەم داوایە هێزی لەپشتەو نابێ ڕەتبکرێتەوە، ئەمەش پلەی باڵادەستیی ئەو کەسە نیشاندەدات.

مامۆستاش لەبەرامبەر ئەم پرسیارە بەڕێوەبەرەکەی دەیەوێ وەڵام بداتەوەو دەڵێ:

**٧/ مامۆستا: وەڵڵاهی...**

بەڵام بەڕێوەبەرەکە قسەکەی پێدەبڕێ و پێی دەڵێ:

**٨/ بەڕێوەبەر: دەرسی شەشەم ناکەی، ئۆفمان لۆ دانەی.**

بەڕێوەبەرەکە لێرەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مامۆستا تاوانبار دەکات بەوەی وانەی شەشەم ناکەیت و پشوشت بۆ دانراوە، بەڵام نازانین بۆ کاری خۆت ناکەیت؟ بۆیە بەپێی دەوروبەری گوتنەکە، لێکەوتەی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە ئەو دەتوانی لە ڕۆژانی پشووی دیاریکراوی کاری خۆی جێبەجێبکات. مامۆستا دووبارە هەوڵی داواکردنی مۆڵەت دەکات، بەڵام بۆ ڕازیکردنی بەڕێوەبەر، ستراتجییەتی گوتنی جیاواز بەکاردێنێ، کە زیاتر بە ئاشکرا پلەی نزمی لە بەرامبەر بەڕێوەبەرەکە دەردەخات. بۆیە لە گوتنێکدا دەڵێ:

**٩/ مامۆستا: بەس مامۆستا وەڵڵاهی ...**

مامۆستا لەم گوتنەیدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داواکەی لەشێوەی تکاکردن دەربڕیوە، ئەمەش لە بەکارهێنانی وشەی (بەس) دەردەکەوێ، چونکە هێز لەسەر وشەکەدا زاڵە، بۆیە مەبەستی گوتنەکەش ئەوە دەگەینێ کە بەس ئەو جارە مۆڵەتم پێبدە.

بەڕێوەبەر دووبارە قسەی پێدەبڕی و دەڵێت:

**١٠/ بەڕێوەبەر: کاکە ئەمن لۆ لێرە مدیرم یەعنی چی...ناکرێ**

بەڕێوەبەر لەم گوتنانەیدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی خۆی لەبەرامبەر مامۆستا دەردەخات هەروەك لە بەکارهێنانی وشەی "مودیر" دا دیارە، چونکە ئەم وشەیە بەبێ گەڕانەوە ڕاستەوخۆ ئەوە نیشاندەدات، کە ئەو کەسە خاوەن پێگەیەکەو دەسترۆیشتووە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە وشەکە واتەی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە ئەمن دەسەڵاتم لە تۆ زیاترە و بۆم هەیە مۆڵەتت نەدەمێ.

هەر لە گوتنەدا کاتێك دەڵێ: **ناکرێ ناکرێ هەموو ڕۆژێ یەك برێ ئیجازە ئەوە مەکتەبە.**

ئەمجارە بەڕێوەبەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەتی کردۆتەوە لەوەی مۆڵەی پێیدات.

مامۆستا لە گوتنێکی تردا دەڵێ:

**١١/ مامۆستا: بەس ئەم جارەی ئیجازە بدە وەعد بی بەڵێننامەش پڕبکەمەوە.**

مامۆستا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە بەڕێوەبەرەکەی گوتووە کە بەس ئەمجارە مۆڵەتی پێبدات، پەیمان بێ جارێکی تر داوای مۆڵەت پێدان ناکەم، تا دەگاتە ئەوەی کە دەڵێ بەڵێننامەش پڕدەکەمەوە، ئەمەش جەختکردنەوەی پەیمانی مامۆستا دووپاتدەکاتەوە.

بەڕێوەبەریش دەڵێت:

**١٢/ بەڕێوەبەر: مامۆستای بەڕێز، گوێبدە من، موساعەدەی هەموو مامۆستایانمان کردییە بەبێ جیاوازی.**

بەڕێوەبەر سەرەتا بەڕێزەوە وەڵامی مامۆستا دەداتەوە، بەڵام دواتر ڕاستەوخۆ بە مامۆستاکەی دەڵێ کە گوێ لەمن بگرە، پاشانیش ئاگاداری دەکاتەوە لەوەی ئێمە یارمەتی هەموو مامۆستایەکانمان بەبێ جیاوازی کردیە. واتە تۆش لەگەڵ مامۆستایەکانی تر جیاوازیت نییەو ناکرێ مۆڵەت بدەمە تۆ و نەدەمە مامۆستایەکی تر.

مامۆستاش لەبەرامبەر ئەم ئاگادارکردنەوەیە دەڵێ:

**١٣/ مامۆستا: ڕاستە، ڕاستە، وەڵلا ڕاستە.**

لێرەدا مامۆستا جەخت لەڕاستی گوتنەکانی بەڕێوەبەرەکەی دەکاتەوەو ناشتوانێ بڵێ ڕاست نین، یان جیاوازیت کردووە ،واتە بەڵێ قسەکانت هەمووی تەواون.

لەدواییدا بەڕێوەبەر بە مامۆستا دەڵێت:

**١٤/ بەڕێوەبەر: بڕۆ دوو ئیشی خۆت، ئیشی خۆت بکەو دەوامی خۆ بە مەزبوودی بکە برا.**

ئەو گوتنانەی بەڕێوەبەر ئەگەرچی بەشێوەی فەرماندان دەربڕاوە، بەڵام بەپێی شوێن و دەوروبەری گوتنەکە، ئەم فەرمانانە ئەرکی ئامۆژگاریکردنی لە پشتە ،بەوەی دەوامی خۆت بەرێك و پێکی بکەو باشترە لەوەی زۆر داوای مۆڵەت بکەی.

هەندێجار ئەم دەسەڵاتە بەپێی دەوروبەرو توڕەبوون و ناجێگیری باری دەروونی و سەرپێچیکردنی کەسی بەردەست و کاتی شەڕو دەمەقاڵێ و ... هتد، هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردنی کەسی خاوەن پێگە بە جۆرێك دەبێ کە هەڕەشەکردن و دەرکردن و سزادان و ...، لێدەکەوێتەوە لەوانەشە لەم بارانەدا شێوازی قسەکردنی کەسی بەردەستیش گۆڕانی بەسەر دابێ، ئەگەرچی لەوانەیە کەسی باڵادەست قسەی زیاتر بڕوا. بۆ ئەم مەبەستە نموونەیەکی تری جیاواز وەرگیراوە، چ لە ڕووی شێوازی قسەکردن و چ لە ڕووی گۆڕانی پیشەی پێگە ،کە لەئاخاوتنی ژمارە (٢) ڕووندەکرێتەوە.

**-دەقی ئاخاوتنی ژمارە (٢) لەنێوان (سەرۆك پەرلەمان و ئەندامێکی):**

**١/ + ق. سەرۆك پەرلەمان: دەنگ بە سەرۆکی ... دەدەین، جارێکی تر دەست بەرز بکەنەوە دەیژمێرین.**

**٢/ ـ گ. ئەندام پەرلەمان: لەناکاو دەست بەرز دەکاتەوەو دەڵێ: نا.**

**٣/ + ق. سەرۆك پەرلەمان: دەیژمێرین (بە توڕەیی ـ بە دەستی چەپ) ، دەیژمێرین ... دەی.**

**٤/ + ق. سەرۆك پەرلەمان: هەوار مەکە ... تۆ ئەندام پەرلەمانی، دانیشە، دانیشە (بە زمان و چەکوشەکەی)، پۆلیس بانگ بکا بیکاتە دەرەوە ... پۆلیس بانگ بکا بیکاتە دەرەوە.**

**ـ شیکردنەوەی دەقەکە**

**★ لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان:**

**ـ بەشداربووانی ئاخاوتن: (قسەکەر ـ سەرۆك پەرلەمان) ، (گوێگر ـ ئەندام پەرلەمان).**

**ـ توخمی بەشداربووان: هەردووکیان هاو توخم (نێر).**

**ـ مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: دەنگ دان لەسەر سەرۆکێك.**

**شوێنی ئاخاوتن: ناو بینای پەرلەمان.**

**کاتی ئاخاوتن: بەیانی، لەگەڵ ئەو کاتەی کە قسەکەر کاتی سەرۆکایەتییەکەی بەسەر نەچووە.**

لەم ئاخاوتنەدا، قسەکەر کەسێکە خاوەن دەسەڵات و پێگەیەکی کارگێڕییەو لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە، گوێگریش ئەگەرچی لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە، بەڵام لە ڕووی پێگەوە لە قسەکەر جیاوازە و لەئاستی ئەودا نییە، ئەمەش وایکردووە قسەکانی دەستڕۆیشتوو لەبەرامبەر سەرۆکەکەی نەبێ. لێرەدا سەرۆك پەرلەمان لە حاڵەتێکی ئاسایی دایە، بەڵام دواتر لە ئەنجامی گفتوگۆیەکانیاندا حاڵەتێکی توڕەیی ئێجگار بەهێزی تێدا دەبینرێت و زمان و شێوازی قسەکردنەکانی ئاوازەی بەرزو باڵادەستییەکی زۆر بەهێزی پێوە دیارە و بگرە چوونە دەرەوەی ئەندام پەرلەمانەکەی لێکەوتۆتەوە. بۆ نموونە، سەرەتا سەرۆك پەرلەمان بەشێوەیەکی ئاسایی ئەندام پەرلەمانەکان لە دەنگدانەوەی سەرۆکێك ئاگادار دەکاتەوە ،هەروەك لە گوتنی (١) دا دەڵێ:

**١/ سەرۆك پەرلەمان: دەنگ بە سەرۆکی ... دەدەین، جارێکی تر دەست بەرزبکەنەوە دەیژمێرین.**

ئەو گوتنەی سەرۆك سەرەتا لەشێوەی هەواڵی دایە، بەڵام بەپێی شوێن و پێگەو دەوروبەری گوتنەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاگادارکردنەوەی پەرلەمانەکانە، لەشێوەی فەرمانێکی ناڕاستەخۆ دایە، بەوەی وریا بن دەنگ بە سەرۆکێك دەدەین و خۆتان بۆی ئامادە بکەن. دواتریش بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ فەرمانیان پێدەکات دەست بەرز بکەنەوە، ئەو فەرمانەی سەرۆکیش لەشێوەی داوا دایە، بەڵام ئەم داوایە لەپێگەی سەرۆك ئاڕاستە کراوەو دەبێ جێبەجێبکرێت.

بەلاّم لەناكاو ئەندام پەرلەمانێك لەگەڵ ئەم هەڵبژاردنەدا نییـە، چونكە كارو چالاكی پەرلـەمان و سەرۆكەكەی دەبێ لەچوارچێوەی یاسادا بێت. بۆیە دەڵێ:

**٢/ ئەندام پەرلەمان: نا.**

ئەم گوتنەی ئەم ئەندام پەرلەمانە ئەگەرچی ڕەتكردنـەوەی قسەكانی سـەرۆكەكەی تێدایـە، بـەلاّم لێكەوتەی ڕەتكردنەوەیەكە ئەوەی لێدەكەوێتەوە كە ئەم دەنگدانە نا یاساییەو ناگونجێ. لێرەدا سەرەتا شێوازی گوتنی كەسی بەردەست جۆرێ لە بالاّدەستیی پێوە دیارە.

بەلاّم سەرۆك پەرلەمان توڕە دەبێ و دەڵێ:

**٣/ سەرۆك پەرلەمان: دەیژمێرین، دەیژمێرین ... دەی.**

لێرەدا سـەرۆك پەرلـەمان سـەرەڕای ئـەوەی قسـەی ئەنـدام پەرلەمانەكـەی ڕەتكردۆتـەوە، هاوكـات فەرمانیشی پێدەكات كە دەنگ بدات.

ئەندام پەرلەمانەكە دیسانەوە لەگەڵ دەنگ دانەكە نییەو سەرۆك پەرلەمانەكەش دەڵێ:

**٤/ هاوار مەكە ... تۆ ئەندام پەرلەمانی، دانیشە، دانیشە، دانیشە (بە زمان و چەكوشەكەی)، پۆلیس بانگ بكا بیكاتە دەرەوە ... پۆلیس بانگ بكا بیكاتە دەرەوە.**

لەسەرەتاوە سەرۆك پەرلەمان ئەندام پەرلەمانەكەی ئاگادار كردۆتـەوە كـە تـۆ ئەنـدام پەرلـەمانی، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی كـە مـن دەسـەلاّتم لەسـەرەوەی تۆیـەو بـۆت نییـە دەنـگ بەسـەر منـدا بـەرز بكەیتەوە، بەكارهێنانی وشەی **(ئەندام)** یش ئەم ئاماژەی ناوبرا دەردەخات. پاشان چەند جارێك و بە چەند شێوەیەك فەرمان بە ئەندام پەرلەمانەكەی دەكات بێدەنگ بێت ، تا دەگاتـە ئـەوەی هەڕەشـەی دەركردنی لە ڕێگای پۆلیسەوە لێدەكات، ئەمە جگە لەوەی لە فەرمانەكانی یەكەمی كە دەڵێ:

**(دانیشە، دانیشە، دانیشە ...)**، ئەمانەش بەپێی هێزو ئاوازەی دەربڕینی گوتنەكە هەڕەشەكردنێكی ناڕاستەوخۆن، بەوەی ئەگەر دانەنیشی ئەوا دەرت دەكەم.

بەلاّم كاتێك سەرۆك پەرلەمان شوێن و كاتی یاسایی بەسەر سەرۆكایەتییەكەی دەگۆڕێ و دەڕوا، ئەوا شێوازو زمانە بالاّدەستییەكەشی بەرەو لاوازی و نەمان دەچێ.

هەندێجاریش كاریگەریی زۆری دەسەلاّتی ئەم پێگەیە وادەكا شێوازی قسەكردنی پەیوەست بەكەسی زۆر بەهێزترو كاریگەرتر دەبێ ،بە تایبەتی شێوازی قسەكردنێك كە بوونی قسەی ناشرین و شكانەوەی بەرامبەری لێدەكەوێتەوە، بەلاّم ئەمـە بـەپێی كـەس دەگۆڕێ، بەبـەراورد لەگـەڵ ئـەو شـێوازە گوتنـە بالاّدەستییانەی كە لە ئاخاوتنی یەكەم و دووەم ئاماژەی پێـدرا بـەبێ جیـاوازیی دەردەكـەوێ، هاتنـە كایەوەی ئـەم جـۆرە قسـەكردنانەش لەحاڵـەتی كارێكی نابـەجێی كـەسی بەردەسـت كـە بـەدڵی كـەسی بالاّدەست نییە ڕوودەدات. لەم تێڕوانینەوە ئاخاوتنێكی تر بۆ ئەم پێگەیە وەرگیراوە، بەلاّم بە پیشەو

کەسی جیاواز، بەس هەر لەچوارچێوەی ئـەم پێگـە (کـارگێڕی) دا، وەرگـرتنی ئـەم دەقـە ئاخاوتنـەش مەبەست لێی بەدیارخستنی شێوازی قسەکردنی تری جیاوازیی زمانی باڵادەستە لەناو ئەم پێگەیەدا.

**-دەقی ئاخاوتنی ژمارە (٣)، لەنێوان (ڕاهێنەرو یاریزانەکان) ی لەناو یاریگادا:**

گوتنەکانی ئەم دەقە زیاتر لەلایەن ڕاهێنەرەکەوە دەربـڕاوە، چونکە یاریزانـەکان لـەناو یاریگـادان، بـەڵام قسـەکانی ڕاهێنـەر دەبیسـتن و کاریگـەریی بەسـەریانەوە دەبـێ، بـەڵام لێـرەدا مەبەسـت پێگـەو دەسەڵاتی ڕاهێنەرەکەیە بەسەر یاریزانەکانییـەوە. ئێسـتاش لـەخوارەوە چـەند پارچـەیەکی قسـەکانی ڕاهێنەر وەردەگرێ و شیدەکرێتەوە:

بۆ نموونە، هەندێ لەقسەکانی ڕاهێنەر لەبەرامبەر یاریزانەکانی بەم شێوەیە دەربڕیوە[١]:

**١/ (م...ن)،(م...ن).**

دواتر لەسەری دێر ڕاهێنەر لەئەنجامی خراپ یاریکردنی یاریزانەکانی و بـە دڵ نـەبوونی ئـەنجامی یارییەکە دەڵێ:

**٢/ کوڕە، (أ...د)، (أ...د)، ئەنگۆ لاعیبن، کوڕە ئەنگۆ چاوتان پێوەنییە.**

**ـ شیکردنەوەی دەقەکە:**

**★ لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان:**

**ـ بەشداربووانی ئاخاوتن: (قسەکەر ـ ڕاهێنەر) ، (گوێگر ـ یاریزانەکان).**

**ـ توخمی بەشداربووان: هاوتوخم (نێر).**

**ـ مەبەست و بابەتی ئاخاوتن:کەم و کوڕی یاریزانەکان لەیارییەکەدا.**

**ـ شوێنی ئاخاوتن: یاریگای لاوانی دارەتوو.**

**ـ کات: ئێوارە، لەو کاتەی کە ڕاهێنەرو یاریزانەکانی تیان.**

لەم گوتنانەی ئەم دەقەدا ،قسەکەر کەسێکە خـاوەن دەسـەڵاتێکی کارگێڕییـە، ئـەو دەسەڵاتەشـی کـە هەیەتی لەڕێی ئەزموون و شارەزایی لە پیشەکەیدا بەدەستهێناوەو وایکردووە شێوازی قسـەکردنەکانی باڵادەستییەکی زۆر توندو بـەهێزی لەبەرامبـەر یاریزانـەکانی پێوەی دیـار بێـت، کـە ئـەوانیش دەبـێ پابەندی ئامۆژگاری و قسەکانی بن، چونکە لەڕووی پێگەوە لەئاستی ڕاهێنەر نین.

---

(١) لەڕاستیدا شێوازی تری قسەکردنی دەربڕیوە، هەروەك لە پاشکۆی گوتنەکانی ئەم پێگەیە ئاماژەی بۆ کرا، بەڵام مەبەستمان ئەو گوتن و قسانەیە کە بە بەراورد لەگەڵ ئاخاوتنی ژمارە (١ و ٢) جیاواز بن و دووبارە نەبنەوە.

قسەكەر لەسەرەتای گوتنی یەكەمدا بە ئاوازێكی سەرووی بەرز ناوی یەكێك لەیاریزانەكان دەهێنێت و دەڵێت:

**١/ ڕاهێنەر: (م....ن)، (م...ن).**

لێرەدا قسەكەر بەهێزو ئاوازێكی بەرز بانگی یەك لەیاریزانەكانی كردووە، ئەم شێوازە بانگكردنەش جگە لەوەی باڵادەستیی ڕاهێنەر لەبەرامبەر یاریزانەكانی دەردەخا، هاوكات ئاگاداركردنەوەی یاریزانەكانیشە بە مەبەستی ڕێنمایی و ئامۆژگاریكردنیان.

لەگوتنی دواتردا ڕاهێنەر لەئەنجامی خراپی یاریزانەكانی زۆر تووڕە دەبێت و پێیان دەڵێت:

**٢/ ڕاهێنەر: ئەنگۆ لاعیبن، كوڕە ئەنگۆ چاوتان پێوە نییە.**

ئەو گوتنانەی ڕاهێنەر ئەگەرچی لەشێوەی گوتنی هەواڵیدان، بەڵام كە دەخرێتە دەوروبەر، گلەیی كردنی ڕاهێنەرە لەبەرامبەر یاریزانەكانی، بەوەی ئێوە یاریزان نین و چاوتان پێوە نییەو بۆچی جوان یاری ناكەن. ئەم گوتنە لەڕاستیدا جۆرێ لەشكاندنەوەو نزمكردنەوەی بەرامبەر دەگەیێ.

لەهەمان دەقدا، ڕاهێنەرەكە ناتوانێ بەهەمان شێوازی قسەكردنی لەگەڵ یاریزانەكان لەبەرامبەر ناوبژیوانەكان قسەبكات، چونكە پێگەو ئاستی بە بەراورد لەگەڵ ناوبژیوانەكان نزمترەو جیاوازە، سەرەڕای ئەوەی دەبێ لەژێر بڕیارو فرمانەكانی ناوبژیوانەكان دابێ، ئەگەرنا بەپێچەوانە توشی لێپرسینەوە دەبێتەوە. بۆیە لەو یاریەدا لەئەنجامی هەڵەیەكی ڕاهێنەر لەبەرامبەر یەك لەناوبژیوانەكان داوای لێبوردنی لێدەكات و دەڵێت:

**ـ هەمان ئاخاوتن:**

**- ببورە مامۆستا، ببەخشە.**

لێرەدا ڕاهێنەر داوای پەشیمانبوونەوە و لێبوردن لەناوبژیوانەكە دەكات لەبەرامبەر ئەو هەڵەیەی كە كردوویەتی، بەمەش شێوازی قسەكردنی ڕاهێنەر بە بەراورد لەگەڵ یاریزانەكانی تەواو گۆڕاوەو بێهێزی پێوەی دیارە.

## ٣ / ٣ ـ ٣ ـ٢ ـ ٣) باڵادەستیی زمان پەیوەست بە پێگەی ئایینی:

پێگەی ئایینی، پێگەیەكی ڕوحی و كۆمەڵایەتی بەهێزی نێوان تاكەكانە، ڕۆڵی گرنگ لە ئاڕاستەكردنی چۆنییەتی پەیوەندیی كۆمەڵایەتیی نێو ئاخێوەران بەگشتی دەبینێ. ئەم پێگەیە لەسەر بنەمای ئەو دەسەڵاتە ئایینیەی كە سەرچاوەی لە ((قورئانی پیرۆزو فەرموودەكانی (پێغەمبەر ـ سەڵات و سەلامی خوای گەورەو میهرەبانی لێبێت)) هەڵقوڵاوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاواز لە دەسەڵاتەكانی تر ئەوەیە،

كە تواناى كۆنترۆڵكردن و دروستكردنى پەيوەنديى كۆمەڵايەتيى و هاتنە كايەوەى ئاشتى و پێكەوە ژيانى هەيە و پێگەيەكى زمانى تايبەت و جياواز بە كەسانى پێگەكە دەبەخشێ[1].

ئەزموون و بە كرداركردنى ئەم پێگەيە وا دەكات كەسانى سەر بەم پێگەيە پەيوەنديى كۆمەڵايەتى جياوازو شێوازى قسەكردنى جياواز لەنێوياندا بهێنێتە كايەوە. لە كۆمەڵگەى كورديدا كەسانێك هەن سەر بەم پێگەيەن، وەك: (مەلا، شێخ، موفتى، فەقێ، ....هتد)، ئەمانە لەسەر بنەماى ئەزموون و شارەزاييان لەم پێگەيەدا، جگە لەوەى رێز لە وتەو مەبەست و بڕيارو پەيامەكانيان دەگيرێ چ لەنێو خودى كەسانى سەر بەم پێگەيە چ لەدەرەوەى پێگەكەيان، هاوكات شێوازى قسەكردنى تايبەتى و پێگەى زمانى جياوازيى وەك: (باڵادەستيى، ژێر دەستيى، هاوشانيى، هاوكاريى) تێياندا دەردەكەوێ. بۆ نموونە پێگەى ئايينى (مەلا)يەك لە پێگەى (فەقێ)يەك بەرزترە، جياوازى ئەم پێگەيەش وادەكا پەيوندى كۆمەڵايەتى جياوازو شێوازى قسەكردنى جياواز بهێنێتە كايەوە. ئەوەى لێرەدا لەم وەچەپارەى ئەم پێگەيەدا زياتر جەختى لەسەر دەكرێتەوە، ئەوەيە كە پلەى (باڵادەستيى و ژێردەستيى) وەك: {(مەلا و فەقێ) ، (شێخ و خەليفە)، .... هتد)} لەنێو خودى پێگە لە ئارادايە زۆر جاريش دەچێتە دەرەوەى پێگەى خۆيان، لەم ڕوانگەيەوە لە ڕێى ئەو نموونانەى كە پەيوەست بەم پێگەيە وەرگيراون هەوڵ دەدرێ شێوازى قسەكردن و پێگەى زمانى و ڕەهەندو كاريگەرييەكانى ئەم پێگەيە لەنێو خودى پێگەو دەرەوەى پێگە دەستنيشان بكرێ و فۆڕم و پێوەرەكانى باڵادەستيى **زمان** ، كە مەبەستى سەرەكى بابەتەكەيە لە ديدى ئەم پێگەيەوە بدۆزرێتەو شيبكرێتەوە.

**- دەقى ئاخاوتنى ژمارە (١) لەنێوان (مەلا و فەقێ):**

**١/+ ق.مەلا: پێش ئەوەى دەرسى تازە بخوێنين، لە دەرسەكانى پێشوو بەعزە پرسيارێك: مەلا (أ... د) ئاوى موتلەق چييە؟**

**٢/ گ (١) فەقێ: مامۆستا بە ئاوێك دەوترێت كەوا موتلەقى ئاوى لەسەرا بێت، واتە بەبێ هيچ قەيد و شەرتێك.**

**٣/ + ق. مەلا: ئەى فەرقى ئاوى قولەتين و غير قولەتين چييە؟ كە قوڵەتين بە مولاقاتى مەجاس نابێت، ئەوەكەى تريان بە مولاقاتى مەجاس ئەبێت. يەڵلاّ فەرقيان چيە؟**

**٤/ ـ گوێگرەكان. فەقێ وەڵاميان نييە.**

**٥/ + ق. مەلا: كوڕە باسمان كردووە برا، دوێنێ باسمان كردووە.**

**٦/ + ق. مەلا: گوێ بگرن، بابە گيان ئێوە هەركاتێك ويستتان تەقليد قەولێكى قديم بكەن دەبێت بە عاقڵى بيكەن .....**

**٨/ + ق. مەلا: لە قەولى قەديمى (ئيمامى شافيعى) دەردەكەوێ..... ئەفەرموێت.....**

---

(١) بۆ زانيارى زياتر لەبارەى ئەم پێگەيە بڕوانە بەشى دووەم، پارى ( ١/٣/٢ ).

**٩/ ـ گ. فەقێ یەك: مامۆستا وا باشە ئینسان بە قەولەکەی (ئیمام شافیعی) حیساب بکات، واتە قەولە قەدیمەکە.**

**ـ شیکردنەوەی دەقەکە:**

**★ لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان:**

**ـ بەشداربووانی ئاخاوتن: (مەلا ـ قسەکەر) ، (فەقێ یەکان ـ گوێگر).**

**ـ توخمی بەشداربووان: هاوتوخم (نێر).**

**ـ مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: شیکردنەوەی بابەتی ئایینی ـ فیقهی.**

**ـ شوێنی ئاخاوتن: بیارە، مزگەوت.**

**ـ کاتی ئاخاوتن: بەیانی.**

ئەم دەقە ئاخاوتنەی سەرەوە لەنێوان دوو کەس دایە، کەسی یەکەم کە (مەلا)یە، بەو کەسە دەوترێت پێش نوێژو وتار خوێنە لە مزگەوتەکاندا، کە زانستە شەرعییەکانی (بیروباوەڕ، فیقهی، فەرموودە، ... هتد) خوێندووە ،لە کۆمەڵگەدا بەپێی ئەزموون و شارەزایی لە پێگەکەیدا خاوەن پێگەیەکی ئایینی بەرزەو ڕێز لە وتەکانی دەگیرێ و باڵادەستیی و دەسترۆیشتوویی بەپێی ئەو بنەمایانەی باسکرا تێدا دەبینرێت. هەرچی کەسی دووەمە (فەقێ) یە، کە وەك نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی خاوەن پێگەیەکی ئایینییە، بەڵام لە ئاستی (مەلا)دا نییەو هێشتا نەگەیشتۆتە پلەی مەلایەتی، لەژێر ڕێنمایی مەلادا خەریکی خوێندنی زانستە شەرعییەکانە. کەواتە لێرەدا (مەلا) بەپێی شوێن و پلە ئایینییەکەی (مەلا)، لە بەارمبەر (فەقێ) دا، کە هاوکارە، شێوازی گوتنەکانی باڵادەستیی بەسەریانەوە دیارە. لەم ڕوانگەیەوە لە خوارەوە شێوازی گوتنەکانی هەریەکەیان بەپێی پێگەیان شیدەکرێتەوە و فۆرمەکانی باڵادەستیی زمان تێیاندا دەستنیشاندەکرێ.

قسەکەر (مەلا) لەسەرەتادا پێش دەستپێکردنی بە بابەتی نوێ، وانەکانی ڕابردوو لە (فەقێ) یەکانی دەپرسێتەوە، ئەم پرسینەوەیەش مەبەست لێی ئەوەیە بزانێ کە تا چەند لە بابەتەکە گەیشتوون و خوێندوویانە، چونکە ئەگەر (فەقێ) یەکان بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتانەی کە دەیخوێنین نەکەن لەوانەیە قسەکەر هەڵوێستی خۆی هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە لە گوتنی (١) بە (فەقێ) یەکان دەڵێ:

**١/ مەلا: پێش ئەوەی دەرسی تازە بخوێنین، لەدەرسەکانی پێشوو بەعزە پرسیارێك:**

لەم گوتنەی قسەکەر (مەلا) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ (فەقێ )یەکانی ئاگاداردەکاتەوە کە وانەی ڕابردووتان لێدەپرسمەوە، ئەم ئاگادار کردنەوەیەش بەپێی دەوروبەری گوتنەکە لەشێوەی فەرمانێکی ناڕاستەوخۆدایە، بە واتای ئاگادار بن و خۆتان بۆ پرسیارەکان ئامادە بکەن.

(مەلا)ش لەناکاو یەکێك لە (فەقێ) یەکان هەڵدەستێنێ و پرسیاری لێدەکات و پێی دەڵێ:

**١/ مەلا: مەلا ئەمجەد، ئاوی موتلەق چیی؟**

لێرەدا ناوهێنان و هەڵبژاردنی ئەو کەسە لەلایەن مەلایەکەوە دەسەڵاتی لەبەرامبەر (فەقێ) یەکانی دەردەکەوێت، چونکە ئەو بڕیار دەدات کێ هەڵدەستێنێ و کێ هەڵناستێنێ. ئەو گوتنەی (مەلا) ئەگەر چی لەشێوەی پرسیار دەربڕاوە، بەڵام ئەم گوتنە پرسیارییە بەپێی دەوروبەری گوتنەکە چەند مەبەست و شێوازی قسەکردنی باڵادەستیی تێیدا دەبینرێت:

بەگشتی مەبەست لەپرسیارەکە داواکردنی وەڵام و زانیارییە، بەڵام ئەم داواکردنە لەپێگەی هێزی قسەکەر دایەو دەبێ گوێگریش (فەقێ) لە وەڵامەکەی وریا بێ. سەرەتای گوتنەکەش بانگکردن و ئاگادارکردنەوەی( فەقێ) یە لەپرسیاری مەلاکەدا. هەروەها هەر لە سەرەتای گوتنەکەشدا دەبینرێ قسەکەر وتەی (مەلا)ی بۆ (فەقی)ٚ بەکارهێناوە، ئەمەش جۆرێ لە ڕێزو هاوپەیوەندی و خۆخستنە پاڵی پێگەی (فەقێ)نیشاندەدات.

( فەقێ)یەکەش لەبەرامبەردا وەڵامی (مەلا)یەکەی دەداتەوەو دەڵێ:

**٢/ فەقێ: مامۆستا، بە ئاوێك دەوترێت کەوا موتلەقی ئاوی لەسەرا بێت، واتە بەبێ هیچ قەید و شەرتێك.**

فەقێ جگە لەوەی ئامادەیی خۆی بۆ پرسیاری مەلا نیشانداوە، لەهەمان کاتیشدا وەڵامی داوەتەوە.

دواتر مەلا پرسیارێکی دەکات و دەڵێ:

**٣/ مەلا: ئەی فەرقی ئاوی قولەتین و غیر قولەتین چییە؟ ..... یەڵلا فەرقیان چییە؟**

ئەم گوتنەش ئەگەر چی لەشێوەی پرسیار دەربڕاوە، بەڵام ئەم پرسیارە جیاواز لە پرسیارەکەی پێشوو، بەبێ بانگکردن و ئاگادارکردنەوە، لەشێوەی فەرمانێکی ناڕاستەوخۆی داواکردنە، بەپێی دەوروبەری گوتنە پرسیارکراوەکە، بە واتای پێم بڵێن جیاوازی نێوانیان چییە.

( فەقێ )یەکانیش لەبەرامبەر ئەم پرسیارەدا بێدەنگ دەبن:

**٤/ (فەقێ)یەکان: وەڵامیان پێ نییە.**

بێدەنگی( فەقێ) یەکان لە ئاستی پرسیارەکەی (مەلا)دا، ئاماژەیە بەوەی کە وەڵامی ئەم پرسیارە نازانن.

نەزانینی وەڵامی ئەم پرسیارەش، وا دەکا مەلا لەبەرامبەریاندا بڵێ:

**٥/ مەلا: کوڕە باسمان کردووە، برا دوێنێ باسمان کردووە.**

ئەم گوتنەی مامۆستا ئەگەرچی لەشێوەی هەواڵ دەربڕاوە، بەڵام لەڕاستیدا بەپێی دەوروبەری ئەو گوتنە هەواڵییە گلەییکردنی (مەلا)یە لەبەرامبەر (فەقێ )یەکانیدا، بەوەی بۆچی نازانن؟ خۆ دوێنێ

ئەو بابەتەمان باسکردووە. ئەم گلەیکردنەش پەیوەستە بە قسەکەرو پلەی باڵادەستیی تێدا نیشاندەدات وکەرستەی (کوڕە)ئەم باڵادەستییەی زیاتر دەرخستووە. بۆیە دەبینین( فەقێ )یەکان لەبەرامبەر ئەو گلەیی کردنە هەڵوێستیان نابینرێت.

ئەمجارە (مەلا) یەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ فەرمانیان پێدەکات ، کە وریا بن لە گێرانەوەی قسەکان، هەروەك دەڵێ:

**٦/ مەلا: گوێ بگرن، بابە گیان ئێوە کاتێك ویستان تەقلید قەولێکی قەدیم بکەن دەبێت بە عەمەلی بیکەن.**

لێرەدا (مەلا) ڕاستەوخۆ فەرمان بە (فەقێ) یەکان دەکات بەوەی کاتێك ویستتان لاسایی قسەیەکی کۆن بکەنەوە، ئەوا دەبێ بەشێوەی کرداری بیکەن. ئەم فەرمانەش کاتەکەی نزیکە و کاریگەریی زیاتر لەسەر بەرامبەر دەبێ ، بەشێوەی ناڕاستەخۆش ئەرکی ئاگادارکردنەوەی (فەقێ) یەکانێتی لەم شتەی کە تازە مەلایەکە ئاماژەی بۆ دا، کە بە واتای لە گێڕانەوەی قسەکان زۆر ورد بن و هۆشیار بن.

بەڵام ئەم دەسەڵاتەی (مەلا) کاتێك لەبەرامبەر مامۆستا، یان زانایەکی ئایینی دەردەبڕێ، کە لەڕووی پێگەوە لە خۆی بەرزتر بێ، ئەوا ناتوانێ بەهەمان شێواز لەگەڵ (فەقێ) یەکانی قسەبکات، بەڵکو قسەکردنەکانی جۆرێ لە بێهێزی تێدا دەبینرێت و ڕێزی زۆری تێدا دەردەکەوێ. بۆ ئەم مەبەستە لەهەمان ئەم دەقەی ئاخاوتنی ژمارە (١)دا، کاتێك مەلا قسەیەکی (ئیمام)ێك کە لەڕووی ئەم پێگەیە لە ئەو باشترو بەرزترە بۆ (فەقێ) یەکانی گەلاڵە دەکات زۆر ڕێزو ئەدەبی پێوەی دیارە، ئەمەش مانای ئەوە نییە بە بێڕێزی لەبەرامبەر (فەقێ )یەکانی قسە دەکات، بەڵکو مەبەست پێگەی کەسەکانە. هەروەك لە گوتنی (٧)دا دەڵێ:

**٧/ مەلا: لە قەولی قەدیمی ئیمامی شافیعی دەردەکەوێ ... ئەفەرموێت ...**

لێرەدا (مەلا) زۆر بەڕێزەوە وتەی کەسەکەی دەربڕیوە، هەروەك لە بەکارهێنانی دەربڕاوی (ئیمام) و (ئەفەرموێت)، کە وەك نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی پلەی باڵادەستیی پێگەی ئەو کەسە لەبەرامبەر (مەلا)یەکە دەردەخا.

پێویستە ئەوەش بگوترێ( فەقێ )یەکانیش کە وانە لەلایەی مامۆستایەکەیان دەخوێنن، کاتێك بیانەوێ ڕوونکردنەوەیەك بۆ مامۆستایەکەیان بدەن، زۆر بەڕێزو ئەدەبەوە ئەم کردارە دەکەن، هەروەك یەك لە (فەقێ)یەکان لە ڕوانگەیەوە دەڵێ

**٨/ فەقێ: مامۆستا وا باشە ئینسان بە قەولەکەی ئیمام شافیعی حیساب بکات، واتە قەولە قەدیمەکە.**

(فەقێ )یەکە لێرەدا بێ ئاماژەکردن بەناوی خودی مامۆستایەکەیان ئەم ڕوونکردنەوەی داوە، واتە مامۆستای لە گوتنەکە بردۆتە دەرەوە، واتە نەهاتووە بڵێ مامۆستا ئەوها و ئەوها بکە، ئەم شێوازە ڕوونکردنەوەیە ڕێزو ئەدەب بۆ مامۆستاکەی نیشان دەدات.

لە کۆمەڵگەی کوردیدا باڵادەستیی زمانی ئەم پێگەیە هەر تەنها لەنێو کەسی پێگەی ئایینی وەك (مەلا و فەقێ) نابینرێت، بەڵکو لەنێو کەسانی تریشی وەك: (شێخ، دەروێش، مورید، خەلیفە، ... هتد) دەبینرێت، واتە نموونەی ئەو کەسانە لەم کۆمەڵگەیەدا هەیەو ڕێز لە قسەکانیان دەگیرێ و بگرە هەندێکیان دەستیان دەگاتە دەرەوەی پێگەی خۆیان. هەریەك لەمانەش خاوەن پلەو پێگەی جیاوازن، ئەو پلە جیاوازییانەی نێوانیشیان وا دەکا زمان و شێوازی قسەکردنییان و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوانیان جیاواز بێ. بۆ ئەم مەبەستە نموونەیەکی تری ئەم پێگەیە (ئایینی) پەیوەست بەم کەسانە وەرگیراوە و هەوڵدەدرێ لەڕێگای ئەو گوتنانەی کە لەم نموونەیەدا هەن، فۆڕمەکانی باڵادەستیی زمانی ئەم کەسانە دەستنیشانبکرێ.

**ـ دەقی ئاخاوتنی ژمارە (٢)، لەنێوان (شێخ و دەروێش)[١]:**

**١/ + ق. شێخ: کاکە دەروێش، تۆ دەروێشی، دەستت خستۆتە ناو دەستی خەلیفە، خەلیفەش هی شێخە بەتەریقەتی ئێمە ڕەبتە .....**

**٢/ + ق. شێخ: مەکەوە دوای ئەو شێخانەی ئامۆزای شێخە، برازای شێخە ....**

**٣/ ـ گ (دەروێشەکان): لەبەرامبەریدا بێدەنگ دیارن.**

**٤/ + ق. شێخ: هیچیان شێخی ئێوە نین، نەچنە لایان، هەقتان نییە بەسەریانەوە، خزمەتیان ناکەن، عەلاقەتان نییە بەسەریانەوە....**

**٥/ + ق. شێخ: تێمبگەینە بۆچی دەستی ماچ ئەکەی بە دەست ئاماژەی کرد، تێمبگەینە بۆچی ماچ ئەکەی؟**

**٦/ ـ گ (دەروێشەکان): بێدەنگن و وەڵام نادەنەوە.**

**٧/ + ق. شێخ: زیکری خوایکەو .... چوار (فاتیحە) بخوێنن و چوار تەسبیح سەڵاوات لەسەر گیانی پێغەمبەر (سەلامی خوای گەورەو میهرەبانی لەسەر بێت) بدەن .....**

**ـ شیکردنەوە دەقە:**

**⋆ لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان:**

**ـ بەشداربووانی ئاخاوتن: (شێخ ـ قسەکەر) ، (دەروێشەکان ـ گوێگر).**

---

(١) لێرەدا بۆیە ئەو گوتنانەمان بەم شێوازە داڕشتووە، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوەیە:

ـ چونکە دەربڕین و گوتنەکانی ئەم دەقە زۆر زیاتر لەسەر زاری یەك کەسە، ئەویش (شێخ)ەکەیە.

ـ ئەگەرچی گوتنەکان ژمارەیان بۆ دانراوە، بەڵام وەك ڕیزبەندی ژمارەکانی نموونەی ئاخاوتنی ژمارە (٢) نییە، چونکە زیاتر یەك کەس دەدوێ.

ـ دابەشی گوتنەکان بەم شێوازە بۆ ئەوەیە بەئاشکرا فۆڕم و شێوازی قسەکردنی زمانی باڵادەستیان بۆ دەرکەوێ،

ـ ئەگەرچی لەوانەیە هەندێ لەگوتنەکانی ئەو نموونەیە بەبەراورد لەگەڵ گوتنەکانی نموونەی ئاخاوتنی (١) دووبارە بێتەوە، بەڵام لەڕووی پێگەوە کەسەکان جیاوازن.

**ـ توخمی بەشداربووان: هاوتوخم (نێر).**

**ـ مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: ڕوونکردنەوەی ئەرکی دەروێش.**

**ـ شوێنی ئاخاوتن: هەولێر/ تەکییەی شێخ.**

دەقی ئەم ئاخاوتنە، دەقێکە لەنێو (شێخ و دەروێشەکان)ی دایە. لێرەدا قسەکەر (شێخ) بەپێی شوێن و پێگەکەی نوێنەری دەسەڵاتە، بەو کەسە دەوترێت کە یەکێك لەتەریقەتەکاندا ڕێنمایی خەڵك دەکات و پێگەی لە (دەروێش) بەرزترە، کە ئەمەش لەژێر دەسەڵاتی (شێخ) دایەو پابەندی وتەکانییەتی، پێگەشی لەپێگەی شێخ نزمترە. کەواتە جیاوازیی پێگەی نێوان (شێخ و دەروێش) وایکردووە شێوازی هەڵسوکەوتیان جیاواز بێت و لەهاوشانی یەك نەبن. لەم ئاخاوتنەدا لەم ڕووەوە شێوازی وتەو قسەکانی شێخ، لەبەرامبەر دەروێشەکان بەهێزی و باڵادەستیی پێوەی دیارە، لەبەرامبەردا شێوازی هوڵسوکەوتی دەروێشەکانیش ئاماژەیەکن بەوەی بێهێزی لەبەرامبەر شێخەکەیان دەردەخەن.

بۆ نموونە، ئەگەر بەگشتی سەیری گوتنەکانی ئەم دەقە بکەرێ، دەبینرێ قسەکەر (شێخ)، کۆنترۆڵی ئاخاوتنەکەی کردووە، لەچەند گوتنێکشدا کە پرسیاری لەبەرامبەر( دەروێش و خەلیفە و موریدەکان) ی دەربڕاوە، دەبینرێ ئەوانیش هیچ کاردانەوەکیان لەبەرامبەر پرسیاری شێخەکەیان نییە، کە ئەمەش جۆرێ باڵادەستیی شێخ لەبەرامبەریان دەردەخات.

شێخ لەدەست پێکی گوتنەکەیدا دەڵێ:

**٢/ شێخ: ... تۆ دەروێشی، دەستت خستۆتە ناو دەستی خەلیفە، خەلیفەش هی شێخە ئێمە ڕەبتە....**

ئەمجارە شێخ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پلەو پێگەی هەریەك لە (خەلیفەو دەروێش) بۆیان ڕووندەکاتەوە، ئەم ڕوونکردنەوەیەش بۆ ئەوەیە کە هەریەك لەوانە ئاگاداربن کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتریدا بکەن. بۆ نموونە( شێخ) سەرەتا پێگەی خەلیفەیان بۆ ڕووندەکاتەوە بەوەی ئاگاداربن خەلیفە پێگەی لە دەروێش بەرزترە و دەست دەخاتە ناو دەستی، واتە دەروێش هاوکاری خەلیفەیە، پاشانیش خەلیفە لەژێر دەسەڵاتی شێخ دایە، واتە پێگەکەی لەو بەرزترە.

شێخ لە قسەکانی بەردەوام دەبێ و تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە دەڵێ:

**٣/ شێخ: مەکەوە دوای ئەو شێخانەی ئامۆزای شێخە، برازای شێخە، .....**

لێرەدا شێخ بە ئاوازێکی بەرزو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ فەرمانیان پێدەکات کە نەکەونە دوای ئەو کەسانەی کە ئامۆزای شێخە، برازای شێخە، پورزای شێخ، ...هتد، ئەم فەرمانەش باڵادەستی شێخی تێدا ڕەنگدەداتەوە، کە لەکەرستەی (مەکەوە)باڵادەستییەکە زیاتر دەرکەوتووە.

(دەروێشەکان)یش لەبەرامبەردا:

**٤/ بێدەنگ دیارن.**

ئەم بێدەنگییەیان جگەلەوەی ڕێز بۆ شێخەکەیان نیشاندەدەن، هاوکات پابەندبوونە بە قسەکانیشی.

پاشان هەر لە دوای ئەم گوتنە شێخ خۆی وەڵامیان دەداتەوەو دەڵێ:

**٥/ هیچیان شێخی ئێوە نین، نەچنە لایان، هەقتان نییە بەسەریانەوە، خزمەتیان ناکەن، عەلاقەتان نییە بەسەریانەوە ...**

شێخ لەسەرەتادا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاگاداری دەروێشەکانی کردۆتەوە بەوەی کە ئەوانە شێخی ئێوە نین، بەڵکو من شێخی ئێوەم. واتە ئەم ئاگادارکردنەوەیە جیا لە ئاگادارکردنەوەکانی پێشوو نیشاندانی باڵادەستیی خودی خۆیەتی لەبەرامبەر دەروێشەکاندا. پاشان شێخ دووبارە چەند گوتنێکی فەرمانی لەشێوەی نەرێ دەربڕیوە، بەڵام ئەم گوتنە فەرمانیانە بەپێی هێزو ئاوازەی دەربڕینی گوتنەکان ئەرکی هەڕەشەکردنی لەپشتە، چونکە شێخ لەپێشدا فەرمانی ئەوەی پێکردوون کە نابێ خزمەتی ئەوانە بکەن، ئەگەر خزمەتییان بکەن لەوانەیە شێخ هەڵوێستی تری لەبەرامبەردا بنوێنێ و بە پێچەوانەوە سەرەنجام خۆیان بەرپرسیار دەبن. پاشان شێخ پێیان دەڵێ:

**٦/ شێخ: بۆچی دەستی ماچ ئەکەی (بە دەستی ئاماژەیکرد)، تێم بگەینە بۆچی ماچ ئەکەی؟**

ئەم گوتنانەی شێخ ئەگەرچی لەشێوەی پرسیاری دەربڕاون، بەڵام لەڕاستیدا ئەم پرسیارانە بەپێی دەوروبەری گوتنە پرسیارییەکان گلەیکردنی شێخ لەبەرامبەر دەروێشەکان دەردەخات، بەوەی نازانم بۆچی دەستی ماچ ئەکەن؟

( دەروێشەکان)یش لەبەرامبەر ئەم پرسیارەی شێخەکەیان وەڵامیان نییە.

**٧/ دەروێشەکان: وەڵام نادەنەوە.**

واتە دووبارە دەروێشەکان نەیانتوانیوە لەئاستی شێخەکەیان وەڵام بدەنەوە.

دواتر شێخ ئامۆژگاریان دەکات و پێیان دەڵێ:

**٨/ شێخ: زیکری خوایکەو ... چوار (فاتیحە) بخوێنن و چوار تەسبیح سەڵاوات لەسەر گیانی پێغەمبەر (سەلامی خوای گەورەو میهرەبانی لەسەر بێت) بدەن....**

ئەم گوتنانەی شێخ ئەگەرچی دووبارە لەشێوەی فەرمانن ، ئەم فەرمانانەش بەپێی دەوروبەریان ئامۆژگاریکردنی دەروێشەکانە بەوەی زیکری خوای گەورەو میهرەبان بکەن باشترە لەوەی بەدوای کەسێکی تر بکەون کە نازانن کێیە.

لەدوای تەواو بوونی قسەکانی (شێخ)، دەبینین یەك بەیەك دێن دەستی ماچ دەکەن و بگرە تێیاندا سوجدەی بۆ دەبەن، ئەمەش بەڕاستی کارێکی نەشیاو و قەدەغەکراوە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، چونکە هاوبەش بڕیاردانە بۆ خوای گەورەو میهرەبان. ئەم نواندنەی دەروێشەکان بۆ شێخ وەك کردەیەکی نازمانی ئاماژەی ژێر دەستیی ئەوانە بۆ شێخەکەیان.

کەسانی سەر بەم پێگەیە (ئایینی)، بەتایبەت ئەوانەی کە پێگە ئایینییەکەیان بەرزە، بۆ نموونە وەك: (مەلا، زانای ئایینی، موفتی، ... هتد)، هەر تەنها لەچوارچێوەی پەیوەندیی لەگەڵ ئەوانەی کە پێگەی ئایینییەکەیان هاوشانی ئەوانە نین وەك (فەقێ) خۆیان لەبارەی بڕیاردان لەشتێك، یاخود ئامۆژگاری نابیننەوە، بەڵکو پێگەیان دەچێتە دەرەوەی ئەو پەیوەندییانە، ئەمەش لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە سەرچاوەکانیان (قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر سەلامی خوای گەورەو میهرەبانی لێبێت) وادەکا سەربکێشێ بۆ نێو کۆی ئاخێوەران بەگشتی، چونکە ئەرکی سەرەکی ئەم کەسانە ئامۆژگاریکردن و وریاکردنەوەی تاکە لەکاری خراپ و نابەجێدا.

لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری پێگەی (مەلا) لە کۆمەڵگەی کوردیدا بکرێ، دەبینرێ لەنێو کۆمەڵگەدا بەگشتی ڕێزی لێدەگیرێ و پێگەکەی دەچێتە دەرەوەی نێو کەسانی سەرجەم ئەم نازناوە ئایینیانەو کاریگەریی خۆی لە بەرامبەریدا دەبێ، بە تایبەتی لە بڕیاردان لەبارەی بابەتێکی شەرعی، کە کاتێك پرسیاری لێدەکەن. گۆڕانی پێگەی کەسەکانیش سەبارەت بە (مەلا) لەونەیە کاریگەریی لەسەر شێوازی قسەکردنی هەبێ بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کاتێك لەگەڵ (فەقێ)یەکەی قسە دەکات. بۆ ئەم مەبەستە نموونەیەکی نێوان (مەلا و هاوولاتی) وەرگیراوەبەوەی بزانرێ باڵادەستیی و پێگەکەی مەلا لەبەرامبەر کەسێکی ئاسایی چ گۆڕانێك بەخۆیەوە دەبینێ و شێوازی قسەکردنەکانی چۆن دەردەکەون.

**ـ دەقی ئاخاوتنی ژمارە (٣) لەنێو (مەلا ـ قسەکەر) ، (هاوولاتی ـ قسەکەر)**

**١/ + ق. (١) هاو ولاتی: مامۆستا گیان یەك دوو پرسیارم هەبوو، ئەگەر بە ئەرك نەبێ.**

**٢/ +ق. (٢) مەلا: فەرموو.**

**٣/ + ق. (١) هاو ولاتی: حوکمی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ مەسەلەن (زڕباب، زڕ داك، یان زڕ برا، یان زڕ کچ)، هەمان حوکمی لەگەڵ برای ڕاستەقینە و کچی ڕاستەقینە هەیە؟**

**٤/ + ق. (٢) مەلا: لە ڕووی شەرعەوە بتەوێ نەتەوێ ئەو کەسە چییە براو خۆشکی تۆیە.**

**٥/ + ق. (١) هاو ولاتی: دەبێ لە هەڵسوکەوتیان فەرقیان نەکەی؟**

**٦/ + ق. (٢) مەلا: نەخێر، گوێبدێ، وشەی هەڵسوکەوت وشەیەکی بەرفراوانەو زۆر شت دەگرێتەوە. وە ئەگەر مەبەست قسەکردن بێ، ڕاستگۆیی بێ .....**

**٧/ + ق. (١) هاو ولاتی: ئا مەبەستم ئەو شتانەیە کۆی گشتی.**

**ـ شیکردنەوەی دەقەکە:**

**★ لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان:**

**ـ بەشداربووانی ئاخاوتن: (مەلا ـ قسەکەر) ، (هاولاتی ـ قسەکەر ـ پرسیارکەر).**

**ـ توخمی بەشداربووان: هاوتوخم (نێر).**

**ـ مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: پرسیارکردن لەبارەی بابەتێکی کۆمەڵایەتی پەیوەست بە شەرعەوە.**

**ـ شوێنی ئاخاوتن :دارەتوو بۆ هەولێر.**

**ـ کاتی ئاخاوتن: دوای نیوەڕۆ.**

لەم دەقەی ئاخاوتنەدا بەگشتی شێوازی قسەکردنی مەلا گۆڕانی بەسەردا هاتووە بە بەراورد لەگەڵ دەقی ئاخاوتنی ژمارە یەکدا، کە لێرەدا جۆرێ هاوپەیوەندیی و هاوکاریی تێدا دەردەکەوێ، ئەمە جگە لەوەی باڵادەستیی زمانی و دەستڕۆیشتوویی لە ڕێگای وەڵامدانەوەی پرسیاری کەسەکەدا لەبەرامبەریدا دەرکەوتووە، دەرکەوتنی ئەو باڵادەستییەش بەوەدا دیارە کە حوکمی شتەکەی بۆ بڕیار دەدات و بەوەی ئەو شتە ئەوهایەو ئەوها دەبێ.بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکان جەخت لەو گوتنانە دەکرێتەوە، کە بالا دەستیی مەلاو هاوکاریی هاو وڵاتی لە بەرامبەریدا نیشاندەدات.

لەسەرەتادا هاووڵاتی پرسیار لە مەلا دەکات و دەڵێ:

**١/ هاووڵاتی: مامۆستا [1] گیان یەك دوو پرسیارم هەبوو، ئەگەر بەئەرك نەبێ.**

لێرەدا کەس پرسیارەکە بەشێوەیەکی ڕێزو دەربڕینی وشەی دەروونی کاریگەر, دەیەوێ پرسیار لە مەلا بکات لەبارەی ئەوەی مەبەستییەتی. ئەم شێوازە دەربڕینەو بەکارهێنانی فۆڕمی زمانی لە (گیان و بە ئەرك) نەبێ ، بۆ پێگەی (مەلا) لە کۆمەڵگەو هاوکاریی کەسەکە دەگەڕێتەوە. "مەلا"ش لە بەرامبەردا پێی دەڵێ:

**٢/ مەلا: فەرموو .**

مەلا لەم گوتنەیدا وەك پرسیارکەر جۆری هاوپەیوەندیی و ڕێزگرتنی نواندووە، ئەمەش لە ڕێگای بەکارهێنانی فۆڕمی زمانی (فەرموو) دەبینرێ، کە وەك نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی ڕێز و باڵادەستیی دەردەخات.

پاشان هاو وڵاتی پرسیار دەکات و دەڵێ:

**٣/ هاو وڵاتی : حوکمی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ (زڕ باب ، زڕ دایك، یان زڕ برا، زڕ کچ)، هەمان حوکمی لەگەڵ برای ڕاستەقینە و کچی ڕاستەقینە هەیە؟**

لێرەدا پرسیار کەر پرسیارەکەی بۆ (مەلا) ڕونکردۆتەوەو ئاڕاستەی کردووە، بەڵام ئەم پرسیارەبە پێی دەوروبەر داواکردنی وەڵامەو زانیارییە لە مەلا، بۆ ئەوەی حوکمی ڕاستەقینەی چۆنییەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەواندا بزانێ.

مەلاش لە بەرامبەردا وەڵامی داوەتەوەو دەڵێ:

**٤/ مەلا: لە ڕووی شەرعەوە بتەوێ نەتەوەێ ئەو کەسە چییە؟ براو خۆشکی تۆیە.**

لێرەدا مەلا سەرەتا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ حوکمی چۆنییەتی هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ (زڕ برا ، زڕ کچ) ڕوونکردۆتەوە، ئەمەش لە ڕێگای ئەوەی کە لە ڕووی شەرعەوە ئەوا نە براو خوشکی تۆ لەقەڵەم دەدرێن، واتە دەبێ هەڵسوکەوتت لەگەڵیاندا جوان بێ.

---

[1] لە کۆمەڵگەی کوردیدا وشەی "مامۆستا" بۆ "مەلا"ش بەکاردێ.

پاشان پرسیارکەر دەڵێ:

**٥/ هاووڵاتی: دەبێ لە هەڵسوکەوتییان فەرقیان نەکەی؟**

ئەم گوتنەی پرسیارکەر ئەگەرچی لە شێوەی پرسیاردەربڕاوە،بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەیەوێدڵنیابێ

لە بارەی جیاوازی نەکردن لە نێوانیاندا.

لەبەرامبەردا مەلا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆی ڕووندەکاتەوە و دەڵێ:

**٦/ مەلا: نەخێر، گوێبدێ، وشەی هەڵسوکەوت وشەیەکی بەرفراوانەو زۆر شت دەگرێتەوە، ئەگەر مەبەستت قسەکردن بێ، ڕاستگۆیی بێ...**

لێرەدا مەلا ڕاستەوخۆ بڕیاری ئەوەی داوە، کە دەبێ جیاوازییان لە نێوانیاندا نەکەی، پاشان فەرمانی پێدەکات لەبارەی وشەی هەڵسوکەوت, بەوەی واتایەکی فراوانی هەیەو زۆر شت دەگرێتەوە.

کەسی پرسیارکەر دەڵێ:

**٧/ هاو وڵاتی: ئا مەبەستم ئەو بابەتانەیە, کۆی گشتی.**

واتە، مەستم لەو ڕوونکردنەوەی تۆیە کە لە بارەی وشەی "هەڵسوکەوت" داوتە.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکرێ، ئەو فتواو بڕیارانەی کە مەلا لە بارەی حوکمی شتێکەوە دەدات، سەرچاوەکەی لەسەرڕووی خۆیەتی،کە بریتییە لە: ((قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەر (سەڵات و سەلامی خوای گەورەی لێبێت)) هەڵدەقولێ.

## ٣ / ٣ ـ ٣ ـ٢ ـ ٤) باڵادەستیی زمان پەیوەست بە پێگەی سیاسی:

پێگەی سیاسی، پێگەیەکی تری نێو کۆمەڵگەی کوردییە، کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی لە ئاڕاستەکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکان و کۆمەڵگە بەگشتی هەیەو پێگەی زمانی تایبەت و جیاواز بە کەسی خاوەن پێگە دەبەخشێ، کە بریتییە لە دەسەڵاتی زمانی و دەستڕۆیشتوو لەنێو خودی کەسانی پێگەکەو دەرەوەی پێگەکە، ئەم دەسەڵاتە زمانییەش بە پلەی یەك سەرچاوەی لە دەسەڵات و هێز، پاشان ئابووری و لایەنگیری و ئایدۆلۆژیای جیاواز، ... هتد، هەڵقوڵاوە، لەم ڕێگایەشەوە دەتوانێ کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردنی کەسی پێگەکە دروستبکات وئاڕاستەی ئەم ڕەهەندانەش بچێتە دەرەوەی پێگەکە.

لەکۆمەڵگەی کوردیدا کەسانێك هەن سەر بەم پێگەیەن و ڕۆڵ و کاریگەریی و دەستڕۆیشتوویيان بە ئاشکرا پێوە دیارە. ئەوەی لێرەدا مەبەستەو جەختی لەسەر بکرێتەوە ئەوەیە، لەلایەك لەناو ئەم پێگەیەدا پلەو پایەی سیاسی جیاوازیی وەك: (سەرۆك، ئەندام، ئەنجوومەن، ... هتد) دەبینرێت، جیاوازیی ئەو پلەو پایە سیاسیانەش وادەکا شێوازی قسەکردنی جیاوازی وەك: (باڵادەستیی، هاوشانیی، ژێردەستیی،....) تێیاندا دەرکەوێ. بۆ نموونە پێگەی سیاسی کادیرێك بەبەراورد لەگەڵ مەکتەب سیاسییەك جیاوازو بەرزترە، ئەمانەش لەلایەنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پێگەکە هەڵبژێردراون. لەلایەکی ترەوە بەپێی ئەو کەتوارەی لە ئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا دەبینرێت، دەسەڵاتی ئەم پێگەیە کاریگەریی خۆی لەسەر دەوروبەری خودی پێگەی تر هەیە.

لەڕوانگەی ئەو دەسەڵاتە جیاوازییانەی کە لەم پێگەیەدا باس کرا،چەند نموونەیەکی جیاواز بۆ ئەم باڵا دەستییە جیاوازییانەی ئەم پێگەیە هێنراوەتەوەو هەوڵدەدرێ لەم ڕێگایەوە فۆڕم و پێوەرەکانی باڵادەستیی زمان و کاریگەریی ئەم پێگەیە لەنێو خودی پێگەکەو تاک و کۆمەڵگە بەگشتی دیاریبکرێت.

**ـ دەقی ئاخاوتنی ژمارە (١)، لەنێوان (سەرۆك پارتێکی سیاسی و ئەندام و کادیرەکان):**

**١/ + ق. سەرۆك: بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، جەماوەری سەربەرزی کوردستان،ئەندامان و لایەنگرانی پارتی، خوشك برا خۆشەویستەکانم.**

**٢ ـ گوێگرەکان: پێش دەستپێکردن بە قسەکانی سەرۆك پارت، دەبینرێ بە چەپڵە لێدان و کۆمەڵێ دروشمی جیاواز لەلایەن ئەندام و لایەنگرانی کە گوزارشت لە باڵادەستیی ئەو کەسە دەکەن پێشوازی لێدەکەن.**

**٣/ + ق. سەرۆك: ئامۆژگاریم بۆ کاندیدەکانی (پ. د.ك )یش ... قسەی تەواو نەکرد.**

**٤/ + ق. سەرۆك: بەو پەڕی ڕاستگۆیی و دڵسۆزی لەگەڵ هاوادارو دەنگدەرانی بدوێن...**

**٥/ + ق. سەرۆك: پێویستە کاندیدەکانی پارتی، پەیامی نەتەوەیی و ... ئاشتی پارێزانەی پارتی بن و بە هیچ شێوەیەك لە هێڵەکانی لانەدەن...**

**٦/ + ق. سەرۆك: داواتەن لێدەکەم، بەڵێنی وا بە خەڵك نەدەن.... کەپێیان جێ بەجێنەکرێت.....**

**٧/ + ق. سەرۆك: بۆیە ئەرکی ئێوەی لایەنگرو ئەندامانی (پ.د.ك) زۆر قورس و هەستیارە.**

**ـ شیکردنەوەی دەقەکان:**

**★ لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان:**

**ـ بەشداربووانی ئاخاوتن: (سەرۆك ـ قسەکەر) ، (ئەندام و لایەنگران ـ گوێگر)**

**ـ توخمی بەشداربووان: (قسەکەر ـ نێر) ، (گوێگران ـ تێکەڵ).**

**ـ مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: بانگەشەی هەڵبژاردن و قسەکردن لەسەری.**

**ـ شوێنی ئاخاوتن: هەولێر.**

**ـ کاتی ئاخاوتن: ئێوارە.**

بەگشتی گوتنەکانی ئەم ئاخاوتنە لەلایەن سەرۆك پارتێکی سیاسی، لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لەبەرامبەر ئەندام و کادیرەکانی ئاڕاستەکراوە. لێرەدا قسەکەر بەپێی ئەو پێگە سیاسییەی هەیەتی کە سەرۆك پارتەکەیەو لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتەکەوە، لەڕێگای هەڵبژاردنەوە بەدەستیهێناوەو هەڵبژێردراوە، ئەمەش وایکردووە شێوازو دەربڕینەکانی باڵادەستییەکی زۆر بەهێزی

لەبەرامبەر ئەندام و کادیرەکانی دیار بێت، ئەوانیش (ئەندام و کادیرەکان) لەبەرامبەردا هاوکارن و بێهێزیان لەئاست شێوازو قسەکردنەکانی سەرۆکەکەیان دیار دەبێ، چونکە پێگەو پلە سیاسییەکەیان هاوشانیی سەرۆکەکەیان نییەو جیاوازە، ئێستاش لەخوارەوە دەست بە شیکردنەوەی گوتنەکان دەکرێ.

پێش دەستپێکی قسەکانی قسەکەر (سەرۆك):

**١/ ئەندام و کادیرو لایەنگرکان: بە چەپڵەلێدان و دروشمی جیاواز پێشوازی لێدەکەن.**

لێرەدا دەبینرێ پێش ئەوەی کە قسەکەر دەست بە گوتارەکەی بکات، لەلایەن ئەندام و کادیرو لایەنگرەکانی بەگوتنەوەی دروشمی جیاواز و چەپڵەلێدان پێشوازی لێدەکرێت، ئەم کردە زمانی و نازمانیانەش (دروشمی جیاوازو چەپڵەلێدان) بۆ سەرۆکەکەیان، خۆی لەخۆیدا نیشاندانی بالآدەستیی سەرۆك و گوزارشتکردن و ڕەنگدانەوەی ئاستی پێگەی کەسەکان لەبەرامبەر سەرۆك دەردەخا، کە پێگەی لەبەرامبەریاندا بەرزە.

دواتر سەرۆك دەست بە گوتارەکەی دەکات و دەڵێ:

**٢/ سەرۆك: جەماوەری سەربەرزی کوردستان، ئەندامان و لایەنگرانی پارتی.**

سەرەتای دەستپێکی قسەکانی سەرۆك جۆرێ لە هاوکاریی و هاوپەیوەندیی لەنێوان خۆیی و ئەندام و کادیرو لایەنگرەکانی نواندووە، دەربڕینی ئەم شێوازە قسەکردنەش لەم شوێن و کاتە هەستیارو ناسکەدا مەبەستی جیاوازی لەپشتەو ڕەهەندی کاریگەریی و ئاماژەنەکردنی و دەرنەخستنی ناڕاستەوخۆی پێگەکەیی و ڕازیکردنی ئەندامەکان و خەڵکەکە بەگشتی لێدەکەوێتەوە. بەڵام دواتر شێوازی قسەکردنەکانی سەرۆك دەگۆڕێت و ئاڕاستەی جیاواز وەردەگرێت.

بۆ نموونە، یەك لە ئاڕاستە گۆڕاوەکانی شێوازی قسەکردنەکەی سەرۆك ئەوەیە کاتێك ڕووی دەمی دەکاتە کاندیدەکانی و پێیان دەڵێت:

**٣/ سەرۆك: ئامۆژگارییم بۆ کاندیدەکانی (پ. د. ك) یش..... : کە بەوپەڕی ڕاستگۆیی و دڵسۆزی لەگەڵ هەوادارو دەنگ دەران بدوێن....**

سەرەتا سەرۆك دەیەوێ ئامۆژگاری کاندیدەکانی بکات، بەڵام پێش ئەوەی ئامۆژگاری کاندیدەکانی بکات، کاندیدەکانی چەپڵەی بۆ لێدەدەن:

**٤/ کاندیدەکان: چەپڵەلێدان بۆ سەرۆك.**

ئەم کردە نازمانییەش دووبارە جگە لەوەی بالآدەستیی سەرۆك دەردەخا، هاوکات بەپێی دەوروبەری قسەکانی، ڕازیبوون و پابەندبوونی ئامۆژگاری سەرۆك دووپاتدەکاتەوە.

پاشان سەرۆك ئامۆژگارییەکەی دەستپێدەکات و دەڵێ: **بەوپەڕی ڕاستگۆیی و دڵسۆزی لەگەڵ هەوادار و دەنگدەران بدوێن.**

ئەم گوتنەی سەرۆك ئەگەرچی بەشێوەی فەرمانێکی ڕاستەوخۆ دەربڕاون، بەلأم بەپێی پێگەکەیی و ئەو کات و ساتەی لەپێگەکەیدا هەیەتی ، ئەرکی ئامۆژگاریکردنی لەپشتە، بەوەی بۆ دەنگدەران و هەوادارنتان ڕاستگۆ و دڵسۆزبن. بەلأم ئەم ئامۆژگاریانە هێزی لەپشتەو لەوانەیە کاریگەریی خۆی لەسەر بەرامبەر دروستبکات و دەبێ جێبەجێبکرێت، چونکە لەلایەن کەسێك دەربڕاوە کە سەرۆکی پارتەکەیانەو پێگەی لەئەوان بەرزترە.

دواتر سەرۆك بەردەوام دەبێ لەپەیامی بۆ کاندیدەکانی و لەگوتنێکدا پێیان دەڵێ:

**٥/ سەرۆك: پێویستە کاندیدەکانی پارتی پەیامی نەتەوەیی و ... ئاشتی پارێزانەی پارتی بن و بە هیچ شێوەیەك لە هێڵەکانی لانەدەن ...**

ئەگەر سەیری ئەم گوتنەی سەرۆك بەپێی دەوروبەری گوتنەکان، چەندین ئەرك و مەبەست و شێوازی گوتنی جیای باڵادەستیی زمانی تێدا دەردەکەوێت:

سەرەتا سەرۆك بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاندیدەکانی ئاگادارکردۆتەوە کەوا پارتی پەیامی نەتەوەیی و ئاشتی هەیەو بۆیە پێویستە ئێوەش پابەندی ئەو پەیامانە بن. ئەم ئاگادارکردنەوەیەش لەشێوەی فەرمانێکی ڕاستەوخۆ و جەختکراو ئاڕاستەکراوە ،لێرەدا وشەی (**پێویستە**)ئەم باڵادەستییەی سەرۆکی زیاتر جەختکردۆتەوە .پاشان کە **دەڵێ: بەهیچ شێوەیەك لە هێڵەکانی لانەدەن**، ئەمەش دیسانەوە فەرمانێکە، بەلأم فەرمانێکی نەرێی ڕاستەوخۆیەو بەپێی هێزی دەربڕینی گوتنەو خستنەسەریهێز لەسەر مۆرفیمی فەرماندانی نەرێ ئەرکی هەڕەشەکردنی لەپشتە، چونکە ئەگەر لەو پەیامانەی ناوبراو لابدەن ئەوا لەوانەیە سەرۆك هەڵوێستی تری هەبێت.

دوا بەدوای ئەم گوتنانە سەرۆك پێیان دەڵێ:

**٦/ سەرۆك: داواتەن لێدەکەم بەڵێنێك بە خەڵك نەدەن ... کە پێیان جێ بەجێنەکرێت...**

لێرەدا سەرۆك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ داوای لە کاندیدەکانی کردووە کە بەڵێنی وا بە خەڵك نەدەن کە لەتوانایاندا نییە، ئەم داواکردنەش داواکردنێکی ئاسایی نییە، چونکە لەلایەك لەلایەن کەسێك دەربڕاوە کە پێگەکەیان لە ئەوان بەرزترە، لەلایەکی ترەوە لەشێوەی فەرمانێکی ڕاستەوخۆی نەرێ، کە واتای ئەوە دەدات کە بەڵێنی ئاسان و سوك بەخەڵك بدەن نەك بەڵێنی گران و لەتوانادا نەبوون.

ئەم دەسەڵاتەی سەرۆك هەر تەنها لەبەرامبەر نوێنەراوە، بەڵکو دەسەڵاتی لەبەر لایەنگرو ئەندامەکانیشیدا هەیە. بۆیە هەر لەم گوتارەیدا ئەمجارە ڕووی دەمی ئاڕاستەی ئەندام و لایەنگرانی پارتەکەی دەکات و پێیان دەڵێ:

**٧/ سەرۆك: بۆیە ئەرکی ئێوەی لایەنگرو ئەندامی (پ. د. ك) زۆر قورس و هەستیارە...**

ئەم گوتنەی سەرۆك ئەگەرچی لەشێوەی هەواڵ، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەربڕاوە، بەلأم بەپێی دەوروبەری گوتنەکەو پێگەی سەرۆك ئاگادارکردنەوەی ئەندام و لایەنگرانی پارتەکەیەتی، ئەم

ئاگادارکردنەوەیەش لەشێوەی فرمانێکی ناڕاستەوخۆ دایە، بەوەی وریابن ئەرکتان زۆر قورسە و دەبێ بەباشی ئەرکەکانتان جێبەجێبکەن. بەڵام هەر کاتێکیش سەرۆك پێگەکەی نەما، یاخود گۆڕا بۆ پێگەی لەخۆی نزمتر بۆ نموونە وەکو (جێگری سەرۆك)، ئەوا ئەو گۆڕانانە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردنەکانی دەبێ و وەك ڕابردوو نابێ کە باڵادەستییەکی زۆری تێیدا دەردەکەوت.

دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی ئەم پێگەیە هەر تەنها لەنێو کەسە پلەو پایە سیاسییە جیاوازییەکانی نێو پێگەکە خۆی نابینێتەوە، بەڵکو دەسەڵاتی دەگاتە دەرەوەی پێگەی خۆشی. بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئێستای دەسەڵاتی ئەم پێگەیە لەنێو کومەڵگەی کوردیدا بکرێ، زۆر جار کەسانی سەر بەم پێگەیە بەتایبەتی ئەوانەی پێگەیەکی سیاسی بەرزیان هەیە، لەنێو پارتێکی سیاسیدان، کە ئابووری و هێزو لایەنگری و... هتد زۆریان هەیە، لەوانەیە کاریگەریی و باڵادەستییان لەبەرامبەر تاکی دەرەوەی ئەم پێگەیە ،یاخود پێگەکە بەگشتی هەبێت. لەم ڕووەوە بەپێی جۆرو چۆنییەتی و چەندێتی کاریگەریی ئەم پێگەیە لەسەر تاك ، یاخود پێگەی کەسێکی تری دەرەوەی ئەم پێگەیە، بۆ ئەم مەبەستە بەشێوەی نموونەی ڕاستەوخۆ ئەم کاریگەرییە ڕووندەکرێتەوە و فۆڕمەکانی باڵادەستیی زمانی تێدا شیدەکرێتەوە.

**ـ دەقی ئاخاوتنی ژمارە (٢)، لەنێوان (بەڕێوەبەر ـ قسەکەری یەکەم) ، (بەرپرسێکی حزبی-قسەکەری دووەم):**

**١/ + ق (٢): (مـن ... م).**

**٢/ + ق (١): ئەهلەن کاك (من.....م)، ببوورە نەمناسیت، ئەحواڵتان چۆنە؟ باشن؟**

**٣/ + ق (٢): خۆشبی، بژیت. کاکە هێڵی تەلەفۆنەکەمان کار ناکات، دەبێ مەسەلە چی بێت؟**

**٤/ + ق (١): وەڵڵا کاك (.....) گیان، ئەم ماوەیە ئەوەی قەرزار بوو بێت هێڵەکەیمان بڕیوە، جا نازانم گەر هی بەڕێزتانیشی بەرکەوتبێت؟ ئێستا سەیری دەکەم، گەر لێرە بوو چاکی دەکەینەوە، گەر لەدەرەوەش بوو دوو کرێکار دەنێرم با چاکی بکەنەوە.**

**ـ بەشداربوانی ئاخاوتن: (قسەکەری یەکەم ـ بەڕێوەبەر) ، (قسەکەری دووەم ـ بەرپرسێکی حزبی).**

**ـ توخمی بەشدار بووان: هەر دووکیان هاوتوخم (نێر).**

**ـ مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: قسەکردن لەسەر کارنەکردنی هێڵی تەلەفۆن.**

**ـ شوێنی ئاخاوتن: فەرمانگەیەکی فەرمی.**

**ـ کاتی ئاخاوتن: بەیانی.**

بەگشتی ئەگەر تەماشای فۆڕمە زمانییەکانی بەرپرسە حزبییەکە بکرێ، جگە لەوەی باڵا دەستییان پێوە دیارە، لەهەمان کاتیشدا کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی لەسەر فۆڕم و قسەکردنەکانی بەڕێوەبەرەکە دیارە، ئەمە لەکاتێکدا ئەو بەڕێوەبەرە خۆشی خاوەن پێگەیەکەو باڵادەستیی و دەستڕۆیشتوویی هەیە، بەڵام بەرەهەندی جیاواز و کاریگەریی زۆری ئەم پێگەیە لەکەلتووری واقعی ئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا وا دەکا ئەم ڕوانگەو هەڵسوکەوت و دەربڕاوانەی لێبکەوێتەوە، کە جۆرێ لە ئاست نزمی لە گوتنەکانی دیارە، لەخوارەوەش لەڕێگای شیکردنەوەی فۆڕمە زمانییەکانی هەریەکەیان، ڕاستی ئەوبۆچوونانە زیاتر ڕووندەبێتەوە.

بۆ نموونە، کاتێك بەرپرسە حزبییەکە خۆی دەناسێنێت و دەڵێ:

**١/ بەرپرسی حزبی: (من.....م).**

لێرەدا بەکارهێنانی ئەم جێناوە، بەم شێوازە لەبەرامبەر بەڕێوەبەرەکەدا، ئەمە خۆی لەخۆیدا ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی ئاگادارکەرەوەیە بەوەی کێ تەلەفۆنی بۆ کردووی.بۆیە ئەم خۆ ناساندنەی بەرپرسەکە بەم شێوازە کاریگەریی لەسەر بەڕێوەبەرەکە کردووەو وایکردووە پێی بڵێ:

**٢/ بەڕێوەبەر: ئەهلەن کاك (من.....م)، ببوورە نەمناسیت، ئەحواڵتان چۆنە؟ باشن؟**

بەڕێوەبەرەکە سەرەتا پۆزش بۆ بەرپرسەکە دەهێنێتەوە بەوەی نەم ناسیی، بۆیە داوای لێبوردنی لێ دەکات. هەروەها بەکارهێنانی جێناوی کەسی دووەمی کۆی( تان) ی بۆ بەکارهێناوە، ئەمە لەکاتێکدا خۆی تاکە، ئەم جێناوەش وەك نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی زیاتر بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە پلەو پێگەی کۆمەڵایەتی جیاوازیان هەیە، کەواتە لێرەدا کاریگەریی پێگەی بەرپرسی حزبی لەبەرامبەر بەڕێوەبەرەکە ڕەنگیداوەتەوە. بەکارهێنانی فۆڕمی وشەی (کاك)یش بۆی، ئەمەش وەك نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی ڕێز بۆ بەرپرسەکە دووپاتدەکاتەوە.

بەرپرسەکەش (قسەکەری دووەم) لەبەرامبەردا دەڵێ:

**٣/ بەرپرسی حزبی: خۆشبی، بژیت. کاکە هێڵی تەلەفۆنەکەمان کارناکات، دەبێ مەسەلە چی بێت؟**

ئەگەر سەیری هەواڵپرسینی بەرپرسەکە بکرێ، بەشێوەیەکی سادەو بەبێ بەکارهێنانی فۆڕمی نیشانەی کۆمەڵایەتی بەرز هەواڵی پرسیووە، کە ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ هەواڵ پرسینی بەڕێوەبەرەکە زۆر جیاوازە، هەروەك تازە ئاماژەی بۆ کرا. پاشان گوتنێکی پرسیاری دەربڕیوە، بەڵام کاتێك ئەم گوتنە دەخرێنە دەوروبەرو گەڕانەوەی بەوەی بزانین کێ ئەم گوتنە دەربڕیوە ئەوە جیاوازە، لەڕاستیدا گوتنە پرسیارەکەجگە لەوەی زانیاریی مەبەستە ،هاوکات فەرمانێکی ناڕاسەوخۆشی لەپشتە، ئەگەر چی ڕێزی تێدا ڕەچاو کراوە، بەوەی تەلەفۆنەکەمان چاکەنەوە، بەڵام ئەم فەرمانە کاریگەریی خۆی هەیە، خۆ لەبنەڕەتیشدا چاککردنەوەی هێڵی تەلەفۆن ئەرکی ئەوانە، بەڵام کێ تەلەفۆنی بۆ کردووە؟ ئەوا لێرەدا سەبارەت بەبەڕێوەبەرەکە تەواو جیاوازە لەوەی کەسێکی ئاسایی تەلەفۆنی بۆ بکات.

کاریگەریی ئەم فەرمانە ناڕاستەوخۆیەی بەرپرسەکە وایکردووە بەڕێوەبەر پێی بڵێ:

**٤/ بەڕێوەبەر: وەڵڵا کاك (.....) گیان، ئەم ماوەیە ئەوەی قەرزار بوو بێت هێڵەکیمان بڕیوە، جا نازانم گەر هێڵی بەڕێزیشتانی بەرکەوتبێت. ئێستا سەیری دەکەم، گەر لێرە بوو چاکی دەکەینەوە، گەر لەدەرەوەش بوو دوو کرێکار دەنێرم با چاکی بکەنەوە.**

بۆ نموونە: لەم گوتنانەی بەڕێوەبەر، بەئاشکرا کاریگەریی پێگەی بەرپرسی حزبی بەسەر بەڕێوەبەرەکە دیارە، سەرەتا گوتوویەتی هەموو هێڵەکانی تەلەفۆنمان بڕیوە، بەلاّم لەگوتنی دواتریدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەهاتووە بڵێ هێلی تەلەفۆنی ئێوەشمان بڕیوە، ئەمەش لەگەڵ گوتنی پێشووی جیاوازەو یەك ناگرێتەوە ،بەلاّم دەربڕینی ئەم شێوازە قسەکردنە لەوانەیە مەبەست خۆی لەپشتەوە بێ، جگە لەمەش بەکارهێنانی فۆڕمی زمانی "بەڕێز" لەشێوەی کۆدا، وەك نیشانەیەکی کۆمەلاّیەتی کاریگەریی بەرپرس لەسەر بەڕێوەبەر دەردەخا، هەروەها بەکارهێنانی جێناوی (تان)ی کۆ ، وەك نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی جۆرێ لە بالاّدەستیی بەرپرسەکە دەردەخات.

ئەم دەسەلاّت و پێگە سیاسییەش هەروەك چۆن بەپێی تێپەڕبوون و بەسەرچوونی ماوەی کاتی ئاسایی پێگەی کەسەکە دەگۆڕێ، هاوکات بەپێ گۆڕانی شوێنی ستراتیجییەتی خودی خاوەن پێگە کە،یاخود دەوروبەر، یان کاتێك لەبەردەم هاو ولاّتییەك دایە دوور لەشوێنی سەرەکی خۆی، زمان و شێوازی قسەکردنە بالاّدەستییەکەی دەگۆڕێ ، وەك ئەوە نابێت کاتێك لە کادیرێکی ئاسایی خۆی ،یان نووسینگەی ڕۆژنامەوانییەکەیدایە. بگرە هاوشانیی لەشێوازی دەربڕینەکانیدا دەبینرێت، لەوەی هێزو دەسەلاّت لەدەربڕینەکانیدا ڕەنگبداتەوە. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری دەقی ئاخاوتنی ژمارە (٣) بکرێ.

**ـ دەقی ئاخاوتنی ژمارە (٣)، لەنێوان (ئەندام مەکتەب سیاسییەك و هاوولاّتییەك)[(١)]:**

**١/ + ق (١) هاو ولاّتی: هەتا ئێستا ڕووبعە معاشمان دەدەنێ، تۆ ئەندام مەکتەب سیاسی ئێمەی، پێویستە شتێك بۆ پاسەوانانی کەرکوك بکەیت.**

**٢/ + ق (٢) ئەندام مەکتەب سیاسی: بەسەرچاو، وایە، حەقی خۆتە، بەخوا وایە ... کەرکوك چی بۆ بکەی هێشتا کەمە، ئەوەی بەمن بکرێ بەسەرچاو.**

**ـ شیکردنەوەی دەقەکە:**

**★ لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان:**

(١) ئەم دەقەی ئاخاوتنەش هەڵێنجراوی گفتوگۆی نێوان دوو کەسەلە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی، لە کاتێکدا چەندین کەسی تر لەگەڵ ئەندام مەکتەب سیاسییەکە گفتوگۆی کردووە، بەلاّم لێرەدا تەنها ئەم گفتوگۆو ڕووبەڕووە هەڵبژێردراوە، ئەمەش بۆ ئەوەی گوتنەکان زۆر دووبارە نەبنەوە.

**ـ بەشداربووانی ئاخاوتن: (هاوولاتی ـ قسەکەری یەکەم) ، (ئەندام مەکتەب سیاسی ـ قسەکەری دووەم).**

**ـ توخمی بەشداربووان: (قسەکەری یەکەم ـ نێر)، (قسەکەری دووەم ـ مێ).**

**ـ مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: قسەکردن لەسەر بارو گوزەرانی ژیانی خەڵك.**

**ـ شوێنی ئاخاوتن: کەرکووك: بازاڕی کەرکووك.**

**ـ کاتی ئاخاوتن: بەیانی.**

ئەم ئاخاوتنەی سەرەوە، گفتوگۆی نێوان دوو کەسە، کەسی یەکەم خاوەن پێگەیەکی سیاسی بەرزەو باڵادەستیی و دەستڕۆیشتوویی لەناو پارتەکەدا دیارە، کەسی دووەمیش کەسێکی ئاساییە لەڕووبەڕووبوونەوەی بەرپرسە حزبییەکە. لێرەدا کەسی یەکەم (بەرپرسی حزبی) گۆڕانی شوێن و ئۆفیسی سەرەکی خۆی وای کردووە شێوازی قسەکردنەکانی لەبەرامبەر کەسی دووەم بێهێزی تێیدا ببینرێت، لەلایەکی ترەوە ئەو کەسە لەبەردەم بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی و لەناو هاوولاتیان دایە ئەمەش لەوانەیە کاریگەریی لەسەر پێگەکەی بکا، لەبەرامبەردا کەسی دووەم کە دوورە لەشوێن و نوسینگەی بەرپرسە حزبییەکە، ئەگەر سەیری فۆڕمە زمانییە دەربڕاوەکانی بکرێ، جۆرێ لەگلەیی و بەهێزی لە قسەکردنیدا دیارە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی کاریگەریی، گۆڕانی شوێن و پێگەی کەسە حزبییەکە، گوتنەکانی هەریەکەیان لەخوارەوە شیدەکرێتەوە.

سەرەتا پەیامنێرەکە ڕووی دەمی دەکاتە هاوولاتییەکە سەبارەت بە بۆچوونی لەبارەی بەرپرسە حزبییەکە، ئەویش ڕوودەکاتە بەرپرسەکەو پێی دەڵێ:

**١/ هاو ولاتی: هەتا ئێستا ڕووبعە معاشمان دەدەنێ تۆ ئەندام مەکتەب سیاسی ئێمەی پێویستە شتێك بۆ پاسەوانانی کەرکووك بکەیت.**

لێرەدا ئەو گوتنانەی هاو ولاتی لەبەرامبەر ئەم بەرپرسە، بەپێی شوێن و ئەو دەوروبەرەی کە ئەم گوتنانەی تێیدا وتراوە، چەندین مەبەستی جیاوازی لەپشتە:

هاوولاتی لەسەرەتادا کە دەڵێ: **هەتا ئێستا ڕووبعە معاشمان دەدەنێ.**

ئەم گوتنەی ئەگەرچی لەشێوەی هەواڵ دەربڕاوە، بەڵام لە ڕاستیدا بەپێ دەوروبەری گوتنەکە گلەیکردنە لە بەرپرسەکە بەوەی مووچەمان زۆر خراپە.

پاشان کە دەڵێ: **تۆ ئەندام مەکتەب سیاسی ئێمەی، پێویستە شتێك بۆ پاسەوانەکانی کەرکوك بکەیت.**

لێرەدا هاو ولاتی بەشێوەی فەرمانێکی ڕاستەوخۆی جەختکراو، فەرمانی بە بەرپرسەکە کردووە کە تۆ یارمەتی پاسەوانەکان بدە، ئەمەش لەڕێگای ئەو هێزەی کە خراوەتە سەر مۆڕفیمی فەرماندان(ب)لە کەرستەی (**پێویستە**) دەردەکەوێ.

لێرەدا فۆڕمە زمانییەکانی هاو ولأتییەکە بەگشتی بێهێزیان پێوە دیارە، بەلأم لەکاتێکدا ئەگەر ئەم هاوولأتییە بچێتە نووسینگەی سەرەکی ئەم بەرپرسە لەوانەیە بەم شێوازە قسە نەکات و شێوازی قسەکردنەکانی ئاڕاستەی تر وەرگرێت،کە لە قسەکانی پێشووی جیاواز بێت.

بەرپرسەکەش لەبەرامبەر ئەم قسەو هەڵوێستانەی هاو وڵاتی، پێی دەڵێ:

**٢/ بەرپرسی حزبی: بەسەرچاو، وایە، حەقی خۆتە، بەخوا وایە .... کەرکوك چی بۆ بکرێ هێشتاکە کەمە ..... ئەوەی بەمن بکرێ بەسەرچاو.**

لێرەدا بەرپرسەکە جگە لەوەی دان بەڕاستی قسەکانی هاوولأتییەکەی دەنێ، هاوکات چەندین جار ئەم ڕاستییەشی دووپاتکردۆتەوە، هەروەك لەگوتنەکانی کە دەڵێ: **بەخوا وایە، وایە.**

پاشان پێی دەڵێ: **ئەوەی بەمن بکرێ بەسەرچاو.**

واتە، بەرپرسەکە ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ جێبەجێکردنی داوایەکانیان، بەوەی هەر شتێك بەمن بکرێ بەسەرچاو.

دواتر لەگوتنی: **کەرکووك چی بۆ بکەی هێشتا کەمە ....**

بەرپرسەکە لێرەدا بەشان و باڵی شاری ئەم کەسەیدا گوتووە، ئەمەش بەمەبەستی ڕازیبوون و کاریگەریی دروستکردن لەسەر بەرامبەر.

کەواتە، لەم فۆڕمە زمانییەی ئەم بەرپرسە، دەبینرێ شێوازی دەربڕینی فۆڕمە زمانییەکانی گۆڕانی تەواوی بەسەردا هاتووەو هاوشانیی و بێهێزی لە گوتنەکانیدا دەرکەوێت، هۆکارەکەشی هەروەك تازە ئاماژەی بۆ کرا. بەلأم ئەم شێوازە دەربڕینەی ئەم بەرپرسە مەبەست و بەرژەوەندیی جیاوازیی لەپشتە،لەوانە:

- ڕازیبوون و کاریگەریی دروستکردن لەسەر خەڵکی شارەکە.
- بەشداریکردن بۆ دەربڕینی کەم و کوڕیەکانی ئەم شارە.
- هاوخەمی و خەم خواردنی بۆ بەرامبەر و خەڵکەکە بەگشتی.
- ئامادەیی بۆ چارەسەری کێشەکانیان.

## ٢/٣-٣-٢- ٥) باڵادەستیی زمان پەیوەست بە پێگەی سەربازی:

پێگەی سەربازی، پێگەیەکی تری ناو کۆمەڵگەی کوردییەو لەسەر بنەمای ئەو دەسەلأتە سەربازیەو پێوەرە یاساییانەی کەهەیەتی کاریگەریی خۆی لەئاستی پێگەو تاك وکۆمەڵگە بەگشتی هەیە.ئەوەی لەم پێگەیەدا مەبەستە ئەوەیە، ئەم پێگەیە لەسەر پێوەری پلەو پایەی سەربازی جیاواز(زمانی ونازمانی)،

پێگەیەکی زمانی تایبەت (باڵادەستیی،هاوشانیی، ژێردەستیی،هاوکاریی)، لەنێو کەسانی ئەم پێگەیە دەردەکەوێت.

بەتێگەیشتن لەبنەماو چەمکە تیۆرییەکانی پێگەی سەربازی و تایبەتی زمانی ئەم پێگەیەو کاریگەریی و ڕەهەندەکانی، لەسەر بنەمای ئەو دەسەڵات و پلەو پایە سەرباز یانەی کەلەچوارچێوەی ئەم پێگەیەدا ڕەنگدەدەنەوە،[1] هەوڵدەدرێ لەکۆمەڵگەی کوردیدا فۆڕم و پێوەرەکانی زمانی باڵادەست تێیاندا دەستنیشان بکرێ، لەم تێڕوانینەوە چەند دەقێکی ئاخاوتنی جیاواز لەم پێگەیەدا وەرگیراوەو دەیخرێتە بەر تیشکی شیکردنەوە بواری.

**ـ دەقی ئاخاوتنی ژمارە (١)، لە نێوان (ڕائیدو عەریف):**

**١/+ق.ڕائید: زەنگلێدان لەژووری (ڕائید).**

**٢/-.گ. عەریف:بەرێی سیدی .**

**٣/+ق.ڕائید: ئێستا کی لەوێیە؟**

**٤/- گ. عەریف:(ئا.....د)و(ز.......ت)و(ك........م).**

**٥/+ق. ڕائید: دەباشە، بەمفەوەز(ئا.....د)بڵی جەدوەلی خەفەراتم لۆبینی .**

**شیکردنەوەی دەقەکە:**

**.لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان :**

**_بەشداربوانی ئاخاوتن: (قسەکەر-ڕائید)، (گوێگری یەکەم-عەریف) ، (گوێگری دووەم-مفەوەز).**

**_توخم: هاوتوخم (نێر).**

**_ مەبەست وبابەتی ئاخاوتن : داواکردنی خشتەی خەفەرات.**

**_شوێنی ئاخاوتن : هەولێر.**

**کاتی ئاخاوتن: بەیانی.**

ئەم دەقەی سەرەوە دەقێکە ،لەنێوان دووکەسی پلەی سەربازی جیاوازدایە، کەسی یەکەم، کەقسەکەرە،پلەی سەربازی(ڕائید)ە، کەسی دووەمیش،کەگوێگرە، پلەی سەربازی(عەریف)ە، کەلەڕووی پلەی سەربازیەوە لەقسەکەر پلەکەی نزمترە، چونکە هێما زمانییەکەی قسەکەر بازێکە لەسەر شانی،کەچی هی گوێگرهێمای زمانییەکەی سێ خەتە لەسەر قۆڵ، ئەم هێمایانە شوێن و پێگەی

(١) بۆزانیاری زیاتر بروانە: بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەپاری( ٦/٣/٢ ).

سەربازیەکەیان وایکردووە شێوازی قسەکردنی قسەکەر لەبەرامبەر گوێگر دەستڕۆیشتوو تر و  بالاّتربێ، ئەمانەش لەیاساوە وەریانگرتووە، بەنەمانی ئەو پێگەو شوێنەش قسە کەر بالاّدەستییەکەی گۆڕانی بەسەردادێ. لەخوارەوەش دەست بەخودی شیکردنەوەی دەقەکان دەکرێ.

هەرلەسەرەتای ئاخاوتنەکەوە پلەی بالاّدەستیی(ڕائید)ەکەمان لەبەرمبەر (عەریف)ەکە بۆ دەردەکەوێ،

کە ئەویش لەڕێگای ئەو کردە نازمانییەی، کەئاماژەی بۆکردووە، وەك لەوگوتنە نازمانییەی ژمارە (١)دا دیارە:

**١/ ڕائید: زەنگلێدان لەژووری(ڕائید)...**

ئەو زەنگلێدانەی قسەکەر بەپێی دەورو بەری زەنگەکە جگەلەوەی ئاگادارکردنەوەی گوێگرە، لەهەمان کاتیشدا لێککەوتەی فەرمانێکی ناراستەوخۆیە، بەواتای وەرەژوورەکەم کارم پێتە.ئەم کردە نازمانییەش یەکێکە لەپێوەرەکانی زمانی بالاّدەست وبالاّدەستیی ڕائید دەردەخا.

گوێگریش لەبەرامبەر ئەم کردە نازمانییەدا تێدەگات و یەکسەر دێتەژوورەکەیی و دەڵی:

**٢/عەریف: بەرێ سەیدی .**

گوێگر لێرەدا ئامادەیی وەلاّمی قسەکەری نیشانداوە،بەواتەی بەرێ سەیدی چیت بێویستە لەخزمەتتدام.ئەمەش پلەی ژێردەستیی لەئاست قسەکەر لەڕووی پێگەی سەربازییەوە نیشاندەدا.لەکاتێکدا گوتنە کەشی لەشێوەی وەلاّم دەربڕاو، بەلاّم پێگەکەیی ودەوروبەری گوتنەکەی وایلێکردوە ئەم لێککەوتانەی لێبکەوێتەوە. هەروەها بەکارهێنانی فۆڕمی زمانی"سەیدی"وەك نیشانەیەکی کۆمەلاّیەتی بۆئەوکەسانە بەکاردێ لەڕووی پێگەوە خاوەن ئاستێکی پلەوپایەی بەرزن، بەلاّم لەبواری سەربازیدا بەوکەسەدەوترێ کەلەڕووی پلەی سەربازییەوە لەخۆی گەورەترە. بۆیە لێرەدا گوێگر ئەو وشەی(سەیدی) بۆ بەکار هێناوە، چونکە هەروەك تازە ئاماژەی پێکرا ،پلەی ڕائیدەکە لە عەریفەکە بالاّترو گەورەترە. دواتر لەگوتنی (٣)دا، پرسیار لەگوێگر دەکات و دەڵێت:

**٣/ ڕائید: ئیستا کێ لەوێ یە؟**

ئەو گوتنەی ڕائید، ئەکەرچی لەشێوەی پرسیار دەربراوە، بەلاّم بەپێی پێگەو شوێنی قسەکەر کاتێك ئەم گوتنە دەخرێتە دەورو بەر، مەبەست لێی داواکردنی زانیارییە لەگوێگر، سەبارەت بەو شوێنەی کەمەبەستییەتی و بەوەی بزانێ کە کێی لێیەو کێی لێ نییە؟ بەلاّم ئەم پرسیارە شێوە داواکردنە ناڕاستەوخۆییەی کەقسەکەر ئاڕاستەی کردووە، دەسەلاّتی لەپشتەو دەبێ وەلاّم بدرێتەوە.

بۆیە لەبەرامبەر ئەم پرسیارەدا گوێگر وەلاّمی قسەکەر دەداتەوە و دەڵێ:

**٤/عەریف: (ئا.......د) و (ز.......ت)و (ك.......م).**

واتە، ئەم سێ کەسە لەوێنەو خەمت نەبێ. ئەمەش ئامادەیی و نیشاندانی جێبەجێکردنی داواکەی قسەکەرە.

لەگوتنی دوای ئەمە، قسەکەر بەگوێگر دەڵێ:

**٥/ڕائید: دەباشە، بەمفەوەز(ئا....د) بڵێ جەدوەلی خەفەرییاتم لۆبینی.**

لێرە قسەکەر بەفەرمانێکی ڕاستەو خۆی شێوە ئەرێ ،فەرمان بەگوێگر دەکات،کە بە مفەوەز (ئا.....د)بڵێت خشتەی خەفەراتم بۆئامادە بکات و بێنێ.

بەڵام کاتێك ئەم قسەکەرە لەبەرامبەر پێگەیەکی گەورەتری سەربازی خۆی دەبینێتەوە، ئەوا شێوازی گوتنە باڵادەستییەکانی کەلەبەرامبەر گوێگر هەیبوو گۆڕانی بەسەرردادێ و جۆرێ ژێردەستیی لەگوتنەکانی ئەو پلە سەربازییە گەورەیەدا دەردەکەوێ.  بۆزیاتر سەلماندنی بۆچوونەکە ئەم نمونەیەی خوارەوە وەردەگیرێ:

**-دەقی ئاخاوتنی ژمارە (٢)، لەنێوان (ڕائید و موقەدەم):**
**لەناکاو (ڕائید) زەنگی مۆبایلەکەی لێدەدات دەڵێ:**

**١/ + ق(١)ڕائید: بەڵێ گەورەم.**

**٢/- ق(٢) موقەدەم: باشی؟**

**٣/+ق(١) ڕائید: خۆشەویستی گەورەم، باشی ئەزیزم، ئەحواڵت ،ئەتوباشی؟[(١)]**

**- شیکردنەوەی دەقەکە:**

**★ لیستی بارودۆخییەکان:**

**- بەشداربوانی ئاخاوتن: (قسەکەری یەکەم – (ڕائید)، (قسەکەری دووەم - موقەدەم).**

**- توخم: هاوتوخم (نێر).**

**- مەبەست و بابەتی ئاخاوتن : هەواڵپرسین و ئاگادار کردنەوە لەپرسەی هاوڕێیەکیان.**

**- شوێنی ئاخاوتن :بەڕێوەبەرایەتییەك.**

**- کاتی ئاخاوتن: بەیانی.**

(١) لەراستیدا ئەم دەقە لەنێوان (ڕائید و عەریفێکە)بەڵام لەناکاو ڕائیدەکە زەنگی مۆبایلەکەی لێدەدات و ئەم دەربڕینانە بەکاردێنێت، کەئاماژەن بەوەی کە کەسێکی گەورەترلەخۆی کەموقەدەمێکە زەنگی بۆ لێداوە، بۆیە ئێمەش لێرەدا پوختەی ئەو پەیوەندیەیی نێوان(رائید و موقەدەم)ەکەمان وەرگرتووە، بۆئەوەی شێوازی قسەکردنی نێوان (ڕائید و عەریف) جارێکی تر دوبارە نەبێتەوە، چونکە لەئاخاوتنی ژمارە (١) ئەو لایەنەمان ئاماژە پێکردوە.

ئەگەر سەیری ئەم دەقە ئاخاوتنە تەلەفۆنییەی سەرەوە بکرێ، پێگەی سەربازی قسە کەری یەکەم(ڕائید)ە ، لەبەرامبەر قسەکەری دووەم کە (موقەدەم)ە، گۆڕانی بەسەر داهاتووە، چونکە لەڕووی پێگەی سەربازییەوە موقەدەم پلەی لە ڕائید گەورەترە، کە هێماکەی لە(بازێك و نەجمەیەك)پێکدێت، گۆڕانی ئەم پلەسەربازیەی ڕائید وایکردووە کاریگەریی لەسەر زمان و شوێنی گوتنەکانی هەبێت. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم ڕوانگەیە، هەڵوەستە لەسەر چەند دەقێکی ئەم ئاخاوتنەی سەرەوە دەکرێ و دواتریش شیدەکرێتەوە.

هەر لەسەرەتای دەستپێکی هەڵگرتنی زەنگی"موقەدەم" پلەی ژێردەستیی و ئاست نزمی پلەی سەربازی "ڕائید" لەبەرامبەر موقەدەم دەردەکەوێ، وەك دەڵێ:

**١/ ڕائید: بەڵێ گەورەم.**

لێرەدا بەکارهێنانی ووشەی "گەورەم" پلەی باڵادەستیی (موقەدەم) و ژێردەستیی( ڕائید) دەردەخات، چونکە هەروەك پێشتر لەئاخاوتنی ژمارە (١) ئەم وشەیە ڕوونکرایەوە کەبۆکەسی خاوەن پێگەی بەرز بەکاردێ.

هەروەها لەگوتنی (٣) دا، دیسانەوە پلەی ئاست نزمی سەربازی ڕائید دەردەکەوێ ، بۆنموونە کە دەڵێ:

**٣/ موقەدەم:خۆشەویستی گەورەم، باشی ئەزیزم، ئەحواڵت؟ئەتوباشی؟**

ئەم جەختکردنەوەی هەواڵپرسینەوەی قسەکەری دووەم لەلایەن قسەکەری یەکەمەوە جۆرێ لە پیاهەڵدانی تێدایە، بەتایبەت بەکارهێنانی دەستەواژەی (خۆشەویستی) ئەم پیاهەڵدانەشی دەرخستووە. ئەمە لەکاتێکدا قسەکەری دووەم تەنها بەگوتنێکی سادە هەواڵپرسینی لێکردووە. وەك لەگووتنی (٢)دا دەڵێ:

**٢/ موقەدەم: باشی؟**

ئەم گوتنە پرسیارە هەواڵپرسینەکانی قسەکەری یەکەم جۆرێ لەپیاهەڵدان بەشان و باڵی قسەکەری دووەمی تێدیە.

ئەو دەسەڵات و پلە سەربازییە کەسی خاوەن پێکە هەیەتی لەکاتی شەڕو دەمەقاڵێ و توڕەیی و ناجێگیری و ...هتد، بەئاشکرا شێوازی گوتنەکانی ئاوەزەی بەرز و بڕیاردان و بڕیارنەدان لەسەر چوونی کارێك ،یان شتێك تێیدا دەردەکەوێ. لەو تێڕوانینەوە نموونەیەکی ئاخاوتن پەیوەست بەم پێگەیە لەبەرەکانی جەنگدا لەکاتی شەڕدا وەرگیراوە.

**دەقی ئاخاوتنی ژمارە (٣) لەنێوان (لیوایەك و سەرباز و پاسەوانەکانی):**

**١/+ ق. لیوا: (ب...ر) ، (ب...ر)ر ، (ب....ر) ، (ب...ر) لە (ب...ر)ەوە، (ب...ر) گوێت لێمە؟**

**٢/- گ.سەرباز: بەڵێ بەڵێ گوێم لێتە.**

**٣/+ق. ليوا: كاكە مەوسىتن، بەرەو دێیەکە هجووم دەستپێبکەن، بەرمو دێیەکە، لەدورەوە مەوستن، یەلاّ بەروە دێیەکە.**

**٤/- گ. سەرباز: باشە گەورەم باش.**

**_شیکردنەوەی دەقەکە:**

**⋆ لیستی هۆکارە بارەدۆخییە کان:**

**_بەشداربووانی ئاخاوتن :(قسەکەر-لیوا) ، (گوێگری یەکەم، گوێگری دووەم).**

**- مەبەست وبابەتی ئاخاوتن : هێرش بردن بەرەو دێیەك .**

**- شوێنی ئاخاوتن : بەرەکانی جەنگ.**

**- کاتی ئاخاوتن : بەیانی ، کاتی شەڕ.**

بەگشتی لەم ئاخاوتنە دا، شوێن وشێوازی گوتنە کانی قسەکەر(لیوا)بالأدەست ودەسترۆیشتویی بەسەر سەربازەکانی دیارە،چونکە پلەی سەربازی قسەکەر کەبریتییە لە(شێرەك و بازێك)، بەبەراورد لەگەڵ گوێگرەکان، کەپلەیەکی سەربازی ئاساییان هەیە زۆر بەرزترە، ئەمەش وایکردووە هەم پلە سەربازییەکەوشوێن وکاتەکەو شێوازی گوتنەکان ئاوازی بەرزو بریاری جیاوازی لێبکەوێتەوە ، بەهەمان شێوە بە نەمانی شوێن وپێگەی قسەکەریش ئەم پلە بالأدەستییە دەگۆڕێ.

بۆنموونە ، کە لەسەرەتای گوتنی یەکەمەوە ، بەشێوەیەکی نازمانی لەلای ڕاست و چەپی قسەکەر چەند پاسەوانێك هەن، کە بالأدەستیی لیواکە بەسەریانەوە نیشاندەدات ، چونکە لەکەلتوری کوردیدا وشەی (پاسەوان)ئاماژەیە بۆئەوکەسانەی کەلە ژێردەسە لاّتی کەسێکی خاوەن پلە بەرزدایە .لێرەدا قسەکەر فەرمان بەیەك لەو پاسەوانانە دەکات و دەڵێت:

**١/لیوا: مەلا( (ب...ر)و(ی...ن) م بۆوەرگرە.**

ئەوسەربازانەش تەلەفۆن بۆ مەلا (ب...ر))دەکات و لیواکە پێی دەڵێ:

**٢/لیوا: (ب...ر) ، (ب...ر)ر ، (ب....ر) ، (ب...ر) لە (ب...ر)ەوە، (ب...ر) گوێت لێمە؟**

قسەکەر لێرەدا بە هێزو ئاوازێکی بەرز چەندجارێك جەخت لەناوی (ب...ر)دەکاتەوە ،دەربڕینی ئەم هێزوئاوازە بەرزەی ئەم گوتنەش، جگەلەوەی ئاگادارکردنەوەی گوێگرە، لەهەمان کاتدا فەرمانێکی ناڕاستەو خۆ تێدایە لە شێوەی بانگکرد ندا ، ئەمەش پلەی بالأدەستیی قسەکەر دەردەخات.

دواترگوێگر وەلأمی دەداتەوە دەڵێ:

**٢/سەرباز: بەڵێ بەڵێ گوێم لێتە.**

شێوازودووباره بوونەوەو خێرایی چۆنییەتی ئەم وەڵام دانەوەی گوێگریش ڕەنگدانەوەی پلەی نزمی گوێگره لەبەرامبەر لیواکە دەردەخات.

لەگوتنی دواتر قسەکەر بڕیاردەدات بچینە ئەو دێیە.وەك دەڵێ:

**٣/لیوا.کاکە مەوەستە، بەرەو دێیەکە هوجووم دەستپێبکەن، بەرەو دێیەکە.....**

لێرەداقسەکەر بڕیاردەدات بەرامبەر سەربازەکانی، کەبەرەو ئەودێیە بڕۆن، بڕیارەکەشی لەشێوەی فەرمانێکی ڕاستەوخۆدایە.

گوێگریش بڕیارەکە وەردەگرێ دەڵێ:

**٤/سەرباز: باشە گەورەم باشە.**

واتە، گوێگرجێبەجێکردنی بڕیارەکەی چەند جارێك دووپاتکردۆتەوە ،بەوەی بەسەر چاوگەورەم بەرەو دێکە هەنگاو دەنێین.

کەسانی ئەم پێگەیە، بەتایبەتی ئەوانەی پێگەیەکی سەربازی باڵایان هەیە، لەگەڵ ئەم ئەرکە جۆراوجۆرانەی کەلە پیشەی پێگەکەیان وەك تاوانبار، پێدراوە، تواناودەسترۆپێشتوویيان لەبەرامبەر کەسانی دەرەوەی پێگەکەی خۆیان هەیە، بەڵام ئەم دەستراگنەیشتنە دەبێ لەبواری یاسادابێ وسنووربەزاندنی تێدا نەبێت. بۆئەم مەبەستە چەند دەقێکی ئاخاوتن لەنێوان (ڕائید)و (تۆمتبار)ێك وەگیراوە و لەخوارەوە ڕووندەکرێتەوە.

**-دەقی ئاخاوتنی ژمارە(٤)، لەنێوان (ڕائید و تۆمەتبارێك):**

**١/+ ق. ڕائید : ئەدی چ دەکەی لێرە؟**

**٢/- گ. تۆمەتبار: والله هی ئیش وکارمان هاتە لێرە.**

**٣/+ ق. ڕائید : کالۆم باسبکە هەتائێستا بەدووکچان دەکەوی ئەوکچانەی کەلەومەکتەبەن بەدووچەند کچی کەتی؟**

**٤/- گ. تۆمتبار : والله یەکەم جار لەکن مۆلیدەی لەوێ بەدووی کچەکی کەتم.**

**٥/+ق . ڕائید: چیت دەکرد؟**

**٦/- تۆمتبار: ئەوهاپێم دە گووت (بەدە ست ئاماژەی بۆدەکات)، ئەگەربیگۆتبایە(.....)ئەوهالۆم هەردەدا.**

**٧/+ ق. ڕائید: لۆت هەردەدا عاردی، یەعنی عازرت دەکرد لەماڵی وەکو قۆپیەی.**

**٨/+ق .ڕائید : ئەوکچانەی وەتلێدەکرد چەند کچ بوون؟**

**٩/- گ. تۆمتبار : چار پێنجەك بوون...**

**١٠/+ ق. ڕائيد : تازەگۆتت شەش حەفتەك بوون.**

**١١/+ . ڕائيد : ئەدی باشە يەك ئەوها بەرامبەر خوشكی تۆبكات ئەتۆ پێت ناخۆش نييە؟**

**١٢/- گ . تۆمتبار : والله بەو خودايە ی نەم زانييە غەڵەتە.**

**١٣/+ ق . ڕائيد : چ؟**

**١٤/- گ . تۆمتبار : : ........، هەتاژيانم مايە جارێكی ترشتی واناكەم.**

**- شيكردنەوەی دەقەكە:**

**★ ليستی هۆكارە بارەدۆخييە كان :**

**- بەشداربوانی ئاخاوتن : (قسەكەر- ڕائيد) ، (گوێگر – تۆمەتبار).**

**- توخم: هاوتوخم (نێر).**

**- مەبەستی وبابەتی ئاخاوتن : لێبرسينەوە لەتۆمەتبارێك لەبارەی گاڵتە كردن بە كچان.**

**- شوێنی ئاخاوتن : بەڕێوەبەرايەتييەك..**

**- كاتی ئاخاوتن : بەيانی.**

لەم دەقەدا قسەكەر بە پێی ئەو شوێن وكات وبابەتەی لەچوار چێوەی پێگە كەيی وئەو دەسەڵاتەی كە ياساڕێی پێداوە لەسنووری ئەركی خۆيدا، دەبينرێ لێپێچينەوە لەتۆمەتبارێك دەكات ، ئەو تۆمەتبارەش كارێكی نابەجێ و نەشياوی ئەنجامداوە بۆيە لێرە دا بەئاشكرا پلەی بالاْدەستيی و شێوازی گوتنە كانی بەهێزی لەبەرامبەر تۆمەتبارديارە.

بەگشتی شێوازو چۆنييەتی لێپرسينەوەی تۆمەتبار لەشێوەی گوتنی پرسياريدان، بەلاّم ئەم پرسيارانە لە پێگەو شوێن و هێزی قسەكەر ئاراستە كراوە ، هەر پرسيارێكيش بەپێی هێزی دەربڕين و دەوروبەری گوتنی پرسيارەكان ئەرك ومەبەستی جياوازييان لەپشتەو پلەی بالاْدەستيی قسەكەر دەردەخەن، مەبەستی پرسيارەكانيش بەگشتی دەرهێنانی زانيارييە، بەلاّم زانيارييەكان كۆمەڵێ مەبەست وئاماژەی جياوازن. ئێستاش لەخوارەوە پرسيارەكان ڕووندەكرێتەوە.

هەرلەسەرەتای جووتە گوتنی يەكەم و دووەميان ،بەتايبەتی جووتە گوتنی دووەم ، شێوازی دەربڕينی ئەم پرسيارانە ، جگە لەداواكردنی زانيارييە لە گوێگر، لەهەمان كاتدا بەپێی دەوروبەر جۆری لێپرسينەوەيان پێوە ديارە. بۆنموونە قسەكەر لەگوتنی (٣)دادەڵێ:

**١/ڕائيد: ئەدی چ دەكەی لێرە؟**

ئەم گوتنەی قسەکەر بەشێوەی پرسیاردەربڕاوە، بەڵام کاتێك دەخرێتە دەوروبەر و ئەو هێزەی لەسەر وشەی پرسیار(ئەدی) جەختی لەسەر کراوەتەوە، ئەوا قسەکەر دەیەوێ بەشێوەی ناڕاستەوخۆ سەرەتا تاوانەکەی لێدەربهێنێت و بەسەریدا ساغ بکاتەوەو بیسەلمێنێ کە بۆتاوان هاتۆتە ئێرە، لەکاتێکدا گوێگر لەگوتنی (٢)دا هەروەك لەپاشکۆی گوتنەکان ئاماژەی بۆکراوە گوتبووی: **هیلای کەرکوکم و لەتەق تەق دادەنیشم.**

تۆمەتباریش لەبەرمبەردا دەڵێت:

**٢/ تۆمەتبار: وەڵڵاهی ئیش وکارمان هاتە ئێرە.**

لێرەدا گوێگر (پۆزش) بۆقسەکانی خۆی دەهێنێتەوە بەوەی بۆ ئیش و کار هاتومەتە ئێرە، ئەم پاکانە کردنەش لەڕێگەی سوێند خواردنەوە دەربڕیوە بەوەی باوەڕ بەقسەکەر بهێنێت.

پاشان ئەفسەر لەلێپرسینەوەی تۆمەتبار بەردەوام دەبێت، تادەگاتە ئەو شوێنەی کەدەڵێ:

**٣/ ڕائید: کالۆم باس بکە هەتائێستا بەدووکچان دەکەوی، ئەوکچانەی کەلەو مەکتەبەن بەدوو چەند کچی کەتی؟**

ئەفسەر لەم گوتنەیدا ئەمجارە جگە لەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ تاوانەکەی گوێگر دەسەلمێنێ، هاوکات تاوان باریشی دەکات ،پاشان فەرمانیشی پێدەکات کەلەبەرامبەر چەند کچ ئەوکارەت نابەجێیەت ئەنجامداوە.

تۆمەتباریش دوای دڵنیابوون لەتاوانەکەی دەڵێ:

**٤/ تۆمەتبار: وەڵڵاهی یەکەم جار لەکن مۆلیدە بەدوو کچەکی کەتم.**

تۆمـەتبار لێـرەدا بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ دان بـەبوونی تاوانەکـەی دادەنێـت و شـوێن و ژمـارەی ئەوکچانەی کەلەبەرامبەریاندا ئەو کارە نەشیاوەی ئەنجامیداوە ڕوونیدەکاتەوە.

پاشان ئەفسەر دەیەوێ چۆنییەتی تاوانەکەی بزانێ، بۆیە پێی دەڵێ:

**٥/ڕائید: چیت دەکرد؟**

ئەم گوتنە دیسانەوە لەشێوەی پرسـیاردایە، بـەڵام لەڕاسـتیدا بـەپێی دەوروبـەری گوتنەکـە و ئـەو شوێنەی ئەو گوتنەی تێدا دەربڕاوە فەرمانێکی ناڕاستەوخۆیە،بەوەی پێم بڵـێ چۆنییەتی تاوانەکـەت چۆن بوو؟

تۆمەتباریش پێی دەڵێ:

**٦/تۆمەتبار: ئەوها پێم دەوت (بەدەست ئاماژەی بۆدەکات)، ئەگەر بیگوتبایە ئەوها لۆم هەردەدا.**

لەم گوتنەدا تۆمەتبار ڕاستیی و چۆنییەتی تاوانەکەی بۆ ئەفسەر ئاشکرا کردووە، بەوەی تاوانەکەم ئەوها ئەنجامداوە.

ئەفسەریش بەتوانجەوە پێی دەڵێت:

**٧/ ڕائید: لۆت هەردەدا عەردی، یەعنی عازرت دەکرد لەماری، وەکو فۆپیەی.**

لەم گوتنەدا بەکارهێنانی دەستەواژەی "وەکو فۆپیەی" جۆرێ لە(توانج) گرتنی لەبەرامبەر تۆمەتبار تێدایە، چونکە لێرەدا لەڕێگەی خواستنەوە ژمارەی مۆبایلی بەفۆپیە چواندووە، ئەمەش ناگونجێ.

ئەفسەر لەگوتنێکی تردا بەوەی ڕاستی و یەقینی لەبارەی ژمارەی کچەکانی بۆ دەرکەوێ، بۆیە دووبارە پرسیارلە تۆمەتبار دەکات و پێی دەڵێ:

**٨/ تۆمەتبار: ئەوکچانەی کە وەتلێدەکردن چەند کچ بوون؟**

ئەو گوتنە پرسیاریەی ئەفسەر بەپێی دەوروبەری گوتنەکە مەبەستی پێی داواکرنی زانیارییە لەبارەی ڕاستیی ژمارەی کچەکان،بەڵام پرسیارە داواکراوەکە لەپێگەی هێزی ئەفسەر ئاڕاستەکراوە.

تۆمەتباریش ڕاستەوخۆ وەڵامی دەداتەوەو ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ:

**٩/ تۆمەتبار: چار پێنجەك بوون.**

بەڵام ئەفسەرەکە قسەکەی ڕەتدەکاتەوەو پێی دەڵێ:

**١٠/ ڕائید: تازە گوتت شەش حەفتەك بوون.**

لەم گوتنە هەواڵییەی ئەفسەر، دەبینرێ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەفسەرەکە جگە لەوەی ئەم ژمارەیە ڕەتدەکاتەوە، لەهەمان کاتیشدا بەپێی دەوروبەری گوتنەکەی بەدرۆخستنەوەی قسەکانی تۆمەتبارە، چونکە پێشتر گوتبووی ژمارەیان شەش حەفتەك بوون، ئەم شێوە ناڕاستەوخۆیەی ئەفسەر جۆرێ لە ڕێز و نەشکانەوەی لێدەکەوێتەوە.

ئەفسەر لەپرسیارەکانی بەردەوام دەبێ، بەڵام یەك لەو پرسیارانە کەزۆر کاریگەریی ڕەهەندی دەروونی لەبەرامبەر تۆمەتبار دەردەخا و پێی دەڵێ:

**١١/ ڕائید: ئەدی باشە یەك ئەوها بەرامبەر خوشکی تۆ بکا ئەتۆش پێت ناخۆش نییە؟**

ئەو گوتنەی ئەفسەر ئەگەر چی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پرسیار دەربڕاوە، بەڵام کاتێك ئەم گوتنە دەخرێتە دەوروبەر گلەیکردنی ئەفسەر لەبەرامبەر تۆمەتبار بەو کارە ناشیرنەی کەئەنجامیداوە.

ئەم گوتنە کاریگەرییەی ئەفسەر وادەکا تۆمەتبار بڵێ:

**١٢/ تۆمەتبار: وەڵڵاهی بەو خودایە نەمزانی غەڵەتە.**

تۆمەتبار لێرەدا جگەلەوەی دان بەتاوانەکەی خۆیدا دا دەنێ هاوکات ،پۆزش لەڕێی دەربڕینی سوێند خواردنەوە دەهێنێتەوە، کەبەئەنقەست وەمنەکردووە، بەڵکو لەئەنجامی نەزانینەوە ئەم کارەمکردووە. ئەویش مەبەستێکی تری پۆزشی تۆمەتبارە بەتاوانەکەی.

بەڵام ئەفسەر پۆزشەکەی ڕەتدەکاتەوە، بەڵام ئەم جارە بەشێوەی پرسیاری، وەك پێی دەڵێ:

**١٣/ ڕائید: چ؟**

ئەم گوتنە پرسیارییەی ئەفسەر لێرەدا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ڕەتکردنەوەی پۆزشەکەی تۆمەتبارە.

تۆمەتباریش لەبەرامبەردا قسەکانی ئەفسەر ڕەتناکاتەوە و دەڵێ:

**١٤/ تۆمەتبار: هەتا ژیانم هەیە جارێکی تر شتی واناکەم.**

ئەگەر چی ئەم گوتنەی تۆمەتبار بەشێوەی هەواڵ دەربڕاوە، بەپێی ئەو شوێنەو دەوروبەری ئەم گوتنەی تێدا گوتراوە،پەشیمانبوونەوەی تۆمەتبارەو بەپەیمان دانییەتی لەوەی کەجارێکی تر ئەم کارە قێزەونە دووبارە نەکەمەوە.

## ٣ / ٣ ـ ٣ ـ٢ ـ ٦) باڵادەستیی زمان پەیوەست پێگەی ئابووری:

پێگەی ئابووریش یەکێکە لەو پێگانەی ڕۆڵی گرنگی لەهاتنەکایەوەی باڵادەستیی زمانی لەنێو ئاخێوەراندا هەیە، چونکە ئەم پێگەیە پێوەرێکە لەو پێوەرانەی ئاست و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی ئاخێوەران دیاریدەکات و کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوت و زمان و شێوازی قسەکردنی تاك لەکۆمەڵگە دادەبێ. (١)

ئەم پێگەیە لە نێو هەر کۆمەڵگەیەکدا، لەڕابردو و لە ئێستاشدا یەکێك بووە لەو پێگە دیارانەی کاریگەریی زۆری لەدەستنیشانکردنی ئاستی کۆمەڵایەتی ئاخێوەران و کۆمەڵگە بەگشتی دیووە، کۆمەڵگەی کوردیش لەم ڕوانگەیەوە بەدەر نییە، کەسانی خاوەن ئەم پێگەیە دەبینرێ بەئاشکرا جگەلەوەی ڕەنگدانەوەی پێگەکەیان پێوە دیارە، کاریگەرییان لەسەر زمان و شێوازی دەربڕینی قسەکردنییان لەبەرامبەر خۆیان و بەردەستەکانییان بەتایبەتی و کۆمەڵگە بەگشتی هەیە ، لێرەدا لەبابەتی ئەم پێگەیەدا هەوڵدەدرێ لەرێگای ئەم نموونە جیاوازییانەی کەبۆ ئەم پێگەیە وەرگیراوە،شێوازی قسەکردن و ڕەهەند و کاریگەرییەکانی ئەم پێگەیە پەیوەست بە خودی ناوەوەی پێگەکەو دەرەوەی پێگە دەستنیشان بکرێ و فۆرم و پێوەرەکانی باڵادەستیی زمان لەڕوانگەی ئەم پێگەیە تێیدا بدۆزرێتەوەو ڕوونبکرێتەوە.

---

(١) بۆزانیاری زیاتر لەبارەی لایەنی تیۆری ئەم پێگەیە بڕوانە: بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە،پاری ( ٥/٣/٢ ).

**دەقی ئاخاوتنی ژمارە (١) لەنێوان وەستاو شاگرد:**

**١/ +ق.وەستا: (ع...ل).**

**٢/- گ(١) شاگرد: بەرێ.**

**٣/ +ق.وەستا: وەرە ئەو چواردەیەم بدەوە.**

**٤/- گ(١)شاگرد: دانەوەی سوپانەکە.**

**٥/ _ گ (١)شاگرد: وەستا بیکەم؟**

**٦/+ ق. وەستا: لۆخۆت ئەو سەیارەیە تەواو بوو بڕۆ بیکە.**

**٧/+ ق. وەستا: وەرە کاکە گیان تایەی پێشەوە ببەستەوە.**

**٨/- گ(١)شاگرد: تایەکانی پشتەوە لێدەکەینەوە.**

**٩/+ق. وەستا: تایەوێ پێشەوەیە. کەی فێرت کەم نازانم بۆ فێرنابی؟**

**١٠/- گ (١-٢) شاگرد: هەردوو شاگرد پێکەوە قسەدەکەن و یەك لەشاگردەکان بەشاگردەکەی تر دەڵێ:(ح...ە) یەك قسەت پێبڵێم.**

**١١/+ وەستا: قسەمەکە، کارو ئیشی خۆتان بکەن، دەی یەڵڵا ئیشی خۆتان بکەن.**

**١٢/ - گ. شگردێکیان: وەستا بمان بوورە.**

**-شیکردنەوەی دەقەکە:**

**-لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان:**

**-بەشداربووانی ئاخاوتن: (قسەکەر - وەستا) ، (گوێگری یەکەم و دووەم - شاگرد)**

**-توخمی بەشداربووان: هاوتوخم (نێر)**

**-مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: چاککردنەوەی تایەکانی ئۆتۆمبێلێك.**

**-شوێنی ئاخاوتن: هەولێر، پیشەسازی دارەتوو، دووکانی فیتەری.**

**-کاتی ئاخاوتن: بەیانی.**

لەم دەقەی ئاخاوتنەی سەرەوەدا قسەکەر بەپێی ئەو شوێن و پێگە ئابورییەی هەیەتی لەبەرامبەر گوێگرەکانی باڵادەستەو توانای دەستڕۆیشتوویی بەسەریانەوە هەیە، چونکە قسەکەر لێرەدا خاوەن دەسەڵاتێکی ئابورییەو شارەزایی و ئەزموونیش لە پیشەکەیدا لەبەرامبەر گوێگرەکان زیاترە و

وایکردووە شێوازی گوتن و دەربڕینەکانی بەهێز بن، لەبەرامبەردا شێوازی دەربڕینی گوتنەکانی گوێگرەکان بێهێزی و ژێردەستییان پێوەدیاربێ، چونکە جگە لەڕووی پێگەو ئاستی ئابووری لە شاگردەکان زیاترە، لەڕووی ئەزموونی و شارەزایی لەپیشەکەشدا هەیە لەئاست قسەکەردا نین. لە کلتوری کوردیدا، بەبێ گەڕانەوە بۆ دەوروبەر، فۆڕمی وشەی "وەستا" وەك نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی نوێنەری پلەو پایەیدەسەڵاتە، فۆڕمی وشەی "شاگرد"دیش وەك نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی هاوکاریی و ژێردەستیی و ئاست نزمی لەبەرامبەر وەستا نیشاندەدات، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری فۆڕمەزمانییەکانی نێوان (وەستا و شاگرد)بکرێ،دەبینرێ بەئاشکرا باڵادەست و ژێردەست لەئارادەبێت.

بۆنمونە: لەگوتنی(١) "وەستا" هەر لەسەرەتاوە بەدەنگێکی بەرز بانگی "شاگرد"دەکەی دەکات و دەڵێ:

**١/وەستا: (ع...ل).**

لێرە قسەکەر (وەستا) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بانگی شاگردەکەی دەکات، بەڵام کاتێکیش ئەم گوتنە دەخرێتە دەوروبەر بەپێی ئەو شوێن و ئاوازەی بەرزی دەربڕینەکەو ئەو پێگەیەی کەئەم گوتنەی تێدا وتراوە، ئەم شێوە بانگکردنە لەشێوەی فەرمانی ناڕاستەوخۆ دایە، چونکە قسەکەر مەبەستی لەم بانگکردنەی گوێگر ئەوەیە کە وەرە کارم پێتە و وەڵام بدەرەوە.

گوێگریش (شاگرد) لەبەر ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی قسەکەردایە و دەبێ وەڵامی بداتەوە، بۆیە دەڵێ:

**٢/شاگرد(١): بەڵێ.**

ئەم (بەڵێ)یەی گوێگر وەڵام دانەوەو نیشاندانی ئامادەیی بانگکردنەکەی قسەکەرە، بەواتای وەستا فەرموو چیت پێویستە، چونکە ئەگەر گوێگر وەڵام نەداتەوە ئەوا لەوانەیە قسەکەر هەڵوێستی خۆی هەبێت.

دوای ئەم بانگکردنەی قسەکەر و وەڵامدانەوەی گوێگر، وەستا دەڵێ:

**٣/وەرە ئەو چواردەیەم بدەرەوە.**

وەستا لەم گوتنەیدا، ئەم جارە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بانگی گوێگر بەشێوەی فەرمانێکی ڕاستەوخۆی نزیك کردووە، ئەو فەرمانە ڕاستەوخۆیەش لەشێوەی داوایەکی ناڕاستەوخۆدایە، بەڵام دەبێ جێبەجێبکرێت، چونکە فەرمانە داواکراوەکە لەپێگەی هێزی قسەکەر دەربڕاوە.

دەبینرێ گوێگریش فرمانەکەی جێبەجێکردووە و سوپانەکەی بۆهێناوە، هەروەك لەگوتنی (٤) دا ئاماژەمان بۆیکردووە.

ئەم دەسەڵاتە ئابورییەی قسەکەر وادەکات کە شاگردەکە هیچ شتێك بەبێ پرسی ئەو نەکات، چونکە کاتێك لەقسەی دەردەچێ ئەوا لەوانەیە توشی لێپرسینەوە بێت. بۆیە لەگوتنی(٤)دا، بۆیە پرسیار لەوەستاکەی دەکات و دەڵێ:

**٤/بیکەم؟**

ئەم گوتنەی شاگردەکە ئەگەر چی لەشێوەی پرسیار دەربڕاوە، بەڵام لەڕاستیدا لەڕووی ناوەرۆکەوە داواکردنی شتێکی شاگردە لەوەستاکەی، چونکە شاگردەکە لێرەدا ناتوانێ بەبێ پرسی وەستاکەی شتێك بکات، بەپێچەوانەوە توشی لێپرسینەوەی دەبێت.ئەم داواکردنەی شاگرد بەبەراورد لەگەڵ داواکردنی قسەکەر تەواو جیاوازە، چونکە پێگە جیاوازییەکەی نێوانیان ئاراستەی داواکەیان دیاریدەکات.

وەستاش وەڵامی دەداتەوە دەڵێ:

**٥/لۆخۆت ئەو سەیارە تەواو بوو بڕۆ بیکە.**

وەستا لێرەدا سەرەڕای ئەوەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داواکەی گوێگری ڕەتکردۆتەوە، لەهەمان کاتیشدا مەرجی داناوە بۆکردنی ئیشەکەی،مەرجەکەش ئەوەیە کە کەی ئەو ئۆتۆمبێلە تەواو بوو دەتوانی بچی بیکەی. واتەیی گوتنەکەش ئەوەیە، کەئێستا نابێت بڕۆی، چونکە ئۆتۆمبێلەکە کاری لەناوداماوە، ئەمەش باڵادەستیی ئاشکرای وەستا لەبەرامبەر شاگردەکە دەردەخا.

وەستا لەگوتنی(٦)دا گلەیی خۆی لەبەرامبەر شاگردەکە دەربڕیوەو دەڵێ:

**٦/وەستا: نایەوێ پێشەوە، کەی فێرت کەم، نازانم بۆچی فێرنابی؟**

سەرەتای ئەم گوتنەی وەستا وەڵام دانەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵەی ئەو شاگردەیە گوتووبوی:

**٧/شاگرد: تایەی پێشەوە لێ دەکەینەوە.**

بەڵام لەکاتێکدا وەستا بەئەوانی گوتووە تایەکانی پێشەوە ببەستەوە، هەروەك لەگوتنی (٨)دەڵێ:

**٨/وەرن کاکە یەکتان تایەی پێشەوە ببەستنەوە.**

ئەگەر چی وەستا دووبارە فەرمانێکی لەشێوەی داوادەربڕیوە، بەڵام مەبەست و ئامانج و کار چاککردنەوەی لایەنێکی تری ئۆتۆمبێلەکەیە.

بۆیە گوتنی ژمارە (١٠)ی دواتری وەستا لەشێوەی پرسیار دەربڕاوە ،بەڵام کاتێك دەخرێتە دەوروبەر گلەیکردنی وەستاکەیە لەبەرامبەر شاگردەکە، بەوەی نازانم بۆ چی فێر نابی؟ لەکاتێکدا چەند جار فێرم کردووی.

دوابەدوای کاری نێوان وەستا و شاگردەکان، لەکاتێکدا هەردووشاگردەکە گفتوگۆ و قسەدەکەن، یەك لە شاگردەکان بە شاگردەکەی تر دەڵێ:

**٩/ (م...د) یەك قسەت پێبڵێم**

بەڵام لەناکاو وەستاکەیان قسەکەیان پێدەبڕێ و دەڵێت:

**١٠/ وەستا: قسەمەکەن، کاکە ئیشی خۆتان بکەن، دەی یەڵڵا ئیشی خۆتان بکەن.**

ئەم گوتنانەی وەستا جگە لەوەی بەفەرمانێکی بەهێزی ڕاستەوخۆ دەربڕاوە، بەڵام کاتێك ئەو گوتنانە دەخرێتە دەوروبەر و بەپێی هێزی دەربڕینی گوتنەکان ئەرکی هەڕەشەکردنی لەپشتە، چونکە ئەگەر شاگردەکان بێدەنگ نەبن و لەقسەکردن بەردەوام بن ئەوا وەستا لەوانەیە هەڵوێستی خۆی هەبێت و دواتریش بێدەنگیان بکات.

بۆیە لەگوتنی دواتردا دەبینرێ کاریگەریی هێزی دەربڕینی گوتنەکەو پێگەی وەستا،وا لەشاگردەکان بکات، داوای لێبوردن بکەن. بۆیە یەك لەشاگردەکان بەئاوازێکی نزم دەڵێ:

**١١/ شاگرد: وەستا بمان بوورە.**

لێرەدا شاگردەکە لەجیاتی شاگردەکەی تریش لەشێوەی فەرمانێکی بێهێز داوای لێبوردن و پەشیمانبوونەوە دەکات لە ئەوکارەی کە ئەنجامیانداوە.

بوونی ئەم جیاوازییە ئابووریە تەنها لەچوارچێوەی پێگەیبەردەستی ڕاستەوخۆی نێوان بۆنموونە وەك: (وەستاو شاگرد، خاوەن ماڵ و خزمەتکار...هتد) خۆی نابینێتەوە، بەڵکو سەردەکێشێ بۆ دەرەوەی ئەم پەیوەندیە ستوونیانە،بەڵام هەرلەچوارچێوەی پەیوەندیی ستوونیانەدا دەبینرێت.بۆنموونە پەیوەندیی نێوان (سواڵکەرێك و کەسێك) نموونەی دەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی ئەم پێگەیە،چونکە لایەنی هێزو دەسەڵاتی ئابووری،لێرەدا یەکێکە لەو پێوەرە گرنگانەی کە ئەم پەیوەندییە ستونییەی نێوان سواڵکەرێك و کەسێکی دەوڵەمەندی ڕەنگرێژ کردووە. لەکۆمەڵگەی کوردیدا ئەم ڕوانگە پەیوەندییە ستونییەی دەرەوەی ئەم پێگەیە، ڕۆژانە بەئاشکرا لەسەر بنەمای دەسەڵاتی ئابووری دەبینرێت. کەسانێك هەن لەڕووی ئابووریەوە هەژارن و بێهێزن و ئاستییان بەبەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەدا نییە کە ڕووبەڕووی دەبنەوە بەمەبەستی یارمەتیدانیان، هەندێجاریش ئاڕاستەییان دەکرێت. لێرەدا نموونەیەکی زیندووی نێوان ئەم کەسانە وەرگیراوەو تێیدا لەڕێگای شیکردنەوەی گوتنەکانیان کاریگەریی ئاستی دەسەڵاتی ئابووری لەسەر زمان وشێوازی قسەکردنی هەریەکەیان شێدەکرێتەوە.

**دەقی ئاخاوتنی ژمارە (٢)لەنێوان (سواڵکەر و دەوڵەمەند):**

**١/ +ق(١)سواڵکەر: کاکە خێرەکم پێبکە.**

**٢/+ ق(٢)کەسی دەوڵەمەند:خوا بمان داتێ.**

**٣/+ق(١)سواڵکەر: کاکە توخوا خێرەك لۆ مارو مندارتان.**

**٤/+ ق(٢)کەسی دەوڵەمەند: برام لۆ ئیشەکی ناکەی؟**

**٥/+ق(١)سواڵکەر: وەڵڵا کاکە هیچ ئیش نییە.**

**٦/ + ق(٢)کەسی دەوڵەمەند: کاکە کارتی بفرۆشە.**

**۷/+ق(۱)سواڵکەر: وەڵڵا پارەم نییە ،لۆ ئیشەکی خێرەکم پێبکەن.**

**۸/+ ق(۲)کەسی دەوڵەمەند: ... ها کا ها...**

**۹/ +ق(۱)سواڵکەر: خواخێرتان بنوسێ، خوا لەبەلایان دوورتان بکا إن شاء الله.**

- **شیکردنەوەی دەقەکە:**

**★لیستی هۆکارەبارودۆخیەکان:**

- **بەشداربووانی ئاخاوتن: (قسەکەری یەکەم - سواڵکەر) ، (قسەکەری دووەم - دەوڵەمەند).**
- **توخمی بەشدابووان: هاوتوخم (نێر).**
- **مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: داواکردنی یارمەتی.**
- **شوێنی ئاخاوتن: هەولێر، بازاڕی ئیسکان.**
- **کاتی ئاخاوتن: ئێوارە.**

بەگشتی ئەگەر سەیری گوتنەکانی ئەم ئاخاوتنەی سەرەوە بکرێ، قسەکەری یەکەم (سواڵکەر) لەبەرامبەر قسەکەری دووەم(کەسی هەبوو) هەژاریی و ئاستی نزمی ئابووری بەبەراورد لەگەڵ(کەسی دەوڵەمەند) کەلەڕووی بارودۆخی ئابوورییەوە لەو بەرزترە، شێوازی گوتنەکانی بێهێزی زۆرو ژێردەستیی لەبەرامبەر قسەکەری دووەم دیارە، کەئەویش گوتنەکانی بەشێوەیەك لەشێوەکان باڵادەستیی تێدا لەبەرامبەری دەردەکەوێ.

بۆنموونە، هەرلەسەرەتاوە، سواڵکەر، ژێردەستیی ئابووری خۆی لەبەرامبەر کەسی دەوڵەمەند نیشاندەدات، ئەمەش لەڕێگای ئەو ئاوازە نزمەو چۆنییەتی دەربڕینی ئەو فەرمانە بێهێزەی کەلەبەرامبەر دەوڵەمەندەکەی دەریبڕیوە، هەروەك لەگوتنی(۱)داپێی دەڵێ:

**۱/سواڵکەر/کاکە خێرەم پێبکەن.**

ئەم گوتنی سواڵکەر ئەگەرچی لە شێوەی فەرمان دەربڕاوە، بەڵام بەپێی پێگەی کەسەکەو ئاوازی نزمی دەربڕینی گوتنەکە ،فەرمانێکی بێهێزە، ئەم فەرمانە بێهێزەش بەپێی دەوروبەر لەشێوەی داواکردنێکی ناڕاستەو خۆدایە، لێکەوتەی گوتنەکەش بەپێی دەوروبەر واتای ئەوەدەدات کەمن پێویستیم بەیارمەتی و هاوکاری تۆیە.

کەسی دەوڵەمەندیش لەبەرامبەردا دەڵێ:

**۲/کەسی دەوڵمەند:کاکە خوابمان داتێ.**

لێرەداقسەکەری دووەم، بەشێوەیەکی ڕێزەوە بۆئەوەی سواڵکەرەکە نەشکێتەوە بەسەرخۆیدا ،خۆی هێناوەتە هاوشانیی، بەوەی خوایارمەتیمان بدات، بەڵام لەڕاستیدا ئەم گوتنە ئەگەرچی لەشێوەی هەواڵ دەربڕاوە، بەڵام بەپێی پێگەو دەوروبەری کەسی گوتراو بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ڕەتکردنەوەی داواکەیەتی، واتە ناتدەمێ، چونکە لێرەدا هەژارەکە ڕووی دەمی کردۆتە کەسێك کە لەڕووی پێگەی

ئابوورییەوە لە ئەو بەرزترە.پاشان سوالکەرەکە لەداواکەی بەردەوام دەبیٚ، بەلام ئەمجارە بۆ داواکەی شیٚوازیٚکی تر بەکاردیٚنیٚت، کەزیاتر هەژاریٚتی و ژیٚردەستی خۆی نیشاندەدات، وەك لەگوتنی (٣)دا دەلیٚ:

**٣/سوالکەر: توخوا خیٚرەك بۆ مالو مندالتان.**

لیٚرەدائەمجارە سوالکەرەکە لەشیٚوەی تکاکردنیٚکی ڕاستەوخۆ داوای یارمەتی دەکات، بەلام شیٚوەی تکاکردنەکەی ستراتیژی تیٚدایە، بۆئەوەی دەولەمەندەکە ڕازی بکات، ئەمەش لە ڕیٚگای بەکارهیٚنانی (مال و مندالتان)،واتە ئەگەر بۆخۆت ئەو کارەت ئەو کارە ت ناویٚ بابۆ مال و مندالت بیٚت.

کەسی دەولەمەندیش وەلامی دەداتەوە، بەلام وەلامیٚکی دلخۆشکەرنا،هەروەك پیٚی دەلیٚت:

**٤/کەسی دەولەمەند: برام بۆئیشیٚك ناکەی؟**

ئەم گوتنەی کەسی دەولەمەند ئەگەرچی لەشیٚوەی پرسیاردەربڕاوە، بەلام کاتیٚك دەخریٚتە دەوروبەر گلەیکردنە لەسوالکەر،لیٚکەوتەی گلەیکردنەکەش ئەوەی لیٚدەکەویٚتەوە کەتۆ ئیشەکی بکەی باشترە لەوەی کەدەیکەیت ،لیٚرەدا خستنە سەری (هیٚز) لەسە ر وشەی پرسی(بۆ) ئەم گلەییکردنەی زیاترگەلالە کردووە . سوالکەرەکەش لەبەرامبەدا دەلیٚ:

**٥/وەللاکاکە ئیش نییە.**

کەسی سوالکەر لەڕیٚی سویٚند خواردنەوە، دەیەویٚ قسەکەر باوەڕی پیٚبکات کەهیچ ئیش و کاریٚك نییە، بۆیە ئەو کارە دەکەم، ئەگەرنا ئەو کارەناکەم. لیٚکەوتەی گوتنەکانی لەشیٚوەی پۆزش هیٚنانەوەیە بۆکارەکەی.

کەسی دەولەمەندیش پیٚی دەلیٚ:

**٦/کەسی دەولەمەند بڕۆ کاکە کارت بفرۆشە:**

لیٚرەدا قسەکەر ئەگەرچی پۆزشەکەی بەشیٚوەی ناڕاستەوخۆ ڕەتکردۆتەوە، بەوەی کەدەلیٚ هیچ کاریٚك نییە بکەم ،بەلام لەگەل ٚئەوەشدا ڕیٚگاچارەی بۆدەدۆزیٚتەوە لەدەستهەلگرتن لەو کارەی،ئەویش کارت فرۆشتنە، کە لە ڕیٚگای فەرمانیٚکی ناڕاستەوخۆ و بە پیٚی دەو روبەری ئەو گوتنەی کە ئەو فەرمانەی تیٚداوتراوە ئامۆژگاری سوالکەر دەکات کە بڕۆ کارت بفرۆشە.سوالکەرەکە دووبارە پۆزش دەهیٚنیٚتەوە ، بەلام پۆزشەکەی بەشیٚوازیٚکی ترە، هەروەك دەلیٚ:

**٧/سوالکەر : وەللاپارەم نییە بۆ ئیشیٚك.**

لیٚرەدا ئەم پۆزشەی سوالکەر لەگەل پۆزشەکەی پیٚشوو یەك ناگریٚتەوە،چونکە لەهی ڕابردوو گوتبووی هیچ کاریٚك نییە بۆیە ئەو کارەدەکەم، کەچی ئیٚستا پۆزش بەوە دەهیٚنیٚتەوە پارەم نییە بۆیە ئەو کارەدەکەم، ئەمەش دیسانەوە لەڕیٚی سویٚند خواردنەوە جەختی لەسەر پۆزشەکەی کردۆتەوە.کەسی دەولەمەندیش لە دواییدا ئەگەرچی پارەی دەداتیٚ، وەك پیٚی دەلیٚ:

**٨/ها...كاكه ها...**

لێرەداكەسی دەوڵەمەند پارەی پێدەدا، بەڵام بەشێوازێك جۆرێ لەناڕەحەتی پێوەی دیارە. سوالكەرەكەش لەبەرامبەرئەوپارەدانە بەكەسی دەوڵەمەندەكە دەڵێ:

**٩/خواخێرتان بنوسێ، خوا لە بەڵایان دوورتان كا إن شاءالله.**

سوالكەرەكە لێرەدا دوعا وپاڕانەوەی بۆدەوڵەمەندەكە كردووە لەبەرامبەر ئەو یارمەتیدانەی. واتە،داوای لە كەسێك كردووە كەلەسەرووی هەرەبەرزی دەوڵەمەندەكەیەوە، كەئەویش (خوای گەورەو میهرەبانە)، بێگومان ئەم شێوازە قسەكردنەیش كاریگەریی خۆی لەسەر بەرامبەر دەبێت.

زۆر جار خراپ بەكارهێنانی ئەو دەسەڵات لەبەرامبەر بەردەست و دەرەوەی بەردەستی ئەم پێگەیە دەمەقاڵی لێدەكەوێتەوە ، یاساكانیش دەبەزێنرێت، بەمەش كەسانی پێگەی ئابووری لەم جۆرە پشتگیری تری دەبێ لەلایەن كەسانی تری خاوەن پێگە.ئەم ڕوانگەیە لە ئێستای كۆمەڵگەو كلتوری كوردیدا ڕوودەدات دەبینرێت. لەم ڕوانگەیەوە نموونەیەكی تری ئەم پێگەیە لەچوارچێوەی كاریگەریی و ڕەهەندەكانی لەسەر خاوەن پێگەو تاك و كۆمەڵگە بەگشتی هێنراوەتەوە.

**دەقی ئاخاوتنی ژمارە(٣)، لەنێوان (خاوەن خانوو، كرێچیەك)[(١)]**

**- شیكردنەوەی دەقەكە:**

**★ لیستی هۆكارە باروو دۆخییەكان:**

**- بەشداربوانی ئاخاوتن: (قسەكەری یەكەم –خاوەن ماڵ)،(قسەكەری دووەم-كرێچی).**

**- توخمی بەشداربووان: قسەكەری یەكەم (نێر)،قسەكەری دووەم (مێ).**

**- مەبەستو بابەتی ئاخاوتنەكە: خۆشكردنی خانووی خاوەن ماڵ.**

**- شوێنی ئاخاوتن: سلێمانی –سەید سادق.**

**- كاتی ئاخاوتن: بەیانی.**

ئەم دەقەی ئاخاوتنە لەنێوان دووكەس دایە، كەسی یەكەم كە قسەكەرێكە خاوەن ماڵ و پێگەیەكی ئابووریی هەیە، لەم ڕووەوە لەكەسی دووەم ئاستی بەرزترە وباڵادەستیی لەبەرامبەریدا پێوەی دیارە ، قسەكەریدووەمیش بەپێچەوانە لەڕووی ئابوورییەوە ئاستی نزمە . خراپ بەكارهێنانی ئەم دەسەڵاتەی

---

(١) لەبەر ئەوەی دەقەكانی ئەم ئاخاوتنە زیاتر لەسەر زاری كرێچییەك بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆوەرگراوە بۆیە سەرەتا وەك نموونەی یەكەم و دووەم خودی گفتوگۆی نێوان (خاوەن ماڵ و كرێچی) لەپێش شیكردنەوەی دەقەكان، بەم شێوازە ئاماژەی پێنەكراوە، بەڵكو هەرلەگەڵ شیكردنەوەی دەقەكان ئاماژەمەی پێكراوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە كاریگەریی پێگەكەیە لەبەرامبەر بەردەست و دەرەوەی پێگەكە بەپلەی یەكەم، هەروەها هەوڵدراوە زیاتر جەخت لەسەر ئەو گوتنانە بكرێتەوە كەباڵادەستییەكی زۆر بەهێز و كاریگەریی دەروونی لەسەر بەرامبەر جێدەهێڵن، ئەمەش مەبەستی ئێمەیە، لەلایەكی ترەوە بۆئەوەی خۆمان لە شێوازی گوتنەكانی باڵادەستیی دووبارە بپارێزین.

لەبەرامبــەر قســەكەری دووەم ، جگەلــەوەی وایكــردووە شــێوازی قســەكردنەكانی باڵادەســتییەكی زۆر بــەهێزیان پێــوە دیاربێ،واشــیكردووە ســنوور و یاســاكانی نێــو پێگــەی یاســاش بشــكێنێت و كاریگــەریی دەروونی خراپیش لە سەربەرامبەر دروستبكات.ئێستاش لەخوارەوە ئەم ڕەهەندو كاریگەرییەكانی ئەم پێگەیە لەڕێگای نموونەی دەقەكانــەوە دەستنیشــاندەكرێ بــۆ نموونــە . هەرلەســەرەتاوە خــاوەن خــانوو هەڕەشەی لەكرێچی كردووە ، هەروەك پێی دەڵێ:

**١/خاوەن خانوو:خانووەكەم بۆ چۆڵكەن.**

لێرەدا خاوەن خانوو فەرمان بەكرێچییەكە دەكات كەخانووەكەم بۆچۆل كەن، ئەم فەرمانەش بەپێی دەوروبەرو هێزی دەربڕینی گوتنە،كە هەڕەشەكردنێكی ناڕاستەوخۆی لە پشتە، چونكە ئەگەر كەسی كرێچی خانووەكە چۆڵ نەكات لەوانەیە هەڵوێستی تری هەبێت، كەلەڕاستیدا هەڵوێستی تری نواندووە، كەلەدواییدا دەردەكەوێ.ئەم شێوازەی دەربڕینی گوتنەش پلەی باڵادەستیی لەبەرامبەركەسی كرێچییەكە دەردەخات.

كرێچــی لەبەرامبــەر ئــەم هەڕەشــانەی خــاوەن خانوو،ناچــار ڕووی كردۆتــە دادگــاو بەمەبەســتی سكاڵاتۆماركردن لەدژی. بەڵام خاوەن خانووشكۆی داوای ژنەكەی ڕەتكردۆتەوە ،ئەمەش لەدوای ئــەوەی كەلەدادگاش دۆڕاندوویەتی .....واتە لێرەدا خاوەن خانوودەسەڵاتی یاساشی تێپەڕاندووە و ڕەتیكردۆتەوە . هەروەك بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ كرێچییەكە لەسەرزاری خۆی دەڵێت:

**٢/خاوەن خانووەكە چوو شكایەتی لێكردووین، گوتی : ((خانووەكەم بۆچۆل كەن ئەو لەمەحكەمە داوەكەی دۆڕاندو حاكم خانووەكەی دایەوە بەمن و ووتی: برۆ دانیشە تیایدا،ئیتر ئەم خاوەنماڵەش بەم قەناعەتی نەكرد ،هاتە سەرماڵەكەم و قفڵی شكاندو دەرگای حەوشەكەی شكاندووەو ماڵەكەشی هێناوەتە سەرجادە...)).**

كەواتە، لێرەدا بەكارهێنانی ئەم دەســەڵاتەئابوورییە ،كەبــەم شــێوازە و چۆنییەتی هەڵسوكەوتكردن لەگەڵ كەسی هەژارو كەم دەرامەت ،ئەوا ئەم كاریگەریی و ڕەهەندانەی لێكەو تۆتەوە:

- شكاندنی شكۆی دەسەڵاتی یاسا،كەدەسەڵاتێكی بەرزی نێو كۆمەڵگەیە. واتە پەڕینەوەی دەســەڵاتەكەی بۆدەرەوەی پێگەكە.
- شكاندنەوەی كەسی بەرامبەر.
- بەرێزنەگرتن , هەڕەشەكردن , ڕەتكردنەوەو ئارامنەگرتن لەبەرامبەر كەسی كرێچی.

## ٣/ ٣ ـ ٣ ـ ٢ ـ ٧) باڵادەستیی زمان پەیوەست بەپێگەی ڕۆشنبیریی و زانستیی :

پێگەی ڕۆشنبیریی و زانستیی پێگەیەكی تری كۆمەڵگەیی كوردیە. ئەم پێگەیە لەكۆمەڵگەی كوردیدا لەسەربنەمای پێوەری پێگەو دەسەڵاتی جیاوازی وەك: (پلەی ئاستی ڕۆشنبیری وئەزموونی و توانای زاستیی و مەعریفی و سەرمایەی زمانی و.....هتد)، ڕەنگیداوەتەوە ، كاریگەریی خۆی لەئاڕاستەكردنی پەیام و هەڵسوكەوت و شێوازی قسەكردنی تاك لەنێو پێگەكەو دەوروبەر بەگشتی دەبێت. ئەوەی لەم

پێگەیەدا مەبەستە جەختی لەسەر بکرێتەوە ئەوەیە ئەودەسەڵاتە جیاوازییانەی کە ئاماژەی پێدرا، جگە لەوەی کاریگەریی لەسەر کەسایەتی خاوەن پێگەکە هەیە،لەهەمان کاتیشدا پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی جیاوازو پێگەی زمانی جیاواز وەك:(هاوشانیی ،باڵادەستیی، ژێردەستیی،....هتد) تێیدا دەردەکەوێ. لێرەدا هەوڵدەدرێ هەڵوەستە لەسەر باڵادەستیی زمانی ئەم پێگەیە لەکۆمەڵگەی کوردیدا بکرێ، لەنێو ئەم پێگەیەشدا زیاتر جەخت لەو پەیوەندییە ستوونی و ئاسۆییانە دەکرێتەوە ، کە بە ئاخێوەرانی ئەم پێگەیە پێویستە. بۆئەم مەبەستە چەند نموونەیەکی جیاواز لەم ڕوانگەیەوە وەرگیراوە، بەوەی بزانرێ لەکۆمەڵگەی کوردیدا ئەم دەسەڵاتە لەم پێگەیە دا چۆن ڕەنگیداوەتەوە؟ چ کاریگەرییەکی لەپەیوەندیی نێوان کەسانی پێگەکەو دەوروبەری پێگەکە و کۆمەڵگە بەگشتی هەیە؟

**دەقی ئاخاوتنی ژمارە(١)، لەنێوان(مامۆستاو قوتابی):[١]**

**١/+ق.مامۆستا : چۆنن؟باشن؟ئەحواڵتان؟**

**٢/-گ.قوتابییەکان : بەخێربێن مامۆستا.**

**٣/+ق.مامۆستا: سوپاس، سوپاس مەمنوون.**

**٤/+ق.مامۆستا:دەرسی ڕابردووباسی شێوازی ڕێژەی داخوازیمان کرد.**

**٥/-گ.قوتابییەکان :بەڵێ.**

**٦/+ق.مامۆستا:ئێستادووبارەی دەکەینەوە،بەناوهەڵتاندەستێنم.**

**٧/هەستە(پ.....ن) فەرمووباسی بکە کەچ تێگەیشتی لۆم باس کە.**

**٨/-گ.قوتابی (١) :باش. کاری داخوازی ئەوکارەیە....**

**٩/+ق.مامۆستا:لەناکاو قوتابییەك، واتەقوتابی دووەم،نەك ئەوەی یەکەم پێدەکەنی ومامۆستا پێی دەڵێ:بە چ پێدەکەنی کچێ؟**

**١٠/+گ. قوتابی(٢): وەڵڵا مامۆستا.**

**١١/+ق. مامۆستا بۆقوتابی(٢): بۆپێکەنی؟ (بەئاوازێکی بەرز).**

---

(١) یەکێك لەسەرچاوەکانی هەرسیستەمێکی پەروەردەیی،کەلتووری ئەو کۆمەڵگەیەیە کە سیستەمەکەی بۆدادەنرێت، هەندێجاریش بەپێی کەلتوری ئەو کۆ مەڵگەیە لەوانەیە سیستەمەکە گۆڕانی بەسەردا بێت. لەکلتوری کۆمەڵی ئێمەدا پلەو پایەی کۆمەڵایەتی جیاواز رۆڵی سەرەکی دەبینن و باڵادەستیی تاك بەسەر مرۆڤەکان ڕەنگدەداتەوە. لەم ڕوانگەیەوە پەیوەندیی نێوان مامۆستاو قوتابی لەسەر ئەم بەهایە (دەسەڵات)سنووردار و دابڕاوە ، مامۆستا خاوەن پلەو پایەکی بەرزەو دەستڕۆیشتووە،قوتابیش بەپێچەوانەوە ،بەڵام لەهەر قۆناغێکدا ئەم باڵادەستییەی مامۆستا بەشێوەی جیاواز دەردەکەوێ(هێمن شەمسن،٢٠٠٦: ٨٠).واتە بەپێی هەرقۆناغێکی خوێندن و هەروەها کەسایەتی مامۆستا ، لەوانەیەی ئەم باڵادەستییەی مامۆستا گۆڕانی بەسەردابێ. لێرەدا هەوڵدراوە نموونە بۆهەر قۆناغێکی خوێندنی جیاواز بهێنرێتەوە، ئەگەر چی لەوانەیە گوتنی دووبارەی کەم کەم لەو قۆناغە جیاوازییانەی خوێندنی دووبارە ببێتەوە، بەڵام مەبەست دەرکەوتنی شێوەو چۆنییەتی باڵادەستیی مامۆستایەلەم قۆناغە جیاوازییانەدا.

**١٢/-گ.قوتابی (٢): ئەوە مامۆستا بە (ك.........ی).**

**١٣/+ق.مامۆستا بۆقوتابی(٢): ئێرەمەکتەبە یانماڵەوەیە؟**

**١٤/-گ.قوتابی(٢): بەڵێ مەکتەبە.**

**١٥/-گ.قوتابی(٢): دەی مامۆستا داوای لێبوردن دەکەم.**

**١٦/+ق.مامۆستا بۆقوتابی (٢): نانا ڕاوەستە....**

**١٧/-گ.قوتابی(٣): مامۆستا داوای لێبوردن دەکەم.**

**١٨/+ق.مامۆستا بۆقوتابی(٣): (........)خان گوێبگرە یەك جاری تر تەلەبەیەك هەڵسێ و جەنابیشت پێبکەنی ڕێك بۆدەرەوە، هەر ناشهێلم بێیتە ژوورەوە.**

**٢١/-گ.قوتابی(٢): ئێ مامۆستا تۆ دەرەجەم لێ مەشکێنە؟**

**-شیکردنەوەی دەقەکە:**

**- لیستی هۆکارەبارودۆخییەکان:**

**-بەشداربووانی ئاخاوتن: (قسەکەر - مامۆستا)، (گوێگری یەکەم - قوتابی یەکەم – قوتابی گوێگری دووەم – قوتابی دووەم )**

**توخمی بەشداربووان : قسەکەر (نێر)، گوێگری یەکەم و دووەم(مێ).**

**مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: شیکردنەوەی کاری داخوازی.**

**شوێنی ئاخاوتن: هەولێر-قەسرێ :**

**کات: بەیانی.**

لەم دەقەدا "مامۆستا" بەپێی ئەو شوێن و دەسەڵات و پلەو پایەو ڕۆشنبیریی وتوانا زانستیی و ئەو دەسەڵاتەی یاسا ڕێی پێداوە لەلێپرسینەوەی قوتابییەك لەئەنجامی کارێکی نەشیاوی باڵادەست و دەستڕۆیشتووە و لەبەرامبەر قوتابییەکان بەگشتی و بەتایبەتی ئاڕاستە کردنی ئەم باڵادەستیەیی مامۆستا لەبەرامبەر "قوتابی دووەم" زیاتر جەختی لەسەر کراوەتەوە ، شێوازی قسەکردنەکانی بەئاشکرا باڵادەستیی مامۆستا بەرامبەر قوتابییەکە دەردەخات، لێرەدا .قوتابییەکانییش دەبێت پابەندی قسەی مامۆستاکەیان بن و بەپێچەوانەوە لەوانەیەدواتر خۆیان بەرپرسیاربن، بۆیە گوتنەکانی بێ هێزن و ژێردەستیی لەئاست مامۆستا دەردەخەن.

ئەگەر سەیری جووتە گوتنەکانی سەرەتای لەنێوان مامۆستا و قوتابییەکان بەگشتی بکرێ، دەبینرێ سەرەتا هاوپەیوەندییەك لەنێوانیان دیارە.وەك لە (نموونەی گوتنەکانی سەرەتا)، دەردەکەوێت و دەڵێت:

**١/ مامۆستا: چۆنن؟ باشن؟ ئەحواڵتان؟**

**٢/قوتابییەکان: بەخێربێیت مامۆستا.**

**٣/مامۆستا: سوپاس، مەمنون.**

بەگشتی لەم گوتنانەی "مامۆستاو قوتابییەکان" جۆرێ لەنواندنی هاوکاری هاوپەیوەندیی لەنێوانیاندا

دەبینرێ، نواندنی ئەم هاوپەیوەندییەی مامۆستا لەبەرامبەر قوتابییەکاندا زیاتر دەرگا واڵا دەکات بۆ گوزارشتکردنی کەشێکی زانستی و ئارام لەپۆلەکەیاندا، بەڵام ئەم شێوازە قسەکردنەی مامۆستا بێ مەبەست نییە و لەوانەیە هۆکاری خۆی لەپشتەوە بێت، بەڵام هەندێجار لەکاتی کەم و کوڕی، تووڕەیی، ناجێگیری باری دەرونی مامۆستا، ... هتد، هاوپەیوەندیی نێوان مامۆستاو قوتابی گۆڕانی بەسەردادێ. وەك لەگوتنەکانی ئەم دەقەی دواتر دەرکەوت.

پاشان مامۆستا دەست بەوانە وتنەوە دەکات و هەر وەك لە گوتنی(٤ - ٥)دا دەڵێ:

**٤/ مامۆستا: دەرسی ڕابردوو باسی شێوازی ڕێژەیی داخوازیمان کرد.**

**٥/ مامۆستا: ئێستا دووبارەی دەکەینەوە، بەناو هەڵتان دەستێنم.**

ئەم گوتنانەی مامۆستا سەرەتا لەشێوەی هەواڵ دەربڕاوە، بەڵام کاتێك دەخرێتە دەوروبەر مەبەست لێی ئاگادار کردنەوەی قوتابییەکانە بەوەی هەڵتان دەستێنم ئاگادار بن، ئەم ئاگادار کرنەوەیەش لەشێوەی فەرمانێکی ناڕاستەوخۆ دەربڕاوە، ئەمەش زیاتر لەبەر ڕێزو ڕەچاوکردنی باری دەروونی قوتابییەکان وادەربڕاوە.

قوتابییەکانیش لەبەرامبەردا دەڵێن:

**٦/ قوتابییەکان: بەڵێ.**

واتە ،وەڵام و ئامادەیی خۆیان بۆ پەیامە ئاگادار کەرەوەکەی مامۆستا نیشانداوە. بۆیە مامۆستا دواتر بەئارەزووی خۆی یەك لە قوتابییەکان هەڵدەستێنێ و پێی دەڵێ:

**٧/ مامۆستا: هەستە (پ......ن) فەرموو باسی کە، بەتێگەیشتنەوە باسی کە.**

لەم گوتنەدا مامۆستا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ فەرمان بەقوتابییەکە دەکات کەهەڵسێ باسی وانەی ڕابردووی بۆبکات، ئەم فەرمانەشی بەپێی دەوروبەر ئەرکی داواکردنی لەئەستۆیە، بەڵام داواکردنەکە هێزی لەپشتە و دەبێت جێبەجێبکرێ.

قوتابییەکە لەبەرامبەر ئەم داوایەی مامۆستا هەڵدەستێ و دەڵێ:

**٨/قوتابی (١): باش، کاری داخوازی ئەو کارەیە...**

لێرەدا قوتابییەکە فەرمانی مامۆستاکەی جێبەجێکردوەو ناتوانێ ڕەتیبکاتەوە، چونکە مامۆستا لەم کات و شوێنەدا باڵادەستە.

لەناکاو قوتابییەك پێدەکەنێ و مامۆستاکەش پێی دەڵێت:

**٩/ مامۆستا: بەچی پێدەکەنی کچێ؟**

ئەم گوتنە ئەگەر چی لەشێوەی پرسیار دەبڕاوە، بەڵام کەدەخرێتە دەوروبەر، گوتنێکی فەرمانە،بەوەی پێمەکەنە، بەپێی هێزی دەربڕینی گوتنەکەش ئەرکی گلەیکردنی لەئەستۆ گرتووە، بەوەی بۆچی پێدەکەنی.

قوتابییەکەش لەبەرامبەردا دەڵێت:

**١٠/ قوتابی(٢): وەڵڵا مامۆستا**

لێرەدا قوتابییەکە(٣)هیچ وەڵامێکی پێ نییە و نازانێ چ بڵێ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا جۆرێ لەناڕاستەوخۆی دان پێدانان و خۆدەرباز بوونە لەوکارەی کەکردوویەتی، هاوکات پاکانە کردنێکی ناڕاستەوخۆشە لەبەرامبەر کارەکەیدا. بەڵام ئەم جارە مامۆستابەئاوازێکی بەرز دووبارە پێی دەڵێ:

**١١/ مامۆستا: بۆپێکەنی؟**

ئەم گوتنە هەڕەشە کردنی تێدایە بەپێی ئاوازی بەرزی گوتنەکە، بەڵام ئەوەی لەم گوتنەدا مەبەستە، ئەم ئاوازەیە وای لەقوتابییەکە کردووە، کەبەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دان بەتاوانەکەی دابنێ و بۆیە دەڵێ:

**١٢/ئەوە مامۆستا بە (پ..........ن).**

واتە لێرەدا قوتابییەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەبێ پۆزش و گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا دانی بەتاوانەکەی خۆی داناوە. پاشان مامۆستا بەقوتابییەکە دەڵێ:

**١٣/مامۆستا: ئێرە مەکتەبە یان ماڵەوەیە؟**

ئەم گوتنەش ئەگەر چی لەشێوەی پرسیاردایە، بەڵام شێوازی دەربڕینی پرسیارەکەو دەوروبەرەکەی ،جۆرێ لە داواو گلەیکردنی مامۆستایە لەقوتابییەکەی. لێکەوتەیەکی تری ئەم گوتنە لەناو گلەیکردنەکەدا دەبینرێ ئەویش ئەوەیە کە نابێ بەم شێوازە لەقوتابخانە پێبکەنێ، کەچی لەماڵەوە هەڵسوکەوتت چۆنە ئەوا شتێکی ترە.

قوتابییەکەش دەڵێت:

**١٤/قوتابی: (٢): بەڵێ مەکتەبە.**

واتە ، قوتابی وەڵامی مامۆستاکەی بەڕاستی گلەیکردنەکەی داوەتەوە، قسەکانی دووپاتکردۆتەوە.

پاشان قوتابییەکە دەڵێت:

**١٥/قوتابی (٢): مامۆستا داوای لێبوردن دەکەم؛**

قوتابییەکە لێرەدا لەکارەکەی پەشیمانبۆتەوەو داوای لێبووردنی لەمامۆستاکەی کردووە.

بەڵام مامۆستا بەشێوەیەکی ڕاستەو خۆ پێی دەڵێت:

**١٦/مامۆستا: نانا ڕاوەستە.....**

مامۆستا بەشێوەیەکی ڕاستەو خۆ جگەلەوەی داوای لێبوردنەکەی قبوڵ نەکردووەو ڕەتیکردۆتەوە ، لەهەمان کاتیشدا پێی گوتوە کە(**ڕاوەستە**)، واتە هێشتان لێپرسینەوەت تەواو نەبووە. بەڵام قوتابییەکە دووبارە داوای لێبووردنی لێدەکات.هەر وەك ،لە گوتنی ژمارە(**١٧)دا** دیارە.

پاشان مامۆستاش پێی دەڵێت:

**١٨/مامۆستا(.....)خان گوێبگرە ، یەك جاری دیکە تەڵەبەیەك هەڵستێ جەنابت پێبکەنی ڕێك بۆدەرەوە، هەرگیز ناهێڵم بێیتە ژوورەوە.**

ئەمجارە مامۆستا بەگوتنێکی ڕاستەوخۆی هەڕەشە، کەجیاواز لەهەڕەشەکانی تر،هەڕەشە لەقوتابییەکەی دەکات بەوەی لەپۆل دەرت دەکەم و ناشهێڵم بێیتە ژوورەوە. هەرلەم گوتنەدا(٢٠) مامۆستا پاشگری (خان)ی بۆقوتابییەکە بەکار هێناوە، چونکە ئەم پاشگرە وەك نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی لەکەلتوری کوردیدا بۆکەسانی خاوەن پلەو پایە بەکاردێ ، بەڵام لێرەدا ئەگەر هێز بخرێتە سەر پاشگر وشەکە ئەوا (توانج) گرتنی مامۆستایە لەقوتابییەکە، چونکە مامۆستا لێرەدا باڵادەستەو زیاتر ئەمانە بۆئەو بەکاردێ، جگە لەمەش قوتابییەکە لەهەڵە کردندایە، ئەمەش ناگونجێ.

قوتابییەکەش دەڵێ:

**١٩/قوتابی (٢): ئێ مامۆستا، تۆدەرەجەم لێمەشکێنە.**

لێرەدا قوتابییەکە لەسەرەتای گوتنەکەیدا جگە لە وەی ئامادەیی نیشاندەدات بۆ قسەکانی مامۆستا، هاوکات، بەڵێندانیشی داوە بەوەی ئەم کارە دووبارە ناکەمەوە، لەگوتنی دواتریشی، جۆرێ لەداواکردن و تکای تێدایە بەوەی مامۆستاکەی نمرەی لێنەشکێنێ.

لێرەدا بەئاشکرا باڵادەستیی زمانی مامۆستا لەم قۆناغەی خوێندندا (خوێندنی ناوەندی)، لەبەرامبەر قوتابییەکە دەرکەوت، دەرکەوتنی ئەم شێوازە گوتنانەی مامۆستا لەئەنجامی کەم و کوڕی و کاری نەشیاوی قوتابییەکە بوو، ئەگەرنا مەرج نییە هەمووکات هەڵسو کەوت و شێوازی قسەکردنی مامۆستا ئەم ئاڕاستەیە وەرگرێ.

بەڵام ئەم شێوازی قسە کردنەی مامۆستا کەلەئاخاوتنی ژمارە(١) ئاماژەی بۆکرا، ناتوانێ هەمان شێوازی قسەکردن لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی بەکار بهێنێ، چونکە مامۆستا لێرەدا لەڕووی دەسەڵاتەوە

هاوشانیی بەڕێوە بەرەکە نییەو بەڕێوە بەرەکەی ئاستی دەسەڵاتی لە ئەو زیاترە، کەدەسەڵاتێکی کارگێڕییە، بۆئەم مەبەستە نموونەی ئاخاوتنی هەمان مامۆستای ئاخاوتنی ژمارە یەك، لەبەرامبەر بەڕێوە بەری ئەم قوتا بخانەیە وەرگیراوە، کە ئیستا چەند گوتنێکی نێوانیان ئاماژەی پێدەکرێ.

**ئاخاوتنی ژمارە(٢)،لەنێوان(بەڕێوەبەرو مامۆستا):[١]**

**١/+(١) مامۆستا: بەخودای ئیشەکمان هەیە مامۆستا.**

مامۆستا لێرەدا لەڕێی سوێندخواردنەوە داوای لە بەڕێوەبەرەکەی دەکات کەمۆڵەتی پێبدات ، ئەم داوایەشی بەشێوەیەکی ناڕاستەو خۆدەربڕیوە ، ئەم سوێند خواردنەش بۆئەوەیە بەڕێوەبەرەکەی باوەڕی پێبکات . ئەم گوتنەی مامۆستاش بەپێچەوانەی گوتنە کانییەتی کە لەبەرامبەر قوتابییە کانی بەکاریهێناوە، کەجۆرێ لەژێردەستیی و بێهێزی تێدا دەبینرێت.

بەڕێوە بەرەکەش لەبەرامبەردا ئەم داوایەی مامۆستا، دەڵێ:

**٢/بەڕێوەبەر: کاکە ناتوانم، بڕۆی غیابت دەدەم.**

لێرەدا بەڕێوە بەرەکەش بەپێی ئەو دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویەی کە لەبەرامبەر مامۆستاکە هەیەتی، دەبینرێ سەرەتا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داوایەکەی ڕەتکردۆتەوە، بەواتای ناتوانم مۆڵەتت پێبدەم، دواتریش پێی گوتووە ئەگەر بشڕۆی غیابت دەدەم، ئەمەش جۆرێ لەهەڕەشەکردنی ناڕاستەو خۆی بەپێی شوێن و دەوروبەری گوتنەکەی تێدایە ، هەڕەشە کردنەکەشی لەڕێی هەژمارکردنی نەهاتنەکەیتی .

هەروەك لە سەرەتاوە ئاماژەی پێکرا، باڵادەستیی زمانی ئەم پێگەیە بەپێی قۆناغی خوێندن و کەس ودەوروبەر گۆڕانی بەسەردادێت. بۆنموونە لەقۆناغی سەرەتاییدا ئەو دەسەڵاتەی مامۆستا زۆرجار لە بەرامبەر قوتابی زۆر بەهێز دەردەکەوێ ، بەتایبەتی لەکاتی توڕەبوون یان حاڵەتی تردا ، ئەمەش وادەکات کاریگەریی زۆر لەدەروونی قوتابییەکان جێبهێڵێت. لەم ڕوانگەیەوە نمونەیەکی ئاخاوتن لەقۆناغی سەرەتاییدا وەرگیراوەو چەند گوتنێکی شیدەکرێتەوە.

**-دەقی ئاخاوتنی ژمارە(٣) لەنێوان (مامۆستایەکی سەرەتایی وقوتابییەکانی):**

**١/+ق.مامۆستا:دێتە ژوورێ و دەڵێ: بۆبیعاری عەیبتان نییە.**

**٢/+گ.قوتابیەکان: بێدەنگ دەبن.**

**٣/مامۆستایەك بەقوتابییەکی مامۆستا دەڵێ: ناوت چیە؟**

**٤/+ق. مامۆستا نەقوتابییەکەدەڵێ: دەنگت دەربێنە.**

(١) ئەگەر چی ئەم پێگەیەی نێوان (مامۆستاو بەڕێوەبەر)دەچێتە بواری پێگەی کارگێڕیی، بەلام لێرەدا چەند گوتنێکی کەمان وەرگرت، بەوەی بزانین کاتێك مامۆستا پێگەی خۆی لەبەرامبەر پێگەیەکی تری باڵا وەك (بەڕێوەبەر) دەبینێتەوە، شێوازی گوتنەکانی چ ئاراستەیەك وەردەگرێ.

**٥/قوتابیەکە: (أ ...ە).**

**شیکردنەوەی دەقەکە:**

**★ لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان:**

**- بەشداربووانی ئاخاوتن: (قسەکەر – مامۆستا) ، (گوێگرەکان - قوتابیەکان).**

**- توخمی بەشداربووان:  (قسەکەر- مێ)، (گوێگرەکان – نێر و مێ).**

**- مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: وانە وتنەوە و ئاگادار کردنەوەی قوتابییەکان لە کەم و کوڕیان.**

**- شوێنی ئاخاوتن: هەولێر/ قوتابخانەیەکی سەرەتایی.**

**- کاتی ئاخاوتن: بەیانی.**

ئەگەر سەرەتا خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ ئاخاوتنی ژمارە (٣)بکرێ، دەبینرێ گوتنەکانی مامۆستا باڵادەستییان پێوە دیارە. لێرەدا مامۆستا لەقۆناغێکی هەستیاری خوێندن دایە، ئەویش قۆناغی سەرەتاییە، بۆیە دەبێت زۆر بەهەستیاری و وردیەوە هەڵسوکەوت بکات، قوتابیەکانییش ئاستی پێگەیان لەچاو مامۆستاکەیان ژێردەستیی زۆری پێوە دیارە،چونکە لەلایەك لەڕووی تەمەنەوە بچووکن، هەروەها جۆرێ ترسیان تێدا دەبینرێ، جگە لەوەش ئاستی ڕۆشنبیریان بەو ڕادەیە نییە کە بتوانن شێوازی قسەکردن و هەڵسوکەوتی وا بەکار بهێنن کەلەئاست ڕازیبوونی مامۆستاکەیان بێت، دەرکەوتنی ئەم زمانە باڵادەستییەی مامۆستا بە هۆکاری شوێن و پێگە و باری دەروونی و ئاستی زانستیی ڕەنگیداوەتەوە.

بۆنموونە مامۆستا بەئاوازێکی بەرز لەگوتنی (١) دا دەڵێ:

**١/ مامۆستا: بۆبێعاری عەیبتان نییە.**

لێرەدامامۆستا هەرلەسەرەتاوە ئاوازێکی بەرزو شێوازێکی قسەکردنی لەبەرامبەر قوتابییەکان بەکارهێناوە، لەوانەیە کاریگەریی دەروونی زۆری لەسەر قوتابییەکان هەبێت. ئاوازی بەرزو هێزی دەربڕینی گوتنەکە جۆرێ لە گلەیکردنی تێدایە، واتە ئێوە بێعارن و بۆبێعاری عەیبتان نییە ، بەڵام بۆ وانەکانتان وانین و کەم و کوڕیتان زۆرە . لەبەرامبەر ئەم گوتنەی مامۆستاش قوتابییەکان بێدەنگیان پێوە دیارە، هەروەك لەگوتنی (٢) دا ئاماژەی بۆکراوە ،ئەم بێدەنگییەی قوتابییە کانیش کاریگەریی گوتنی مامۆستاکەیان لە سەرەو ژێردەستیی ئەوان لەبەرامبەری نیشاندەدات.

دواترمامۆستایەك دێتە ژوورەوەو لەقوتابییەك دەپرسێ: هەروەك لە گوتنی،(٤)دا دەڵێ: **ناوت چییە؟**

مامۆستایەکەش بەقوتابییەکە دەڵێت:

**٣/مامۆستا:دە دەنگت دەربێنە.**

مامۆستا ئەمجارە بەفەرمانێکی ڕاستەوخۆی زۆربەهێز داوا لەقوتابییەکەی دەکات کە ناوی خۆی بەمامۆستاکەی بڵێت. واتە فەرمانەکەی مامۆستا لەشێوەی داوادایە، بەڵام ئەم داوایە بەهێزەوە دەربڕاوە. هەروەها ئەم گوتنە بەپێی هێزو ئاوازەی بەرزی فەرمانە هەڕەشەکردنێکی ناڕاستەوخۆشی تێدایە. لە بەرامبەردا قوتابییەکەش بەئاوازێکی نزم دەڵێ:

**٥/ (ئا......ه)یە**

ڕەنگدانەوەی ئەم ئاوازە نزمەی قوتابییەکەش دیسانەوە کاریگەریی گوتنی مامۆستاو ئەوترسەی هەیەتی، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، جگە لە ئامادەیی و نیشاندانی قسەی مامۆستای قوتابییەکە.

بەڵام لەقۆناغی زانکۆدا، بەگشتی پلەی باڵادەستیی زمانی مامۆستاوهەڵسوکەوتو شێوازی قسەکردنەکانی لەبەرامبەر قوتابی بگرە، بەپێی دەسەڵاتی هاوکاریی و هاوپەیوەندیی ڕێزی زۆری تێدادەردەکەوێ. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە لە قۆناغەکانی تری خوێندن ڕێز گرتن نەبێت.کەسایەتی مامۆستا زۆرجار وادەکا هاوڕێیەتییەکی پتەو لەنێوان مامۆستاو قوتابی دروستبکات. بەڵام باڵادەستیی خۆی هەر هەیە،بەس دەشێ باڵادەستییەکەی بگۆڕێ، گۆڕانی ئەم باڵادەستییەی مامۆستاش لەم قۆناغەدا بۆئەم شێوازە، لەوانەیە بۆکاریگەریی دەوروبەر ،یان ئاستی ڕۆشنبیری قوتابی، ڕەچاوکردنی باری دەروونی قوتابی،...هتد، بگەڕێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە هەڵوەستە لەسەر دەقی ئاخاوتنی ژمارە(٤)دەکرێ.

**-دەقی ئاخاوتنی ژمارە (٤). لەنێوان(مامۆستایەکی زانکۆو قوتابییەکەی):**

**١/+ق. مامۆستا: بەڕێزان ئەم کاتەتان باش...ئەم وانەی ئەمرۆمان تەواوکەری وانەی پێشوترە، دەتوانین بڵێین: هەرزمانێك لەنێو دونیادا هەیەو لەئارادایە، یان بەشێوەیەکی تربڵێین، هەمووزمانێك لەچەند "فۆنیمێك" پێکدێت......**

**٢/+ق. مامۆستا:پرسیاردەکات: کێ پرسیاری هەیە؟**

**٣/-گ. قوتابی: مامۆستابەیارمەتیت پرسیارێکم هەیە، بەڵام پێدەچێت پرسیارەکەش زۆرگرنگ نەبێت.**

**٤/+ق.مامۆستا: فەرموو پرسیارەکە بکە.**

**٥/-گ.قوتابی: تۆفەرمووت: هەموو فۆنیمێك دەنگە، ئایا هەموو دەنگێك فۆنیمە؟**

**٦/+ق.مامۆستا: دەست خۆشبێت، پرسیارێکی گرنگ و بەجێیە، ئەم بابەتەم هەڵگرتبوو بۆوانەی داهاتوو، بەڵام بەکورتی وەڵامت دەدەمەوە، هەموودەنگێك مەرج نییە"فۆنیم"بێت.**

**-شیکردنەوەی دەقەکە:**

**- لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان:**

**- بەشداربووانی ئاخاوتن:(قسەکەر-مامۆستا)، (گوێگرەکان-قوتابی).**

- **توخمی بەشداربووان: توخمی جیاواز(نێرومێ).**

- **مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: ڕوونکردنەوەی بابەتێکی زمانەوانیی.**

- **شوێنی ئاخاوتنەکان: زانکۆی سلێمانی.**

- **کاتی ئاخاوتن: بەیانی.**

لەم دەقەی ئاخاوتنەدا، شێوازی قسەکردن و باڵادەستیی مامۆستا لەبەرامبەر قوتابییەکانی بەگشتی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێزو هاوکاریی و ڕێزی پێوە دیارە، چ لەشێوەی دەستپێکردنی وانەکە و چ لەڕووی وەڵام و پرسیارەکانەوە، قوتابییەکانیش لەبەرامبەردا شێوازی قسەکردن و پرسیارەکانیان ڕێزی زۆری تێدایە،ئەم ڕوانگە هاوبەشەی نێوانیان و ڕەچاو کردنی باری دەروونی و ڕێز گرتنیان لەیەکتری وادەکا شێوازی قسەکردنەکان ئەم ئاڕاستەیە لە هاوکاری، ڕێز، خۆشەویستی،...هتد وەرگری، شیکردنەوەی دەقەکە ڕاستی قسانە زیاتر ڕووندەکاتەوە.

بۆنموونە، مامۆستا لەدەستپێکی ئاخاوتنە کە دەڵێ:

**١/مامۆستا/بەڕێزان ئەم کاتەتان باش....**

ئەم گوتنەی مامۆستا جگەلەوەی ڕێزو نرخاندن و شکۆیی پێوەدیارە، هاوکات کاریگەریی لەسەر چۆنییەتی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستایەکەو قوتابییەکە دەبێت، بەوەی وادەکا پەیوەندیی و ڕێز لەنێوانیاندا دەربکەوێ. پاشان مامۆستا دەڵێ:

**٢/مامۆستا: کێ پرسیاری هەیە؟**

مامۆستا ئامادەیی خۆی بۆپرسیارکردنی قوتابییەکان دەردەخا، بەوەی کێ لەوانەکە تێنەگەیشتوە بابۆی دووبارە بکەمەوە. ئەمەش دڵنیایی لای قوتابییەکان دروستدەکات لەئەدا کردنی وانەکە.

قوتابییەکیش پرسیار دەکات و دەڵێ:

**٣/ قوتابی: مامۆستا بەیارمەتیت پرسیارێکم هەیە، بەڵام پێش دەچێت پرسیارەکە زۆرگرنگ نەبێت.**

قوتابیەکە لێرەدا بەڕێزەوە ئەم گوتنەی دەربڕیوە، بەتایبەتی لەبەرکارهێنانی دەستەواژەی (بەیارمەتیت) ئەم ڕوانگەیە دەردەکەوێ. هەروەها ئەوەشی بۆمامۆستا ڕونکردۆتەوە کە لەوانەیە پرسیارەکەش زۆر گرنگ نەبێت، ئەمەش شێوازێکی قسەکردنی جوانە، واتە بەکورتی قوتابییەکە ڕەچاوی ئاست و پێگەی مامۆستاکەی لەپرسیارەکەیدا کردووە.

مامۆستاش دەڵێ:

**٤/مامۆستا: فەرموو پرسیار بکە.**

مامۆستا لەم گوتنەدا شێوەیەکی تری لەڕێزگرتنی ئاخاوتنی لەبەرامبەر قوتابییەکەدا بەکار هێناوە، ئەویش لەبەکارهێنانی دەستەواژەی "فەرموو"دا دەردەکەوێ، چونکە ئەم دەستەواژەیەوەك نیشانەیەکی کۆمەڵایەتیی ڕێز نیشاندەدا بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیەش لەم کات و شوێنەدا ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی نزیکی هاوشانیی مامۆستا لەبەرامبەر قوتابییەکەیدالێدەکەوێتەوە، جگە لەمەش دەربڕینی فەرمانەکەی ئەگەر چی لەشێوەی ڕاستەوخۆدایە، بەڵام ئەمە شێوەی ڕاستەوخۆیە بەپێی دەوروبەری گوتنەکەیە و بەهێزی پێوە دیار نییە.

قوتابییەکەش پرسیارەکەی دەکات و دەڵێ:

**٥/ قوتابی: تۆفەرمووت: هەموو فۆنیمێك دەنگە، ئایە هەموو دەنگێك فۆنیمە؟**

قوتابییەکەش بەهەمان ڕێزەوە پرسیاری لەمامۆستاکەی کردووە، نواندنی ئەم شێوە دەربڕینە پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان پتەوتر دەکات.

مامۆستایەکەش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ:

**٦/ دەستت خۆش بێت، پرسیارێکی گرنگ و بەجێیە...**

لێرەدا مامۆستا لەسەرەتادا نرخاندنێکی زۆر بەپرسیاری قوتابییەکە دەدات و بەگرنگەوە وەسفی کردووە، لەوەی بەپرسیاری قوتابییەکان توڕە و بێزار بێت. پاشانیش وەڵامی قوتابییەکەی داوەتەوە، بەمەش شێوازو چۆنییەتی هەڵسوکەوتی مامۆستا لەپرسیاری قوتابییەکە کاریگەریی خۆی دەبێت.

ئەم زمانە باڵا دەستییەی کە لەنێو ئەم پێگەیە (ڕۆشنبیری) دەبینرێ، تەنها لە پەیوەندیی نێوان "قوتابی و مامۆستا " لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو لە پەیوەندیی نێوان ، بۆ نموونە وەکو (پزیشك و نەخۆش) یش هەستی پێدەکرێت،کە تێیدا (پزیشك) بەپێی ئەو پێگەو ڕۆشنبیرییە پزیشکییەی هەیەتی باڵادەستیی و دەست ڕۆیشتوویی بەسەر نەخۆشدا دیارە ، کە ئەویش (نەخۆش) هاوکارە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی پێگەی جیاوازیی نێوان "پزیشك و نەخۆش"، سەیری ئەم دەقە ئاخاوتنەی خوارەوە دەکەین.

**-دەقی ئاخاوتنی ژمارە (٥)، لە نێوان (پزیشك و نەخۆش):**

**١/ + ق . نەخۆش : سەلاموعەلەیکوم.**

**٢/ - گ . پزیشك: عەلیکمە سەلام، فەرموو دانیشە، چتە؟**

**٣/ + ق . نەخۆش: تازە پێش چارێگەك دەبی چومە کن موزەمەید، گۆتی زەختت دابەزییە.**

**٤/ - گ . پزیشك: لە مارێ چبووە؟ واز لە موزەمید بینە.**

**-شیکردنەوەی دەقەکە:**

**-لیستی هۆکارە بارۆدۆنییەکان:**

**-بەشداربووانی ئاخاوتن: (قسەکەر – نەخۆش)، (گوێگر – دکتۆر).**

**-توخمی بەشداربووان : قسەکەر (مێ)،گوێگر(نێر).**

**-مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: چارەسەرکردنی نەخۆش.**
**-شوێنی ئاخاوتن: هەولێر، نەخۆشخانەی فریاکەوتن.**

لەم جووتە گوتنانەی سەرەوەدا "پزیشك" بە پێی پێگە ڕۆشنبیرییە پزیشکەکەی بە ئاشکرا شێوازی دەربڕینی فۆڕمە زمانییەکانی باڵادەستیی لە بەرامبەر "نەخۆش"ەکەدا دیارە، ئەمەش وایکردووە نەخۆشەکە جۆرێ لە هاوکاریی و پابەندبوون بە ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی تێدا دەرکەوێت.

ئەگەر سەیری جووتە گوتنەکانی سەرەتای نێوان (پزیشك و نەخۆش) بکرێ هاوپەیوەندییەك لە نێوانیاندا دەبینرێ، وەك لە نموونەی گوتنەکانیان دەر دەکەوێت:

**١/ نەخۆش: سەلامو عەلیکوم.**

**٢/ پزیشك: عەلیکمە سەلام؛**

ئەم نواندنە فۆڕمە زمانییەی سەرەتای دەستپێکی ئاخاوتنی نێوان پزیشك و نەخۆشە، کە بەسەلام کردن دەستیپێکردووە ، جۆرێ لە هاوکاریی و هاوپەیوەندیی ڕەنگدەداتەوە، کە ئەمەش زیاتر دەرگاو وەڵادەکات بۆ ئاسوودەیی نەخۆش و لێکتێگەیشتنی نێوانیان.

پاشان پزیشك لە درێژەی قسەکردنەکانیاندا بەنەخۆشی دەڵێ:

**٢/ چتە؟**

ئەم گوتنەی نەخۆش ئەگەر چی لە شێوەی پرسیار دەربڕاوە، بەڵام بە پێی دەوروبەری گوتنەکە داواکردنی زانیارییە لەبارەی تەندروستی نەخۆش، ئەم دوایەش ئاسایی نییەو جۆری لە دەسەڵات نیشاندەدات و دەبێ نەخۆش پابەندی داوایەکەی بێت. بۆیە لە گوتن دواتری نەخۆش پابەندبوون بە دوای پزیشك دەردەکەوێت و دەڵێ:

**٣/ نەخۆش: تازە پێش چارەگێك دەبێ چوومە کن موزەمید، گۆتی زەختت دابەزییە.**

نەخۆشەکە لێرەدا داوایەکەی پزیشکەکەی جێبەجێکردووەو نەخۆشییەکەی بۆ ڕوونکردۆتەوە.

لەبەامبەردا پزیشك دەڵێ:

**٤/ پزیشك: لەمارێ چبووە؟ واز لە موزەمید بینە.**

ئەم گوتنە دەربڕاوەی پزیشك بەم شێوازو فەرمانە ڕاستەوخۆیە(**بینە**)، بەئاشکرا باڵا دەستیی پزیشك لە بەرامبەر نەخۆش دەردەخات. هەروەها لێرەدا باڵا دەستیی پزیشك لە بەرامبەر موزەمیدەکەش دەردەکەوێ، چونکە موزەمید لە ڕووی پێگەی پزیشکییەوە نەگەیشتۆتە ئاستی پزیشکی و پێگەی لە ئەو نزمترە، بۆیە بەم شێوازە لە بەرامبەریدا دواوە.

## ٣ / ٣ ـ ٣ ـ ٢ ـ ٨ )باڵادەستیی زمان پەیوەست بەپێگەی کۆمەڵایەتی:

پێگە کۆمەڵایەتی، پێگەیەکی تری نێو کۆمەڵگەی کوردیە و لەسەر بنەمای جۆری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان دروست دەبن، کاریگەریی و ڕەنگدانەوە لەسەرچۆنییەتی ئاراستەکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان تاکەکان و هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردن و پێگەی زمانی تاك لەکۆمەڵگەدا دەبێ.

لەکۆمەڵگەی کوردیدا، پێگە کۆمەڵایەتییەکان پێگەیەکی گرنگ و فراوانی کۆمەڵگەی کوردی دەگرێتەوە و بەسەر چەندین پێگەی جیاوازیی وەك: (تەمەن ، ڕەگەز،خیزان... هتد) دابەشبوون،

هەریەك لەوانەش لەسەر بنەمای ئەو دەسەڵاتەی کەکۆمەڵ پێی بەخشیوون، پێگەی زمانی جیاواز تێیاندا دەردەکەوێ، ئەو پێگە زمانییە جیاوازییانەش کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوت و جۆری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دەبێ‌و وادەکا ێشێوازی قسەکردنی جیاوازو پێگەی زمانی وەك وەك: (باڵادەستیی ، ژێردەستیی، هاوشانیی، ...هتد)تێیاندا دەرکەوێ. لەتەوەری ئەم بەشەدا گرنگترین و دیارترین ئەو پێگە کۆمەڵایەتییانە باس دەکرێ، بەتایبەت لەئێستادا، کەڕۆڵیان لەهاتنەکایەوەی پێگەی زمانی جیاواز و لەنێویدا زمانی باڵادەست پەیوەست بەئاخێوەرانی ئەم کۆمەڵگەیە(کۆمەڵگەی کوردی) هەیە،لەدیارترین ئەو پێگانەش کەلەم ڕووەوە ڕۆڵ و کاریگەریی دەبینێت بریتین لە پێگە جیاوازەکانی وەك: (تەمەن ، رەگەز ، خێزان). بۆئەم مەبەستەش چەندین نموونەی جیاواز بۆهەریەکەیان هێنراوەتەوە و هەوڵدەدرێ فۆڕم و پێوەرەکانی باڵادەستیی زمان، بە تایبەت بەپێی گۆڕانی کۆمەڵ و کەلتوور و دەوروبەر و ... هتد، تێیاندا دەستنیشانبکرێ و ڕەهەند و کاریگەرییەکان لەسەر یەکتر ڕوونبکرێتەوە.

## ٣ / ٣ ـ ٣ ـ ٨ – ١) پێگەی ڕەگەز:[١]

چەمکی ڕەگەز، بەمانا چەمکە کۆمەڵایەتییەکەی نێوان (ژن و پیاو)،لەکۆمەڵگەو کەلتوری کوردیدا، هەریەکەیان ڕابردو و لە ئێستاشدا، بەپێی کۆمەل و گۆڕانی کەلتوری کۆمەڵگە، ڕۆڵی گرنگیان لەدروستبوونی پێگەی زمانی جیاواز هەبووە، ئەو پێگە زمانییە جیاوازییانەش لەسەر بنەمای دەسەڵات و ڕۆڵ و پێگەی جیاواز سەرچاوەی گرتووە.

لەکلتوری کوردیدا بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە کۆمەڵ بە ڕەگەزی (نێر)ی داوە تارادەیەك پێگەی زمانی لەبەرامبەر ڕەگەزی (مێ) باڵاترە، بەتایبەت لەناو خێزاندا، ئەم باڵادەستییەش وادەکات کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوت و دەسەڵاتی بڕیاردانی هەبێ، شێوازی گوتن و دەربڕینەکانی بەشێوەیەك لەشێوەکان هێز و دەسەڵاتی پێوە دیاربێت، لە بەرامبەردا شێوازی گوتنەکانی ڕەگەزی بەرامبەر (مێ) جۆرێ لە بێهێزی دەرکەوێ. بەڵام ئەو ڕۆڵ و دەسەڵاتەی سەبارەت بەڕەگەزی نێوان( ژن و پیاو) لەکلتوری کوردیدا دەبینرێت، هەروەك پێشتر باسکرا، هەندێجار پێچەوانە دەبێتەوە، واتە ژنەکە باڵادەستی و دەستڕۆیشتوویی بەسەر پیاوەکەدا دیارە، ئەمەش لەوانەیە هۆکاری جیاوازیی وەك:(ئابووری، پلەو پایە، شوێن،... هتد)لە پشتییەوە بێت، هەندێجاریش پێگەی زمانی نێوانیان هاوشانە.لێرەدا چەند نموونەیەکی جیاوازی پێگەی زمانی نێوان( ژن و پیاو) بۆ ئەم مەبەستە لەکەلتوری کوردیدا وەرگیراوە و هەوڵدەدرێ بەپێی گۆڕانە کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکاندا باڵادەستیی زمان تێیاندا دەستنیشانبکرێ.

**ـ دەقی ئاخاوتنی ژمارە (١)، پەوەست بەباڵادەستیی پیاو لەبەرامبەر ژندا (دوو هاوژین):**

**١/+ق. پیاو: (......)کاوەرە پەرۆکێکم بۆبێنە.**

---

(١) هەروەك لەبەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاژەمان پێکردوە، کەمەبەستمان لە چەمکی رەگەز لێرەدا، باسکردنیەتی وەك پێگەو رەهەندێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان (ژن و پیاو)دا، واتە مەبەستمان بابەتی ڕەگەز وەك رەهەندێکی رووت (نێر و مێ) نییە.

**٢/- گ. ژن: ها.**

**٣/+ق. پیاو: پەڕۆکێکم بۆبێنە.**

**٤/- گ.ژن: ئەو کوڕەم لەوبەر جێهێشتبوو.**

**٥/+ق. پیاو: ئێ دەبێنە ئەو کتابانەم بۆبسڕە، ئەم مێزەم بۆدانێ.**

**٦/- گ.ژن: ئەو کوڕە؟**

**٧/+ق. پیاو: کوڕ چیە؟**

**٨/- گ. ژن: دەرێی ئەوەی گرتییە.**

**٩/ +ق. پیاو: ئێ قەینا، وەختی خۆی ئەتو واتلێنەکردیە.**

**١٠/- گ.ژن: ...**

**١١/+ق. پیاو: ئیش و شتم هەیە، پێم ناکرێ، بتوانم ئەوە تەواوکەم.**

**-شیکردنەوەی دەقەکە:**

**-لیستی هۆکارە بارودۆخیەکان:**

**-بەشداربووانی ئاخاوتن: (پیاو - قسەکەر) ، (ژن - گوێگر).**

**-توخمی بەشداربووان: (پیاو - نێر) ، (ژن - مێ).**

**-مەبەست و بابەتی ئاخاوتن:داواکردن بۆپاککردنەوەی مێزی میوانداری.**

**-شوێن:ماڵەوە.**

**-کاتی ئاخاوتن: بەیانی.**

ئەم دەقەی ئاخاوتنە،دەقێکە لەنێوان دوو هاوژین(ژن و پیاو)ێك دایە، لێرەدا قسەکەر (پیاو)بەپێی ئەو شوێنەی(ماڵەوە) کەتیایەتی و ئەو دەسەڵاتەی کەکۆمەڵ پێی داوە، شێوازی دەربڕین و گوتنەکانی بەئاشکرا باڵادەستیی بەسەر گوێگرەکە (ژن)ەکەدا دیارە، ژنەکەش لەبەرامبەردا هاوکارە و بێهێزی لەگوتنەکانیدا لەبەرامبەر پیاوەکەیدا دەردەکەوێ. جێی ئاماژە پێکردنە لەکۆمەڵگەی کوردیدا بوونی ئەو دەسەڵاتەی پیاو کە لەبەرامبەر ژنەکەیدا هەیەتی بۆ کەلتووری ئەو کۆمەڵگەیە دەگەڕێتەوە کە ،نیمچە دەسەڵاتێکی بەپیاو داوە. لەخوارەوەش فۆڕمە زمانییەکانی هەریەکەیان لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە، پەیوەست بەم پێگەیە شیدەکرێتەوە.

قسەکەر هەرلەسەرەتادا باڵادەستیی لەبەرامبەر ژنەکەیدا دەردەکەوێ، ئەمەش لەڕێگای ئەو ئاوازە بەرزەی کەبانگی ژنەکەی دەکات، هەروەك لەگوتنی (١)دا دەڵێ:

**١/پیاو: (هـ.....ن) کاوەرە پەڕۆکێکم بۆ بێنە.**

ئەم گوتنەی ئەم پیاوە، بەهێز و ئاوازێکی بەرز، لەشێوەی فەرمانێکی ڕاستەوخۆ ئاڕاستە کراوە، بەڵام ئەم فەرمانە بەم شێوازە و بەپێی ئەو شوێن و دەوروبەرەی کەتێیدا دەربڕاوە، جگەلەوەی ئەرکی بانگکردن و داواکردنی کارێکە، هاوکات کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی لەسەر بەرامبەر دەبێت.

ژنەکەش لەبەرامبەر ئەم گوتنە هێزدارە ئامادەیی و وەڵامی بانگکردنی پیاوەکە دەداتەوە و دەڵێ:

**٢/ ژن: ها.**

واتە، فەرموو چیت دەوێ ئەمن ئامادەم. ئەگەر چی گوتنەفەرمان کراوەکەی قسەکەر شوێنەکەی دوورە، بەڵام ئاوازی بەرزی گوتنەکە وایکردووە ژنەکە ئەو ئامادەییە خێرایەی بۆپیاوەکەی نیشانبدات، پاشان پیاوەکە ئەرکی بانگکردنەکەی بۆژنەکە دەردەخات و پێی دەڵێ :

**٣/پیاو: بڕۆ پەڕۆکێکم بۆبێنە.**

لێرەدا پیاوەکە دووبارە فەرمان بەژنەکەی دەکات بڕۆ پەڕۆکێکی بۆبێنێ، بەڵام ئەم فەرمانە فەرمانێکی نزیکە لە شێوەی داوا دایە و بەهێزەوە دەرنەبڕاوە، بەڵام کاریگەریی خۆی هەرهەبێت، چونکە لەلایەن کەسێك دەربڕاوە،کەباڵادەستە.

ژنەکەش لەبەرامبەردا پۆزش بۆ تێنەگەیشتنی ئەرکە بانگکراوەکەی پیاوەکەی دەهێنێتەوە پێی دەڵێ:

**٤/ ژن: ئەو کوڕەم لەو بەر جێ هێشتبوو.**

ئەم گوتنەی ژنەکە ئەگەر چی لەشێوە هەواڵ دەربڕاوە، بەڵام لەڕاستیدا بەپێی دەربڕینی گوتنەکە پاکانەکردنی ژنەکەیە بۆ پیاوەکەی، لێکەوتەی پۆزشەکەش ئەوەی لێدەکەوێتەوە، کەبۆیە ڕاستەوخۆ سەرەتا لەئەرکە بانگکراوەکەت نەگەیشتووم، چونکە کوڕەکەم لەو بەر جێهێشتبوو.

پاشان پیاوەکە هەندێك بەتوڕەیی کارپێبوونی پەڕۆکەکەی بۆ ژنەکەی ڕووندەکاتەوەو دەڵێ:

**٥/ پیاو: ئێ دەبێنە ئەو کتابانەم بۆ بسڕەوە، ئەو مێزەم بۆدانێ.**

ئەگەر چی ئەم گوتنە دووبارە لەشێوەی فەرمانە، بەڵام فەرمانە دەربڕاوەکەی کەمێك توڕەیی و گلەیکردنێکی ناڕاستەوخۆی تێدایە ،بەوەی تۆ پەڕۆکێکم بۆ نایێنی

ژنەکەش دووبارە پێی دەڵێ:

**٦/ ژن: ئەو کوڕە.**

لێرەدا ژنەکە دووبارە جەخت لەپۆزشەکەی دەکاتەوە، بەوەی ئەو کوڕەم جێهێشتووە. بەڵام پیاوەکە قسەکەی پێدەبڕێ و پێی دەڵێت:

**٧/ پیاو: کوڕی چ؟**

ئەم گوتنەی پیاوەکە ئەگەر چی بەشێوەی پرسیار دەبڕاوە، بەڵام بەپێی ئەو دەوروبەرەی کە ئەم گوتنانەی تێدایە، گوتنێکی فەرمانە لەشێوەی ناڕاستەوخۆ و ئەرکی گلەیکردنی لەئەستۆی گرتووە، بەوەی واز لەو کوڕە بێنەو ئەو شتانەم بۆبسڕەوە و دانێ.

پیاوەکە لەقسەکردنەکانیدا بەردەوام دەبێ و لەیەك گوتنەکانیشیدا بەژنەکەی دەڵێ:

**٨/ پیاو: ئێ قەینا، وەختی خۆی ئەتو واتلێنەکردووە.**

لێرەدا ئەگەر چی لەسەرەتا لەژنەکەی دەبورێ، لەوەی قەیناکا ئەوشتە ئەوهای لێهاوتووە، بەڵام دواتر تاوانباری دەکات بەوەی تۆ دەسکاریتکردووە، بۆیە ئەو شتە ئەوهای لێهاتووە. ئەم گوتنەی ئەو پیاوەش لەکاتێکدا بووە کە گوتویەتی:

**٨/ وەڵڵا دەرێی ئەوەی گرتییە.**

ئەم گوتنەی ئەم ژنە تەنها هەواڵێکی ئاساییە، بەڵام هەروەك دیارە کاریگەریی لەسەر پیاوەکە هەبووە و وایلێکردووە کە تاوانباری بکات. لەگوتنێکی تردا ژنەکە بەپیاوەکەی دەڵێ:

**٩/ ژن: ...**

بەڵام پیاوەکەی داواکەی ڕەتکردۆتەوەو پێی دەڵێ:

**١٠/ پیاو: ئیش و شتم هەیە، پێم ناکرێ، بتوانم ئەوە تەواو بکەم.**

لێرەدا پیاوەکە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داوای ژنەکەی ڕەتکردۆتەوە ، لێکەوتەی ڕەتکردنەوەکەش بەپێی دەوروبەری گوتنەکە ئەوەی لێدەکەوێتەوە هەرمەیان هێنە کارم زۆرە . واتە کاردانەوەی گوتنی پیاوەکە فەرمانە لەشێوەی ڕەتکردنەوە، ئەوەش جۆرێ ڕێزی لەگوتنەکەیدا بۆ ژنەکەی دەردەخا.

ئەم باڵادەستیی و دەسەڵاتەی ڕەگەزی نێر لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەنێو هەموو کەسێکدا پلەی باڵادەستییەکەی وەك یەك نین و جیاوازن، واتە مەبەست ئەوەیە باڵادەستییەکە هەر لەئارادایە، بەڵام زۆرجار پلەی باڵادەستییەکەیان دەگاتە ڕادەیەکی زۆر بەهێز، کەلەوانەیە توند و تیژی و قسەی ناشیرنی لێبکەوێتەوە، شێوازی قسەکردنێك کە جیاواز لەشێوازی قسەکردنی ئاخاوتنی ژمارە(١) کەبۆنی هەڕەشە و شکاندنەوە و بەکەم زانینی لێببینرێت، ڕەنگدانەوەی ئەم هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردنەش لەوانەیە زیاتر لەحاڵەتی تورەیی، هەڵە، بەرزبوونەوەی باری دەرونی، ...هتد، دێتە کایەوە، لەم ڕوانگەیەوە نموونەیەکی تری جیاوازی باڵادەستیی زمانی ئەم ڕەگەزە (نێر) وەرگیراوە، کەئێستا لەخوارەوە ئاماژەی بۆ دەکرێ.

**ـ دەقی ئاخاوتنی ژمارە (٢) باڵادەستیی پیاو لەبەرامبەر ژندا (دوو هاوژین):**

**١/+ ق. پیاو: پیرەژن سبەینێ زوو گازم کە کارم هەیە.**

**٢/- گ.ژن: باشە بەسەرچاو پیاوەکە، سەعات چەند گازت کەم؟**

**٣/ + ق. پیاو:بەسە، تێناگەیت، نازانی زوو گازکردن واتای چیە؟ لەگەڵ بانگی سبەینێ هەڵم نەستێنی...**

**٤/- گ. ژن: ..... بەس خۆ کوفرم نەکرد کەگوتم سەعات چەند گازت بکەم؟**

**٥/+ ق. پیاو: بەسە، چەقە چەقی مەکە.**

**-شیکردنەوەی دەقەکە:**

**-لیستی هۆکارە بارو دۆخیەکان:**

**-بەشداربووانی ئاخاوتن: (پیاو - قسەکەر) ، (ژن - گوێگر).**

**-توخمی بەشداربووان: (قسەکەر - نێر) ، (گوێگر - مێ).**

**-مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: قسەکردن لەسەر بانگکردن بۆکار وپێویستی .**

**-شوێنی ئاخاوتن:ماڵەوە.**

**-کاتی ئاخاوتن: ئێوارە.**

بەگشتی لە گوتنەکانی قسەکەر (پیاو)ەکەدا، دەبینرێ شێوازی دەربڕین و فۆڕمە زمانییەکانی هێز و ئاماژەی زۆر بەرز و قسەی ناشیرن و ...هتد، تێدا دەبینرێت، ئەمەش باڵادەستییەکی زۆر بەهێزی لەبەرامبەر ژنەکەیدا نیشانداوە، ئەویش لەڕێگای ئەو فۆڕمە زمانییانەی دەریبڕیووە، ئاوازی نزم و بێهێزی زۆری پێوە دیارە، ئەم شێوازی قسەکردنە و هەڵسوکەوتە لەوانەیە کاریگەریی دەروونی زۆر لەسەر ژنەکە کردبێت. لەخوارەوەش شیکردنەوەی فۆڕمە زمانییەکان زیاتر ڕاستی قسەکان دووپاتدەکەنەوە.

بۆنموونە، لەسەرەتای گوتنی یەکەمدا پیاوەکە بەشێوازێك ناوی ژنەکەی دەهێنێ و بانگی دەکا، کەبەئاشکرا باڵادەستیی پیاوەکە دەردەخەن. هەروەك لەگوتنەکەیدا بە ژنەکەی دەڵێ:

**١/پیاو: پیرەژن سبەینێ زوو گازم کە کارم هەیە.**

لێرەدا ناو هێنانی ژنەکە بەم شێوازە (پیرەژن)وفەرمان پێکردنی، جگە لەوەی باڵادەستی پیاوەکە دەردەخا ، هاوکات لەوانەیە ڕەهەندی دەروونی خراپ لەسەر ژنەکە جێبهێڵێت، بەتایبەت ئەگەر ئەمە لەدەرەوەی ماڵ بێت، بەلام زۆر ئەستەمە لە دەرەوە پیاوەکە بەم شێوازە ناوی بیهێنێ و بانگی بکا.

دواتر فەرمانی پێدەکا کەبەیانی زوو لەخەو هەڵستە بەوەی کارم هەیە. ژنەکەش لەوەڵامدا پێی دەڵێ:

**٢/ ژن: باشە بەسەر چاو پیاوەکە، سەعات چەند گازت کەم؟**

ژنەکە ئەگەر چی سەرەتا ئامادەیی خۆی نیشانداوە، واتە بەڵێ بەسەر چاو خەبەرت دەکەمەوە، بەڵام

دواتر تەنها ئەوەندەی گوتوە کەوا سەعات چەند بانگت بکەم؟ پیاوەکەش لەبەرامبەر ئەو قسەی ژنەکە تورەدەبێت و پێی دەڵێ:

**٣/ بەسە، تێناگەی، نازانی زوو گاز کردن واتایی چیە؟ لەگەڵ بانگی بەیانی هەڵم نەستێنی...**

سەرەتا پیاوەکە لەرێگای فەرمانێکی راستەوخۆی بەهێزدا، فەرمانی بەژنەکەی کردووە کە بێدەنگ بێت، ئەم فەرمانەش بەپێی هێزی دەربرینەکە جۆرێ لەهەرەشە کردنی راستەوخۆی تێدایە، چونکە ئەگەر ژنەکە بێدەنگ نەبێت لەوانەیە پیاوەکە هەڵوێستی تری هەبێت. پاشان گلەیی ئەوەی لێدەکات کە بۆچی نازانێ زوو هەستان واتای چی؟دواتر هەر خۆی زوو هەستانەکەی بۆ روونکردۆتەوە، کەبانگکردنی لەگەڵ بانگی بەیانی بێت، بەڵام سەرەتا بەشێوەی هەواڵ ئەم گوتنەی بۆ دەربریووە، بەڵام بەپێی دەوروبەری گوتنکەی فەرمانێکە بەواتای زوو بەخەبەرم بهێنییەوە، ئەمەش ئاگادار کرنەوەیەتی لەو کاتەیدا، نەك بچی کاتێکی تر بەخەبەری بهێنییەوە. ژنەکەش لەبەرامبەردا بەئاوازێکی نزم دەڵێ:

**٤/ ژن: ....پیاوەکە خۆکوفرم نەکرد کەگوتم سەعات چەند هەڵتبستێنم.**

لێرەدا ژنەکە پاکانە بۆ قسەکەی خۆی دەکات، بەوەی هیچ مەبەستێکم لەپرسیارەکەدا نەبووە، تەنها دەمەوێ ئەوە بزانم کە کاتژمێر چەند هەڵتبستێنم ، ئەمەش بۆئەوەی ئاگادار بم.

وادیارە پیاوەکە لەقسەکەی بێزار دەبێت و دەڵێ:

**٥/ بەسە، چەقە چەقی مەکە.**

ئەم گوتنەی پیاوەکە جۆرێ لەقسەی ناشیرن و بێرێزی تێدا دەردەکەوێ، هاوکات گوتنەکەشی دیسانەوە جۆرێ لەهەرەشەکردنی تێدایەو بەواتای دەوت تێکنێ و بێدەنگ بە، کەبەشێوەی فەرمانێکی راستەوخۆ دەربراوە.

پێویستە ئەوە بگوترێ، ئەو باڵادەستییەی پیاو لەبەرامبەر ژنەکەیدا لەوانەیە لەدەرەوە بەم شێوازە دەرنەکەوێ، چونکە پیاوەکە ئەو کات لەدەرەوەیماڵدایە، ئەمەش لەبەر رەچاوکردنی دەوروبەرو کۆمەڵێ مەبەستی تر.

لەناو خێزانی کوردیدا ئەم باڵادەستییەی رەگەز هەر تەنها بەرەگەزی نێر (پیاو) رەنگناداتەوە، بەڵکو هەندێجار پێچەوانەوە دەبێتەوە، واتە لەلایەن رەگەزی مێ (ژن) باڵادەستیی زمان دەبینرێت، ئەمەش لەوانەیە کۆمەڵێ هۆکاری جیاوازی وەك: (ئابووری ، شوێن،پێگەی کۆمەڵایەتی جیاواز، عەشیرەت،...هتد) لەپشتەوە بێ.[١] بۆنموونە زۆرجار لەوانەیە ژنەکە کچی کەسێکی دەوڵەمەند ، یان ئاغا ، یاخود خانەدان

(١) بۆزانیاری زیاتر بروانە: بەشی دووەمی ئەم لێکۆلینەوەیە، پاری(١/٨/٣/٢).

بێت، یان پێگەیەکی تایبەتی هەبێت، هەریەك لەوانەش بەشێوەیەك لەشێوەکان کاریگەریی خۆی لەسەر هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردنی ژنەکە دەبێ و جۆرێ لەدەستڕۆیشتوویی لەبەرامبەر پیاوەکەیدا تێیدا دەردەکەوێت. بۆئەم مەبەستە نموونەی واقعی ئەم باڵادەستیی زمانییەی ڕەگەزی (مێ) لەناو خێزانی کوردیدا وەرگیراوە ، هەوڵدەدرێ لەڕێگای فۆڕمە زمانییە جیاوازییەکانی ئەم ڕاستیە بسەلمێندرێ.

**ـ دەقی ئاخاوتنی ژمارە (٣)، باڵادەستیی ژن لەبەرامبەر پیاو(دوو هاوژین):**

**١/+ق. ژن: (پیاوەکە) ئەمرۆ دەچم بۆ بازاڕ.**

**٢/- گ. پیاو: لۆ، ئەی دوێنێ نەچوی بۆبازاڕ؟**

**٣/+ق. ژن: چیە؟مەبەستت چیە؟ خۆناڵێی مەچوو؟**

**٤/- گ. پیاو: نانا، هەڕوو، بەس هەموو ڕۆژێ مەچوو....**

**٥/+ق. ژن:بێدەنگ، تۆدەزانی چی دەڵێی(ع..........ڵ) قەڵەو؟**

**٦/- گ. پیاو: ئێ بۆ تورە دەبی،خۆناوێرم قسەیەك بکەم نایبڕیتەوە. ئێ بابە ئەتوو لەچت کەمە ها؟ بەس پێم بڵێ لەچی؟**

**٧/+ق. ژن: قسەی مەکە ، چۆن لەچیم کەمە؟**

**٨/- گ. پیاو: ئێ چیم کردووە؟**

**٩/+ق. ژن: ....... من وادەرۆم.**

**١٠/- گ. پیاو: باشە.**

**-شیکردنەوەی دەقەکە:**

**-لیستی هۆکارە بارودۆخیەکان:**

**-بەشداربووانی ئاخاوتن: (ژن - قسەکەر) ، (پیاو - گوێگر).**

**-توخمی بەشداربووان: (قسەکەر – مێ )، (گوێگر - نێر).**

**-مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: قسەکردن لەسەر چوونە بازار.**

**-شوێنی ئاخاوتن: ماڵەوە.**

**-کاتی ئاخاوتن: شەو.**

ئەم دەقی ئاخاوتنە، دەقێکە لەنێوان دوو هاوژین (ژن و پیاو)ێك دایە، لێرەدا ئەگەر بەگشتی تەماشای فۆڕمە زمانییەکانی ژنەکە بکرێ، باڵادەستیی و دەستڕۆیشتویی و بەهێزی لەبەرامبەر

پیاوەکەیدا دیارە، لەبەرامبەردا پیاوەکە ئاست نزمی و بێهێزی لەگوتنەکانیدا دەردەکەوێ، خۆئەگەر چی هەندێ لەگوتنەکانی فەرمانی تێدایە، بەڵام بەگشتی فەرمانەکان بەشێوەیەك بێهێزیان تێدا دەبینرێ، جگەلەوەش کاریگەرییان لەڕەتکردنەوەی قسەکانی ژنەکەیدانەبووە. لەخوارەوەش فۆڕم دەربڕاوە زمانییەکانی هەریەکەیان شیدەکرێتەوە ، دواتریش جەخت لەسەر فۆڕمە زمانییەکانی ژنەکە دەکرێتەوە و پێوەرو بنەماکانی باڵادەستیی زمان تێیدا شیدەکرێتەوە.

ژنەکە لەسەرەتادا بەئاوازێکی بەرز بەپیاوەکەی دەڵێ:

**١/ ژن: (........) ئەمڕۆ دەچم بۆبازاڕ.**

ژنەکە سەرەتا بەئاوازێکی بەرز بانگی پیاوەکەی کردووە، ئەم بانگکردنەش بەپێی خستنەسەری هێز لەسەر ناوی پیاوەکەی، ئاگادار کردنەوەی پیاوەکەیەتی، پاشان بەشێوەی هەواڵ گوتنێکی دەربڕیوە، بەڵام ئەم گوتنەی بەپێی ئەو دەوروبەرەی کە گوتنەکە تێدا گوتراوە، ئەرکی ئاگادار کردنەوەی پیاوەکەیەتی لە چوونی بۆ بازاڕ، بەوەی ئاگادار بە دەچم بۆ بازاڕ. لێرەدا ئەگەر چی ژنەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پرسی بەپیاوەکەی لەبارەی چوون بۆ بازاڕ پێکردووە، بەڵام ئەم پرسکردنە هێزی لەگەڵەو بەشێوەی فەرمان دەربڕاوە، بەتایبەتی ئەگەر بێتو و ژنەکە هەرپرسی پێنەکردبا ئەوا ئەوکات باڵادەستییەکەی بەهێزتر دەکرد.

پیاوەکەش تەنها لەبەرامبەردا پێی دەڵێ:

**٢/پیاو: لۆ ؟ ئەی دوێنێ نەچووی بۆبازاڕ؟**

لێرەدا پیاوەکە تەنها دەیەوێ بزانێ بۆچی دەچێتە بازاڕ؟ کەچی دوێنێ بۆبازار چوو بوو. بەڵام لەگوتنی دواتری ژنەکە بەئاشکرا باڵادەستیی ژنەکەی بەدیاردەکەوێ، هەروەك وەڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێ:

**٣/ژن: چیە؟ مەبەستت چیە؟خۆناڵێی مەچوو؟**

ژنەکە سەرەتا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەتی قسەکەی پیاوەکەی کردۆتەوە، بەوەی بۆچی لەبارەی چوونم بۆبازار دەپرسی؟ دواتریش کەپێی گوتوە: **خۆناڵێی مەچوو.** ئەم گوتنەش هەڕەشەکردنێکی ناڕاستەوخۆی تێدایە، بەوەی ئەگەر دەڵێی مەچوو، لێکەوتەی گوتنەکەشی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە ئەمن دەچم.

پیاوەکەش لەبەرامبەر ئەم گوتنە هەڕەشە ئامێزانەی ژنەکەیدا دەڵێ:

**٤/ پیاو: نانا، هەڕوو، هەڕوو، بەس هەموو ڕۆژ مەچوو.**

لێرەدا پیاوەکە سەرەتا نەیتوانیوە ڕەتکردنەوەی چونی بازاڕی ژنەکەی ڕابگرێت ، بگرە ڕێشی پێداوە، بەڵام دواتر تەنها ئەوەی پێوتووە کە هەمو ڕۆژێ مەچوو، ئەگەر چی پێگوتنەکەشی لەشێوەی

فەرمانێکی ڕاستەوخۆدایە ، بەڵام فەرمانەکە چالاك نابێت و ڕەتکراوەتەوە، هەروەك لەگوتنی (٥)ی ژنەکەیدا دەردەکەوێ:

**٥/ ژن: بێدەنگ، تۆدەزانی چی دەڵێی(............)قەڵەو؟**

لێرەدا ژنەکە بەتووڕەیی و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ فەرمانی بەپیاوەکەی کردووە کەبێدەنگ بێت، ئەمەش ڕەتکردنەوەی فەرمانی پیاوەکەیەتی کەلەگوتنی (٤)ئاماژەمی بۆکرا، هاوکات ئەم گوتنی ژنەش دووبارە هێزی دەربڕینی گوتنەکەی جۆرێ لە هەڕەشەکردنی تێدایە، چونکە ئەگەر پیاوەکە بێدەنگ نەبێت لەوانەیە ژنەکە هەڵوێستی تری هەبێت، هەروەها لەگوتنی: **تۆدەزانی چی دەڵێت (.......)قەڵەو؟** ئەو گوتنەی ژنەکە ئەگەر چی لەشێوەی پرسیار دەربڕاوە، بەڵام بەپێی هێزی دەربڕینی گوتنەکەی گلەییکردنی ژنەکەیە لەپیاوەکە، لێکەوتەی ئەو گلەییکردنەش فەرمانێکی ڕاستەوخۆی لەپشتە لەوەی کە پرسیاری ئەوە مەکە، ئەم گوتنەشی بەم شێوازە هۆکاری خۆی لەپشتە و لەوانەیە فرێدانی خەمی دڵییەتی لەبەرامبەر پیاوەکەیدا. پیاوەکەش لەبەرامبەردا پێی دەڵێ:

**٦/پیاو: ئێ بۆتووڕە دەبی، خۆ ناوێرم قسەیەك بکەم تۆنایبڕیتەوە، ئێ بابە تۆ لەچیت کەمە؟**

ئەم گوتنەی سەرتای پیاوەکە بەئاشکرا بالادەستیی ژنەکە و ژێردەستیی پیاوەکە دەردەخات، هەروەك پێی گوتوە کەمن ناوێرم قسەیەك بکەم، واتە من لەبەرامبەر تۆدا ناوێرم قسەبکەم، کەچی ئەتو تووڕە دەبی، دواتر ئەگەرچی پیاوەکە جۆرێ باڵادەستیی تێیدا دەردەکەوێ، کە ئەویش لەڕێگای ئەوەی کە ئەمن هەمو شتێکم بۆدابینکردووی، بەس نازانم لەچیت کەمە، ئەمەش جۆرێ لەسەرزەنشتکردنی تێدایە.

ژنەکەش وەڵامی دەداتەوە،بەلام چ وەڵامێك:

**٧/ژن: قسەی زیاد مەکە، چۆن لەچیم کەمە؟**

لێرەدا ژنەکە ئەم جارەش بەفەرمانێکی هێزداری هەڕەشە ئامێز وەڵامی پرسیاری پیاوەکەی داوەتەوە بەوەی چیتر قسەی تر مەکە و تەواو، پاشان گلەیی ئەوەی لێکردووە کەلەزۆر شتم کەمە،ئەمەش لە دەربڕینی قسەی زیاد مەکە باڵادەستیەکەیی زیاتر دەرخستووە.

پیاوەکەش گوتنێکی جیاواز دەردەبڕێ، بەڵام جیاواز لەگەڵ گوتنی ژمارە(٧)دا کەگوزارشت لە باڵادەستی ژنەکەدا دەکات و دەیەوێ خۆی ڕزگار بکات لەو شتانەی کەژنەکەی پێی گوتوە، هەروەك دەڵێ:

**٨/پیاو: ئێ چیم کردووە؟**

ئەم گوتنەی ئەم پیاوە بەشێوەی پرسیار دەبڕاوە، بەڵام لەڕووی ناوەرۆکەوە پاساو بۆخۆی دەهێنێتەوە کەئەمن هیچم نەکردووە. لەدواییدا ژنەکە بەپیاوەکەی دەڵێ:

**٩/ ژن: من وادەڕۆم.**

واته، دواجار ژنەکە بڕیاری چوونی بۆبازاڕ دەدات  و بەشێوەی ناڕاستەوخۆش ئاگاداری کردۆتەوە کە من وادەڕۆم. لێرەدا ئەم گوتنەی ژنەکە ڕەتکردنەوەی کۆپی قسەکانی پیاوەکەیەتی کەلەبارەی چوون و نەچوونی بۆبازاڕ پێی ڕاگەیاندبوو.

پیاوەکەش لەبەرامبەر ئەم گوتنەی ژنەکەدا دەڵێ:

**١٠/پیاو: باشە.**

پیاوەکە لێرەدا ئامادەیی ڕۆیشتنەکەی نیشانداوە و ڕەتینەکردۆتەوە کەنابێ بچی.

کەواتە، بەپێی (شوێن و عەشیرەت و کەلتوور، و لایەنی ئابووری و ...هتد) باڵادەستیی زمان ،پەیوەست بەم پێگەیە کەلەنێوان ژن و پیاو کە لەناو خێزانی کوردیدا ئامـاژەی پێکرا، گۆڕانی بەسەردادێ، هەروەك لەنموونەی یەکەم و دووەم و سێیەم ئەم تێڕوانینە دەرکەوت.

لەئێستادا ئەو باڵادەستیەی ڕەگەزی نێوان (ژن و پیاو) تاڕادەیەك کەم بۆتەوە، ئەمەش مانای ئەوە نییە نەماوە، بەڵێ ماوە، بەڵام بەپێی ئەو هۆکارانە کەتازە ئاماژەی پێکرا ڕەنگیداوەتەوە.ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی کەلتوور و ئەو تێڕوانینەی کەلەڕابردوودا کۆمەڵگەی کوردی بۆ ژن هەیبوو، یاخوود بۆئاستی ڕۆشنبیری هەردوولا،  یاخود تێگەیشتن لەدین، یا هۆکاری تر.

## ٣ / ٣ ـ ٣ ـ ٨ ـ ٢ ) پێگەی تەمەن:

بەگشتی تەمەنی مرۆڤ وەك ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی، لەهەرقۆناغێکیدا، کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ هەیەو زمان و شێوازی قسەکردنی جیاواز دەهێنێتەوە کایەوە. بەڵام لەقۆناغێکدا تەمەنی مرۆڤ جیاواز لەقۆناغەکانی تری تەمەن لەڕووی پێگەو ئاستی کۆمەڵایەتییەوە، پێگەیەکی زمانی باڵای تێدادەردەکەوێ، ئەو پێگە زمانە باڵایەش بەرجەستەی تەمەنی گەورەیەو ڕەنگدانەوەیەتی لەبەرامبەر تەمەنی بچوکدا (مێردمنداڵ، گەنج، ...هتد)، هەروەك لەبەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەم ڕەهەندانە ڕوونکرایەوە[1]. ئەوەی لێرەدا مەبەستە و جەختی لەسەر بکرێتەوە، بەرجەستەکردنی ئەو زمانە باڵادەستیەیە کەلەقۆناغی تەمەنی (گەورە)دا دەردەکەوێ و ڕەنگدانەوەیەتی لەبەرامبەر تەمەنی بچووکدا.

لەکۆمەڵگەی کوردیدا وەك پێوەرێکی گشتی کەسانی بەتەمەن، وەك دنیادیدەو ئەزموون و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، جگەلەوەی لەڕووی هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردن لەگەڵ قۆناغەکانی تری تەمەن جیاوازە، هاوکات پێگەیەکی زمانی باڵاو تایبەت تێیاندا دەردەکەوێ، ئەو پێگە زمانییە باڵاو تایبەتەش لەسەر بنەمای ئەو پێگەو دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییە دێتەکایەوە، کەکۆمەڵ پێی داون، ئەم دەسەڵاتەش وادەکا ڕێزلەقسەکانیان بگیرێ و باڵادەستیی و دەستڕۆیشتوویان پێوە دیاربێ، بەتایبەت لەبەرامبەرکەسانی تەمەن بچووك، بۆئەم مەبەستە دواتر لەڕێگای نموونە وەرگیراوکانی ئەم پێگەیەی

(١) بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، پاری( ٢/٨/٣/٢ ).

تەمـەن، هەوڵـدەدرێ فۆڕمـو پێوەرەكـانی ڕەنگدانـەوەی باڵادەسـتیی زمـان، پەیوەسـت بـەم قۆناغـەی تەمەن(گەورە) لەناو كۆمەڵگەی كوردیدا ڕوونبكرێتەوە.

**-دەقی ئاخاوتنی ژمارە(١)، لەنێوان كەسێكی بە(تەمەن)وكەسێكی(گەنج):**

**١/+ق(١) كەسی گەنج: خارە، باشی، سەحەتت؟**

**٢/-ق(٢) كەسی بەتەمەن: پاشی؟ باشی؟ ئەحواڵت؟ وەزعت كووە؟**

**٣/+ق(١) كەسی گەنج: باشی؟ سەحەتت؟**

**٤/+ق(٢ )كەسی بەتەمەن: عەمرت درێژبێ، باشی؟ بابت، دایكت كووە؟ قەردار.**

**٥/+(١) كەسی گەنج: ئەمن قەردارم، ئەمن قەردارم.**

**٦/+ق(٢) كەسی بەتەمەن: ئەدی لۆنەهاتی؟**

**٧/+ق(١) كەسی گەنج: وەڵڵاهی مەجال نەبوو لەبەر دەرس خوێندن.**

**٨/+ق(٢) كەسی بەتەمەن: ..كوڕە هەرلێی گەرێ لێ، لەبەر ئیشێ پێتان ناكرێ سەری خۆبخورێنن.**

**٩/+ق(١)كەسی گەنج: ... ان شاء الله وەعدبێ پێم بكرێ بێم ان شاء الله.**

**١٠/+ق(٢)كەسی بەتەمەن: ئەو ساڵ نا نا ساڵەشكە، واساڵ تەواو بوو...**

**١١/+ق(١)كەسی گەنج: ... بەخوای داوای لێبوردن دەكەم، ئەگەرنا خۆهیچی تێدانییە...**

**١٢/+ق(٢)كەسی بەتەمەن: ئێ باشە، عەمرت درێژبێ، زۆر مەمنون.**

**١٣/+ق(١)كەسی گەنج: ... بەخوای زیاد لەپێویستت كردیە، قابیلی توە، ئەوە ئێستاش بەس ئەمە شەرمەزارین لەبەرامبەر تۆ.**

**ـ شیكردنەوەی دەقەكە:**

**ـ لیستی هۆكارە بارودۆخیەكان:**

**ـ بەشداربووانی ئاخاوتن: (قسەكەری یەكەم- گەنج)،(قسەكەری دووەم- بەتەمەن).**

**ـ توخمی بەشداربووان: هاوتوخم (نێر).**

**ـ مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: قسەكردن لەسەر بابەتی جیاواز.**

**ـ شوێنی ئاخاوتن: هەردووكیان لەماڵەوە.**

**ـ كاتی ئاخاوتن: نیوەڕۆ، دوور.**

ئەم دەقەی ئاخاوتنە، دەقێكی ئاخاوتنی تەلەفۆنییەو لەنێوان دووكەسی تەمەنی جیاوازدایە،لێرەدا كەسی یەكەم كەسێكی بەتەمەنەو بەپێی ئەو پێگەو دەسـەڵاتە كۆمەڵایەتییـەی كەكۆمـەڵ پێـی داوە، بەگشتی شـێوازی قسـەكردن و فۆڕمەزمانییـەكانی باڵادەسـتیی لەبەرامبـەر كەسـی دووەم(گـەنج)دیارە، چونكە كەسـی گـەنج لـەڕووی تەمـەن و پێگەو دەسـەڵاتەوە لەئاسـتی ئـەودا پێگـەی نزمـەو جیـاوازە، جیاوازیی ئەم پێگەیەی تەمەنی كەسی گەنجیش لەبەرامبەر كەسی بەتەمەن، بەپلەی یەك و دواكەوتنی لەسەردانی كردنیداو كاردانەوەی كەسی بەتەمەن لەبەرامبەر ئەو كارەی بەپلەدوو، واتە جگەلەو پێگەو دەسـەڵاتەی هەیـەتی، كاریگـەریی ئاشـكرای لەسـەر هەڵسوكەوت و شـێوازی قسـە كردنـەكانی كـردووەو

وایکـردووە فۆڕمــە زمانییــەکانی بێهێـزی و ژێردەســتیی تێیــدا لەبەرامبەریــدا دەرکــەوێ. بۆزیــاتر بەرچاوڕونی باڵادەستیی زمانی ئەم پێگەیە، بەتایبەت پێگەی کەسی بەتەمـەن، لەخوارەوەجـەخت لـە خودی فۆڕمە زمانییەکان دەکرێتەوە.

ئەگەر بەگشتی سەرنجی جووتە گوتنەکانی یەکەم و دووەم بدرێ، سەرەتاو دەستپێکی ئاخاوتنەکەیان جۆرێ لەهاوکاریی و هاو پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوان(کەسـی بەتەمـەن و کەسـی گـەنج)دیارە، لـە نموونەیی ئەو جووتە گوتنانەش:

**١/کەسی گەنج: خارە باشی؟ سەحەتت؟**

**٢/کەسی بەتەمەن:باشی؟ سەحەتت؟**

ڕەنگدانەوەی ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی سەرەتای نێوان کەسی بەتەمەن و کەسی گەنج، زیاتر لــەڕێگای ســـەلامکردن و هەواڵپرســـینەکەی نێوانیـــان دەردەکـــەوێ. بـــەڵام دواتـــر دەبینـــرێ ئـــەم هاوپەیوەندییەی نێوانیان، بەپێی پێگەی تەمەنی هەریەکەیان دەگۆڕێ و شـێوازی قسـەکردن و فـۆڕمی جیاواز لەنێویاندا دەردەکەوێ. بۆنموونە کاتێك کەسی گەنج لەکەسی بەتەمەن دەپرسێ:

**٣/کەسی گەنج: باشی؟ سەحەتت؟**

واتە، لێرەدا کەسی گەنج تەنها هەواڵی پرسـینی ئاڕاسـتەی کەسـی بەتەمـەن کـردووە، کەلەشـێوەی پرسیار ئەم هەواڵ پرسینەی دەربڕیوە. بەڵام کەسی بەتەمەن جگە لەوەی وەڵامی هـەواڵ پرسـینەکەی داوەتەوە، بەڵام دواتـر چـەندین دەربـڕاو و فـۆڕمی زمـانی جیـاوازیی دەربڕیـوە، کەبـەپێی دەوروبـەر، بەشێوەیەکی گشتی ڕاستەوخۆ باڵادەستیی کەسی بەتەمەن نیشاندەدا، هەروەك پێی دەڵێ:

**٤/کەسی بەتەمەن: عەمرت درێژبێ، باشی؟ بابت،داکت کووە...؟قەردار.**

لێرەدا سەرەتا لە دەربڕاوی(**عەمرت درێژبێ**) لەلایەن کەسی بەتەمەن، وەك نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی و بە گەڕانەوە بۆدەوروبەر و کەلتوری کوردی، ئاماژەیە بەوەی ئەوکەسە لـەڕووی تەمەنـەوە لەکەسـی دووەم(گـەنج) گـەورەترەو لەبەرامبـەردا کەسـی دووەم تەمـەنی بچـووکترە، ئەمـەش ئاماژەیـەکی ناڕاستەوخۆی باڵادەستیی کەسی بەتەمـەن دەردەخا.دواتربـەکارهێنانی فـۆڕمی زمـانی وشـەی(قەردار)، لەلایەن کەسی بەتەمەن، جۆرێ لـە(توانج) گرتنـە لەکەسـی گـەنج، چـونکە ئـەم وشـەیەزیاتر بۆئـەو کەسانە بەکاردێ کەلەڕووی پارەوە قەردارن، بەڵام لێرەدا لە شێوەی توانج ئاڕاستەی کەسی گەنج کراوە، بەوەی ئەتۆ دیارنی، واتە لێرەدا قەرزاری پـارە بـە دیارنـەبوونی کەسـی گـەنج چوێندراوە. لێکەوتـەی توانجەکـەش بـەپێی دەوروبەرەکـەی گلـەییکردنێکی ناڕاسـتەوخۆی کەسـی بەتەمـەنی لێدەکەوێتـەوە، بەواتایی بۆچی دیارنی و سەردانمان ناکەی؟

بـەکار هێنـانی ئـەم فۆڕمـە زمانییە(قـەردار) زۆرجارلـەنێوان دووکەسـی هاوشـان و هاوتەمـەنیش بەکاردێ، بەڵام لێرەدا پێگەی کەسی تەمەنی بچووك ناتوانێ لەبەرامبەرتەمەنی کەسی گەورەو لەبـەر

پێگە کۆمەڵایەتییەکەی ئەم فۆڕمەزمانییە بەکاربهێنێت. دوا وشەی ئەم گوتنـەی کەسـی بەتەمـەنیش کە(قەردار)ە، کاریگەریی لەسەر کەسی گەنج کردووە و وایکردووە دان بەمانا ڕاستەقینەکەی ئەم وشەیە بنێ و جەختیشی لەسەر کردۆتەوە، هەروەك لەگوتنی(٨) دادەڵێ:

**٥/کەسی گەنج: بەپێکەنین: ئەمن قەردارم، ئەمن قەردارم.**

کەسی گەنج لەسەرەتادا گوتنەکەی بەپێکەنینەوە دەربڕیوە، کەوەك کردەیـەکی نازمـانی و بـەپێی دەوروبـەری گـوتنی وشـەی(قەردار)،جگە لـەوەی خۆدزینـەوەو ڕزگارکردنـە لەگلـەیی کەسـی بەتەمـەن، هاوکات دان پێدانانێکی ناڕاستەوخۆشە بەوەی ڕاستدەکەیت کە ئەمن قەرداری تۆم، واتەدیارنیم. بەڵام لەگوتنی دواتریدا، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دان بە دیارنەبوونەکەی لەبەرامبەرکەسی بەتەمەن دەنێ. واتە کەسی گەنج نەیتوانیوە بڵێ ڕاست ناکەیت، خۆئەگەریش دیاربووبێ.

پاشان لەدوای ئەم گوتنە کەسی بەتەمەن وەڵامی دەداتەوەو پێی دەڵێ:

**٦/کەسی بەتەمەن: ئەدی لۆنەهاتی؟**

ئەم گوتنەی کەسی بەتەمەن ئەگەرچی بەشێوەی پرسیار دەربڕاوە، بـەڵام بـەپێی ئـەو دەروبـەرەی کەئەم گوتنەی تێدا گوتراوە فەرمانێکی ڕاستەوخۆیەو ئەرکی گلەیکردنی لەئەستۆ گرتـووە، بـەواتایی ئەتوو دەبوایە دیاربووبایی و سەردانی ئێمەت بکردبایە،کەچی نەهاتی.

کەسی گەنجیش لەبەرامبەر ئەم گلەییەی کەسی بەتەمەن پاکانە دەکات و دەڵێ:

**٧/کەسی گەنج: وەڵاهی مەجالم نەبوو لەبەر دەرس خیندنێ.**

لێرەدا کەسی "گەنج" پۆزش بۆدیارنەبوونەکەی لەبەرامبەر کەسی بەتەمەن دەهێنێتـەوە، بـەوەی بۆیـە دیارنـەبووم، چـونکە سـەرقاڵی خوێنـدن بـووم. سوێند خواردنەکەشی بـۆ جەختکردنەوەیـە لـە پۆزشکردنی و باوەڕکردنی کەسی بەتەمەنە. کەسی بەتەمەنیش پێی دەڵێ:

**٨/کەسی بەتەمەن: .... کوڕە هەر لێی گەرێ لێ، لەبەر ئیشی پێتان ناکرێ سەری خۆتان بخورێنن.**

ئەم گوتنەی کەسی بەتەمەن ئەگەرچی لەشێوەی هەواڵ دەربڕاوە، بەڵام کاتێك دەخرێتە دەوروبەر و بەپێی ئەو دەوروبـەری کەئـەم گوتنـەی تێـداگوتراوە، سـەرەتا ڕەتکردنـەوەی کەسـی گەنجـە بەشـێوەی ناڕاستەوخۆ، ئەم ڕەتکردنەوەیەش بەپێی دەوروبەر (توانج)ێکی ناڕاستەوخۆیە، کەبەواتای ئەوە دێت قسەکەی تۆ وانییە وپێشت دەکرا،بەڵام نەهاتی، واتە قسەکەی لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەبـەراورد لەگـەڵ ڕوخساری قسەکەی کەپێی گوتوە کارتان زۆرە بۆیە پێتان ناکرێ بێن، ڕێك پێچەوانەی یەکترن، خـودی ئـەم توانجەشـی کـەوایکردووە کەئـەم باڵادەسـتییەی تێـدا دەرکـەوێ لەدەوروبـەرە کۆمەڵایەتییەکـەدا هەڵقوڵاوە.

کەسی گەنجیش دەڵێ:

**٩/کەسی گەنج: إن شاءالله وەعد بێ پێم بکرێ بێم ان شاءالله.**

کەسی گەنج لێرەدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەڵێن بەکەسی بەتەمەن دەدا کەبەویستی خوای گەورە پەیمان بێ پێم بکرێ بێم.واتە بەپێی دەوروبەری گوتنەکەی بۆم نەڕەخساوە بۆیە پێم نەکراوە بێم.

کەسی بەتەمەنیش لەبەرامبەردا دەڵێ:

**١٠/ .........واساڵ تەواو بوو....**

ئەم گوتنەی کەسی بەتەمەن ئەگەرچی بەشێوەی هەواڵ دەربڕاوە ، بەڵام بەپێی ئەودەوروبەرەی کەئەم گوتنەی تێدا وتراوە، گلەیکردنە لەکەسی گەنج، بەواتایی ئەوە دێت واساڵ تەواو، بەڵام ئەتوو هەرنەهاتی. کەسی گەنجیش لەبەرامبەردا دەڵێ:

**١١/کەسی گەنج: بەخوای داوای لێبوردن دەکەم، ئەگەرنا خۆ هیچی تێدا نییە.**

کەسی گەنج لێرەدا داوای لێبوردن لەکەسی بەتەمەن دەکا لەبەرامبەر ئەو کەمتەرخەمییەی کەکردوویەتی، واتە پەشیمانبونەوەیەتی لەکەم تەرخەمییەکانیدا. لەبەرامبەردا کەسی بەتەمەن پێی دەڵێ:

**١٢/کەسی بەتەمەن: ئێ باشە.....**

واتە، کەسی بەتەمەن لێبوردن و پەشیمانبونەوەکەی کەسی گەنجی قبوولکردووە. لەدوای قبولکردن لەلێبوردنەکەی، کەسی گەنجیش لەدواییدا لەبەرامبەردا پێی دەڵێ:

**١٣/کەسی گەنج: بەخوای زیاد لەپێویستت کردیە، قابیلی توە، ئەوە ئێستاش بەس ئەمە شەرمەزارین لەبەرامبەر تو.**

کەسی گەنج لێرەدا جگەلەوەی شەرمەزاری خۆی لەبەرامبەر کەمتەرخەمی لەسەردانیکردنی کەسی بەتەمەن نیشانداوە، هاوکات جۆرێ لەپیاهەڵدانیشی لەبەرامبەردا دەربڕیوەو بەوەی تۆ لەئێمە زۆرباشتری، ئێمەش کەمتەرخەمین. جەوهەری لێکەوتەی ئەم پیاهەڵدانەش بێهێزی و ئاست نزمی کەسی گەنج لەڕووی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی لەبەرامبەر کەسی بەتەمەن دەردەخا،ئەم شێوازە قسەکردن و گوتنە جۆراوجۆرانەی کەسی بەتەمەن لەم ئاخاوتنەدا ئەگەرچی باڵادەستییەکەی بەئاشکرا دیارە، بەڵام لەبەر ناسیاوی لەگەڵ کەسی گەنج و دوور ونزیکی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوانیان، کەزۆر لەیەك نزیکن هەروەك لەهەواڵپرسینی لەبارەی دایك و باوکی ...هتد دیارە، دەبینرێ شێوازی گوتنەکانی ئاوازی بەرز و هێزی زۆربەهێز تێیاندا دەبینرێت.

کاتێك نێوانی دووکەسی بەتەمەن و گەنج لەڕووی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، لەیەکەوە زۆرنزیك بن بۆنموونە وەك: (باپیرە و نەوە، برای گەورە و برای بچووك، براو برازا، ... هتد)، ئەوا لەوانەیە هەڵسوکەوت و شێوازی گوتنی کەسی بەتەمەنی خاوەن پێگە زۆربەهێز بێت بەبەراورد لەگەڵ کەسێك کەزۆر نزیك نەبێت، بەتایبەتی لەکاتی هەڵەیەکی کەسی تەمەنی بچووك، سەرئەنجام ئەم نزیکییە

کۆمەڵایەتییەی نێوانیان وادەکا باڵادەستییەکەی زۆر بەهێز بێت. لەم ڕوانگەیەوە نموونەیەکی تری ئاخاوتن ئەم پێگەیە (تەمەن) وەرگیراوە، بەڵام جیاواز بەبەراورد لەگەڵ ئاخاوتنی ژمارە(١)دا، کەلێرەدا مەبەست لەکاریگەریی دوور ونزیکی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ناساوی و نەناسیاوی لەنێوان کەسی بەتەمەن وکەسی تەمەن بچووکە، بەوەی بزانرێ شێوازی گوتنەکانی زۆربەهێزن، یان بێهێزن.

**-دەقی ئاخاوتنی ژمارە(٢ ) لەنێوان کەسێکی بە (تەمەن) و دووکەسی بە (تەمەن بچووک):**

**١/+ق. کەسی بەتەمەن: (م.......د) کاگازی (ئە......د) لۆبکە.**

**٢/-گ(٢) کەسی بە تەمەن بچووک: ها.**

**٣/+ق.کەسی بەتەمەن: کاوەرە بزانم، ئەتودەستکاری ئەوشتەت کردییە.**

**٤/-گ.کەسی بە تەمەن بچووک: بەقورئان ئەمن نەبوومە.**

**٥/+ق.کەسی بەتەمەن: ئەدی کێ دەستکاری کردییە؟**

**٦/-گ(٢) کەسی بەتەمەن بچووک: وەڵڵا ئەمن هەربەتەنیشتی دانەڕۆیشتوومە.**

**٧/+ق. کەسی بەتەمەن: بتان بینم دەستکاری دەفتەرو قەڵەمی من بکەن لێتان دەدەم، نەرێی پێی نە گۆتیمە.**

**٨/- گ(١و٢) کەسی بەتەمەن بچووک: ئێ.**

**٩/+ق. کەسی بەتەمەن: دەبرۆ بەعاقڵی دانیشن، ئەومالەش ئیزعاج نەکەن، تازیە هەیە، دەی بڕۆن.**

**١٠/- گ(١و٢). کەسی بەتەمەن بچووک: دەڕۆن.**

**ـ شیکردنەوەی دەقەکە:**

**ـ لیستی هۆکارە بارو دۆخییەکان:**

**ـ بەشداربووانی ئاخاوتن: (قسەکەر- کەسی بەتەمەن)، (گوێگری یەکەم و دووەم- تەمەن بچووک).**

**ـ توخمی بەشداربووان: هەرسێکیان هاوتوخم(نێر).**

**ـ مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: قسەکردن لەسەر دەستکاریکردنی شتی قسەکەر.**

**ـ شوێنیئاخاوتن: لەناو ماڵێکدا.**

**ـ کاتی ئاخاوتن: بەیانی،نزیک لەیەکتری.**

ئەم دەقەی ئاخاوتنەی سەرەوە دەقێکە لەنێوان (قسەکەر)ێك و دوو (گوێگر)دایە، کەبرازای یەکترن ،واتە ناسیاویەکی زۆرنزیك لەنێوانیاندایە.لێرەدا قسەکەر لەڕووی تەمەنەوە لە برازاکانی خۆی

گەورەترە، کەواتە لێرەدا پێگەی تەمەنی قسەکەر وادەکا ببێتە نوێنەری دەسەڵات، ئەو دەسەڵاتەشی لەکۆمەڵدا وەرگرتووە، لەبەرامبەردا گوێگرەکان دەبنە نوێنەرو هاوکاریی قسەکەر، چونکە لەڕووی تەمەنەوە لە ئاستی ئەودانین. جیاوازی ئەو پێگەیەی تەمەنی نێوانیان بە پلەی یەك و ناسیاوی و نزیکی نێوانیان، وایکردووە فۆڕمە زمانییەکانییان جیاوازبێ و ئەو ئاڕاستەیە وەرگرێ. بۆیە فۆڕمە زمانییەکانی قسەکەرزۆر هێزدارن و ئاماژەی بەرزیان تێدا دەبینرێت، لەبەرامبەردا فۆڕمەزمانییەکانی گوێگرەکان زۆر بێهێزن و بە ئاوازێکی زۆر نزم دەربڕاون. پێویستە ئەوەش بگوترێ، توڕەیی قسەکەرو دەستکاریکردنی کردنی شتەکانی لەلایەن گوێگرەکان، لەوانەیە بۆئەم مەبەستە کاریگەریی خۆی هەبێ. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنەی باڵادەستیی کەسی بەتەمەن، هەوڵ دەدرێ،لە ڕێگای شیکردنەوەی خودی نموونەکان زیاتر تیشکی بخرێتە سەر.

کەسی بەتەمەن سەرەتا لەڕێگای کەسێك، کەئەویش لە ڕووی تەمەنەوە لەئەو بچووکترە، دەیەوێ کەسی مەبەستداری بۆبێنێ، هەروەك پێی دەڵێ:

**١/کەسی بەتەمەن(گەورە): (م.....د) کاگازی(ئە.....د)م لۆبکە.**

قسەکەری بەتەمەن لێرەدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ فەرمانی بەکەسی دووەمی تەمەن بچووك دەکا، کە بانگی(ئە......د)م بۆبکە، ئم فەرمانەش بەپێی دەوروبەری گوتنەکە داواکردنی قسەکەرە لە (گوێگی دووەم)، بۆهێنانی کەسی مەبەستدار، بەوەی بانگی(ئە.....د)م بۆبکەو بۆم بهێنە ئێرەو کارم پێیەتی. بەڵام ئەم فەرمانە داواکراوە هێزی لەپشتەو کرۆکی باڵادەستیی قسەکەر دەردەخا ، بۆیە یەکسەر لەدوای ئەم فەرمانە گوێگری دووەم دەچێ کەسی مەبەستدار دەهێنێ، ئەمەش بەبەڵگەی ئامادەبوونی گوێگری یەکەم و لەجێگای گوتنی:

**٢/گوێگری یەکەم: ها.**

لێرەدا کەسی تەمەن بچووك (گوێگری یەکەم)، ئامادەیی خۆی بۆقسەکەر نیشانداوە، بەواتای چیت دەوێ ئەمن لەخزمەتدام.دوای ئامادەبوون و هاتنی گوێگری یەکەم(کەسی تەمەن بچووك) قسەکەر پێی دەڵێ:

**٣/کەسی بەتەمەن: کاوەرە بزانم، ئەتودەستکاری ئەوشتەت کردیە؟**

قسەکەر جگەلەوەی فەرمانی هاتنەکەی کردووە، هاوکات بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش تاوانباریکردووە بەدەستکاریکردنی ئەو شتەکەخۆی ئاماژەی بۆ کردووە، ئەگەر چی گوتنەکەشی بەشێوەی پرسیاردەربڕاوە، بەڵام بەپێی دەوروبەری گوتنەکە تاوانبارکردنی گوێگرە. ئەم تاوانبارکردنەش باڵادەستیی قسەکەر نیشاندەدا. گوێگریش لەبەرامبەر ئەوپرسیارە تاوانە ناڕاستەوخۆیەی کەلەلایەن قسەکەر دراوەتە پاڵی، دەڵێ:

**٤/گوێگری یەکەم: بەقورئان ئەمن نەبوومە.**

گوێگر لێرەدا لەڕێگای سوێندخواردنەو جەخت لەوەدەکاتەوە کەوا من دەستکاری ئەو شتەم نەکردووە ئەم سوێند خواردنەش بۆئەوەیە کە قسەکەر باوەڕی پێبکات. دوای دەستکەوتنی زانیاریی سەبارەت بە دەستکاریکردنی شتەکەی. لەگوتنێکدا بەگوێگرەکان دەڵێ:

**٧/کەسی بەتەمەن: بتان بینم دەستکاری دەفتەرو قەڵەمی من بکەن لێتان دەدەم ،نەرێی پێی نەگۆتیمە باشە.**

قسەکەر لەسەرەتای ئەم گوتنەیدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە گوێگرەکان(تەمەن بچووکەکان) دەکات، بەوەی دەستکاری شتی من نەکەن، ئەم هەڕەشەش لەشێوەی فەرمانێکی بەهێزو بە ئاوازێکی بەرز دەربڕاوە، ئەم هێزو ئاوازە بەرزەی ئەم گوتنەش وەك پێوەرێکی ناسینەوەی زمانی باڵادەستە، کە گوزارشت لە باڵادەستیی قسەکەر دەکەن. پاشان کەدەڵێ: **نەرێی پێی نەگۆتیمە.**

لەم گوتنەیدا قسەکەری دووەمی کردۆتە گوێگرێك و ئاگاداری دەکاتەوە لە دەستکاریکردنی شتەکانی، ئەم ئاگادارکردنەوەیەش بەپێی هێزی دەربڕینی گوتنەکە دووبارە هەڕەشەکردنێکە. بەڵام ئەمجارە لەشێوەی فەرمانێکی نەرێدادەربڕاوە. ئەم گوتنە هێزدارو ئاوازەبەرزانەی قسەکەر دەبینرێ کاریگەریی لەسەرگوێگرەکان کردووە و وایکردووە بڵێن:

**٨/گوێگرەکان: ئێ.**

لێرەدا گوێگرەکان(یەکەم و دووەم) ئامادەییان بۆقسەکانی قسەکەر نیشانداوە، بەوەی دەستکاری شتەکانی تۆ ناکەین. لەدواگوتنیدا قسەکەر بەگوێگرەکان دەڵێ:

**٩/کەسی بەتەمەن: دەبڕۆن بەعاقڵی دانیشن، ئەمماڵەش ئیزعاج نەکەن تازیە هەیە دەی بڕۆن.**

قسەکەر لێرەدا ئامۆژگاری گوێگرەکان دەکات بەوەی بەهێمنی دانیشن، ئەو ماڵەش پرسەیان هەیە و ئەزیەتییان مەدەن. ئەم گوتنانەی قسەکەر ئەگەرچی ئەرکی ئامۆژگارییان لەپشتە،بەڵام ئەم ئامۆژگارییانە لە شێوەی فەرمان و بەپێی دەوروبەری فەرمانەکان هەڕەشەن، چونکە ئەگەر بێتو گوێگرەکان بە هێمنی دانەنیشن و دراوسێیەکەیان ئەزیەت بدەن، ئەو کات قسەکەر لەوانەیە هەڵوێستێکی تر بنوێنێ. گوێگرەکانیش لەبەرامبەردا فەرمانی قسەکەر جێبەجێدەکەن و دەڕۆن. جێبەجێکردنی ئەم فەرمانانەش بەبێ گفتوگۆو ئەولاو ئەولا باڵادەستیی قسەکەرو بێهێزی گوێگرەکان دەردەخا.

هەندێجاریش ئەم پێگەیەی تەمەن بەپێی دەوروبەر گۆڕانی بەسەردادێ. بۆنموونە کە کەسەکەلەڕووی تەمەنەوە گەورەیە، بەڵام لەبەرامبەر کەسێکدایە کەلەڕووی پێگەی تەمەنەوە لە ئەو بچووکترە، بەڵام ئەو تەمەن بچووکە لەوانەیە پێگەیەکی بەرزی هەبێ، ئەمەش وادەکا قسەی زیاتری لەسەر بڕوا.

### ٣/٣ـ ٣ـ٨ ـ٣) پێگەی خێزان:

خێزان بەگرنگترین بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دادەنرێت.لەکۆمەڵگەی کوردیداهەردوو ڕەگەزی نێوان "ژن و پیاو"بەپلەی یەك بونیادی کۆمەڵایەتی خێزان پێکدەهێنن، دواتریش منداڵەکان، هەریەك لەم ڕەگەزانەش (ژن و پیاو)، بەپێی کۆمەڵێ هۆکاری وەك:(کەلتور، شوێن، کات، عەشیرەت،..هتد)، پێگەی زمانی جیاواز تێیاندا دەردەکەوێت، هەروەك لەو وەچەپاری پێشووی ئەم باسە ڕەنگدانەوەی باڵادەستیی زمانی پەیوەست بەپەیوەندیی نێوان (ژن و پیاو)، لە ناو خێزانی کوردیدا ڕوونکرایەوە.[1]

ئەوەی لەم پێگەیەدا مەبەستە (خێزان) تیشکی بیخرێتە سەر ئەوەیە،لەناو خێزانی کوردیدا، وەك پێوەرێکی گشتی بەرەچاوکردنی کەلتورو پێگەی کۆمەڵایەتی (دایك و باوك)، هۆکاری ئایینی و ئابوری و...هتد، بەشێوەیەك لەشێوەکان باڵادەستیی و دەستڕۆیشتوویيان لەبەرامبەر "منداڵەکان"یان دەردەکەوێت. بۆنموونە،یەك لەوهۆیانەی کەباوك باڵادەستیی لەبەرامبەر کوڕەکەی دیارە ،لەڕووی ئابووریەوە بەخێوی دەکات، یاخود دایك باڵادەستە، لەبەرامبەر کچەکەی ،یان کوڕەکەی، ئەوەش لەبەر ئەو پێگە گرنگەی کەدایك هەیەتی. بۆیە لێرەدا بەپێویست زانرا لەناو ئەم پێگەیەدا بەجیا باسی ئەم لایەنەی باڵادەستیی زمانی (دایك و باوك) لەبەرامبەر منداڵەکانیان بکرێ، ئەمەش بۆئەوەی لەلایەك ئاڵۆزی و تێکەڵی لەگەڵ پێگەی زمانی نێوان خودی خۆیان(ژن و پیاو)نەبێ، لەلایەکی ترەوە، کاریگەریی و ڕەهەندەکانی باڵادەستیی هەریەکەیان لەزمان و شێوازی قسەکردن و هەڵسوکەوتیان دیاریبکرێ. هەروەها لەناو منداڵەکانیش بەپێی جۆری پەیوەندیی وپێگەی کۆمەڵایەتیی و کاریگەریی دایك و باوکیش لەسەریان، باڵادەستیی زمان لەنێویاندا دەردەکەوێت. دواتر هەریەك لەم دەرکەوتە جیاوازییانەی ناو خێزان زیاتر ڕووندەکرێتەوە و تیشکی وردیان دەخرێتەسەر. بۆئەم مەبەستەش چەندین نموونەی جیاواز لەم ڕوانگەیەوە هێنراوەتەوەو فۆڕم وبنەماو شێوازی گوتنی باڵادەستیی زمانی تێیاندا دەردەخرێ.

### ١-دەسەڵاتی باوك و دایك لەبەرامبەر منداڵەکانیاندا:

لەناو خێزانی کوردیدا"دایك و باوك" پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزو گرنگیان هەیەو ڕێزلەوتەو قسەکانیان دەگیرێ، منالەکانیش لەبەرامبەردا وەك لایەنێکی گرنگی بونیادی کۆمەڵایەتی ناوخێزان دەبنە نوێنەری هاوکار و لەژێر بڕیارو فەرمان و دەسەڵاتی ئەواندادەبن، هەرسەرپێچی و لادانێکی نادروستیان لەوانەیە لەلایەن ئەوانەوە(باوك و دایك) توشی سزاو لێپرسینەوە ی جیاوازببن. ئەو دەسەڵاتەشی کەباوك ودایك، لەبەرامبەر منداڵەکانیاندا هەیانە لەیەك نزیکن، بەڵام بەگشتی باوك دەسەڵاتەکەی دیارترە، ئەمەش لەبەر ئەو پێگەیەی کەکۆمەڵ پێداوە، ئەودەسەڵاتەی ئەوانیش یان لە پێگە کۆمەڵایەتییەکەوە سەرچاوەی گرتووە، کەکۆمەڵ دەسەڵاتی پێیانداوە ، لەناو کۆمەڵ بەگشتی و خێزان بەتایبەتی دەبێ ڕێز لەدایك و باوك بگیرێ و بێڕێزی لەبەرامبەریاندا نەکرێت. یان بەهۆی

(١) بۆزانیاری زیاتر بڕوانە:بەشی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە. زمانی باڵادەست پەیوەست بەپێگەی ڕەگەزی نێوان (ژن و پیاو)لەخێزانی کوردیدا.

ئایینەوەیە، کە هەموو ئایینە ئاسمانییەکان جەخت لەڕێزگرتنی دایك و باوك دەکەنەوە، هەندێجاریش هۆکاری ئابووری ڕۆڵی لەم دەسەڵاتەیاندا هەیە، بۆنموونە بەخێوکردن و پەروەردەکردن و دابینکردنی بژێویان، کاریگەریی خۆیان لەبەرامبەریاندا هەبێ، هەروەها هۆکاری تەمەنیش بەشێوەیەك لەشێوەکان ڕۆڵی خۆی لەم تێڕوانینەوە دەبینێ، چەندین هۆکاری تر کەلەم ڕوانگەیەوە ڕۆڵی دەسەڵات و باڵادەستیی باوك و دایك لەبەرامبەر منداڵەکانیاندا نیشاندەدەن، هەریەك لەودەسەڵاتە جیاوازییانەش بەشێوەیەك لەشێوەکان کاریگەرییان لەسەر زمان و هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردنیان دەبێ و پێگەی زمانی جیاواز تێیاندادەردەکەوێ.لەخوارەوەش لەڕێگای نموونە وەرگیراوەکان پێگەی زمانی هەریەکەیان لەبەرامبەریاندا(منداڵەکان)، بەتایبەتی لەنێویاندا باڵادەستیی زمانییان نیشاندەکرێن و ڕووندەکرێتەوە.

**أ.باڵادەستیی باوك:**

باوك وەك ڕەگەزێکی بونیادی گرنگی ناوخێزان، بەپێی ئەو دەسەڵاتە جیاوازییانەی کەتازە ئاماژەی پێکرا ،باڵادەستییەکی زۆرو کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی بەسەر هەڵسوکەوتی منداڵەکانیدا هەیە. لەخوارەوەش لە ڕێگای نموونە وەرگیراوەکانی ئەم لایەنە ،دەسەڵاتی باوك ڕووندەکرێتەوە.

- **دەقی ئاخاوتنی ژمارە(١)، لەنێوان (باوك و کوڕ):**

**١/+ق. باوك: (ع.....ل) کوڕم وامەکە، دەهەستە.**

**٢/-گ.کوڕ: چییە؟**

**٣/+ق. باوك: ئەوە چییە؟ بۆچی وائەکەیت؟**

**٤/-گ. کوڕ: بێدەنگ بوونی کوڕ.**

**٥/+ق. باوك: کابرۆ پەرداخێك ئاوم لۆبینە، بەجوانی، ئاوەکەنەڕێژی.**

**٦/-گ. کوڕ: هێنانی ئاوەکە.**

**٧/-کوڕ. دەچمەماڵی (..........).**

**٨/+ق. باوك: بەس بەزوویی، بەئاقڵی ئێ، بێعاری نەکەی.**

**٩/-گ. کوڕ: ئێ.**

**--شیکردنەوەی دەقەکە:**

**★لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان:**

**- بەشداربووانی ئاخاوتن: (قسەکەر- باوك)،(گوێگر- کوڕ).**

**- توخمی بەشداربووان: هاوتوخم(نێر).**

- **مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: قسەکردن و داواکردن لەسەربابەت و شتی جیاواز.**

- **شوێنی ئاخاوتن: ماڵەوە.**

- **کاتی ئاخاوتن: شەو، دوورو نزیك.**

ئەم دەقەی ئاخاوتنە، دەقێکە لەنێوان(باوك و کوڕ)ێك دایە، لێرەدا باوك بە پێی ئەو دەسەڵاتە جیاوازییانەی وەك: (پێگەی کۆمەڵایەتی، ئایینی، ئابووری، ....هتد)کەتازە باسکرا، لەگەڵ ئەوشوێن(ماڵ)و کاتەی تیایەتی نوێنەری دەسەڵاتە، ئەو دەسەڵاتانەش وایکردووە پێگەیەکی زمانی تایبەتی تێدادەردەکەوێ و شێوازی قسەکردن و فۆڕمە زمانییەکانی باڵادەستییەکی ئاشکرای بەسەریەوەدیارە، لەبەرامبەردا کوڕەکە بێهێزی و ئاست نزمی لەقسەکردن و فۆڕمە زمانییەکانیدا لە بەرامبەر باوکیدا نیشانداوە.

ئەگەر سەیری سەرەتای گوتنی یەکەمی باوکەکە بکری، دەبینرێ هەرلەسەرەتاوە بەئاوازێکی بەرز بانگی کوڕەکەی دەکات و دەڵێ:

**١/باوك: (.....)کوڕم وامەکە،دەهەستە.**

ئەم گوتنانەی باوك بەپێی ئەو شوێن و دەوروبەرەی کە ئەم گوتنانەی تێدا وتراوە چەند مەبەست و گوتنی باڵادەستیی زمان تێیدا دەبینرێت: بۆنموونە لەسەرەتا پێی دەڵێ:(ع..........ل).

لەسەرەتای گوتنی یەکەمدا باوکەکە بانگی کوڕەکی کردووە، بەڵام چ بانگکردنێك؟ بانکردنێك بەهێزو ئاوازێکی بەرزدەربڕاوە، ئەم هێزو ئاوازە بەرزە و شێوازە بانگکردنەکەی بەپێی دەوروبەری گوتنەکەی، ئاگادارکردنەوەیەکی سەرەتایی ناڕاستەوخۆیە لەدەستهەڵگرتن لەوکارەی کە بەدڵی باوکەکە نییە.

بەڵام دواتر لەشێوەی فەرمانێکی ڕاستەوخۆ فەرمانی دەستهەڵگرتن لەکارەکەی دەکات و پێی:

- **کوڕم وامەکە ،دەهەستە.**

باوکەکە ئەو جارە بەشێوەی فەرمانێکی هێزداری ڕاستەوخۆ فەرمان بەوازهێنان لەوکارە دەکات کە کوڕەکەی دەیکات. ئەو فەرمانەش لەشێوەی داواکردێکی ناڕاستەوخۆدایە، بەڵام ئەم داوایە لە هێزی پێگەی باوکەکە دەربڕاوەو ڕەتکردنەوەی نییە، ئەمەش باڵادەستیی باوکەکە دەردەخا.

کوڕەکەش لەبەرامبەر ئەم هێزو ئاوازە بەرزانەی کەلەدەربڕاوەکانی باوکەکەی دەبینرێت، یەکسەر وەڵامی باوکەکەی دەداتەوە و دەڵێ:

**٢/کوڕ: چیە؟**

ئەگەر چی سەرەتا کوڕەکە لەفەرمانی باوکەکەی نەگەیشتووە، بەڵام وەڵامی بانگکردنەکەی پشتگوێ نەخستوەو ئامادەیی خۆشی نیشانداوە بەوەی چیت دەوێ؟

لەگوتنی دواتری باوکەکە دووبارە جەخت لەوازهێنانی ئەو کارە دەکاتەوە کەسەرەتا بەکوڕەکەی گوتبوو، بەڵام ئەم جارە بەشێوازێکی تر پێی دەڵێ:

**٣/باوك: ئەوەچیە؟بۆچی وائەکەیت؟**

ئەم گوتنەی باوك ئەگەرچی بەشێوەی پرسیار دەبڕاوە، بەڵام کاتێك دەیخرێتە دەوروبەر لەڕاستیدا گلەیکردنی باوکەکەیە لەکوڕەکەی، بەوەی بۆ چی وادەکەی؟لێکەوتەی گلەیکردنەکەش ئەوە دەگەیەنێت کە وامەکە، کە ئەمەش فەرمانێکی ناڕاستەوخۆی لێکەوتۆتەوە.

کوڕەکەش لەبەرامبەر ئەم پرسیارە گلەیی کراوەی باوکی بێدەنگی تێدا دەبینرێ، هەروەك لەگوتنی (٤)دەڵێ:

**٤/کوڕ: بێدەنگ بوونی کوڕەکە.**

ئەم بێدەنگیە نازمانییەی کوڕەکە، ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی ڕوونە لەبارەی دانپێدانانی کارەکەیی و قبوڵکردنی گلەیی باوکەکەی.

ئەم دەسەڵاتەی باوك لەبەرامبەر کوڕەکەی هەیەتی، جگەلەوەی وادەکات لەژێر دەسەڵاتی ئەودابێت، هاوکات کاریگەریی لەسەر ئەوەش دەبێ پرس و ڕاوێژی لەکارەکانیدا پێبکات و تەنانەت هیچ کارێك بەبێ پرسی ئەو نەکا.

بۆنمونە: ئەگەر لەم تێڕوانینە سەیری گوتنی ژمارە(٩)ی کوڕەکە بکرێ کەبەباوکی دەڵێ:

**٥/کوڕ: دەچمە ماڵی (.......).**

ئەم گوتنەی کوڕەکە بەشێوەی هەواڵ دەربڕاوە بەڵام بەپێی دەوروبەری گوتنەکەی، جگەلەوەی جۆرێ لەپرس کردنی تێدایە، هاوکات داواکردنی ڕێپێدانی باوکیەتی بۆ شوێنی مەبەست. واتە، لێرەدا کورەکە نەیتوانیوە بەبێ پرسی باوکییەتی بچێتە شوێنی مەبەست، بەڵکو پرسی پێکردووە. لەدوای ئەم پرس کردنەی ،کوڕەکەی باوکیپێی دەڵێ:

**٦/باوك: بەس بەزویی، بەئاقڵی ئێ، بێعاری نەکەی.**

لێرەدا ئەگەر چی باوکی ڕێی پێدەدات بۆشوێنی مەبەست بچێ، بەڵام چەند مەرجێکی بۆداناوە، ئەو مەرجانەش لەمەبەستی وتنی باوکەکە دەردەکەوێ و باڵادەستیی نیشاندەدەن. بۆنموونە کاتێك دەڵێ: **(بەس بەزویی)**.واتە سەرەتا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و خۆ ئاگاداری کردۆتەوە کەبڕۆ، بەڵام زوو بێیتەوە ، ئەم گوتنەش بەپێی دەوروبەری گوتنەکە ڕێپێدانی کوڕەکەیە بۆشوێنی داواکراوی. پاشان پێی دەڵێ: **بەئاقڵی ئێ.**

باوکەکە لەم گوتنە ئامۆژگاری کوڕەکەی کردووە کەدەچی، بەڵام بەئاقڵی بڕۆ، ئەم ئامۆژگاریەش لەشێوەی فەرمانێکی ڕاستەوخۆ دەربڕاوە. واتە ئەم جارە فەرمانەکەی ئەرکی ئامۆژگاریکردنی گرتووە.

لەدواقسەشی پێی دەڵێ: **(بێعاری نەکەی)**. ئەم گوتنە ئەگەر چی دیسانەوە بەشێوەی فەرمانێکی ئەرێنی ڕاستەوخۆ دەربراوە ، بەڵام بەپێی ئاوازەی دەربڕینی گوتنەکەیی و خستنە سەری هێز لەسەر مۆڕفیمی فەرماندانی ئەرێ (نا)هەڕەشە کردنێکی ڕاستەوخۆی لەپشتە، چونکە ئەگەر کوڕەکە بێعاری بکات و باوکەکەش بزانێ ،یاخود بۆی بگەڕێتەوە کە بێعاری کردووە، ئەوا لەوانەیە هەڵوێستی تری هەبێت.

کوڕەکەش لەبەرامبەر ئەم گوتنانەی باوکی دەڵێ:

**٧/کوڕ: ئێ.**

واتە، کوڕەکە پابەندبوون و وەڵام و ڕازیبوون و قسەکانی باوکی نیشانداوە.

ئەم دەسەڵاتەی باوك لە باوردۆخە جیاوازەکاندا، بۆ نموونە لەکاتی تووڕەیی، یان لەسەر جێبەجێکردنی کارێکی خراپی کوڕەکەی سەبارەت بەباوکی کەزۆر پێی سەغڵەت دەبێ،یاخود بەگشتی لەباری دەروونی جیاواز، زۆر بەهێز دەردەکەوێ، ئەم بەهێزیەش وادەکا شێوازی گوتن و دەربڕینەکانی ئاوازەی هەرە بەرز و جیاواز لەگوتنەکانی پێشوو، کەلەئاخاوتنی ژمارە(١) ئاماژەی بۆکرا، تێیدا دەربکەوێ. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری ئاخاوتنی ژمارە(٢) بکرێ، لەکاتی تووڕەیی باوکەکە لەبەرامبەر کوڕەکەیدا.

**- دەقی ئاخاوتنی ژمارە (٢) لەنێوان (باوك و کوڕ):**

**١/+ق. باوك:وەیە دەڕێن جغارەی دەخۆی؟**

**٢/- گ. کوڕ: نەئە، کێ وەدەرێ؟**

**٣/+ق. باوك:درۆی دەکەی، دونێ یەکێك پێی گۆتم.**

**٤/+ق. باوك: ئەوە پێم گۆتی جارەکی دی ناخۆی، دەزانم لەوەتی لەگەر (......) و (.....)ی دەگەڕێی فێرە جگەرە خواردن بووی.**

**٥/-گ. کوڕ: باشە.**

**- شیکردنەوەی دەقەکە:**

**-لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان:**

**- بەشداربووانی ئاخاوتن: (قسەکەر - باوك) ، (کوڕ – گوێگر).**

**- توخمی بەشداربووان: هاوتوخم( نێر).**

**- مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: تەرککردنی جگەرە بۆکوڕ لەلایەن باوکییەوە.**

**- شوێنی ئاخاوتن: ماڵەوە.**

**- کاتی ئاخاوتن: بەیانی.**

ئەم دەقە ئاخاوتنەش ،دەقێکە لە نێوان (باوك و کوڕ)ێك دایە، لێرە فۆڕمە زمانییەکانی باوکەکە لەبەرامبەر کوڕەکەی باڵادەستییەکی زۆر بەهێزی پێوە دیارە،ئەم باڵادەستییە بەهێزەش لەئەنجامی سەرپێچیکردنی کوڕەکەی و لەتوڕەبوونی باوکەکە هەڵقوڵاوە. بۆنموونە باوکەکە لەسەرەتادا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کورەکەی بەکێشانی جگەرە تاوانبار دەکات، هەروەك لەگوتنی ژمارە(١) دا پێی دەڵێ:

**١/باوك: وەیە دەرێن جغارەی دەخۆی؟**

ئەم گوتنەی باوکەکە ئەگەر چی بە شێوەی پرسیار لەبەرامبەر کوڕەکەی دەربڕیوە، بەڵام لەڕاستیدا تاوانبارکردنێکی ناڕاستەوخۆی کوڕەکەیە بەجگەرەکێشانی، ئەم لێپرسینەوەی باوکەکەش باڵادەستیی باوکە کە دەردەخا.

کوڕەکەش لەبەرامبەر ئەو تاوانبارکردنەی بەباوکی دەڵێ:

**٢/ کوڕ:نەئە، کێ وەدەرێ؟**

لێرەدا کوڕەکە ئەگەر چی سەرەتا قسەی باوکی ڕەتکردۆتەوە، بەڵام دواتر پاکانە بەوە دێنێتەوە کە ئەمن جگەرە ناکێشم، ئەم پاکانەکردنەشی بۆخۆدزینەوەو ڕزگار کردنییەتی لەوکارەی کەلەلایەن باوکییەوە خراوەتە پاڵی، پاشان کە دەڵێ: **کێ وادەرێ؟** واتە ئەم گوتنەی کوڕەکە لێکەوتەی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە ئەوەشی ئەو هەواڵەی پێگوتی ڕاست ناکات. بەڵام ئەم ڕەتکردنەوەی کوڕەکە چاڵاك نییە و دەبینرێ لە گوتنی دواتری باوکەکە ڕەتکراوەتەوە، هەروەك لەگوتنی (٣) باوکەکە بەکوڕەکەی دەڵێ:

**٣/ باوك: درۆ دەکەی دونێ یەکەك پێی گۆتم.**

لێرەدا باوکەکە جگەلەوەی پۆزش و وتەکانی کوڕەکەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەتکردۆتەوە، هاوکات ئەمجارە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ تاوانباری بەجگەرە کێشانی دەکا، لێکەوتەی گوتنەکەش بەپێی دەوروبەر و ئەو پێگەی کەلەلایەن کەسی ناوبراو پێی گوتراوە ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە درۆدەکەی، نەخێر جگەرە دەکێشی. پاشان پێی دەڵێ:

**٤/باوك: ئەوە پێم گوتی جارەکی دی ناخۆی، دەزانم لەوەتی لەگەر (......) و (..........)ی دەگەڕێی فێرە جغارە خواردن بووی.**

لەسەرەتادا باوکەکە بە ئاوازێکی بەرز دوا ئاگادار کردنەوەی خۆی لەبارەی کێشنی جگەرە بەکوڕەکەی خۆی ڕاگەیاندوە، دواتر بەهێز و ئاوازێکی بەرز فەرمانێکی ڕاستەوخۆی پێدەکات کە نابێ جارەکی تر جگەرە بکێشی، ئەم فەرمانەش بەپێی ئاوازەی بەرزی دەربڕینەکە هەڕەشەکردنێکی ڕاستەوخۆیە لەبەرامبەر کوڕەکەیدا، چونکە ئەگەر جارێکی تر بزانێ کەکوڕەکەی جگەرە دەکێشێ لەوانەیە هەڵوێستی تری جیاوازی هەبێت. پاشانیش پێی دەڵێ: **لەوەتەی لەگەڵ (........) و (........)ی دەگەڕێی فێرە جگەرە خواردن بووی.** واتە گوتنەکەی بەپێی دەوروبەر، لێکەوتەی ئەوەی لێدەکەوێتەوە

که پێشتر نەم بیستوە و نەم زانیوە کەتۆ جگەرە بکێشی، هەروەها لێکەوتەی ئەوەشی تێدا دەبینرێ، تۆ لەگەڵ ئەو کەسانە مەگەڕێ، ئەمەش بەشێوەی فەرمانێکی ناڕاستەوخۆ دەربڕاوە. ئەگەر چی ئەم قسەو لێپرسینەوەی باوکەکە سەبارەت بەکوڕەکەی لەبەرژەوەندی کوڕەکەیدایە، بەڵام بەم شێوازەو بەم گوتنە هێزدار و ئاواز بەرزانەدا کاریگەریی لەسەر دەروونی کوڕەکەی دەبێت، بەڵکو پێویستە بەهێمنی و ئارامی و لێزانییەوە ئامۆژگاری بکرێت.

**ب/ دەسەڵاتی دایك:**

"دایك"یش بەشێوەیەك لەشێوەکان، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی باڵادەستیی و دەستڕۆیشتوویی لەبەرامبەر منداڵەکانیدا دەردەکەوێ هەر وەك پێشتر هۆکاری ئەم دەسەڵاتەش لەوەچەپاری(دەسەڵاتی باوك و دایك لەبەرامبەر منداڵەکانیاندا) ئەم بەشەدا ڕوونکرایەوە. لەخوارەوەش هەوڵدەدرێ لەڕێگای نموونە وەرگیراوەکانی تایبەت بەم لایەنە، چۆنییەتی ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی دایك لەبەرامبەر منداڵەکانیدا بخرێتەروو،بۆ ئەم مەبەستە نموونەی بۆ هێنراوەتەوە.

**-دەقی ئاخاوتنی ژمارە (٣) لەنێوان (دایك و کچ):**

**١/- گ. کچ: دایە بچمە بازاڕی؟**

**٢/+ق. دایك:ناوەڵڵا بازاڕی چی؟چ ئیشێکت لەبازاڕی هەیە کچم؟**

**٣/- گ. کچ: لۆدایە شتم دەوێ.**

**٤/+ق.دایك: ئەرێ بازاڕی تۆ هەموو ڕۆژێ هەرتەواو نەبوو، بازاڕی چ بەو گەرمایەو قەرەبالغ و وەڵڵادەچیەبازاڕی لەخۆت بێزاری.**

**٥/- گ. کچ: ئێ دایە مەکتەب هاتەوە.**

**٦/+ق.دایك: کچێ دانیشە، بازاڕی چ، بەخۆم مەجالم هەبێ دەچم دەستەکت لەبۆ دەکڕم، تەواو ئەتوم لە بۆ چیە؟**

**-شیکردنەوەی دەقەکە:**
**⋆لیستی هۆکارە بارودۆخیەکان:**
**-بەشداربووانی ئاخاوتن: (قسەکەر - دایك) ، (گوێگر - کچ).**
**-توخمی بەشداربووان: هاوتوخم (مێ).**
**-مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: داواکردنی کچ لەسەر چوونی بۆبازاڕ.**
**-شوێنی ئاخاوتن:ماڵەوە.**
**-کاتی ئاخاوتن: بەیانی، نزیك.**

ئەم دەقەی ئاخاوتنە، دەقێکە لەنێوان (دایك و کچ)ێکی ناو خێزانێك دایە،لێرەدا دایکەکە بەپێی ئەو دەسەڵاتە جیاوازییانەی، کە لەپێگە کۆمەڵایەتییەکەی، یان لەکۆنترۆڵکردنی ناو ماڵ و پەروەردەکردنی

منداڵەکان و ...هتد، سەرچاوەی گرتووە، دەبینرێ نوێنەری دەسەڵاتە، ئەو دەسەڵاتەشی وایکردوە فۆڕمە زمانییەکانی باڵادەستییەکی ئاشکرای بەسەر کچەکەیدا دەردەکەوێ، لەبەرامبەریشدا کچەکەی بێهێزی و ئاست نزمی لە فۆڕمە زمانییەکانیدا لەبەرامبەر دایکی دەردەکەوێ. شیکردنەوەی فۆڕمە زمانییەکانیشیان زیاتر ئەم قسانە پشتڕاستدەکاتەوە.

سەرەتاو دەسپێکی ئاخاوتنەکە بەگوتنی کچەکە دەستیپێکردووە و داوای ڕێپێدان لەدایکی بۆ چوونی بازاڕ دەکا، هەروەك پێی دەڵێ:

**١/کچ: دایە بچمە بازاڕی؟**

ئەم گوتنەی ئەم کچە، ئەگەر چی بەشێوەی پرسیار دەربڕاوە، بەڵام بەپێی دەوروبەری گوتنەکە داواکردنی ژێردەستە (کچ) لەباڵادەست کە (دایك)ەکەیە، لێکەوتەو مەبەستی داواکردنەکەشی ڕێپێدانی دایکە سەبارەت بۆ بازاڕ چوونی. دایکەکەش لەبەرامبەر ئەم پرسیارە داواکراوەی دەڵێ:

**٢/دایك: ناوەڵڵا بازاڕی چ؟ چ ئیشت هەیە لەبازاڕی کچم؟**

لێرەدا دایکەکە سەرەتا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ داواکاری کچەی بۆچوونی بۆ بازاڕ ڕەتکردۆتەوە، ئەم ڕەتکردنەوەیەش لەشێوەی فەرمانێکی نەرێی ڕاستەوخۆی دایە، بەوەی ناوەڵڵا بۆبازاڕ مەچوو.

دواتر، کەپێی دەڵێ: **چ ئیشت هەیە لەبازاڕ کچم؟**

دایکەکە لەو گوتنەی دواییدا، کەلەشێوەی پرسیار دەربڕیوە، بەڵام ئەم گوتنە بەپێی دەوروبەر، داواکردنی زانیارییە لەکچەکەی لەبارەی چوونی بۆبازاڕ، ئەم داوایەش جیاوازە لەداوای کچەکەی، لە پێگەی قسەکەر دایە و لەشێوەی فەرمانێکی ڕاستەوخۆ دایە، بەوەی پێم بڵێ بۆچی بۆبازاڕ دەچی؟

کچەکەش وەڵامی دایکی دەداتەوە و پێی دەڵێ:

**٣/کچ: لۆدایە شتم دەوێتن.**

کچەکەلێرەدا بەڵگەی بۆبازاڕ چوونەکەی بۆدایکی ڕوونکردۆتەوە، بەوەی دایە شتم پێویستە بۆیە داوای بازاڕ دەکەم. واتە کچەکە دووبارە داواکەی دووبارە کردۆتەوە، بەڵام بەشێوەی جیاوازو لەڕێگەی بەڵگەوە،هەروەك ئاماژەی بۆکرا.

لەدوای ئەم گوتنەی کچە، دایکەکە لەداوای کچەکە توڕەدەبێ و دەڵێ:

**٤/ دایك: ئەرێ بازاڕی تۆ هەموو ڕۆژێ هەرتەواو نەبوو؟بازاڕی چ؟ بەو گەرمایە و قەرەبالغ ووەڵڵا دەچیە بازاڕی لەخۆت بێزاری.**

ئەگەر تەماشای سەرەتای گوتنە دایکە کە بکرێ، کەلەشێوەی پرسیار دەربڕاوە،بەڵام لەرووی ناوەڕۆکەوە گلەیکردنی کچەکەیەتی، لەوەی هەموو ڕۆژێ دەچیە بازاڕ ، ئەو بازاڕەی تۆ نازانم ئەوە چ بوو هەرتەواو نەبوو، کەچەند جارێك جەختی لەسەر ئەمە کردۆتەوە. دواتر کەپێی **دەڵێ: بازاڕی چ...** ،

ئەم گوتنەش دووبارە ڕەتکردنەوەی داوای کچەکە دەگەیەنێ، بەڵام ئەم جارە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ڕەتکردنەوەکەی پێگوتوە، کەناچی بۆبازاڕ، ئەمەش لەشێوەی فەرمانێکی ڕاستەوخۆ دایە.

دووبارە کچەکە لەداواکەی خۆی بەردەوام دەبێ، بەڵام زۆر جیاواز لەداواکانی پێشووی، کەدەڵێ:

**٥/ کچ: ئێ دایە مەکتەب هاتەوە.**

لێرەدا کچەکە لەشێوەی تکاکردنـدا داوای لـەدایکی کردووە،کەڕێی پێبـدات بۆبـازاڕ بچێت، چونکە واقوتابخانە هاتەوە. دایکیشی پێی دەڵێ:

**٦/کچێ دانیشە، بازاڕی چ، بەخۆم ڕۆژەکی مەجالم هەبێ دەچم دەستەکت لەبۆ دەکڕم تەواو ئەتووم لەبۆ چیە؟**

سـەرەتا دایکەکـە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ فـەرمانی بەکچـەکەی کـردووە، کەدانیشـێ، بـەڵام ئـەم دانیشتنە، بەپێی دەوروبەری گوتنەکەی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە بەسە داوای بازاڕم لێمەکە و بۆبـازاڕ ناچی، لێکەوتەی فەرمانەکەش جۆرێ لەهەڕەشـەکردنی تێدایـە، چونکە ئەگـەر کچـەکە داوای بـازاڕی لێبکات، ئەوا لەوانەیـە دایکی هەڵوێسـتێکی تـری هـەبێ، کـەجیاواز بێـت لـە هەڵوێسـتەکانی پێشوودا. لەدواییدا پێی گوتوە کە من بەخۆم دەستەکت لەو شتە بۆدەکڕم کە تۆ دەتـەوێ، واتـە بەسـە، تـەواو، چیتر باسی بازاڕ مەکە، ئەمەش هەم دیسان فەرمانێکی هەڕەشە ئامێزە بۆی.

پێویسـتە بگـوترێ، ئـەو شـێوازە گوتنـە بـەهێزەو باڵادەسـتییانەی (دایـك و بـاوك) لەبەرامبـەر منداڵەکانیاندا، لەوانەیە کاریگەریی دەروونـی خـراپ لەسـەریان جێبهێڵێت، بـەڵام ڕەنگدانـەوەی ئـەو دەسەڵاتەی ئەوان لەوانەیە بەپێی تەمەنی (کچ و کوڕ)ەکانیـان بگۆڕێت. بۆنموونـە بـاوك ، یـان دایـك لەوانەیـە شـێوازی گـوتنی هێـزدار و ئـاوازەی بـەرز لەبەرامبەریانـدا بەکارنـەهێنن کاتێـك لەتەمـەنی گەورەدابن، ئەمە مانای ئەوە نییە دەسەڵاتییان بەسەریانەوە نییە، بەڵێ هەردەسەڵاتییان بەسـەریاندا هەیە، بەڵام بەشێوازێك لەوانەیە دەسەڵاتەکە زیاتر بەشێوە ناڕاستەوخۆ دەربکەوێ و زۆر کاریگەرییان لەسەر لایەنی دەروونیان بەلایەنی خراپە نەشکێتەوە. هەندێجاریش بەپێی شوێن ئەم دەسەڵاتەی دایك و باوك دەگۆڕێن. بۆنموونە دایـك و بـاوك لەوانەیـە وا بەشـێوازی هێـز لـەدەرەوەی ماڵـەوە لەبەرامبـەر منداڵەکانیان قسەنەکەن. دەسەڵاتی هەریەك لەمانە باوك بۆباوكێك، یان دایك بۆدایکێکی تـر، جیـاواز بێت و گۆڕانی بەسەردابێت.

ئەو دەسەڵات و باڵادەستیی زمانییەی لەناو خێزانی کوردا هەر تەنها لەنێوان دایك و باوك کۆتـایی نایەت، بەڵکو لەنێوان ئەندامەکانی تـری خێـزانیش وەك: کوڕ و کچەکان دەبینرێت. بەگشـتی لـەناو خێزانی کورددا، برای گـەورە، خوشـکی گـەورە، بـەجۆرێك لـەجۆرەکان باڵادەسـتیی و دەستڕۆیشـتوویان لەبەرامبەر برای بچووك، خوشکی بچووك هەیە، ئەو باڵادەستییەشیان، یان بەهۆی تەمەنیانەوەیە، کە ئەمـە بەپلـەی یـەك لـەم ڕوانگەیـەوە ڕۆڵـی خـۆیی هەیـە، بـرای بچووك ڕێـز لـەبرای گـەورە دەگـرێ، هەندێجاریش بەجێگرتنەوە ئەم باڵادەستییەی دەردەکەوێ، بۆنموونە لەناو کەلتوری خێزانی کوردیدا، لەدوای باوك کور بەتایبەتی جێگای باوك دەگرێتەوە، پاشان هۆکاری ئابووری و ئەزموونی و شـارەزایی

و...هتد، بۆئەم مەبەستە ڕۆڵی خۆیان هەیە، هەریەك لەو هۆکارانەش بنەمای سەرەکی دەسەڵاتی ئەوان لەبرای گەورەو خوشکی گەورە، کە ڕەنگڕێژی دەکەن، کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوت و زمان و شێوازی قسەکردنییان دەبێ.

لێرەدا بەپێویست دەزانرێ ئەم ڕوانگە باڵادەستیی زمانییەی ئەوان ئاماژەی پێبکرێ، بۆئەم مەبەستە چەند نموونەیەك بەتێکڕایی لەباڵادەستیی لە(برای گەورە و خوشکی گەورە) لەبەرامبەر (برای بچووك و خوشکی بچووك) وەرگیراوەو هەوڵدەدرێ فۆڕم وشێوازەکانی باڵادەستیی تێیاندا دەستنیشان بکرێت. هەروەها هەمان دەسەڵات لەنێوان (برای گەورە و خوشکی بچووك) و (خوشکی گەورە و برای بچووك)دەبینرێت، بەڵام لێرەدا جەخت لەوانەی پێشوو دەکرێتەوە، ئەویش لەبەر دووبارە نەبوونەوەی زۆری فۆڕمی زمانی باڵادەست تێیاندا.

**٣-دەسەڵاتی برای گەورە لە بەرامبەر برای بچووك:**

**-دەقی ئاخاوتنی ژمارە (٤)، لەنێوان (برای گەورە و برای بچووك)[١]:**

**١/+ق. برای گەورە: هەستە کاکە ئەو شەعنە ببینەوە.**

**٢/- گ.برای بچووك: وەڵڵا نازانم.**

**٣/+ق. برای گەورە: کەیفی خۆتە.**

**٤/- گ. برای بچووك: لەکێ بگەڕێم؟**

**٥/+ق. برای گەورە: وەڵامی ناداتەوە.**

**٦/+ق. برای گەورە: چ بوو (د.............ر) نەت دیتەوە؟**

**٧/- گ. برای بچووك: وەڵڵا نییە.**

**٨/+ق. برای گەورە: نێیەوە زۆرێ.**

**- شیکردنەوەی دەقەکە:**

**★لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان:**

**- بەشداربووانی ئاخاوتن: (قسەکەر – برار گەورە) ، (گوێگر – برای بچووك).**

**- توخمی بەشداربووان: هاوتوخم (نێر).**

**- مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: قسەکردن لەسەر شەحنی مۆبایلێك کەون بووە.**

**- شوێنی ئاخاوتن: ماڵەوە.**

(١) هەرچەندە ئەم بابەتە لەدەسەڵات و پێگەی تەمەن نزیکە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەناو خێزاندا بەتایبەت مەبەستە، بۆئەوەی بزانرێ چۆنییەتی ڕەنگدانەوەی زمانی باڵادەست لەنێوان ئەندامەکانی تری خێزاندا جگە لەدایك و باوك چۆنە.جگە لەمەش هەرتەنها تەمەن لەم ڕووەوە ڕۆڵی خۆی نابینێ، بەڵکو هەندێجاریش هۆی ئابووری و شارەزایی و ئەزموو و ... هتد،بۆئەم مەبەستە ڕۆڵ دەبینن، هەروەك تازە ئاماژەمان پێکرد.

- **کاتی ئاخاوتن: شەو، نزیك و دوور.**

ئەم دەقەی ئاخاوتنە، دەقێکە لەنێوان(برای گەورە و برای بچووك) لەناو خێزانێکدایە، لێرەدا" برای گەورە" بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کەتازە ئاماژەی پێکرا، دەبینرێ نوێنەری دەسەڵاتە، شێوازی قسەکردن و فۆڕمە زمانییەکانی باڵادەستی بەسەر "برای بچووکی" دیارە، واتە لێرەدا برای بچووك ژێردەست و هاوکارە، ئەمەش وایکردووە ئاست نزمی و بێهێزی لەڕووی پێگەی کۆمەڵایەتی و فۆڕمەزمانییەکاندا لەبەرامبەر برای گەورە دەردەکەوێ، چونکە لەڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە لەئاستی ئەودا نییە.

لەسەرەتادا "برای گەورە" گوتنی (١)دا داوا لەبرای بچووکی دەکا کە شەحنی مۆبایلەکەی بۆبدۆزێتەوە، بەڵام ئەم داوایە داوایەکی سادەنییە و لەپێگەی قسەکەر ئاڕاستە کراوە و دەبێ جێبەجێبکرێ، هەروەك پێی دەڵێ:

**١/برای گەورە: هەستە کاکە ئەو شەعنە ببینەوە.**

لێرەدا قسەکەر (برای گەورە) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ فەرمانی بەگوێگر(برای بچووك) کردووە، کەشەحنی مۆبایلەکەی بۆ بدۆزێتەوە، ئەم فەرمانەش بەپێی ئەودەوروبەری کە گوتنەکەی تێدا گوتراوە، داواکردنی قسەکەرە بۆدۆزینەوەی شەحنی مۆبایلە لەلایەن گوێگرە، جگە لەوەش گوتنەکە تاوانبارکردنی گوێگری لێدەکەوێتەوە،بەوەی تۆ ئەو شەحنەت ونکردووە.

گوێگریش بۆخۆڕزگارکردن  و دەرباز بوون لەو تاوانەکەی دەڵێ:

**٢/برای بچووك: وەڵڵا نازانم.**

"برای بچووك" لێرەدا دەیەوێت لەڕێگای سوێند خواردنەوە بڕوابە قسەکەر بهێنێت، کەئەمن ئەو شەحنە پێ نازانم و ونم نەکردووە.برای گەورەش لەبەرامبەردا پێی دەڵێ:

**٣/برای گەورە: کەیفی خۆتە.**

کەواتە، قسەکەر لێرەدا جگە لەوەی سور بووە لەسەر تاوانبار کردنی، هاوکات ڕەتیشیکردۆتەوە لەوە کە من ئەو شتە پێنازانم. ئەم گوتنەی قسەکەر لە ڕوخساردا بەشێوەی هەواڵ دەربڕاوە، بەڵام لەڕاستیدا بەپێی دەوروبەری گوتنەکەی فەرمانێکی ڕاستەوخۆیە، فەرمانەکەش لێکەوتەی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کەدەبێت ئەو شتە بدۆزیەوە. گوێگر بەگوێی دەکات و پێی دەڵێ:

**٤/ برای بچووك: لەکێ بگەڕێم؟**

لەم گوتنە پرسیارەیی گوێگردا، جگە لەوەی بەگوێی کردووەو ئامادەیی خۆشی بۆ گەڕان بەدوای شەحنەکە نیشانداوە. بەڵام ئەم جارە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ جەخت لەوە دەکاتەوە کە من ئەو شتە پێنازانم و ونم نەکردووە. قسەکەریش لەبەرامبەر پرسیارەکەی گوێگردا:

**٥/ برای گەورە:  وەڵام ناداتەوە.**

ئەم وەڵام نەدانەوەی قسەكەریش خۆیی لەخۆیدا وەك كردەیەكی نا زمانی پشتگوێخستنی پرسیارەكەی لێدەكەوێتەوە و ئاماژەیەكی ناڕاستەوخۆیە بەوەی برۆ بەداوی بگەڕێ و بیدۆزەوە.

پاش كەمێك هەڵوێستە، قسەكەر بەگوێگر دەڵێ:

**٦/برای گەورە: چ بوو (د............ر) نەت دۆزیەوە؟**

ئەم گوتنە بەشێوەی پرسیار دەربڕاوە ، بەڵام لەڕاستیدا لەڕووی ناوەڕۆكەوە بەپێی دەوروبەری گوتنەكە بانگكردنە لەشێوەی داخوازیكردنی بۆ دۆزینەوەی شتی مەبەستدار، كەسی ژێر دەستییش(برای بچووك) وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ:

**٧/برای بچووك: وەڵڵا نییە.**

لێرەدا كەسی ژێردەست جگە لەوەی ڕاستەوخۆ بەبێ یەك و دوو وەڵامی قسەكەری داوەتەوە، هاوكات سوێند دەخوات كە ئەوشتە دیار نییە، ئەم سوێند خواردنەش بۆئەوەیە كە ڕاستی قسەكەی بۆ قسەكەر دەربخاو باوەری پێبكات.

كەسی باڵادەستیش دواجار(برای گەورە) گوتنێكی هێزداری هەڕەشە ئامێزی ئاڕاستە دەكات و دەڵێ:

**٨/برای گەورە: نەیێیە ژۆرێ.**

كەسی باڵادەست لێرەدا بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ هەڕەشەی لەبرای بچووك كردووە كەنەیەتە ژوورێ، چونكە ئەگەر بێت و گوێگر بێتە ژوورەوە و شەحنەكە نەدۆزێتەوە، ئەوا لەوانەیە كە قسەكەر هەڵوێستی تری هەبێت، ئەو هەڕەشە كردنەش كەشێوەی فەرمانێكی نەرێی ڕاستەوخۆ دەربڕاوە. لەوانەیە كاریگەریی بەهێزی لەسەر بەرامبەر هەبێت.

**٤- دەسەڵاتی خوشكی گەورە لە بەرامبەر خوشكی بچووك:**

**-دەقی ئاخاوتنی ژمارە (٥) لەنێوان (خوشكی گەورە و خوشكی بچووك):**

**١/+ق. خوشكی گەورە: ئەوە دیسان سەیری تەلەفیزۆن دەكەی؟ من چەند بەتۆ بڵێم بخوێنە.**

**٢/- گ. خوشكی بچووك: خوێندوومە.**

**٣/+ق. خوشكی گەورە:چ خوێندنێك؟ خۆتۆ هەرخەریكی سەیری ئەڵقەو فلیم دەكەی. ئەمجارە بتبینم خراپ لێت تورە دەبم، خوشكە جوانەكەم من بۆتۆمە بخوێنە، بائەمساڵ دەرچیت.**

**٤/- گ.خوشكی بچووك: باشە دادە، وەڵڵا دەخوێنم.**

**٥/+ق. خوشكی گەورە:كوا من هیچ نابینم بخوێنیت.**

**٦/- گ. خوشکی بچووك: بەخوا ئەخوێنم، کەتۆ لەدەوامی ئەخوێنم...... بڵێ بەدایە بزانە ئەخوێنێ یان نا.**

**ـ شیکردنەوەی دەقەکە:**

**★لیستی هۆکارە بارودۆخییەکان:**

**ـ بەشداربوانی ئاخاوتن: (قسەکەر – خوشکی گەورە) ، ( گوێگر - خوشکی بچوك).**

**ـ توخمی بەشداربووان: هاوتوخم (مێ).**

**ـ مەبەست و بابەتی ئاخاوتن: گلەییکردنی خوشکی گەورە لەبارەی کەم تەرخەمی خوێندنی خوشکی بچووك.**

**ـ شوێنی ئاخاوتن: ماڵەوە.**

**ـ کاتی ئاخاوتن: بەیانی ، نزیك.**

ئەمەش دەقێکی تری ئاخاوتنە لەنێوان دوو ئەندامی خێزانێك، لە (خوشکی گەورە و خوشکی بچووك) پێکهاتوون. لێرەدا "خوشکی گەورە" بەپێی ئەو پێگە و دەسەڵاتانەی کە پێشتر باسکرا ، کە خۆی لە: تەمەن و ئەزمون و شارەزایی و ...هتد، دەبینینەوە، دەستڕۆیشتوویی و باڵادەستیی بەسەر "خوشکی بچووك"دا دیارە، ئەو دەسەڵاتانەشی وایکردووە فۆڕمە زمانییەکانی بەهێز و باڵادەستیی لەبەرامبەر خوشکی بچووك دەرکەوێ، کە ئەویش (خوشکی بچووك) ئاست نزمی و بێهێزی لەفۆڕمە زمانییەکانیدا لەبەرامبەر ئەودا (خوشکی گەورە)دەردەکەوێ، چونکە لەڕووی دەسەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە لەئاستی ئەودا نییەو جیاوازە. لەخوارەوەش دەست بەشیکردنەوەی فۆڕمە زمانییە باڵادەستییەکان دەکرێ.

خوشکی گەورە، لەسەرەتادا پەیامێکی گلەیی ئاڕاستەی خوشکی بچووك دەکات و پێی دەڵێت:

**١/ خوشکی گەورە: ئەوە دیسان سەیری تەلەفیزۆن دەکەی؟ من چەن بەتۆ بڵێم بخوێنە.**

ئەم گوتنەی قسەکەر(خوشکی گەورە)، سەرەتا بەشێوەی پرسیار دەبڕاوە، بەڵام کاتێك ئەم پرسیارە دەخرێتە دەوروبەر و بەپێی ئەو دەوروبەرەی ئەم گوتنەی تێدا وتراوە، گلەیکردنییەتی لە گوێگر (خوشکی بچووك)، بەوەی تۆ بۆچی دیسان سەیری تەلەفیزۆن دەکەی؟ لێکەوتەی گلەیکردنەکەشی لەشێوەی فەرمانێکی ڕاستەوخۆدایە،بەواتای ئەوە دێت کەتۆ سەیری تەلەفزیۆن مەکە و بخوێنە.

لەگوتنی دواتریشی گلەیکردنەکەی دووبارە کردۆتەوە، بەڵام ئەم جارەیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر شێوەی فەرمانێکی ڕاستەوخۆدا پێی گوتوە کە من پێشتر بەتۆم گوتوە بخوێنە، کەچی نازانم بۆچی ناخوێنی؟ گوێگریش لەبەرامبەر ئەم پرسیارە گلەیکراوەی قسەکەر دەڵێ:

**٢/ خوشکی بچووك: خوێندوومە.**

لێرەدا گوێگر جگەلەوەی ئامادەیی خۆی بۆپرسیار و گلەییەکانی گوێگر نیشانداوە، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەتیکردۆتەوە کەبڵێ تۆ نەتخوێندوە و ناخوێنی، بەڵام لەگوتنی دواتری قسەکەردا،

دەبینرێت قسەکەی گوێگر ڕەتکراوەتەوە و چەندین قسەی تری ئاڕاستە کردووە، هەروەك لەگوتنی (٣)دا پێی دەڵێ:

**٣/خوشکی گەورە: چ خوێندنێك؟کەتۆ هەر سەیری ئەڵقەو فلیم دەکەی.ئەم جارە بتبینم خراپ لێت توڕە دەبم، خوشکە جوانەکەم من بۆتۆمە بخوێنە بائەمساڵ دەرچیت.**

لەدواگوتنیدا قسەکەر گوتنەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و شێوەی ئامۆژگاریکردنی وەرگرتوە، هەروەك پێی گوتوە: **خوشکە جوانەکەم من بۆتۆمە بخوێنە بائەم ساڵ دەرچیت**.

قسەکەر لەم گوتنەیدا سەرەتا ستراتیژییەکی قسەکردنی بەکارهێناوە، کەجۆرێ لەهاوکاری و کاریگەریی و ڕازیکردنی گوێگری لێدەکەوێتەوە، وەك لەبەکارهێنانی **(خوشکە جوانەکەم)**دا دیارە، دواتریش ئامۆژگاری دەکات کە بخوێنێ بۆئەوەی ئەم ساڵ دەربچێت، ئەم ئامۆژگاریەش لەشێوەی فەرمانێکی ڕاستەخۆدا دەربڕاوە. ئەم شێوازە قسەکردنەو کاریگەرییەی قسەکەر وایکردووە کە گوێگر بڵێ:

**٤/خوشکی بچووك: باشە دادە وەڵڵا ئەخوێنم.**

گوێگر لێرەدا لەوەی ئامادەیی خۆی بۆقسەکانی قسەکەر دووپاتکردۆتەوە،لەهەمان کاتدا لەڕێگای سوێند خواردنەوە جەخت لەوە دەکات کە دەخوێنم، قسەکەریش (خوشکی گەورە) پێی دەڵێ:

**٥/ کوا من هیچ نابینم بخوێنی.**

لەم گوتنانەی قسەکەر بەپێی دەوروبەری گوتنەکان، چەندین مەبەست و ئەرکی جیاوازی لەپشتە، کەهەموویان گوزارشت لەباڵادەستیی قسەکەر دەکات:

بۆنمونە: کاتێك قسەکەر وەڵامی گوێگر دەداتەوە و پێی گوتوە **چ خوێندنێك**؟ لێرەدا قسەکەر جگە لەوەی قسەکەی گوێگری بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەتکردۆتەوە، هاوکات گلەیشی لەخوێندنەکەی کردووە، کە واتای ئەوە دەدات کە من ئەم شێوازە خوێندنەی تۆم بەدڵ نییە و کەمتەرخەمی تێدا دەبینم، چونکە دەبینم تۆزیاتر خەریکی سەیرکردنی فلیمی، هەروەك لەگوتنەکەی پێی دەڵێ: **خۆتۆ هەر خەریکی سەیری ئەڵقەو فلیم دەکەی.** ئەم گوتنەی قسەکەر ئەگەرچی هۆکاری بەدڵنەبوونی خوێندنی گوێگری تێدا دەردەکەوێ، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەپێی دەوروبەری گوتنەکەی، تۆمەتبارکردنی گوێگری تێدایە، کەتۆ خەریکی سەیرکردنی فلیمی. **پاشان کەپێی دەڵێ: ئەم جارە بتبینم خراپ لێت توڕە دەبم.** لەم گوتنەی دا قسەکەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڕەشەی دووبارە بوونەوەی ئەو کارەی لێکردووە، واتە ئەم جارە نەخوێنی و هەر خەریکی سەیرکردنی فلیم بی بەخۆم دەزانم قسەکەر ئەگەر چی دووبارە قسەکەی ڕەتکردۆتەوە کەوا تۆ بخوێنی، بەڵام ئەمجارە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ قسەکەی ڕەتکردۆتەوە. لێکەوتەی گوتنەکەشی بەپێی ئەو دەروربەرەی کە ئەم گوتنەی تێدا گوتراوە واتای ئەوە دەدات کەتۆ ناخوێنی،بۆیە بخوێنە، ئەمەش ئەو فەرمانە ڕاستەوخۆیەیە کەڕەتکردنەوەکەی لەئەستۆگرتووە، گوێگریش لەبەرامبەر ئەو قسەی خوشکی گەورەی دەڵێ:

**٦/خوشکی بچووك: بەخوا دەخوێنم، کەتۆ لەدەوامی دەخوێنم، بڵێ بەدایە بزانە دەخوێنم یان نا.**

لێرەدا گوێگر دووبارە لەڕێگای سوێند خواردنەوە جەخت لەوە دەکاتە کە دەخوێنم، بەڵام ئەم جارە ڕاستی قسەکەی،دایکی کردۆتە بەڵگە، "دایك"کە لەبەرمبەریاندا باڵادەستەو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزی هەیە. پاشان پێی وتوە: **ئەوکاتەی من دەخوێنم تۆ لەدەوامی و لەماڵ نی**،بەمەش دووبارە دەیەوێ خۆی لەوە ڕزگار بکات کە بڵێ تۆناخوێنی.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ ،هەندێجار ئەو دەسەڵات و باڵادەستییە زمانییەی نێوان (برای گەورە و خوشکی گەورە) پێچەوانە دەبێتەوە ، بۆنموونە لەناو خێزاندا کەسەکە بەتەمەن و پێگەوە لەئاستی برای گەورە یان خوشکی بچووك دانییە، کەچی بەشێوەیەك لەشێوەکان قسەی لەسەریان دەڕوا و ڕێزەی لێدەگری، ئەوەش لەبەر ئەوەی یان ئابووری و پارەو شتی هەیە، یان چاوکراوەتەوە، یان نازی زۆری دراوەتێ، یان چەندین هۆی تر کە لەوانەیە بۆئەم مەبەستە ڕۆڵ ببینن.

## ٣ / ٥ )کاریگەریی باڵادەستیی زمان لەنێوئاخێوەراندا:

باڵادەستیی زمان، لەسەر بنەمای "دەسەڵات" کە وەك چەمکێکی کۆمەڵایەتی و دەستڕۆیشتوویی ناو کۆمەڵگەی کوردی ئاستی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەران دیاریدەکات و لەڕێگای ئەو دیاریکردنەش کاریگەریی جیاوازیی لەسەر جۆری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەران،ئاست و پلەی کۆمەڵایەتی جیاواز، شێوازی قسەکردنی جیاواز،ڕەهەندی دەروونی، ...هتد دەبێ. لێرەدا ئەم کاریگەرییانەی باڵادەستیی زمان بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بەجیا باس دەکرێ، ئەمەش بۆئەوەی جۆرێ کاریگەرییەکان لەگەڵ یەکتری ئاڵۆز و تێکەڵ نەبن، خۆئەگەرچی دەشێ هەندێ لەکاریگەرییەکان لەگەڵ یەکتر تەواو بکەن.[1]

**یەکەم:کاریگەریی باڵادەستیی زمان لەئاستی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەراندا:**

باڵادەستیی زمان لەسەر بنەمای دەسەڵات و پێگەی کۆمەڵایەتی جیاواز، جۆرو چۆنییەتی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەران دیاریدەکات، ئەو پەیوەندییانەش یان پتەو و نزیکی دەکاتەوە، یان لاواز و بەتینی دەکات، لەم ڕوانگەوە دووجۆر لەپەیوەندیی دەهێنێتە ئاراوە:

**أ-پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ئاسایی:**

ئەم جۆرە پەیوەندییە ڕێژەیەکی زۆر لەئاخێوەران پیادەی دەکەن، یەکێکە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییە هەرە گرینگەکان، کەهۆکاری سەرەکی مانەوەی مرۆڤە لەکۆمەڵگەدا، لەپەیوەندیی ئاساییدا "قسەکەر و گوێگر" خزم و هاورێ و هاوتەمەنن و لەڕووی ئاست و پێگەوە هاوشانی یەکترن، ئەمەش وادەکات زمان و شێوازی قسەکردنییان هاوشان بێ و بێهێزی دەربکەوێ، جا ئەگەر پەیوەندییان لەگەڵ

---

(١) مەبەست لەو یەکتر تەواو کردنە ئەوەیە، بۆنموونە کەسی باڵادەست لەئاست پەیوەندیی کردندا لەگەڵ کەسی بێدەسەڵات، پەیوەندیی نێوانیان نائاسایی دەبێ،هەر ئەو پەیوەندییە نائاساییەش وادەکا شێوازی گوتنەکانیان ئاسایی نەبێت و بەهێز و بێهێز دەرکەوێ، بەڵام دێین هەریەك لە کاریەرییەکان بە نموونەی جیا لەیەکتر جیادەکەینەوە، ئەمەش بەمەبستی دووبارە تێکەڵنەکردنییان لەگەڵ یەکتریدا.

یەکتریدا ئاسایی و بەردەوام بێ، ئەوا بەزمانی بێهێز قسەلەگەڵ یەکتری دەکەن و بەپێی پێوەر و یاسا و بنەما کۆمەڵایەتییەکانی قسەکردن هەڵسوکەوت دەکەن. ئاخێوەران لەم جۆرە پەیوەندییەدا دەیانەوێ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوانیان ئاسایی بێت و بەرەو پێشتر بچێ بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیی و بەدەستهێنانی دەسکەوتی جیاواز، بۆنموونە ئەگەر سەیری ئەم دەقە ئاخاوتنەی خوارەوە بکرێ، لەنێوان دوو کەسی هاوشان دایە.

**-دەقی ئاخاوتن لەنێوان (دووکەسی هاوشان ،لە ڕووی پێگەوە):**

**١/+ ق. ژن: چۆنی؟ باشی؟**

**٢/- گ. ژن:خۆشبی یاخوا، ئەتو کوی؟ باشی؟**

**٣/+ ق. ژن:ئەمڕۆ ڕەنگت باشتر دیارە، ئەڵێی باشتری؟**

**٤/- گ.ژن:ئەرێ وەڵڵا، دوێنێ فەحسەکانم دەرچوون، دکتۆر گۆتی هەمووی پاکن.**

ئەم دەقە ئاخاوتنەی سەرەوە دەقێکە لەنێو دووکەسی هاوشان لەڕووی ئاست و پێگەوەدایە، کاریگەریی ئەم ئاست و پێگە هاوشانەی نێوانیشیان، وادەکات ئاخاوتنەکە ئەم ڕوانگەو ڕەهەندانەی خوارەوەی لێبکەوێتەوە:

**١-لەڕووی ئاستی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی:**

لەم ڕووەوە دەبینرێ، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوانیان شێوەیەکی ئاسایی و هاوشانی وەرگرتووە. بۆیە سەرەتا و ناوەراست و کۆتایی ئاخاوتنەکان کاریگەریی ئەم ئاست و پێگە هاوشانییەی نێوانیان پێوە دیارە.

**٢-لەڕووی شێوازی گوتنەوە:**

بەگشتی گوتنەکانی ئەم ئاخاوتنە، گوتنی ئاسایین و هیچ هێزو ئاوازی بەرز تێدا دەرنەبڕاوە ، چونکە دەسەڵات لە پشت گوتنەکانیدانین و تێیدا بەکار نەهاتووە. واتە، گوتنەکان بەشێوەیەکی ئاسۆیی و بێهێزی وەرگرتووە.

**٣-ئامانج و مەبەستی ئاخاوتنەکە:**

ئاخاوتنەکە جگە لەوەی هەواڵ پرسینی نێوانیانە، هاوکات بەردەوامی و بەرەو پێش چوون و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوانیان دەردەخات.

**٤-لەڕووی پێوەرو یاسا کۆمەڵایەتییەکانی قسەکردن:**

گوتنەکان بەگشتی هیچ لادان و بەزاندنی یاساو بنەما کۆمەڵایەتییەکانی قسەکردنی لێنەکەوتۆتەوە، بەڵکو هەریەکەیان لەسەرەتاو ناوەراست و کۆتایی ئاخاوتنەکەیان بنەمای نۆبەگرتن و قسە پێنەبڕین و ئاوازەی نزم و ........ هتد، تێیاندا دەبینرێت.

**٥-لەڕووی ڕەهەندی دەروونییەوە:**

وەرگرتنی ئاخاوتنەکانی نێوان قسەکەرو گوێگر لێرەدا بەم شێوازەو بەپێی پیادەکردنی یاساو بنەما کۆمەڵایەتییەکانی قسەکردن و بەکارنەهێنانی ئاوازەی بەرزو شکاندنەوەی بەرامبەر و ..... هتد، جگە لەوەی وادەکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەی نێوانیان بەردەوام بێ، هاوکات ڕەهەندی دەروونی باشیش لەسەر یەکتر جێدەهێڵن.

ئەم جۆرە پەیوەندییە پابەندی کەلتورو یاسا کۆمەڵایەتییەکانە، کە تاك لە هەندێ باردا بۆی دانراوە بەبێهێزی قسە لە گەڵ بەرامبەرەکەی بکات، ئەم بێهێزییەش لە پایەی کۆمەڵایەتی کەم ناکات، بەڵکو زیاتری دەکات. وەك: لەم جۆرە دەوروبەرانەی کە قسە لەگەڵ کەسانی بەتەمەن گەورە و پیاوانی ئایینی و مامۆستا و ..... هتد دەکرێت، ئەوانیش بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتی و بە بێهێزی قسە دەکا. واتە قسەکەر دەیەوێ ڕەچاوی پێگەی کۆمەڵایەتی کەسەکە بکات و یاسا کۆمەڵایەتییەکان نەبەزێنێت. بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەم نموونەی خوارەوە بکرێ، کە لە نێوان کەسێکی بەتەمەن و کەسێکی گەنج دایە:

**-ئاخاوتنی ژمارە(١)،پێگەی (تەمەن):**

**-کەسی بەتەمەن: چ شتێك هەیە .... هاوینێکی دووردرێژ ڕەتبوو؟**

لێرەدا کەسی بەتەمەن گلەیی لەکەسی گەنج دەکات، بەوەی هیچ کارێکت نەبوو، کەچی نەهاتی.

کەسی گەنجیش لە بەرامبەردا دەڵێ: **وەڵلاهی مەجال کەم بوو خارە ... بەخوای داوای لێبوردن دەکەم.**

کەسی گەنج لێرەدا سەرەتا پۆزش بۆ ئەوکارەی دەهێنێتەوە کەئەنجامیداوە، بەوەی کاتم نەبووە بۆیە نەهاتووم. پاشان داوای لێبوردن لەکەسی بەتەمەن دەکات و پەشیمانیش دەبێتەوە لەئەنجامدانی کارەکەی. کەواتە، کەسی گەنج لێرەدا نەهاتووە ڕەدی کەسی بەتەمەن بداتەوە و پابەندی کەلتور و یاساکۆمەڵایەتییەکان نەبێت، بەڵکو بەشێوازێکی جوان و ڕێزەوە، بەزمانێکی بێهێزانە بەرامبەر کەسی بەتەمەن دوواوە.

هەندێجار ئەگەر هێزیش بەکارهات، نابێتە جێگای نیگەرانی گوێگر، چونکە یاسا کۆمەڵایەتییەکان نابەزێنێ و زۆر جاریش بۆبەرژەوەندی گوێگرە. بۆنموونە کاتێك باوکێك لەگەڵ منداڵەکەی بەبەهێزی قسەی لەگەڵ دەکا، ئەمە بۆبەرژەوەندیی منداڵەکەیە نەك شکاندنەوەی منداڵەکەبێت، ئەمەش بۆئەوەیە کە منداڵەکە واز لەم کارە هەڵەیەی بێنێ یان دووبارەی نەکاتەوە کە ئەنجامیداوەو کە بەدڵی باوکەکەی نییە.

**ب-پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نائاسایی:**

لەم جۆرە پەیوەندیکردنەدا، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان زۆربەی کات شێوەیەکی نائاسایی وەردەگرێت، چونکە زۆر لەئاخێوەران لەڕووی ئاست و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە لەیەك ئاست و هاوشانی یەکتردا نین، ئەمەش وادەکا زمانی هێزو باڵادەست ڕەنگدانەوەی هەبێت، جۆری پەیوەندییەکەش بەپێی ئەو بنەمایەی هێزو دەسەڵاتەی کەقسەکەر هەیەتی و ڕەنگرێژکردنییەتی بۆزمانی باڵادەست، یان زۆربەهێزو بەتینە، ئەمەش بەپێی مەبەستی قسەکەر و دەوروبەر ڕوودەدا،یاخود زۆرلاواز و ساردە.

کەواتە ئەم پەیوەندییە نائاساییە دەبێتە دوو جۆر:

**١- پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەتین:**

ئەم جۆرە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە لەئەنجامی خزمایەتی، یان نزیکی بیرورا، یاخود خۆشەویستی ،یان بەرژەوەندیی و مەبەستی جیاواز دروستدەبێت، لەباری ئاساییدا هێزو ڕێز بەکاردەهێنن ، لەباری نائاسایشدا بۆشێوازی هێزو باڵادەستیی دەگۆڕێت.واتە لەنێو ئەم پەیوەندییەدا ، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەتین دەبینرێ، جاهەرمەبەستێکی لەپشتەوەبێت. بۆنموونە کەسێك هەیە خاوەن پێگەیەکی ئابووری بەرزە، دەبینرێ کەسێکی زۆر لەدەوریدا کۆبونەتەوە، لەباری ئاساییدا شێوازی قسەکانی ئەوکەسە، جالەبەر مەبەستێکی بێت، شێوازی هێزو ڕێزو خۆشەویستی تێدا دەبینرێ، بەڵام لەباری نائاساییدا لەوانەیە ئەم شێوازی قسەکردنە بۆشێوازی هێز بگۆڕێت.لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری ئەم نمونەیەی خوارەوە بکەین، کەلەنێوان ( قسەکەر و دوو گوێگر) دایە،لێرەدا قسەکەر خاوەن پێگەیەکی ئابوورییە، لەبەرامبەردا گوێگرەکان لەم ڕووەوە لەئاستی قسەکەردا نین و لەژێر دەستیی ئەودا کاردەکەن. بۆ نموونە قسەکەر لەباری ئاساییدا بەیەکێك لەشاگردەکانی دەڵێ:

**-ئاخاوتنی ژمارە(١)،پێگەی ئابووری:**

**(١)(ع.....ڵ) حەیاتی....**

لێرەدا قسەکەر شێوازێکی گوتنی ڕێزو ئاسایی و بێهێزی لەبەرامبەر گوێگرەکە بەکارهێناوە، ئەمەش لەوانەیە بەرژەوەندیی خۆی لەپشتەوەبێت. بەڵام لەباری نائاساییدا دەبینرێت قسەکەر شێوازی گوتنەکەی لەبەرامبەر گوێگر بۆ هێز گۆڕاوە، هەروەك پێی دەڵێ:

**-هەمان ئاخاوتن:**

**-(٢)دەی یەڵڵا ئیشی خۆتان بکەن...**

لێرەدا شێوازی گوتنەکەی باڵادەستیی و هێزی زۆری پێوە دیارە، ئەم شێوازی گوتنەبەهێزەش بەشێوەی فەرمانێکی ڕاستەوخۆ دەربڕاوە، بەوەی بێدەنگ بن، ئەم فەرمانەشی بەپێی پێگەی قسەکەر و ئەودەوروبەرەی کەئەم گوتنەی تێدا گوتراوە ئەرکی هەڕەشەکردنیشی لەپشتە، بەوەی بێدەنگ بن و چیتر قسەمەکەن، خۆئەگەر بێدەنگ نەبن ئەوا لەوانەیە قسەکەر هەڵوێستی تری هەبێت.واتە ، قسەکەر

لەهەردوو باردا باڵادەستەو دەستڕۆیشتوویی لەبەرامبەر گوێگرەکاندا هەیە، بەڵام بەپێی دەوروبەر، باری پەیوەندییکردنی لەبەرامبەر گوێگرەکانیدا دەگۆڕێ، هەروەك تازە ڕوونکرایەوە.

**٢-پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لاواز:**

ئەم جۆرە پەیوەندییە نائاساییە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەی تێدا لاوازە، زۆرجاریش ڕێزی تێدا کەم دەبێتەوە، ئەمەش بەچەند شێوەیەك دێتە پێش چاو:

**أ ـ لەکات و شوێنی فەرمی.**

ئەم جۆرە پەیوەندییە لەنێوان شوێن و فەرمانگە حوکمی و ڕەسمییەکان بەکاردێت و یاسا پیادەدەکرێ و هەریەك بەپێی پێگە و شوێن و لێپرسراویەتی خۆی شێوازی هێزو زمانی باڵادەست بەکاردەهێنێت، بەرامبەرەکەشی شێوازی بێهێز بەکاردەهێنێت، لێرەدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەش زۆر بێهێزە، هەندێجاریش ڕەچاوی یاسا کۆمەڵایەتیەکانیش ناکرێ. بۆنموونە ئەگەر سەیری ئەم نمونەیەی خوارەوە بکرێ، لەنێوان (بەڕێوەبەرێك و مامۆستایەك) دایە.

**-ئاخاوتنی ژمارە(١)،پێگەی کارگێڕی:**

**(١) بەخوای ئیشەکمان هەیە مامۆستا.**

ئەم گوتنەی مامۆستا ئەگەرچی بەشێوەی هەواڵ دەربڕاوە، بەڵام بەپێی دەوروبەرو ئەو دەوروبەرەی کە ئەم گوتنەی تێدا وتراوە، مامۆستا داوای مۆڵەت لە بەڕێوەبەرەکەی دەکا، بۆداواکردنی مۆڵەتەکەشی پاساو بەوە دەهێنێتەوە کە کارێکی زۆر پێویستم هەیە، بۆیە داوای مۆڵەت لە بەڕێزتان دەکەم، ئەگەرنا داوای مۆڵەت ناکەم. لێرەدا گوتنەکەی مامۆستا بەپێی شوێن و پێگەی، کە لە بەڕێوەبەرنزمترە بە بێهێزی دەرکەوتووە.لە بەرامبەر مامۆستا بەبەڕێوەبەر دەڵێ:

**- هەمان ئاخاوتن:**

**(٢) کاکە ناتوانم،**

لێرەدا بەڕێوەبەر بەپێی پێگەکەی خۆی سەرەتا داوایەکەی مامۆستا ڕەتکردۆتەوە، بەوەی ناتوانم مۆڵەتت پێبدەم. کەواتە، لێرەدا گوتنی بەڕێوەبەر بە پێچەوانەی گوتنی مامۆستا بە گشتی باڵادەستیی پێوەدیارە ، چونکە بەڕێوەبەرەکە لەڕووی پێگەوە پلەی لە مامۆستا بەرزترە.

**ب- لەکاتی باری لاوازی ئاخێوەران:**

کاتێ یەکێ لە ئاخێوەران پلەو پایەك وەردەگرێ، یان نهێنی یەکێکی دەکەوێتە دەست، ئەوا پەیوەندیی نێوانیان لەئاسۆییەوە، واتە لە ئاساییەوە بۆ پەیوەندیی ستوونی، واتە نائاسایی دەگۆڕێ، سەرەنجام شێوازی گوتنەکەشی لە بێهێزییەوە دەبێتە بە هێزو دەسەڵات، بەمەش پەیوەندیی کۆمەڵاییەتی نێوانیان لە بەهێزەوە بۆ بێهێز دەگۆڕێت. بۆنموونە، کاتێك لە قوتابخانەیەك دوومامۆستا

هەن، کە لە ڕووی پێگەوە هاوشانی یەکترن و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوانیشیان ئاسۆییە، بەڵام کاتێك یەك لەو مامۆستایانە پلەو پایەکی وەك بوونی بە بەڕێوەبەر وەردەگرێ، کە ئەوپێگەیە لە مامۆستاکەی تری بەرزترە، ئەوا پەیوەندیی نێوانیان لە ئاسۆییەوە دەگۆڕێ بۆ ستوونی، ئەمەش شێوازی قسەکردنەکەشیان لە بێهێزی بۆ بەهێزی بگۆڕێ. دەتوانین ئەو نموونەی پێشوو، کە تازە لە پەیوەندیی کات و شوێنی فەرمی ئاماژەیپێکرا بۆ ئەم مەبەستە بکرێتە بەڵگەی ڕاستی قسەکانمان پەیوەست بەم خاڵە.

### ج- کاتی شەڕو دەمە قاڵی:

ئەم جۆرە پەیوەندییە بێهێزترین جۆری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانە، چونکە ئاخێوەران هەردوولا بە زمانی هێز قسەدەکەن و کەسیان دان بە ئەویتریان دانانێ و پێوەرو یاسا کۆمەڵایەتییەکان دەبەزێنێ، بەڵام مەرج نییە ئەم شەڕودەمەقاڵییە بەردەوام بێ، بەڵکو هەندێجارکۆتایی پێدێت و ئاسایی دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەزۆری لەڕێگای کەسانی ڕیش سپی و پیاوانی ئایینی و بە ئەزمون و ....هتد، ئاشت و تەبادەکرێنەوە(عەبدولواحید موشیر٢٠٠٩، ١٩-٢٠).

### دووەم:کاریگەریی لەسەر پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی قسەکردندا:

باڵادەستیی زمان ،بە پێی ئەوبنەما دەسەڵاتەی کەتێیدا ڕەنگدەداتەوە، زۆرجار پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی قسەکردن دەبەزێنێت. بۆنموونە کاتێك ئاخێوەری باڵادەست دەنگ لەسەر بەردەستەکەی، یان یەکێك بەرزدەکاتەوە ، یاخود قسەی پێدەبڕێ، بەتایبەتی لە کاتی توڕەیی لە کارێکی هەڵەی ئەو بەردەستە، یان ئەوکەسە، ئەوا دەبینرێ بەزاندنی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی قسەکردنی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش دیاردەیەکی نەشیاوە، بەڵکو دەبێ لە کاتی قسەکردندا، بەتایبەت هەریەك لە بنەماکانی نۆبە گرتن، دەنگ بەرز نەکردنەوە لەسەریەکتری جێبەجێبکرێت، ئەگەرنا بە پێچەوانەوە پەیوەندی نێوانیان چالاك نابێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر تەماشای ئەو نموونەی خوارەوەبکرێ، کە لەنێوان(قسەکەر و گوێگر)ێك دایە، لێرەدا قسەکەر خاوەن پێگەیەکی کارگێڕییەوگوێگریش لە ڕووی پێگەوە لە ئاستی ئەودا نزمترە. بۆنموونە گوێگر سەرەتا دەڵێ:

**-ئاخاوتنی ژمارە(١)،پێگەی ڕۆشەنبیری:**

**(١) ئێ مامۆستا...**

قسەکەریش، قسەکەی پێدەبڕێ و دەڵێ:

**(٢) کاکە جەدوەل بەدڵین گۆمان دانییە ...**

لێرەدا قسەکەر بەپێی پێگەو دەسەڵاتەکەی یەکێك لە پێوەرەکانی قسەکردنی بەزاندووە، ئەویش نۆبە گرتنە، کە دەبوایە یارمەتی بدات لەسەربنەمای نۆبەگرتن و ئاخاوتنەکە بەئاسایی بە ڕێوە چوو بووایە.

**سێیەم : کاریگەریی لەسەرئاستی یاسا کۆمەڵایەتییەکاندا:**

کاریگەرییەکی تری باڵادەستیی زمان لەنێوان ئاخێوەراندا ئەوەیە، هەندێجار کەسی باڵادەست پابەندی یاسا کۆمەڵایەتییەکان نابێت، واتە، لە بنەمای یاسا کۆمەڵایەتییەکان لادەدا، چونکە ئەو یاسا کۆمەڵایەتییانە کۆمەڵێك بنەمان لە کۆمەڵگە لەسەری ڕێککەوتوون، لەوانە ڕێزگرتن لەکەسی بەتەمەن بەبنەمایەکی گرنگی ئەو یاسا کۆمەڵایەتییانە دادەنرێت.

بۆنموونە: هەندێجار کەسێکی بچووك، فەرمانی جیاواز و گوتنی هەڕەشە لە پیاوێکی بەتەمەن و ڕیش سپی دەکا، لە کاتێکدا دەبێ ئەوکەسە بەڕێزەوە قسە لەگەڵ ئەو ڕیش سپیەبکا، با ئەو کەسەش لە بەرامبەریدا خاوەن پێگەیەکی بەرزبێ، سەرەنجام هەڵسوکەوتی ئەم کەسە(کەسی بچووك) لادانی یاسا کۆمەڵایەتییەکانی لێدەکەوێتەوە، چونکە دەبێ ڕێز لە کەسی ڕیش سپی و بەتەمەن بگیرێ.

**چوارەم:کاریگەریی لەسەر دیاریکردنی ئاستی قسەکردن و ئاستی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان.**

باڵادەستیی زمان بەپێی بنەما سەرەکییەکەی کە دەسەڵات و پێگەکەی جیاوازە، ئاستی کۆمەڵایەتی نێوان ئاخێوەران دیاریدەکات، لەم ڕوانگەیەوە ئاستی کۆمەڵایەتی جیاوازی وەك(بەرز، نزم، هاوشان)، هەریەك لەو ئاستە کۆمەڵایەتییە جیاوازییانەش پێگەی زمانی وەك(باڵادەستیی،ژێردەستیی،هاوکاریی،هاوشانیی)تێییاندا دەردەکەوێ و کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی لەسەر هەڵسوکەوت و شێواز و ئاستی قسەکردن و گوتنیان دەبێ.

بۆنموونە: بەڕێوەبەرێك لە فەرمانگەکەی ئاستی لەڕووی دەسەڵات و پێگەوە لە بەرامبەر فەرمانبەرەکەی بەرزترە، واتە لێرەدا ئاستی فەرمانبەرەکە نزمە. کەچی ئاستی دوو فەرمانبەر هاوشانە. ئەو ئاستە جیاوازییانەی نێوانیشیان شێوازی گوتنەکانی نێوانیشیان جیاواز دەکا. بۆنموونە شێوازی گوتنی بەڕێوەبەر لەبەرامبەر فەرمانبەرەکە بەهێزە و باڵادەستیی و دەستڕۆیشتوویی پێوەی دیارە، هەروەك لە ئاخاوتنی ژمارە(١)ی پێگەی کارگێڕی ئەم ڕووانگەیەوە دەرکەوت، لە بەرامبەردا شێوازی گوتنی فەرمانبەرەکە لەبەرامبەر بەڕێوەبەرەکە بەگشتی بێهێزەو دەستڕۆیشتوویی تێدا نابینرێت. بەڵام شێوازی گوتنی نێوان دووفەرمانبەرەکە جۆرێ لە هاوشانیی لە نێوانیاندا دەبینرێ، چونکە لەڕووی پێگەوە هاوشانی یەکترن.

**پێنجەم:کاریگەریی لەڕووی لایەنی ڕەهەندی دەروونییەوە:**

کاریگەرییەکی تری باڵادەستیی زمان لەنێوان ئاخێوەراندا بە گشتی و ئاخێوەرانی پەیوەندییە ستوونییەکان بەتایبەتی وەك:(مامۆستا و قوتابی) ئەوەیە، کە لەوانەیە هەندێ کاریگەریی دەروونی جیاواز لە سەر گوێگر،یان بەرامبەر دروستبکات، ڕەنگدانەوەی ئەو کاریگەرییەش لەسەر بنەمای پێگەو دەسەڵاتی کەسی زمانی باڵادەستە.

بۆنموونە: ئەگەر هاتوو کەسانی و دەستڕۆیشتوو، شێوازی گوتنەکانی بە شێوەیەك لە بەرامبەر بە گوێگر بەکارهێنا، کە: (شکاندنەوە و سەپاندن و هەڕەشە و ... هتد) تێدا بوو، ئەوا کاریگەریی لە

سەردەرروونی گوێگر بەلایەنی خراپ دروستبکات. هەروەك لەگوتنی ئاخاوتنی ژمارە (٢)ی (پێگەی ڕۆشنبیری)، کە لە نیوان (مامۆستاو قوتابیەکان)ئاماژەی بۆکرا، بەڵام خۆئەگەر هاتوو هەڵسوکەوت و گوتنەکانی مامۆستا ئاڕاستەیەکی تری وەك: لەڕێز و هێمنی و هاوکاری،...هتد وەرگرت، ئەوا بێگومان لایەنی دەروونی قوتابییەکان جیاواز دەبێت، بەبەراورد لەگەڵ ڕەهەندە دەرونییەکەی پێشوویان.

لەگەڵ ئەو کاریگەرییە جیاوازییانەی، کە لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا،پێویستە ڕێز لە کەسانی باڵادەست و پێگەی کەسەکان لە لایەن کەسانی ژێردەست و ئەوانەی کە هاوشانی ئەوان نیین بگیرێ. واتە هەرکەسێك بەپێی پێگەی خۆیی لە کۆمەڵگەدا هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ،ئەگەر نا بەزاندنی یاسا کۆمەڵایەتیەکانتی لێدەکەوێتەوە.

## ٦/٣) لایەنی ئاماری لێکۆڵینەوەکە:

لەم وەچە پارەدا هەوڵدەدرێت بە شێوەیەکی گشتی ئاماری دەرکەوتنی گوتنی باڵادەستییەکان لە نێو کۆی ئاخاوتنە وەرگیراوەکان (٣٤ ئاخاوتن)، بە شێوەی هێڵکاری (chart) و ژمارەی دەرکەوتنەکانییان پیشانبدرێت.

بە پێی ئەم ڕوانگەی سەرەوە ،بۆ ئەم مەبەستە هێڵکاری جۆراوجۆر بە پێی پێویستی لێکۆڵینەوەکە دەخرێتەڕوو، ئەمەش بە ئامانجی پوختکردن و خستنە بەردەستی زانیاریی تەواو لەسەر لێکۆڵینەوەکە. لە خوارەوەدا لە دوای خستنەڕووی خشتەی دەرکەوتنی گوتنی باڵادەستییەکان لە تەواوی پێگەکان نەخشەی هێڵکارییەکانیش دەخرێتەڕوو:

### ٣/٦-١) خستنەڕووی خشتەی دەرکەوتنی گوتنی باڵادەستییەکان:

| گوتنەکان | فەرمانداں | هەڕەشەکردن | بانگکردن | تاوانبارکردن | ڕەتکردنەوە | ئامۆژگاری | داوا | جنێودان | توانج | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێگەکان | | | | | | | | | | |
| یاسایی | ١٠ | ١ | ٠ | ١ | ١ | ٠ | ٢ | ٠ | ٠ | ١٥ |
| کارگێڕی | ٢٧ | ١ | ٧ | ٢ | ٣ | ٠ | ٠ | ٢ | ٠ | ٤٢ |
| ئایینی | ٣٨ | ١ | ٣ | ٠ | ٠ | ٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٤٦ |
| سیاسی | ٢٢ | ٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٢ | ٠ | ٠ | ٢٧ |
| سەربازی | ٢٤ | ٠ | ٦ | ١ | ٣ | ٠ | ٢ | ٠ | ١ | ٣٧ |
| ڕۆشنبیری | ١٩ | ٣ | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ٢٥ |
| ئابووری | ١٦ | ٤ | ٣ | ٠ | ٢ | ٢ | ١ | ٠ | ٠ | ٢٨ |
| کۆمەڵایەتی | ٤٥ | ٩ | ٣ | ٤ | ٧ | ٦ | ٠ | ١ | ٣ | ٧٨ |
| کۆی گشتی | ١٩٢ | ٢١ | ٢٢ | ٨ | ١٧ | ١٣ | ٨ | ٣ | ٥ | ٢٨٩ |

**خشتەی ژمارە (١)**

**(دەرکەوتنی گوتنی باڵادەستییەکان لە تەواوی پێگەکان)دا**

لەخشتەی ژمارە یەکدا بەپێی لایەنی ئاماری لیکۆلینەوەکە، تێیدا تەواوی شێوازی گوتنە باڵادەستییەکان بەپێی دەرکەوتنی هەر پێگەیەك خراوەتەڕوو، ئەمەش هێلکارییـەکانی دواتـری گـوتنی باڵادەسـتیی زمانی پەیوەست بە پێگەکان ئاسانتر دەکات و دەتوانرێت لەم ڕوانگەیەوە ڕێژەی دەرکەوتنی گوتنـەکان دەستنیشانبکرێت. لەخوارەوەش نەخشەی هێڵکارییەکان دەخرێتەڕوو.

### ٣/٦-٢) نەخشەی هێڵكارییەكان:

**لێرەدا نەخشەی هێڵکاری جیاواز بە پێی پێگە و جۆری گوتنی باڵادەستیی دەخرێتەڕوو.**

٣/٦-٢-١) ڕێژەی دەرکەوتنی شێوازی گوتنی باڵادەستیی لە کۆی ئاخاوتنی وەرگیراو:




**نەخشەی ژمارە (١)**

**(هێڵکاری پیشاندانی ڕێژەی دەرکەوتنی گوتنەکانی باڵادەستیی لە کۆی (٣٤) ئاخاوتنی وەرگیراو)**

لەم هێڵکارییەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە زۆرترین بەکارهێنانی گوتنی باڵادەستیی شێوازی گوتنی (فەرماندان)ە ،کە دەکاتە(٦٦٪) .کەمترین بەکارهێنانیش شێوازی گوتنی (جنێودان)ە، کە دەکاتە (١٪)

**٣/٦-٢-٢) ژمارەی دەرکەوتنی گوتنەکانی باڵادەستیی لە هەر پێگەیەك سەربەخۆ:**




**نەخشەی ژمارە (٢)**

**(هێلکاری پیشاندانی ژمارەی گوتنەکانی باڵادەستیی لە پێگەکاندا)**

لەم هێلکارییەی سەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە زۆرترین گوتنی باڵادەستیی لە پێگەی (کۆمەڵایەتی)دا دەردەکەوێت و کەمترین ژمارەی گوتنی باڵادەستیش لە پێگەی (یاسایی)دایە.

**٣-٢-٦/٣) ڕێژەی دەرکەوتنی شێوازی گوتنەکان بە سەربەخۆیی لە پێگەکاندا:**

**١-٣-٢-٦/٣) ڕێژەی دەرکەوتنی شێوازی گوتنی (فەرماندان) لە پێگەکاندا:**




**نەخشەی ژمارە (٣)**

٢-٣-٢-٦/٣) ڕێژەی دەرکەوتنی شێوازی گوتنی (هەڕەشەکردن) لە پێگەکاندا:




**نەخشەی ژمارە (٤)**

٣/٦-٢-٣-٣) ڕێژەی دەرکەوتنی شێوازی گوتنی (بانگکردن) لە پێگەکاندا:




**نەخشەی ژمارە (٥)**

٣/٦-٢-٣-٤) ڕێژەی دەرکەوتنی شێوازی گوتنی (تاوانبارکردن) لە پێگەکاندا:




**نەخشەی ژمارە (٦)**

**٦/٣-٢-٣-٥) ڕێژەی دەرکەوتنی شێوازی گوتنی (ڕەتکردنەوە) لە پێگەکاندا:**




**نەخشەی ژمارە (٧)**

**٦/٣-٢-٣-٦) ڕێژەی دەرکەوتنی شێوازی گوتنی (ئامۆژگاری) لە پێگەکاندا:**




**نەخشەی ژمارە (٨)**

**٦/٣-٢-٣-٧) ڕێژەی دەرکەوتنی شێوازی گوتنی (داوا) لە پێگەکاندا:**




**نەخشەی ژمارە (٩)**

**٦/٣-٢-٣-٨) ڕێژەی دەرکەوتنی شێوازی گوتنی (جنێودان) لە پێگەکاندا:**




**نەخشەی ژمارە (١٠)**

**٦/٧-٢-٣-٩) ڕێژەی دەرکەوتنی شێوازی گوتنی (توانج) لە پێگەکاندا:**




**نەخشەی ژمارە (١١)**

# ئەنجامەکان

دوای شیکردنەوەی داتاو زانیاریەکان، لێکۆڵینەوەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

١- زمان بەپێی جیاوازیی چینەکانی کۆمەڵ (بەرز، ناوەند ، نزم) دەگۆڕێ، واتە، هەرچینێك بەپێی ئەو پێگەیەی لەکۆمەڵگەدا هەیەتی شێوازی قسەکردنی جیاواز تێیدا دەردەکەوێت، دەرکەوتنی ئەم جیاوازییانەش بۆ بەرزو نزمی پلەو پایەی کۆمەڵاییەتی نێوان تاکەکان دەگەڕێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان"زمان و دەسەلات و کۆمەڵگە" دێتە کایەوە.

٢- دەسەلات تەنها لە مانای سیاسی و حکومڕانی دەوڵەت چەقبەستو و کورتناکرێتەوە، بەڵکو چەمکی دەسەلات لەنێو کۆی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، وەك(سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی، ڕۆشنبیری....و کارگێری)دەبینرێت و بەمانای دەستڕۆیشتوویی و دەستڕاگەیشتنی تاکە لە نێو ئەم پێکهاتانەدا. لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەسەلات لەنێو کۆی ئەم پێگە و پێکهاتانە دەبینرێ.

٣- دەسەلات یەکێکە لەو پێوەرانەی پلەو پایەی کۆمەڵایەتیی نێوان ئاخێوەران دیاریدەکات و کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردن دەبێ و پێگەی زمانی جیاواز لە نێو تاکەکانیدا دەهێنێتەکایەوە. لەم ڕوانگەیەوە بنەمای دەسەڵات و هاوکاریی لە کۆمەڵگەی کوردیدا دابەشدەبێت بۆ:(باڵادەستیی، ژێردەستیی، هاوشانیی، هاوکاریی)، کە هەر یەك لە مانەش هەڵقوڵاوی پێگەکەیانە و بە پێی دەوروبەر دەردەکەون، تێیدا زمان بە شێوەی جیاواز و بە پێی باری کۆمەڵایەتی لە نێویاندا دەنوێنرێ.

٤- باڵادەستیی زمان لە هێز و دەسەڵاتدایە، واتە بریتییە لەو دەسەڵاتە زمانییەی، کەتاك لەسەربنەمای دەسەڵاتی وەك: (ئابووری، سیاسی، ئاینی، کۆمەڵایەتی،... و ڕۆشنبیری) هەیەتی، دێتە کایەوە.

٥- شێوازی قسەکردن بە پێی هێزو دەسەلات دەبێتە دوو جۆر: شێوازی گوتنی باڵا دەستیی ، کە شێوازێکە لەسەر بنەمای دەسەڵات دێتەکایەوە و لە ڕێگای هەندێ هێمای نازمانی و نیشانە کۆمەڵاییەتییەکان دەناسرێتەوە،چەندین شێوازی گوتنی وەك: (فەرماندان، ، هەڕەشەکردن، تاوانبارکردن، توانج، ئامۆژگاری، داوا، ڕەتکردنەوە، دان پێدانان... و گلەیی) لە خۆدەگرێت. ئەم شێوازە بەشێوەی (ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ)، دەردەبڕێت و لە پلەی (هێزی توند و ڕێزدار )خۆی دەبینێتەوە. شێوازی گوتنی ژێردەستیی، ئەمەش شێوازێکە لە ڕووی دەسەڵات و پێگەوە بێهێز و لاوازە،زیاتر لە گوتنی کەسانی هەژار و لێقەوماو و بێدەسەڵات دەناسرێتەوە، چەندین گوتنی وەك: (دوعاکردن، پاڕانەوە، تکاکردن، بەڵێندان، پۆزش هێنانەوە، درۆکردن، پیاهەڵدان....و سوێند خواردن)تێیدادەردەکەوێت.

٦- باڵادەستیی زمان بەپێی دەورووبەر لە گۆڕاندایە، بۆ نموونە مامۆستا لە پۆل لەبەرامبەر قوتابییەکانیدا باڵادەستە، بەڵام لەدەرەوەی پۆل و قوتابخانە ئەوا باڵادەستییەکەی بەرەو لاوازی دەچێ.

٧- باڵادەستیی کاریگەریی لە پەیوەندی نێوان ئاخێوەراندا هەیەو لەم ڕووەوە دوو جۆر لەپەیوەندیی دێتەکایەوە، پەیوەندیی ئاسایی، کەلەنێوان کەسە هاوبەشەکانی کۆمەڵدایە، پەیوەندیی ستوونی،

کەلەنێوان کەسی بەدەسەلات و بێدەسەلاتدایە. هەروەها کاریگەریی لەسەر ڕەهەندی دەروونی تاك و پێوەرەکانی ئاخاوتن و یاسا کۆمەڵایەتییەکان...هتد دەبێ.

٨- له ئەنجامی لایەنی ئاماری لێکۆڵینەوەکە لە کۆی ئاخاوتنی وەرگیراو، ئەوە بەدەستهاتووە، کە شێوازی گوتنی (فەرماندان) زۆرترین ڕێژەی دەرکەوتنی هەیە، کە بریتییە لە (٦٦٪)، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەم جۆرە گوتنە بەهێزترین شێوازە بۆ گەیاندنی داواکاری قسەکەرو جێبەجێکردنی لە لایەن گوێگر، ئەمە لە کاتێکدا کەمترین ڕێژەی دەرکەوتنی گوتنی بالادەستیی شێوازی (جنێودان)ە، کە بریتییە لە (١٪)، چونکە ئەم جۆرە گوتنە بێڕێزی و سوکایەتی پێوە دیارە و دەبێتە هۆی نەگەیاندنی پەیامی قسەکەر و جێبەجێنەبوونی داواکارییەکەی، لە هەمانکاتدا کاریگەریی دەروونی خراپ لەسەر گوێگر جێدەهێڵێت. هەروەها زۆرترین ژمارەی گوتنەکانی بالادەستی لە پێگەی (کۆمەلایەتی)دایە، کە بریتییە لە (٧٨) گوتن، لە کاتێکدا کەمترین ژمارەی گوتنی بالادەستی لە پێگەی (یاسایی)دایە، کەبریتییە لە (١٥) گوتن.هەروەها لە پێگەی ئایینی و سەربازی ڕێژەی بالادەستیی کاریگەریی خۆیی لەم ڕووەوە هەیە،بەڵام وەرگرتنی نموونەکان و ڕێژەی دەرکەوتنی لەلایەنی ئاماری لێکۆڵینەوەکە ئەو ئەنجامانەی سەرەوەی بەدەستهێناوە.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان

### ١-بەزمانی کوردی:

### أ/ کتێب:


١- ئارام عەبدولواحید حەمە ڕەشید، (٢٠١٣)، ڕێزگرتن لەزمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

٢- ئیبراهیم ناصر، ( ٢٠١٣)، زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەیی، و:نادر محەمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

٣- ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن،( ٢٠١٢)، ئینسایکلۆپیدیای کۆمەڵناسی، و: دانا مەلا حسن، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤- بەدران ئەحمەد حەبیب،(٢٠٠٢)، فەرهەنگی زاراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٥- پۆل هێلنەر،(٢٠٠٦)، زمان، هزر و کەلتور، و: ڕەحیم سورخی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەی موکریان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٦- پەخشان عەلی ئەحمەد،(٢٠٠٩)، شێوازی شیعری گۆران، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.

٧- تاهیر حەسۆ زێباری، محەمەد حوسێن شوانی،(٢٠١٣)، دەروازەیەك بۆ کۆمەڵناسی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٨- تالیب حوسێن عەلی،(٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

٩- پۆل هێلنەر،(٢٠٠٦)، زمان، هزر و کەلتور، و: ڕەحیم سورخی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەی موکریان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٠- دارا حەمید محەمەد،(٢٠١٣)، هەندێ لایەن لە تیۆریەکانی زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

١١- داریوش ئاشوری،(٢٠٠٧)،کەلتور چەمك و پێناسەکان، و: کۆسار فەتاحی، چاپی یەکەم، وەزارەتی رشنبیری، بەڕێوبەرایەتی چاپ و راگەیاندن، هەولێر.

١٢- ڕەحیم سورخی، (٢٠١٣)، شیکردنەوەی ڕەخنەی گوتاری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، (١٩١٨ - ١٩٣٢)، چاپی یەکەم، بلاوکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٣- ـــــــــــــ، ( ٢٠١١)، ڕۆڵی واتا لەپڕۆسێسی پەیوەندییە گشتییەکاندا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٤- ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، ( ٢٠٠٨)، ڕستەو پاش ڕستە ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

١٥- سەلام ناوخۆش، نەریمان خۆشناو،(٢٠٠٩)، زمانەوانی، بەرگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
١٦- ـــــــــــ،(٢٠١٠)، زمانناسیی و هەندێ بابەتی زمانناسیی کوردی، چاپی دووەم چاپخانەی منارە، هەولێر.
١٧- سەمیرە،( ٢٠٠٩)، فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی (ئینگلیزی، عەرەبی، کوردی)، و: خەسرەو میراودەلی ، چاپی دووەم: چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
١٨- شاخەوان جەلال فەرەج،( ٢٠١٣)، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کەلتور، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی سلێمانی.
١٩- شەعبان چالی،( ٢٠٠٨)، شێوازی شیعری جەزیری، چاپی یەکەم، سپیرێس، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٢٠- شێرزاد سەبری عەلی و عەولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا، (٢٠١١)، زمانڤانییا کارەکی، چاپی یەکەم دەزگای سپیرێس، چاپخانەی خانی، دهۆك.
٢١- شیلان عوسمان عەبدولڕەحمان ،(٢٠٠٩)، کارابوونی زمان لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.
٢٢- گۆران کوردی،(٢٠١٣)، کلتورو زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی گرافیك، سلێمانی.
٢٣- عەبدوڵڵاحوسێن رەسول، (٢٠١٦)،چەند باسێکی وردی ڕستەسازیی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
٢٤- ـــــــــــ، (٢٠١٠)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی، چاپی سێیەم، ناوەندی ئاوێر (چاپ و بلاوکردنەوە)، هەولێر.
٢٥- عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١٤)، پراگماتیکی دەق و گوتار، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر(چاپ و بلاوکردنەوە)، هەولێر.
٢٦- شێرزاد سەبری عەلی، عەبدولواحید موشیر دزەیی، ( ٢٠١٣)، زمانەوانیی سیاسی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر(چاپ و بلاوکردنەوە)، هەولێر.
٢٧- عەتا قەرەداغی، (٢٠١٢)، کۆمەڵگەی کوردی و پەرەسەندنی ناسروشتی، چاپی یەکەم، بلاوکردنەوەی بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ، چاپخانەی داناز، سلێمانی.
٢٨- ـــــــــــ، (٢٠٠٤)، چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٢٩- عەلی تاهیر حوسێن،(٢٠٠٨)، ڕەخنەی بونیادگەری لەتیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٣٠- عەدالەت عەبدوڵڵا،( ٢٠١٥)، ڕۆشنبیرو دەسەڵات، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
٣١- کریستین نوردنستام، ( ٢٠٠٩)، زمان لەڕوانگەی ڕەگەزەوە، و: غازی عەلی خورشید، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.
٣٢- لۆئێل یوسف عەزیز، سولان داود ئەلواسی، عبدولوەهاب ئەلنەجج،(١٩٨٤)، وەرگێڕانی ئەدەبی، و: غازی فاتیح وەیس، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٣٣- ماهیر صالح علاوی،(٢٠١٢)، بنەماكانی یاسای كارگێڕی، و: محەمەد چیا، چاپی یەكەم، بڵاوكردنەوەی كتێبخانەی یادگار، سلێمانی.
٣٤- مەنسوور وسوقی، عەلی ئەكبەر نیك خولق،(٢٠١٣)، بنەماكانی كۆمەڵناسی، و:سیروان محمد حاجی، چاپی یەكەم، چاپخانەی موكریان، هەولێر.
٣٥- مەنوچەهر موحسنی،( ٢٠٠٧)، دەروازەكانی كۆمەڵناسی، و: ڕێبوارسیوەیلی و هەندێكی تر، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٣٦- محەمەد نوری كاكی،(٢٠٠٨)، شێواز لە شیعری كلاسیكیی كوردیدا، چاپی یەكەم، مەڵبەندی كوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.
٣٧- محەمەد مەحوی،( ٢٠٠١)،زمان و زانستی زمان، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، چاپخانەی زانكۆ، زانكی سلێمانی.
٣٨- محەمەد مەعروف فەتتاح، (١٩٩٠)، زمانەوانی، چاپی یەكەم، چاپخانەی زانكۆی سلاحەدین، هەولێر.
٣٩- ـــــــــــــــــ، (٢٠١٠)، لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكان، كۆكردنەوە و ئامادەكردنی : (شێروان خۆناو و شێروان میرزا)، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەكەم.
٤٠- ـــــــــــــــــ، (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، بڵاوكردنەوەی ئەكادیمیای كوردی، چاپخانەی هاشم، هەولێر.
٤١- نایف خرما،(٢٠١٣)، چەند تیشكێك بۆسەر لێكۆڵینەوە زمانییە هاوچەرخەكان، و: شەهابی شێخ تەیب، چەپی یەكەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، كەركوك.
٤٢- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد،(٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپی یەكەم، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
٤٣- ه.د. ویدۆوسن،( ٢٠٠٨)، سەرەتایەك بۆزمانەوانی، و: هۆشەنگ فاروق، چاپی یەكەم، چاپخانەی موكریان، هەولێر.
٤٤- یوسف شەریف سەعید،(٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

## ب. نامەی زانكۆیی:

٤٥- ئاوات ئەحمەد محەمەد،(٢٠٠٩)، شێوازی گوتنی فەرماندان لە زمانی كوردیدا، كۆلێژی زمان نامەی ماستەر، زانكۆی سەڵاحەدیین.
٤٦- ئالان محمود ئەورەحمان، (٢٠١٥)، پەرچەواتا لەبۆنەی كۆ زمانەوانیدا، نامەی ماستەر، سكوڵی زمان، زانكۆی سلێمانی.
٤٧- ئازاد عەزیز سلێمان،(٢٠١٤)، ململانێی زمان، نامەی ماستەر، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی سەڵاحەددین.
٤٨- بەهار زایر محەمەد، (٢٠٠٩)، زمان و یاسا كۆمەڵایەتییەكان، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەڵاحەددین.
٤٩- بەیان مەلا حەمەدەمین،(٢٠١٣)، ڕێبازی ئەركی و شیكردنەوەی دەق، نامەی ماستەر، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی سەڵاحەددین.

٥٠- بێری یاسین حوسێن،(٢٠١٣)، هەندێ لایەنی پڕاگماتیکی فراوان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.

٥١- بێستون ئەبوبەکر عەلی،(٢٠١٥)، دەرکەوتەی دوو دیوی زمانیی لە کۆمەڵە ئاخاوتنییەکاندا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٥٢- تابان محەمەد سەعید،(٢٠٠٨)، گەشەسەندن و پووکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٥٣- تەلار ئەحمەد مستەفا،(٢٠٠٩)،دەسەڵاتی بڕیاردان لەخێزانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی.

٥٤- تریفە عومەر ئەحمەد،(٢٠٠٨)، مەبەستی پڕاگماتیکی لەوتاردا، نامەی ماستەری کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٥٥- پەیمان حەسەن محەمەد، (٢٠١٠)،پەیوەندی نێوان زمان و کەلتور، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٥٦- پێشکەوت مەجید محەمەد،(٢٠١٣)، ڕەگەز لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٥٧- حەسەن عەلی ئیبراهیم، (٢٠١٥)، داواکردن و ڕەتکردنەوە بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان. نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدیین.

٥٨- دیار عەلی کەمال، (٢٠٠٩)، گوتاری سیاسی کوردی لەڕوانگەی پێشگریمانەکانەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

٥٩- ڕزگار واحید حمد ئەمین،(٢٠٠٩)، شێوازی بانگکردن لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٦٠- ڕێبین خالید خدر،(٢٠١٥)، ئەرکی فۆنیمە ناکەرتییەکان لەئاستی سیمانتیك و پڕاگماتیکدا، نامەی ماستەر کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سلاحەدین.

٦١- زوبێر عەلی عارف، (٢٠١٢)، ئیدیەم لەشێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٦٢- سروە خدر حمد،(٢٠١٤)، سێبەری واتایی لەزمانی شیعردا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

٦٣- شلێر ڕەشید عەبدوڵلا ، (٢٠١٥)، پرۆسەی گەیاندن و چالاکبوونەوەی فۆڕمە زمانی و نازمانییەکان لەزمانی کوردیدا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٦٤- شوان نەجمەدین عمر،( ٢٠١٣)، دەوروبەر ڕۆڵی لەڕونکردنەوەی واتای شیعردا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدیین.

٦٥- شنە ئەبوبەکر،(٢٠٠٨)،زمانی جەستە، نامەی ماستەر،کۆلیژی زمان،زانکۆی سلاحەددین،هەولێر.

٦٦- چیمەن نیزامەدیین زیائەدین،( ٢٠١١)، کاریگەرییا تەمەنێ لسەر زمانێ پەیوەندیکردنا، نامەی ماستەر، فاکەلتیا زانستێن مرۆڤایەتی، زانکۆیا دهۆکێ.

٦٧- عەبدولواحید موشیر دزەیی، (١٩٩٥)، پێکهاتەی ئاخاوتن لەزاری هەولێردا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
٦٨- قەیس کاکل تۆفیق،(١٩٩٥)، جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان،نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
٦٩- لانە ئاراس، (٢٠١٥)، پێکهاتەی کۆمەلایەتی ناحیەی بازیان، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
٧٠- محەمەدکەریم سەلیم،(٢٠١٤)، ڕۆڵی ئایین لەکۆنترۆڵی کۆمەلایەتیدا، نامەی ماستەر ، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدیین، هەولێر.
٧١- ناز ئەکرەم سەعید،( ٢٠١٣)، کردە قسەییەکان لە هێورکردنەوە و لەدەربڕیندا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٧٢- نارین خالید حەمید،(٢٠١٥)، جێندەر لە کتێبی کوردی لەپۆلی یەکەم و دوەم و سێیەمی بنەڕەتی، نامەی ماستەر ، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.
٧٣- هۆگر محەمەد فەرەج، (٢٠٠٠)،پڕاگماتیک و نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٧٤- هێمن عبدولحەمید شەمس، ( ٢٠١٣)،هەژموونی زمان لەسەر کەسێتی کورد - پەندی پێشینان بەنموونە، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
٧٥- ــــــــــــــــــ،( ٢٠٠٦)،شێوازی دەربڕین لە بۆنەکۆمەلایەتییەکاندا، نامەی ماستەر کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

## پ- ڕۆژنامە و گۆڤار:

٧٦- بەهزاد موحسین، (٢٠٠٨)، کۆزمانەوانی ، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٢٩)، هەولێر.
٧٧- تالیب حوسێن عەلی، (٢٠٠٥)، تیۆری سیاقی و شیکردنەوەی واتا لەزمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین، ژمارە (٢٥)، هەولێر.
٧٨- ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، (٢٠١٣)، زمانەوانی دادوەری و شیکردنەوەی چەند دەقێکی دادوەری، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٢٩)، کۆیە.
٧٩- ــــــــــــــــــ، ( ٢٠٠٧)،شێوازی دوعا کردن لەزمنی کوردیدا، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتیەکان،، زانکۆی سەلاحەدیین، ژمارە (٣٢)، هەولێر.
٨٠- شلێر ڕەسول محەمەد، ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، (٢٠٠٨)، سوێند خواردن لەزمانی کوردیدا، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، ژمارە (٣٥)، هەولێر.
٨١- شلێر ڕەسول بەرزنجی، (٢٠١١)،هەندێ لایەنی نەرێنی هەست دەربڕین لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (١٩)، هەولێر.
٨٢- شێرکۆ حەمە ئەمین و هێمن عەبدولحەمید شەمس، (٢٠١٠), شێوازی ئاخاوتنی ژن لە کۆیە، گۆڤاری زانکۆی کۆیە, ژمارە (٤), کۆیە.

٨٣- عبدالواحيد موشير دزەیی، (٢٠٠٩)، کاریگەری هێز لەپەیوەندی نێوان ئاخێوەراندا، گۆڤاری زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ژمارە (٤٢)، زانکۆی سەلاحەددیین، هەولێر.

٨٤- کاوە عەبدولکەریم شێخانی، ٢٠٠٩، تویژینەوەی کۆمەڵایەتیانەی زمان، گۆڤاری زمانناسی ، ژمارە (٢)، هەولێر.

٨٥- محەمەد مەعروف فەتتاح،(١٩٨٦)، سنور و بنەما و ئەرکەکانی کۆزمانەوانی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە، (١١٢)، هەولێر.

٨٦- یونس سلێمان،( ٢٠١١)، زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٧٠)، هەولێر.

## ت- فەرهەنگ:

٨٧- شێخ محەمەدی خاڵ، (١٩٥٦)،فەرهەنگی خاڵ، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.

٨٨- هەژاری موکریانی، (١٣٩١)،هەنبانە بۆرینە، چاپی هەشتەم، تاران.

## ٢- بەزمانی عەرەبی:

### أ-کتێب:

٨٩- أحمد سليمان عودة و فتحي حسن ملكاوى، ١٩٩٢، اساسيات البحث العلمي في التربية و العلوم الانسانيية، مكتبة الكتاني، الأردن.

٩٠- أحمد مختار عمر، (١٩٨٢)، علم الدلالة، الطبعة الؤلى، مكتبة دار العربية للنشر و التوزيع.

٩١- بختيار ابراهيم فتاح، (٢٠٠٧)، طروحات علي وردي وفرضياته الإجتماعية ومدى انطباعها على مجتمع الكوردى، كلية اداب، جامعة صلاحالدين، اربيل.

٩٢- جمعة سيد يوسف، (١٩٩٠)، سيكولوجية اللغة والمرض العقلى، سلسلة كتب الثقافية شهرية ١٤٧، يصدرها المجلس الوطنى للثقافة والفنون والأدب، مطابع السياسة الكويت.

٩٣- حاتم صالح الضامن، (١٩٨٩)،علم اللغة ، مطبعة تعليم العالي، الموصل.

٩٤- روي.سي.هجمان، (١٩٨٩)، اللغة والحياة والطبيعة البشرية، ترجمة: داود حلمى أحمد السيد، الطبعة الأولى، جامعة الكويت.

٩٥- صادق الأسود، (١٩٩١)، علم الإجتماعي السياسي وابعاده، دار الحكمة للطباعة والنشر، بغداد.

٩٦- صلاح فضل، (١٩٩٢)، علم الأسلوب مبادئة واجراءته، مؤسسة مختار للنشر والتوزيع، القاهرة.

٩٧- كمال بشر،( ١٩٨٠)، التفكير اللغوي بين القديم والجديد، دار ثقافة العربية، جامعة القاهرة.

٩٨- محمد حسين عبدالعزيز،( ١٩٨٣)، مدخل الى علم اللغة، دار النمر للطباعة، القاهرة.

٩٩- فردنيان دى سوسير، (١٩٨٨)، علم اللغة العام، ترجمة: يؤيل يوسف عزيز، جامعة الموصل.

١٠٠- موفق الحمداني، (١٩٨٢)، اللغة وعلم النفس، وزارة تعليم العالي والبحث العلمي، طبع بمطابع دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل.

١٠١- ميشال زكريا، (١٩٨٣)، علم اللغة الحديث (المبادئ والأعلام)، الطبعة الثاني، بيروت.

١٠٢- نايف خرما،(١٩٧٨)، أضواء على دراسات اللغوية المعاصرة، الطبعة الاولى، علم المعرفة، الكويت.
١٠٣- هادى نهر،(١٩٨٨)، علم اللغة الإجتماعي عندالعرب، دار الغضون، الطبعة الأولى، بيروت. لبنان.
١٠٤- هدسن،(١٩٨٧)، علم اللغة الإجتماعي،ترجمة: محمود عبدالغني عياد، طبعة الألى، دار شؤن الثقافة، بغداد.

أ- فەرهەنگ:

١٠٥- المنجد الوسيط في العربية المعاصرة، (٢٠٠٣)، طبعة الألى، جمع حقوق محفوطة، بيروت، لبنان.
١٠٦- محمد بن مكرم بن فظور المصري، ( ١٤١٢)، لسان العرب، دارصادر، طبعة الألى، جزء ١٠، بيروت، لبنان.

٣= بەزمانی فارسی:

أ-كتێب:

١٠٧- پيتر ترادگيل، (١٣٩٣)، زيان شناسى اجتماعى، ترجمه: محمد طبايي، چاپ اول، تهران.
١٠٨- جولياس فالك، (١٣٨٣)، زيان شناسى و زبان: بررس مفاهم اساسى وكار بردها، ترجمه: على بهرامى، چاپ دوم، چاپخانا گوهرانديشه، تهران.
١٠٩- سيد محمد رضا حسينى،(١٣٨٤)، درامدى برروانشناسى زبان، انتشارات اهنما، چاپ اول، زستان.
١١٠- گروه نويسندگان و مترجمان، (١٣٨١)، زبان و جامعەشناسى، مجموعه مقالات، سازمان و چاپ و انتشارات، تهران.
١١١- لويى ژان كالوه،( ١٣٧٩)، در امدى برزبانشناسى اجتماعى،ترجمه: محمد جعفر پوينده، انتشارات نقش جمان،چاپ اول، تهران.
١١٢- مهرى باقر،(١١٣٦)، مقدمات زبان شناسى، نشر فگره، چاپ دوازدهم، تهران.
١١٣- يحيى مدرسى،( ١٣٨٧)، در امدى برجامعه شناسى زبان، پزوهشگاه علوم انسانى و مطالعات فرهنگى، چاپ دوم، تهران.
١١٤- ــــــــــ، (١٣٩٦)، در امدى برجامعه شناسى زبان، پزوهشگاه علوم انسانى و مطالعات فرهنگى، چاپ چهارم، تهران.

ب- فەرهەنگ:

١١٥- على اكبر، دهخدا، (١٣٧٤)، قاموس دهخدا، جلدى (دوم)، چاپ (سوم)، انتشارات دانشگاه تهران.

٤- بە زمانی ئینگلیزی:

116– Brown. G. and Yule. G, (1983): Discourse Analysis, Cambridge University Press.

117- Crystal, David: (1993): Language and languages.

118-Fishman, Joshua. (1972): The Sociology of Language: An Interdisciplinary Social science approach of language in society.

119– Holmes, J. (2008): An Introduction to Sociolinguistics. 3rd Edition. Longman. Person Education.

120– Hudson, R.A. (1996): Sociolinguistics. 2nd. Cambridge University.

121–Jack C. Richards & Richard Schmidt, Longman Dictionary (1993).

122– Oxford Advanced Learners Dictionary,(2007),8th Ed.

123- Ward Hough, Ronald. (2010): An Introduction to Sociolinguistics, Blackwell, UK.

124- Yule, George. (2006): The Study of Language, 3rd Edition, Cambridge University.

125-(power),(2005),indictaonry Microsoft Encarq, (CD- room).microsoft eorporation.

## ٥- سەرچاوەی نموونەی دەقە وەرگیراوەکانی دەرەوەی لایەنی کارەکی لێکۆڵینەوەکە:

١- کۆبوونەوەی پەرلەمان (youtube: bomo tube hd)، (٢٠٠٩)، (دەقی وەرگیراو)، هەولێر.

٢- سایتی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر، (youtube hawler ).(tp)، (دەقی وەرگیراو).

٣- بەرهەم سالح، بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، کۆیە، (دەقی وەرگیراو)، (٢٠٠٥).

٤- سەید ئەحمەد بەرزنجی، هەڵبژاردنی شاجوان، وتاری ئایینی،ساڵی (٢٠١٧)، هەولێر، (دەقی وەرگیراو).

٥- ئاخاوتنی وەرگیراو، لەنێوان (کوڕو دایکێك) لەشێوەی نهێنی، هەولێر، دارەتوو، (٢٠١٦).

## پاشکۆکان

**- پاشکۆی یەکەم: تایبەت بەدەقی ئاخاوتنەکانی پێگەی (یاسایی):**

**-ئاخاوتنی ژمارە (١) لەنایۆان( دادوەرو تاوانبار):**

**-قسەکەر: دادوەر، تاوانبار: گوێگر.**

ق/ ناوت چیە؟

گ/ (................).

ق/ چ کارەی؟

گ/هیچ ئیش ناکەم.

ق/ ڕۆژی / / ، لەسەرچی لەگەڵ (..........)شەڕتان کردوە؟

گ/ وەڵاجەنابی حاکم هەر ڕقی لێم دەبێتەوە، لەخۆیەوە مۆرەی لێکردم، منیش ویستم بەقسەی خۆش پێی بڵێم بۆچی وا سەیرم دەکەی؟کەچی ئەو پەلاماری دام و بوو بەشەرمان.

ق/خواردبووتەوە؟

گ/بەڵێ.

ق/ سەرخۆشبووی؟

گ/بەڵێ.

ق/کێت لەگەڵ بوو؟

گ/بەتەنها بووم.

ق/هیچ جاری تر دەمەقاڵێ و شەڕتان بووە؟

گ/بەڵێ جەناب.

ق/لەسەر چی؟

گ/جەنابی حاکم بەخوا هەر چاوم لیٚسوور دەکاتەوە.

ق/ تۆ قسەی ناشیرینت کردووە و جوێنت پێداوە، یەعنی دەست درێژیت کردۆتە سەر جیرانەکەی خۆت.

گ/ ئاخر قوربان...

ق/ قسەکەر، تۆیەکەم جارت نییە شکاتت لێدەکرێ و هەموو جارێکیش سەرخۆش بووی. تۆبۆگیانی خەڵك دەخۆیتەوە؟ بۆبێزارکردنی خەڵکی دەوروبەر و دراوسێ دەخۆیتەوە؟

گ/قوربان بەخوا...

ق/ بڕۆدەرەوە.

**-ئاخاوتنی ژمارە(٢)، لەنێوان (دادوەرو سکاڵاکار) :**

**-قسەکەر دادوەر ، گوێگر : سکاڵاکار.**

گ/ سەلامو عەلەیکوم.

ق/عەلەیکە سەلام، ناوت چیە؟

گ/ (.............).

ق/ناسنامەکەتم بدەرێ، دەست لەسەر ئەو قورئانە دانێ، بڵێ بەوقورئانە ڕاست دەڵێم.

گ/ بەوقورئانەی ڕاست دەڵێم.

ق/ ئەوشەڕەی لەنێوان(.......)و(.............)دا ڕوویداوە چۆن بوو؟بۆم بگێڕەوە.

گ/بەڵێ بەسەرچاو.................

ق/ چیتر؟

گ/بەڕێزم وەڵا کەمن چووم........

ق/ باشە خواحافیزت بێ.

**-دەقی ژمارە (٣) بڕیاری دادگا:**

کۆماری عێراق

وەزارەتی داد

سەرۆکایەتی دادگای تاوان

پارێزگای......................  .         ١٦٢/ ج/............  .

دادگای تاوانی ..........  له ...........  بەسەرۆکایەتی دادوەری بەرێز ..........  و ئەندامیەتی دادوەرانی بەرێز..............  و ................  پێکهات،کەرێ پێدراون بەناوی گەل دادگەری بکرێن، ئەم بریارەی خوارەوەیان دەرکرد:

<u>بریار:</u>

دادگار بریاری دا کەتۆمەتبار (<u>ح.ح.ج</u>)ماوەی یازدە ساڵ زیندانی کاتی بکرێ بەپێی مادەی ٣٩٣ برگەی یەکەم، بەندی ج و د، لەبرگەی دووەم لەیاسای سزاکان ماوەی گرێنی له .......  تا ..........  بۆهەژماربکرێ، بری سی دینار بۆبریکارەکەی پارێزەری دانراو......... لەلایەن دادگا وەك ماندو بوون،بۆی سەرف بکرێ لەگەنجینەی داوای بنبربوونی بریارەکە ئەو بریارەش بەرێککەوتن له .........  دەرکراو تێی گەیەنرا.

## پاشکۆی دووەم: تایبەت بەدەقە ئاخاوتنەکانی پێگەی (کارگێری):

## ئاخاوتنی ژمارە (١)، لەنێوان (بەڕێوەبەر و مامۆستا):

## قسەکەری (١): مامۆستا، قسەکەری(٢): بەرێوبەر.

ق(١)/زەنگی دەرگای بەڕێوەبەر لەلایەن مامۆستا: سەلامو علیکوم.

ق(٢)/علیکومە سلام، بەخێربێی مامۆستا.

ق(١)/چۆنی مامۆستا گیان؟ باشی؟

ق(١)/ئەحواڵت کوە؟ باشی؟

ق(٢)/یاخوا بەخێر بێی.

ق(١)/وەڵاهی مامۆستا گیان ئیشەکم پێتە،ئەگەر ئیجازەم بدەیتێ، زۆر مەمنون دەبم.

ق(٢)/ هەی هوو، هەی هوو، برا هەموو ڕۆژێ ئیجازە، هەموو ڕۆژێ ئیجازە.

ق(١)/بەقورحان ...

ق(٢)/قسەی پێدەبرِێ و دەڵێ: ئەو هەفتەیەی سێ جار ئیجازەم نەدایتێ کاکە؟

ق(١)/بەخوای مامۆستا ئیشەکم هاتە پێش بەو خوایەی.

ق(٢)/ ئیشی چیت هاتە پێش برا؟

ق(١)/وەڵاهی...

ق(٢)/قسەی پێدەبڕێ و دەڵێ: دەرسی شەشەم ناکەین، ئۆفمان لۆدانەی.

ق(١)/ ئێ مامۆستا.

ق(٢)/قسەی پێدەبڕێ و دەڵێ: کاکە جەدوەل بەدڵی گۆمان دانایە.

ق(١)/بەخوای ئیشەکمان هەیە.

ق(٢)/هەموو ڕۆژێ ئیجازە ئیجازە.

ق(٢)/ بەخوای ئیشەکمان هەیە مامۆستا.

ق(١)/ کاکە بڕۆ غیابت دەدەم.

ق(١)/ ئاخر مامۆستا کوو ئەبێ... مامۆستا گیان مەمنونت دەبم.

ق(٢)ناکرێ برا ناکرێ، هەموو ڕۆژێ یەك برێ ئیجازە ئیجازە...

ق(١)/....... مامۆستا بەخۆت دەزانی هەموو ڕۆژێ ...

ق(٢)/ قسەی پێ دەبڕی و دەڵێ: کاکە سبەینێ مەچوو، هەفتەی ئایندە ڕۆژەکی مەجالت دەدەمێ.

ق(١)/ ئاخر ئیشەکە ئەوەیە.....

ق(٢)/ پێویست ناکات، ئەورۆ خواکەریمە، بڕۆ دەرسی خۆت.

ق(١)/ ئاخر ئیشەکە ئیش مامۆستا گیان.

ق(٢)ئەوڕۆ ناکرێ.

ق(١)/ئاخر مامۆستا، بەقورئان، مامۆستا بەس، مامۆستا وەڵاهی...

ق(٢)/کاکە ئەمن لۆلێرەمە، مودیر یەعنی چی؟

ق(١)/ئەزانم مامۆستا گیان، بەس وەڵاهی بەقورحان ئەمن چی بکەم، ئەمن هاتیمە.

ق(٢)/کاکە ئەمن هەموو ڕۆژێ یەك برێ ئیجازە،ئیجازە،دەبێ دەرکی مەکتەب داخەم.

ق(١)/مامۆستا لەگەڵ مامۆستایەکی دەگۆڕمەوە، مامۆستایەك لەباتی من دەوام بکە.

ق(٢)/ کاکە لۆ چما چیە بگۆڕیەوە.. خۆ لەشایی نییە... ئەوە ئیدارەیەوە کارگێڕیە و فشە نییە.

ق(١)/ بەس ئەوجارە ئیجازەم بدەیە وەعد بێ بەڵێننامەش پربکەمەوە.

ق(٢)/....مامۆستای بەڕێز ئەمن موساعەدەی هەموو مامۆستایەکانمان کردییە بەبێ جیاوازی.

ق(١)/ڕاستە، ڕاستە، وەڵاهی ڕاستە.

ق(٢)/..... براکەم ئێستا پێویست ناکات یەك برێ ئیجازەم بدێ، ئیجازەم بدێ، وەڵاهی سەرمان دێشی.

ق(١)/ئێ مامۆستا چ بکەم،هەندێ شت هەیە بەدەست خۆت نییە بەخوای.

ق(٢)/چ کاکە؟ چ ئیشت هەیە؟ بابرات بچی.

ق(١)/ئاخر.

ق(٢)/قسەی پێدەبڕێ و دەڵێ: ئیلا دەبێت بەخۆت بچی بەدوو ئەو ئیشانە، کاکە ئەو ڕۆژەی پشووت هەیە، ئۆفتان درایتێ.

ق(١)/ وەڵڵاهی...

ق(٢)/... برۆ دوو ئیشی خۆت، ئیشی خۆت بکەو دەوامی خۆت بەمەزبووتی بکە برا.

ق(١)/باشە مامۆستا باشە زۆر مەمنون.

ق(٢)/سەرچاووم.

ق(١)/زۆر مەمنون.

ق(٢)/سەرچاوم.

**ئاخاوتنی ژمارە(٢)، لەنێوان (سەرۆك پەرلەمان و ئەندامێکی):**

**قسە کەر (سەرۆك پەرلەمان)، گوێگر (ئەندام پەرلەمان).**

ق/ دەنگ بە سەرۆکی ........ دەدەین، جارەکی تر دەست بەرزکەنەوە دەیژمێرین.

گ/نا

ق/ دەژمێرین(بەتوڕەیی – بەدەستی چەپ)، دەژمێرین دەی.

ق/ هاوارمەکە........ تۆئەندام پەرلەمانی، دانیشە، دانیشە،(بەزمان و چەکوشەکەی)، پۆلیس بانگ بکا بیکاتە دەرەوە...پۆلیس بانگ بکە بیکاتە دەرەوە.

**ئاخاوتنی ژمارە(٣)لەنێوان(ڕاهێنەرو یاریزانەکانی)**

**ڕاهێنەر بۆیاریزانەکانی:**

یەڵڵا دەوەرە پێش، دەوەرە پێش، یەك دوو بکە،بابە بیدێ،گەمەی بکا دەی. فاولم لۆچییە؟ لۆچییە؟ چ لەفاوڵی بکەم،درێژکە دەی، (.....) دەی، یەڵڵا (.......) درێژکا، یەڵڵا (.....).

(........)، (..........).

یەڵڵا (........)، ئۆتە (........)، ئۆتە (........)، کوڕە ئەنگۆ لاعیبن، ئۆتە ئۆتە، ئۆتە نیە. کورە ئەنگۆ چاوتان پێوە نییە.

**ڕاهێنەر بۆنابژیوانی چوارەم:** ببورە مامۆستا ، ببەخشە.

## پاشکۆی سێیەم:تایبەت بەدەقی ئاخاوتنی پێگەی(ئایینی):

## ئاخاوتنی ژمارە(١)لەنێوان (مەلا و فەقێیە کانی):

## قسەکەر: مەلا ، گوێگر: فەقێ.

ق/ پێش ئەوەی دەرسی تازە بخوێنین لە دەرسەکانی پێشوو، بەعزە پرسیارێك:

مەلا: (........)، ئاوی متلەق چیە؟

گ/ مامۆستا بەئاوێك دەوترێ کەوا موتلەقی ئاوی لەسەرابێت، واتا بەبێ هیچ قەیدو شەرتێك.

ق/ ئەی فەرقی ئاوی قولەتەین و غەیری قولەتەین چییە؟ کەقولەتەین بەمولاقاتی مەجاز پیس نابێ، ئەوەکەی تر بەمولاقاتی مەجاز پیس دەبێت،یەڵڵا فەرقیان چیە؟

گ(١)/.... فەقێ وەڵامیان نییە.

ق/ کوڕە باسمان کردوە برا، دوێنێ باسمان کردووە.

ق/باشە، (ما) متستعمل طاهرە یا طاهر نییە؟

گ(٢)/ طاهرە، بەس موطه هیر نییە.

ق/باشە، عیللەتی ئەوەی کەوا ناتوانی (ما)مستعمل جارێکی تر بەکاربێنی، مەلا (......)؟

گ/ لەبەر ئەوەی ئەمرێکی تەعەبوودیە.

ق/ئافەرین، بەعزێ دەڵێن ئەمرێکی موتەعەبودییە، لەبەر ئەوەی عیللەتەکەی لێ دەرناکەوێ،بەعزێکی تریش دەڵێن لەبەر چیە؟

گ/وەڵامی نییە، واتا نازانم.

ق/ من چەند جار وتم بابەگیان بۆ دەورناکەن، ئەوشوێنانەی من پێتان دەڵێم دیاریبکەن، کەمن دەیخوێنمەوە دوایی بۆخۆتان دەوری بکەنەوە و ئیتر زۆر کاتتان ناگرێت.

گ/ مامۆستا دەڵێن (ئیمامی شافعی) ئەم قەولەی هەڵبژاردووە.

ق/....... گوێبگرن بابەگیان، ئێوە هەرکاتێك ویستتان تەقلیدی قەولێکی قەدیم بکەن دەبێت بەعاقڵی بیکەن...

گ/ بەخوا قورسە.

ق/کوڕە بۆقورسە باوکە بۆقورسە.

ق/ لەقەولی قەدیمی (ئیمامی شافعی)دەردەکەوێ... ئەفەرموێ ...واتە بەقەولە قەدیمەکە.

## -دەقی ئاخاوتنی ژمارە(٢)لەنێوان (شێخ و دەروێشەکانی):

## -شێخ بۆدەروێشەکانی:

تۆدەروێش، دەروێش و دەروێشیەکەی، کەدەروێش عایدی کێیە؟چۆنە؟ لەکوێوە هاتوە؟ ئەبێ چ بکا؟

کاکە دەروێش، تۆ دەروێشی دەستت خستۆتە ناو دەستی خەلیفە، خەلیفەش هی شێخ، تەریقەتی ئێمە ڕەبتە...، تۆ دەروێشی، شێخی... دەروێشی شێخێکی تر نی، دەروێشی سەیدێکی تر نی،دەروێشی کەسێکی تر نی، تۆ عیلاقەت بەشێخێکی ترەوە نییە،عیلاقەت بەسەیدێکی ترەوە نییە،... مەکەوە دوای ئەو شێخانەی ئامۆزای شێخە،خاڵۆزەی شێخە،پورزای شێخە، برازای شێخە، کەسی شێخە، کەسی تۆ نییە و ناکەویتە دوای، عیلاقەت پێوە نییە،... هەقت نییە بەسەریەوە، دەستی ماچ مەکە، تێم بگەینە بۆچی دەستی ماچ دەکەی؟ تێم بگەینە بۆچی ماچی دەکەی؟بچۆ تەکیەکەو زکری خوابکە، چوار(فاتیحە)بخوێنە، چوار تەسبیح و چوار تەسبیح سەڵاوات لە گیانی(پێغەمبەر)(سەلامی خوای لێبێت) بدە، هیچیان شێخی ئێوە نین، ناچنە لایان، هەقتان بەسەرەوە نییە، خزمەتیان ناکەن، عیلاقەتان نییە بەسەریانەوە، ئەوانە شێخی ئێوەنین، ئەوانە کەسی ئێوە نین.

## -ئاخاوتنی ژمارە(٣)لەنێوان (مەلا و هاو وڵاتیەك):

## -قسەکەری یەکەم (هاو وڵاتی)، قسەکەری دووەم: (مەلا):

ق. (١) هاو ولاتی: زەنگلێدان بۆ مەلا.....

ق. (٢) مەلا: بەڵێ فەرموو.

ق. (١) هاو وڵاتی: سەلامو علیکوم مامۆستای بەڕێز.

ق. (٢) مەلا: عەلیکە سەلام وەرەحمەتوڵڵاهی وەبەرەکاتو.

ق. (١) هاو وڵاتی: سەحەتی جەنابتان چۆنە؟ ئەحواڵتان؟

ق. (٢) مەلا: الحمدالله، الحمدالله، لەخوای بەزیاد بێ.

ق. (١) هاو وڵاتی: مامۆستا گیان یەك دوو پرسیارم هەبوو، ئەگەر بە ئەرك نەبێ.

ق. (٢) مەلا: فەرموو.

ق. (١) هاو وڵاتی: حوكمی هەڵسوكەوتكردن لەگەڵ مەسەلەن زڕباب، زڕ داك، یان زڕ برا، یان زڕ كچ، هەمان حوكمی لەگەڵ برای ڕاستەقینە و كچی ڕاستەقینە هەیە؟

ق. (٢) مەلا: لە ڕووی شەرعەوە بتەوێ نەتەوێ ئەو كەسە چییە براو خۆشكی تۆیە.

ق. (١) هاو وڵاتی: دەبێ لە هەڵسوكەوتیان فەرقیان نەكەی؟

ق. (٢) مەلا: نەخێر, گوێبدێ، وشەی هەڵسوكەوت وشەیەكی بەرفراوانەو زۆر شت دەگرێتەوە، وە ئەگەر مەبەست قسەكردن بێ، ڕاستگۆیی بێ .....

ق. (١) هاو وڵاتی: ئا مەبەستم ئەو شتانەیە كۆی گشتی.

ق. (٢) مەلا: ئێ تەواو، تەبعەن بێ گومان ئەتو تێدەگەی .....

ق. (١) هاو وڵاتی: ئا تێگەیەشتم.

ق. (٢) مەلا: بەس لەڕووی میرات و ئەو شتانە فەرقی دەبی ها .

### -پاشكۆی چوارەم: تایبەت بەدەقی ئاخاتونەكانی پێگەی (سیاسی):

### -دەقی ئاخاوتنی ژمارە(١)لەنێوان (ئەندام و كادیرەكانی):

### -سەرۆك پارت بۆ ئەندام وكادیرەكانی:

بەناوی خوای گەرەو میهرەبان:

جەماوەری سەربەرزی كوردستان

ئەندام و لایەنگرانی پارتی

خوشك و برا خۆشەویستەكان

خۆم بەبەختەوەر دەزانم كە بەهیمەتی گشت لایەك لەبەردەم هەڵبژاردنێكی دیكەی پەرلەمانی وڵاتەكەمان داین... وڵاتەكەمان هەنگاوی زۆر مەزنی بەرەو پێشەوە ناوە.

مێژوو دەستکەوتەکانی پارتی وەك ڕۆژی ڕووناك دیارن و دۆست و دوژمن شاهێدی ئەوڕاستییەن، بەڵام خۆشەویستانم گرینگ ئایندەیە، هێشتا پارتی ڕێگایەکی دوروودرێژی لەبەردەمدایە و ئەرکێکی قورسی لەسەر شانە، کەدەبێ ئەنامی بدات و بیهێنێتە دی... (چەپڵە لێدان بۆسەرۆك).

وەك چۆن پارتی خاوەنی توراس و مێژوو کەلتورو دەوڵەمەندی نەتەوەییە، دەبێ ئێستاو دواڕۆژیش پڕبێت لەسەروەری و دەستکەوت... هەر ئێوەش دەبێت بیپارێزن و پەرەی پێبدەن.

بەڕێزانم ئەمڕۆ هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەستپێکردووە، دەبێ هەموومان خۆشحاڵ بین و شانازی بکەین، بۆیە ئەرکی ئێوەی لایەنگرو ئەندامانی پارتی زۆر قورس و هەستیارە، پێویستە ئەوەندەتان لەدەست بێت ڕەچاوی... یاسا بکەن و ببنە نموونەیەکی پێشەنگ.

ئامۆژگاریم بۆکاندیدەکانی پارتی ، کەبەوپەری ڕاستگۆیی و دڵسۆزی لەگەڵ هەوادارو دەنگدەران بدوێن،ئامانجی سەرەکیان خزمەتی گەلی کوردستان بێ نەك هیچ شتێکی دی، بۆبەدەستهێنانی دەنگی جەماوەر پشت بە شێوازی قەناعەت پێهێنان و متمانە بەستن و لەبەدەستهێنانی دەنگی خۆتان لەهەموو شێوازێکی ناشیرن بپارێزن.

پێویستە کاندیدەکانی پارتی پابەندی پەیامی نەتەوەیی و .... ئاشتی پارێزانەی پارتی بن و بەهیچ شێوەیەك لەهێڵەکانی لانەدەن، ئێوە متمانەی دەنگی خەڵك بەدەستدەهێنن، بۆیە ئەرکی سەرشانتانە خزمەتیان بکەن، وەڵامی دەنگییان ...بەخزمەت و دڵسۆزی بدەنەوە.

داواتان لێدەکەم بەڵێنی وا بەخەڵك نەدەن کە پێتان جێبەجێ نەکرێت.

**-دەقی ئاخاوتنی ژمارە(٢)لەنێوان (بەرپرسێکی سیاسی و بەرێوبەری فەرمانگەیەك):**

**-قسەکەری یەکەم: بەڕێوەبەر ، قسەکەری دووەم: بەرپرسی حیزبی.**

ق (١): ئەلو؟

ق (٢): کاك .... چۆنی؟

ق (١): سەرچاوم فەرموو.

ق (٢): من ... م.

ق (١): ئەهلەن کاك (....)، ببورە نەمناسیت، ئەحواڵتان چۆنە؟ باشن؟

ق (٢): خۆشبی، بژیت. کاکە هێڵی تەلەفۆنەکەمان کار ناکات، دەبێ مەسەلە چی بێت؟

ق (١): وەڵڵا کاك (.....) گیان، ئەم ماوەیە ئەوەی قەرزار بوو بێت هێڵەکەیمان بڕیوە، جا نازانم گەر هی بەڕێزتانیشی بەرکەوتبێت؟ ئێستا سەیری دەکەم، گەر لێرە بوو چاکی دەکەینەوە، گەر لەدەرەوەش بوو دوو کرێکار دەنێرم با چاکی بکەنەوە.

ق (١): ئێ زۆر باشە، سوپاس.

ق (٢): سەرچاوم کاك (....)، خۆشحاڵبووم.

**-ئاخاوتنی ژمارە(٣) لەنێوان (ئەندام مەکتەب سیاسییەك و هاوڵاتییەك:**

**-قسەکەری یەکەم: هاوڵاتی، قسەکەری دووەم: ئەندام مەکتەب سیاسی.**

ق(١)/هەتا ئێستا ڕووبەڕوو معاشمان دەدەنێ، تۆ ئەندام مەکتەب سیاسی ئێمەی، پێویستە شتێك بۆپاسەوانانی کەرکوك بکرێت.

ق(٢)/ بەسەرچاو، هەقی خۆتە، بەخوا وایە، کەرکوك چی بۆبکرێ هێشتا کەمە، ئەوەی بەمن بکرێ بەسەر چاو.

**-پاشکۆی پێنجەم:تایبەت بەدەقی ئاخاوتنەکانی پێگەی (سەربازی):**

**-ئاخاوتنی ژمارە(١)، لەنێوان (ڕائید و عەریف و موفەوەز):**

**-قسەکەر: ڕائید/ گوێگر(١)عەریف، گوێگر(٢)موفەوەز.**

ق/ زەنگلێدان لەژووری رائید.

گ(١)/ بەرێ سەیدی.

ق/ئێستا کێ لەوێیە؟

گ(١)/(......) و (.......) و (.........) و (.......).

ق/دەباشە بەموفەوەز (............)بڵێ جەدوەلی خەفەراتم لۆبینی.

گ(١)/ بەرێ سەیدی.

گ(١)/هاتنە ژورەوەی (عەریف).

ق/ کا لۆ مفەوەز (.........)جەدوەلی نەینا؟

گ(١)/گۆتی ئێستا دەینم.

گ(٢)/هاتنە ژوورەوەی موفەوەز(........).

ق/ (..........) كا جەدوەلی خەفەرات.

گ(٢)/ئێستا تەبعی دەكەم.

ق/ بڕۆ بیهێنە بەخۆت.

گ(٢)/ هاتنە ژوورەوەی موفەوەز.(........).

ق/ هینات؟

گ(٢)/ بەرێ.

ق/ ئێ زۆر چاكە، باشە دەست خۆش، بڕۆ دوایی گازت دەكەم.

**-ئاخاوتنی ژمارە(٢) لەنێوان (ڕائید و موقەدەم):**

**-قسەكەری یەكەم: (ڕائید)، قسەكەری دووەم: موقەدەم:**

ق(١)/ بەڵێ گەورەم.

ق(٢)/باشی؟

ق(١)/ خۆشەویستی گەورەم، باشی ئەزیزم، ئەحواڵت، ئەتوباشی؟

ق(٢)/وەڵڵاهی باشم، ئەرێ وەڵا.

ق(٢)/نازانم دەرێ بابی مولازم (.........)ی مردیە.

ق(١)/باشە بەسەرچاو بەڕێزی، لەكێیە تازیەكەی مودیر؟

ق(٢)/ گەرەكی ژیان.

ق(١)/زۆر سوپاس دەست خۆش.

**-ئاخاوتنی ژمارە (٣)لەنێوان (لیوایەك و دوو سەرباز):**

**-قسەكەر: لیوا ، دوو گوێگر: (سەربازەكان)**

ق/ (.......) (...........) (...........) (...........).

گ(١)/گەورەم (......) لەگەڵتە.

ق/ بڕۆن مەوەستن، بڕۆن بڕۆن، دەی مەوەستن، ڕووبکەنە دێیەکە، دەی مەوەستن، دەرچن بڕۆن، بەرەو دێیەکە.

ق/(.......) (...........)، لە (............)ەوە، (...........)، (............)لە (............)ەوە،، (........) گوێت لێمە.؟

گ(٢)بەڵێ بەڵێ گوێم لێتە.

ق/ کاکە مەوەستن بەرو دێیەکە هجووم دەست پێبکەن، بەرەو دێیەکە، لەدوورەوە مەوەستن، یەڵڵا بەرەو دێیەکە.

گ(٢)باشە گەورەم باشە.

ق/ ەبابەو ناقیلەکان، دەبابەو ناقیلەکان دەپەڕێنەوە، یەڵڵا دەبابەو ناقیلەکان.

## -ئاخاوتنی ژمارە(٤) لەنێوان (ڕائید و تۆمەتبار)؛

## -قسەکەر؛ ڕائید، گوێگر؛ تۆمەتبار.

ق/ چ دەکەی لێرە؟ ئیشت چیە؟

گ/ ئیشی مۆلیدەی دەکەم.

ق/لەکێندەری؟

گ/ لەڕووناکی.

ق.ڕائید : خەڵکی کێ ندەری؟

گ.تۆمەتبار : هی لای کەرکوکی لەتەق تەق دادەنیشم.

ق. ڕائید : ئەدی چ دەکەی لێرە؟

گ. تۆمەتبار: واللە هی ئیش وکارمان هاتە لێرە.

ق. ڕائید : کالۆم باسبکە هەتائێستا بەدووکچان دەکەوی ئەوکچانەی کەلەومەکتەبەن بەدووچەند کچی کەتی؟

گ. تۆمتبار : واللە یەکەم جار لەکن مۆلیدەی لەوێ بەدووی کچەکی کەتم.

ق . ڕائید: چیت دەکرد؟

تۆمتبار: ئەهاپێم دەگووت (بەدە ست ئاماژەی بۆدەکات), ئەگەربیگۆتبایە(.....)ئەوهالۆم هەردەدا.

ق. ڕائید: لۆت هەردەدا عاردی, یەعنی عازرت دەکرد لەماڵی وەکو قۆپیەی.

ق .ڕائید : ئەوکچانە وەت لێ دەکرد چەند کچ بوون؟

گ. تۆمتبار : چارپێنجێك بوون

ق. ڕائید : تازەگۆتی شەش حەفتێك بوون

ق. ڕائید : ئەدی باشە یەك ئەوها بەرامبەر خوشکی تۆبکات ئەتۆ پێت ناخۆش نییە؟

گ . تۆمتبار : والله بەو خودایە ی نەم زانییە غەلاّتە.

ق . ڕائید : چ؟

گ . تۆمتبار.......، هەتاژیانم مایە جارێکی ترشتی واناکەم.

- **پاشکۆی شەشەم: تایبەت بەدەقی ئاخاوتنەکانی پێگەی (ئابووری):**

- **ئاخاوتنی ژمارە یەك لەنێوان (وەستایەك و دوو شاگرد):**

- **قسەکەری یەکەم: وەستا، گوێگرەکان، دوو شاگرد.**

ق / (ع . ل) .

گ (١) / بەرێ .

ق / وەرە ئەو چواردەیەم بدەوە.

گ (١) / (ئە. ۆ)، (ئە. ۆ) .

گ (١ ،٢) هەردووك هاتن.

ق / وەرە کاکە یەکتان تایەی پێشەوە ببەستنەوە.

گ (١) / تایەکانی پشتەوە لێدەکەینەوە.

ق / نایەوێ، بەس پێشەوەیە، کەی فێرت کەم، نازانم بۆ فێرنابی؟

گ (١) / وەستا بیکەم.

ق / لۆخۆت ئەو سەیارە تەواو بوو بڕۆ بیکە.

ق / (ع . ل) ئەو دوو حەڤدەیەی ئەولایە.

گ (۱) / وەستا وەڵلاّ.

ق ۲ / سوپانە حەڤدەکە.

گ (۱) / هێنانی سوپانەکە.

ق / بۆڕیەکمان دەدەیێ کاکە بۆڕی.

گ (۱) چی حەیاتم.

ق / تەواو بوو لۆم بایەوە، لوقمەی حەڤدەش بایەخە ئەولایە.

ق / سوپانەکانت هێناوە.

گ (۱) / ئـــا.

گ (۱ , ۲) / وەلآهی (...) یەك قسەت پێبلێم ...

ق / قسەی پێدەبڕێ و دەڵێ: قسە مەکە، کاکە دەی ئیشی خۆتان بکەن.

دەی یەڵلاّ ئیشی خۆتان بکەن، دەی قسە مەکەن.

گ (۱) / گ (۱) وەستا بمانبوورە.

**- ئاخاوتنی ژمارە(۲) لەنێوان (سواڵکەرو دەوڵەمەند):**

**- قسەکەری یەکەم: سواڵکەر، قسەکەری دووەم: کەسی دەوڵەمەند.**

ق(۱)سواڵکەر: کاکە خێرەکم پێبکە.

ق(۲)کەسی دەوڵەمەند:خوا بمان داتێ.

ق(۱)سواڵکەر: کاکە توخوا خێرەك لۆ مارو مندارتان.

ق(۲)کەسی دەوڵەمەند: برام لۆ ئیشەکی ناکەی.

ق(۱)سواڵکەر: وەڵلاّ کاکە هیچ ئیش نییە.

ق(۲)کەسی دەوڵەمەند: کاکە کارتی بفرۆشە.

ق(۱)سواڵکەر: وەڵلاّ پارەم نییە لۆ ئیشەکی خێرەکم پێبکەن.

ق(۲)کەسی دەوڵەمەند: ... ها کا ها...

ق(١)سوالْكەر: خواخێرتان بنوسێ، خوا لەبەڵايان دوورتان بكا إن شاالله.

**-دەقی ئاخاوتن ژمارە (٣) لەنێوان (كرێچیەك و خاوەن خانوو) :**

**- قسەكەری یەكەم: خاوەن خانوو (هەبوو)، قسەكەری دووەم كرێچی (هەژار).**

ق (١) / خانووەكەم بۆ چوڵ كەن.

ق (٢) / خاوەن خانوو چوو شكایەتی لێكردووین، گوتی: خانووەكەم بۆ چوڵ كەن. ئەو لەمەحكەمە داواكەی دۆڕاندو حاكم خانووەكەی دایەوەبەمن ووتی: برۆ دانیشە تیایدا ئیتر ئەم خاوەن ماڵەش بەم قەناعەتی نەكرد، هاتە سەر ماڵەكەم و قفلی شكاندو دەرگای حەوشەكەی شكاندووەو ماڵكەشی هێناوەتە سەر جادە.

**پاشكۆی حەفتەم: تایبەت بەدەقی ئاخاوتنەكانی پێگەی (ڕۆشنبیری و زانستیی):**

**ئاخاوتنی ژمارە (١) لەنێوان (مامۆستا و قوتابی) :**

**قسەكەر: مامۆستا، گوێگرەكان : چەند قوتابییەك.**

ق / سەلام و عەلەیكوم.

گ / عەلەیكە سەلام وەرەحمەتو (الله) وەبەرەكاتوو.

ق / چۆنن ؟ باشن ؟ ئەحوالْتان؟

گ / بەخێربێی مامۆستا.

ق / سوپاس، سوپاس، مەمنون.

ق / گەیشتینە كێندەرێ ؟

گ / كاری بوون.

ق / لەكاری (بوون) تەواو بووین، گەیشتینە ڕێژەی داخوازی.

گ (١) / وەڵلاٌ وابوو، وابوو مامۆستا وابوو.

ق / لەدەرسی ئاینده شەرعم كرد وابزانم وایە؟

گ (٢) / بەڵێ مامۆستا، كورتەیەكت لێ باسكرد.

ق / چەند كەس خوێندیتی؟

گ (٣) / مامۆستا ئەمن.

گ (٤) / ماموّستا ئەمن.

ق / دەستخۆش، دەستخۆش.

ق / دەرسی ڕابردوو باسی شێوازی ڕێژەی داخوازی مان کرد.

گ / بەڵێ.

ق / ڕاستە (...)، فەرموو باس کە، چ تێگەیشتی لۆم باس بکە.

گ / بەڵێ.

گ / باش . کاری داخوازی ئەو کارەیە، کە یاسای کاری داخوازی (ب) زائیدەن، ڕەگی کار، زائیدەن جێناوی لکاوی دەستەی سێیەم

ق / نـأ نــا .

گ (٥) / ماموّستا دەستەی سێیەم نییە دەستەی چوارەمە.

گ (١) / ئەهو (نون) ڕاستدەکەی وەڵلاً.

لەناکاو قوتابیەك پێدەکەنێ:

ق / بەچ پێدەکەنی کچێ؟

گ (٣) / ماموّستا .

گ (٦) / بۆ پێکەنی؟

گ (٣) / ئەوە ماموّستا بە (...) .

گ (٦) / ئێ لۆ بەمن پێکەنی؟

ق / (...) ڕاوەستە، ئێرە مەکتەبە, یان ماڵەوەیە؟

گ (٣) / وەڵلاً ماموّستا مەکتەبە.

ق / ئێ لۆ پێکەنی؟

گ (٣) / وەڵلاً ...

گ (٦) / ماموّستا لێی گەڕێ بۆ خۆی دەم بەپێکەنینە.

ق / جا دەم بەپێکەنینە، ئێرە قوتابخانەیە، یان ماڵەوەیە، یان بازاڕە، کانییە چییە ئێرە؟

گ (٣) / ... مامۆستا مەکتەبە.

ق / یەك جاری دیکە پێبکەنی ڕێك بۆ دەرەوە.

گ (٣) / ئێ دەی مامۆستا ئێستا داوای لێبوردن دەکەم.

ق / (س. ن) خان گوێبگرە، یەك جاری دیکە تەڵەبەیەك هەڵستی و جەنابت پێبکەنی ڕێك بۆ دەرەوە، ناشت هێڵم بێیە ژوورەوە.

گ (٣) / ئێ مامۆستا تۆ دەرەجەم لێمەشکێنە.

ق / ئێ باشە ئاخیر جارتە.

گ (٣) / ئێ تەواو مامۆستا.

## -ئاخاوتنی ژمارە (٣) لەنێوان (مامۆستایەکی سەرەتایی و قوتابییەکانی):

## -قسەکەر / مامۆستا، گوێگران: قوتابییەکان.

ق.مامۆستا:دێتە ژووری و دەڵێ: بۆبێعاری عەیبتیان نییە.

گ.قوتابییەکان: بێدەنگ دەبن.

ق.مامۆستایەك بەقوتابییەکی مامۆستا دەڵێ: ناوت چیە؟

ق. مامۆستا نەقوتابییەکەدەڵێ: دەنگت دەربێنە

گ. قوتابییەکە: ئایە.

## -ئاخاوتنی ژمارە (٤) لەنێوان (مامۆستایەکی زانکۆو قوتابییەکەی):

## -قسەکەر: مامۆستا، گوێگر: قوتابی.

ق.مامۆستا: بەڕێزان ئەم کاتەتان باش..ئەم وانەی ئەمڕۆمان تەواوکەری وانەیی پێشوترە، دەتوانین بڵێین: هەمووزمانێك لەنێوان دونیادا هەیەو لەئارادایە، یان بەشێوەیەکی تربڵێی، هەمووزمانێك لەچەند "فۆنیمێك" پێکدێت.

ق. مامۆستا:پرسیاردەکات: کێ پرسیاری هەیە؟

گ. قوتابی: مامۆستابەیارمەتیت پرسیارێکم هەیە، بەڵام پێدەچێت پرسیارەکەش زۆرگرینگ نەبێت.

ق.مامۆستا: فەرموو پرسیارەکە بکە.

گ.قوتابی: تۆفەرمووت: هەموو فۆنیمێك دەنگە، ئایا هەموو دەنگێك فۆنیمە؟

ق.مامۆستا: دەست خۆشبێت، پرسیارێکی گرینگ و بەجێیە، ئەم بابەتەم هەڵگرتبوو بۆوانەی داهاتوو، بەڵام بەکورتی وەڵامت دەدەمەوە، هەموودەنگێك مەرج نییە"فۆنیم"بێت.

## -ئاخاوتنی ژمارە (٥)، لەنێوان (پزیشك و نەخۆش):

## قسەکەر: نەخۆش (ن)، گوێگر پزیشك (پ).

ن / سەلامو عەلەیکوم.

پ / عەلەیکوم مەسەلام، فەرموو دانیشە، چتە؟

ن / تازە پێش چارەگێك دەبێ چوومە کن موزەمید، گۆتی: زەختت دابەزییە.

پ / لەمارێ چبووە؟ واز لە موزەمید بێنە.

ن / ئێرە دێشی (نەخۆش ئیشارەتی بۆ لای ڕاستی سەری کرد، سەرم دەسوڕێ.

پ / لەکەینێنێوە سەرت دێشی و سەرت دەسوڕێ؟

ن / لەسبەینێوە.

پ / حەملت نییە؟

ن / نـــا .

پ / هیچ نەخۆشیەکت نییە بۆ خۆت؟

ن / نـــا .

پ / قەد کەم خین بووی؟

ن/ بەس مەعیدەم نەزیف بوو، لەمێژە بەس.

پ / کەینێ؟

ن / سێ ساڵ پێش ئێستا ؟

پ / ئێ.

ن / تازە کە چوومە کن موزەمید، گۆتی: زەختت دابەزییە، چومە مارێ هەندەك ماستاوی بەخوێم خوارد، ئەوجە قەلبم تێکچوو، قەلبم زۆر دێشی، درم تێکەرەبی.

ن / چەندە.

پ / سێزدە لەسەر حەوت.

ن / باشە.

پ / دایە ئیسحال نەبووی؟

ن / بـــا .

پ / زگت ناهێشی؟

ن / نا .

پ / کۆخەو بەلغەمت نەبووە؟

ن / نـــا .

پ / تاو لەرزت نەگرتییە؟

ن / نـــا.

پ / ماندوو نەبووی ئەمڕۆ؟

پ / نـــــــا

ناوت چیە؟

ن / (ك, ع).

پ / ئەو عیلاجانە وەرگرە لەسەیدەلیەی خۆمان.

ن / بچمەوە؟

پ / ئـــا.

ن / باشە خوا حافیز.

پ / بەخێرچی.

**-پاشكۆی هەشتەم: تایبەت بە دەقە ئاخاوتنەكانی پێگەی (كۆمەڵایەتی):**

**١-دەقە ئاخاوتنەكانی تایبەت بە پێگەی (ڕەگەز):**

**-ئاخاوتنی ژمارە (١) لەنێوان (دوو هاوژین).**

**- قسەكەر: پیاو، گوێگر: ژن.**

ق / (...) كا وەرە پەڕۆكێكم بۆ بێنە.

گ / ها .

ق / پەرۆكێكم بۆ بێنە.

گ / ئەو كوڕەم لەوبەرجێهێشتووە.

ق / ئێ دەبێنە ئەو كتابانەم بۆ بسڕەوە، ئەو مێزەم بۆ دەنێ.

گ / ئەو كوڕە.

ق / كوڕچی؟

گ / ............. .

ق / ئێ دەوەرە هەمووی تۆزە چییە ئەوە؟

گ / هێنانی پەرۆك؟

ق / دەبێنە

گ / دەرێی ئەوەی گرتییە.

ق / ئێ قەینا، وەختی خۆی ئەتوو وات لێنەكردییە.

گ / چەندێكە دەستت لێنەداوە؟

ق / پێم نەكرایە.

گ / ئەوە تا دوێنێ .... قسەت نەبوو!

ق / تاخیربووە خەتای منە.

گ / ئەگەر خۆت ڕۆژێك هاتییەوە، جومعەبێ ...

ق / بەخوای حەزم لێیە خەریك بم، ئەگەر نا دەبێ ئەو هەفتەیە تەواو بکەم.

گ / ئینجا دەعوەتییان ناکەم.

ق / ئیحتیادیە, دەعوەتییان مەکە.

گ / هەفتەیەکی کە .... من لەگەڵ جەماعەت دەچم ...

ق / ئیحتیادیە.

گ / .........

ق / ...، بازاڕی.

ق / هــا.

گ / ........

ق / ئیش و شتم هەیە پێم ناکرێ.

گ / ئێ (م , د) لێرە نییە.

ق / باشە.

## -ئاخاوتنی ژمارە (٢)، لەنێوان (دوو هاوژین):

## -قسەکەر: پیاو، گوێگر: ژن.

ق / پیرەژن سبەینێ زوو گازم بکە کارم هەیە.

گ / باشە بەسەرچاو پیاوەکە، سەعات چەند گازت بکەم؟

ق / بەسە، تێناگەین، نازانی زوو هەستان واتایی چیە؟لەگەڵ بانگی سبێنێ هەڵم نەستێنی ...

گ / ... بەس خۆ کوفرم نەکرد، گۆتم سەعات چەند گازت بکەم.

ق / بەسە، چەقەچەقی مەکە.

## -ئاخاوتنی ژمارە (٣)، لەنێوان (دوو هاوژین):

## -قسەکەر: ژن، گوێگر:پیاو.

ق. ژن: (.......) ئەمرۆ دەچم بۆ بازاڕ.

گ. پیاو: لۆ، ئەی دوێنێ نەچویین بۆبازاڕ؟

ق. ژن: چییە؟مەبەستت چییە؟ خۆنالێی مەچوو؟

گ. پیاو: نانا، هەروو، بەس هەموو ڕۆژێ مەچوو....

ق. ژن:بێدەنگ، تۆدەزانی چی دەڵێی(..........) قەڵەو؟

گ. پیاو: ئێ بۆ توڕە دەبی،خۆناوێرم قسەیەك بكەم نایبڕیتەوە. ئێ بابە ئەتوو لەچت كەمە ها؟ بەس پێم بڵێ لەچی؟

ق. ژن: قسەی مەكە (...........)، چۆن لەچیم كەمە؟

گ. پیاو: ئێ چیم كردووە؟

ق. ژن: ....... من وادەڕۆم.

گ. پیاو: باشە.

## ١-دەقە ئاخاوتنەكانی تایبەت بە پێگەی (تەمەن)

## -ئاخاوتنی ژمارە (١)، لەنێوان كەسی (بەتەمەن و گەنج) :

## -قسەكەری یەكەم: كەسی گەنج، قسەكەری دووەم: كەسی بەتەمەن.

ق(١) كەسی گەنج: خارە، باشی، سەحەتت؟

ق(٢) كەسی بەتەمەن: پاشی؟ باشی؟ ئەحواڵت؟ وەزعت كووە؟

ق(١) كەسی گەنج: باشی؟ سەحەتت؟

ق(٢ )كەسی بەتەمەن: عەمرت درێژبێ، باشی؟ بابت، دایكت كووە؟ قەردار.

ق(١) كەسی گەنج: ئەمن قەردارم، ئەمن قەردارم.

ق(٢) كەسی بەتەمەن: ئەدی لۆنەهاتی؟

ق(١) كەسی گەنج: وەڵڵاهی مەجال نەبوو لەبەر دەرس خویندن.

ق(٢) كەسی بەتەمەن: ..كوڕە هەرلێی گەڕێ لێ، لەبەر ئیشێ پێتان ناكرێ سەری خۆبخورێنن.

ق(١)كەسی گەنج: ... ان شاء ألله وەعدبێ پێم بكرێ بێم ان شاء لله.

ق(٢)كەسی بەتەمەن: ئەو ساڵ نا نا ساڵەشكە، واساڵ تەواو بوو...

ق(١)كەسی گەنج: ... بەخوای داوای لێبوردن دەكەم، ئەگەرنا خۆهیچی تێدانییە...

ق(٢)كەسی بەتەمەن: ئێ باشە، عەمرت درێژبێ، زۆر مەمنون.

ق(١)كەسی گەنج: ... بەخوای زیاد لەپێویستت كردیە، قابیلی توە، ئەوە ئیستاش بەس ئەمە شەرمەزارین لەبەرامبەر تۆ.

ق (٢) / باشە كاكە ڕێزت هەیە.

ق (١) / چ ئیشت نیە؟

ق (٢) / سەرچاوم.

**-ئاخاوتنی ژمارە (٢) لەنێوان کەسێکی بەتەمەن و دوو کەسی بەتەمەن بچووك (منداڵ):**

**-قسەکەر: کەسی بەتەمەن، گوێگران: کەسی بچووك ( ١ ، ٢).**

ق / (م . ح) م، کا گازی (ئە . د)م لۆ بکە.

گ (٢) / هـا.

ق / کا وەرە بزانم، ئەتوو دەستکاری ئەو شتەت کردییە.

گ (٢) / ئەمن نەبوومە.

ق / ئەدی ئەتوو.

گ (١) / نـا.

ق / تەئکیدی.

گ (١) / تەئکیدم.

ق / ئەدێ کێ دەستکاری کردییە؟

گ (٢) / وەڵا من هەر بەتەنیشتی دانەچوومە.

ق / بتان بینم دەستکاری قەڵەم و دەفتەری من بکەن لێتان دەدەم، نەرێی پێی نەگۆتیمە.

گ (١ ، ٢) ئێ.

ق / دەبڕۆن بە عاقڵی دانشن، ئەو ماڵەش ئیزعاج نەکەن، تازیە هەیە، دەی بڕۆن.

گ (١ . ٢) دە بڕۆن.

**-دەقە ئاخاوتنەکانی تایبەت بە پێگەی (خێزان):**

**١-دەسەڵاتی باوك لەبەرامبەر کوڕ:**

**-ئاخاوتنی ژمارە (١) لەنێوان باوك و کوڕێك.**

**-قسەکەر: باوك، گوێگر: کوڕ.**

ق / (ع . ن) وا مەکە، دە هەستە.

گ / چییە؟

ق / ئەوە چییە، بۆچی وادەکەیت؟

گ / بێدەنگبوونی کوڕ.

ق / کاکە .

گ / ها .

ق / کا بڕۆ بەرداخێك ئاوم لۆ بینە، بەجوانی نەڕێژی.

ق / ئاوت هێنا؟

گ / ئـا .

ق / ساردە؟

گ / ئــا.

ق / باشە کوڕم، عەمرت درێژ بی.

گ / دەچمە ماڵێ (....)

ق / بەس بەزوویی، بە ئاقڵی ئێ، بێعاری نەکەی.

گ / ئێ .

ق / کا وەرە بەرداخەکەی ببەوە.

گ / بەرداخەکەی دەباتەوە.

ق / بڕۆ بەس زوو بێیەوە باشە.

گ / (...) .

ق / دەبڕۆ.

## -ئاخاوتنی ژمارە (٢)، لەنێوان (باوك و کوڕێکی تر):

## -قسەکەر: باوك، گوێگر: کوڕ.

ق. باوك:وەیە دەرێن جغارەی دەخۆی؟

گ. کوڕ، نەئە، کێ وەدەری؟

ق. باوك،دڕۆی دەكەی، دونێ یەكێك پێی گۆتم.
ق. باوك: ئەوە پێم گۆتی جارەكی دی ناخۆی، دەزانم لەوەتی لەگەر (..........) و (..........)ی دەگەڕێی فێرە جگغارە خواردن بووی.
گ. كوڕ: باشە.

## ١-دەسەلاتی دایك لە بەرامبەر كچ:

## -ئاخاوتنی ژمارە (٣) لەنێوان (دایك و كچێك):

## -گوێگر: كچ، قسەكەر: دایك.

گ. كچ: دایە بچمە بازاڕی؟
ق. دایك:ناوەڵلا بازاڕی چی؟چ ئیشێكت لەبازاری هەیە كچم؟
گ. كچ: لۆدایە شتم دەوێ.
ق.دایك: ئەرێ بازاڕی تۆ هەموو رۆژێ هەرتەواو نەبوو، بازاڕی چ بەو گەرمایەو قەرەبالغ و، وەڵلادەچییەبازاڕی لەخۆت بێزاری.
گ.كچ:ئێ دایە مەكتەب هاتەوە.
ق.دایك: كچێ دانیشە،بازاڕی چ؟! بەخۆم ڕۆژەكی مەجالم هەبی دەچم دەستەكت لەبۆ دەكڕم. تەواو ئەتووم لەبۆ چییە؟
گ.كچ: نا دایە توخوا لەگەڵ خۆتم ببە دەی.
ق.دایك: ئەتوی لەبۆ چییە؟تەواو...

## ١-دەسەلاتی برای گەوەر بەرامبەر برای بچووك:

## -ئاخاوتنی ژمارە (٤)، لەنێوان (برایەكی گەورەو برایەكی بچووك):

## -قەسەركەر: برای گەورە، گوێگر: برای بچووك.

ق. برای گەورە: هەستە كاكە ئەو شەعنە ببینەوە.
گ.برای بچووك: وەڵلا نازانم.
ق. برای گەورە: كەیفی خۆتە.
گ. برای بچووك: لەكێ بگەڕێم؟
ق. برای گەورە: وەلامی ناداتەوە.
ق. برای گەورە: چ بوو (د......ل) نەت دیتەوە؟
گ. برای بچووك: وەڵلا نییە.

ق. برای گەورە: نێیەوە ژووری.

**١-دەسەلاتی خوشکی گەورە لە بەرامبەر خوشکی بچووک:**

**-ئاخاوتنی ژمارە (٥) (لەنێوان خوشکی گەورەو خوشکی بچووک).**

**-قسەکەر: خوشکی گەورە، گوێگر: خوشکی بچووک.**

ق. خوشکی گەورە: ئەوە دیسان سەیری تەلەفیزۆن دەکەی؟ من چەند بەتۆ بلێم بخوێنە.

گ. خوشکی بچووک: خوێندوومە.

ق. خوشکی گەورە:چ خوێندنێك؟ خۆتۆ هەرخەریکی سەیری ئەلقەو فلیم دەکەی. ئەمجارە بتبینم خراپ لێت تورە دەبم خوشکە جوانەکەم من بۆتۆمە بخوێنە، بائەمسالْ دەرچیت.

گ.خوشکی بچووك: باشە دادە، وەللا دەخوێنم.

ق. خوشکی گەورە:کوا من هیچ نابینم بخوێنیت.

گ. خوشکی بچووك: بەخوا ئەخوێنم، کەتۆ لەدەوامی ئەخوێنم...... بلێ بەدایە بزانە ئەخوێنێ، یان نا.

**پاشکۆی دەقە وەرگیراوەکان**

**١-دەقی ئاخاوتنێك لە نێوان دوو کەسی هاوشان(مێ):**

**-قسەکەر:ژنی یەکەم، گوێگر: ژنی دووەم.**

ق. ژن: چۆنی؟ باشی؟

گ. ژن:خۆشبی یاخوا، ئەتو کوی؟ باشی؟

ق. ژن:ئەمرۆ ڕەنگت باشتر دیارە، ئەڵێی باشتری؟

گ.ژن:ئەرێ وەللا، دوێنێ فەحسەکانم دەرچوون، دکتۆر گۆتی هەمووی پاکن.

ق. ژن:شوکر بۆخۆوا، باش دەبی إن شاالله.

گ.ژن: إن شاالله هەموولایەك باش دەبن.

**٢- دەقی ئاخاوتنێك لە نێوان(دایك و کوڕێك):**

**-قسەکەر: دایك، گوێگر: کوڕ.**

ق.دایك: وەرە.

گ.کوڕ: هات.

ق.دایك: نەمگۆتییە (هـ.....ی) نێتە دەرەوە.

گ.کوڕ: ئەمن نەمگۆتییەبێتە دەرێ .      ق.دایك: قوزەڵقوڕت.

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# The Superiority of Language in the Viewpoint of Sociolinguistics

A Thesis

Submitted to the Council of the College of Language Salahddin University – Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Language.

By

**Rzgar Ismael Kareem**

B.A Kurdish Language - Salahaddin University - Erbil - 2012

Supervised by

**Prof. Dr. Yousif Shareef Saeed**

Kurdistan - Erbil

May - 2017

# Abstract

This study is entitled (The Superiority of Language from Sociolinguistic Perspective). The research is written from the view point that (power indicates the social status of the speakers), and language is a transitive bridge between authority and society. The study tackles the sociolinguistic phenomenon of the relationship of its speakers within the framework of one group in the Kurdish society; this language is known as the individual superior language. Such a language has the individual linguistic superiority based on the social ranking that forms a superior language with the inferior people.

The topic under study deals with the formation of the individual superior language, which is based on power, from a sociolinguistic perspective, benefiting from the secret and the usual samples used in the field study, in an analytic method. The aim of the study is exposing the position of the superior people and the inferior people together with the factors, variety and the influence of the superior and powerful people opposite to inferior people in particular and the society in general.

According to the above perspectives and points of view the study consists of an introduction three chapters, some conclusions, and annexes:

**Chapter One:**

This chapter is a theoretical one. It stresses the relationship between language and society; focusing on the different social classes that influence each other; after that it presents a precise view about sociolinguistics. This chapter also defines the language groups, the social function of the language, the social relationship among the individuals, the methods of discourse and the relationship between language and culture

**Chapter Two:**

This Chapter serves as an introduction to chapter three by defining the terms and concepts of superior language and specifying the norms that indicate such language. The chapter starts with style of discourse, superiority of language, and it ends with the connection of that language in the Kurdish society.

**Chapter Three:**

This chapter indicates the individual superior language in the Kurdish society, according to its different positions with samples collected for this purpose, from sociolinguistic point of view. The samples are recorded and then written in the form of discourse and conversation. Here the texts of the discourses and the conversations are studied focusing on their linguistic and expressive forms according to the power and the position of the speakers. Then, the dimensions and the influences of the superior language samples are explained. The study has reached many significant results. The most important ones are :

Power plays a big role in indicating the social position of the speakers and it serves as the main factor in the formation of the individual superior language in the Kurdish society. There fores, superior people have superior language position among inferior people in the Kurdish society; and language changes according to the different social classes (high , middle, low) and each class has its specific spoken language position according to the social status of each class.